





# له "ڕۆژنامەی کوردستان" و"کوردستان میدیا"وه

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕحمان نەقشی

# پێڕست:

١- د. هۆشمەند عەلی: متمانەکردن بە فاکتەری دەرەکی هەڵەیە کورد بۆ بۆ سەرکەوتنی سیاسیی تەنیا دەبێ پشت بە یەکڕیزی و تەبایی نێوخۆیی ببەستێ........................... وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ٦
٢- ئەکتەری مێژووساز.................................................................. ئاسۆ مینبەری ..... ١٣
٣- ڕاستکردنەوەی دوو هەڵە لە سروودی «ئەی ڕەقیب».......................................... ڕەسوول سوڵتانی ..... ١٦
٤- ڕاپوونی شۆڕشگێڕانەی کورد لە ئیلام، مەڵەکشایی و کرماشان؛ نوێژەنبوونەوەی گوتاری نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی کۆماری کوردستان.................................................................. سەربەست ئورمیە ..... ٢٠
٥- ڕۆژنامەی "کوردستان" پردی نێوان مێژوو و ناسنامە.......................................... محەممەدساڵح قادری ..... ٢١
٦- دوایین دەرفەتی ڕۆژاوا؛.......................................................... و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ٢٧
٧- جێگۆڕکێی "تاج" و "مەندیل"؛ کوردستان و تەڵەی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا.................... ئاگری باڵەکی ..... ٣٢
٨- ڕاگەیاندن لە سەردەمی دیجیتاڵمێدیا و ژێری دەسکردا "کوردستان" بۆ نموونە.................. عەلی بداغی ..... ٣٧
٩- نیشانەکانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە جاران بەرچاوترن.................................. عومەر باڵەکی ..... ٤٣
١٠- کۆماری کوردستان، کۆماری هەموو وەرزەکان.................................................. سۆران عەلیپوور ..... ٤٦
١١- دانیشتن لەسەر نووکی نێزە............................................................... ڕەسووڵ سوڵتانی ..... ٥٠
١٢- ڕۆژنامەی کوردستان و مۆدێرنیتەی سیاسی؛.................................................. شاڕوخ حەسەنزادە ..... ٥٣
١٣- کۆماری کوردستان؛ مێژوویەک لە هەرمان و ناسنامەیەک بۆ داهاتوو........................................ کاکۆ ..... ٥٨
١٤- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید عوسمان دادخا)............................................. برایم چووکەڵی ..... ٦٢
١٥- پەیڤی ژن لە "کوردستان"................................................................. ئاسۆ مینبەری ..... ٦٥
١٦- چەکدارە دڵڕەشەکان و تەماویکردنی چارەسەرە سیاسییەکان.................................. د. ڕەحیم سورخی ..... ٦٨
١٧- ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکرات لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ - ١٩٩٠، بەشی سێهەم و دەرەنجام...............
............................................................ کوێستان نستانی و د. هۆشمەند عەلی ..... ٧١
١٨- بەردەوامیی پاڵپشتیی ئەمریکا بۆ کورد، پرێستیژ و متمانەی نێودەوڵەتیی بۆ دەستەبەر دەکات..........................
.................................................................................. عەزیز مەعرووفی ..... ٧٦

١٩- بزووتنەوەی نارەزایەتی لە ئێران: ڕاستییەکان و سیناریۆ دەستکردەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی................
........................................................................................................ کامران ئەمین‌ئاوە ..... ٨٠
٢٠- دووبژاردەی پیرۆزی چەقبەستوو بۆ ڕیفراندۆم............................................... دارسمە ..... ٨٤
٢١- ڕۆژاوای کوردستان وەک ئاوێنەیەکی چارەنووسی کورد لە سیستەمی جیهانیدا................ حەسەن قارەمانی ..... ٨٧
٢٢- لە شەقامەکانی ئێرانەوە تا کەشتییە شەڕکەرەکانی ئەمریکا: ئایا خولی دووەمی ستەمکاری لە ئێران کۆتایی دێت؟....
........................................................................................................ عادڵ درەخشانی ..... ٩٠
٢٣- ئایین لە خزمەت سڕینەوەدا (لە خومەینی و سەدامەوە تا ئەردۆغان و جۆلانی)............. ڕەحیم نزهەتزادە ..... ٩٢
٢٤- ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی بڕیاری یەکیەتیی ئورووپا بۆ بە تیرۆریست ناساندنی سپای
پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.......................................................................... ٩٧
٢٥- هەگبەی شاخ و شۆڕش (خدرە سوور)......................................................... برایم چووکەڵی ..... ١٠٠
٢٦- پرۆفایلینگی نەتەوەیی و کاریگەرییەکانی لەسەر ستراتیژییە ئەمنییەتییەکان................ خالید قادری ..... ١٠٣
٢٧- ڕۆژنامەی کوردستان و پرسی ئەدەب و هونەری بەرگری........................................ بەهار حوسێنی ..... ١٠٧
٢٨- ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئەودیوی برایەتیی گەلان.............................................. حەسەن قارەمانی ..... ١١٧
٢٩- هیچ هێزێک ناتوانێت دەنگی ئازادیخوازی کپ بکات.............................................. فەتاح ڕەسووڵی ..... ١٢٣
٣٠- سایبێر و شەڕی دەروونی: کۆنترۆڵی هەست و ناسنامە لەسەر نەتەوەی کورد................ خالید قادری ..... ١٢٦
٣١- چۆن ڕێ لە دووپاتبوونەوەی تاوانی دژی مرۆڤایەتی بگرین؟.................................. عومەر باڵەکی ..... ١٣٢
٣٢- ئایا کۆماری ئیسلامی لە رووخان دەربازی دەبێت؟............................................. بەختیار عوسمانی ..... ١٣٧
٣٣- دەسکەوتەکانی ١٨ی بەفرانبار........................................................................ دیاکۆ ڕۆژهەڵاتی ..... ١٤١
٣٤- مستەفا هیجری: خەڵک مافی خۆیانە لە بەرانبەر توندوتیژیی ڕێکخراوی حکوومەتدا بەرگری لە خۆیان بکەن...... ١٤٥
٣٥- خالید عەزیزی: هیچ کەس و لایەن و ڕەوتێک ناتوانێ بەتەنیا تەعبیر لە ئیرادەی نەتەوەکانی ئێران بکات و
نوێنگەی ویست و داخوازەکانیان بێت........................................................................ ١٥٠
٣٦- هەشتا ساڵ پاراستنی زمان و ناسنامە.............................................................. سۆران عەلی‌پوور ..... ١٥٣
٣٧- ئێران لە کوشتاری خەڵکدا بوو بە یەکەمی بێڕکابەر!.......................................... حەسەن شێخانی ..... ١٥٧
٣٨- لە ستەمکاریی ئایینییەوە بۆ دەسەڵاتخوازیی تێکنۆکراتیک................................... د. مەنسوور سوهرابی ..... ١٦٢
٣٩- شازادەی جیهانی ڕۆبۆتەکان (ڕێبەری فەیک، دیجیتاڵی و ڕاستیی سەر شەقام لە ڕەوتی پەهلەویدا)....................
........................................................................................................ دڵشاد هەورامی ..... ١٦٩



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

٤٠- کۆماری ئیسلامی و ئایدۆلۆژیای تیرۆر........................................ عەلی بداغی ..... ١٧٣
٤١- ڕۆڵی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە پێکهێنان و بەرزکردنەوەی ئاگایی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا!.................
........................................................................ د. کامران ئەمین‌ئاوە ..... ١٧٨
٤٢- خەڵکێکی "نمەک بەحەرام" و دەسەڵاتێکی "فریشتە ئاسا"........................................ دارسمە ..... ١٨٦
٤٣- شوان پەروەر: پێشمەرگە بەرگریکار و پارێزەری جڤاک، وڵات و هەبوونە، بۆیە دەبێ پێشمەرگە نەتەوەیی بێت........
........................................................................ وتوویژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٨٩
٤٤- ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەزمی کریدۆرە ئابوورییەکان........................................ تەهای ڕەحیمی ..... ١٩٥
٤٥- یەکگرتوویی، ڕەمزی سەرکەوتن........................................ ڕەزا دانشجوو ..... ٢٠٠
٤٦- کاتێک ڕۆژنامەیەک دەبێتە چەک "کوردستان"قوتابخانەی نەتەوەیی و پارێزەری ناسنامەی کورد.. ئاگری باڵەکی.. ٢٠٥
٤٧- دیپلۆماسی و هێز........................................ ناسر ساڵحی‌ئەسڵ ..... ٢١٠
٤٨- بووکەڵەی گوێڕایەڵ........................................ ئاسۆ مینبەری ..... ٢١٥
٤٩- لە پرۆفایلینگی بێدەنگ بۆ پرۆفایلینگی دەنگدار:........................................ خالید قادری ..... ٢١٨
٥٠- بۆ وەرچەرخان لە داهاتووی ئێراندا بەبێ بەشداریی ژنان ئەستەمە؟........................................ سۆزان فەتحی ..... ٢٢٣
٥١- پرسی کورد، لەقاودانی لێکدژبوونی مافی مرۆڤ و شەڕ دژی تیرۆریزم لەژێر کارتێکەریی زلهێزەکاندا.................
........................................................................ سەربەست ئورمیە ..... ٢٢٦
٥٢- دواین دەرفەتی ڕۆژاوا........................................ و: لە ئینگلیزییەوە کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ٢٣٠
٥٣- شیتەڵکاریی شێعری "هەزار ساڵە"ی قاسم موئەیەدزادە (هەڵۆ)........................................ هێمن مەردانی ..... ٢٣٦
٥٤- پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی تێپەڕینی ٤٧ ساڵ بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧......... ٢٤٢
٥٥- کێ مافی ئەوەی هەیە پێناسەی "ئێمە" بکات؟........................................ حەسەن قارەمانی ..... ٢٤٦
٥٦- هۆکارەکانی ئومێدبەستن بە دەستێوەردانی دەرەکی لە ئێران........................................ ڕەحمان سەلیمی ..... ٢٥٠
٥٧- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید فەتاح عەبدولی)........................................ برایم چووکەڵی ..... ٢٥٣
٥٨- پرۆفایلینگی نەتەوەیی کورد لە ڕوانگەی نێودەوڵەتی و ناوچەییەوە!........................................ خالید قادری ..... ٢٥٦
٥٩- دیپلۆماسیی وڵاتانی "سۆسیالیستیی" و قوربانیکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران!.......... د. کامران ئەمین‌ئاوە ..... ٢٦٢
٦٠- ٢٦ی سەرماوەز؛ ڕۆژی پێشمەرگە (بەشی دووهەم): خوێندنەوەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ڕەمزێک لە کوردستان........................................ زانیار حوسێنی ..... ٢٦٥
٦١- ئێرانی داهاتوو لە نێوان فاشیزمی ناوەند و ئیرادەی کورد........................................ ئاگری باڵەکی ..... ٢٧٢
٦٢- ئامریکا بۆچی هێرشی نەکردە سەر ئێران؟........................................ جەمال فەتحی ..... ٢٧٧



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

٦٣- پێویستیی هاوپەیمانییەتێکی ستراتیژی و ئەزموونی ئیسپانیا............................. شاڕوخ حەسەنزادە ..... ٢٨١
٦٤- پێویستیی گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێراندا........................................ ڕەحیم نزهتزادە ..... ٢٨٥
٦٥- خەڵکێکی "نمەک بەحەرام" و دەسەڵاتێکی "فریشتە ئاسا"............................................ دارسمە ..... ٢٩٠
٦٦- ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی چلەی شەهیدانی ڕاپەڕینی بەفرانباری ئەمساڵ...... ٢٩٤
٦٧- خالید عەزیزی: نەتەوەکانی ئێران دەبێ بۆخۆیان چارەنووسی ئەم ڕێژیمە یەکلا بکەنەوە......................... ٢٩٧
٦٨- ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەزمی هەرێمی؛ گواستنەوە لە ڕەواییەوە بۆ توانای ڕێکخراوەیی..............................
........................................................................................ حەسەن قارەمانی ..... ٣٠٣
٦٩- زمان، شوناس، دەسەڵات................................................................ ڕەسووڵ سوڵتانی ..... ٣٠٨
٧٠- ڕۆژی زمانی دایک و خۆڕاگریی زمانی کوردی................................................ تاهیر قاسمی ..... ٣١٤
٧١- ٢٦ی سەرماوەز؛ ڕۆژی پێشمەرگە (بەشی سێهەم، خوێندنەوەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ڕەمزێک لەکوردستان)
............................................................................................ زانیار حوسێنی ..... ٣١٦
٧٢- بەرپرسیارەتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرانبەر خەڵکی ئێراندا........................... عومەر باڵەکی ..... ٣٢٣
٧٣- پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی: زمانێک کە لە پەروەردەی گشتیدا دەورێکی سەرەکی نەگێڕێت، زۆر زەحمەتە لە درێژخایەندا بتوانێت زیندوو بمێنێتەوە.................................................... وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ٣٢٧



# د. هۆشمەند عەلی: متمانەکردن بە فاکتەری دەرەکی هەڵەیە، کورد بۆ سەرکەوتنی سیاسی دەبێ پشت بە یەکڕیزی و تەبایی نێوخۆیی ببەستێ



**وتوویژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٧٩ ساڵ، ٢ی ڕێبەندان تەنیا یادکردنەوەی مێژوویەک نییە، بەڵکوو خوێندنەوەی ئەزموونێکی زیندووی دەوڵەتدارییە.لەم وتووێژەدا لەگەڵ د. هۆشمەند عەلی، شرۆڤەیەکی ورد بۆ قۆناغی زێڕینی کۆماری کوردستان دەکەین، لە گۆڕانکارییە ڕیشەییەکانی گۆڕینی "ژ.ک" بۆ "حیزبی دێموکرات"ەوە تا کاریگەرییە نەبڕاوەکانی شۆڕشی فەرهەنگی و ڕۆڵی زمانی کوردی. هەروەها بە ڕاشکاوی باس لە برینەکانی ناتەبایی نێوخۆیی و ڕۆڵی نەرێنیی بەشێک لە عەشیرەتەکان لە ساتەوەختی ڕووخاندا دەکەین. دواجار، گرنگترین وانە مێژووییەکان بۆ سیاسەتی ئەمڕۆی کورد تاوتوێ دەکەین، تا بزانین چۆن لە نێوان پشتبەستن بە دەرەوە و یەکڕیزیی نێوخۆدا، ڕێگەی سەرکەوتن بدۆزینەوە.**

**شەهرام سوبحانی: دوکتور دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٧٩ ساڵ، بۆچی هێشتا ٢ی ڕێبەندان وەکوو گرنگترین وەرچەرخانی مێژوویی لە هزری نەتەوەیی کورددا دەمێنێتەوە؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە یەکەم جار بوو وشەی "دەوڵەت" و "کۆمار" بەکار**

**هێنرا، یان بەهۆی کەسایەتیی کاریزمای پێشەوا قازی محەممەدەوەیە؟**

**د. هۆشمەند عەلی**: دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٧٩ ساڵ بەسەر ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێشەوایەتیی قازی محەممەد و بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دیارە گرنگی و بایەخی ئەو ڕۆژە لەوەدایە کە دەوڵەتداری و کۆمار و خۆبەڕێوەبەریی کورد لە چوارچێوەی کۆمەڵێک دەزگای ڕێکخراو و دامەزراوەی حکوومەتی، بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو و بە شێوەیەکی دەستووری جێگە و بایەخی خۆی هەیە. ئەوەی کە وای کردوە ٢ی ڕێبەندان لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا و لە مێژووی هاوچەرخی کورد بەگشتی ببێتە شکۆی نەتەوەیی و دەوڵەتداریی کوردی، بۆ کۆمەڵێک کاریگەری دەگەڕێتەوە؛ کە بۆ یەکەمین جارە بە شێوەیەکی فەرمی کورد لە چوارچێوەی کۆمارێکدا دەوڵەتداری بەڕێوە دەبات. بە تایبەتیش لەو بەشەی کوردستان و بەهۆی هەلومەرجی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووهەمی جیهانی و ئەو هەلومەرجە نێوخۆییەی کە لە ئێرانی سەردەمی شاهەنشاهیدا بەڕێوە دەچوو لە سیاسەتی دەوڵەت بەرانبەر بە کورد و کوردستان بەگشتی. هەروەها ئەو تێکۆشان و خەباتە ڕزگاریخوازییەی کە گەلی کورد لە کوردستاندا لە دوای ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، بە تایبەتیش لەو بەشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و بزووتنەوە و جووڵانەوەکانی سمکۆی شکاک و دوای سمکۆی شکاکیش هەوڵ و تێکۆشانە سیاسییەکانی کورد لە چوارچێوەی ڕێکخراوی سیاسی تاوەکوو گەیشتن بە "پارتی ئازادی" و لەوێشەوە بۆ "ژێکاف" و لە ژێکافیشەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان؛ بۆیە ٢ی ڕێبەندان ڕۆژێکی شکۆمەند و کاریگەرە لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی کوردستان بەگشتی و لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی ئازادیخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.

**شەهرام سوبحانی**: **پرۆسەی گۆڕانی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" (ژ.ک) بۆ "حیزبی دێموکراتی کوردستان" گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بوو. ئایا ئەمە تەنیا گۆڕینی ناو بوو، یان گۆڕانکاری بوو لە ئایدۆلۆژیا و شێوازی کارکردن لە نهێنییەوە بۆ ئاشکرا؟ کاریگەریی ئەم بڕیارە لەسەر بەشداریکردنی چین و توێژە جیاوازەکان چی بوو؟**

**د. هۆشمەند عەلی**: پرۆسەی گۆڕینی ژێکاف بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان گۆڕانێکی ڕیشەیی بوو لە خەباتی ئازادیخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمەش نەک هەر تەنیا لەبەر ئەوەی کە بە تەنیا کاریگەرییەکەی لەسەر بەشەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو، بەڵکوو هەم کاریگەریی لەسەر ئاستی نێوخۆیی کوردستان بەگشتی و لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی کاریگەرییەکی نەبڕاوەی هەبوو. ئەو کاریگەرییەش ڕەگ و ڕیشەیەکی هەڵقوڵاوی ناو خەبات و جووڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستان بوو و گۆڕینی پرۆسەی ژێکاف بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆگونجان بوو

لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەی کە لە دوای سەروبەندی کۆتایی هاتنی جەنگی دووهەمی جیهانی هاتە ئاراوە، لەژێر هەژموونی ئەو زلهێزانەی کە لە ئێرانی ئەوسادا کاریگەرییان هەبوو (یەکیەتیی سۆڤیەت لە لایەک و هێزە ئیمپریالیستەکان لە لایەکی دیکە) و لە سیاسەتی شاهەنشاهی و دەوڵەت و لەنێوخۆ و لە ناو مەرکەز بەرانبەر بە کورد لە لایەکی دیکە. بۆیە گۆڕینی پرۆسەی ژێکاف بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی هەبوو؛ هەر تەنیا گۆڕینی ناو نەبوو لە ژێکافەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵکوو گۆڕینی شێوە خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی ئازادیخوازانەی ئاشکرا بوو بۆ کۆکردنەوەی کۆمەلانی خەڵک لە یەک بەرنامە و یەک پەیڕەوی سیاسی. لە لایەکی دیکەوە بۆ یەکەمین جار بوو کە بە شێوەیەکی فەرمی کورد لە ڕێگەی پارتێکی سیاسیی ئاشکرا هەوڵی تێکۆشانی دەوڵەتداری و خەبات و بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی و ئازادیخوازییەکانی کورد بدات لەو بەشەی کوردستان، کە نەک هەر تەنیا بۆ نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەڵکوو ببووە گەشانەوەیەک بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەباتگێڕانی کوردستانیش لە چواچێوەی نەتەوایەتیی خۆی و لە کۆکردنەوەیان لە موکریان و مەهاباد و لە چوارچێوەی خەباتێکی سیاسیی شۆڕشگێڕانەی یەکگرتوو و سەرتاسەریدا. لە لایەکی دیکەشەوە، پرۆسەی گۆڕینی ژێکاف بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان گۆڕانێکی ڕیشەیی بوو لەسەر سەرنجی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بەگشتی و لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی؛ ئەو کاریگەرییە ئەوە بوو کە گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان لە چوارچێوەی پارتێکی سیاسی بە ئاشکرا دەستی بە تێکۆشان کرد و لە هەمان کاتدا دەستبەکار و تێکۆشانی چالاکیی سیاسیی مەدەنییانە بوو لە پاڵ بڕەودان بە خەباتی چەکداری بەگشتی لە کۆمەڵگەی کوردستان. ئەو شانازییە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەمێنێتەوە لە مێژوودا کە وەکوو یەکەمین پارتی سیاسیی فەرمی خەباتی ئاشکرای لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا تێدەکۆشی بۆ مافە نەتەوایەتییەکان و هەوڵدان بۆ ئازادییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە چوارچێوەی ئێران و خەباتی فراوانتر و یەکگرتووتر لە تێکۆشەرانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش.

**شەهرام سوبحانی**: لە ماوەی ١١ مانگدا، کۆمار گرنگییەکی زۆری بە زمانی کوردی، شانۆ، ڕۆژنامەگەری و خوێندن دا. ئایا دەکرێت بڵێین "شۆڕشی فەرهەنگی"ی کۆمار کاریگەرتر و درێژخایەنتر بوو لە دەسەڵاتە سیاسییەکەی؟

**د. هۆشمەند عەلی**: کۆماری کوردستان لە ماوەی تەمەنی یانزە مانگ و نزیک بە یانزە ڕۆژدا کۆمەڵێک دەسکەوتی فەرهەنگیی گرنگ و گەورەی هەبوو، لە ڕووی ڕۆژنامەوانی، زمانی کوردی، شانۆ، ئەدەبیاتی کوردی و خوێندن بە زمانی کوردی و قوتابخانەکان. لە هەمان کات هاوشانی خەباتە سیاسییەکەی و دەسکەوت و کۆششە سیاسییەکانی کۆمار، ئەوەی پەیوەستە بە نیشاندانی ڕووی دێموکراتیانەی کورد وەک نەتەوەیەکی زوڵملێکراو و ستەملێکراو و بێ دەوڵەت، کە دەتوانێ پراکتیزەی دەسەڵاتی خۆجێیی و خۆبەڕێوەبەریی خۆی بکات لە چوارچێوەی خاک و نیشتمانی خۆیدا، و لە هەمان کاتدا

جەختکردنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مافە نەتەوایەتی و سیاسییەکانی کورد لە چوارچێوەی مافی خودموختاری و مافی دێموکراسی لە ئێراندا؛ لە ڕاستیدا دەسکەوتە سیاسییەکان لە قۆناغی خۆیدا بە ئاکام نەگەیشتن، بەو هۆیەی کە کۆمار تەمەنی کورت بوو و بە پیلانی ناوچەیی و نێوخۆیی و دەوڵەتییەوە ڕووخێندرا و کۆتایی پێهات و بەداخەوە پێشەوا و هاوڕێیانی دواتر لەسێدارە دران. دەسکەوتە سیاسییەکە لە ڕەگ و ڕیشەی داکوتراوەیی خۆیدا لە هەناوی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا مابوویەوە، دواتر وەک بووژانەوەی حیزبی دێموکرات و خەباتە سیاسی و چالاکییەکانی قۆناغی دوای کۆمار و دواتر دەرکەوتەوە. بەڵام ئەوەی کە لە چوارچێوەی شۆڕشە فەرهەنگییەکەی کۆماری کوردستان لەو ماوەی تەمەنە کورتەی خۆیدا لە کۆمەڵگەی کوردیدا پێشکەشی کرد، دەسکەوتەکان وەک شۆڕشێکی فەرهەنگی ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵتریان داکوتا لە کۆمەڵگەی کوردی. بۆ نموونە لەو چەند ساڵەی ڕابردوو خەباتی فەرهەنگیی کوردی لە کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕۆژهەڵات لە جەختکردنەوە لەسەر زمانی کوردی، پاراستنی زمانی کوردی، فەرهەنگی کوردی، کولتووری کوردی و برەودان بە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەری لە قۆناغی دوای کۆماریش و تاوەکوو ئێستاش کە ئەو خەباتە فەرهەنگییە بەردەوامی هەیە، بووەتە یەکێک لە سیمبولەکانی سەردەمی کۆمار لە ڕووی خەباتە فەرهەنگییەکەوە لە داکۆکیکردن لە زمان و فەرهەنگی کوردی، لە بابەتەکانی پەیوەست بە کولتوور و فەرهەنگ و پاراستنی ناسنامە و شوناسی کوردی. بۆیە دەسکەوتە فەرهەنگییەکانی کۆمار لە بوارە جیاجیاکانیدا کە ئاماژەمان پێ کرد، وەک شۆڕشێکی فەرهەنگیی درێژخایەن تا هەنووکەش درێژەی هەیە و ئەو دەسکەوتانە یەکێکن لەو شانازییانەی کە مێژووی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی شانازی پێوە دەکات کە لە سەردەمانی کۆماری کوردستان برەوی پێدرا و گرنگیی پێدرا. بۆیە لە واقیعدا خەباتە فەرهەنگییەکە و شۆڕشە فەرهەنگییەکەی کۆماری کوردستان قووڵتر لە ڕووی ستراتیژییەوە و درێژخایەنتر شوێنپێ و کاریگەریی خۆی دانا، کە ئەو کاریگەرییەش لە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەم چەند ساڵەی ڕابردوو جارێکی دیکە قوڵپەی داوە و هەڵگیرساوەتەوە وەک خەباتێکی فەرهەنگیی نەبڕاوە لە چوارچێوەی خەباتە سیاسییەکانی ژێردەستەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

**شەهرام سوبحانی**: لە کاتی هێرشی سپای ئێران بۆ سەر مەهاباد، بەشێک لە سەرۆک خێڵەکان نەک هەر بەرگرییان نەکرد، بەڵکوو هاوکاریی سپای ناوەندییان کرد. هۆکاری ئەم دابڕانە لە نێوان سەرکردایەتیی کۆمار و پێکهاتەی عەشایەریدا چی بوو؟

**د. هۆشمەند عەلی**: لە ڕاستیدا لە سەروبەندی هێرشی سپای ئێران بۆ سەر مەهاباد و هەوڵەکان بۆ ڕووخان و تێکشکاندنی کۆماری کوردستان و نەمانی ئەو دەسکەوتەی کورد لەو بەشەی کوردستان، ئەگەر پێشتر پێشەوا قازی محەممەد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی تەندروست و بە شێوەیەکی سیاسییانە و کۆمەڵایەتییانە مامەڵەی دروستیان کردبوو

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

لەگەڵ سەرکردە و سەرۆک هۆز و عەشایەری کوردی بەگشتی لە چوارچێوەی کوردستان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لە خۆبەڕێوەبەریی ناوچە کوردستانییەکانی چوارچێوەی موکریان و کۆکردنەوەیان لە دەوری کۆمار بە پێشەوایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، بەڵام مخابن ئەو دەردە کوشندەیەی کوردکوژی و خۆکوژییەی کە بەدرێژایی مێژوو لە ناوماندا هەبووە، لە کاتی نوشوستی شکستەکاندا درز دەخاتە نێومان و ئەو درز و کەلێنەش هەمیشە وای کردوە بەشێک لە خۆمان تاوانبار بێت و بەشێک لە خۆمان تووشی دابڕان دەبێت. ئەو کەسەی پێشتر هاوپەیمان و هاوکار بوو لە دەسەڵاتە سیاسییە کوردییەکەی کۆماری کوردستاندا و ئەو پێکهاتە عەشایەرییە، بەشێکیان دواتر بەداخەوە (هەر لە سەرەتاوە بەپێی ئەو چەند بەڵگە مێژووییانەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوو لە ئەرشیڤی وەزارەتی بەرگریی شاهەنشاهیدا دەرکەوتن)، ئەوە دەردەخەن کە بەشێک لەو سەرۆک عەشیرەتانە هەر لە سەرەتای بونیادنانی کۆماری کوردستانەوە ئەگەرچی لە چوارچێوەی کۆماردا بەشدار بوون و بەشدارییان پێ کراوە، بەڵام پێوەندییان نەپچڕیوە و لە دەسەڵاتی ناوەند لە تاران دانەبڕاون. ئەو پەیوەندییانەش هەوڵیان داوە و باوەڕیان وابووە لە قۆناغی نوشوست و تێکشکاندا دەسەڵات و پێگەی خۆیان لە عەشایەری و لە دەسەڵاتەوە بپارێزن و ئەو پاراستنەش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بێنن. ئەو شێوە هاوکارییەی کە پێشتر لە نێوان عەشایەری کوردی لەگەڵ دەسەڵاتی پێکهاتەی کۆماری کوردستاندا هەبوو، لە دوا ساتەکانی هێرشی سپای ئێران بۆ سەر مەهاباد و ڕووخانی کۆماری کوردستان بەرگرییان نەکرد و هاوکار و ڕێنیشاندەری سپای ناوەندییان کرد. ئەوەش هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ ئەم دابڕانە و ڕەگ و ڕیشە داکوتراوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆخۆری، ناتەبایی و نایەکگرتوویی، کە بەداخەوە لە ناو کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و عەشایەری کوردی بەتایبەتی بوونی هەبووە و ئێستاکەش تا ڕادەیەک لە هەندێک حاڵەت و بارودۆخدا ئەو ناتەباییە بوونی هەیە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستراکچەرە و ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی کە لە بەشەکانی کوردستان بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بوونیان هەیە، کە ئینتیما بۆ هۆز و عەشیرەگەری لە چوارچێوەی فەرمانی سەرۆک عەشیرەت کۆ دەبێتەوە و کەمتر بۆ هەستێکی گەورەتر و بۆ نەتەوە دەڕوانرێت؛ واتە بیر لەوە ناکرێتەوە کە دەسکەوتە نەتەوەییەکان و هەوڵ و تێکۆشانە نەتەوەییەکان زۆر لەوە گەورەترن. بەداخەوە هۆکاری ناتەبایی، هۆکاری ناڕەزایی، هۆکاری بەرژەوەندی، هۆکاری کەسپەرەستی و ئینتیمای پتر بۆ عەشیرەتی و هۆزگەری لە بەرانبەر ئینتیمای نەتەوەیی و هۆشیاریی سیاسیی نەتەوەیی، وای کرد ئەم دابڕانە لە سیاسەتەکانی کۆماردا دروست ببێت و بەشێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان ڕێنوێنی و هاوکاریی سپای ئێران بکەن بۆ سەر مەهاباد و هەڵگەڕانەوەیەک لە بەرگریکردن لە کۆمار ڕوو بدات. کە لە واقعیشدا بەرگری بە شێوەیەکی درێژخایەنتر، ئەگەر ئەوانیش لەپاڵ کۆماردا بمانایەتەوە، قسەکە لەسەر ئەوە نیە کە ئەگەر ئەوان هەڵنەگەڕابوونایەوە یا خود ئەوان دانوسانیان بە تەواوەتی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و سپای ئێراندا نەکردایە ئەگەری ئەوە هەبوو کۆمار بمایەتەوە؛ پێم وا نیە. لەبەر ئەوەی فاکتەرە دەرەکییەکان زۆر زۆرتر کاریگەرتر بوون؛ لەوانە یەکیەتیی سۆڤیەت و ڕێککەوتنی قەوام سەڵتەنە و دەسەڵاتی ناوەندیی تاران لەسەر مەسەلەی نەوت و ئیمتیازی نەوت و پاشەکشەی سپای سوور لە ناوچەکانی دەسەڵاتی فیرقەی دیموکراتی



سەرچاوە
Serchawe

ئازەربایجان. چارەنووسی بەرگری و چارەنووسی لایەنە سەربازییەکە هەر کۆنترۆڵکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی دەبوو بەسەر ئەو بەشەی کوردستان و ئەو چارەنووسەی کە بەسەر کوردستاندا هات، بەڵام ئەوەی کە لە مێژوودا ماوەتەوە ئەوەیە کە بەشێک لە عەشیرەت و ئەو سەرۆک هۆزانە ڕێنوێنی و هاوکاریی سپای ئێرانیان کرد بۆ کۆتاییهێنان بە کۆماری کوردستان، کە بەداخەوە وەکوو باسم کرد هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ بەرژەوەندی و کەسپەرەستی و بۆ دابڕینی ئەو ستراکچەرە کۆمەڵایەتییە دەگەڕێتەوە کە وەکوو نەخۆشییەکی کوشندە و دەردە کورد (کە ناتەبایی بووە) لەبری باوەڕبوون بە ئینتیمای سیاسی و هۆشیاریی نەتەوەیی، ئینتیما بۆ هۆز زیاتر زەق بووەتەوە و ئەم دۆخە لە قۆناغی مێژوویی خۆیدا ڕووی دا.

**شەهرام سوبحانی**: **بەڕێزتان وەک توێژەر و پسپۆڕی مێژوو، گەورەترین وانە کە سیاسەتمەدارانی کورد دەبێت لە ئەزموونی کۆماری کوردستانەوە فێری ببن چییە؟ ئایا مەترسیی پشتبەستن بە فاکتەری دەرەکی گەورەترین وانەیە، یان نەبوونی یەکڕیزیی نێوخۆیی؟**

**د. هۆشمەند عەلی**: ئەو وانە سیاسییانەی کە سیاسەتمەدارانی کورد پێویستە ئەزموونی بکەن و فێری ببن لە ئەزموونی کۆماری کوردستان و مێژووی کۆماری کوردستان، لە ڕاستیدا هەردوو لایەنەکە و لایەنی دیکەش زیاتر لەخۆ دەگرێت؛ هەم ئەگەری مەترسیی ئەوەی کە پشتبەستن بە فاکتەری دەرەکی و بە هاوکاریی دەرەکی وەکوو وانەیەک لە وانە سیاسییەکانیان، و لە هەمان کاتیشدا دەردە کوشندەییەکەی نێوخۆی نێومالّی کورد بەگشتی کە نەبوونی یەکڕیزی و ناتەبایی نێوخۆییە. بۆیە ئەو ئەزموونانەی کە پێویستە وەکوو وانەی سیاسی و وەکوو ئەزموون لەبەری بکەن لە کۆمەڵگەی کوردی و سیاسەتمەدارانمان بە تایبەتی، و لەو ئەزموونە وانە وەرگرن کە لە کۆماری کوردستانەوە فێری ببن، ئەوەیە کە نابێت هەمیشە پشت بە فاکتەری دەرەکی ببەسترێت. فاکتەری دەرەکی لە ڕوانگەی ستراتیژییەوە بۆ کورتخایەن، بۆ قۆستنەوەی هەلومەرجەکان و بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوت و ئامانجەکان، وەک تاکتیکی کورتخایەن گرنگە کە لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ڕووداوەکان بەکار بێت. بۆ نموونە ئەوەی کە ئەمڕۆ لە دۆخی نێوخۆی ئێراندا دەگوزەرێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا و بەشێک لە وڵاتانی دیکە بە تایبەتی کە سەرکۆنە و ئیدانەی سیاسەتی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی دەکەن؛ ئەوە گرنگە کە سیاسەتمەداران لەو فاکتەرە دەرەکییەوە سوود وەربگرن و بیقۆزنەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان، بۆ گەیشتن بە ڕزگاریی نەتەوەیی و دەسکەوتەکان، و لە پاڵ ئەو ئامانجە ستراتیژییە نێودەوڵەتییانە بەکاری بێنن و سوودی لێ وەربگرن بۆ دەسکەوت و قازانجە نەتەوەییەکانی کورد لە نێوخۆی کوردستاندا. بەڵام بۆ مانەوەی هەمیشەیی و وەستان بەرانبەر بە فاکتەرە دەرەکییەکان و هەمیشە چاو لەڕێبوون بۆ فاکتەری دەرەکی ناڕاستە. ئەمە یەکێکە لەو وانە مێژووییانەی کە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەردەمی کۆماری کوردستان، ئەو فاکتەرە دەرەکییەی کە یەکیەتیی سۆڤیەت بوو و پاڵپشت و هاوکار بوو لە ڕووی ماددی و سەربازی و لۆجیستییەوە (تا

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

ڕادەی کەمتر لە چاو ئەوەی کە بەرانبەر بە فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان دەکرا، بۆ کورد کەمتر لە واقیعدا بوو)، بەڵام وەکوو پشت بەستنێکی دەرەکی بینیمان ئاکامەکەی دواجار لە بەدەستنەهێنانی ئامانجەکانی خۆی، یەکیەتیی سۆڤیەت پشتی لە کورد و لە کۆمار و لەو دەسکەوتانە کرد کە کورد بەدیهێنابوو. بۆیە ئەمە بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان، بۆ کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، و بۆ ئایندەی داهاتووی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پشتبەستن بەتەنیا بە فاکتەری دەرەکی یەکێکە لە خاڵە لاوازەکان. وەکوو باسم کرد، نابێت بە تەنیا لە ڕێگەی فاکتەری دەرەکی و هاوکاریی دەرەکییەوە چاو لەڕێ بین بۆ ئەوەی کە ببێتە ئامانج و ببێتە ستراتیژیی قووڵی درێژخایەن؛ نەخێر، بەڵکوو لە تاکتیکدا و لە گەیشتن بە ئامانجی کورتخایەندا ڕاستە، بەڵام بۆ درێژخایەن مەترسیدارە. جگە لەوە، ئەزموونێکی دیکە وەکوو ئاماژەشم پێ کرد لە سەرەتاوە، ئەوەی کە پەیوەستە بە یەکگرتوویی و تەبایی کورد لەنێوخۆدا؛ لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە ئێستادا و لە سەردەمی کۆماری کوردستانیش بە تایبەتی ئەگەر بگەڕێینەوە، ئەو هەماهەنگی و هاوکارییەی لە نێوان (بەتایبەتی) چوونی بەشێک لە شۆڕشگێڕان و تێکۆشەرانی کورد لە باشووری کوردستانەوە بۆ کۆماری کوردستان، دەرخەری یەکگرتوویی کورد بوو لە خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەیی کوردیدا. بۆیە فێربوونی سیاسییەکان و سیاسەتمەداران لە یەکریزیی نێوخۆیی نێوماڵی کورد دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی دەسکەوتە دەرەکییەکانیش و دەبێتە پشتیوانیی دەرەکیی زیاتر لەسەر ئەوەی کە زۆرتر و خێراتر بگەین بە مافە نەتەوەییەکان. گرنگترین وانەی سیاسی یەکگرتووییە، وەکوو کورد دەڵێت: "هێز لە یەکیەتیدایە"، لە یەکریزیدایە. ئەوەی کە خۆشبەختانە ئەمڕۆکە دەبینرێت لە چوارچێوەی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان" و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ڕابردوو، وەکوو بینیمان لە سەرهەڵدانەوەی ئەم دواییانەی خۆپێشاندان و نارەزاییەکانی نێوخۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر حەوت هێز و پارت و ڕێکخراوی سیاسیی کوردی لە بەیاننامەیەکی یەکگرتوودا لە ئامانجێکی دیاریکراوی نەتەوەیی یەکگرتوودا (ئەگەرچی لە نێوەڕۆکیشیدا هەر یەک لەوانە پلان و بەرنامە و ستراتیژیەتی جیاوازی هەبێت)، بەڵام لە ستراتیژییە درێژخایەنەکەدا و لە چوارچێوەی نەتەوەییدا بە یەک ئامانج و بە یەک هەست بڕیاریان دا و بەیاننامەیان دەرکرد. ئەمە گرنگە، بۆیە ئەوە یەکێکە لەو وانە مێژووییانەی کە پێویستە ئەزموون بکرێت و ببێتە بەردی بناغەی داهاتوو لە دەسکەوتە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێرانی نوێدا و لە ئێرانی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی.

ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# ئەکتەری مێژووساز





**ئاسۆ مینبەری**

کۆمەڵگەی ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا گۆڕەپانێکی بەرینی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بووە کە ژنان وەک بەشێکی سەرەکیی لەم نارەزایەتییانە ڕۆڵ و پێگەی تایبەتیی خۆیان هەبووە. ئەگەرچی لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ئێمەدا وەک نەتەوەی کورد ژن هەمیشە پێگە و ڕۆڵی تایبەتیتری هەبووە، بەڵام لانیکەم لە ماوەی زەمەنیی چەند ساڵی

ڕابردوودا، ئەم ڕۆڵ و پێگەیە بەرفراوانتر لە ڕابردوو خۆی بەرجەستە کردووە و ژنان لە ڕۆڵی پاڵپشتییەوە بوون بە ئەکتەری سەرەکی و کارای ناڕەزایەتی و بزووتنەوە جەماوەرییەکان.

لە ساڵی ٩٦ی هەتاویدا و لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵکانی ئێراندا، لە تارانی پێتەخی بێدادیدا، ویدا موەحێد بە فڕیدانی لەچکەکەی بوو بە هێمای خەبات بۆ ئەو ژنانەی ساڵانێکی زۆر بوو لەژێر گوشاری حیجابی زۆرەملێدا، خنکابوون و سەرکوتی سیستماتیک نەیهێشتبوو دەنگ هەڵبڕن. لە ڕاستیدا ئەمە بوو بە چەخماخەیەک بۆ دژایەتیی ئاشکرا لەگەڵ حیجابی زۆرەملێ و شەپۆلەکانی هەموو کۆمەڵگەی ئێرانی گرتەوە و ستارتی کەمپەینەکانی "آزادیهای یواشکی زنان" و "چهارشنبەهای سفید" لێ درا. دواتر لە خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاویدا، شەپۆلێکی تر لە ناڕەزایەتییەکان هاتنە ئاراوە کە لەم ناڕەزایەتییانەشدا ژنان ڕۆڵی گرینگ و ئەرێنیان گێڕا. قۆناغێکی دیکەی ناڕەزایەتییەکان، ناڕەزایەتییەکانی خەرمانانی ١٤٠١ بوو کە دوای قەتڵی سیستماتیکی ژینا ئەمینی لە تاران و بەدەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشادی ڕێژیم هاتە ئاراوە، ناڕەزایەتییەک کە بە هۆی بەستێنێک کە لە ساڵەکانی ٩٦ و ٩٨دا دروست کرابوو، بوێرییەکی زیاتری بۆ بەشداری بە ژنان بەخشی و وای کرد کە ژنان ببنە لیدەری ئەم ناڕەزایەتییانە و ڕۆڵی زۆر گرینگ و بەرچاویان گێڕا. لە قۆناغی نوێی ڕاپەڕینی خەڵکانی ئێرانیشدا، کە لە ٧ی بەفرانبارەوە و بە نیشانەی ناڕەزایەتی بە دۆخی داسەپاوی ئابووری و قەیرانی بژێو دەستی پێ کرد، ژنان وەک هەمیشە پێشەنگی مەیدان بوون و لە ئەرکی خۆیان دوور نەکەوتنەوە.

هەرچەند هیچ ئامارێکی ورد سەبارەت بە ڕێژەی بەشداریی ژنان لەم بزووتنەوە و ناڕەزایەتییانەدا لەبەر دەستدا نییە بەڵام چەند خاڵ گرینگن کە دەبێ باسیان بکرێ.

لە ناڕەزایەتییەکانی ٩٦دا کە پرسەکە پرسی سیاسی و ئابووری بوو، ژنان بە کەڵکوەرتن لە دەرفەت، پرسەکانی خۆیان هێنانەوە گۆڕێ و ویدا موەحێد بە بێ هیچ ئامادەکارییەکی پێشوەختە و ڕاگەیاندنی کەمپەینێک و بەشێوەی خۆڕسک، بوو بە سەرقافڵە و هۆکارێک بۆ دامەزرانی چەندین کەمپەینی جیاواز، ئەڵبەت نابێ لەبیرمان بچێت کە لەو کەمپەینانەدا پرسی سەرەکی تەنیا پرسی حیجابی زۆرەملێ بوو و نیشانەیەک لە باقی پرسەکانی ژنان بەتایبەت ژنانی سەر بە نەتەوە بندەستەکان لە ئارادا نەبوو.

لە ناڕەزایەتییەکانی ٩٨دا پرسەکە پرسی ئابووری و گرانبوونی نرخی بێنزین بوو، بەڵام درێژکێشانی ناڕەزایەتییەکان دۆخەکەی وا لێ کرد کە تەواویەتی کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەرەکەشیەوە کرانە ئامانجی دروشمەکانی خەڵک و ژنان بەتایبەت لە کوردستان دەرفەتەکەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی کە بتوانن باس لە پرسەکانی خۆیان بکەن کە بەداخەوە بینیمان

ڕێبەندانی ٢٧٢٥

سەرکوتکارییەکانیش چەندە دڕندانە بوون و چۆن کوردستان بوو بە گۆمی خوێن.

لە ناڕەزایەتییەکانی ١٤٠١دا قەتڵی حکوومەتی و سیستماتیکی کچە کوردێکی غەریب لە تاران، پێش هەموو شوێنێک کوردستانی هێنایە مەیدان و شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان باقی شارەکانی گرتەوە. بەو بەستێنەوە کە لە ٩٦ و ٩٨دا هەبوو، ژنان ئەمجارە کە بینیبوویان ئاوا بە ئاشکرا و لەبەر چاوی جیهانەوە و بە بێ هیچ تاوانێک ئەکرێنە ئامانج و ژیانیان لێ دەستێندرێ، هاتنە مەیدان و ئەمجارە پێکەوە لە سەرتاسەری ئێران و کوردستاندا پێشەنگایەتیی شۆڕشەکەیان لە ئەستۆ گرت، هەر ئەمەش بوو وای کرد کە زۆر جار شۆڕشی ١٤٠١ بە شۆڕشی ژنان ناوی لێ برا و بە شۆڕشێکی ژنانە وەسف کرا. لەم قۆناغەدا ئەگەرچی مەرگی ژینا ببووە کاتالیزۆری سەرەکیی بزووتنەوەکە، بەڵام پرسی کوردبوونی ژینا تەنیا لە کوردستان گرینگیی پێ درا و شارەکانی ناوەند تەنیا حیجابی زۆرەملێیان لەلا گرینگ بوو. هەر بۆیە ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان و شارەکانی دیکە جیاوازیی بنچینەییان هەبوو، بۆ کورد ژینا هێمای خاکێکی داگیرکراو و ڕەگەزێکی سەرکوتکراوی بێ ماف بوو و بۆ ناوەند مەهسا ببوو بە هێمای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ حیجابی زۆرەملێ!

لە ناڕەزایەتییەکانی ئێستای ئێرانیشدا، ڕاستە کە پرسەکە لە تارانەوە دەستی پێ کرد و سەرەتا شەقامەکانی تاران هەژاند، بەڵام دیسان کوردستان بوو بە سەنگەری خەبات. ئەگەرچی هێڵەکانی ئینتێرنێت هەتا ئێستا چاک نەکراونەتەوە و هەواڵەکان زۆر بە ئەستەم لە سنوورەکان دێنە دەرەوە، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسانەی کە لە شارەکانی وەک تاران و کەرەج و ساری و باقی شارەکانی دیکەدا شەهید کراون، خەڵکی کوردستانن کە بەشێکیشیان ژنن! ئەمە ئەو ڕاستییەمان پێ نیشان دەدات کە بەگشتی کورد و بەتایبەتیش ژنی کورد زۆر بوێرانەتر دێنە مەیدانەوە و ئامانجیان ڕامالینی داگیرکەرە ئەگەر بە نرخی گیانیشیان بێ.

لە خەباتی ئەم ساڵانە نیشانمان دەدات کە ژنی کورد هاوتەریب لەگەڵ پرسەکانی خۆی، بیر لە پرسی نیشتمانی و شوناسی نەتەوەیی دەکاتەوە، هەر بۆیە پێشەنگایەتیی خەبات لە ئەستۆ دەگرێت و قوربانیشی بۆ دەدات. شەهیدبوونی ڕۆبینا ئەمنییان کچە خوێندکاری کورد لە تاران، پێمان دەڵێ کوردستان خاوەن ژنی بەهێز و بوێرە و لە ژیناوە هەتا ڕۆبینا، ژنانی ئێمە مێژووسازن.

ای ڕێبەندانی ٢٧٢٥

## ڕاستکردنەوەی دوو هەڵە لە سروودی «ئەی ڕەقیب»






**ڕەسوول سوڵتانی**

حەوت دەیەیە سروودی «ئەی ڕەقیب» بووەتە بەشێک لە پێناسەی نیشتمانی و نەتەوەییمان. ئەم سرووده بە جۆرێک لە نێو زەین و بیروباوەڕی تاک و کۆمەڵی کورددا جێگیر بووە، کە هەموو پارتە نیشتمانپەروەر، شۆڕشگێڕ و نوێخوازەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، وەک سروودێکی نەتەوەیی لێی دەڕوانن و هیچ جۆرە کێشەیەکیان لەگەڵیدا نییە.



سەرچاوە Serchawe

کەچی بەداخەوە، تێکستی شیعری «ئەی ڕەقیب» لە کاتی گوتنەوەیدا وەک سروود، دوو هەڵەی زەق و بەرچاوی تێکەوتووە کە تا ئێستاش ڕاست نەکراونەتەوە؛ من لێرەدا بە کورتی ئەو دوو هەڵەیە دەخەمە ڕوو و ڕاستیان دەکەمەوە.

بێگومان ئەو دوو دێڕە لە کاتی گوتنەوەیاندا لە لایەن سروودبێژانەوە هەڵەیان تێ کەوتووە، یان لەوانەیە ئەو کەسانەی بۆیان نووسیونەتەوە وایان زانیبێت بەو شێوەیە خۆشتر دەگوترێتەوە. بەتایبەت لەو دوو دێڕەدا، وشەی «هەر» خراوەتە نێو شیعرەکە، کە تەنانەت بووەتە هۆی لێکدانەوەی نەرێنیش.

تەواوی ئەو کەسانەی تا ئێستا سروودی «ئەی ڕەقیب»یان گوتووەتەوە یان نووسیوەتەوە، ئەم دوو هەڵەیەیان بەردەوام دووبارە کردووەتەوە و هەر بە هەڵەش دەیخوێننەوە و دەینووسنەوە:

دینمان، ئایینمان... هەر... نیشتمان...
لاوی کورد هەر حازر و ئامادەیە
گیانفیدایە، گیانفیدایە، گیانفیدا

لە یەکەمیاندا وشەی «هەر» زیادەیە و ڕاستەکەی بەم شێوەیەیە:

دینمان ئایینمانە، نیشتمان

لە کاتی گوتنەوەیدا بە دەنگ، واتە کاتێک بە مارشەکەوە دەیخوێنینەوە، ئەو پاشگرەی «ـە» (کە لە بنەڕەتدا نیشانەی ناساندن یان لێکدەرە) لە کۆتاییی وشەی «ئایینمانە»، دەکەوێتە سەر وشەی نیشتمان و ئاوازەکە ڕێک دەخاتەوە:

دینمان ئایینمااااانە نیشتمان...

هەڵەی دووەم:

لاوی کورد هەر حازر و ئامادەیە
گیانفیدایە، گیانفیدایە، گیانفیدا...

ئەم بەیتە، هەم میسراعی یەکەم و هەم دووەمیشی بە هەڵە نووسراوەتەوە؛ چونکە لە هەردووکیاندا کارەکە دەبێ بە شێوەی «کۆ» بێت، نەک «تاک». واتە دەبێ بوترێت: «ئامادەن» و «گیانفیدان». چونکە ئەگەر وا نەبێت، وشەی «گیانفیدا» لەگەڵ تەواوی شیعرەکەدا یەک ناگرێتەوە و سەروای نامێنێت. سەروای ئەم شیعرە بە پیتی «ن» کۆتایی دێت. «دڵدار»ی شاعیر کە شارەزای عەرووز و قافیە بووە، هەرگیز نایەت لە ناوەڕاستی شیعرەکەیدا سەروا بشکێنێت. کەواتە ئەوەشیان «گیانفیدان»ە نەک «گیانفیدا».

**بەو پێیەش دەبێت دێڕی یەکەمیش کارەکەی بە «کۆ» بێت، واتە:**

**«ئامادەن».**

**لاوی کورد هەر حازر و ئامادەنە**
**گیانفیدانە، گیانفیدااااانە، گیانفیدان...**

ناکرێ بڵێین: «گیانفیدایە، گیانفیدایە، گیانفیدان»، چونکە دروست نییە دوو دانەی یەکەم بە «تاک» بن و کۆتاییەکەی تەنیا لەبەر خاتری پیتی «ن»ی سەروا بکرێتە «کۆ». بۆیە وەک چۆن لە زمانی کوردیشدا ئەم جۆرە کۆکردنەوەیەمان هەیە، ڕاستییەکەی بەو شێوەیە کە ئاماژەم پێ دا: گیانفیدانە، گیانفیدانە، گیانفیدان.

جگە لەوەش، ئەو وشەی «هەر»ەی کە زیادیان کردووە، زۆر جار خوێندنەوەی چەواشەکارانە و بیانووی پڕوپووچی داوەتە دەست نەیارانی سروودی »ئەی ڕەقیب». بۆ نموونە دەڵێن وشەی «هەر» لێرەدا وەک ئامرازی «إلا»ی عەرەبی وایە و کاتێک دەڵێن: «دینمان ئاینمان هەر نیشتمان»، مەبەستیان ئەوەیە جگە لە نیشتمان هیچ ئایینێکی ترمان نییە!

ئەگەر ئەو وشەی «هەر»ە لەوێدا بێت، دەکرێ بڵێین بەپێی خوێندنەوەی جیاواز، ئەم تێگەیشتنە کەمێک لە ڕاستی دەچێت. بەڵام کاتێک دەگەڕێینەوە سەر بنەمای شیعرەکە و دەبینین وشەی «هەر»ی تێدا نییە، ئیتر خوێندنەوەکە بەم شێوەیە دەبێت:

**دینمان ئایینماااانە نیشتمان...**

لێرەدا نائێت نیشتمان جێگەی دین و ئایین دەگرێتەوە، بەڵکوو بەپێی هونەری «خوازە» (استعارة) لە ئەدەبیاتدا،

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

دەڵێت: نیشتمان وەک دین و ئایینەکەمان لای ئێمە پیرۆز و بەنرخە. کەواتە، لێرەدا دین و ئایین وەک پێوەرێکی باڵای پیرۆزی پیشان دراون و خۆشەویستیی نیشتمان بەوان چووێنراوە.

**بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم مەسەلەی خوازە و وێچواندنە، نموونەیەک لە شیعرێکی تر دەهێنمەوە:**

**یارەکەم بۆ گرتنی دڵ، دانی ڕۆکردووە و دڵیش**
**هەر لە ڕێی ئەو دانە خاڵە، کەوتە داوی زولفەوە**

لێرەدا مەبەست لە «دان»، خاڵی ڕەشی سەر ڕوومەتە. واتە وەک چۆن باڵندە بە تەمای ئەو دانەوێڵەیەی ڕاوچی بۆی دادەنێت، دێت و بە داوەوە دەبێت، دڵی منیش وەک ئەو باڵندەیە بە تەمای خاڵەکەت بوو و لە داوی ئەگریجەکانتدا گیر بوو. ئەم جۆرە وێچواندنە لە ئەدەبیاتدا هەزاران نموونەی هەیە و دەکرێ بڵێم ئەدەب بەبێ ئەم هونەرە جوانکارییانە چێژ و مانایەکی نامێنێت. بۆیە لەوێشدا، نیشتمان لە پیرۆزیدا بە ئایین چووێنراوە نەک خراوەتە شوێنی ئەو.

**١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

---

# ڕابوونی شۆڕشگێڕانەی کورد لە ئیلام، مەڵەکشایی و کرماشان؛ نوێژەنبوونەوەی گوتاری نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی کۆماری کوردستان





سەربەست ئورمیە

نابێت ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی کورد لە ئیلام، مەلەکشاهی و کرماشان لە ساڵی ١٤٠٤دا، تەنیا وەکوو کاردانەوەیەکی کاتی بەرامبەر بە قەیرانە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەکان شرۆڤە بکرێن. لە ڕوانینێکی قووڵتردا بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەم

ڕابوونە ڕەنگدانەوەی سەر لەنوێی گوتارێکی مێژوویی سەرکوتکراوە. گوتاری نەتەوەیی کورد، مافی چارەی خۆنووسین و ئایدیالی ئازادیخوازانەی کۆماری کوردستان. ئەوەی لەم جوگرافیایەدا ڕوو دەدات، یەکترگرتنەوەی بیرو هزری مێژوویی و چەوساندنەوەی سیستماتیک و هۆشیاریی نوێی سیاسییە کە لە شێوەی کرداری جەماوەری و شۆڕشگێڕانەدا خۆی پێناسە دەکات.

## پاشخانی مێژوویی و پێکهاتەیی ڕاپەڕین

هەرێمەکانی ئیلام، مەڵەکشایی و کرماشان هەمیشە لە پەراوێزی ڕێکخستنی سیاسیی ناوەندی ئێراندا پێناسە کراون؛ پاشگوێ خستنێک کە تەنیا لە رووی ئابووری و گەشەپێدانەوە نەبووە، بەڵکو شوناس، کولتوور و ... هتد لە خۆی گرتووە. سیاسەتگەلی یەکسانسازی و نکۆڵیکردن لە ناسنامەی کوردایەتی، ئەمنیەتیکردنی جوگرافیای کوردستان و لابردنی سیستماتیکی زمان و کولتووری کوردی لە کایە گشتیەکاندا، هاوکات لەگەڵ سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەم هەرێمانەشدا بوون بە هۆکاری کەڵەکەبوونی نارەزاییەتیەکانی گەل. ڕابوونی بەفرانباری ساڵی ١٤٠٤ دەبێ بە درێژەدانی ڕێبازی بەرخوەدان پێناسە بکرێت. کە کۆماری کوردستان بە دوندی هەرە بەرزی ئەم بەرخوەدانە و ئامانجەکانی دەناسرێت. جیاوازی بنچینەیی ئەم ڕاپەڕینە لە بەرزبوونەوەی ئاستی خۆئاگایی نەتەوەیی و لێکگرێدانی ئۆرگانیکی گوتاری ڕزگاریخوازی و نەتەوەی کوردستان دا بەرجەستە دەبێت.

## نوێژەنبوونەوەی گوتاری نەتەوەیی

کوردبوون یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی ڕابوونی ساڵی ١٤٠٤،ـە بووژاندنەوەی هێما، زمان و چەمکە نەتەوەییەکانی کورد لە کایەی گشتیدا و بەکارهێنانی هۆشیارانەی زمانی کوردی لە دروشم و لێدوان و دەرکەوتنەکانی سەر شەقامەکاندا، گەڕانەوەیە بۆ یادەوەری کۆماری کوردستان و بەرجەستەبوونی چەمکەکانی وەک "خۆبەڕێوەبردن"، "ئازادی"، "کەرامەتی کۆمەڵ" و "مافی چارەنووس"، و ئاماژەیە بۆ خوێندنەوەیەکی نوێ و سەردەمیانە لە گوتارێکی یەکگرتووی نەتەوەیی. لەم ڕابوونەدا نەتەوەی کورد نەک وەک کەمینەی نەتەوەیی، بەڵکوو وەکوو سوبجێکتێکی سیاسی سەربەخۆ پێناسە کرایەوە. ئەم دووبارە پێناسەکردنەوە، گوتاری دەسەڵات و مەشرووعیەتی دەوڵەت ــ نەتەوەی باڵا دەستی تێکهەڵپێچرا و بۆ جارێکی دیکە بە پێکۆڵ کێشا.

## ئازادیخوازی و پەیوەندی بە کۆماری کوردستانەوە

گەڕانەوەی بەردەوام بە ئەزموونی کۆماری کوردستان نە تەنیا نۆستالژیا بەڵکو سەرچاوەی ئیلهامبەخشی سیاسی و

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

نەتەوەییە لە خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کورددا. کۆماری کوردستان لە گوتاری ڕابوونی ساڵی ١٤٠٤دا وەک هێمایەک لە ئیرادەی گەلدا بۆ حوکمڕانیی دێموکراتیک و سێکۆلار لە بەرامبەر پێکهاتە تاکڕەوە ناوەندییەکاندا بەرجەستە بووە. لەم ڕابوونەدا، ئازادیخوازی تەنیا بە واتای ڕزگاربوون لە چەوسانەوەی نەتەوەیی نیە، بەڵکو پەیوەستە بە داواخوازیی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، یەکسانیی ڕەگەزی، ئازادی ڕادەربڕین و بەشداریی جەماوەرییەوە. ئەم فرەچەشنییە لەو ڕابوونەدا، ڕاپەڕینەکەی لە نارەزایەتییەکی نەتەوەیی ـ جوغرافیایی سنووردارەوە دەرباس کرد و کردی بە بەشێک لە گوتاری ڕزگاریخوازی سەرانسەری.

### دەرئەنجام و ئاسۆکان

ڕابوونی شۆڕشگێڕانەی کورد لە ئیلام، مەڵەکشایی و کرماشان، هەرچەندە ڕووبەڕووی سەرکوت و توندوتیژیی خوێناوی بووەوە، بەڵام توانی دەستکەوتێکی گرنگ بە دەست بهێنێت. نوێژەنبوونەوەی گوتاری نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەی کورد لە گۆڕەپانی سیاسیدا. ئەم ڕاپەڕینە سەلماندی کە ناکرێت پرسی کورد بە بێ چارەسەری بێدەنگ بکرێت و هەتا گەیشتن بە چارەسەرییەکی بنەڕەتی و هەمەلایەنە، وەکوو پرسێکی سیاسی زیندوو دەمێنێتەوە و بەردەوام نوێ دەبێت.

لەو ڕوانگەیەوە ڕێکخستنی دێموکراتیک، لێکگرێدانی هێز و توانایی نێوخۆیی و هاوپەیوەندیی گەلی کورد لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و ناوچەکە بۆ درێژەدان بە گوتاری ئەم ڕابوونە پێویستە. ڕاپەڕینی ساڵی ١٤٠٤ وێستگەیەکی دیکەیە کە ڕابردووی کۆماری کوردستان بە پێشهاتەکانی داهاتووەوە گرێ دەدات و جارێکی دیکە پرسی ئازادی بە پرسی سەرەکیی لە سیاسەت دا پێناسە دەکات.

ڕابوونی ئیلام و مەڵەکشایی و کرماشان، ڕووداوێکی کاتی نیە، بەڵکو وەرچەرخانێکی مێژووییە لە پێواژووی دووبارە پێناسەکردنەوەی گوتاری سیاسی و نەتەوەیی کورددا. ئەم ڕاپەڕینە بە نوێژەنکردنەوەی گوتاری نەتەوەیی و ئازادیخوازی کۆماری کوردستان، بۆ جارێکی دیکە نیشانی دا کە ئیرادەی ڕزگاربوون لە ناو گەلی کورد دا هێشتا زیندوو و بەهێزە و بە شێوەی نوێ و هۆشیارانە لە هەر قۆناغێک دا خۆی پێناسە دەکات.

ای ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# ڕۆژنامەی "کوردستان" پردی نێوان مێژوو و ناسنامە






**محەممەدساڵح قادری**

بەراورد بە وڵاتان و کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی خاوەن سەروەری لە جیهاندا، ئێمەی کورد سێ سەدە دواتر کاری ڕۆژنامەوانیمان دەست پێ کردوە. مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەچاو ئەوان چەند سەدە لە دواوەیە، بەو حاڵەش کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی و خاوەن پێنووسانی ئەو بوارە خزمەتێکی گەورەیان بە ئەلفوبێ و ڕێنووس و یەکگرتوویی زمانی



سەرچاوە
Serchawe

کوردی و ئامانجە بەرزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان کردوە. ڕۆژنامەگەریی کوردی لە قۆناغە جیاجیاکاندا، سەرەڕای هەموو بەربەست و بێدەرەتانی و پەرشوبڵاوییەک، ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە پێشخستن و پتەوکردنی بنەمای فیکریی ڕۆشنبیریی تێکۆشەرانی نەتەوەی کورد. هاوکات لە بەرانبەر سیاسەتی تواندنەوەی کورد لەلایەن داگیرکەرانەوە، سەنگەری پاراستنی ناسنامەی کورد و بیری سەروەریخوازی لە مەیدانی مەعریفە و زانستدا بووە.

ڕۆژنامەگەریی کوردی بۆ یەکەم جار لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩، لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لەلایەن میقداد مێدحەت بەدرخانەوە بە دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە قاهیرە دەستی پێ کردوە. دوای چاپکردنی ٣١ ژمارە، لە ساڵی ١٩٠٢دا لەژێر گوشاری عوسمانییەکاندا ناچار بووە درێژەی کارەکەی بگوازێتەوە بۆ سویسرا و دواتر لەندەن؛ بەمجۆرە ڕۆژنامەی کوردستان یەکەمین و بەناوبانگترین ڕۆژنامەی کوردییە لەو سەردەمەدا کە خزمەتێکی بەرچاوی بۆ هوشیاریی نەتەوەیی و زمان و کولتووری کورد گێڕاوە.

لە دەیەی یەکەمی سەدەی ٢٠ بەدواوە ڕۆژنامەوانیی کوردی پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و سەرەڕای قەدەغەبوون و بێدەرەتانی و گوشاری لەڕادەبەدەری دەسەڵاتی عوسمانی، لە ساڵی ١٩١٣دا لە لایەن کۆمەڵەی "هێڤی"ی کوردەوە ڕۆژنامەی "ڕۆژی کورد" چوار ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە و دوای قەدەغەکرانی، ئەنجا ڕۆژنامەی "هەتاوی کورد" لە ئیستانبوڵ چاپ و چەندین ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٣٠ ڕۆژنامەی "ئاگری" زمانحاڵی سەرهەڵدانی ئارارات لە دۆخی دژواری ڕاپەڕینەکەدا لە لایەن ئیحسان نووری پاشاوە چەند ژمارەیەک دەرچووە. لە ساڵی ١٩٣٢-١٩٤٣ گۆڤاری "هاوار" لە لایەن میر جەلادەت بەدرخانەوە لە دیمەشق چاپ و بڵاو کراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٤٢-١٩٤٥ گۆڤاری "ڕۆناهی" لە لایەن جەلادەت بەدرخانەوە بڵاو کراوە.

لە باشووری کوردستان، ساڵی ١٩١٨-١٩٢٨ ڕۆژنامەی "ژیان" و هەروەها ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان" لە ساڵی ١٩٢٢-١٩٢٣ و "بانگی کوردستان" و "بانگی حەق" و دواتر گۆڤاری "ژین" و ئەنجا چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە لە سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا بە هیممەتی ڕووناکبیرانی دەروەستی نەتەوەی کورد و حیزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان چاپ و بڵاو بوونەتەوە و هەروا بەردەوامیشن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەوەی کە وەک بەڵگە لەبەردەست بێت، لە سەردەمی ڕاپەڕینی سمکۆی شکاکدا ڕۆژنامەی "کورد" لە ساڵی ١٩٢٢ لە شاری ورمێ ٤-٥ ژمارەی بە سەرپەرستی مەلا محەممەدی تورجانی بڵاو کراونەتەوە و سیاسەت و ئامانجەکانی ڕاپەڕینی سمکۆیان بۆ ڕای گشتی ڕوون کردوەتەوە و هەواڵ و ڕاپۆرتی بەرەکانی شەڕ و پەیام و ڕوانگەکانی



سەرچاوە
Serchawe

سمکۆ لەمەڕ ئامانجەکانی ڕاپەڕینەکەی و داخوازییەکانی کوردی بڵاو کردووەتەوە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین لە سەدەی بیستەمدا کە کورد لە دەستڕاگەیشتن بە مانگی دەسکرد و دیجیتاڵ میدیا و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی "دەنگ و ڕەنگ"ی ڕاگەیاندن بێبەش بووە، زۆر ئەستەم بووە کە بتوانێت بەبێ ڕۆژنامەگەری، ئامانجی هوشیارکردنەوە و هەستی یەکگرتوویی نەتەوەیی لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا و ئاوێتەی بیری ڕزگاریخوازی بکاتەوە و بە شێوەیەکی بەربڵاو لەنێو کۆمەڵگەدا بڵاو بکرێتەوە. بۆیە ڕۆژنامە لەو سەردەمەدا ئامرازێکی گرنگ و کاریگەر بووە. بۆیە دەبینین ڕۆژنامەگەریی کوردی لە سەدەی بیستەمدا گەشەی بەرچاوی کردوە و توانیویەتی لە بواری گەشاندنەوەی بیری نەتەوەسازی و خزمەت بە زمان، کولتوور، ناسنامە و مێژووی کورد ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت و ببێتە سەکۆی شوناسخوازی و مافخوازی بۆ کورد و نیشتمانپەروەرانی کوردستان. بەتایبەت دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دەوڵەتی قاجار، کە پرۆژەی دروستبوونی دەوڵەت - نەتەوە لەسەر کەوڵی ئیمپراتۆریی عوسمانی و مەمالیکی مەحرووسەی قاجار لە تورکیە و ئێران هاتە ئاراوە، دەبینین بابەتی ڕۆژنامەگەریش گرنگیی تایبەتی پێدراوە و وەک یەکێک لە ئامرازە گرنگەکان بۆ ئاراستەکردنی بیری ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە دەوری بەباندۆری گێڕاوە.

قۆناغی دووهەمی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٢-١٩٤٥ دا وەشاندنی گۆڤاری "نیشتمان"، بڵاوکراوەی کۆمەڵەی ژێکاف دەستی پێ کردوە کە دوایی بووەتە بڵاوکراوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەورێکی گرنگی لە بووژانەوەی بیری سەربەخۆیی‌خوازی و خزمەتی زمان و کولتووری نەتەوەی کورد بینیوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٤٦دا دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان، قۆناغی زێڕین و هەرە گرنگی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەستی پێ کردوە. بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" کە ڕۆژنامەی فەرمیی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان بووە، دەورێکی گرنگ و بەرچاوی لە بڵاوکردنەوەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و خزمەت بە زمان و کولتوور و مێژووی نەتەوەی کورد بینیوە.

بابەتی جێگای سەرنج ئەمەیە کە تا ئێستاش کەمترین توێژینەوە لە هاوناوبوونی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان لەگەڵ یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی "کوردستان" ی سەردەمی میقداد مێدحەت بەدرخان کراوە تاکوو بزانین ئەم هاوناوبوونە لە چییەوە هاتووە؟ بەڵام دەکرێ شیمانە بکرێ کە بیرمەندانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان چ وەک شانازی و چ وەک میراتگری بێ، هەڵبژاردنی ناوی "کوردستان" بۆ ڕۆژنامەی فەرمیی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، ئاماژەیەکی سیمبۆلیکییە بۆ نەپچڕاوەیی و بەردەوامیی ڕێبازی نەتەوەیی میقداد مێدحەت بەدرخان وەک یەکەم دامەزرێنەری ڕۆژنامەگەریی کوردی. بۆیە ئەم ناوەیان پێ گونجاوترین ناو بووە کە بۆ یەکەم ڕۆژنامەی یەکەم "کۆماری



سەرچاوە
Serchawe

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

کوردستان" لە مێژووی هاوچەرخدا دابنێن تاکو ببێتە سەکۆی سەروەریخوازیی نەتەوەی کورد.

لەو سەردەمەدا وێڕای ئەوەی کە تەمەنی ڕۆژنامەی کوردستانیش لەگەڵ نسکۆی کۆماری کوردستان کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام دواتر لە قۆناغی جیاجیای خەباتی شاخ و شار و لە هەندەران، تاکو ئێستاش بە شێوە و لە قەبارەی جیاجیادا بەردەوام بووە و بە نێوەڕۆکی دەوڵەمەندی لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، مێژوویی و پرسی ژنان و ژینگە و... هتد بووەتە سەرچاوە و ژێدەرێکی باوەڕپێکراو بۆ بەدۆکیۆمێنتکردن و ئەرشیڤکردن و پاراستنی ناسنامە و مێژووی خەباتی ٨٠ ساڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە گەواهی زۆر نووسەر و پسپۆڕی بواری زمانی کوردی، ڕۆژنامەی کوردستان یەکێک لەو دەگمەن ڕۆژنامە کوردییانەیە کە بەردەوام بە زاراوەی پاراوی کوردیی سۆرانی و بە شێوەیەکی زانستیانە بۆ ستانداردکردنی زمانی کوردی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە.

بەکورتی ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی کۆمارەوە تا ئێستا وەک ڕۆژنامەیەکی متمانەپێکراو ڕۆڵی سەرەکی لە بردنەسەری هوشیاریی نەتەوەیی و پشتیوانی لە ماف و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان گێڕاوە و بووەتە چەپەری پارێزگاری لە ناسنامە و بوونی نەتەوەی کورد لە بەرانبەر سیاسەتی نکۆڵی و تواندنەوە لە لایەن ڕێژیمە دیکتاتۆر و داگیرکەرەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا. سیاسەتی بنچینەیی و پێوەرە سەرەکییەکانی ئەو ڕۆژنامەیە هەمیشە لە پاراستنی بنەما ئەخلاقییەکان و کولتووری ئاشتیخوازی و دێموکراسیخوازی لە کۆمەڵگەدا خۆی پێناسە کردوە. ڕۆژنامەی کوردستان دەنگی زوڵم لێ کراوان و ئاڵاهەڵگری ڕەوایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانە کە بە شێوازی شارستانیانە و شیاو لەگەڵ کولتووری کوردستانیان خزمەتی ڕۆشنبیری لەنێو کۆمەڵگە و بۆ ڕای گشتی بەڕێوە دەبات.

**١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

# دوایین دەرفەتی ڕۆژاوا؛ چۆن پەرگالێکی نوێی جیهانیی دروست بکەین، بەر لەوەی زۆر درەنگ بێت (٣-١)





فارین ئەفەیرز – ئالێکساندەر ستوب

و: لە ئینگلیزییەوە کەماڵ حەسەنپوور

لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا دنیا زیاتر لە ٣٠ ساڵی پێش ئەو ماوەیە گۆڕاوە. هەواڵدەرییەکان بە لێشاو هەواڵی شەڕ و کارەسات بڵاو دەکەنەوە. ڕوسیە ئوکراین بۆمباران دەکات، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکی تەقینەوەیە و، چەندین شەڕ لە

ئەفریقا لە ئارادان. لەگەڵ چوونە سەری ڕێژەی کێشەکان،، وێدەچێت دێموکراسییەکان بەرەو نەمان بچن. سەردەمی پاش جەنگی سارد کۆتایی هاتووە. سەرەڕای هیواکانی دوای ڕووخانی دیواری بەرلین، جیهان لە پێشوازیی لە دێموکراسی و سەرمایەداریی بازاڕ یەکتری نەگرت. لە ڕاستیدا، ئەو هێزانەی قەرار بوو دنیا لێک نێزیک بکەنەوە، بازرگانی، وزە، تەکنەلۆژی و زانیاریی، ئێستاکە خەریکی پارچە پارچە کردنین.

ئێمە لە دنیایەکی نوێی پشێویدا دەژین. پەرگالی لیبراڵ، پشتئەستوور بە یاسا کە دوای کۆتایی جەنگی جیهانیی دووهەم سەری هەڵدا ئێستا خەریکە بمرێت. هاوکاریی فرەلایەنە جێگەی بۆ کێبڕکێی فرەجەمسەر چۆڵ کردووە. وێدەچێ ئاڵووێرە هەلپەرستانەکان لە بەرگریی لە یاسا ناودەوڵەتییەکان گرینگتر بن. لەگەڵ دیاریکرانی چوارچێوەی جوغرافیای سیاسی بە ڕکابەریی نێوان چین و وڵاتە یەکگرتووەکان، کێبڕکێی زلهێزەکان گەڕاوەتەوە. بەڵام ئەوە تەنیا هێز نییە کە پەرگالی جیهانیی دادەڕێژێت. هێزە مامناوەندەکانی کە خەریکی سەرهەڵدانن، لە نێویاندا برازیل، هیندوستان، مێکزیک، نیجریە، عەرەبستانی سعودی، ئەفریقای باشوور و تورکیە، کاریگەریی یەکلاکەرەوەیان لەو ئاڵوگۆڕەدا دەبێت. ئەوان بەیەکەوە ئامرازی ئابووری و هێزی جوغرافیای سیاسی ئەوتۆیان هەیە کە پەرگالی جیهانیی بەرەو سەقامگیریی یان گێژاوی مەزنتر بەرن. ئەوان هەروەها هۆی داوا کردنی ئاڵوگۆڕیان هەیە: سیستەمی فرەلایەنی پاش جەنگی جیهانیی دووهەم وەها دانەڕێژرا تا بە شێوەی شیاو ڕەنگدانەوەی پلەی ئەوان لە دنیادا بێت و دەوری ئەوتۆیان پێ بسپێرێت کە شایانی بوون. کێبڕکێیەکی سێ گۆشە کە من بە جیهانی ڕۆژاوا، جیهانی ڕۆژهەڵات و جیهانی باشوور ناوی دەبەم خەریکی سەرهەڵدانە. لەگەڵ هەڵبژاردنی بەهێز کردنی سیستەمی فرەلایەن یان سیستەمی فرە جەمسەر، جیهانی باشوور بڕیاردەر دەبێت ئاخۆ جوغرافیای سیاسیی سەردەمی داهاتوو بەرەو هاوکاریی، پارچە پارچە بوون یان زاڵبووندا بشکێتەوە.

وێدەچێ پێنج یان دە ساڵی داهاتوو دیاریکەری پەرگالی دنیا بۆ دەیەکانی دواتر بێت. کاتێک پەرگالێک جێگیر دەبێت، وێدەچێ بۆ ماوەیەک خۆ بگرێت. دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، پەرگالی نوێ دوو دەیە خۆی گرت. پەرگالی دواتر، پاش جەنگی جیهانیی دووهەم، چوار دەیە خۆی گرت. ئێستا، ٣٠ ساڵ دوای کۆتایی جەنگی سارد، دیسان خەریکە شتێکی نوێ سەر هەڵدەدات. ئەوە دوایین دەرفەت بۆ وڵاتانی ڕۆژاوایە تا باقی دنیا بەو قەناعەتە بگەیەنن کە ئەوان توانایی گفتوگۆ لە جیات خۆدوان، یەک نەوایی لەجیات دووڕوویی و، هاوکاریی لەجیات زاڵبوونیان هەیە. بێتوو وڵاتان لەجیات هاوکاریی کێبڕکێ هەڵبژێرن، تەنانەت دنیایەکی خاوەن کێشەی مەزنتر چاوەڕوانمانە.

هەموو وڵاتێک خاوەن بڕیارە، تەنانەت وڵاتی بچووکی وەک هی من، فینلەند. شاکلیلەکە گەیاندنی دەسترۆیشتوویی بۆ ئەوپەڕیەتی و، زەخت هێنان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەکان بەو ئامرازانەیە کە لەبەر دەستدان. بۆ من، ئەوە بە مانای

ئەوەیە هەرچی لە دەستم بێت دەیکەم بۆ پاراستنی پەرگالی لیبراڵی جیهان، هەر چەندە ئەو سیستەمە لە ئێستادا هێندە مۆد نەبێت. دامەزراوە ناودەوڵەتییەکان و نۆرمەکان چوارچێوەی هاوکاریی جیهانیی دەستەبەر دەکەن. پێویستە ئەوان بەڕۆژ بکرێنەوە و چاکسازییان تێدا بکرێت تا باشتر وەڵامدەری هێزی ئابووری و سیاسیی پەرەئەستێنی جیهانی باشوور و جیهانی ڕۆژهەڵات بن. ڕیبەرانی ڕۆژاوا زۆر دەمێکە باسی تەنگەتاویی چاک کردنی دامەزراوە فرەلایەنەکان وەک نەتەوە یەکگرتووەکانیان کردووە. ئێستا، دەبێ ئێمە ئەو کارە بکەین، بە هاوسەنگ کردنەوەی هێز لەناو نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکە ناودەوڵەتییەکانی دیکە وەک ڕێکخراوی بازرگانیی جیهان، فاندی دراوی ناودەوڵەتی و، بانکی جیهانی. بە بێ ئەو ئاڵوگۆڕانە، ئەو سیستەمە فرەلایەنەی کە هەیە، هەرەس دەهێنێت. سیستەمەکە بێخەوش نییە؛ ئەو کەمایەسی خۆرسکی هەن و قەت ڕەنگدانەوەی دنیای دەوروبەری نییە. بەڵام جێگرەوەکەی گەلێک خراپترە: خولگەی جیا جیای دەسەڵات، ئاژاوە و پشێوی.

## مێژوو کۆتایی نەهات

من ساڵی ١٩٨٩ لە زانستگەی فرەمن لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەستم کرد بە خوێندنی زانستی سیاسی و پەیوەندییە ناونەتەوەییەکان. پاییزی ئەو ساڵی دیواری بەرلین ڕووخا. ماوەیەکی کورت دواتر، ئاڵمان یەکی گرتەوە، ڕۆژهەڵات و ناوەندی ئورووپا لە ژێر کۆت و بەندی کۆمۆنیزم ڕزگاریان بوو و، ئەو دنیایەی سەردەمێک دوو جەمسەر بوو، بە کێبڕکێی نێوان یەکێتیی سۆڤیەتی کۆمۆنیست و دیکتاتۆڕ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی سەرمایەدار و دێموکراتیک، بوو بە دنیایەکی یەک جەمسەر. ئەوسا وڵاتە یەکگرتووەکان بوو بە زلهێزی بێ ڕکابەر. پەرگالی لیبراڵی ناودەوڵەتی بردبوویەوە. ئەوکاتی من لە خۆشییان شاگەشکە بووم. من و زۆر کەسی دیکەش ئەو کاتی پێمان وابوو لە سەرەتای دەستپێکی سەردەمێکی گەشاوەتر داین. زانستوانی سیاسی فرانسیس فوکویاما ئەو چرکەساتەی بە "کۆتایی مێژوو" ناو برد و، من تەنیا کەس نەبووم کە پێی وابوو سەرکەوتنی لیبرالیزم گومانی تێدا نییە. زۆربەی دەوڵەت-نەتەوەکان بەردەوام بەرەو دێموڕاسی، سەرمایەداریی بازاڕ و ئازادیی وەردەسووڕان. بەجیهانیبوون دەبووە هۆی وابەستەیی ئابووری بە یەکترەوە. پارچە پارچە بوونی پێشوو قەرار بوو نەمێنێت و دنیا یەک بگرێت. تەنانەت لە کۆتایی دەیەدا، کاتێک بەڵگەنامەی دوکتۆرام لە هاوپەیوەستبوونی ئورووپا لە خوێندنگەی ئابووری لەندەن وەرگرت، ئەو داهاتوویە وێدەچوو فرە نێزیک بێت.

بەڵام ئەو داهاتوویە قەت ڕووی نەدا. دەرکەوت کە سەردەمی تاکجەمسەریی کورتماوەیە. دوای هێرشی تێرۆریستیی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، ڕۆژاوا پشتی لەو بایەخە بنەڕەتییانە کرد کە ئیدیعای دەکرد پشتگیرییان دەکات. ئەرکدارییەکەی بەرانبەر بە یاسای ناودەوڵەتی هاتە ژێر پرسیار. دەستێوەردانەکان بە ڕێبەریی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان و

عێراق شکستیان هێنا. دارمانی دارایی جیهانی لە ٢٠٠٨ زەرەرێکی مەزنی لە ناوبانگی مودێلی ئابووری ڕۆژاوا، کە لەسەر بازاڕەکانی جیهانیی دامەزرابوو، گەیاند. وڵاتە یەکگرتووەکان چیدیکە بە تەنیا بڕیاردەری سیاسەتی جیهانی نەبوو. چین، بە بەرهەمهێنان، هەنرادەکردن و گەشەی ئابووری فرە بەرز، وەک زلهێزێک سەری هەڵدا و ڕکابەرییەکەی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لەو کاتییەوە بەسەر جوگرافیای سیاسیدا زاڵە. لە دە ساڵی دواییشدا دامەزراوە فرە لایەنەکان لە پەلوپۆ کەوتوون، گومانداریی و بەریەککەوتن لە پەیوەندیی لەگەڵ بازرگانیی ئازاد پەرەی ئەستاندووە و، کێبڕکێ لەسەر تەکنەلۆژی چڕتر بووەتەوە.

جەنگی هەمەلایەنەی دەستدرێژیکارانەی ڕوسیە دژی ئوکراین لە فێبریوەری ٢٠٢٢، زەربەیەکی خوێناویی دیکە لە پەرگالە کۆنەکە بوو. ئەوە یەکێک لە ئاشکراترین پێشێلکارییەکانی سیستەمی پشت ئەستوور بە ڕێساکان دوای کۆتایی جەنگی جیهانیی دووهەم و بێگومان خراپترینیان بوو کە ئورووپا دیتبووی. ئەو ڕاستییە کە تاوانبارەکە ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، کە بە مەبەستی پاراستنی ئاشتی دامەزرابوو، زۆرتر شایانی ئیدانە کردن بوو. ئەو دەوڵەتانەی کە قەرار بوو سیستەمەکە بپارێزن، بوونە هۆی تێکڕمانی.

## فرەلایەنی یان فرەجەمسەری

بەڵام، پەرگالی ناودەوڵەتی لەنێو نەچووە. لەنێو داروپەردووەکەیەوە، لە فرە لایەنییەوە بەرەو فرە جەمسەرییەوە دەچێت. فرە لایەنیی سیستەمێکی هاوکاریی جیهانییە کە لەسەر دامەزراوە ناودەوڵەتییەکان و ڕێسای هاوبەش دامەزراوە. پرینسیپە سەرەکییەکانی سەرجەم وڵاتان بە شێوەی یەکسان دەگرێتەوە، بێ لەبەر چاو گرتنی قەبارەیان. بە پێچەوانە، فرە جەمسەری، دەسەڵاتێکی فرە جەمسەرە. پێکهاتەی دنیایەکی فرە جەمسەر لەسەر چەند جەمسەر دامەزارە کە زۆر جار دەگەڵ یەکتر خەریکی کێبڕکێن. مامەڵە و سازانەکانی نێوان ژمارەیەکی کەم یاریکەری پێکهاتەیەکی ئەوتۆ، بەردەوام ڕێسا و دامەزراوە گشتییەکان لاواز دەکەن. فرە جەمسەری دەتوانێت ببێتە هۆی ڕەفتاری تایبەت یان هەلپەرستانە و ڕیزێک هاوپەیمانیی کاتی کە لەسەر بەرژەوەندیی وڵاتان لە چرکەساتی دروستبوونی هاوپەیمانییەکاندا. دنیایەکی فرەجەمسەر مەترسی ئەوەی هەیە کە وڵاتە بچووک و مامناوەندەکان بەجێ بمێنن و زلهێزەکان بە بێ بەشداریی ئەوان لەگەڵ یەکتر بسازێن. لە کاتێکدا فرەلایەنی دەبێتە هۆی نەزم، فرە جەمسەری دەبێتە هۆی پشێوی و ناتەبایی.

ئێستا گرژیی پەرەئەستێن لە نێوان ئەوانەی برەو بە فرەلایەنی و پەرگالێکی دامەزراو لەسەر سەرەوریی یاسا دەدەن و ئەوانەی باسی فرە جەمسەری و سەروداگەریی دەکەن لە ئارا دایە. وڵاتە بچووکەکان و هێزە مامناوەندەکان، هاوتەریب

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

لەگەڵ ڕێکخراوی هەرێمیی وەکوو یەکێتیی ئەفریقا، ڕێکخراوی نەتەوەکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، یەکێتیی ئورووپا و بلۆکی باشووری ئەمریکا، مەرکۆسور، لایەنگری فرەلایەنین. چین، بە نۆرەی خۆی، برەو بە فرەجەمسەریی لەگەڵ شێوازگەلی فرەلایەنی دەدات؛ ئەو بە ڕواڵەت لایەنگری تاقمی فرەلایەنە وەک بریکس، هاوپەیمانیی ناڕۆژاوایی کە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی بەرازیل، ڕوسیە، هیندوستان، چین و ئەفریقای باشوورن و، ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای کە لە ڕاستیدا دەیهەوێت یاریدەدەری سەرهەڵدانی پەرگالێکی فرەجەمسەر بێت. وڵاتە یەکگرتووەکان لە پێداگرییەکەی لەسەر فرەلایەنی بە قازانجی سەوداگەریی دوور کەوتووەتەوە بەڵام هێشتا بەرانبەر بە دامەزراوەی هەرێمیی وەک ناتۆ ئەرکدارە. زۆرێک لە وڵاتان، ی‌چووک و هەروەها مەزن، بەدوای شتێکەوەن کە دەکرێ ناوی بنرێ سیاسەتی دەرەوەی فرە پاڵنەر. ئامانجی ئەوان، لە بنەڕەتدا ئەوەیە کە لەجیات چوونە پاڵ بلۆکێک، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چەند لایەن پەرە پێ بدەن.

لە سیاسەتی دەرەوەی سەوداگەرانە یان فرەپاڵنەردا بەرژەوەندیی زاڵە. بۆ وێنە، وڵاتانی بچووک، زۆرجار لە نێوان زلهێزەکاندا هاوسەنگیی ڕادەگرن: ئەوان دەتوانن لە هێندێک پرسدا هاوڕای چین بن و لە هێندێکی دیکە هاوڕای وڵاتە یەکگرتووەکان بن، هەمووی ئەوانە لە کاتێکدایە کە دەیانهەوێ هیچ لایەنێک بە سەریاندا زاڵ نەبێت. بەرژەوەندییەکان پاڵنەری هەڵبژاردنە کردنییەکانی وڵاتانن و، ئەوە بەتەواوی ڕەوایە. بەڵام هەڵوێستێکی ئەوتۆ پێویست ناکات ببێتە هۆی دوور کەوتنەوە لەو بایەخانە کە گشت وڵاتێک لە هەموو کارێکدا دەبێ لەبەر چاویان بگرێت. تەنانەت سیاسەتێکی دەرەوەی سەوداگەرانە پێویستە پشت بە هێندێک بایەخی بنەڕەتی ببەستێت. لە ناویاندا سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی وڵاتان، قاچاخ کردنی کەڵک وەرگرتن لە هێز و، ڕێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان. زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان بەرژەوەندیی ئاشکرایان لە پاراستنی ئەو بایەخانە و دڵنیا بوون لە سزادانی پێشێلکارەکانیدا هەیە.
زۆرێک لە وڵاتان فرەلایەنی بە قازانجی ڕێککەوتن و سازانی تایبەت ڕەت دەکەنەوە. بۆ وێنە، وڵاتە یەکگرتووەکان، جەخت لەسەر ڕێککەوتنی بازرگانی و ئاڵوێری دوولایەنە دەکات. چین کەڵک لە دەستپێشخەریی پشتێند و ڕێگا، بەرنامەی ژێرخانە زەبەلاحەکەی لە وەبەرهێنانی جیهانیدا وەردەگرێت تا ڕێخۆشکەری هەم دیپلۆماسی دوولایەنە بێت و هەم ئاڵوێری ئابووری. یەکێتیی ئورووپا ڕێککەوتنی دوو لایەنەی بازرگانیی ئازاد دادەڕێژێت کە ڕێساکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیی لەبەرچاو ناگرێت. ئەوە، تەقریبەن لە کاتێکد ارووی دەدات کە جیهان لە هەموو کاتێک زۆرتر پێویستی بە فرەلایەنی هەیە تا ئالنگارییە هاوبەشەکانی وەک گۆڕانی کەشوهەوا، کەمایەسییەکانی گەشەسەندن و، ڕێسادانان بۆ تەکنەلۆژییە پێشکەوتووەکان چارەسەر بکات. بە بێ سیستەمێکی بەهێزی فرەلایەن، هەموو دیپلۆماسییەک دەبێتە سەوداگەرانە. دنیایەکی فرەلایەن چاکەی گشتیی دەکاتە بەرژەوەندیی خۆت. دنیایەکی فرەجەمسەر بەکورتی لە سەر بەرژەوەندیی خۆت دامەزراوە.

٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# جێگۆڕکێی "تاج" و "مەندیل"؛ کوردستان و تەڵەی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا






ئاگری باڵەکی

## جوگرافیایەک لە "نا"ی بەردەوام

مێژووی سیاسیی ئێران لەنیو سەدەی ڕابردوودا، گەواهی ئەوە دەدات کە کوردستان تەنیا ناوچەیەکی جوگرافی نییە، بەڵکوو "مەغزێکی سیاسی" و قوتابخانەیەکی ئازادیخوازییە. لە کاتێکدا زۆرێک لە ڕەوتە سیاسییەکانی تاران لە ساڵی ١٩٧٩دا لە

نێوان چەپڕەوی و ئیسلامیزمدا سەرگەردان بوون، کورد تاک نەتەوە بوو بە وشیاریی پێشوەختە مەترسییەکانی "ویلایەتی فەقیهـ"ی ناسی. بایکۆتی ڕێفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ و گوتنی "نا" بە کۆماری ئیسلامی، بەردی بناغەی خەباتێکی ٤٧ ساڵە بوو کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. بۆ کورد، پرسی سەرەکی تەنیا ڕووخانی ڕێژیمێک نیە، بەڵکوو گۆڕینی ئەو پارادایمە ستەمکارەیە کە جارێک بە "تاجی پاشایەتی" و جارێک بە "مەندیلی مەزهەبی" دەیەوێت ناسنامەی نەتەوەکان بسڕێتەوە. کورد لەم مێژووەوە فێربووە کە ڕووخساری دەسەڵاتدارەکان هەرچییەک بێت، ئەگەر عەقڵیەتی ناوەندگەرایی نەگۆڕدرێت، جەوهەری ستەم وەک خۆی دەمێنێتەوە.

## مێژووی خەبات: لە ڕەتکردنەوەی ١٩٧٩وە تا بزووتنەوەی ژینا

خەباتی کورد لە دژی کۆماری ئیسلامی هەر لە ڕۆژانی سەرەتای هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمەوە دەستی پێ کرد. کاتێک خومەینی فەرمانی "جیهاد"ی دژی کوردستان دەرکرد، کوردەکان نەک تەنیا لە سەنگەری بەرگریی چەکداریدا، بەڵکوو لە پێگەی سیاسییەوە داوای دێموکراسی بۆ ئێران و فیدراڵیزمیان بۆ کوردستان دەکرد. ئەم قۆناغە مێژووییە پێمان دەڵێت کە کورد هەر لە سەرەتاوە خاوەنی پرۆژەیەکی سیاسیی ڕوون بووە. ئەم خەباتە لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا هیچ کاتێک نەوەستاوە. کۆماری ئیسلامی لە زۆرێک لە بەڵگەنامە ئەمنییەکان و دانپێدانانی بەرپرسە باڵاکانیدا، هەمیشە ئاماژەی بەوە کردوە کە "کوردەکان تەنیا ئۆپۆزیسیۆنی سازماندراون". ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە کورد خاوەنی "تەشکیلات" و ڕێکخستنی جەماوەرییە، شتێک کە زۆرێک لە ڕەوتە ناوەندگەراکان لە دەرەوەی وڵات تەنیا خەونی پێوە دەبینن. توانای کورد لە یەکخستنی ژیانی گشتی لە ڕێگەی مانگرتنە گشتییەکانەوە، گەورەترین چەکی سیاسی بووە کە ڕێژیمی تووشی شۆک کردوە. لە کاتێکدا تاران لە خەونی چاکسازی و بزووتنەوەی سەوزدا بوو، کوردستان هەر لە سەنگەری "ڕەتکردنەوەی ڕەها"دا مابووەوە و باجی ئەم جێگیربوونی هەڵوێستەشی بە سێدارە و زیندانی و تیرۆر داوە.

## ئامارەکان: تێچووی داینەمۆبوونی شۆڕش

**لە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، کوردستان نەک هەر شوێنی دەسپێک بوو، بەڵکوو داینەمۆی بەردەوامیی شۆڕشەکە بوو. باجێک کە کورد لەم پێناوەدا دای، لە ئامارەکاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت:**

- **خوێنی ڕژاو:** لە کۆی کوژراوانی نارەزایەتییەکان، پارێزگاکانی کوردستان و بەلووچستان زۆرترین ڕێژەیان هەبوو. تەنیا لە ماوەی چەند مانگدا زیاتر لە ١٢٠ کەس لە شارە کوردییەکان بە فیشەکی ڕاستەوخۆ شەهید کران.

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

– **زیندانیانی سیاسی:** ڕێژەی دەستبەسەرکراوانی کورد کە تێپەڕی لە ٧٠٠٠ کەس کرد، نیشانی دا کە ڕێژیم چەندە لە "سازماندەهی" کورد دەترسێت.

– **مانگرتنی یەکدەست:** کوردستان توانی ١٠ مانگرتنی سەرتاسەری بەڕێوە ببات. ئەم مانگرتنانە بە داواکاری ڕاستەوخۆی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بوو، کە ئەوەش یەکدەنگیی نێوان گەل و لایەنە سیاسییەکانی سەلماند.

ئەم ئامارانە تەنیا ژمارە نین، بەڵکوو گوزارشت لە قورسایی قوربانیدانی نەتەوەیەک دەکەن کە لە پێناو ئازادیی هەموو گەلانی ئێراندا سینگی دایە بەر فیشەک، بەڵام لە بەرانبەردا لە لایەن مێدیای ناوەندگەراوە وەک "پەراوێز" مامەڵەی لەگەڵ کرا.

### تەپۆڵکەسازیی مێدیایی: شەڕی تەکنەلۆژیا دژی ڕاستی

لە کاتێکدا کورد لەسەر زەوی و لەنێو شەقامەکاندا قوربانیی دەدا، لە دەرەوەی وڵات شەڕێکی مێدیایی دژی ئەم نەتەوەیە دەستی پێکرد. مێدیا سەتەلایتەکان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و سپۆنسەری دارایی گەورە، هەوڵیان دا لە کەسایەتیگەلێکی وەک کوڕی شای پێشوو، "شاخێکی دەستکرد" دروست بکەن.

ئەمە پرۆسەی "حەزفی مێدیایی" بوو. ئەو مێدیایانە وێنەی کەسایەتییەکیان گەورە دەکردەوە کە تەنانەت نەیدەتوانی ١٠٠ کەس لە تاران بهێنێتە سەر شەقام، بەڵام دەنگی حیزبە کوردییەکانیان کپ دەکرد کە شارەکانیان پەکخستبوو.

ئەم "تەپۆڵکەسازییە" وای کرد کە کورد و نەتەوەکانی دیکە وەک "سەربازی سەر شەقام" ببینرێن و کاتێک دەهاتە سەر بڕیاردانی سیاسی، ڕەهایان بکەن. ئەمە یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی ساردبوونەوەی کورد لە ئیدامەی ناڕەزایەتییەکان. کورد بینی کە مێدیاکان دەیانەوێت خوێنەکەی بکەنە ڕیکلام بۆ کەسانێک کە نەک تەنیا نوێنەرایەتی ناکەن، بەڵکوو لە ئێستاوە هەڕەشەی حەزفکردنی لێ دەکەن.

**بەراوردکاری:** یەک گوتار لەژێر دوو ناودا (تەجزیە - جوداییخوازی)

دەسەڵاتی "ویلایەتی فەقیھ" و "ناسیۆنالیزمی پاشایەتی" کاتێک دێتە سەر پرسی نەتەوەیی بۆ کورد، هیچ جیاوازییەک لە

نێواندا نییە. هەردوو ڕەوتەکە یەک زمان و یەک چەک بەکاردەهێنن:

**لە ڕوانگەی مەندیلەوە:** هەر داواکارییەکی کورد بە "تەجزیەخوازی" و "هاوکاری لەگەڵ بێگانە" و "دژایەتی خودا" ناوزەد دەکرێت. کۆماری ئیسلامی ئەم چەمکانە بۆ شەرعییەت دان بە سەرکوت و سێدارە بەکاردێنێت.

**لە ڕوانگەی تاجیشەوە:** نیزامی پاشایەتی بە ناوی "پاراستنی یەکپارچەیی خاک"، هەر باسێکی فیدراڵیزم و مافی نەتەوەیی بە "خەیانەت" و "جوداییخوازی" دەزانن. ئەوان وشەی "تەجزیە"یان کردووەتە چەکێک بۆ ترساندنی شەقامی ئێرانی لە نەتەوەکان. ئەم بەراوردکارییە نیشان دەدات کە ئەگەر "تاج" بگەڕێتەوە، هەمان سیاسەتی سڕینەوە و حەزفکردن بەردەوام دەبێت. کورد تێگەیشت کە گۆڕینی تاج بە عەمامە، تەنیا گۆڕینی ڕەنگی جلی زیندانەوانەکانە، نەک شکاندنی دیوارەکانی زیندان. مێتۆدی حەزفکردنی مێدیایی کە پاشایەتییەکان پەیڕەوی دەکەن، ڕێک هەمان مێتۆدی کۆماری ئیسلامییە بۆ بێدەنگکردنی ئەویتر.

## مەترسیی حەزفی فیزیکی لە سێبەری حەزفی مێدیاییدا

ئەو عەقڵییەتەی کە ئەمڕۆ لە مێدیاکاندا ڕێگری لە دەنگی کورد دەکات، بەیانی کە دەسەڵاتی گرتە دەست، پەنا بۆ "حەزفی فیزیکی" دەبات. کوڕی شای پێشوو بە وەلانانی هەموو جەریانە ڕەسەنەکان و بەکارهێنانی هەمان مێتۆدی "تەکفیری سیاسی"ی کۆماری ئیسلامی، ئاماژەیەکی ڕوونی دا بە کورد کە داهاتوویەکی دێموکراسی لەگەڵ ئەم ڕەوتەدا مەحاڵە. کاتێک ئۆپۆزیسیۆنێکی دەرەوەی وڵات لە ئێستاوە ڕێز لە حیزبە مێژووییەکانی کوردستان ناگرێت، چۆن دەتوانرێت متمانەی پێ بکرێت کە لە داهاتوودا پەنا بۆ چەک و سەرکوت نابات؟ ئەمە خاڵی جەوهەریی ساردبوونەوەی گەرموگوڕیی کورد بوو؛ پاشەکشەیەکی ژیرانە بۆ پاراستنی دەستکەوتە نەتەوەییەکان لە تەڵەیەکی نوێ.

## یەکگرتوویی بێ یەکسانی؛ دروشمێکی بێ نێوەڕۆک

دواجار دەبێت جەخت لەسەر ڕاستییەکی جەوهەری بکرێتەوە: یەکگرتوویی بەبێ یەکسانی، تەنیا تەڵەیەکە بۆ نەتەوە چەوساوەکان. دروشمە بریقەدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا دەربارەی "اتحاد" (یەکگرتوویی)، تەنیا ئامرازێکن بۆ شەرعییەت دان بە ستەمکاریی نوێ. یەکگرتووییەک کە تێیدا کورد و بەلووچ و تورک ناچار بن ناسنامەی خۆیان بشارنەوە، یەکگرتوویی نیە، بەڵکوو کۆیلایەتییەکی مۆدێرنە. یەکسانی واتە دانپێدانان بەوەی کە ئێران موڵکی هەمووانە و کوردستان مافی خۆیەتی چارەنووسی خۆی دیاری بکات. تا ئەو کاتەی ناوەند دان بە مافی نەتەوەکاندا نەنێت، و تا ئەو کاتەی کورد

ڕێبەندانی ٢٧٢٥

وەک شەڕێکی سیاسی نەبینرێت نەک وەک ئامرازی سەر شەقام، هیچ یەکگرتووییەک بوونی نابێت. کوردستان ٤٧ ساڵە لە خەباتدایە و باجی داوە. گۆڕینی "تاج" بە "عەمامە" کێشەی نەتەوەی کورد چارەسەر ناکات. کورد بۆ سیستەمێک خەبات دەکات کە تێیدا هیچ کەس و نەتەوەیەک بەهۆی زمان و ناسنامەیەوە حەزف نەکرێت. تا ئەوکاتە، کوردستان وەک قەڵایەکی خۆڕاگر دەمێنێتەوە و چیتر نابێتە سووتەمەنی بۆ پڕۆژەیەک کە مۆری "ناوەندگەرایی و ستەمکاری" لێدراوە. مێژوو سەلماندوویەتی کە کورد تەنیا کاتێک دێتە مەیدان کە ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ئازادی و یەکسانی هەبێت، نەک بۆ گۆڕینی دیکتاتۆرێک بە دیکتاتۆرێکی دیکە.

٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

## ڕاگەیاندن لە سەردەمی دیجیتاڵمێدیا و ژیری دەسکرددا "کوردستان" بۆ نموونە






عەلی بداغی

### دەروازە:

پرسیار ئەوەیە پێناسەی ڕاگەیاندن لە سەردەمی دیجیتاڵمێدیا و هۆشی دەسکرد لە ئێستادا هەر هەمان پێناسەی کلاسیک



سەرچاوە
Serchawe

لە ڕاگەیاندنە؟ ئایا جگە لە پێناسە، هەر هەمان کارکردی جارانی هەیە یان کارکردی ڕاگەیاندن لە سەردەمی ئێستادا گۆڕاوە؟ هەر لەجیدا گرینگیی ڕاگەیاندن بۆ حیزبێکی سیاسی لە چی دایە؟ سامانی مێدیایی حیزبی دێموکرات بەتایبەت ڕۆژنامەی "کوردستان" لەم دۆخەدا چ ئەرکێکی دەکەوێتە سەرشان؟

## ڕاگەیاندن چیە؟

لە مانای نەریتی و کلاسیکی ڕاگەیاندندا، ڕاگەیاندن یان هەمان مێدیا بریتییە لەو کەرەستە و ئامرازەی پەیامێک، زانیارییەک، هەواڵێک، یان ئایدیا و کولتوورێک لە نێرەرەوە دەگوازێتەوە بۆ وەرگر. نێرەر دەتوانێ حیزب بێ، حکوومەت بێ، دامودەزگایەکی پەروەردەیی یان دەوڵەتی بێ، یان هەر لایەنێکی دیکە و وەرگریش کە مەبەست بەردەنگ و خەڵکە. ئەو ئامراز و کەرەستانەش بریتی بوون لە: ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان، ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و گۆڤار و کتێب. لە پێناسە و کارکردی نەریتی و کۆنباودا مێدیا بریتییە لە نێوەندگیر و پێوەندیدەری نێوان بەرهەمهێنەری پەیام و گوتار و هەواڵ لەگەڵ بەردەنگدا.

بەڵام لە دوو دەیە لەوەپێشەوە و بە پەیدابوون و هەمەگیربوونی ئینتێرنێت، تێکنۆلۆژیی دیجیتاڵ، تۆڕ و ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان پێناسە و کارکردی ڕاگەیاندن بەربڵاوتر بووە و تایبەتمەندیی نوێی وەرگرتوە. لەو فۆڕمە نوێیەدا ڕاگەیاندن، مێدیا پلاتفۆڕمێکە کە دەرەتانی تەعامول و کارتێکەریی هاوبەش دروست دەکا. واتە بەکارهێنەر، جا ئەو بەرکارهێنەرە چ خوێنەری ڕۆژنامە و گۆڤار بێ، چ بیسەری ڕادیۆ و بینەری تەلەڤزیۆن بێ، یان لە ڕێگەی کۆمپیوتێر و موبایل و تابلێتەوە لەسەر هێڵ بێت، نەک هەر وەرگر و بەردەنگ بە پێناسە کۆنەکە، بەڵکوو خۆی بەرهەمهێنەر و هاوبەش لە بەرهەمهێناندایە.

نموونەیەکی کراوەتر و جیاوازییەکی دیکە باس بکەم. ئەگەر هەتا دوو دەیە لەوەپێش ڕاگەیاندن یانی تەنیا تەلەفزیۆن و دامەزراوەکانی ڕۆژنامە و ڕادیۆ بە زەبەلاحیی زۆرەوە، ئێستا یەک تاکەکەسی بەرهەمهێنەری زانیاری لە دنیای ئەمڕۆدا دەتوانێ مێدیا بێت. بلاگێرێک، چالاکێکی سیاسی کە پلاتفۆڕمێک بۆ هاوبەشیکردنی بەرهەمەکانی هەڵدەبژێری، یان هەر ئەکتیویستێکی هونەری و ئەدەبی و مەدەنی و ژینگەپارێز دەتوانێ خۆی مێدیایەک بێت، ڕاگەیاندنێک بێت.

ئەمە لە ڕووی پێناسە و کارکرد بوو، بەڵام لە ڕووی تیکنیکیشەوە مێدیا لە سەردەمی ئێستادا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ سەردەمی پێش بەدیجیتاڵبوون هەیە. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئێستادا بەئاسانی بەردەستن، دەتوانن لە دەقە و سانیە و

هەر دەموساتێکدا بەڕۆژ ببنەوە، و بەرهەمهێنان لە مێدیای ئێستادا بە ئاسانی دەکرێ بگوازرێنەوە.

ئەمە پێمان دەڵێ لە پێناسەی نوێدا ئیدی مێدیا مەرج نیە ڕێکخراوێکی زەبەلاح یان ئامراز و کەرەستەیەکی سنووردار بێ و لە بەردەستی کەم کەسدا هەبێ، بەڵکوو تۆڕێک و ڕایەڵەیەکی زیندوو لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەیە و هەر بەکاربەر و بەردەنگێکیش دەتوانێ بەشێک بێت لەو پێکهاتەیە. واتە هەر بەکاربەر (بەو مانایە کەسێکە چاو لە تیڤی دەکا، لە موبایل و سیستمەکەیدا چاوی بە هەواڵ و زانیارییەکان دەکەوێ یان ماڵ و ئۆتۆمبیل و شوێنی کارەکەی گوێی داوەتە ڕادیۆ)، ئەو کاربەرە تەنیا بەکارهێنەر نیە، بەڵکوو بەرهەمهێنەر و شیکەرەوەی مانا و واتاکانیشە. یانی مێدیا و ڕاگەیاندن ژینگەیەکە بۆ پێوەندیی دوولایەنە و چەند لایەنە لەنێو خەڵک و چالاکە کۆمەڵایەتییەکاندا کە لەودا پەیامەکان هەم دەتوانن بگۆڕدرێن و ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێ، هەم بەخێرایی بڵاو ببنەوە و هەر بەو خێراییەش وەڵام وەربگرنەوە.

ڕاگەیاندن بە ڕوانگەی ئێستا ئیدی چیدی ئامرازێک بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری و پەیام نیە، بەڵکوو "بنیات و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری"یە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرهەمهێنانی مانا، ئاراستەدان بە شوناسی گشتی و بەکۆمەڵ و نواندنەوەی هێز و دەسەڵاتی جەماوەری هەیە.

## مێدیا و ڕاگەیاندن چەندە بۆ حیزبێکی سیاسی گرینگن؟

زۆر بە کورتی و پوختی دەبێ بڵێین ڕاگەیاندن بۆ حیزبێکی سیاسی تەنیا هەر زمان یان باشتر وایە بڵێم "بڵندگۆ" نیە، بەڵکوو ئامرازێکی ستراتیژییە بۆ مانەوەی، بۆ گەشەکردن و ڕەواییەتبەخشین بەو حیزبە.

### بۆیە ڕاگەیاندن بۆ هەر حیزبێکی سیاسی لە چەند ڕەهەندەوە گرینگە:

**یەکەم:** ڕاگەیاندن کەرەستە و ئامرازی دروستکردن کێیەتی و شوناس و هەروەها نواندنەوەی ئەو شوناسەیە. ئەوە مێدیایە کە وێنە و ڕوخسار و نەخش و دیمەنی حیزبێک لە بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەیەکدا جێ دەخات. حیزبی سیاسی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و مێدیاوە بەها و بایەخەکانی خۆی، ئامانج و بەرنامەکانی خۆی بە کۆمەڵگە دەناسێنێ و دەیخاتە ڕوو.

حیزبێک مێدیا و ڕاگەیاندنی نەبێ، ونە، بزرە، لە کۆمەڵگەدا نابیندرێ و هەستی پێ ناکرێ. کەواتە هەر حیزبێک لە ڕێگەی ڕاگەیاندنە شوناس و کێیەتیی خۆی دروست دەکات و بەرهەمی دێنێتەوە.

**دووهەم،** ڕاگەیاندن ئامرازی ڕێکخستنی گشتییە. ڕاگەیاندن دەرەتانی گەیاندنی خێرا و بڵاوکردنەوەی خێرای هەواڵ و زانیاری بۆ لایەنگران و بەردەنگەکانی حیزب دەخوڵقێنێ. لە کەمپینەکاندا، لە ئاکسیۆن و خۆپێشاندانەکاندا، لە مانگرتن و ئەکتە جەماوەرییەکاندا؛ ڕاگەیاندن ئامرازی سەرەکیی وروژاندن و هاندان و ڕێکخستنی خەڵک و هێزی هەر حیزبێکی سیاسییە. تەنانەت لە کات و هەلومەرجی سەرکوت و زبروزەنگیشدا، مێدیای دیجیتاڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو دەرەتانە بۆ حیزبەکان دروست دەکەن پێوەندییەکانیان لەگەڵ بەردەنگ و لایەنگراەکانیان ڕابگرن.

**سێهەم** ڕەهەندی کارکردی ڕاگەیاندن بۆ هەر حیزبێکی سیاسی ئەوەیە کە، ڕاگەیاندن ئامراز و کەرەستەی ڕکەبەری و قەناعەتپێهێنان بە بیروڕای گشتییە. تۆ وەک حیزبێکی سیاسی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و مێدیاوە ململانێ و ڕکەبەریی نەیار یان ڕکەبەرە سیاسییەکانت دەکەی و بە ڕێگای مێدیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بانگەشە بۆ خۆت دەکەی و هەوڵ دەدەی سەرنج و متمانەی گشتی و خەڵک و جەماوەر بۆ لای خۆت ڕابکێشی.

لە دنیای ئەمڕۆدا و لە وڵاتە هەرە دێموکراتەکانیشدا هیچ حیزبێکی سیاسی بەبێ ڕاگەیاندنێکی بەهێز و بەبێ حزووری مێدیایی شانسێکی ئەوتۆی بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکان و سەرکەوتن بەسەر ڕکەبەرەکانیدا نیە.

**چوارەمین** ڕەهەند لە کارکردی مێدیا ئەوەیە کە ڕاگەیاندن ئامرازی ڕەخنەگرتن و چاودێری بەسەر دەسەڵاتە. ئەوە لەو وڵاتانەی کە حیزبەکان دەرەتانی چالاکیی سیاسیی ئازادانەیان هەیە. بۆ ئێمەش وەک حیزبی دێموکرات ڕاگەیاندن بە لەقاودانی سیاسەتە چەوتەکان و ناکارامەیی ڕێژیم، هەم شەرعییەت بۆخۆی زیاد دەکا و هەم شەرعییەتی دەسەڵات دەباتە ژێر پرسیار. بە پێناسەیەکی دیکە ئەگەر مێدیا چاو و گوێی حیزب لە هەر کۆمەڵگەیەکە و دەنگی ڕەخنە و داخوازیی حیزبەکانە، بۆ حیزبی ئێمەش جگە لەوە ئامرازی شەڕ و ململانێی سیاسییشە.

**پێنجەمین** کارکردی مێدیا بۆ حیزبەکان ئەوەیە کە ڕاگەیاندن کەرەستەی دیپلۆماسی و پێوەندیی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی بۆ حیزبەکانە. ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی ئەوەی حیزبەکان لە سنووری جوغرافی و مەیدانی سەرەکیی چالاکیی خۆیان بەولاوەتر بڕۆن. حیزبەکان دەتوانن لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە پێوەندیی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی دروست بکەن، پشتیوانیی دەرەکی بۆخۆیان ڕابکێشن، یان هەر نەبێ وا بکەن ببندرێن و هەست بە بوونیان بکرێ و خۆیان بناسێنن.

**شەشەمین** کارکردی مێدیا بۆ حیزبەکان ئەوەیە ڕاگەیاندن دەتوانێ ئامرازی خۆڕاگری لەهەمبەر سیاسەتی سانسۆڕ و پاوانخوازیی دەسەڵات بێت. بۆ ئێمە کە دژی کۆماری ئیسلامی شەڕ دەکەین، یان لە هەر وڵاتێکی نادێمۆکرات و سەرکوتگەردا

که حاکمییەتی سیاسی و دەوڵەت میدیا و ڕاگەیەنە گشتییەکانی له پاواندایە، حیزبی سیاسی بۆ ئەوەی گێڕانەوە و ڕیوایەتی خۆی له ڕووداو و باسه سیاسییەکان هەبێ، بۆ ئەوەی مۆرکی لەسەر ڕووداوەکان دابنێ، دەبێ و ناچاره میدیا و ڕاگەیاندنی خۆی هەبێ، وەک ڕۆژنامه، ڕادیۆ، کاناڵی تەلەڤیزیۆنی و تۆڕه کۆمەڵایەتییەکان، ئەگەر نا تێدا دەچێ و دەکەوێته پەراوێزەوە. به کورتی گەڕانی خوێن و هەناسەدان بۆ بەردەوامیی ژیانی مرۆڤ چەنده پێویسته، ڕاگەیاندن ئەو بایەخ و گرینگییەی بۆ بەردەوامیی ژیان و بوونی هەر حیزبێکی سیاسی هەیه.

حیزب بەبێ ڕاگەیاندن ناتوانێ خۆی دەربخا و خۆی بناسێنێ، ناتوانێ سەرنجی بەردەنگ ڕابکێشێ و ئەندام و هەوادار بۆخۆی زیاد بکا، ناتوانێ کۆمەڵگه بەڕێکخستن بکا و دژی دەسەڵات و حاکمییەت بەرنامه و ئاجێندای خۆی بباته پێشێ. حیزب بەبێ ڕاگەیاندن ناتوانێ پێوەندیی بەهێز لەگەڵ دەوروبەری خۆی گرێ بدا و ناتوانێ له ململانێ و ڕکەبەرییه سیاسییەکاندا بمێنێتەوه و تەنانەت ناتوانێ دۆخی پێشووتریشی بپارێزێ. ڕاگەیاندن دەبێته هۆی ئەوەی حیزب پەیامەکانی به ڕوونی و بەباشی بگەنه خەڵک و له بەرامبەر سانسۆڕ و تەبلیغاتی یەکلایەنەی ڕێژیمدا ڕیوایەت و گێڕانەوەی خۆی له پرس و خەبات و تێکۆشانی خۆی هەبێ. بۆیه بۆ هەر حیزبێکی سیاسی و بۆ ئێمه وەک حیزبی دێموکرات ڕاگەیاندن دەبێ له ئاستی "ئامرازی بانگەشه و تەبلیغات"ەوه بگاته ئاستی "بنیاتنەری و دامەزراوەیەکی شوناسساز"، دامەزراوەیەک که بەرهەمهێنەری شوناس و چییەتی و کێیەتیی خۆمان و نەتەوەکەمانه.

## حیزبی دێموکرات و مێژووی ڕاگەیاندن له حیزبی دێموکراتدا

ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێش ڕاگەیاندنی ئەم حیزبه و له سەردەمی کۆمەڵەی ژێکافەوه به بایەخدان به پرسی ڕاگەیاندن هەم وەک ئامرازی وەجووڵەخستنی کۆمەڵگه و بڵاوکردنەوەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و هەم وەک ئامرازی مانەوه و بەردەوامیی ڕێکخستنی ڕێکخراوەیی، پرۆژەی میدیاییان بووه. ئەم پرۆژەیه به گۆڤاری "نیشتمان" نیشتمان دەستی پێ کرد و هەر له سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا به **"هاواری کورد"، "ئاوات" و "گۆڤاری کوردستان" درێژەی پێ درا. دوای ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"، گۆڤاری "هەڵاڵە"، گۆڤاری "هاواری نیشتمان"، گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵانی کورد" و کردنەوەی ئێزگەی ڕادیۆیی بەشێکی دی له هەوڵه میدیاییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.**

له وێستگەکانی دیکەی ژیانی حیزبی دێموکرات له سەردەمی خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا چاومان به کۆمەڵێک بڵاوکراوەی دیکەی وەک "کوردستان"، "دیسان بارزانی"، "تیشک" و "تێکۆشەر" دەکەوێ و هەروەها کۆمەڵێک کتێب دەبینین که لەلایەن دامەزراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوه چاپ کراون.

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ چالاکیی مێدیایی حیزب بەرفراوانتر دەکەن و جیا لە بەردەوامیی دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک زمانحاڵی حیزبی دێموکرات کە هەتا ئێستاش بەردوامە، هەروەها گۆڤاری "تێکۆشەر" وەک دوو میدیای نووسراو، میدیای بیستراوی ڕادیۆی "دەنگی کوردستانی ئێران"یش بە سامانی مێدیایی حیزب زیاد دەبێ. ئەو خەرمانە لە درێژەی خەباتی سیاسی و پێشمەرگانەی حیزبدا بە بڵاوکراوەکانی دیکەی وەک "پێشەوا"، "خەبەرنامە"، "گەلاوێژ"، "دەنگی کورد"، "کێلەشین"، "دەنگی لاوان"، "یەکیەتی"، "پڵینگ"، "دەنگی ژنان"، "شەهید"، "نەکەرۆز"، "زانیاریی پێشمەرگە"، "ئاوارە"، "ڕوانگەی لاوان"، "٢٦ی سەرماوەز"، "لاوان"، "ژنان"، "کۆمەڵ" و "ئارارات" دەوڵەمەند کرا کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی حیزبی لە کۆمیتە شارستانەکان و هەروەها ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەردەچوون. هەروەها گۆڤاری هزریی "تیشک"، "ئاگری"، "دنیای منداڵان"، "نێرگز" "تیشکی نوێ" و "بیری خوێندکار" چەند بڵاوکراوەیەکی دیکەی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی سەر بەم حیزبە بوون.

لە سێ دەیەی ڕابردووشدا کە بە سەردەمی مێدیای دیجیتاڵ دەناسرێ، حیزبی دێموکرات بە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ماڵپەڕەکانی "کوردستانمێدیا"، "کوردستان و کورد" و تەلەڤیزیۆنەکانی "نەورۆز"، "تیشک" و "کورد کاناڵ" و دەیان ماڵپەڕ و پلاتفۆڕمەکانی دیکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری مێدیادا چالاک بووە و لە سەنگەری مێدیاوە لە خەباتی نەتەوەیی و سیاسیی خۆی بەردەوام بووە.

## دواجار؛ ئاسۆی "کوردستان"

"کوردستان" دوای بڕینی هەموو ئەو کۆسپ و تەنگ و چەڵەمانەی لە زۆر قۆناغی ئەم ٨٠ ساڵەدا لەسەر ڕێی بووە، ئێستا سامانێکی دەوڵەمەند بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. "کوردستان" سەرەڕای ئەم پاشخان و مێژووە دەوڵەمەندە و، سەرەڕای ئەوەش کە کۆنترین و بەئەزموونترین بڵاوکراوەی سیاسیی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام بێبەری لە ڕەخنە و کەموکوڕییش نەبووە و نیە کە بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیە دەبێ بەپێی هەلومەرج و پێویستیی نوێبوونەوە و پێداویستییەکانی سەردەم بۆ بەردەوامیی "کوردستان" ئاوڕی لێ بدەنەوە و بایەخی خۆی بدەنێ.

**٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە Serchawe

# نیشانەکانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە جاران بەرچاوترن





**عومەر باڵەکی**

لە مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا، بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ڕۆژ، ناڕەزایەتییەکانی خەڵک دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زۆربەی شەقامەکانی شار و شارۆچکەکانی ئێرانی گرتەوە؛ بە جۆرێک کە لە بەرچاوی هەموو جیهاندا، پایە و بنەماکانی ئەو ڕێژیمە جارێکی دیکە لەرزین و کەوتنە لێواری ڕووخان. لەبەر ئەوە، دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە بە بڕینی هێڵەکانی

پەیوەندی، هەوڵیان دا ڕێگری بکەن لە گەیشتنی هەواڵ و زانیارییەکانی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران بە جیهانی دەرەوە.

ئەوان ویستیان ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە و بە هەموو توانایەکی سەربازی و ئەمنییەوە، بە شێوازێکی زۆر دڕندانە بکەونە سەرکوتی خۆپێشاندەران؛ بە چەشنێک کە ئاماری قوربانییان (کوژراو و بریندار) بووەتە جێی سەرسوڕمانی گەلانی جیهان؛ کە چۆن حکوومەتێک دەتوانێت بەو ئاسانییە هەزاران کەس لە هاووڵاتییانی خۆی کۆمەڵکوژ بکات. تەنانەت ئەم ڕەفتارانە هەڵوێستی جیاجیای دەوڵەتانی لێ کەوتەوە، بەتایبەت ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپا و هاوپەیمانەکانیان. ئەم ڕستەیە لە زۆربەی لێدوانەکانی بەرپرسانی ئەو دەوڵەتانەدا دەبینرێت: «کاتێک حکوومەتێک تەنیا لە ڕێگەی توندوتیژی و سەرکوتەوە لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە، لە ڕاستیدا تەمەنی ئەو حکوومەتە بەرەو کۆتایی ڕۆیشتووە.» بە واتایەکی دیکە، ئەو دەسەڵاتە ڕەوایی خۆی لە نێو کۆمەڵگەدا لەدەست داوە.

بە پێی شیکارییەکانی کەسانی پسپۆڕ لە کاروباری ئێران، ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارە لە ناڕەزایەتییەکانی پێشوو جیاوازن. هەرچەندە ئەم ناڕەزایەتییانە درێژکراوەی ئەوانەی پێشوون، بەڵام بەو جیاوازییەی کە ئەمجارە قەیرانی گەورەی ئابووری، دابەزینی بێوێنەی بەهای دراوی ئێرانی، دارمانی ڕەوایی سیاسیی ڕێژیم لای خەڵک (بەتایبەت دوای شەڕی دوازدە ڕۆژە)، لەدەستدانی پێگەی نێودەوڵەتی، لاوازبوونی گرووپە نیابەتییەکانی لە ناوچەکەدا و شەکەتی و داهێزرانی دامودەزگاکانی ڕێژیم لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، هەموویان دەستیان داوەتە دەستی یەکتر. ئەمەش وای کردووە کە پاشەڕۆژی ئێران و کۆماری ئیسلامی زۆر لێڵ و ناڕوون دەربکەوێت.
ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی لە «ڕاپەڕینی ژینا»دا توانی بە سەرکوت و لە هەمان کاتدا بە هەندێک پاشەکشەی کاتی و کەمکردنەوەی گوشارەکان لە بابەتی «سەرپۆشی زۆرەملێ»دا (بەتایبەت لە ناوەندی ئێران)، بە ڕواڵەت تا ڕادەیەک ناڕەزایەتییەکان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام شەپۆلی ئەمجارەی ناڕەزایەتییەکان سەرچاوەکەی بژێوی و گوزەرانی خەڵک و پرسە سیاسییە کەڵەکەبووەکانە. ئەمانەش دەرەنجامی سیاسەتە هەڵەکانی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمەیە کە لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا هاتوونەتە ئاراوە و بە ئاسانی چارەسەر ناکرێن. چونکە بە پێی ئەزموون و باری نالەباری ژیانی خەڵک، هەر بەڵێن و پەیمانێک کە دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە بۆ چاکسازیی سیاسی و ئابووری بە خەڵکی بدەن، جێگەی بڕوا نییە.
دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نزیکەی نیو سەدە حوکمڕانی لە ئێراندا، بە خوڵقاندنی سەدان قەیرانی ئەمنی و ئابووری لە ناوچەکە و جیهاندا، وەک حکوومەتێکی شەڕخواز و تیرۆرپەروەر ناسراون و ڕەواییان کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە؛ ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی کردووەتە سەر بژێویی خەڵک لە نێوخۆی ئێراندا. بۆیە دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە بەو بارودۆخەی کە خۆیان خوڵقێنەری بوون و بە پێی بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژییان، بۆیان دژوارە بتوانن چارەسەری بکەن.

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

لە سەردەمی ئێستادا، هەموو ئەو حکوومەتانەی ڕەوایی خۆیان لە گەل وەرگرتووە، هەرگیز لە ناڕەزایەتیی خەڵک ناترسن، بەڵکوو هەوڵ دەدەن گوێ لە ویستی خەڵک بگرن و داواکارییەکانیان جێبەجێ بکەن. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو حکوومەتانەی وەک کۆماری ئیسلامی کە پێیان وایە ڕەوایی دەسەڵاتیان لە لایەن خوداوە پێ بەخشراوە، هیچ بایەخێک بۆ ئیرادەی گەل دانانێن و هەوڵ دەدەن بە هەموو توانایەکیان خەڵک ملەکەچ بکەن. بۆیە دەبینین هەر کاتێک لە نێوخۆی ئێراندا ناڕەزایەتیی خەڵک دژی سیاسەتە چەوتەکان سەرهەڵدەدات، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەستبەجێ پەنا دەبەنە بەر تۆمەتبارکردنی نارازییان بە تاوانی «شەڕکردن لەگەڵ خودا» (محاربة ) و بەو فەتوایە ڕێگە خۆش دەکەن بۆ سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵک؛ کە ئەم شێوازە بە پێی هەموو پێوەرە یاساییەکانی سەردەم، بە تاوانی دژە مرۆڤایەتی دادەنرێت.

بەڵام ئەوە سەلمێنراوە کە ئاکامی ئەو کوشتارە خوێناوییە نەک ناتوانێت ئارامی و سەقامگیری بۆ کۆماری ئیسلامی دەستەبەر بکات، بەڵکوو دەبێتە هۆکاری ئەوەی دەسەڵات بۆ هەمیشە لەدەست بدات. لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا، کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی، تیرۆری نەیارانی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوە، سەرکوتی ڕاپەڕینی خوێندکاران و ناڕەزایەتییەکانی ساڵانی ١٣٩٦ و ١٣٩٨ و ڕاپەڕینی ژینا لە ساڵی ١٤٠١، نەیانتوانیوە سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی بۆ دەسەڵاتدارانی تاران بێننە کایەوە. ئەم ڕەفتارەی کۆماری ئیسلامی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەم ڕێژیمە تەنیا تینووی دەسەڵات نییە، بەڵکوو سیستمێکی ئایدیۆلۆژییە کە سەرکوت و توندوتیژی و کوشتنی خەڵکی جیابیر و نارازی، لە ڕێگەی ئایین و مەزهەبەوە بە ڕەوا دەبینێت. واتە لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا، توندوتیژی و کوشتن تەنیا ئامرازێک نییە بۆ سەرکوت، بەڵکوو بەشێکە لە ناسنامەی سیاسیی ئەو ڕێژیمە.

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەرکوت و لەسێدارەدان و تیرۆر، ناتوانێت سەقامگیری لە کۆمەڵگەدا جێگیر بکات، بەڵکوو هەرچی توندوتیژیی دەسەڵات زیاتر بێت، کەلێنی نێوان خەڵک و حکوومەت زیاتر دەکات. چونکە توندوتیژیی حکوومەت دەبێتە هۆی کاردانەوەی توند و هەر شەپۆلێکی ناڕەزایەتی کە سەرکوت دەکرێت، لە ناخی خۆیدا تۆوی شەپۆلێکی دیکەی ناڕەزایەتی دەچێنێت. ئەوەی ئێستا لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا دەبینرێت ئەوەیە کە بەهۆی لەدەستدانی ڕەوایی سیاسی، قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، گەورەبوونی درزی نێوان پەیکەری دەسەڵات و دابڕان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، خەریکە هێواش هێواش بەرەو ڕووخان و هەرەس دەچێت. گەلانی ئێرانیش لەوە نزیک دەبنەوە کە جارێکی دیکە بە ئازادی بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن و سیستمی حوکمڕانیی داهاتووی وڵاتەکەیان دیاری بکەن

٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# کۆماری کوردستان، کۆماری هەموو وەرزەکان






**سۆران عەلیپوور**

زۆرجار کۆماری کوردستان تەنیا لە بەستێنە مێژووییەکەی خۆیدا دەخوێنرێتەوە؛ دەستکەوت، هۆکاری سەرهەڵدان و ڕووخان، تایبەتمەندی و پێکهاتەکانی تاوتوێ دەکرێن. لە ڕاستیدا لە خوێندنەوەیەکی مێژووییدا ئەوە کارێکی بەبایەخە، بەڵام دوای هەشتا ساڵ لە دامەزرانی کۆمار ئێمە کۆمارێکی دیکەمان هەیە کە تەمەنی هەشتا ساڵە و هەروا سەرچاوەی

یەکگرتوویی و یەکدەنگی، ئەکتەرێکی کارا و زیندوو لە پێناسەکردنی مافی چارەی خۆنووسینە و سەرچاوە و ئاخێزگەی وێژمانێکی نەتەوەیی، دێموکراتیک و مەدەنییە کە لەگەڵ خواستەکانی ئێستای گەلی کورددا تێکەڵ بووە. بەو پێیە لەگەڵ بەشێک لە مێژوو وەک ڕابردوویەکی دوور و دوورگەیەکی دابڕاو مامەڵە ناکەین، بەڵکوو لەگەڵ بەشێکی ئاکتیڤ و بەڕۆژی ئەو مێژووە هەڵسوکەوت دەکەین کە لە پرۆسەیەکی بەردەوامی بیچمپێدانی ناسنامە و شوناسی ئێمەی کورددا ڕۆڵ دەگێڕێ.

پیتەر ئارۆنسۆن لە پێناسەکردنی ئەو دیاردەیەدا کە بە چەمکی کەڵکوەرگرتن لە مێژوو دەناسرێ دەنووسێ: "چەمکی کەڵکوەرگرتن لە مێژوو بریتییە لەو کۆمەڵە پرۆسێسەی کە بەشێک لە کولتووری مێژوو چالاک دەکرێ بۆ ئەوەی فۆرم بدا بە چەند یەکەیەکی گشتگیری دیاریکراو لە ئەفراندنی مانا و کردەوەدا." هەروەها سەبارەت بە کولتووری مێژوو دەنووسێ: "کۆمەڵە ئامرازێک، سەرچاوە، نەریت و بۆنە و بانگەشەیەکن کە ئاماژە بە بەشێک لە ڕابردوو دەکەن کە دەرفەتی بەرچاو دێننە ئاراوە بۆ لێکگرێدانی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو."(١)

کۆماری کوردستان وەک خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی نەتەوەی کورددا وێستگەی لێککۆکردنەوەی چین و توێژی جیاواز، کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، هێز و دەرفەتەکانە؛ لە لایەکی دیکەشەوە پارسەنگی پێکگەیشتنی ناکۆکی و دژبەرەکانیشە. بەو هەموو ناهارمۆنی و یەکدەستنەبوونەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەبوو، ئاواش کۆمار لە قەوارەی دامەزراوە و پێکهاتەی مەدەنی و دێموکراتیکی مۆدێرن دا توانی پرۆسەی دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی دەست پێ بکا و یەکانگیرییەک لەنێوان ئەو هەموو دژبەرەدا پێک بێنێ و پێناسێک لە ناسیۆنالیزمی کوردی بخاتە ڕوو کە سیمبۆل و هێماکانی تا ئێستاش بەشێکی گرینگی ناسنامەی نەتەوەیی کوردن.

بەشداریی کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە کۆماری کوردستان، پشتیوانی و بەشداریی بارزانییەکان و ئەفسەرانی گەرمیان، هاوپێوەندی و هاوچارەنووسییەک کە لە کۆماردا هەیە، بناغەی ئەو هۆشیارییە نەتەوەییەی دامەزراند کە دوای تەمەنی کورتی کۆمار چەندین جار لە ٨٠ ساڵی ڕابردوودا شاهیدی بووین و ئەو ڕۆژانەش لە هەموو کاتێک زیاتر هەستی پێ دەکەین و دەیبینین.

بە ڕێکەوت ئەمساڵ ساڵیادی دامەزرانی کۆمار لەگەڵ یەکگرتوویی و یەکدەنگییەکدا هاوکاتە کە خەڵکی کورد و دۆستەکانی لە شارەکانی کوردستان و لە هەموو قوژبن و گۆشەیەکی ئەو دنیایەدا بۆ بەدەنگەوەهاتنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا لە دەوری کۆمەڵێک داخوازیی ستراتیژی و وجوودی کۆکردووەتەوە. لە ڕابردووی ئێمەدا ئەگەر ڕووداوێک بکەوێتە چوارچێوەی تیۆرییەکەی ئارۆنسۆن لەسەر بەکارهێنانی مێژوو و کولتووری مێژوو، ئەوا بێگومان کۆماری کوردستانە کە بووە بە خاڵی لێکگرێدانی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو.

گرینگیی پەیام و دەستکەوتەکانی کۆمار لەو ڕۆژانەدا کە کۆماری ئیسلامی لە گیانەڵادایە و ناسینەوەی جێپەنجەی کۆمار لە فۆرمگرتنی ویژمانی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تێکەڵ بە هۆشیارییەکی سیاسی و مەدەنیی پێشکەوتوو بووە، زیاتر لە هەموو کاتێک گرینگیی خۆی هەیە. لە لایەکەوە بۆ خەڵکی کوردستان و ڕێکخراوەکانی، هەبوونی سەرمایەیەکی دەوڵەمەندی وەک کۆمار، ئەزموون و دەستکەوتەکانی، جگە لەوەی جۆرێک لە ڕەوایەتیدانە بە ویست و داخوازییەکانی، بەڵگەیەکیشە لەسەر سەرکەوتنی کورد لە بەڕێوەبردن و بەدامەزراوەییکردنی بانگەشەکانی. لە لایەکی دیکەشەوە وەبیرهێنەرەوەی ڕوویە تاریکەکەی کۆنسێپتی دەوڵەت-نەتەوەیە لە ئێراندا؛ جاروبار لێرە و لەوێ گوێبیستی دەنگی پێی ئەو ویژمانە ناوەندگەرا و داپڵۆسێنەرە دەبین، کە ئێرانی داهاتوو بە شوناسێکی دیاریکراوەوە دەبەستێتەوە. دەبێ وەبیر لایەنگرانی ئەو ڕەوتە بێنینەوە کە یەکێک لە هۆکارەکانی دامەزرانی کۆمار دوای پێگەیشتنی هۆشیاریی سیاسی، کاردانەوە بەو سانترالیزمە سیاسی و ئیدارییەی بنەماڵەی پەهلەوی بوو. هاوکات وەبیریشیان بێنینەوە مامەڵەکردنی دڕندانە لەگەڵ سەرانی کۆمار و خەڵکی کوردستان، یاساغکردنی کاری ڕێکخراوەیی و کوشتن، ئاوارەکردن و زیندانیکردنی چالاکوانانی سیاسی، هەوڵدان بۆ شێواندنی ڕابردوو، ناسنامە و کولتووری کورد و بێبەریکردنی منداڵان لە خوێندن بە زمانی کوردی و زۆر تاوانی دیکەش لە یادەوەریی مێژوویی ئێمەدا ماونەتەوە و هەر ئەوەشە وادەکا کۆمار لەسەر شانۆی ئێستای ڕووداوەکان ئەکتەرێکی دیار بێ.

سەرانی کۆماری کوردستان بە باشی هەستیان بە مەترسییەکانی کۆنسێپتی دەوڵەت - نەتەوەی پەهلەوی کردبوو، هەم لە بڵاوکراوەی "نیشتمان" و هەم لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان"یشدا ئەو گرینگیدانە بە شوناسی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەشی کورد بە تەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە. دووەم داواکاریی حیزبی دێموکراتیش لە بەیاننامەی دامەزراندنیدا پرسی مافی خوێندن بە زمانی دایک و بەکارهێنانی زمانی کوردییە لە بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەکاندا، لە کاتێکدا خاڵی یەکەم باسی لە شێوەی مافی چارەی خۆنووسین لە سیستمێکی ئۆتۆنۆمیدا دەکرد. هۆشیارییەک لە ئاست هاوبەشی و هاوچارەنووسیی کورددا کە لە کۆماری کوردستاندا بناغەکەی داڕێژرا، ئەو ڕۆژانە لەناو کوردی دیاسپۆرا و ناوخۆ دوای ڕووداوەکانی سەرکوتی بێبەزەییانەی خۆپێشاندانەکانی ئیلام، کرماشان و مەلەکشایی لە لایەن ڕێژیمی ئێران و تاوانی ڕێژیمی سووریە و گرووپە چەکدارەکان دژی گەلی کورد لە ڕۆژاوادا، هەمان دەنگ دەبیستین کە لە ڕۆژی دامەزرانی کۆماردا لە چوارچرای مەهاباد بۆ هاوچارەنووسیی ئەو نەتەوەیە دەمانبیست.

تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆمار تێکەڵکردن و بەشداریپێکردنی چین و توێژە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستانە لە بەڕێوەبردنی کۆمار و دامەزراوەکانیدا. بۆ یەکەمجار چینی مامناوەندیی شارنشینی خوێندەوار، لەگەڵ ئەوەی کەمینە و لاواز بوو، دێنە سەر شانۆی ڕووداوەکان و هەر لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە تا بەشداربوون لە بەڕێوەبردن و



سەرچاوە
Serchawe

پێشخستنی کۆمار و دواتریش لە زیندووکردنەوەی خەباتی سیاسیی دوای کۆمار ڕۆڵ دەگێڕن. دوای هەڵوەشانەوەی میرنشینە کوردییەکان و دواتر دروستبوونی دەوڵەت - نەتەوەکان لەسەر خاکی کوردستان و لەنێوبردنی بزووتنەوە یەک لە دوای یەکەکان کە لە لایەن شێخ و بنەماڵە ئاینییەکان و خاوەنموڵکەکانەوە ڕێبەرایەتی دەکران، دۆخێکی نەخوازراو و تراژیدی و پڕ لە ناهومێدی هاتبووە ئاراوە؛ دامەزراندنی کۆمار بەو هەموو دەستکەوتەوە، سەرەڕای کورتیی تەمەنی، خوێنی تازەی گەڕاندەوە بۆ ناو شارەگەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی.

لە لایەکی دیکەوە بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا لە ڕێگەی دامەزراوە و دەزگا و ناوەندی دێموکراتیک و مەدەنییەوە ویستی ناسیۆنالیستیی کوردان بەدامەزراوەیی کرا و لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرییەکی سەربەخۆدا بەرجەستە کرا. کۆمار توانی وێژمانی نەتەوەیی لە بزووتنەوە خۆجێی و سنووردارە خێڵەکییە چەکدارییەکان بگوازێتەوە بۆ وێژمانێکی نەتەوەیی گشتگیر کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی مۆدێرنی خۆیدا ئەزموونی دەوڵەتداری بکات. لە بڵاوکراوە و وێژمانی سیاسیی کۆماردا هەست بە وشیارییەکی سیاسیی هاوبەش سەبارەت بە بوونی هاوبەشیی نەتەوەیی و مێژوویەکی هاوبەش و چارەنووسێکی هاوبەش دەکرا. هەرچەند ئەو وێژمانە تێکەڵەیەک بوو لە ڕیتۆریکێکی ئیدیالیستیانەی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەگەڵ سیاسەت و ئامانجی ڕیاڵیستیی خودموختاریخوازدا، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا پرسی مافی چارەی خۆنووسین لە بەرنامەی حیزبی دێموکرات، دامەزرێنەری کۆمار و سیاسەتەکانی کۆماردا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێ.

نەریتشکێنی و ساختارشکێنی تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆمارە کە سەرەڕای کۆمەڵگەیەکی نەریتیی ئەو سەردەمە، کۆمەڵێک چاکسازیی ڕادیکاڵ لەو پێکهاتە نەریتییەدا کرا؛ ناردنی کچان و ژنان بۆ قوتابخانە و بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسی دا لە ڕێگەی ڕێکخراوی ژنانەوە، ئەگەر تا ئێستاش لە لایەن کەمینەیەکی کۆنسێرڤاتیڤەوە دژایەتی بکرێ، بۆ ئەو کات هەنگاوێکی گەورەی کۆمەڵایەتی بوو. ئەو ڕیفۆرمە ڕادیکاڵانەن کە کۆمار و بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" دەخەنە یەک بەستێنی سیاسی و وێژمانییەوە.

**بە چاوخشاندن بەو چەند تایبەتمەندییەی کۆماردا باشتر دەتوانین لە ئاکتی ئەو کۆمارە هەشتا ساڵەیە تێبگەین کە چۆن بەشێک لە ڕابردووی ئێمە تا ئێستاش وەک پرۆسەیەکی بەردەوام لە ئەفراندنی مانا و کردەوەدا کارایە و ئەو وێژمانەی کۆمار لە دروستکردنیدا پشکی شێری بەر دەکەوێ، ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی ئێمە لێک گرێ دەدا.**

* .Aronsson, P. (2004). Historiebruk – att använda det förflutna. Lund: Studentlitteratur،

# دانیشتن لەسەر نووکی نێزە





**ڕەسووڵ سوڵتانی**

"تالێران"، دیپلۆماتی ناوداری فەڕەنسی دەڵێت: "نێزە هەموو شتێکی پێ دەکرێت، تەنیا بۆ ئەوەی نابێ لەسەری دانیشیت." نێزە هێمای دەسەڵات و شەڕ و هێزە و، وەکوو چەکێک بۆ سەپاندنی دەسەڵات بە درێژایی مێژوو کەلکی لێ وەرگیراوە. دانیشتنیش کە بریتییە لە مانەوە و جێگیربوون. کەوابوو دەسەڵاتدارەکان دەتوانن بە زەبروزەنگ دەسەڵاتی خۆیان بەسەر

گەلێک یان وڵاتێکدا بسەپێنن، بەڵام ئەو زەبروزەنگە، نووکی ئەو ڕم و نێزەیەیە کە ناتوانن لەسەری دانیشن. هەر بۆیە ئەو ڕێژیمانەی بە زەبروزەنگ دێنە سەر کار و دەیانەوێ بمێننەوە، هەرگیز هێمنی و تەناهی بەخۆیانەوە نابینن، چونکە لەسەر نووکی نێزەکەن.

ڕێژیمی پاڵەوی بە زەبروزەنگ خۆی سەپاند. لە باکووری ئێرانەوە هەتا باشوور کوشتاری بەکۆمەڵی وەڕێ خست. لە تورکمانەکانەوە تا بەلووچ و لوڕ و کورد و ئازەری، هەر بۆیە کاتێک ساڵیی ١٣٢٠ تۆزێک نووکی نێزەکەی کلا بوو، گەلانی بندەست دیسان وەخۆ کەوتنەوە. ئەو ڕێژیمە ئەگەرچی بە پاڵپشتیی زلهێزەکان ڕێگەی بۆ خۆش کرایەوە بەردەوام بێت، بەڵام ئاخری هەر نەیتوانی لەسەر ئەو نووکی نێزەیە دانیشێ و سەرەنجام ساڵی ١٣٥٧ تێکەوەیان پێچا. بە شوێن ئەودا کۆماری ئیسلامی دیسان بە زەبروزەنگ و نێزەوە هاتەوە. هەر بۆیە ئەویش نەیتوانی بۆ تاقە ساتێک لە کوردستان ڕەوایی وەرگرێ. کۆماری ئیسلامی هەرگیز بۆ تاقە ساتێک لە کوردستان وەکوو سیستەمێکی باوەڕپێکراو دانی پێدا نەنراوە. چونکە ئەو بوونی خۆی لەسەر بنەمای دژایەتیی کورد و هەموو ماف و ئازادییەکانی هەڵچنیوە.

دەسەڵاتەکان مەشرووعییەتی خۆیان لە خەڵک وەردەگرن و هەر لە دژایەتیکردنی ویستەکانی خەڵکیشدا ئەو مەشرووعییەتە دەدۆڕێننەوە. بەڵام ئەو مەشرووعییەتە کەی دەدۆڕێ؟ دەسەڵاتە دیکتاتۆر و ئایدۆلۆژییەکان لەسەر هێڵی ناسکی گێڕانەوە و چیرۆکەکان خۆیان ڕادەگرن. زۆرجار ئەو گێڕانەوانە بەشی نەوەیەک تا دوو نەوە دەکەن. هەر بۆیە دەسەڵاتە ئایدۆلۆژییەکان هەمیشە لە سی ساڵەی تەمەنیاندا تووشی کێشە و گرفتی زۆر قووڵ دەبن. لەبەر ئەوەی وردە وردە گێڕانەوەکانیان کاڵ دەبنەوە. وردە وردە خەڵک لە خەیاڵ و هەست و سۆز و حەماسە و چێژوەرگرتن لە ڕیوایەت و گێڕانەوەکان ماندوو دەبن. خەڵکێک کە بە زگی برسی و لە نێو گێژاوی پێویستییەکانی ڕۆژانەیدا ئیدی ناتوانێ گوێ لە هەقایەتان بگرێ و هەقایەت و گێڕانەوەکان نە زگی تێر دەکەن و نە چاوەڕوانییەکانی ژیانی دابین دەکەن. لێرەوە وردە وردە هێڵی گێڕانەوەکان لەرزۆک دەبن و خەڵک گومان نەک هەر لە هەقایەتخوانەکان بگرە لە بنەمای هەقایەتەکانیش دەکەن، ئیتر ئەو دیوارە خشت بە خشت دادەڕمێ و هەرەس دێنێ و ئەوەی دەمێنێتەوە نێزەکەیە.

هۆکارێکی دیکەی لەدەستدانی ڕەوایی/مەشرووعییەت، جیاوازبوونی نێوان گوتار و دیسکۆرسی فەرمیی دەسەڵات و واقیعەکانی کۆمەڵگەن. لە دەیەی دووەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەو کەلێنە زۆر ڕوونتر دەر کەوت و لەگەڵ دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە ڕاگەیەنەگشتییەکان و پسانی تۆق و بازنەی داخراوی ڕاگەیاندنە فەرمییەکان، کەلێنەکە قووڵتر بووەوە. وەختێک بایەخەکانی دادپەروەری، ئازادیی بیروڕا و بەشداریی کۆمەڵایەتی لە سیستەمی ئایدۆلۆژیی ڕژیمدا تەواو پێچەوانە کرانەوە و تەنانەت واتای خەڵک (مردم) لە گوتاری کۆماری ئیسلامیدا تەنیا دەسەڵاتداران و پارێزەرانی دەسەڵاتی گرتەوە، ئیتر


سەرچاوە
Serchawe

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

گێڕانەوەکان بوونە گاڵتەجاڕ و مایەی نوکتەی لاوان. ئاخر مەشرووعییەت لەسەر بنەمای ئەو بەهایانە دەمێنێتەوە و خۆی ڕادەگرێ. کاتێک ڕژیمێک ناتوانێ هیچ داهاتوویەکی ڕوون بۆ ئەو لاوانەی تازە پێ دەنێنە تەمەنی یاسایی وێنا بکات و ئەوان جگە لە تاریکی و بێهیوایی هیچ شتێکی دیکە نابینن و دەشزانن هۆکارەکەش دەسەڵاتە، بایەخ و بەهاکان پتر سووک و بێنرخ دەبن.

لەگەڵ هاتنە سەرکاری ئەحمەدینژاددا، دوایین دێڕی ئەو گێڕانەوانە هەرەسیان هێنا. چونکە نەوەیەکیش پێ گەیشتبوو، کە بەها و بایەخەکانی جیاواز بوون. بەها و بایەخەکانی ئەو نەوەیە لەگەڵ ئەو بایەخانەی ئاخوندەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد تێکیان نەدەکردەوە. ئەوە لە قسەی یەکێک لە فەرماندەرانی ئیتلاعاتییەکاندا دەر کەوت، کاتێک لە شۆڕشی ژینادا قسە بۆ کەسانی سەرووی خۆی دەکا و دەڵێ: ئێمە لەگەڵ نەوەیەک ڕووبەڕووین کە لێمان حاڵی نابێ و ئێمەش نازانین ئەو دەڵێ چی و چیی دەوێ. ئەوە لووتکەی هەرەسی مەشرووعییەت و ڕووتبوونەوەی توندوتیژییە. لێرەوە ئیدی ڕێژیم دەبێ لەسەر نووکی نێزەکەی دانیشێ.

بەڵام لە کوردستان، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانییەوە ڕێژیم تا ئەم ساتە، بۆ یەک چرکەش پشووی نەداوە و هەر لەسەر نووکی نێزەکەی بووە. چونکە نەک گێڕانەوەکانی لەگەڵ ڕۆح و ویستی ئێمە یەکیان نەگرتەوە و نەیانتوانی واتایەک بەرهەم بێننەوە کە لە زەینی تاکی کورددا جێ بگرێت، بگرە هەر هەمووشی پێچەوانەی ویست و تەنانەت بوونی ئێمە بوون. هەر بۆیە هێزەکانی پەهلەوی و بە دووی ئەودا هێزە کوردکوژەکانی خومەینی لە کوردستان بەردەوام وەکوو هێزێکی داگیرکەر لە وڵاتێکی داگیرکراودا و لەگەڵ خەڵکێکی داگیرکراو هەڵسوکەوتیان کردووە. ڕێژیمێک کە هیچ ساتێک لە کوردستان مەشرووعیەتی نەبووبێ، ڕژیمێکی داگیرکەرە. ئیتر ئەو ڕژیمە کاتێک لە ناوەند هەرەس دێنێ و دەڕووخێ، لە کوردستان وەکوو داگیرکەرێک دەر دەکرێت، وەک چۆن لەگەڵ هەڵاتنی ڕەزا شا و جارێکیش لەگەڵ هاتنی هاوپەیمانان بۆ نێو ئێران، هێزەکانی پالەوی لە کوردستان دەر کران و بە بێ چەک بەڕێی تاران کرانەوە.

**٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

## ڕۆژنامەی کوردستان و مۆدێرنیتەی سیاسی؛ لە سەروەریی گوتارییەوە بۆ بونیادنانی نەتەوە






**شاڕوخ حەسەنزادە**

ڕۆژنامە وەک ڕاگەیەنەرێک کە زانیاریگەلی سیاسی و فرەچەشن ڕاڤە و بڵاو دەکاتەوە، یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی مۆدێرنیتەی سیاسییە. ئەم ئامرازە بە خولقاندنی فەزایەکی گشتی بۆ باسکردن و ڕاگۆڕینەوە لەهەمبەر کاروباری سیاسی، دەسەڵات و کۆمەڵگە، برەو بە ئاگایی، بەشداریی و چاودێری بەهێز دەکات کە ئەمانە هەمووی لە شاکۆڵەکەکانی



سەرچاوە
Serchawe

عەقڵانییەت و دیموکراسی لە جیهانی پێشکەوتوو و مۆدێرندا هەژمار دەکرێن.

ئەگەرچی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بۆ ساڵی ١٨٩٨ و هەوڵە ئاوارتەکانی بنەماڵەی بەدرخان لە قاهیرە دەگەڕێتەوە، ڕۆژنامەی "کوردستان"یش بە هەمان ناو لە ساڵی ١٩٤٦ و لە درێژەی ئەم هەوڵانە، مۆدێلێکی نوێی لە مۆدێرنیتەی سیاسی لە جیهان و ژیانی کورد خویا کرد. ئەم ڕۆژنامەیە کە ئاخێزگەکەی یەکەم کۆماری مۆدێرنی کوردی بوو، نەک هەر تەنیا درێژەپێدەری "کوردستان"ی بەدرخانییەکان بوو، بەڵکوو گواستنەوەی ئەو گوتارە نیشتمانییە لە تاراوگەوە بۆ ناو دەوڵەتی کورد و گۆڕینی لە ئەدەبیاتێکی دوورەوڵات بۆ بەرنامەیەکی سیاسیی داڕێژراو بوو بە مەبەستی چاودێرکردن و بەڕێوەبردنی هەردوو کۆمەڵگەی سیاسی و مەدەنی.

مێژووی مۆدێرنیتەی سیاسی لە ناو هەموو نەتەوەکاندا پێش ئەوەی لەسەر شەقام و لە ناو دامەزراوە حوکمڕانییەکاندا ڕەنگ بداتەوە، لەنێو لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا لەدایک دەبێت. بۆ نەتەوەی کورد کە لە سەدەی بیستەم لەژێر هەژموونی سیستەمە پاشایەتی و ناوەندگەراکاندا دەچەوسایەوە، ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆڵی ئەو فەزا گشتییەی گێڕا کە تێیدا کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن شوناس و خاوەن ماف پێناسە کرایەوە. لێرەدا دەمانهەوێت ئەو پرسە زەق بکەینەوە کە لە ڕوانگەی تیۆرییە سیاسییەکانەوە، ٨١ ساڵ تەمەنی ئەم ڕۆژنامەیە، تەنیا گێڕانەوەی مێژووی بڵاوکراوەیەکی ناسراوی کوردی نیە، بەڵکوو مێژووی بونیادنانی نەتەوەیەکی سیاسییە بە ویست و داخوازیی ڕوون و ڕەوا لەناو دڵی قەیرانەکانی ناوچەکەدا. ڕۆژنامەی کوردستان لە کاتێکدا پێ دەنێتە نۆیەمین دەیەی تەمەنی خۆی کە جیهانی ڕاگەیاندن بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا تووشی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بووە. ڕاستی ئەوەیە کە بەردەنگی سەدەی بیست و یەکەم گەیشتووەتە ئەو ئاستە لە وشیاری و زانیاریی گشتی کە چیتر نایەوێت کڕیاری کاڵایەک بێت کە تەنیا لەسەر بنەمای ئارەزوو و حەزی دەستەی نووسەران ئامادە کرابێت و بەسەریدا سەپێنرابێت. ئەمڕۆ بەردەنگ، ڕێک وەک چوونە چێشتخانەیەک چاوەڕوانی ئەوەیە کە حەزی لێیە، پێویستییەتی و چاوەڕوانی دەکات، داوای بکات و بۆی بێنن. ڕۆژنامەی کوردستانیش بە تێگەیشتن لەم پێویستییە مێژووییە، هەوڵی داوە لە چوارچێوە نەریتی و باوەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی تێپەڕێت و لەسەر ئەو بڕوایە هەنگاو بنێت؛ ڕاگەیاندن لە سەردەمی نوێدا ناتوانێت تەنیا بە شێوەیەکی تاکلایەنە بابەت پێشکەش بکات، بەڵکوو دەبێت لە پەیوەندییەکی بەردەوام و دوولایەنە لەگەڵ خوێنەرانیدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی ڕۆحی و دەروونیی هەبێت.
لەسەر ئەم بنەمایە، "کوردستان" تێکۆشاوە خوانێکی ڕەنگین و هەمەجۆر لە بابەتەکان بخاتە بەردەم بەردەنگ و خوێنەرانی خۆی، لە وتارە فەلسەفی و سیاسییەکان، شرۆڤە ئابوورییەکانەوە بگرە هەتا ئەدەبیات، کولتوور، وەرزش و هونەر؛ لە بابەتە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکانەوە هەتا هەواڵە جۆراوجۆرەکان، گشتیان بە ڕوانگەیەک کە دوور بێت لە دەمارگرژی و چەقبەستوویی فکری کۆکراونەتەوە، هەتا بتوانێت دەنگی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بێت و بە شێوازێکی شیاو و

سەردەمیانە ولامدەرەوەی خواستەکانیان بێت. بەشێوەیەکی تر دەتوانین ئاوا لێکی بدەینەوە؛ ئەم ڕۆژنامەیە بەوە گەیشتووە کە تێگەیشتن لە چەمکی "بکەربوونی تاک" گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بەردەنگی ئەمڕۆ تەنیا وەرگرێکی کزۆڵ نیە، بەڵکوو وەک داڕێژەری سیاسەتی مێدیایی سەیر دەکرێت.

تێپەڕین لە مۆدێلی ڕاگەیاندنی تاکلایەنە بەرەو دیالۆگی ڕاستەوخۆ و بەردەوام لەگەڵ بەردەنگ، هێمای گەیشتنی ڕۆژنامەی کوردستان بە قۆناغی دیموکراسیی مێدیاییە. ئەم گۆڕانکارییە نیشاندەری دروستبوونی فەزایەکی گشتیی کوردییە کە تێیدا ڕەخنە و دیالۆگ جێگەی ئاراستەکردنی تاکلایەنەی گرتووەتەوە. بەپێی تیۆریی "بێنێدیکت ئەندەرسۆن" لە کتێبی "کۆمەڵگە خەیاڵکردەکان"، نەتەوە مۆدێڕنەکان لە ئەنجامی گەشەی سەرمایەداریی چاپ دروست بوون. ئەندەرسۆن پێی وایە کاتێک مرۆڤەکان لە ناوچە جیاجیاکانەوە ڕۆژنامەیەک بە زمانێکی هاوبەش دەخوێننەوە، هەست دەکەن بەشێکن لە یەکەیەکی گەورەتر بە ناوی نەتەوە. بە شێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین؛ چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە - بەشێوەیەکی گشتی بڵاوکراوەکان جیا لە دەوری پڕگرنگیی زانست و زانیاری - یارمەتیدەری گەشەی بیری نەتەوایەتی یان ناسیۆنالیزمیشن. ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان وێڕای باقی بڵاوکراوەکانی کۆمار، ڕێک ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆ.

لە سەردەمێکدا کە بە هۆی نەبوونی ئامرازی پەیوەندیی و هاتوچۆ، هەواڵی نێوان شارەکانی کوردستان زۆر لاواز بوو، ڕۆژنامەی کوردستان وەک دامەزراوەیەکی فرەچەشن هەم زانیارییە پێویستەکانی بڵاو دەکردەوە هەمیش وای کرد تاکی کورد هەست بکات لە یەک کاتدا خەریکی بیرکردنەوە لە یەک چارەنووسن. ئەم ڕۆژنامەیە سنوورە عەشایەری و ناوچەییەکانی تێپەڕاند و بە شێوەیەکی ئاگاهانە جۆرێک لە هاوچەرخبوونی لە زەینی تاکی کورددا دروست کرد. ئەوەی کە کوردێک لە دەڤەری ورمێ دەیزانی کوردێکی تر لە ناوچەکانی کرماشان خەریکی خوێندنەوەی هەمان وتارە، یەکەمین هەنگاوی مۆدێڕن بوو بۆ دروستکردنی شوناسی نەتەوەیی. دوای ئەم قۆناغەش، داینامیزمی مێدیایی ڕۆژنامەی کوردستان تەنیا لە چوارچێوەی لاپەڕە و چاپدا قەتیس نەمایەوە، بەڵکوو دواتر لە پەیوەندییەکی لۆژیکی و ستراتیژیدا لەگەڵ "ڕادیۆ دەنگی کوردستان" سیستەمێکی ڕاگەیاندنی هاوتەریبیان بۆ بونیادنانی وشیاریی نەتەوەیی و دەنگی زیندووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد پێکهێنا. ئەگەر ڕۆژنامە وەک مێدیایەکی چاپکراو، ئەرکی داڕشتنی گوتاری تیۆریک، کارکردن و هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە لە زمانی سیاسیی ستاندارد، دروستکردنی ئەرشیڤی نەتەوەیی و بابەت و هەڵوێست و بەیاننامە فەرمییەکانی حیزبی لە ئەستۆ بووبێت، ڕادیۆش وەک مێدیایەکی بیستراو، ئەو گوتارەی دەگواستەوە بۆ ناو قووڵایی کۆمەڵگە و سنووری نەخوێندەواریی دەبەزاند. ئەم دوو باسکە مێدیاییە لە سەردەمێکدا کە تەکنۆلۆژیا و ئامرازەکانی پەیوەندیگرتن وەک ئێستا بەربڵاو و پێشکەوتوو نەبوون، پێکەوە فەزایەکی گشتییان لە کوردستان دروست کرد کە تێیدا "دەق" و "دەنگ" یەکتریان دەوڵەمەندتر دەکرد؛ ڕۆژنامە دەبوو بە سەرچاوەی شرۆڤە بۆ ڕادیۆ و ڕادیۆش دەبوو بە پردی گەیاندنی خێرای پەیامەکانی



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆژنامە بۆ ناو جەماوەر. دوای ئەم قۆناغەش وێڕای پێشکەوتنە خێراکانی جیهانی ئینتەرنێت و ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان، هەمیسان "کوردستان" توانی جیا لە چاپی کاغەزی بە شێوەی ئەلەکترۆنی بچێتە ناو هەموو ئەو مۆبایل و کۆمپیوتەرانەی ئۆگرانی خۆی و لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانیش بڵاو ببێتەوە. ئەم هەماهەنگییە و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ تەکنۆلۆژیا ڕۆیشتنە، نیشانەیەکی دیکە لە مۆدێرنیتەیەکی ڕاگەیاندنی پێشوەخت بوو کە تێیدا بزووتنەوەی کورد توانی لە دژوارترین هەلومەرجی خەباتدا، سەروەریی مەعنەوی خۆی لە ڕێگەی تێکەڵکردنی مێدیای بینراو و بیستراووەوە و ئینتێرنێت بپارێزێت و شوناسێکی تۆکمە و یەکگرتووی نەتەوەیی لە زەینی تاکی کورددا جێگیر بکات.

یەکێکی دیکە لە گرنگترین کارکردەکانی ڕۆژنامەی کوردستان، پاراستنی سەروەریی گوتاری بووە. لێرەدا سەروەری تەنیا بە واتای سیاسی یان نیزامی و پاراستنی سنووره جوگرافییەکان نیە، بەڵکوو بە واتای ئەوەیە کە نەتەوەیەک ڕێگە نەدات نەیارەکانی مێژوو و شوناسی بۆ پێناسە بکەن و گوتاری خۆیان بسەپێنن یان دابتاشن. حکوومەتە ناوەندییەکان بە بەکارهێنانی ڕوانگەی گوتاری ئۆریەنتالیستی، بەردەوام هەوڵیان داوە بزووتنەوەی کورد وەک جووڵانەوەیەکی "دژە شارستانی"، "خێڵەکی" و "نائەقڵانی" وێنا بکەن هەتا پاساو بۆ سەرکوتکردنی بهێننەوە و گوتارێک بخولقێنن هەتا وێنای بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە دیاردەیەکی پێش مۆدێرن بشوبهێنن. ڕۆژنامەی کوردستان لێرەدا وەک دژە گوتارێکی فەرمی و دەستکرد کاری کردوە؛ واتە بەرهەمهێنانەوەی مانا لە نێوخۆی کوردستان بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو وێنە شێوێندراوەی کە "ناوەند" بۆ کوردی دروست کردوە.

لەم بەستێنەدا، ڕۆژنامەی کوردستان وەک ئاوەزێکی بەکۆمەڵی بزووتنەوەی کوردی چالاکی کردوە بۆ شکاندنی ئەو گوتارە چەواشەکار و سەپێنراوە. کاتێک "کوردستان" لە قۆناغی شاخ و لە ناو ئەشکەوتەکاندا بە چاپخانەی گەڕۆک دەردەچوو، چالاکییەکانی تەنیا گواستنەوەی هەواڵی شەڕی داسەپاو و بەرگریی پێشمەرگانە نەبوو، بەڵکوو کردەیەکی سیاسیی ژیرانە بوو بۆ پاراستنی سەروەریی مانا. لە پەنا ئەمەشدا "کوردستان" ڕێگەی نەدا زمانی کوردی و گوتاری مافخوازی لە ناو تەمومژی پروپاگەندەی داگیرکەراندا ون بێت. پاراستنی ئەم سەروەرییە گوتارییە لەژێر بۆردومان و ئاوارەییدا، وەک یەکێک لە گرنگترین دینامیزمەکانی بزووتنەوەی کورد بووە کە ئەو ڕۆژنامەیە نوێنەرایەتی کردوە. گۆڕانی سیمای فیزیکیی ڕۆژنامەی کوردستانیش نیشاندەری جووڵەی نێوخۆیی بزووتنەوەی کولتوورییە. ئەم ڕۆژنامەیە لە هەموو قۆناغەکاندا (دەسەڵاتی کۆمار، خەباتی نهێنی، سەردەمی شۆڕش و بەرگریی چەکداری و قۆناغی مۆدێرن) زمانحاڵی ئیرادەی گشتیی بزووتنەوەی کورد بووە.

**ئەم دینامیزمە لە دوو لایەنەوە گرنگە:**



سەرچاوە
Serchawe

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

**خۆگونجاندن لەگەڵ تەکنەلۆژیا:** گواستنەوەی چاپخانە قورسەکان بەکۆڵ و پشت لە شاخەکاندا و دواتر تێپەڕین بەرەو چاپی دیجیتاڵ، نیشانەی ئەوەیە کە مۆدێرنیتەی سیاسی لای کورد، مۆدێرنیتەیەکی بەرگریکار و پێشکەوتنخوازانەیە.

**ستانداردکردنی زمان:** ڕۆژنامەی کوردستان هەوڵی داوە زمانێکی سیاسی و ڕۆژنامەوانیی ستاندارد بۆ کورد دابڕێژێت. ئەم زمانە وای کرد کە نەتەوە تەنیا وەک هەست نەمێنێتەوە، بەڵکوو ببێتە دەزگایەکی فکری. ٩٠٩ ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە، گەورەترین ئەرشیڤی بزووتنەوەی سیاسی - نەتەوەیی ئێمەن. لە زانستی مێژوودا باس لەوە دەکرێت کە "ئەوەی نانووسرێتەوە، بوونی نیە". ڕۆژنامەی کوردستان مێژوویەکی جێگرەوەی بۆ کورد نووسییەوە. ئەگەر ئەم ڕۆژنامەیە نەبوایە ئۆگران و توێژەران دەبوو ئەو مێژووە لە ناو کتێبە چەواشە و سانسۆرکراوەکانی تاراندا بدۆزنەوە. ئەم ئەرشیڤە یادەوەریی بەکۆمەڵی نەتەوەی کوردە؛ ئەو شوێنەیە کە تێیدا شکستەکان دەبوونە ئەزموون و سەرکەوتنەکان وەک هەوێنی بەردەوامی چاویان لێ کراوە. ٨١ ساڵەی ڕۆژنامەی کوردستان، وەستان و تێڕامانێکە لەسەر ئەو ڕێگا و ڕێبازە دوورەی کە بزووتنەوەی کورد بە هەموو دژواری و چەتوونییەک بە خوێنی خۆی دەربازی کردوە. ئەم ڕۆژنامەیە سەلماندی کە مۆدێرنیتەی سیاسی تەنیا بە هەبوونی پەرلەمان و سپا تەواو نابێت، بەڵکوو پێویستی بە زمانحاڵێکی بەردەوام هەیە کە ئیرادەی گشتیی تێدا ڕەنگ بداتەوە. ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕێگەی پاراستنی سەروەریی گوتارییەوە، توانی کورد وەک نەتەوەیەکی سیاسی لەناو جیهانی مۆدێرندا جێگیر بکات. ئەرکی ئەمڕۆی ئێمە، پاراستنی ئەم میراتە گەورەیە و بەکارهێنانییەتی وەک چرایەک بۆ ڕووناککردنەوەی ئاسۆکانی داهاتوو؛ ئاسۆیەک کە تێیدا ئازادی، دادپەروەری و شوناسی نەتەوەیی ببنە یەک و کوردستانییەکی دێموکراتیک و سەربەرز بونیاد بنێن.

**٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

# کۆماری کوردستان؛ مێژوویەک لە هەرمان و ناسنامەیەک بۆ داهاتوو





**کاکۆ**

گەلی کورد لە دوو سەدەی ڕابردوودا، وەک دیکەی گەلانی جیهان، بە دەیان بزووتنەوە و ڕاپەڕینی بەهێزی لە قەوارە و پرۆسەی ڕزگاریخوازانەی خاک و گەلدا ئەنجام داوە و مێژوویەکی لە نەبەردی و خەبات و خوێن تۆمار کردووە. مافخوازیی نیشتمانی و نەتەوەیی وەک دیاردەیەکی ڕەوای سەردەمیانە، پاش دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوە لە دوو سەدەی ڕابردوودا،



سەرچاوە
Serchawe

بووە بە ڕەمزی مانەوە و زیندوویی گەل و نەتەوەکانی جیهان. ناسیۆنالیزم لە جیهاندا تەوەرێکی بەهێزە سەبارەت بە پرسی ڕزگاریخوازی و سەروەریی گەلێک کە لە ڕووبەری خاک و نیشتمانی خۆیدا گیرساوەتەوە.

کۆماری کوردستان لووتکەیەکی پێگەیشتوو لە هەورازانی هەڵەتاوی و هەڵچووی نیشتمان بوو کە وەک دەسکەوت و هەڵاچوونێکی قورس و گران، لە قامووسی ئەم خاکەدا وێنا و نەخشی هەرمانی بەست. کاتێک ئاستی تێگەیشتن و بەرفراوانیی تێکۆشان لەنێو خەباتکارانی گەلدا لێبڕاوی و پەڕاوگەیەکی زێڕین بەخۆوە دەبینێت، بێگومان دەرگایەکی کراوە و ئاوەڵا بەسەر ڕەوتی مافخوازی و پرسی ڕەوای ڕزگاریدا دەکاتەوە.

کۆماری مەزنی کوردستان دەرئەنجامی سەرهەڵدان و ڕاسانێک بوو کە پاش دەیان ساڵ لە سەرکوتکردن و کۆمەڵکوژی، شەهیدکردنی ڕێبەری مەزن سمکۆی شکاک و تێکۆشەران و مافخوازانی گەلی کورد، دەربەدەرکردن و ئاوارەکردنی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی کوردستان لە زێد و مەڵبەندی خۆی، هاوردەکردن و نیشتەجێکردنی گەلانی دیکە بۆ خاکی پیرۆزی کوردستان لەژێر تەوژمی ئاسمیلاسیۆن و توانەوەی گەلی کورد لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان، هاتە ئاراوە.

لە ئەنجامدا بە پێشەنگی و ڕێبەریی بێوێنەی پێشەوای مەزن قازی محەممەد و هاوهەنگاوی و هاوڕێبازانی و خەڵکانی نیشتمانپەروەری ناوچەگەلی نزیک و دووری کوردستان دادەمەزرێت؛ کۆمارێک کە هەبوون و زیندوویی و سەربەستی بە گەل و نەتەوەیەک دەبەخشێت. ئەگەرچی تەمەنی کۆماری مەزن کورت بوو، بەڵام پاش هەشتا ساڵ تێپەڕبوون لە هەبوونی ژیانبەخشی، ئێستاش سەرچاوە و هەتوانی لەبننەهاتووی خەبات و ڕێگای بەرەو ڕزگاریی کوردستان و گەلەکەمانە.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بوونی کۆمارەوە، بە پشتئەستووریی ئەو دەسکەوتە ڕەنگینە لەسەر مۆدێلی بەڕێوەبەریی خەڵکی و بەرۆژی سەردەمیانەی کوردستانییانەی خۆی، تاپۆیەکی دروست کرد کە بووەتە میراتێکی بەنرخ و بەڵگەیەکی ڕەوای مافخوازانە لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان. کۆماری کوردستان پێگەیشتنی هەڵکەوتووان و تێکۆشەرانی گەل بوو بۆ بەئەنجامگەیاندنی مافی ڕەوای خۆبەڕێوەبەری و سەربەستانەی خۆی؛ بەدیوێکی تریشدا ئەو کیانە سیاسی و ڕامیارییە بەهێزە بوو کە نیشاندەری زیندوویی و ئاستی بەرزی هزر و بیری ڕەوای بەڕێوەبەریی کوردی و قەڵافەتی کوردستانی بوو.

لە ٢ی ڕێبەنداندا کاتێک هەتاوی ڕۆژی ڕووناکیی گەل سەرهەڵدەدات، ئیدی نەک مێشک و جەستە، بەڵکوو دەروون و هەناوی تاک و کۆمەڵانی کوردستانی دەهەژێنێت و دیمانەیەک لە هێز و باوەڕ و ئیمان بە ڕزگاری، دیسانەوە بەسەر ژیانی

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

تاڵی سرکەوتووماندا باڵ دەکێشێت. ٢ی ڕێبەندان تەنیا بیرەوەری و مێژوو نییە، بەڵکوو دەسکەوت و دامەزراندنی ماڵێکی گشتی و کوردستانییە کە بە گوێ و دڵی داگیرکەراندا چرپێندرا و لە جیهاندا زرینگایەوە. ئەو کۆمارە ساوایەی کە بە دەستی ڕەشی داگیرکەرانی تۆقیو لە ئیرادەی گەل و پێشەوا و هاوڕێیانی گیان لەسەردەستی ڕووخێنرا، پاش هەرەسهێنانیشی بووە هێز و ورەیەکی لەبننەهاتوو و هەروەها بەڵگە و بەرچاوڕوونییەکی تەواونەبوو بۆ خەباتکاران و تاک و کۆمەڵانی کوردستانی؛ کە گەلی کورد پێچەوانەی هەموو بیر و خوێندنەوە بەرتەسک و باوەڕبەخۆنەبووەکان، دەتوانێت خاوەنداریی خۆی بکات و لەژێر ئاڵای شەکاوەی خۆیدا ژیانی هەرمان بکات.

نموونە و دەرکەوتی ئەو بەردەوامی و هێزبەخشییە پاش ڕووخاندنی کۆمار و شەهیدکردنی پێشەوا و یارانی، و هەروەها بە شەپۆلی سەرکوتکردن و تۆقاندنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دۆخی تەنراو بە دەسەڵاتی داگیرکەراندا، سەرهەڵدان و بزووتنەوەگەلی هەشتا ساڵی ڕابردوو بوون؛ لە بزووتنەوەی شەهید مەلا ئاوارە و شەهید سولەیمانی موعینی و ڕاپەڕینی گەلی کوردستان دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی و هەروەها بزووتنەوەی پاش هاتنی کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەریی دکتۆر قاسملووی پێشەنگ. ئەمانە هەمووی پشتئەستوور بە ئەزموونی کۆمار و لە درێژەی ئەو مێژووە پڕ لە سەروەرییەدا بوو کە ئەمجار تەواوی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی تەنییەوە و دکتۆری شەهید بە دارشتنێکی نوێ و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی زێڕین لە تێکۆشان، ئاگردانی پڕ لە پشکۆی خەباتی گڕاوتر کرد.

لە سێ دەیەی ڕابردووشدا، پێچەوانەی ڕەوتە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە، پرسی نیشتمانی و نەتەوەیی ڕەواترین و گەورەترین و بەهێزترین داخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە لە بچووکترین بۆشایی و دەرفەتدا، ڕەنگاڵەی ئەو باوەڕە لەمێژینەیە لە جووڵە و دروشمەکانی گەلدا بەگوڕوتینەوە خۆ دەنوێنێت. گەل بە دەربڕینی هەڵوێست و ناڕەزایی خۆی بەرامبەر دۆخە ناهەموار و داسەپاوەکان، و تەنانەت پشتیوانی لە بزووتنەوە و جووڵەی پارچەکانی دیکەی کوردستان وەک؛ پشتیوانی لە کوردانی باکوور و ڕۆژئاوا، ڕاپرسیی باشووری کوردستان، کەرکووکی قودسی کوردستان و ئەو دروشمانەی لە ڕاپەڕینی ژینادا وترانەوە:

ئێمە کوردین نابەزین، ڕۆڵەی پێشەوا قازین.
کوردستان کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان.
قاسملوو قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە.

لەسەر شەقام و قوتابخانە و ناوچەکانی کوردستانەوە، بەزیندوویی و بەربڵاوی، پرس و داخوازیی ڕەوای نیشتمانی و

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

نەتەوەیی بەڕوونی دەبینرێت. ئەم هەتوان و زیندوویی و ڕاپەڕیوییە، بەرهەم و دەرکەوتەکانی کۆماری شکۆداری کوردستان بووە و ئێستاش بەو هەوێن و مێژووە پڕ لە سەروەرییەوە، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و تێکۆشەران و خەباتکارانی ڕێگای ڕزگاریی خاکی پیرۆزی کوردستان، چاوەڕێی سەرهەڵدان و بزووتنەوەیەکی نوێی یەکلاکەرەوەن.


٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید عوسمان دادخا)



برایم چووکەڵی

گیانی من قوربانی تۆ بێ جا بڵێنده گەردنم
نامەوێ ئەو ژینە تاڵە یا وەتەن یا مردنم...

هەگبەی "شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیە تایبەتە بە یادی فەرماندە عوسمان دادخا. عوسمان دادخا هەرجار چووبایە

گوندەکان لاوانی لە دەوری خۆی کۆ دەکردەوەو قسەی بۆ دەکردن. ئەو دەیگوت" غەدرلێکراوانی گۆی زەوی لە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتیدا لە پێناوی دابینکردنی ژیانێکی خۆش بۆ خۆیان و گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانیان واتە ڕزگاریی نیشتمان و دابینبوونی ئازادی و بە ئازادی ژیان، باشترین ڕۆڵەکانی خۆیان کردۆتە قوربانی. ئەو دەیگوت ئەگەر گەلانی بە ئاوات گەیشتوو شانازی بە ڕابردوو و مێژووی خەباتی خۆیانەوە دەکەن و هەست بە سەربەرزی و سەرفرازی دەکەن لە سایەی فیداکاری و خۆبەختکردنی ئەو مرۆڤە نەمرانەوەیە. هەر بۆیەش عوسمان قۆڵی لی هەڵماڵیبوو کە وڵاتێکی ئازادی هەبێ و لەم ڕێگایەشدا یا سەر دەکەوێ یا سەردادەنێ.

عوسمان دادخا ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی وەرزێر و زەحمەتکێشی گوندی عەمبار سەر بە ناوچەی" ئەحمەدی کۆڕی" بۆکان لەدایک بوو. پۆلەکانی سەرەتایی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕی و بۆ درێژەدانی خوێندنەکەتا وەرگرتنی دیپلۆم ڕەوانەی شاری بۆکان کرا. کاتێک خۆپیشاندانەکانی لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد عوسمان بە چاو و گوێی کراوەوە لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧دا بەشداریی کرد.

بە ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات عوسمان لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتدا خۆی دیتەوە و لە زۆربەی مەئموورییەتەکانی یەکیەتیی لاواندا بەشداریی کرد. لە ماوەیەکی کورتدا ئەوەندەی لێهاتوویی و دڵسۆزی لە خۆی نیشان دا کە بتوانێ ساڵی ١٣٥٩ لە کۆنفرانسی کومیتە شارستان بە ئەندامی کومیتە شارستان هەڵبژێردرێ و دوای هەڵبژێرانی لە بەشی کۆمەڵایەتی کاری پێ بسپێردرێ. لەو ماوەیەدا کە بۆکان لە دەستی هێزەی پێشمەرگەدا بوو، عوسمان بەوپەڕی تواناوە گیروگرفتەکانی خەڵکی چارەسەر دەکرد. هەر بۆیە لەم بوارەشدا توانی متمانە و ڕێز و خۆشەویستیی خەڵک و هاوڕێیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. هەروەها ئەگەرچی عوسمان کادری سیاسی بوو، بەڵام هەرکات شەڕ لە نێوان هێزی ڕێژیم و پێشمەرگەدا ڕووی دەدا زۆر زوو خۆی دەگەیاندە بەرەکانی شەڕ و شانبەشانی پێشمەرگە شەڕی دەکرد. هەست کردن بە مەسئولیيەت، بردنەسەری ئاگای سیاسی، خاکی وخەڵکی بوون، بوێری و سەراحەت قسەکردن، لەسەرەخۆ و بەئەخلاق، فێربوون و فێرکردن لە تایبەتمەندییەکانی ناوبراو بوو.

بە دەستپێکردنی هێرش بۆ سەر شاری بۆکان لەسەر داخوازی خۆی چووە نێو هێزی پێشمەرگە و لە هێزی بەیاندا سازمان درا و لە شەڕەکانی ناوچەدا بەشداریی چالاکانەی کرد. ئەو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوە دابوو. ئازایەتی و فیداکاری عوسمان بوو بە هۆی ئەوە سەرەتا وەک سەرپەل دیاری بکرێ و بە سەرپەلیی عوسمان چەندین عەمەلیاتی قارەمانانە لە ناوچەی بۆکان بەڕێوە چوو هەتا ئەو ئاستەی کە بە فەرماندەری لکی ٣ی هێزی بەیان دیاری بکرێ. ئەو لە شکاندنی ستوونی ٨٠١ی شیراز، شەڕە حەماسیەکانی نێو شاری بۆکان، شەڕی جادەی بۆکان ـ مەهاباد، جادەی سەقز ـ بۆکان، گرتنی



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

مۆڵگەی قۆچاغ و شەڕی شاریکەند و چەندین شەڕی گەورە و بچووکی دیکەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو. لەشەر لەگەڵ دوژمن چەند جار بریندار بوو بە تایبەتی لە نێو شاری بۆکان کە برینداریش بوو ئازایەتی ناوبراو هیچکات لەبیر ناچێتەوە.

عوسمان دادخا لە بەهاری ١٣٦٢دا بوو بە جێگری هێزی هەژار سەر بە دەفتەری سیاسی. دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکرات بەو ناسینەوە لە عوسمان دادخای هەبوو، دوای شەهیدبوونی فەرماندەری قارەمان ئێقبالی کەریمنەژاد ئەوی بە فەرماندەری هێزی شەریفزادە دیاری کرد و عوسمان بەرەو ناوچەی سنە وەرێ کەوت. عوسمان بە ئاواتەوە بوو لەو مەیدانە نوێیەشدا لێهاتوویی و قارەمانەتیی خۆی نیشان بداتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو دەرفەتەی دەست نەکەوت و تازە دوو مانگ لە تێکۆشانی عوسمان دادخا لە هێزی شەریفزادە تێدەپەڕی کە تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستان بوو.

ڕۆژی ١٨ی خەزەڵوەر عوسمان دادخا لەگەڵ 6 کەس لە هاوسەنگەرانی بۆ شناسایی پێگە و دامەزراوەکانی ڕێژیم دەچنە ناوچەی حوسێناوای سنە. لە گەڕانەوەدا شەویان بەسەردا دێ و لە گوندی "کێلەچەرموو" دەمێننەوە. بەداخەوە بە هۆی خۆفرۆشانەوە دوژمن پێیان دەزانێ و سەعات ٣ی نیوەشەو دەوری ئەو گوندە و بەتایبەتی شوێنی مانەوەیان دەدەن و هەوڵ دەدەن بەدیلیان بگرن. بەڵام ئەوان کە لە مەکتەبی دێموکراتدا فێری خۆڕاگری بوون، کەرامەتی شۆڕشگێڕییان بە هیچ نەگۆڕیەوە، بۆیە سەنگەریان لە دوژمن گرت و کەوتنە شەڕێکی نابەرانبەر لەگەڵیان. پاش سەعات و نیوێک شەڕی دەستەویەخە بەداخەوە عوسمان دادخا (فەرماندەری هێز) لەگەڵ ٦ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی سەید ئەمیری عەبدی (فەرماندە لک)، محەممەد ڕەحیمی (جێگری لک)، سەید خالید حوسێنی (سەرپەل)، سمایل ناسری (پێشمەرگەی ئەرکانی هێز)، وەستا ساڵح ناسری (پێشمەرگە)، محەممەد ساڵح تەهماسبی (پیشمەرگە) شەهید بوون و ڕێگای خەباتیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد.

**هەرچەند شەهیدبوونی داوابەدوای دوو فەرماندەر لە ماوەی سێ مانگدا بۆ پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە داخێکی زۆر گران بوو، بەڵام پێشمەرگەکانی ناوچەی سنە نەک وەرەیان بەرنەدا، بەڵکوو چەندین عەمەلیاتی ئازایانەیان بە یادی ئەوان بەرێوە برد و یادی فەرماندە شەهیدەکانیان هەمیشە زیندوو ڕاگرت.**

٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# پەیڤی ژن لە "کوردستان"



کوردستان

دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان :

ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان، بۆ ئێستای دەسەڵات‌و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیش، ڕێنوێن و جێی فێربوونن



**ئاسۆ مینبەری**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک حیزبێکی مۆدێڕن بە درێژایی مێژووی خۆی گرنگیی تایبەتی بە پرسی ژنان داوە و بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی داوە لە چوارچێوەی بەرنامە و دیسکۆرسی خۆیدا، پێناسە بۆ ژنان، ئەرک و مافەکانیان و هەروەها ڕۆڵ و پێگەیان لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا بکات.

باسکردن لە قۆناغە مێژووییەکان بۆ سەلماندنی ئەم بایەخدانە بابەتێکە بە چاوخشاندنێک بەسەر مێژووی حیزبی دێموکرات و ئەو بەڵگە و دێکۆمێنتانەی کە لە ماڵپەڕ و مێدیای ئەم حیزبەدا هەن و ئارشیف کراون بە ڕوونی دەردەکەوێ. هەر لە سەرەتای دامەزرانی ئەم حیزبەوە پرسی ژنان لە چوارچێوەی بەرنامەی ئەم حیزبەدا گرنگیی پێ دراوە و دەرفەت بۆ بەشداری و وەئەستۆگرتنی ئەرک لە لایەن ژنانەوە و لە ڕاستای ئامانج و دوورەدیمەنی ئەم حیزبە بۆ داهاتووی کوردستان ڕەخساوە.

ژنان لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی ئەم حیزبەدا و بەپێی هەلومەرجی زاڵ بەسەر ژینگەی خەباتەکەدا، ڕۆڵی جیاواز و گرنگیان گێڕاوە؛ لە هەندێ قۆناغدا چەکیان لە شان کردوە و لە سەنگەردا پارێزگارییان لە خاک و نیشتمان کردوە و لە هەندێ قۆناغیشدا، پاڵپشتێکی قایمی سەنگەر بۆ خەباتکاران و پێشمەرگەکانی حیزب بوون، لە هەندێ قۆناغدا خەباتی ژنان تەنیا لە چوارچێوەی خەباتی چەکداریدا مانا کراوەتەوە و لە هەندێ قۆناغیشدا ئەم خەباتە چووەتە چوارچێوەی خەباتی مەدەنی و ڕۆشنبیرییەوە و هەندێ جاریش شێوازەکانی خەبات بە تێکەڵاوی بۆ ژنان بەرەوپێش چووە.

بە دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوییەوە و پاشان دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا، خەبات و تێکۆشانی ژنان قۆناغێکی نوێی بەخۆیەوە بینی.

ژنان لەم قۆناغە نوێیەدا، سەرەتا خۆیان لە چوارچێوەی یەکیەتیی ژناندا بینییەوە و دواتر ئەم ڕێکخراوەیە بوو بە دەرفەتێک بۆ ئەوەی کە ژنان هەنگاوی گەورەتر بۆ گەشەکردن و پێگەیشتن لە گۆڕەپانی خەباتەکەدا هەڵبگرن. لەو سەردەمەدا کە ئاستی خوێندەواریی ژنان زۆر زۆر نزم بوو، ڕۆژنامەی کوردستان توانی ببێتە سەکۆیەک بۆ ئەو ژنانەی کە توانیبوویان لەو سەردەمە تاریکەدا کە بەسەر ژناندا زاڵ بوو، خۆیان ببیننەوە و بە نووسین و هاوکاریکردن لە ڕۆژنامەی کوردستاندا، دەنگی خۆیان بە ژنان و بەتایبەتیش بە کۆمەڵگەی نەریتی و نەخوێندەواری ئەو کات بگەیەنن. بۆیە جێگای خۆیەتی کە یادێک لە یای کوبرا عەزیمی بکرێتەوە کە وەکوو یەکەمین ژن لە ڕۆژنامەی کوردستاندا، بە دەستبردن بۆ قەڵەم پێگەی بۆ ژنان دیاری کرد و بوو بە سەرباشقەیەک بۆ ژنانی ڕزگاریخوازی دوای خۆی.

لە قۆناغەکانی دواتری خەباتی حیزبی دێموکراتدا، ڕۆژنامەی کوردستان وەک زمانحاڵی فەرمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ هەموو ڕووداو و بڕگە مێژووییەکان، لەگەڵ هەموو کەند و کۆسپ و هەوراز و نشێوەکانی سەر ڕێگای خەبات، هەم نوێنگەیەک بۆ باسکردن لە پرسی نەتەوایەتی بوو و هەم باشترین سەکۆ بۆ هێنانەگۆڕێی پرسەکانی تایبەت بە ژنان. لە ٨٠ ساڵی ڕابردوودا، بە سەدان پرس و بابەتی جیاواز سەبارەت بە دۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی

رێبەندانی ٢٧٢٥

کوردستان و ئەو ستەم و نایەکسانییەی کە ژنان لە لایەن دەسەڵاتە پاوانخوازەکانەوە بەرەورووی بوونەتەوە لە "کوردستان"ەوە و بە قەڵەمی ژنانی تێکۆشەری کوردستان بە گوێی خەڵک گەیشتوون و باسیان لێ کراوە.

لە درێژەی هەمان ڕێچکەی پیرۆزدا، لە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاویدا و لە حەفتاوچوارەمین ساڵوەگەڕی دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیەدا، ستوونی "وێستگە" بە مەبەستی گرنگیدانی زیاتر بە پرسەکانی ژنان لە ڕۆژنامەی کوردستان دەستی بەکار کرد. یەکەمین وتاری وێستگە، بە ئاوڕدانەوەیەک لە ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨ و گرنگیی ڕۆڵی ژنان لە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکاندا و لەژێر ناوی "ژنان قورسایی بە جووڵانەوە دەبەخشن" بڵاو کرایەوە. لەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا و لە ٨٠ ساڵەی دەرچوونیدا، سەد و چلەمین ژمارەی وێستگە بڵاو دەکرێتەوە. لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا وێستگە هەوڵی داوە هەموو پرسە پێوەندیدارەکان بە ژنان و بەتایبەتیش نوێترین ڕووداو و پێشهاتەکان بخاتە بەر باس. لە یاسا دژەمرۆییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، هەتا ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و ڕووداوە مێژووسازەکانی شۆڕشی ژینا، قارەمانەتیی ژنان و کچانی نیشتمان وەک زارا محەممەدی و موژگان کاوسی و ژینا مودەڕس گورجی، هەتا قوربانیبوونی ژنان بە دەستی سیستەمی ئیدئۆلۆژیکی پیاوسالار و بە سەدان بابەتی دیکە.

لە هەموو وتارەکانی وێستگەدا هەوڵ دراوە وەک لە دیسکۆرسی حیزبی دێموکراتدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، باس لە پرسەکانی یەکسانی و دادپەروەری و پاراستنی کەرامەتی ژنان و ڕەچاوکردنی مافەکانیان وەکوو بەشێکی سەرەکی و گرنگ لە کۆمەڵگە بکرێتەوە. وێستگە هاوکات لەگەڵ باسکردن لە ئازارەکانی ژنان، هەوڵی داوە دڕ بە تارماییەکان بدات و زۆرجار بە دروستکردنی پرسیار بۆ خوێنەر، زیاتر بیخاتە نێو دەریای قووڵی زانینەوە.

**"کوردستان" و "وێستگە" لەم ساڵانەدا هەوڵیان داوە، سەکۆیەک بۆ گەیاندنی دەنگی ژنان بن و بێگومان ئەم ئەرکە قورسە لە قۆناغەکانی دواتری خەباتیشدا هەر بەردەوامە و ئەوە دەخوازێ کە ژنانی ڕۆشنبیر و ئاگا و وشیاری کۆمەڵگە، "کوردستان" وەک پێگەیەک بۆ گەیاندنی دەنگی هەقبێژیی خۆیان بەرانبەر بە کۆمەڵگە ببینن.**

٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# چەکدارە دڵڕەشەکان و تەماویکردنی چارەسەرە سیاسییەکان





د. ڕەحیم سورخی

میدیای عەرەبیی شۆڤینی، بەکارهێنانی ئیسلام لە پێناو عروبە و پیرۆزکردنی فەرمانە حکومییەکان بە ئایەتەکانی قورئان، گێڕانەوە و سەرچاوە ئایینییەکان ڕەوایەتیی کۆمەڵکوژکردنی کوردیان لەگەڵ ئەزموونە تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی عەرەب یەک خستووە و کاری ئێمەیان زۆر زەحمەت کردووە. هەمیشە لایەنی بەرانبەرت گرنگە کێ بێت، چ

دنیابینییەکی هەیە، پرینسیپەکانی چین، تا لای کەم بتوانیت پێشبینیی سنوورێک لە ڕەفتارەکانی بکەیت.

هیوادارم ئاگربەستە ١٥ ڕۆژەکە بەبێ شەڕ بەردەوام بێت و نوێش بکرێتەوە. بەتایبەتی لەکاتی پێکدادانی ئەمریکا و ئێراندا ڕۆژاوا و حکوومەتی نوێی سووریە لە ئاگربەستدا بن. ئەگەری زۆرە لەکاتی شەڕی ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیلدا دەوڵەتی عەرەبیی سووریە و تورکیە هێرش بکەنە سەر ڕۆژاوا. لە کاتێکی وەهادا جیهان سەرنجی لەسەر ڕۆژاوا لادەچێت، میدیای نێودەوڵەتی ڕووماڵی میدیایی کوردستان دەخەنە پەراوێزەوە و دەنگی کورد وەک پێویست بە جیهان ناگات.

قسەکانی نوێنەری دەرەوەی عەرەبیی سووریە، محەممەد ئەحمەد، بەو پەنجە ڕاوەشاندن و تۆن و شێوازی ئاخاوتنەیدا هیچ مەجالێک ناهێڵێتەوە و شتێک وەک قەوارەی کوردی ناهێڵێتەوە. دیارە ئەوە پێشتر حکوومەتی خۆسەریش لە ڕۆژاوا بە ناوی «باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریە»وە ئەو ناسنامەیەی لە کورد ستاندبووەوە، بەڵام ئەمجارە جیاوازییەکەی ئەوەیە «دێموکراتیک»ەکەشی کە گەرەنتیی مانەوەی هێزەکانی هەسەدە تەنانەت وەک تاکیش بکات، نامێنێت و بە وتەی ئەم بەرپرسە سووریەیە، بەس سووریە دەمێنێت.

لە پاش کۆمەڵکوژییەکانی حەلەب، ئێستا بەپێی وتەکانی بەڕێز خاتوو ئیلهام ئەحمەد، هێزی حکوومەتی نوێی سووریە (تیرۆریستەکانی دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەینێش) بە سەدان شەڕڤانی هەسەدە کە گرتوویانن لە دێرزوور، تەبقا و ڕەقا دەستبەجێ شەهیدیان کردوون. ئەوانە خێزانی کوردیان بە ورد و درشتیش کۆمەڵکوژ کردوون. ئەم هەڵسوکەوتە دڕندانەیە هیوای ئاسۆی چارەسەرێک تەنانەت بەپێی مەرسوومە ١٣ خاڵەکەی ئەحمەد شەرعیش تاریک و تەماوی دەکات.

تەنیا هێزێک لە دەرەوە دەتوانێت بەربەست بێت لەبەردەم قڕکردنی کورد، چونکە ئەو هێزە بەربەرە بێسەروبەرەی جۆلانی، کە ئەزموونی ١٥ ساڵ کوشتار و توندوتیژیی بەشانەوەیە، کۆنترۆڵ ناکرێت و تێکەڵاوکردنی تاکەکەسییانەی هێزەکانی هەسەدەش لەو هێزانەدا، بە هیچ شێوەیەک ڕێگر نابێت لەو بیرەوشتییانەی ئەو هێزانە دەینوێنن. هەر یەکەم کەسەکانی دەکەونە بەر ئەو پاکتاوە لە پێشدا ئەو هێزانە دەبن. ئەو ڤیدیۆیانەی ئەوان لە کردەوە تاوانکارییەکانی خۆیان (کەزیبڕین، گوێبڕین، سەربڕین) بڵاوی دەکەنەوە، هەستی حەز و چێژ و خۆشحاڵییەکی تایبەتیی لەگەڵدایە کە بۆ هەر مرۆڤێکی ئاسایی زۆر نامۆ و تۆقێنەر دێتە بەرچاو.

بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، پڕکردنی سۆشیاڵ میدیا و میدیای جیهانی لە کارنامەی کردەوە نامرۆڤییەکانی هێزەکانی دەوڵەتی عەرەبیی سووریە و بەڵگاندنیان بۆ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی دەتوانێت کار




سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

بکاتە سەر ئیدارەی سیاسیی ئەمریکا. پێویستە خەڵکی باکووری کوردستان، دەم پارتی، کەسایەتی و مامۆستایانی ئایینی خەڵک بهێننە سەر شەقام لە ئەستەنبوڵ و شارەکانی تر و ڕێگە نەدەن تورکیە لەو دۆخە شیمانەکراوەی شەڕی ئێران و ئەمریکادا بحەسێتەوە و لە پیلانەکانی بۆ بە چۆکدا هێنانی ڕۆژاوا سەرکەوتوو بێت.

٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا (١٩٤٥ - ١٩٩٠)





کوێستان نستانی

د. هۆشمەند عەلی

**(ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکرات لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ - ١٩٩٠، بەشی سێهەم و دەرەنجام)**

دەتوانین بڵێین ژنان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا هاوشانی پیاوان لە چالاکییە چەکدارییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەکان لە بەرەکانی شەڕدا بەشدار بوون و چەندین ژنیش گیانیان سپاردووە. بێجگە لە بواری سیاسی و چەکداری، لە بواری



سەرچاوە
Serchawe

تەندروستیش ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە. ئەمەش دوای ئەوەی کە حیزبی دێموکرات گرنگیی زۆری داوە بە دامەزراندنی نەخۆشخانە و بواری تەندروستی و پزیشکانی نەخۆشخانەش بە پێداویستییەکی زۆر کەمی پزیشکییەوە چەندین نەشتەرگەریی جۆراوجۆر و قورسیان بۆ بریندار و نەخۆشەکان ئەنجام داوە (بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی ١ - ٩، ب١، ١٩٩). هەر لەو بارەوە ماپەرە قەرەگۆلی دەڵێ: "ژنان لە سەنگەرەکاندا و لە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستیدا زۆر چالاک بوون. منیش پێشتر لە پشووی هاوینی ساڵی ١٩٧٨دا لە نەخۆشخانەی پیرانشار دەورەی دەرمانیم بینیبوو، کاتێک شاری شنۆش لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوو لە نەخۆشخانەی ئەو شارە دەورەی مامایم بینی، کە لە لایەن چەند دوکتورێکی فەرەنسیی ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور دانرابوو. لە ساڵی ١٩٨٢ بۆ بەشداربوون لە دەورەیەکی پەرستاری بۆ ماوەی شەش مانگ ڕوومان لە وڵاتی فەڕانسە کرد. دوای گەڕانەوەمان بۆ کوردستان لە نەخۆشخانەی شۆڕش کارم کردوە. لە قەندیلیش لەگەڵ هاوڕێ ئیسماعیلی لە بەشی مامانی هاوکاریی یەکتری بووین" (قەرەگۆلی، سۆئێد لە ڕێگەی واتساپ، ٢٣ - ٦ - ٢٠٢٤). هەروەها هاوڕێ ئیسماعیلی دەڵێ: "کاتێک لە بواری تەندروستی کارم کردوە لە سەرەتادا ڕێگری هەبوو، هەرچەندە بە بواری لێکۆڵینەوەشدا تێپەڕیبووم، بەڵام بەهۆی ئەوەی تازە هاتبوومە ناو حیزب و (حیجابیش) بووم، تەنانەت تۆزێک لێم بەگومان بوون. دواتر لە ڕێگەی دوکتور (مراد) دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد و پرسیارکردن لە (عەزیم ئەفسەر) کە بەرپرسی لاوان بوو، نامەیەکی بۆ نووسیم و چووم بۆ نەخۆشخانە و دەستم بە کاری دەرمانی لە بەشێک کە پێیان دەگوت ئۆرژانس (تەواری) کرد. دواتر بەهۆی تۆپبارانکردنی نەخۆشخانەی حیزب لە (کانیە زەرد) لە ساڵی ١٩٨٤ هاتینە (دۆڵی کانیە ڕەش)، ئەوەی لە بیرم ناچێتەوە ئەو شەوە ژنێکی دووگیانیان هێنا و دوای لەدایکبوونی منداڵەکەی ناچار هەر بەیانی بەڕێمان کردەوە. ئێمەی ژنانی پێشمەرگە لە بواری تەندروستی چەند ژن و کچێک بووین وەک: (ماپەرە قەرەگۆلی، نەسرین سۆفی زادە، شەهلا سۆفی زادە و داگوڵ کچی ڕەحمان سوور). لە ساڵی ١٩٨٤ جارێکی دیکە نەخۆشخانەی حیزب تۆپباران کرا و هاتینە باشووری کوردستان و دوای جێهێشتنی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی فشارەکانی ڕێژیم، هەرچەندە نەمانتوانی تەواوی کەلوپەلەکان بێنین، بە هێنانی چەند کەلوپەلێکی کەمی بواری تەندروستی هاتینە (کارێزە) لە شاری (سلێمانی)، لەوێ خوێندنگایەکی چۆڵمان ئاوەدان کردەوە و بەشەکانی نەخۆشخانەمان لەوێ دانا. دیارە ئەو نەخۆشخانە لەگەڵ ئەوەی هی حیزبی دێموکرات بوو، بەڵام زۆربەی جار بەنهێنی پێشمەرگەکانی باشووری کوردستانمان لێ چارەسەر دەکردن و تەنانەت زۆرجار بەعسییەکان دەهاتن پشکنینیان دەکرد، بەڵام هیچ جارێک پێشمەرگەیەکی باشووریان لەو نەخۆشخانەیە دەست نەکەوت. بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە ناوچەی کارێزە ماینەوە. ساڵی ١٩٨٧ نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە حیزبی دێموکرات لە لایەن ڕێکخراوێکی فەڕەنسی بە ناوی (ئامی و میدیسۆن) دروست کرا، بۆیە لە کارێزە گواستمانەوە بۆ ئەو نەخۆشخانەیە. من کەوتمە بەشی زایمان و لەوێ لە لایەن دوکتورە فەڕەنسییەکان زۆر هاوکاری دەکرام بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکەم لە بواری زایمانی. ئەمە سەرەتای کارکردنم بوو لە بەشی زایمانی و لەگەڵ خەدیجە ڕۆستەمی و ماپەرە قەرەگۆلی لە قەندیل بەیەکەوە لە بواری مامانی و لەدایکبوون کارمان

کردوە" (ئیسماعیلی، کۆیە، ٢٣ - ٦ - ٢٠٢٤). ئەوەی جێگای بایەخە لەگەڵ هەموو ئەو بارودۆخانەشدا یەکێکی دیکە لەو بوارانەی ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتدا نەخش و ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە، بواری پەروەردە و فێرکردن بووە، کە هاوکات لەگەڵ درێژەدان بە سیاسەتی شەڕ و داگیرکردنەوەی ناوچەکانی کوردستان لە لایەن دەوڵەتی ئێران لە ساڵانی ١٩٨٠ - ١٩٨١دا و هەوڵی دوورخستنەوەی ڕۆڵەکانی کورد درا لە خۆپێگەیاندن و پەروەردەکردنیان، بۆ ئەم مەبەستەش بە مەبەستی پاکسازی هەوڵی داخستنی خوێندنگە و ناوەندە پەوەردەییەکان درا. بە مەبەستی ڕێگریکردن لەم بارودۆخە نەخوازراوە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بەشێک لە قوتابخانەکان کرانەوە و لە لایەن بەشێک لە مامۆستایانی نێو شۆڕش، کە زۆربەیان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوون و پێیان دەگوترا "مامۆستایانی شۆڕش"، شانبەشانی ئەرکی پێشمەرگایەتی ئەرکی مامۆستایەتییان بەڕێوە دەبرد و وانەیان بە زمانی کوردی گوتۆتەوە (مەحموود، ٢٠١٢، ١٥٣). لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٠ - ١٩٨١ لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێک لە قوتابخانەکان کە بە هاوکاری و تێکۆشانی لێپرسراوان و ئەندامانی حیزبی دێموکرات کراونەوە و هەر لەو کاتەدا داوا لە ڕووناکبیران و خوێندەواران کراوە هاوکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بن لە پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستا و خوێندکاران و ڕووناکبیران کە لە کچ و کوڕ پێکهاتبوو لە هەوڵی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیاندا بوون (بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی ١ - ٩، ب١، ل٢٠٢). لە هاوینی ساڵی ١٩٨٢دا کۆڕی پەروەردە و فێرکردن لە سەرانسەری کوردستان و ناوچە ئازادکراوەکان خولی پێگەیاندنی بۆ چین و توێژەکان دەکردەوە و بۆ ئەو کەسانەی ئارەزووی مامۆستایەتییان هەبوو لە قوتابخانەکانی شۆڕشدا (حەسەنزادە، ١٩٩٥، ب١، ٢٦٣). هەر لەو بارەوە گەوهەر شێرخانی دەڵێ: "حیزبی دێموکرات ئەگەرچی بەربەستی زۆری لەبەردەم بوو، هەمیشە گرنگی بە بواری پەروەردە داوە. گرنگترین خزمەتێک کە حیزبی دێموکرات بە ڕەگەزی مێی کوردی کرد گێڕانەوەی ئیرادە و باوەڕبەخۆبوون بۆ ژنان بوو" (شێرخانی، هەولێر، ٢٣ - ٦ - ٢٠٢٤). هەروەها ماپەرە قەرەگۆلی دەڵێ: "دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ پاش ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەستی بەسەر شارەکاندا گرتەوە و بەهۆی ئەندامەتیم لەو ڕێکخراوی سازمانی جەوانانی کورد (ڕێکخراوی لاوان) من و چەند هاوڕێیەکی تر وەک مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانە وانەمان گوتۆتەوە" (قەرەگۆلی، سۆئێد لە ڕێگەی واتساپ، ٢٣ - ٦ - ٢٠٢٤). هەر لەو بارەوە عیسمەت نستانی دەڵێ: "ئەرک و بەرپرسیاریەتیم لەنێو حیزبی دێموکرات لە ساڵانی هەشتاکان لە کۆمیتەی سەردەشت لە ڕێکخراوی ژنان و لاوان بووە. هەرچەندە خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی بووم، بەڵام وەک مامۆستای ڕاهێنراو وانەم بە گەورەساڵان دەگوتەوە. ئەوکات کار و چالاکیی ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان بەرنامەدانان بۆ بەڕێوەبردنی بۆنە نەتەوەییەکان و ڕۆژمێرە مێژووییەکانی حیزبی دێموکرات و لە پاڵ ئەوەشدا گرتنی کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ لاوان و ژنان و کچان و دەرکردنی ڕۆژنامەی دیواری و دانانی دەورەی نیزامی و تەندروستی و پەروەردەیی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدان بۆ فێرکردن و خوێندەوارکردنی کچان و ژنان بوو، بۆ نموونە لە گەڕەکی بولواری شاری سەردەشت لە بینای (خانەی موعەلیمان) توانیبوومان خوێندنگایەکی

تایبەت بە گەورەساڵان بکەینەوە و زیاتر ئەو کچانە دەهاتن کە پێشووتر دەرفەتی خوێندنیان بۆ نەڕەخسابوو. هەرچەندە بەهۆی شەڕی داسەپاو بەسەر کوردستاندا کار و چالاکییەکانمان ڕۆژ بەڕۆژ بەرتەسکتر بۆوە، بەڵام ئەرکە پەروەردەییەکان جێگای خۆیان گرتبوو" (نستانی، کۆیە، ٣٠ - ٦ - ٢٠٢٤). لێرەدا دەکرێ بگوترێت ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستان جگە لە هەوڵدان بۆ مافە سەرەتاییەکانیان و ئازادییە ڕەگەزی و نەتەوەییەکانیان، لە بواری پەروەردە و فێرکردنیشەوە ئەرک و بەرپرسیاریەتیی گرنگیان لەسەر شان بووە و بەڕێوەیان بردوە. پێویستە ئەوەش بخرێتە ڕوو، زۆرجار لە لایەن ڕێکخراوەکانەوە و خودی حیزبی دێموکراتیشەوە کۆڕی پەروەردە و فێرکردن لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان هەبووە و گرنگیی زۆریش بە خولی پێگەیاندن و پەروەردەیی دراوە.

## دەرەنجام:

١- دەستپێکی یەکەمین خەباتی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا و هاتنیان بۆ نێو ژیانی سیاسی و فەرهەنگی و پەروەردەیی و بەدواداچوون بۆ داخوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە مێژووییەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕووی دا، کە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو. ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لەو قۆناغەدا بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیی یەکیەتیی ژنان خۆی بینیوەتەوە، کە زیاتر جەختکردنەوە بووە لەسەر مافەکانی ژنان و هۆشیارکردنەوەیان لەسەر پرسەکانی خوێندەواری تا ئەوەی هەوڵدان بووبێ بۆ کاری حیزبی و سیاسی لەسەر ئاستی سەرکردایەتیکردن.

٢- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی ئەرکی نەتەوەیی و بەڕێوەبردنی وڵاتی لەئەستۆ بووە و لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هەوڵی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەی داوە و لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانیدا باسی لە بەشداریی ژنان لە پرسە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا کردوە، بەڵام لەم ڕووەوە ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتدا زۆر کەم لە ئاستی بڕیاردان بینراون.

٣- هەرچەندە لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات، ژن گەیشتۆتە ئاستی سەرکردایەتی، بەڵام بەهۆی ناکۆکیی نێوخۆیی حیزبی و جیابوونەوەیان لە کاری حیزبی دوورکەوتوونەتەوە، دوای ئەو کاتەش تا کۆنگرەی یازدە و چواردە ژنان لە ئاستی سەرکردایەتی نەبینراون.

٤- ژنان جگە لە خەباتی سیاسی، لە بواری ڕێکخستن و حیزبییەوە بەشدار بوون و لەم ڕێگەیەشەوە زۆرجار بەهۆی



سەرچاوە
Serchawe

رێبەندانی ٢٧٢٥

ئاشکرابوونیان و گرتن و ئەشکەنجەدانیان بەشێکیان ڕووبەڕووی مەرگ بوونەتەوە و بوونە قوربانی.

٥- پرسی یەکسانیخوازیی ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتدا لە دوای پرسە سیاسی و نەتەوەییەکان هاتۆتە بەرباس و ئەم پرسەش تەنیا لە چوارچێوەی گوتاردا خراوەتە ڕوو و ماوەتەوە، ژنانیش لەم ڕووەوە کەمتەرخەم بوون.

٦- ژنان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا شانبەشانی پیاوان ڕۆڵ و بەشداریی کارایان لە بواری چەکداری و پێشمەرگایەتیدا هەبووە و لە زۆربەی هێز و پۆلە جیاوازەکانی ژنان بوونیان هەبووە و بەشێکیان لە دەستە و تاقمە هێرشبەر و بەرگرییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەشدا خەباتی چەکداری و پێشمەرگانەیان کردوە، بەڵام زۆرینەی ئەرک و ڕۆڵیان لە بارەگاکانی حیزب و پاسەوانیدا بووە.

٧- ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو ئەرکیان لەسەر بووە و هەوڵیان بۆ داوە: ئەرکی نەتەوەیی و هەڵاواردنی ڕەگەزی بووە و لەژێر کاریگەریی ئەو هزرەشدا بێجگە لە خەباتی چەکداری کە دەستپێکی ئەرکیان بووە، لە چەندین بواری دیکەی وەک پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەکانی شۆڕش و نەخۆشخانەدا نەخش و ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە.

٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# بەردەوامیی پاڵپشتیی ئەمریکا بۆ کورد، پرێستیژ و متمانەی نێودەوڵەتیی بۆ دەستەبەر دەکات






**عەزیز مەعرووفی**

سەرئەنجام پاش نۆ مانگ لە مشتومڕ لەسەر ڕێککەوتنی نێوان هێزەکانی سووریەی دێموکرات (هەسەدە) و حکوومەتی کاتیی سووریە - کە لە ١٠ی مارسی ٢٠٢٥ بۆ تێکەڵکردن و یەکخستنی هەسەدە لەگەڵ هێزەکانی حکوومەت واژۆ کرا - بەڕێوەبەریی خۆسەری ڕۆژاوای کوردستان ڕووبەڕووی شەڕپێفرۆشتنی هێزەکانی سووریە بووەوە.

لە نووسینەکانی پێشوودا ئاماژەمان بەوە کردبوو کە ڕێککەوتنی ١٠ی مارسی ٢٠٢٥ بە ڕێنوێنیی عەبدوڵا ئۆجەلان و لە چوارچێوەی پرۆسەیەکدا هات کە بە "پرۆسەی ئۆجەلان - باخچەلی" ناومان بردبوو. بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە، دەبوو هێزەکانی هەسەدە تێکەڵی نێو سوپای حکوومەتی کاتیی سووریە بکرێن و لە بەرامبەردا کوردەکان لە سووریەیەکی یەکگرتوودا هەندێک مافی سەرەتاییان پێ بدرێت. لە ماوەی ئەم نۆ مانگەدا دەبینین حکوومەتی سووریە هیچ هەنگاوێکی لەو پێناوەدا نەناوە؛ نەک هەر ئەوە، بەڵکوو لە بەکارهێنانی زمانی هەڕەشە و ئاستەنگدروستکردن نەپەرینگاوەتەوە. هەروەها ڕاستەوخۆ لەلایەن تورکیەوە هاندراوە تا بە هێرشی بەربڵاو و پیلانبۆدارێژراو پەلاماری ڕۆژاوای کوردستان بدات. حکوومەتی کاتیی سووریە لەژێر دەسەڵاتی ئەحمەد شەرع و بە هاوکاریی گرووپە توندڕەوەکان، لە ٨ی ژانویەی ئەمساڵدا، سەرەتا لە دوو گەڕەکی "ئەشرەفیە" و "شێخ مەقسوود" و پاشان بەرەو قووڵایی ڕۆژاوای کوردستان هێرشەکانی دەست پێکردەوە. بەو هۆیەوە ڕۆژاوای کوردستان چەندین ڕۆژە لەژێر گەمارۆیەکی توندی هێزەکانی سووریەدایە. ئەو هێزە بێبەزەیی و دڵڕەقانە، دوور لە هەموو یاسا و نەریتێکی سەردەم، پەلاماری ماڵ و حاڵی کورد دەدەن، ژن و منداڵ دەکوژن و بێڕێزی بە تەرمی کچ و کوڕانی شەهیدی کورد دەکەن. هەروەها لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیەکی سەختیان خستووەتە سەر دانیشتوانی شارەکان و خەریکن کورد لەژێر تەوژمی بەفر، سەرما و برسیەتیدا قڕ دەکەن. ئەم هێرش و شەڕپێفرۆشتنە ئەگەر لە ڕووکەشدا هی حکوومەتی کاتیی سووریە بێت، لە نێوەڕۆکدا پیلانێکی داڕێژراوی تورکیەیە. زۆر ڕوونە کە دەوڵەتی تورکیە هەر لە سەرەتاوە ڕێگەی نەداوە تەنانەت ئەم ڕێککەوتنەش بە ئاراستەی خۆیدا بڕوات، بەڵکوو بەردەوام کۆسپی خستووەتە ڕێ و ئاژاوەی ناوەتەوە.

ڕۆژاوای کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢وە خاوەن خۆبەڕێوەبەرییەکی خۆماڵییە. لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا، تووشی ئاستەنگی زۆر بوون و هەوراز و نشێوی زۆریان تاقی کردەوە؛ بە سەدان هەزار کەسیان ئاوارەی هەندەران بوون، بەڵام سەرکەوتنی مەزنیان تۆمار کرد و لەخۆبردووییەکی کەمویەنەیان نیشان دا. توانییان ببنە هاوبەشێکی گرنگ و جێی متمانەی هاوپەیمانیی دژی داعش کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێبەرایەتیی دەکرد. هەر لەو کاتەشدا هەڵەی مێژوویيان کرد، کە ئەویش بەستنەوەی چارەنووسی ڕۆژاوای کوردستان بوو بە پەکەکە و ڕێنوێنییەکانی عەبدوڵا ئۆجەلانەوە لە ساڵی ٢٠١١ و بەتایبەتی ڕێککەوتنی ١٠ی مارسی ٢٠٢٥.

ڕۆژاوای کوردستان لە ٢٠١٤وە، سەرەتا لەژێر ناوی پەیەدە، لە شەڕی دژی داعشدا پاڵپشتیی ئەمریکای بۆ لای خۆی ڕاکێشا. تێکشکاندنی داعش لە کۆبانی لەو بارەیەوە دەنگدانەوەیەکی جیهانیی لێ کەوتەوە. پاشان مەترسیی پەرەسەندنی شەڕ،

**زەمینەی پێکهێنانی دوو هاوپەیمانیی بۆ کورد ڕەخساند؛**



سەرچاوە
Serchawe

**یەکەم:** هاوپەیمانیی ناوچەیی لەگەڵ هۆزە عەرەبەکانی ڕەققە، دێرەزوور و دەوروبەری حەسەکە لەژێر ناوی "هێزەکانی سووریەی دێموکرات" (هەسەدە).

**دووەم:** هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە ڕێبەرایەتیی ئەمریکا، کە لەو سۆنگەیەوە هەسەدە بە هاوکاریی چڕی ئەو هاوپەیمانییە، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە هێرشی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە پاراست و پێشڕەویی کرد تا لە ساڵی ٢٠١٧دا خەلافەتەکەی داعش لە ڕەققە برووخێنن.

بەم جۆرە کوردەکان، وەک هێزێکی تۆکمە و بڕیاردەری ناو هەسەدە، بوونە هاوپەیمانی ئەمریکا لە چوارچێوەی شەڕی دژی داعشدا. ئەو هاوپەیمانییەش لای خۆیەوە هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە بینی. بۆ نموونە، ئیدارەی دۆناڵد ترامپ نەیویست هەندێک ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کورد لە ساڵانی ٢٠١٧-٢٠١٩ لە هێرشەکانی تورکیە بپارێزێت، کە نموونەی هەرە بەرچاوی داگیرکردنی عەفرین بوو. پشتتێکردنی ئەمریکا لە هەسەدە لە بەرامبەر تورکیەدا، تووڕەیی و نارەزایەتییەکی زۆری لەنێو بازنە سیاسییەکانی ئەمریکا، وڵاتانی ئورووپایی و بەتایبەتیش لەنێو کورداندا لێ کەوتەوە. ڕاگرتنی هەزاران چەکداری داعش و خێزانەکانیان لە گرتووخانەکانی هەسەدە، هێشتا ئەو هیوایەی بۆ کورد هێشتبووەوە کە واشینگتۆن وەک هاوپەیمانێکی دژی داعش لەگەڵیان بمێنێتەوە. تورکیە لە ماوەی ئەم ١٢ ساڵەدا دەیان کۆسپی بۆ ئەم هاوپەیمانییە دروست کرد و تا بۆی کرا لەگەڵ داعش مامەڵەی کرد بۆ ئەوەی هاوپەیمانان واز لە پاڵپشتیی کورد بهێنن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. کەچی ئێستا وا دێتە بەرچاو کە ڕووخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە ٨ی دێسامبری ٢٠٢٤، خۆرئاوابوونی ئەم هاوپەیمانییەی بەدوای خۆیدا هێنابێت. هاتنە سەرکاری حکوومەتی کاتیی سووریە بە پاشخانێکی جیهادی لەژێر دەسەڵاتی ئەحمەد شەرعدا، قۆناغێکی نوێی لە سووریە خوڵقاندووە؛ ئەو دەسەڵاتە لە هیچ ڕوویەکەوە سەربەخۆ نییە، هەر ئەمەش وای کردووە لە بەشێک لە خاکەکەی بۆ ئیسرائیل خۆشبێت و بۆ نیشاندانی وەفاداریی بۆ ڕابردووە جیهادییەکەی، ڕێک بە پێی ویستی تورکیە دژی کورد و داخوازییەکانی دەجووڵێتەوە.

وەک پێشتر ئاماژەی پێ درا، دەردەکەوێت ئەمریکا هاوپەیمانێکی زۆر پێداگر و مکوڕ نەبووە بۆ کورد و نەیویستووە کورد لە دەستوەردانەکانی تورکیە بپارێزێت؛ بۆیە ئەم دۆخەی ئێستا دوور لە چاوەڕوانی نەبوو. بەم جۆرە، هاوپەیمانیی دژی داعش و لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا، لە بەجێهێشتنی کورد و پێشێلکردنی متمانەی هاوپەیمانییەکەدا، کەمتەرخەم بوون. کوردەکان چ لە باشوور و چ لە ڕۆژاوای کوردستان، دۆست و هاوپەیمانی دڵسۆز، بەباوەڕ و کاریگەری هاوپەیمانان بوون. ئەگەر سوپای ئەمریکا لە ناوچە عەرەبییەکانی عێراق و سووریە ڕووبەڕووی بەرەنگاریی سەختی هێزەکانی بەعس و داعش دەبوونەوە، بۆ حەسانەوە ڕوویان لە کوردستان دەکرد. هێزەکانی ئەمریکا هیچ کات لە کوردستان نەکرانە ئامانج، بەڵکوو

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

بەپێچەوانەوە، لە ناوچە عەرەبییەکان بە دەیان جار سەربازەکانیان کوژران؛ تەنیا لە دێسامبری ٢٠٢٥دا، دوو سەرباز و هاووڵاتییەکی ئەمریکی لە پەلامارەکانی حکوومەتە جیهادییەکەی ئەحمەد شەرعدا کوژران. کورد هەمیشە وەک دۆست و میوان لە ئەمریکییەکانی ڕوانیوە و ئەمەش وای کردووە لە کوردستاندا لەوپەڕی ئارامی و تەناهیدا بمێننەوە.

کوردەکان لەسەر خاکی خۆیان و بۆ پاراستنی نەتەوەکەیان شەڕکەرێکی لێهاتوون. تەنیا لە ڕۆژاوای کوردستان زیاتر لە ١٢ هەزار شەهیدیان دا، لە کاتێکدا خوێن لە لووتی یەک سەربازی ئەمریکی نەهات بەدەستی کورد. ئەوان لە چوارچێوەی بەرگری لە خاک و کەرامەتیاندا هاوپەیمانی ئەمریکا بوون و هەرگیز ڕووی نەداوە کورد لەژێر سایەی ئەم هاوپەیمانییەدا هێرش بکاتە سەر گەلانی تر یان خەڵکی بێتاوان قەڵاچۆ بکات تا ئەمریکا پێی شەرمەزار بێت. بۆیە هاوکاریخوازیی کورد لە ئەمریکا یان هەر زلهێزێکی تر، وەک خاڵی لاوازی ئەم نەتەوەیە ئەژمار ناکرێت؛ چونکە ئەمریکا خۆی وەک پارێزەری دیموکراسی و ڕووخێنەری ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان دەناسێنێت و سروشتییە بۆ ئەم مەبەستە پشت بە نەتەوە چەوساوەکانی وەک کورد ببەستێت. قووڵکردنەوەی ئەم هاوپەیمانییە بۆ ئەمریکا نەک هەر کەمایەسی نییە، بەڵکوو بۆ ئەوەی مێژوویەکی درەوشاوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بۆ خۆی بنووسێتەوە و ئاشتیی بەرقەرار بکات، دەبێت بناغەی دۆستایەتییەکی پتەو لەگەڵ نەتەوەی کورد دابڕێژێت. بە دڵنیاییەوە ئەم ڕاستییە پرێستیژ و ناوبانگێکی گەورەی جیهانیی بۆ واشینگتۆن دەستەبەر دەکات، ئەگینا ئەوەی ڕابردوو ناونانی بە "پاڵپشتی و هاوپەیمانی" زۆر لە ڕاستییەوە دوورە.

٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لە ئێران: ڕاستییەکان و سیناریۆ دەستکردەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران





کامران ئەمین ئاوە

ڕاپەڕینی جەماوەریی ئەم دواییەی خەڵکی ئێران خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی هاوچەرخی ئەم وڵاتەدا؛ ڕاپەڕینێک کە لە لایەک، بناغەکانی خەلافەتی کۆماری ئیسلامیی هەژاندووە و لە لایەکی دیکەشەوە، بووە بە گۆڕەپانێک بۆ



سەرچاوە Serchawe

کەڵکوەرگرتنی بەشێک لە ڕەوتە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات. لەم نێوەدا پاشایەتیخوازەکان هەوڵیان داوە دەست بەسەر ئەو نارەزایەتییانەدا بگرن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان؛ لە کاتێکدا ڕاستیی کۆمەڵگەی ئێران ئەوە نیشان دەدات کە مەیلی پاشایەتیخوازی زۆرتر لەوەی کە ڕیشەی لە کۆمەڵگەدا هەبێت، دیاردەیەکی سنووردار و ویستی کەمینەیەکە کە لە لایەن مێدیاکانی سەر بە ڕەزا پەهلەوییەوە گەورە دەکرێتەوە. ئەم بزووتنەوەیە، بەتایبەت پاش پچڕانی بەربڵاوی بەرق، تەلەفۆن و ئینتەرنێت، ڕووبەڕووی سەرکوتی بێوێنە و توندوتیژیی هێزە نیزامی و ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی و هێزە نیابەتی و دەرەکییەکانیی وەک حەشدی شەعبی بووەوە.

هێشتا بە وردی ڕەهەندی ئەم سەرکوتکردنە و تاوانە ئەنجامدراوەکان بە تەواوی ڕوون نین، ئەمەش بەهۆی سنووردارکردنی توندی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و نەبوونی پشتڕاستکردنەوەی سەربەخۆیە. لەم هەلومەرجەدا، ڕێژیمی ئێران بۆ پاساوهێنانەوە و شەرعییەتدان بە کردەوە توندوتیژەکانی، پەنای بۆ سیناریۆی دووپاتکراوە و سواو بردووە. جارێکی دیکەش وەک سەردەمی ڕێژیمی ڕووخاوی پەهلەوی تیشکی خستووەتە سەر گریمانەی "دەستی بێگانە" و، بەرپرسیارێتیی کوشتنی نارازییان و توندوتیژیی هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆی دەخاتە ئەستۆی "تیرۆریستەکان و هێزە بیانییەکان."

فەرەح دیبا شاژنی پێشووی ئێرانیش لە بیرەوەرییەکانیدا بە ڕێبازێکی هاوشێوە ئاماژەی بە ڕۆڵی هێزە دەرەکییەکان لە نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی ساڵانی شۆڕشی ١٣٥٧ – ١٣٥٦ کردوە. بۆ وێنە لە پەیوەندی لەگەڵ خۆپێشاندانەکانی هەینی ١٧ی خەرمانانی ١٣٥٧، بە مەبەستی شەرعییەتدان بە سەرکوتکردنی خەڵک، نووسیویەتی:

"ئەرتەش کە چاوەڕێی خۆپێشاندەران بوو لە مەیدانی ژالە، فەرمانی وردی لە تیمسار ئۆوەیسی وەرگرتبوو. هەردوو گرووپەکە چەکدار بوون، و پێکدادان لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا حەتمی بوو. تەقەکەرانی فەلەستینی، کە بێ لەبەرکردنی جلوبەرگی فەلەستینی خۆیان لەنێو جەماوەری خەڵک یان لە سەربانەکان حەشار دابوو، تەقەیان لە سەربازەکان کرد و ئەوانیش بە ناچاری وڵامیان دایەوە. لەم پێکدادانانەدا ١٢١ خۆپیشاندەر و ٧٠ سەرباز کوژران." لە شوێنێکی تردا دەنووسێت: "مێدیا چەپەکانی ڕۆژئاوا باسی توندوتیژی و ترس و تۆقاندنیان دەکرد. نەک باسی ئەو بارودۆخەی تیرۆریستەکان پێکیان هێنابوو، بەڵکوو ئەوەی کە بە گوێرەی قسەی ئەوان لە پۆلیس و ساواک سەرچاوەی گرتبوو". ئەو ئیدیعایەی بەڕێوەبەران و ڕاگەیاندنەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە "تیرۆریستەکان و بریکارەکانی مۆساد" لە یەک کاتدا تەقەیان لە نارازییان و هێزەکانی حکوومەت کردوە، وەک شێروڕێوی هێنانەوەی فەرەح دیبا سەبارەت بە بوونی "تیرۆریستە فەلەستینییەکان" لە کاتی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان دژی ڕێژیمی پەهلەوی، زیاتر هەوڵێکە بۆ نکۆڵیکردن لە سروشتی جەماوەری و خۆبەخۆیی نارەزایەتییەکان نەک شیکارییەکی بەڵگەدار. جێی داخ ئەوەیە، کەسانێک لە دەرەوەی وڵاتیش،

خوازراو و نەخوازراو، یارمەتی بە بەرهەمهێنانەوە و بەدیهێنانی ئەم تیۆرییە پیلانگێڕییە دەدەن.

چاوخشاندنێکی ڕاستبینانە بە مەیدانی ناڕەزایەتییەکان، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم بزووتنەوەیە، بۆ یەکەم جار لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێرانەوە، ڕەهەندێکی تەواو جەماوەریی هەیە و زیاتر لە ١٠٠ شاری گەورە و بچووکی ئێرانی لەخۆگرتووە. لەرزۆکبوونی بە جیددیی بناغەکانی ڕێژیم بۆخۆی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەیەکی وەها بەربڵاو، پێویستی بە دروستکردنی دوژمنێکی دەرەکی و، گەورەکردنی دیاردەیەک بە ناوی ڕۆڵی "تیرۆریستەکان" هەیە.

لە هەلومەرجێکدا کە ئینتەرنێت بە تایبەت لە دوای ٨ی ژانوییە بە تەواویی پچڕاوە، ئەم پرسیارە جیددییە دێتە ئاراوە کە چۆن دەکرێ وتار و پەیامی مێدیایی کەسایەتییەکی وەک ڕەزا پەهلەوی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبێت لە ورووژاندن و ڕێنماییکردنی ئەو خەڵکەی کە لەسەرخۆ ڕژانە سەر شەقامەکان؟ بیستنی هەندێک دروشمی پاشایەتیخوازی لە ناو ناڕەزایەتییەکاندا، بە هیچ شێوەیەک بە مانای هەژموونی سیاسیی ڕەوتێک یان تاکێکی دیاریکراو نییە. هەروەک چۆن باوەڕ ناکرێ لە وڵاتێکی بەرفراوانی وەک ئێراندا، چەند "تیرۆریست"ێکی ڕاهێنراو لە شوێنی جیاوازەوە بتوانن لەو ساتەدا کە ناڕەزایەتییەکان دەستی پێ کرد و لە ماوەیەکی کورتدا لە تارانەوە بۆ ئیلام، شەپۆلێکی توندوتیژیی ڕێکخراو دروست بکەن.

ئەم جۆرە ڕیوایەتانە، لە ڕاستیدا گاڵتە بە فیداکاریی ئەو گەنج و خەڵکانەیە کە بەوپەڕی گیانفیداییەوە لە بەرانبەر یەکێک لە توندوتیژترین حکوومەتەکانی ئێران لەم چەند سەدەیەی دواییەدا ڕاوەستاون. ئەمە یەکەم جار نییە کە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، نائارامیی نێوخۆ بە پیلانێکی دەرەکی گرێ دەدات و بەپێی سیناریۆیەکی ساختە، باس لە ڕۆڵی 'مۆساد و هێزە بیانییەکان' لە دروستکردنی "گرژی و نائارامی" لە ئێراندا دەکات.

لەگەڵ ئەمەشدا، تەنانەت ئەگەرێکی لاوازی وەک بوونی هەندێک توخم کە هەوڵ دەدەن "لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن" بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە کە ئەوان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووبێت لە گۆڕینی دیمەنێک بۆ توندوتیژی کە تێیدا حکوومەت خۆی سەرچاوەی سەرەکیی ئەم توندوتیژییە بووە. داکۆکی لەخۆکردن و تەنانەت بەرهەڵستییان لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت کە خەڵک دەکوژن، مافی ئاشکرای خۆپێشاندەرانە. بۆیە نابێ بە کەوتنە ناو مەیدانی کایەی کۆماری ئیسلامی، بە دەستی خۆ بەهای ئەم بزووتنەوەیە و خوێنی گیانبەختکردووانی کەم بکەینەوە.

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

**بزووتنەوەی خەڵکی ئێران، پێش هەموو شتێک، دەنگی ناڕەزایەتییە بەرانبەر بە ستەمێکی پێکهاتەیی و هەڵاواردن و سەرکوت؛ دەنگێک کە بە پیلانێکی دەرەکی دەستی پێ نەکردوە و بە سیناریۆسازیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش ناکوژێتەوە.**

**٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

## دووبژاردەی پیرۆزی چەقبەستوو بۆ ڕیفڕاندۆم






**دارسمە**

ئێمە بونەوەرێکی شازین، تێکەڵەیەکی خەستی "میللەت" و "ئوممەت"ین. یانی لە دەروونی خۆماندا نەوەی کوروشی کەبیر و ئێرانی باستانین و ئوممەتێکی "هەمیشە لە سەحنە"ین و بۆ هەر فەرمانێکی ئاسمانی ئامادەین. بە شێوەیەک شانمان داوەتە بەر ئەم دوو بەرداشە قورسە خودی گۆی زەوی سەری سووڕماوە لەوەی چۆن بڕبڕەی پشتمان نەشکاوە. ئاخر ئێمە بۆ ڕۆژانی



سەرچاوە
Serchawe

شانازیی نەتەوەیی، خاوەنی "پاشا"ین و بۆ ڕۆژانی گریانی ئایینیش خاوەنی "وەلیی ئەمر"ین. دێموکراسی لەلای ئێمە وەک "نوقڵ و نەبات"ە و زۆر دادپەروەرانە بەسەر خۆماندا دابەشمان کردووە؛ جارێک دەدەین بەم لای ڕاست، جارێک دەدەین بەم لای چەپ، گرنگ ئەوەیە هەمیشە ملکەچ بین بۆ یەکێکیان!

بۆ ئەوەی بیسەلمێنین ئێمە چەندە دێموکراسیخوازین، با ئاوڕێک لە مێژووی پڕشنگدارمان بدەینەوە. ئەی لە یادتان چووە لە ڕۆژانی ١٠ و ١١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨، واتە ڕێک چل و شەش ساڵ لەمەوبەر، شاکارێکی مێژووییمان خوڵقاند؟ سندووقی دەنگدانمان دانا و بەوپەڕی ئازادییەوە لەنێوان "مەلیک" و "مەلا"دا، مەلایانمان هەڵبژارد! نزیکەی ٩٩٪ی خەڵکی ئێران، بە یەک دەنگ و یەک ڕەنگ هاوارمان کرد "بەڵێ بۆ کۆماری ئیسلامی". بێگومان، وەک هەمیشە ئەم "کوردە تەجزیەتەڵەبانە" نەبێت کە هەمیشە سازەکە بە پێچەوانە دەژەنن و لەو ٩٩ لەسەدەدا نەبوون، ئەگینا ئێمە دەمێک بوو بەهەشتی بەرینمان لەسەر زەوی دروست کردبوو.

دوای ئەو هەڵبژاردنە مێژووییە، لەژێر سێبەری فەرماندەیی هۆشمەندانەی "وەلی"دا، بڕیارمان دا گەشتێکی سیاحتی-زیارەتی ڕێک بخەین بۆ "قودس"، بەڵام لە ڕێگای "کەربەلا"وە! ئەم گەشتە کەمێک تێچووی هەبوو؛ تێچووەکەش ئەوە بوو کە دەبوایە بە جەستەی خۆمان ڕێگاکە قیرتاو بکەین. ئێمە بە خۆشحاڵییەوە خۆمان هەڵدەدا بۆ سەر مینەکان، بە جۆرێک کە چاڵەکان پڕ دەبوونەوە لە پارچەی جەستەمان تا تانکەکان بە ئاسانی تێپەڕن. ئەوەی قاچی دەپەڕی، بە دەست دەخشکا، ئەوەی دەستی دەپەڕی بە سنگ دەڕۆیشت. گرنگ ئەوە بوو ڕێگای کەربەلا پاک بێتەوە. دواجار زۆربەمان بە کەمئەندامی و نیوەچڵی گەڕاینەوە شار و گوندەکانمان، بەڵام دڵمان خۆش بوو "ئەرک"ی خۆمان جێبەجێ کردووە و ئامادەین بۆ شانۆگەرییەکی دیکە.

ئینجا با بێینە سەر باسی کولتوور و فەرهەنگە دەوڵەمەندەکەمان. ئێمە لەمەشدا موعجیزەین! لە کاتێکدا فرمێسک بۆ مێژووی ئایینی دەڕێژین و سنگی خۆمان دەکوتین، لە هەمان کاتدا دڵی ناسکمان بە دەنگی "گووگووش" و "لەیلا فروهەر" و "سووسەن" دەکرێتەوە. ئەمە دووڕوویی نییە، نەخێر، ئەمە "فرە-بەهرەیی"یە! بیهێننە بەرچاوی خۆتان؛ هاوینە، گەرما تەپڵی سەرمان دەکوڵێنێت، ئێمە بەپێی پەتی بەرەو مەزارگە پیرۆزەکان دەڕۆین و فرمێسک دەڕێژین، کەچی لە هەمان کاتدا لە ژێرەوەی مێشکماندا گۆرانی "هەم سەفەر"ی گووگووش لێ دەدات!

ئێمە ڕێگە نادەین نە "نەوحە" بمرێت و نە "گۆرانی"، هەربۆیە دەتوانین لە چرکەساتێکدا لە دۆخی "گریان"ەوە بچینە دۆخی "هەڵپەڕکێ". تەنیا کێشەیەک کە لێرەدا تووشی دەبین و کەمێک تەکنیکییە، مەسەلەی گۆڕینی جلوبەرگە، بەتایبەت بۆ

خوشکان و خانمانی بەڕێز. ئاخر زەحمەتە تۆ لە یەک کاتدا هەم "مانتۆ و ڕووسەری" بالاپۆشت لەبەر بێت بۆ شینگێڕی، هەم "تیشێرت و شەڵوارۆکە"ی تەسک بۆ ئاهەنگگێڕان. وێنای بکەن، خانمێک لە ناو جەرگەی شینگێڕیدایە و لەپڕ دەبێت بچێت بۆ ئاهەنگێک؛ چۆن دەتوانێت بەو خێراییەی کە فرمێسکەکانی وشک دەکاتەوە، جلەکانیشی بگۆڕێت؟ ئەمە تاکە ئاستەنگی بەردەم ئەم "شیزۆفرینیا کولتوورییە"ی ئێمەیە، ئەگینا لە ڕووی دەروونییەوە زۆر بە باشی ڕاهاتووین.

ئێستا، دوای چل و شەش ساڵ لە تاقی کردنەوەی "عەمامە"، گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتە دێموکراسییەکەی ئێمە پێویستیی بە "ڕیسێت (Reset)" هەیە. ئێمە لەبەر ئەوەی زۆر زیرەکین، نامانەوێت شتێکی نوێ تاقی بکەینەوە، بەڵکوو دەمانەوێت هەمان ڕیفراندۆم دووبارە بکەینەوە، بەڵام ئەمجارە ئەنجامەکەی پێچەوانە بکەینەوە! وەک ئەوەی یاری "شێر و خەت" بکەین؛ جاری پێشوو "خەت" دەرچوو، ئەمجارە دەمانەوێت "شێر" دەرچێت.

ئێستا بە کۆمەڵ ڕژاوینەتە سەر شەقامان. درووشمەکانمان گۆڕیوە و سەربەرزانە گەڕاینەوە بۆ دواوە! دیسان دەمانەوێت سندووق دابنێین و بپرسین: "پاشایەتی یان ویلایەتی فەقیهـ؟". ئەمجارەیان، بە مەرجێک ئەو "کوردە تەجزیە تەڵەبانە" وەک جاری گۆڕین تێکی نەدەن و باسی مافی نەتەوەیی و فیدراڵی و شتی وا نەکەن، نزیکەی ٩٩٪مان دەنگ دەدەین بە گەڕانەوەی "پاشا."

بەڵێ، ئێمە بڕیارمان داوە! دەمانەوێت پاشایەکی جوان، ڕێکپۆش، کراوات لەمل و سمێڵ چەور بهێنینەوە و لەژێر سایەی پیرۆزی ئەودا، دابنیشین و بیر لە یادگارییەکانی سەردەمی "وەلی فەقیهـ" بکەینەوە. گرنگ نییە کێ حوکم دەکات، گرنگ ئەوەیە ئێمە هەمیشە پێویستمان بە "شوانێک" هەیە؛ جارێک مێزەر بەسەر بێت و جارێک تاج بەسەر. گرنگ ئەوەیە ئێمە هەمیشە ئوممەتی ئامادە و میللەتی گوێڕایەڵ بین و هیچ کاتێک خۆمان بە بیرکردنەوە لە شتێک بە ناوی "کۆماری" یان "دیموکراسیی ڕاستەقینە"و شتی وا هیلاک نەکەین.

**بۆ پێشەوە بەرەو ڕیفڕاندۆمێکی دیکە و وەرچەرخان لە ئۆممەتەوە بۆ میللەت. دوور لە چاوی جوداییخوازان ئەم ڕیفڕاندۆمەش لە خۆمان پیرۆز بێت.**

٨ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆژاوای کوردستان وەک ئاوێنەیەکی چارەنووسی کورد لە سیستەمی جیهانیدا





**حەسەن قارەمانی**

دەستەواژەی "پاڵەوانەکان لە مردندا، نامۆکان لە ژیاندا" تەنیا کارەساتی ڕۆژاوای کوردستان کورت ناکاتەوە، بەڵکوو تەواوی سەدەیەک ئەزموونی کورد لەنێو سیستەمی نێودەوڵەتیدا دەتەقێنێتەوە. نەخشێکی دووبارەبووەوە ئاشکرا دەکات کە تێیدا کورد لە ساتەوەختە ناوازەکانی شەڕدا وەک سەرچاوەیەکی سەربازی دەکرێتە ئامراز، بەڵام بە شێوەیەکی سیستماتیک پەراوێز دەخرێت و لە ئاساییبوونی ئاشتیدا دانپێدانانی سیاسیی لێ زەوت دەکرێت.

ڕۆژاوای کوردستانیش لەم مێژووە بەدەر نییە؛ بەڵکوو نوێترین پشتڕاستکردنەوەی ئەم دەستەواژەیە پێک دەهێنێت. کاتێک بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی توندوتیژ پێویستی بە هێزی زەمینیی نێوخۆیی هەبوو، کورد وەک ئەکتەرێکی حەتمی و بەرگریکارێکی قارەمانی ئاسایشی ناوچەیی و نێودەوڵەتی وێنا دەکرایەوە. کاتێک دواتر ڕۆژاوای کوردستان داوای گەرەنتیی سەرەتایی ئەمنی و دانپێدانانی سیاسی و مافی ژیانێکی دوور لە هەڕەشە وجودییەکانی دەکرد، جارێکی دیکە کورت کرانەوە بۆ کەسانی نامۆی سیاسی کە هیچ شوێنێکی شەرعییان لە نەزمی باودا نەبوو.

هەروەک قۆناغە مێژووییەکانی پێشوو، بەم شێوەیە هەمان بڕیاری پێکهاتەیی بەرهەم دەهێنرێتەوە؛ دڵسۆزیی کورد قبووڵ دەکرێت، بەڵام سەروەریی کورد ڕەت دەکرێتەوە. ئەم ئەزموونە دووبارەبووەوە لەخۆتێگەیشتنی دەستەجەمعیی کورددا چڕ بووەتەوە، لە دروشمی ناسراوی: "هیچ دۆستێک جگە لە چیاکان"؛ ئەمە نەک وەک مێتافۆرێکی شێعری، بەڵکوو وەک دەرەنجامێکی عەقڵانیی سیستەمێکی نێودەوڵەتی کە بە هاودەنگیی هەڵبژێردراو و دەسەڵاتی ناهاوسەنگ تایبەتمەندە.
ئامرازسازی وەک دوکتورینی ژێئۆپۆلیتیکی

سیستەمی نێودەوڵەتی لە دەوری پلەبەندیی ژیانەکان پێک هاتووە؛ هەندێک ژیان بە شایستەی پاراستن و هەندێکی تریش بە قابیلی فەرامۆشکردن دادەنرێت. پێگەی کورد بە بەردەوامی لە پۆلی دووەمدا دانراوە؛ ئەوەندە شەرعییە کە لە خزمەتی شەڕدا قوربانی بدات، بەڵام هەرگیز ئەوەندە دانپێدانەنراوە کە بە مەرجی خۆی لە ئاشتیدا بژیت.

ئەم دینامیکە نموونەی ئەوەیە کە تیۆریی نێودەوڵەتیی ڕەخنەگرانە بە "شەرعییەتی هەڵبژێردراو" پێناسەی دەکات؛ دانپێدانان و مافەکان نەک لەسەر بنەمای نۆرمە گشتگیرەکان یان مافی مرۆڤ، بەڵکوو لەسەر بنەمای سوودی ئامرازی دەدرێن. کاتێک سوودمەندییەکە کۆتایی هات، هاودەنگیی نێودەوڵەتییش دەوەستێت.

## یادگاریی مێژوویی و وانەی کوردی

دروشمی ناسراوی "هیچ دۆستێک جگە لە چیاکان" نابێت وەک زیادەڕۆییەکی شێعری، بەڵکوو دەبێت وەک عەقڵانییەتێکی مێژوویی تێی بگەین. هەموو نەوەیەکی کورد لە ڕێگەی چەندین شێوەی شکستی سیاسی و سەربازییەوە هەمان وانەی بنەڕەتی فێر بووە: گەرەنتیی نێودەوڵەتی کاتییە، پرەنسیپە ئەخلاقییەکان مەرجدارن و بەڵێنە دیپلۆماسییەکان مەرجدار نووسراون. لە بەرامبەردا چیاکان هێمای خۆڕاگری و بەردەوامیین؛ لێرەدا بوونی کورد ملکەچی دانوستان و ڕەوایی دەرەکی نییە. چیاکان خیانەت ناکەن؛ دڵسۆزییان بێوەستانە و ناسنامەیان نەگۆڕە.

## ئابووریی ئەخلاقیی جیهان

درندەترین شت لەم سیستەمەدا خودی توندوتیژی نییە، بەڵکوو شێوازی بەکارهێنانی مەرگی کوردە وەک دراوێکی ئەخلاقی. کاتێک کورد بۆ "سەقامگیری"، "شەڕی دژی تیرۆر"، یان "ئاسایشی ناوچەیی" دەمرێت، مانشێت و میداڵ و دانپێدانانی کاتی وەردەگرێت. کاتێک داوای ژیان و داهاتوو و کەرامەت دەکەن، بە بێدەنگی پێشوازییان لێ دەکرێت. ئەمەش ناهاوسەنگییەکی قووڵی ئەخلاقی ئاشکرا دەکات: جیهان خەمیان بۆ دەخوات، بەڵام پشتیوانییان ناکات؛ چونکە خەم خواردن هەرزانترە لە بەرپرسیارێتی.

ڕۆژاوای کوردستان تەنیا شوێنێک نییە، ئاوێنەیەکە کە دووڕوویی سیاسیی جیهان لە فۆرمێکی چڕدا نیشان دەدات. ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە کورد بەدەست نەبوونی ئازایەتی یان ڕێکخستنەوە نانالێنێت، بەڵکوو بەدەست سیستەمێکی نێودەوڵەتییەوە دەناڵێنێت کە ئامادە نییە دان بە مافی بوونی کورددا بنێت بەو مەرجانەی بۆ گەلانی دیکە ڕەوایە.

لە کۆتاییدا، مێژوو وانەیەکی سەرەکیمان فێردەکات: کەرامەت هەرگیز بە دیاری نادرێت، بەڵکوو بەرگریی لێ دەکرێت.

٨ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## لە شەقامەکانی ئێرانەوە تا کەشتییە شەڕکەرەکانی ئەمریکا: ئایا خولی دووەمی ستەمکاری لە ئێران کۆتایی دێت؟





**عادڵ درەخشانی**

**دوای حەوتی ئۆکتۆبر: چوونە نێو مەترسیدارترین وەرزی مانەوەی کۆماری ئیسلامی**

با بگەڕێینەوە بۆ حەوتی ئۆکتۆبر، سێ ساڵ لەمەوبەر. هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل تەنیا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی

یان ڕووداوێکی تەنـاهیی سنووردار نەبوو؛ ئەم هێرشە خـاڵێکی دابڕانی ژیۆپۆلیتیکی بـوو کە هاوکێشەکانی دەسەڵاتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕی. لەو ڕۆژەوە، یـاریی نـاوچەیی چووە قۆنـاغێکی نوێـوە؛ قۆنـاغێک کە لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، ڕێژیمی ئێران زیاتر لە هەر کاتێکی تر لە پێگەیەکی بەرگری و پڕ لە داخوران (فرسایشی) دایە.

دوای حەوتـی ئۆکتـۆبر، ویلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکا بە هەمـوو قورسـاییە ستراتیژییەکەیەوە گەڕایەوە بـۆ نـاوچەکە. جێگیرکردنـی کەشتییە فڕۆکەهەڵگرەکـان، بەهێزکردنـی بـنکە سـەربازییەکان، زیـادکردنی سیستەمەکانی بەرگریی موشەکی و هەمـاهەنگیی بەرفراوان لەگەڵ هاوپەیمانـان، ئەوەی نیشـان دا کە واشینگتۆن چیتر ئـامادە نییە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست بە حـاڵی خـۆی جـێ بهێڵێـت. ئەم گەڕانەوەیە تەنیـا نیشـانەیەکی ڕەمـزی نەبـوو، بەڵکـوو ئـامـاژەیەک بـوو بـۆ سـەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیەکی قووڵی تەناهی.

لە هەمان چوارچێوەدا، ئیسرائیلیش دەرفەتێکی کردەیی نوێی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تـۆڕە نیابەتییەکـانی ئێران دەست کەوت. حیزبوڵڵا لە لوبنان، حوسییەکان لە یەمەن و میلیشیا نیابەتییەکـان لە عێراق و سووریە، هەموویـان کەوتـنە ژێـر گوشـاری بەردەوامی هەوااڵگری، سەربـازی و ئـابووری، ئێستـاش تەنیـا پاشماوەیەکی بێدەسەڵاتیان لـێ مـاوەتەوە. ڕێـڕەوە لۆجستی و داراییەکانی ئەم تۆڕانە بە توندی لاواز بوون و تێچووی چالاکییە ناوچەییەکانی ئێران بە شێوەیەکی بێوێنە زیادی کرد.

هاوکات، شەرعییەتی نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە جاران تووشی داخوران بوو. گرێـدرانی سیاستە ناوچەییەکـانی تاران بە ناسەقامگیری، شەڕ و قەیـرانە مرۆییەکـان، وێنەی ئەم ڕێـژیمەی لە بیـروڕای گشتیی جیهانیـدا تـاریکتر کـرد. لە ئەنجامدا، ئەوەی کاتی خۆی بە «تەوەرەی بەرگری» (مێحـوەری مقـاوەمەت) دەنـاردرا، وردە وردە لە ئەکتەرێکی هێرشبەرەوە گۆڕا بۆ کۆمەڵەیەکی بەرگریکار، لەرزۆک و زەبرپێکەوتوو. ئەمانە ئەو شتانەن کە لە سێ سـاڵی ڕابـردوودا بەسەر ڕێژیمی ئێراندا هاتوون.

بەڵام ئەم گۆڕانکارییە دەرەکییانە لە بۆشاییدا ڕوویان نەداوە. لە نێوخۆی ئێراندا، بەتـایبەت لە ڕۆژانی دواییـدا، سەرکوتی خوێنـاویی نـاڕازییـان بـووەتە یەکێک لە گرنگترین خـاڵە لاوازەکـانی (پـاژنەی ئـاشیل) ڕێـژیم. کوشتنی هەزاران هـاووڵاتیی ناڕازی تەنیا پرسێکی مافی مرۆڤ نییە؛ بەڵکوو فاکتەرێکی ستراتیژی و یەکلاکەرەوەیە لە هاوکێشەکانی دەسەڵاتدا.

سەرمایەی کۆمەڵایەتیی حکوومەت بە کردەیی گەیشتووەتە سفر. پەیوەندیی نێوان خەڵـک و دەسەڵات تەنیا درزێکی قـووڵ نییە، بەڵکوو پەیوەنـدییەکە لەسـەر بنەمـای ڕقێکی بەرفراوان. دەزگـای تەنـاهی، هەرچەنـدە هێشتا سـەرکوتکەرە، بەڵام تووشی داخوران بووە و ماندوو و شپرزەیە. وازهێنان و دارمان لە نێو جەستەی کـارگێڕی، سـەربازی و تەنـانەت تەناهیشدا، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە؛ هەرچەندە هەوڵ دەدرێت بشاردرێتەوە.

ئەزموونی مێژوویی نیشانی دەدات کە هیچ سیستمێکی سیاسی بەو ئاستە لە داخورانی نێوخۆیی و ڕقی گشتی، توانای بەرگریی بەردەوامی لە بەرامبەر شۆکە دەرەکییەکاندا نییە. لێدانی دەرەکی ئەو کاتە کاریگەر دەبێت کە پێکهاتەی نێوخۆیی ڕزیو بێت - و ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی ڕێک لە بارودۆخێکی وەهادایە.

لەو بوارەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئێستا لە «پشت دەرگا» وەستاوە؛ لە پشت دەرگای ئەوەی دەکرێ ناوی بنێین ئیمپراتۆریی تاریکی. جێگیرکردنی هێزەکان، بەهێزکردنی بنکەکان، داڕشتنی بەرگریی موشەکی، هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان، ئامادەکردنی فەزای میدیایی و هەستیارکردنی بیروڕای گشتیی ڕۆژاوا، هەموویان پێکهاتەی ئامادەکاریی پێش شەڕن.

ئەم ئارایشە مەرج نییە بە واتای شەڕی دەستبەجێ بێت، بەڵکوو نیشانەی ئامادەییە بۆ کردەوەی خێرا لە ئەگەری بڕیاری سیاسی. واشینگتۆن دەیەوێت لە کاتی پێویستدا، بەبێ دواکەوتن و سەرلێشێواوی دەستبەکار بێت. ئەم ئاستە لە ئامادەیی ڕێکەوت نییە، بەڵکوو دەرەنجامی هەڵسەنگاندنێکی وردە سەبارەت بە هاوسەنگیی تێچوو و دەسکەوت.

لەو نێوەندەدا، جیاوازیی نێوان شرۆڤەی واقیعبینانە و گێڕانەوەی چەپگەرا وابەستەکان بایەخێکی تایبەتی هەیە. ئەو ڕەوتانەی کە هێشتا کۆماری ئیسلامی وەک «قوربانیی ئیمپریالیزم» دەناسێنن، بە کردەیی خەریکی پاککردنەوەی ڕووی ڕێژیمێکی سەرکوتکەر و ناسەقامگیرکەرن. ئەم ڕوانگەیە نە ڕەخنەگرانەیە و نە پێشکەوتنخواز؛ بەڵکوو بەرهەمهێنانەوەی پاساوێکی ئایدیۆلۆژیی کۆنە.

شرۆڤەی واقیعبینانە دەڵێت: کۆماری ئیسلامی لە یەک کاتدا هەم سەرکوتکەرێکی نێوخۆییە و هەم دۆڕاوێکی ستراتیژییە بە واتای ڕاستەقینەی وشە. ئەگەر ڕۆژاوا لە هەندێک قۆناغدا بە دوودڵییەوە مامەڵە دەکات، ئەم دوودڵییە بە واتای شەرعییەتدان بە تاران نییە، بەڵکوو لەبەر ترسی تێچووەکانی ناسەقامگیرییەکی کۆنترۆڵنەکراوە.

ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە کە مانەوەی ئەم ڕێژیمە نەک بەرهەمی هێزی ڕاستەقینە، بەڵکوو دەرەنجامی ترسی لایەنەکانی تر بووە لە هەرەسێکی بێسەروبەری ناوچەکە. ساڵانێکی زۆر ڕۆژاوا لە نێوان «خراپ» و «خراپتر»دا یەکێکیانی هەڵبژارد و دۆخی هەبووی پێ باشتر بوو. بەڵام ئەم هاوکێشەیە ئێستا لە گۆڕاندایە.

شەڕی ئۆکراین، قەیرانی غەزە، کێبڕکێی ڕو لە زیادبوونی چین، نائەمنی بۆ وزە و ناسەقامگیریی جیهانی، توانای بەرگەی

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

قەیـرانە درێژخایەنەکـانی بە تونـدی کەم کـردووەتەوە. لە بـارودۆخێکی وەهـادا، زۆرێـک لە بڕیـارەدەدەرانی ڕۆژاوا لەو دەرەنجامە نزیک دەبنەوە کە بەردەوامیی دۆخی ئێستای ئێران، تێچووی زۆر زیاترە لە گۆڕینی.

کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆ لە پێگەیەکدا وەستاوە کە هەم لە دەرەوە لەژێر گوشاردایە، هەم لە نێوەوە پـووچەڵ بـووەتەوە، هەم لە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا کەمتـرین متمـانە و ئـابڕووی بـۆ مـاوەتەوە. ئەم تـێکەڵەیە، مەترسیدارترین بـارودۆخە بـۆ هەر ڕێژیمێکی تاکڕەو و دیکتاتۆر.

**حەوتی ئۆکتۆبر سەرەتای ئەم وەرزە نوێیە بوو؛ وەرزێک کە تێیدا مانەوەی کۆماری ئیسلامی چیتر مسۆگەر نییە، بەڵکوو بووەتە بابەتێکی پڕتێچوو، پڕمەترسی و ناسەقامگیر. داهاتووی ئەم ڕێژیمە، زیاتر لە هەر کاتێکی تر، بەستراوەتەوە بەو بڕیارانەی کە چیتر لە تاران نادرێن.**

٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# ئایین لە خزمەت سڕینەوەدا (لە خومەینی و سەدامەوە تا ئەردۆغان و جۆلانی)





**ڕەحیم نزهتزادە**

لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، زۆرجار توندوتیژی دژ بە کورد بە زمانی سیاسەت، ئاسایش یان یەکپارچەیی خاک پاساوی بۆ هێنراوەتەوە. بەڵام لە پشت ئەم گوتارانەدا، شێوازێکی قووڵتر و کەمتر ئاشکرا هەیە: بەکارهێنانی سیستماتیکی ئایین بۆ ڕەوابیدان بە سڕینەوە و سەرکوت. ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی بەردەوامیی ئەم شێوازە، لە

خومەینی و سەدامەوە تا ئەردۆغان و جۆلانی (ئەبوو محەمەد ئەلجۆلانی).

توندوتیژی دژ بە کۆمەڵگەی کوردی ناتوانرێت تەنیا بۆ ململانێی کاتی یان جیاوازییە سیاسییەکان کورت بکرێتەوە. یەکێک لە بنەڕەتە سەرەکییەکانی ئەم توندوتیژییە، پەیوەندیی پێکهاتەیی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و دووبارە لێکدانەوەی ئایین وەک ئامرازە؛ پەیوەندییەک کە سڕینەوەی «ئەوی تر» لە قاڵبی زمانی پیرۆزدا، کردارێکی سروشتی و تەنانەت پێویست نیشان دەدات. لەم چوارچێوەیەدا، ئایین لە کایەی ئیمانی تاکەکەسی دوور دەخرێتەوە و دەگۆڕێت بۆ ئامرازێکی سیمبۆلیک لە خزمەت دەسەڵاتدا.

لەم پرۆسەیەدا، دەقە ئایینییەکان نەک وەک سەرچاوەی ئەخلاقی، بەڵکوو وەک میکانیزمی ڕەواییدان بە دەسەڵات بەکار دەهێنرێن. هەڵبژاردنی بەئەنقەستی ناو و چەمکە قورئانییەکان بۆ وەسفکردنی کردە سیاسی و سەربازییەکان، توندوتیژی لە ئاستی بڕیاری مرۆڤییەوە بۆ ئاستی ئەرکی ئیلاهی بەرز دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا سنووری ڕەخنەی ئەخلاقی و یاسایی بەتەواوی سنووردار دەکات.

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، گەڕانەوەی بەردەوام بۆ چەمکەکانی وەک «نوسرەتی ئیلاهی» و بەتایبەتی مانای سوورەی «النصر»، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێژیمەکەوە، ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پیرۆزکردنی سەرکوتی سیاسیدا. لەم گوتارەدا، سەرکەوتنی سیاسی وەک دەرکەوتنی ئیرادەی خودایی نیشان درا و هەر جۆرە دژایەتییەک، وەک وەستانەوە لە دژی «خودا» لێکدرایەوە. دیارترین نموونەی ئەم کەڵکوەرگرتنە لە ئایین، دەرکردنی فەرمانی «جیهاد» بوو لەلایەن خومەینییەوە لە دژی نەتەوەی کورد؛ فەرمانێک کە توندوتیژیی دەوڵەتی لە یاساوە گواستەوە بۆ ئەرکێکی ئایینی و بووە پاساوێک بۆ قەڵاچۆکردن و سەرکوتی خوێناویی کوردستان. ئەم لۆژیکە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا، دەرئەنجامی کارەساتبار و وێرانکەری لێکەوتەوە.

لە عێراقی بەعسدا، ئەم پەیوەندییەی نێوان ئایین و توندوتیژی، بە شێوەیەکی ئاشکراتر و کارەساتبارتر نوێ کرایەوە. ناونانی هەڵمەتە سەربازییە بەرفراوانەکان لە ساڵانی ١٩٨٦ تا ١٩٨٨ دژ بە کورد بە ناوی سوورەی «ئەنفال» هەڵبژاردنێکی ڕێکەوت نەبوو. چەمکەکانی ئەم سوورەیە، وەک غەنیمەت و دوژمن، یارمەتیی ڕێژیمی سەدام حوسێنی دا بۆ ڕەواییدان بە لەنێوبردنی گوندەکان، زیندەچاڵکردنی بەکۆمەڵ و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە نەتەوەی کورد؛ پرۆسەیەک کە بووە یەکێک لە دیارترین نموونەکانی ژینۆسایدی کورد لە سەدەی بیستەمدا.

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

**لە تورکیەی هاوچەرخدا، هەرچەند پێکهاتەی سیاسی جیاوازە، بەڵام لۆژیکێکی هاوشێوە بەکار هێنرا. لە کاتی داگیرکردنی عەفرین لە ساڵی ٢٠١٨دا، بەکارهێنانی ئاشکرای سوورەی «الفتح» لەلایەن ڕەجەب تەیب ئەردۆغانەوە، نموونەیەکی ڕوونی تێکەڵبوونی ئیسلامی سیاسی، ناسیۆنالیزم و پرۆژەی سەربازی بوو. لەم گوتارەدا، داگیرکاری نەک وەک دەستدرێژی، بەڵکوو وەک «فەتح» نیشان درا و توندوتیژی دژ بە هاووڵاتیانی مەدەنیی کورد ئاسایی و ڕەوا کرا.**

**ئەوەی ئەم نەخشەیە لە ئاستی مێژووییەوە بۆ ئاستی پێکهاتەیی بەرز دەکاتەوە، بەردەوامبوونیەتی لە فۆرمە نوێیەکاندا. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە سووریە، دووبارە بەکارهێنانی سوورەی «ئەنفال»، ئەمجارە لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی جۆلانی (تەحریر ئەلشام) دژ بە کورد، ئەوە دەردەخات کە ئەم ئیلاهیاتی سڕینەوەیە، بە تێپەڕبوون لە سنوورە نەتەوەییەکان و جیاوازییە فکرییەکان، لە نێوان ڕژێمەکاندا وەک خۆی ماوەتەوە.**

**لە ڕوانگەی تیۆری دروستکردنی «ئەوی تر»، کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەکی سیستماتیک لە بازنەی گشتگیریی ئەخلاقی دوور دەخرێتەوە. کاتێک «ئەوی تر» نەک تەنیا وەک دوژمنێکی سیاسی، بەڵکوو وەک بەربەستێک لەبەردەم جێبەجێکردنی ئیرادەی خودایی پێناسە دەکرێت، توندوتیژی دژ بەو، وەک پێویست و شەرعی لێک دەدرێتەوە. لەم هەلومەرجەدا، چەمکەکانی وەک «برایەتیی گەلان» یان «برایەتیی دینی»، بە کردەیی بێمانا دەبن.**

**ئەزموونی مێژوویی کورد نیشانی دەدات کە بەبێ ڕەخنەیەکی بنەڕەتی لە پەیوەندیی نێوان ئایین و دەسەڵات، هەر پشتبەستنێک بەم گوتارانە تەنیا بازنەی توندوتیژی دووبارە بەرهەم دەهێنێتەوە. ئەم باسە نە بانگەشەی نەفیکردنی باوەڕی ئایینییە، بەڵکوو داوای جیاکردنەوەی ڕوونی ئیمانی تاکەکەسییە لە پرۆژەکانی هێژموونی سیاسی. تەنیا لە چوارچێوەی یاسا، یەکسانیی پێکهاتەیی و سێکولاریزەکردنی دەسەڵاتدا دەتوانرێت ڕێگری لەم دووبارەبوونەوانەی مێژوو بکرێت؛ ئەگینا «النصر، ئەنفال، الفتح» هەر بەردەوام ناوەکانی سڕینەوەمان دەبن، کە هەر جارە و بە بەرگێکی نوێوە دژ بە کورد دەگەڕێندرێنەوە.**

**١٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی بڕیاری یەکیەتیی ئوورووپا بۆ بە تیرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران

یەکیەتیی ئورووپا دوای چەند ساڵ تاوتوێ و لێکدانەوە لەسەر بە تیرۆریست ناساندنی سپای پاسداران، دواجار ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی ڕێبەندان وەزیرانی دەرەوەی ئەم یەکیەتییە بڕیاریان دا سپای پاسداران بخەنە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە. دیارە پێشتر وڵاتانی ئەمریکا، کانادا، ئۆسترالیا، لیتوانی، ئێکوادۆرو پاراگوئە سپای پاسدارانیان لە تەواوەتیی خۆیدا و؛ عەرەبستان، بەحرەین و ئارژانتینیش سپای قودس، باڵی سەربازیی دەرەوەی وڵاتی سپای پاسدارانیان خستبووە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە.

ئەم بڕیارەی یەکیەتیی ئورووپا کە هەڵوێست و بڕیاری ٢٧ وڵاتی ئورووپایی ئەندامە لەو یەکیەتییەدا، کاردانەوە بە سەرکوتی خوێناویی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە نارەزایەتییەکانی مانگی بەفرانبارە کە تێیدا بە هەزاران خەڵکی نارازیی خۆپێشاندەر درانە بەر دەسڕێژی چەک و گیانیان لێ ئەستێندرا.

سپای پاسداران کە دوای ماوەیەکی کەم لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ بە فەرمانی خومەینی بۆ

پاراستنی شۆڕشی ئیسلامی دامەزرا، لە ماوەی ٤٧ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمدا لە سەرکوتی هەموو ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانێکی نێوخۆی ئێراندا دەوری سەرەکیی گێڕاوە و لە دەرەوەی وڵاتیش سەدان کەس لە دژبەرانی سیاسیی ڕێژیمی تیرۆر کردووە.

سپای پاسداران لەو هێزە سەرەکییانە بوو کە دوای فەتوا و فەرمانەکەی خومەینی پەلاماری کوردستانیان دا و سەدان کارەساتی کۆمەڵکوژی و هەزاران جینایەت و تاوانیان لە کوردستان خولقاند. نەورۆزی خوێناویی سنە لە ساڵی ٥٨، پەلامار و گەمارۆی ٢٤ ڕۆژەی شاری سنە، کوشتن و بریندارکردنی هەزاران کەس لە خەڵکی ئەو شارە، قەلاچۆ و کۆمەڵکوژی لە ئاواییەکانی قارنێ و قەڵاتان و سووتاندن و ئاوارەکردنی خەڵک لە دەیان گوند و ناوچەی دیکەی کوردستان تەنیا بەشێک لە کارنامەی تیرۆریستیی سپای پاسداران لە کوردستان لە ساڵەکانی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیەن.

لە ماوەی ٤٧ ساڵ چالاکیی سپای پاسداراندا کورد و بزووتنەوەی کورد بەشی شێری لە تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەهۆی سپای پاسدارانەوە پێ براوە و، لەنێو بزووتنەوەی کوردیشدا حیزبی دێموکرات. حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد ٤٧ ساڵە لە بەرەی هەرە پێشەوەدا شەڕی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە دەکات. سپای پاسداران بە بڕیاری ئاستبەرزترین بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە ڤییەن لەسەر مێزی وتووێژ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزب و؛ لە بێرلینی ئاڵمان و لە ڕێستورانتی مێکونووس دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزب و شاندی حیزبیی هاوڕێی ئەویان تێرۆر کرد.

جینایەتەکانی سپای پاسداران هەر بە سەرکوتی خەڵکی نێوخۆی ئێرانەوە نەوەستاوە و لە دەرەوەی سنوورەکانیش لە ڕێگەی سپای قودسەوە و بە دامەزراندن و پاڵپشتیی چەندین ڕێکخراوی دیکە وەکوو حیزبوڵڵای لوبنان و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان لە ناوچەکە ڕاستەوخۆ لە کوشتنی سەدان هەزار کەسدا تاوانبارە و بووەتە هۆی ئاوارەیی میلیۆنان خەڵک لە زێد و وڵاتی خۆیان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پێشوازی لە بڕیارەکەی یەکیەتیی ئورووپا لەمەڕ بە تیرۆریست ناساندنی سپای پاسداران، لەو باوەڕەدایە کە ئەو بڕیارە ئەگەرچی بە درەنگەوە، بەڵام بڕیارێکی تەواو لە جێی خۆیدایە و دەبێ بەرەوپیلی ئەو ڕۆژانە بچین هەموو ئەو کەسانەی فەرماندەر و ئەنجامدەری سەرەکیی کوشت و کوشتاری خەڵکی بێدەسەڵات و بێتاوانی کوردستان و ئێران و وڵاتانی ناوچەکە بوون، لە دادگاکانی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا بە سزای تاوانەکانیان بگەن.**

ڕێبەندانی ۲۷۲۵

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەستەی کارگێڕی

۱۰ی ڕێبەندانی ۱٤۰٤


۱۰ی ڕێبەندانی ۲۷۲۵



سەرچاوە
Serchawe

## هەگبەی شاخ و شۆڕش (خدرە سوور)



**برایم چووکەڵی**

**خدرە سوور ناوێکی ئاشنا لە مێژووی حەماسە و خەبات و خۆڕاگریی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی موکریانە کە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەی "کوردستان" بە کورتی باس لە ژیان و خەباتی دەکات**

**خدر خزری ناسراو بە خدرە سوور لە شاری مەهاباد چاوی بە دنیا کردەوە. هێشتا منداڵ بوو و تازە کتێبی بەدەستەوە**

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

دەگرت کە باوکی کۆچی دوایی کرد. سەرەڕای ئەو کۆستە بۆ بنەماڵەکەی بەڵام ڕەوانەی قوتابخانە کرا. خدرە سوور بەهۆی دەستەنگیی بنەماڵەکەی، ناچار بوو لە تەنیشت خوێندن مل وەبەر کار و کاسبی بنێ، و بەمجۆرە خوێندنی هەتا دیپلۆم درێژە پێدا. پاشان دوو ساڵی ئیجباری تەواو کرد و دواتر وەک مامۆستا لە ناوچەی سەردەشت دەرسی بە منداڵە چاوگەشەکانی ئەو دەڤەرە دەگوتەوە.

ژیانی لادێ و ئاشنایی خدرە سوور بە ژیانی کوردەواری و زەحمەتکێشانی کوردستان، دیتنی زوڵم و زۆریی دەسەڵاتدارانی پاشایەتی سەبارەت بە خەڵکی کوردستان، بوو بەهۆی ئەوەی بیری ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری لە بیر و هۆشی ئەو لاوە خوێنگەرمەدا چەکەرە بکا و بێزاریی ناوبراو ڕۆژبەڕۆژ لەو ڕێژیمە پەرەی ئەستاند. تێکەڵبوونی خدرە سوور لەگەڵ سیاسەت و چاندنی بیری ئازادی لە ناخیدا بۆ ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دەگەڕێتەوە. لەو سەردەمەدا سێبەری زەبروزەنگی ڕێژیمی پاشایەتی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو، بەڵام خدرە سوور ترسی لە لەشدا نەبوو، و لە زۆربەی خۆپێشاندانەکانی شارەکانی بانە، مەهاباد و سەردەشت بەشداریی چالاکانەی کرد. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی ئێرانیدا دەستی بە تێکۆشان کرد. پاشان پێوەندی بە حیزبی دێموکراتەوە گرت و ساڵی ١٣٦٠ بوو بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و لە لکی ٣ی هێزی پێشەوا دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد.

خدرە سوور زۆر زوو وەک پێشمەرگەیەکی ڕۆح سووک و ئازا و خاوەن بیروباوەڕ لەنێو هاوسەنگەرانیدا ناوبانگی دەرکرد. ناوبراو بڕوای خۆی بە ڕێبازی پیرۆزی حیزبەکەی هەر لە یەکەم چالاکیی پێشمەرگانەی خۆی لەگەڵ هاوڕێیانی لە ناوچەی مەهاباد نیشان دا. بەشداریکردن لە چەند شەڕدا بەهۆی ئازایەتی، لێزانی، لێ وەشاوەیی و دەستوبردی، شارەزایی لە بواری نیزامیدا، بوو بەهۆی ئەوەی خدرە سوور وەک سەردەستە لە هێزی پێشەوا دیاری بکرێ. پاشان بەهۆی ئازایەتی و کارلێهاتوویی توانی پلەکانی پێشمەرگایەتی یەک لەدوای یەک تێپەڕ بکات. هەر ئەو ساڵە کرا بە سەردەستە، دواتر وەک جێگری لکی ٣ و پاشان ساڵی ١٣٦٢ وەک فەرماندەی ئەو لکە دیاری کرا و ساڵی ١٣٦٤ بوو بە جێگری هێزی پێشەوا و سەرەنجام هەر ئەو ساڵە وەک فەرماندەی هێزی شەهید پێشەوا دیاری کرا.

شەهید خدرە سوور لە فەرماندە بژاردەکانی حیزبی دێموکرات بوو. ئەو ئەوەندە بەبیروباوەڕ بوو کە بە شەهیدبوونی هاوڕێیەکانی و براکەی بەناوی ڕزگار، تۆسقاڵێک ورەی دانەبەزی و هەنگاوی پێ شل نەبوو. خدرە سوور لە دژوارترین قۆناغی خەباتدا لەگەڵ پێشمەرگە ژیا. سەرکەوتنی ئەو لە فەرماندەیی هێزی پێشەوادا ناوبانگی دەرکرد؛ ناوبانگی ناوبراو گەیشتە لووتکە. هێزەکانی ڕێژیم زۆریان هەوڵ دا لە داوی بخەن یان غافڵگیری بکەن، بەڵام هەموو هەوڵەکانیان لەگەڵ شکست ڕووبەڕوو بووە؛ تەنانەت منداڵەکانی گیران و ڕەوانەی بەندیخانە کران. لە زۆربەی شاخ و دۆڵ و چیاکانی



سەرچاوە Serchawe

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

ناوچەی موکریان بە فەرماندەیی ئەو ڕۆڵە شۆڕشگێڕەی دێموکرات عەمەلیاتی قارەمانانە ئەنجام دراوە و زەبری زۆر کاریگەر لە دوژمن وەشێندراوە.

شەهید خدرە سوور بەتەواوی خەڵکی و خاکی بوو، ڕێزی لە خەڵک دەگرت و خۆشەویستی خەڵک بوو. ئەو فەرمانـدەیی دەیان شەڕی قارەمانانەی لە ناوچەی مەهاباد کرد. لە مودیرییەتی فەرماندەیی لە شەڕەکاندا ڕۆڵی باشی دەگێڕا. دەستبەسەرداگرتنی چەندین پایەگا، شەڕی نێو شاری مەهاباد، جادەی مەهاباد - بۆکان، جادەی سەردەشت - مەهاباد، شەڕەکانی ناوچەی مەنگوڕان، گەورکایەتی، پشتی شێخ چۆپان، سارەکوێستان، پشتی حوسێنئابات و گوردانی نۆبار و چەندین عەمەلیاتی دیکە، نموونەیەکن لەو عەمەلیاتانەی خدرە سوور فەرماندەیی دەکردن. نەزم و دیسیپلین و هێمنی و لەسەرخۆیی لەو تایبەتمەندییانە بوو کە خدرە سووری پێ دەناسرایەوە. ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە پێشمەرگە دەبێ بە پێی نەزم و ئەخلاق و کردەوەی شۆڕشگێڕانە و ئاکاری جوان لەگەڵ خەڵک ڕووبەڕوو بێ؛ بۆ کردەوەی چاک تێبکۆشێ، بە شێوەیەک هەڵسوکەوت بکا خەڵک بۆ لای بەرنامەی حیزب ڕابکێشێ. ئەزموونی فەرماندەیی، مودیرییەتی ڕێکوپێک و کردەوەی شۆڕشگێڕانە، خدرە سووریان کردبووە جێی متمانە و خۆشەویستیی هاوسەنگەرانی. بەتەواوی جێی خۆی لە دڵی خەڵکی ناوچەی مەهاباد و بۆکاندا کردبووەوە و زەحمەتکێشانی ئەو ناوچەیە خدرە سووریان وەک پێشمەرگەیەک و فەرماندەیەکی شۆڕشگێڕ چاو لێ دەکرد.

**ئەو پێشمەرگە تێکۆشەرە، ئەو فەرماندە بەزیپک و لێوەشاوەیە، جێی هیوا و ئومێدی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو؛ چونکە بە کردەوە سەلماندبووی ئەوینداری کوردایەتی و خەباتگێڕێکی ڕاستەقینەی ڕێگای دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەکەیەتی. بەڵام بەداخەوە دوای گرتنی گوردانی نۆبار، ڕۆژی ٧ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لە چیای تەرەغە، کەوتە بەر پریشکی خومپارە و چاوی لەسەر یەک دانا و بۆ هەمیشەماڵئاوایی لە حیزب و هاوسەنگەرانی و خەڵکی کوردستان کرد.**

**١٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# پرۆفایلینگی نەتەوەیی و کاریگەرییەکانی لەسەر ستراتیژییە ئەمنییەتییەکان




(شیکارییەکی ئەکادیمی لەسەر نەتەوەی کورد؛ مێژوو، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و شەڕی سایبێری)



خالید قادری

## پوختە (Abstract)



سەرچاوە
Serchawe

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

**پرۆفایلینگی نەتەوەیی یەکێکە لە ئامرازە زانستییە گرنگەکان لە داڕشتنی ستراتیژییە سیاسی، ئەمنییەتی و سایبێرییەکان لە سەردەمی هاوچەرخدا. ئەم وتارە هەوڵ دەدات پرۆفایلینگی نەتەوەیی وەک چوارچێوەیەکی تیۆری و کرداری شیکاری بکات، بەتایبەتی لەسەر نەتەوەی کورد. بە تیشک خستنە سەر مێژوو، کارەسات، دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن، وتارەکە نیشان دەدات چۆن ئەم زانیارییانە لەلایەن هێزە نێودەوڵەتییەکان و نەیارانی کوردەوە بۆ گوشار و کۆنترۆڵکردنی هەلومەرجەکان بەکار دەهێنرێن. هەروەها، وتارەکە شێوازی وەڵامدانەوە و پووچەڵکردنەوەی ئەم ستراتیژییانە لەلایەن کوردەوە شیکاری دەکات.**

## پێشەکی

**لە سەردەمی هاوچەرخدا، شەڕ و ململانێی نێودەوڵەتی تەنیا بە هێزی سەربازی ڕوو نادات، بەڵکوو بە شێوەیەکی فراوان لە بواری دەروونی، ڕاگەیاندن و سایبێردا ڕوو دەدات.**

**لێرەدا پرۆفایلینگی نەتەوەیی وەک یەکێک لە گرنگترین ئامرازە زانستییەکان دەردەکەوێت.**

### ١- چوارچێوەی تیۆریی پرۆفایلینگی نەتەوەیی

**پرۆفایلینگی نەتەوەیی سیستەمێکی زانستییە کە لەسەر بنەمای زانیارییە مێژوویی، دەروونی، ئایدیۆلۆژی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبێت. ئەم سیستەمە لەلایەن دەزگا ئەمنییەتی و زانیارییە نێودەوڵەتییەکانەوە بەکار دەهێنرێت بۆ پێشبینیکردنی کردار و هەڵوێستی نەتەوەکان و دیاریکردنی خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکان بۆ داڕشتنی ستراتیژییە گونجاوەکان.**

**نەتەوەی کورد لە مێژووی نوێدا تووشی ژمارەیەکی زۆر لە شۆڕش، سەرهەڵدان، خیانەت و تەنیاهێشتنەوەی نێودەوڵەتی بووە.**

**ئەم ئەزموونانە بوونەتە بەشێک لە ناخودئاگای کۆمەڵایەتیی کورد و بنەمای پرۆفایلینگی نەتەوەییان دروست کردووە، وەک:**

**ترسی دووبارە تەنیاهێشتنەوە.**

هەستی خیانەت لێکران.
گرێدانی ناسنامەی نەتەوەیی بە مێژووەوە.

بەکارهێنانی پرۆفایلینگی نەتەوەیی دژی کورد: هێزە ستراتیژییەکان لە ڕووی سیاسی و ئەمنییەتییەوە، ئەم تایبەتمەندییانەیان بەکار هێناوە بۆ دروستکردنی هەستی لاوازی، ناڕەزایی و ڕازیبوون بە کەمتر. شەڕی سایبێری، ڕاگەیاندنی ئانقەست و کارەساتەکانی مێژووی خەباتی کورد، بەشێکی سەرەکی بوون لەم ستراتیژییە.

## ٢- وەڵامی کورد و پووچەڵکردنەوەی ستراتیژییەکان

لە ڕووداوە نوێکاندا، لایەنی کوردی توانی بە شێوەیەکی نائاسایی (چاوەڕواننەکراو):

هەستی لاوازی ڕەت بکاتەوە.
میدیا وەک ئامرازێکی یەکخستنی هەستی نەتەوەیی بەکار بهێنێت.
هەستی سۆزداریی (ئیحساسی) لەپڕ و کوتوپڕ، بە شێوەیەکی تاکتیکی و کاریگەر بەکار بهێنێت.

ئەم کردارانە پلانەکانی نەیار و دژبەرانی پووچەڵ کردەوە و هەلومەرجەکانی گۆڕی. هەروەها پێویستە تێبینی بکرێت کە، سەرەڕای جیاوازییە سیاسی و ئەمنییەتییەکان لە ڕۆژاوا، باشوور، باکوور و ڕۆژهەڵات، نەتەوەی کورد بنەمایەکی مێژوویی و دەروونیی هاوبەشی هەیە. ئەمە وادەکات کە پرۆفایلینگی نەتەوەیی یەکگرتوو بێت، بەڵام نەک یەکسان.

## ٣- ڕۆژاوای کوردستان و کەمبوونەوەی ترسە مێژووییەکان: شیکارییەکی نموونەیی

**(Case Analysis: Rojava Kurdistan and the Reduction of Historical Fears)**

لە چوارچێوەی پرۆفایلینگی نەتەوەیی کورددا، ڕۆژاوای کوردستان وەک نموونەیەکی گرنگ دەردەکەوێت بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتیی کەمبوونەوە یان پووچەڵکردنەوەی ئەو ترسە مێژووییانەی لە ناخودئاگای کۆمەڵگەی کوردیدا جێگیر بوون. لەنێو ئەم ترسانەدا، دوو ترسی سەرەکی بە شێوەیەکی تایبەت بەکارهاتوون:

ترسی پشتگیری نەکردنی کوردانی باشوور لە ڕۆژاوا: لە پرۆفایلینگی کلاسیکی نەتەوەی کورددا، هەمیشە ئەو باوەڕە هەبووە



سەرچاوە
Serchawe

کە کوردانی پارچەکان لە کاتی قەیراندا پشتگیریی یەکتری ناکەن. ئەم ترسە بەردەوام لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و شەڕی دەروونییەوە زیندوو دەکرایەوە بۆ دروستکردنی هەستی تەنیا مانەوە و لاوازی. بەڵام لە ڕووداوە نوێکاندا،

**ئەم ترسە بە شێوەیەکی دیار کەم بووەوە؛ بە هۆکاری:**

گۆڕانی شێوازی پەیوەندیی نەتەوەیی لە ڕێگەی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.
هەستی هاوبەشی مێژوویی و ناسنامەیی لە نێوان کوردانی ناوچەکاندا.
کەمبوونەوەی کاریگەریی ڕاگەیاندنی فەرمیی دەوڵەتان لەسەر ڕوانینی کۆمەڵگە.

ترسی شەڕی براکوژی لە ئەگەری تێکەڵبوونی هێزە کوردییەکان: ئەمە ترسێکی قووڵ بووە، بەتایبەتی لەو سناریۆیەی کە هێزەکانی ڕۆژاوا تێکەڵی سوپای سووریە و هێزەکانی باشوور تێکەڵی سوپای عێراق بن و شەڕ لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا ڕوو بدات. لە پرۆفایلینگی کلاسیکدا، ئەمە وەک "کێشەی مێژوویی" بۆ ترساندن بەکار دەهات.

**بەڵام لە حاڵەتی ڕۆژاوادا ئەم ترسە کەم بووەوە چونکە:**

هێزە کوردییەکان خۆیان وەک ئەکتەرێکی سەربەخۆ ناساند، نەک پاشکۆی سوپای دەوڵەتان.
ئاگایی نەتەوەیی بەرامبەر مەترسیی شەڕی براکوژی بەرز بووەوە و وەک هۆشدارییەکی ستراتیژی بەکار هات.

## کۆتایی(Conclusion)

پرۆفایلینگی نەتەوەیی زانستێکی دوولایەنەیە: ئەگەر نەتەوەیەک خۆی نەناسێت، ئەم زانستە دەبێتە ئامرازێکی دژایەتی؛ بەڵام ئەگەر خۆی بناسێت و فێری شێوازی بەکارهێنانی بێت، دەتوانێت بیگۆڕێت بۆ ئامرازێکی پاراستن و بەرەنگاربوونەوە. بۆ نەتەوەی کورد، تێگەیشتن لە پرۆفایلینگی نەتەوەیی پێویستییەکی ئەکادیمی و ستراتیژییە، نەک تەنیا بابەتێکی تیۆری.

١٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

ڕێبەندانی ٢٧٢٥

## ڕۆژنامەی کوردستان و پرسی ئەدەب و هونەری بەرگری (شیکارییەکی مێژوویی - کۆمەڵایەتی ـ زمانەوانی)






**بەهار حوسێنی**

### پێشەکی: بۆچی «ئەدەبی بەرگری»؟

له توێژینەوە کۆمەڵایەتی و پۆستکۆلۆنیاڵەکاندا، ئەدەبی بەرگری بەجۆرێک له دەق دەوترێت که له دۆخی نائاسایی و

نایەکسانیدا دروست دەبێت و ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری و چاوکراوەیی کۆمەڵگەیە و زمان تێیدا دەبێت بە مەیدانی شەڕ و بەرەنگاری و بەگژداچوونەوەی ستەم. ئەدەبی بەرگری، وێڕای دێرین بوونی لە مێژووی کورددا، لە مێژووی هاوچەرخ و بەتایبەتی لە دۆخی پاش هاتنەئارای خەباتی دژەکۆلۆنیالیستیدا زیاتر پەرەی سەندووە. نێوئاخنی ئەم جۆرە لە ئەدەبیات تەژییە لە دەروەستی و هەڵوێستی مرۆڤ لە پرۆسەی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەرانبەر بە تەوژمی خۆبەدەستەوەدان و هەڕەشە بۆ سەر شوناسی کولتووری و خاک و کەرامەتی مرۆیی.

ئەم لقە لە ئەدەبیات، هەڵگری بەرخۆدانی بەدەفکراو لەهەمبەر دوژمنکاریی دوژمنانەدایە و خۆڕاگری و گیانبازیی نەتەوەیەک بۆ پێشگرتن بە زاڵبوونی بێگانە و داگیرکەر دەباتە نێو جیهانی زەینی تاکەکانی نەتەوە و هەوڵ دەدات لە ڕێگای وێنەی هزری و وێنای هونەرییەوە، ڕۆحی جەنگاوەری و تێڕوانینی خەباتگێڕانە و بەرخۆدانی نەتەوەیی لە بەرانبەر دوژمندا ڕاچڵەکێنێت. ئەدەبیاتی بەرگری، لە هەلومەرجێکدا سەر هەڵدەدات کە دوژمنێکی داگیرکەر بە شەڕ و کاولکاری، بۆ سڕینەوەی گەلێک و سەپاندنی هەژموون و باڵادەستیی هەمەلایەنەی خۆی هەوڵ دەدات. لە ڕاستیدا ئەو جۆرە لە ئەدەبیات، دژی داگیرکاری و لەقاودەری خۆبەدەستەوەدان و بندەستییە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە چاخی مۆدێرندا، ئەم لقە لە ئەدەبیات زۆرجار لە ڕێگەی ڕۆژنامە سیاسییەکانی زمانحاڵی حیزب و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی نێو بزووتنەوەی کوردەوە گەشەی کردوە، چونکە ئەو ژانرە لە ڕۆژنامەگەری یەکەم شوێنی بڵاوکردنەوەی وشەی کوردیی فەرمی و هاندانی هزری باوەڕبەخۆبوونی کۆمەڵگە بووە. لێرەدا، ڕۆژنامەی "کوردستان" وەکوو یەکێک لە پێشەنگەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی کە هەر لە سەرەتاوە وەکوو زمانحاڵی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان دەرکەوتووە، دەکەوێتە ناوەندی سەرنج و چەقی لێکدانەوەکانی ئەم بابەتە.

## ڕۆژنامەی کوردستان و دروستکردنی "کۆمەڵگەی خوێنەر"

یەکێک لە شیکارییە بنچینەیی و زۆرجار پشتگوێخراوەکان لە توێژینەوەکانی پەیوەندیدار بە ڕاگەیاندنی کوردیدا، ئەوەیە کە ڕۆژنامەی کوردستان تەنیا دەقی ئەدەبی، سیاسی و ڕاگەیاندنی بەرهەم نەهێنا، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەردەوام و سیستەماتیک خوێنەری خۆی دروست کرد. مەبەست لەم وتەیە دروستکردنی خوێنەر بە واتای فیزیکی یان لە ڕووی چەندایەتییەوە نیە، بەڵکوو دروستکردنی شێوازی خوێندن، تێگەیشتن و هەڵوێستی خوێنەرە؛ خوێنەرێک کە فێری خوێندنی دەقی درێژ، قووڵ و هزری بوو، توانای پەیوەندیدانی ئەدەب، سیاسەت و کۆمەڵگە تێیدا پەرەی سەند و زمانی کوردیی نووسراو و پاراوی وەک زمانێکی فەرمی و پێوەر وەرگرت. لە قۆناغەکانی سەرکوت، قەدەغە و ئاوارەییدا، خوێندنی

ڕۆژنامەی کوردستان تەنیا کردار یان ڕووتینێکی ڕۆژانەی مێدیایی نەبوو، بەڵکوو بوو بە کردارێکی نەتەوەیی و شێوەیەک لە بەرگریی کولتووری؛ دەق و هەواڵ و وتارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە زۆرجار بە شێوەی نهێنی خوێندرانەوە و دەستخستن و خوێندنەوەیان هەڵگری ڕیسکی ئەمنی و تێچووی گیانی بوو، لە وەها هەلومەرجێکدا دەقەکانی لەنێو کۆڕ و کۆمەڵەکاندا باس دەکران و دەگوازرانەوە، و بەم شێوەیە ڕۆژنامەکە ناوەندی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی و هزریی دروست کرد. ئەم پرۆسەیە یارمەتیدەری دروستکردنی خوێنەرێکی وشیار، زمانزان و ڕەخنەگر بوو کە وشە و زمان وەک ئامرازێکی بەرگری و پاراستنی نەتەوەیی دەبینێت، نەک تەنیا وەک ئامرازێکی گواستنەوەی هەواڵ؛ بەم مانایە، ڕۆژنامەی کوردستان لە ئاستێکی قووڵتر لە بڵاوکردنەوەی دەق، بەشێک بوو لە دروستکردنی وشیاریی کۆمەڵگە و پەرەپێدانی ئەدەبی بەرگری لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، خوێنەری ڕۆژنامەکە فێری خوێندنی دەقی درێژ، هزری و ئەدەبی بوو، دەقێک کە ئەدەب تێیدا لە هەواڵ جیا نەبوو، بەڵکوو بەشێک بوو لە تێگەیشتن لە سیاسەت. ئەمە خوێنەرێکی دروست کرد کە وشەی نەتەوەیی وەک هێز دەبینێت، بەم شێوەیە، ئەدەبی بەرگری لە ڕۆژنامەی کوردستاندا تەنیا بڵاو نەکرایەوە، بەڵکوو خوێنرا، تێگەیشترا و بەکار هێنرا.

## قۆناغەکانی ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڕانی شێوازی ئەدەبی بەرگری:

١- **قۆناغی شۆڕش و دامەزراندن لە ڕۆژنامەی کوردستان:** نووسەر، هۆنراوە و دروستکردنی وشیاریی نەتەوەیی لە قۆناغی شۆڕش و دامەزراندندا، ڕۆژنامەی کوردستان بوو بە یەکێک لە گرنگترین ناوەندەکانی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ئەدەبی بەرگری لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. لەم قۆناغەدا، ئەدەب و هونەر لە سنووری دەربڕینی تایبەتی یان جوانکاریی زمانەوە تێپەڕیبوو و ببوو بە ئامرازێکی ڕاستەوخۆی بانگەواز، وشیارکردنەوە و ڕێکخستنی بیری نەتەوەیی. ئەم ڕۆڵە لە ڕێگەی وتار و هۆنراوەکانەوە، بە تایبەتی بە دەستی شاعیران و نووسەرانی ناسراوی کورد، بە شێوەیەکی بەردەوام جێبەجێ کرا. لە نێوان شاعیرانی ئەم قۆناغەدا، ناوی مامۆستا دڵدار بە شێوەیەکی دیار بەردەوام لە نێوئاخنی نیشتمانی و بەرگریی ڕۆژنامەکەدا هاتووە. هۆنراوەکانی ئەو، کە تێیدا وشەکانی وەک «نیشتمان»، «ئازادی» و «قوربانی» دووپاتە دەبنەوە، نموونەیەکی ڕوونن لەو شێوازەی کە هۆنراوە لە قۆناغی شۆڕشدا دەگۆڕدرێت بۆ دەنگی گشتیی خەبات.

ئەم جۆرە لە دووپاتەکردنەوەی وشەکان تەنیا تەکنیکی هونەری نیە، بەڵکوو شێوازێکی وشیارکەرەوەیە بۆ دروستکردنی هزر و بیرکردنەوەی هاوبەش لەنێو خوێنەراندا. هەروەها قانیع و هێمن موکریانی لەو شاعیرانەن کە هۆنراوەکانیان لە

ڕۆژنامەی کوردستاندا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە خەباتی نەتەوەیی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەبوو. هێمن، بەتایبەتی، لە هۆنراوەکانی خۆیدا زمانێکی نزیک لە قسەی ڕۆژانە و هەست و ئازارە کۆمەڵایەتییەکانی بەکار دەهێنا، ئەمەش وای کرد هۆنراوەکانی تەنیا لە سنووری خوێنەری دەستەبژێردا نەمێننەوە، بەڵکوو ببنە بەشێک لە گوتاری گشتیی کۆمەڵگە. لەم شێوازەدا، هۆنراوە دەگۆڕدرێت بۆ «دەقی خوێندراوە»، دەقێک کە دەخوێنرێتەوە، دەگوازرێتەوە و دەبێتە بەشێک لە ژیان. لە ڕوانگەی نووسینی هزری و سیاسییەوە، نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان زۆرجار بە ناوی ڕاستەقینە یان ناوی خوازراوەوە هەوڵیان دەدا چەمکە بنچینەییەکانی شۆڕش و دامەزراندن وەک «مافی نەتەوەکان»، «خۆبەختکردن»، «یەکگرتوویی» و «بەرپرسیارێتیی ڕووناکبیری» بەشێوەیەکی فێرکاری و ڕێنماییکارانە پێناسە بکەن. ئەم وتارانە، کە زمانێکی کوردیی پاراو و فەرمییان بەکار دەهێنا، تەنیا پەیامیان نەدەگواستەوە، بەڵکوو خوێنەریان فێری شێوازی بیرکردنەوە و گرتنی هەڵوێستی سیاسی دەکرد. بەم پێیە، وتار لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ببووە ئامرازێکی پەروەردەی هزری. نموونەی ئەم کاریگەرییە لە کۆمەڵگەدا زۆر ڕوونە. لە زۆر شوێندا، هۆنراوە و وتارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لە کۆبوونەوە نهێنییەکاندا دەخوێندرانەوە، لەنێوان گەنجاندا دەگوازرانەوە و بەشێوەی دەنگی و خوێندنەوە بڵاو دەبوونەوە. ئەمە واتای ئەوەیە کە دەق لە سنووری لاپەڕەی چاپکراو تێپەڕیبوو و ببووە کردارێکی کۆمەڵایەتی؛ وشە ببووە هەنگاو، و خوێندن ببووە بەشداربوون. بەم شێوەیە، قۆناغی شۆڕش و دامەزراندن لە مێژووی ڕۆژنامەی کوردستاندا قۆناغێک بوو کە تێیدا شاعیر و نووسەر و خوێنەر لە یەک پرۆسەدا کۆ دەبوونەوە. ئەدەب لەم قۆناغەدا نەک هەر ئامرازێکی دەربڕینی هونەری، بەڵکوو بنچینەی دروستکردنی وشیاریی نەتەوەیی و ڕێکخستنی هزر و بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانەش بوو؛ و ئەمەش وای کرد ڕۆژنامەی کوردستان ببێتە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئەدەبی بەرگری لە مێژووی نووسراوی کورددا.

### ٢- قۆناغی سەرکوت (دوای ١٩٤٧): نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستان لە دۆخی قەدەغە و دەرەوەی نیشتمان:

قۆناغی سەرکوت لە مێژووی ڕۆژنامەی کوردستاندا بە شێوەیەکی ڕوون لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٧ دەست پێدەکات، ئەو قۆناغەی کە تێیدا هەموو دامەزراوە سیاسی و ڕاگەیاندنییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات تووشی قەدەغە و سەرکوتی توند بوون. لەم ماوەیەدا، نەدەتوانرا ڕۆژنامەی کوردستان لە نێوخۆی نیشتمان بە شێوەی ئاشکرا چاپ و بڵاو بکرێتەوە، بۆیە چاپکردنەکەی گوازرایەوە بۆ دەرەوە، بە تایبەتی بۆ ناوچەکانی کوردستانی باشوور و دواتر بۆ شوێنە جیاوازەکانی دەرەوەی وڵات، لە دۆخی ئاوارەیی و دوورەوڵاتیدا. ئەم گۆڕانکارییە لە شوێنی چاپ و دۆخی کارکردندا، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر نێوەڕۆکی ڕۆژنامەکە؛ هەواڵی ڕاستەوخۆی نێوخۆیی کەمتر بوون، بەڵام لەبری ئەوەدا نێوەڕۆکی هزری، ئەدەبی و زمانەوانی فراوانتر بوو، و ڕۆژنامەکە زیاتر بوو بە ناوەندی پاراستن و بەردەوامیی ناسنامەی کوردی. لەم قۆناغەدا، نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستان بە شێوەیەکی دیار ناڕاستەوخۆتر بوو.



سەرچاوە
Serchawe

هۆنراوەکان و دەقە ئەدەبییەکان بە تایبەتی ئەوانەی کە بە ناوی شاعیرانی وەک هێمن موکریانی، هەژار و قانیع بڵاو دەبوونەوە، زۆرجار بە هێما و وێنەی سروشتی نووسراون، بۆ ئەوەی پەیامی بەرگری و خەبات لەژێر دۆخی سەرکوتدا بپارێزرێت.

لە هەمان کاتدا، وتارە هزری و زمانەوانییەکانیش شوێنێکی گرنگیان لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەدا گرت، کە تێیدا باس لە گرنگیی پاراستنی زمان، نووسین و ئەدەب لە دۆخی قەدەغەدا دەکرا. ئەم جۆرە نێوەڕۆکە نەک نیشانەی دوورکەوتنەوە لە خەباتی سیاسی، بەڵکوو هەڵگری ستراتیژییەک لە نێوئاخنیدا بوو بۆ بەردەوام بوونی پەیام و دروستکردنی خوێنەرێکی وشیار کە بتوانێت دەق بخوێنێتەوە، لە واتا تێبگات و پەیوەندییەکانی نێوان وشە و دۆخی مێژوویی دەرک بکات. بەم مانایە، ڕۆژنامەی کوردستان لە قۆناغی سەرکوتدا، هەرچەندە لە دەرەوەی نیشتمان چاپ دەبوو و لە دۆخی سنووردارردا، بەڵام نێوەڕۆکی دەقەکانی قووڵتر، ستراتیژیکتر و مانادارتر بوو، و توانای ئەوەی هەبوو کە بەردەوامیی ئەدەبی بەرگری و وشیاریی نەتەوەیی بپارێزێت.

### ٣- قۆناغی نوێبوونەوە: گۆڕانی نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستان و بەراوەردی لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوو:

لە دەیەی ١٩٩٠وە تا ئێستا، ڕۆژنامەی کوردستان چووەتە قۆناغێکی نوێ کە تێیدا نێوەڕۆک، شێوازی نووسین و ڕێکخستنی لاپەڕەکان گۆڕانکارییەکی بنچینەیی تێدا ڕووی داوە. ئەگەر لە قۆناغی شۆڕشدا نێوەڕۆک زیاتر هەڵگری بانگەواز و ڕێنماییی ڕاستەوخۆ بوو، و لە قۆناغی سەرکوتدا گۆڕابوو بۆ شێوازێکی هێمایی و ناڕاستەوخۆ بۆ پاراستنی پەیام، لە قۆناغی نوێبوونەوەدا ڕۆژنامەی کوردستان هەوڵی یەکخستنی ئەم دوو ئەزموونەی دا و نێوەڕۆکەکەی بردە ئاستێکی شیکاری، ڕەخنەیی و توێژینەوەیی. لەم ماوەیەدا، ڕۆژنامەکە هێشتا لە دەرەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات چاپ دەبوو، بەڵام نێوەڕۆکەکەی بەشێوەیەکی دیار پەیوەندیدار بوو بە پێداویستییەکانی نێوخۆ و پرسی گشتیی کۆمەڵگەی کوردستانی ڕۆژهەڵات. لە ڕوانگەی ڕێکخستنی نێوەڕۆکەوە، قۆناغی نوێبوونەوە ناسراوە بە دروستکردنی ستوون و بابەتی دیاریکراو کە تێیدا بابەتە سیاسییەکان تەنیا لە شێوەی هەواڵ یان ڕاگەیاندن نەبوون، بەڵکوو بە شێوازی شیکاری و ڕەخنەیی باس دەکران. هەروەها، بابەتە هزری، مێژوویی، ئەدەبی و زمانەوانییەکان شوێنێکی دیاریان لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەدا گرت، کە ئەمە جیاوازییەکی ڕوونە لەگەڵ قۆناغی سەرکوت، کە تێیدا نێوەڕۆک زۆرجار ناچار بوو بە زمانی ئاماژە و دوومانایەتی قسە بکات. لە قۆناغی نوێدا، هەرچەندە هێشتا هێما و ئاماژە بەکار دەهێنرێت، بەڵام بە شێوەیەکی وشیارتر و بۆ مەبەستی ڕەخنە و شیکردنەوە، نەک تەنیا بۆ پاراستن.



سەرچاوە
Serchawe

لە بوارە ئەدەبییەکاندا، ڕۆژنامەی کوردستان لە قۆناغی نوێبوونەوەدا شوێنێکی تایبەتی بۆ دەقە ئەدەبییەکان هێشتەوە، بەڵام ئەم دەقانە زۆرجار شێوازی ئەزموونگەرایانە و ڕەخنەییان هەیە. ئەگەر لە قۆناغی شۆڕشدا هۆنراوە و دەقی ئەدەبی زۆرتر دەنگی گشتیی خەبات بوون، و لە قۆناغی سەرکوتدا بوونەتە ئامرازی پاراستنی پەیام لەژێر گوشاردا، لە قۆناغی نوێدا ئەدەب لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بوو بە بوارێک بۆ بیرکردنەوە، بەراوەردکردنی ئەزموونی ڕابردوو و پرسیاری ڕەخنەیی لەمەڕ ئێستا و داهاتوو.

**لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، قۆناغی نوێبوونەوە بەردەوامیی ئەو ئەرکە پیشان دەدات کە ڕۆژنامەی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنەوە هەیبوو:**

پەرەپێدانی زمانێکی کوردیی نووسراو، پاراو و ستاندارد. بەڵام ئەم ئەرکە کە لە قۆناغەکانی پێشوودا، زۆرجار بە شێوازی فێرکاری جێبەجێ دەکرا، لە قۆناغی نوێدا بە شێوەیەکی سیستەماتیک، لە ڕێگەی یەکخستنی شێوازی نووسین، ڕێنووس، وشەسازی و بەکارهێنانی دەستەواژەی گونجاو بۆ چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نوێکانەوە جێبەجێ دەکرێت.
بەم مانایە، قۆناغی نوێبوونەوە لە مێژووی نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستاندا قۆناغی تێکەڵبوونی ئەزموونەکانە: ئەزموونی بانگەوازی ڕاستەوخۆی قۆناغی شۆڕش، ئەزموونی قووڵ و هێمایینی قۆناغی سەرکوت، و پێداویستییەکانی ڕەخنە و توێژینەوەی سەردەمی نوێ. ئەم تێکەڵبوونە وای کرد ڕۆژنامەی کوردستان نەک تەنیا وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندن، بەڵکوو وەک ناوەندی بیرکردنەوە، شیکاری و دروستکردنی خوێنەری وشیار و فێرکراو بەردەوام بمێنێتەوە.

**دەق و هۆنراوە و دروستکردنی دەسەڵاتی وشە لە نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستان:**

لە نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستاندا، دەق و هۆنراوە تەنیا وەک شێوەیەکی ئەدەبی بۆ دەربڕینی هەست یان جوانکاریی زمان نەهاتوونەتە پێشەوە، بەڵکوو وەک ئامرازێکی هزری بۆ دروستکردنی جۆرێکی تایبەت لە «دەسەڵاتی وشە» بەکار هێنراون. هۆنراوەکان بەتایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا وشەیان کردە ناونان؛ ناونانی نیشتمان، ناونانی دوژمن، ناونانی خەبات و ناونانی ئەو سنوورە واتاییانەی کە خوێنەر تێیدا خۆی و جیهانی دەوروبەری دەبینێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، دەقە ئەدەبییەکان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا، تەنیا جیهان وێنا ناکەن، بەڵکوو جیهان «ڕێک دەخەن»؛ ئەوە دەسەڵاتی وشەیە.

لە قۆناغی سەرکوتدا، کاتێک کە وشەی ڕاستەوخۆ قەدەغە بوو، هۆنراوەکان گواستنەوەی ئەم دەسەڵاتەیان بۆ ئاستێکی

قووڵتر وەئەستۆ گرت. وشە لێرەدا بە هێما و وێنەی سروشتی تەیار کرا: شاخ، با، زوقم، شەو، خۆر، خوێن، بەهار؛ بەڵام ئەم وێنانە نەبوونە وێنەی جوانکاری، بەڵکوو بوون بە کۆدێکی مانایی کە خوێنەری ڕۆژنامەی کوردستان فێری خوێندنەوەیان بوو. بەم شێوەیە، دەق و هۆنراوە نەک تەنیا پەیامی شۆڕشی پاراست، بەڵکوو «خوێنەری خاوەن توانا»ی دروست کرد؛ خوێنەرێک کە بتوانێ لە نێوان هێڵەکاندا بخوێنێتەوە و لەژێر وشەکاندا مانا بدۆزێتەوە. ئەمە گرنگترین شێوەی کارکردنی دەسەڵاتی وشەیە: دروستکردنی شێوازی تێگەیشتن، نەک بە تەنیا گواستنەوەی زانیاری.

لە قۆناغی نوێبوونەوەدا، هۆنراوە و دەق لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا چوونە ئاستێکی شیکاریتر. ئەمجارە وشە تەنیا بەرگری ناکات، بەڵکوو خۆی دەخاتە ژێر پرسیاریش. دەقەکان دەست دەکەن بە بەراوردکردنی مێژوو، گوتاری خەبات و ئەو چەمکانەی کە لە قۆناغەکانی پێشوودا وەک «پیرۆز» و «پرسیارهەڵنەگر» ناسراون. بەم شێوەیە، هۆنراوە بوو بە شوێنێک بۆ ڕەخنەی ناوەکی، و وشە بوو بە ئامرازێک نەک تەنیا بۆ دروستکردنی دەسەڵات، بەڵکوو بۆ سنووردارکردن و ڕێکخستنی ئەو دەسەڵاتەش. ئەمە نیشانەی گەیشتنی دەق بە قۆناغی پێگەیشتوویی هزرییە، کە تێیدا ئەدەب خزمەتگوزاری گوتار نیە، بەڵکوو بەشێکە لە دروستکردنی گوتار. بەم واتایە، پەیوەندیی نێوان شاعیران، دەق و هۆنراوە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی دەسەڵاتە؛ دەسەڵاتی وشەیە کە جیهان دەناسێنێت، مێژوو ڕێک دەخات و خوێنەر فێری شێوازی بیرکردنەوە دەکات. ئەم دەسەڵاتە لە دەرەوەی دەقەکەوە نایەت، بەڵکوو لەناو شێوازی نووسیندا، هێما و ئەو پەیوەندییە قووڵەی نێوان وشە و خوێنەر دروست دەکات. لەو سۆنگەوەیشەوەیە کە ڕۆژنامەی کوردستان توانیویەتی نەک هەر دەق دروست بکات، بەڵکوو کولتوورێکی خوێندنەوە و دەسەڵاتێکی وشەیی بەردەوام دروست بکات.

### هونەر و بەرگری: چوارچێوەیەکی تیۆریک بۆ تێگەیشتن لە نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕوانگەیەکی تیۆریکەوە:

هونەری بەرگری نابێ تەنیا وەک وڵامێکی هەستیار یان چالاکییەکی ڕاستەوخۆی دژایەتیی دەسەڵات تێبینی بکرێت؛ بەڵکوو پێویستە وەک پرۆسەیەکی ماناساز، گوتارساز و خوێنەرساز تێبینی بکرێت. لەم چوارچێوەیەدا، هونەر نەک ئامرازێکی دەرەکی بۆ بەرگری، بەڵکوو خودی بەرگرییە، چونکە لە ڕێگەی زمان، وێنە و شێوازی دەربڕینەوە، سنووری ئەوە دیاری دەکات کە چی دەوترێت، چۆن دەوترێت و چی لە بیر دەمێنێتەوە. بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوەیە کە ڕۆژنامەی کوردستان توانیویە هونەری بەرگری لە ئاستی بانگەوازدا بەرز بکاتەوە بۆ ئاستی گوتارێکی بەردەوام.

لە نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستاندا، هونەری بەرگری بەشێوەیەکی تیئۆریک لەسەر بنەمای «گۆڕینی چەمک» دامەزرابوو.

بەرگری لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا واتای ڕاپەڕین و تێکۆشان بوو، بەڵام بەهۆی سەرکوت و قەدەغەبوون، ئەم چەمکە ناچار بوو بگۆڕدرێت بۆ بوارێکی هونەری و زمانەوانی. لێرەدا هونەر ئەرکێکی گرنگی وەئەستۆ گرت: مانای بەرگریی سەرلەنوێ دارِشتەوە، بەشێوەیەک کە مانەوە، یاد، زمان و توانای وتنی وشە بۆ خۆیان بوونە بەرگری. ئەمە پێشکەشکردنی بەرگرییەکی «نەرمی هزری» بوو، کە لە ڕوانگەی تیئۆریکەوە، دەتوانرێت وەک شێوەیەک لە هێزی کولتووری بخوێنرێتەوە.

لە چوارچێوەی هونەر و بەرگریدا، گرنگترین ئامراز نەک بە تەنیا دەقەکە، بەڵکوو پەیوەندیی نێوان دەق و خوێنەرە. لە ڕۆژنامەی کوردستاندا خوێنەر تەنیا وەرگر و بەردەنگ نیە، بەڵکوو هاوبەشە لە دروستکردنی واتادا. هێماییبوون، ناڕاستەوخۆیی و گۆڕینی مانای وشەکان خوێنەر ناچار دەکەن بەشداریی پرۆسەی ماناسازی بکات. بەم شێوەیە، هونەر بووە فێرکارییەکی بەرگری؛ فێرکردنی خوێنەر بۆ ئەوەی بتوانێت دەق بخوێنێتەوە، گوتار تێکبشکێنێت و لەژێر دەسەڵاتی وشە باوەکانەدا قەتیس نەمێنێت. ئەمە بەراوەردێکی ڕوونە لەگەڵ قۆناغی شۆڕش، کە تێیدا خوێنەر زۆرتر شوێنکەوتووی بانگەواز بوو.

لە قۆناغی نوێبوونەوەدا، هونەری بەرگری لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چووەتە قۆناغێکی مێتاهونەری؛ واتا هونەر خۆی بۆتە بابەتی ڕەخنە. دەقەکان نەک تەنیا بەرگری دەکەن، بەڵکوو پرسیار لە شێوازی بەرگری دەکەن: بەرگری چییە؟ سنوورەکانی چین؟ چ کاتێک دەبێ وشە بەرگری بکات و چ کاتێک دەبێ خامۆش بێت؟ لەم ئاستەدا، هونەری بەرگری لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بوو بە ئامرازێک بۆ ڕێکخستنی وشیارییەکی نوێ؛ وشیارییەک کە لە بەرگری نەک وەک کردەیەکی تەنیا سیاسی، بەڵکوو وەک شێوازی ژیان، شێوازی بیرکردنەوە و شێوازی خوێندنەوە تێدەگات.

بەم چوارچێوەیە، ڕۆژنامەی کوردستان توانیویە هونەر و بەرگری تێکەڵ بکات، بە شێوەیەک کە هونەر ببێتە شوێنی دروستکردنی مانا و بەرگری ببێتە شێوازی پاراستنی ئەو مانایە. ئەم تێکەڵبوونە وای کردوە کە نێوەڕۆکی ڕۆژنامەکە نەک هەر بەردەوامی خەبات پارێزێت، بەڵکوو ئەو خەباتە لە ئاستی زمان، بیر و گوتاردا نوێ بکاتەوە.

### زمان؛ مەیدانی شەڕی سەرەکی لە نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستاندا:

لە نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستاندا، زمان تەنیا ئامرازێکی گواستنەوەی زانیاری نیە، بەڵکوو مەیدانی سەرەکیی شەڕە؛ شەڕێک لەسەر مانا، ناونان و دیاریکردنی ئەوەی چی دەوترێت و چی دەگۆڕدرێت. لەم ڕوانگەیەوە، شەڕی کوردستان لە ڕۆژنامەکەدا پێش ئەزموونی چەک و سیاسەت، شەڕێکی زمانەوانییە: شەڕ لەسەر ئەوەی زمانی کوردی بتوانێ بوونی خۆی بنووسێت، مێژووی خۆی ناو بنێت و جیهانی خۆی بە وشە ڕێک بخات. ڕۆژنامەی کوردستان لەم مەیدانەدا بووەتە شوێنی

هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی توانای زمان، نەک تەنیا بۆ دەربڕینی بەرگری، بەڵکوو بۆ خودی بەرگری.

**لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا،** کاتێک زمانێکی ستانداردی کوردی نەبوو و نووسین لەژێر کاریگەریی زمانە دەسەڵاتدارەکاندا بوو، ڕۆژنامەی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چووە ناو شەڕێکی زمانەوانی: شەڕ لەسەر ڕێنووس، وشەسازی و دیاریکردنی ئەوەی کام شێوەی زمان شایستەی نووسین و چاپە. لەم قۆناغەدا، هەر دەقێک کە بە زمانی کوردی چاپ دەبوو، خۆی کردە کردەیەکی بەرگری، چونکە بوونی زمان لەسەر پەڕەی چاپ، بۆ خۆی وەک خەباتێکی سیاسی و کولتووریی ڕادیکاڵ کاری دەکرد. بەم شێوەیە، زمان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بووەتە مەیدانی شەڕی بوون.

**لە قۆناغی سەرکوتدا،** شێوازی ئەم شەڕە گۆڕانی بەسەردا هات. کاتێک کە زمانێکی ڕاستەوخۆ قەدەغە بوو، شەڕە زمانەوانییەکە چووە ناو مەیدانی ماناسازی و هێما. وشەکان دوو مانایان پەیدا کرد؛ هێماکان بوونە ئامرازێکی بەرگری؛ و خوێنەر فێر بوو لە زماندا شەڕ بکات، واتا بخوێنێتەوە، هەڵبگرێت و مانای ژێر دەق بدۆزێتەوە. لەم قۆناغەدا، زمان نەک تەنیا شەڕی دەسەڵاتی دەکرد، بەڵکوو خوێنەری فێری شەڕکردن دەکرد. ئەمەش شەڕێکی ڕۆشنگەرانە و وشیارکەرەوە بوو، نە تەنیا شەڕێکی گوتاری.

**لە قۆناغی نوێبوونەوەدا،** زمان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چووەتە ئاستێکی مێتازمانی؛ واتە خۆی بووەتە بابەتی شەڕ. دەقەکان دەست دەکەن بە ڕەخنە لە خودی زمان: وشەکان چۆن واتادار کراون؟ چەمکەکان چۆن بە مێژوویی کراون؟ کام زمان بەرگری دەکات و کام زمان دەسەڵات دروست دەکات؟ لەم ئاستەدا، شەڕی زمانەوانی بوو بە شەڕێکی هزری و گوتاری، کە تێیدا ڕۆژنامەی کوردستان خوێنەر ناچار دەکات خۆی لە مەیدانی شەڕدا ببینێت، نەک لە دەرەوەی.

**بەم واتایە،** زمان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نەک هۆکارێکی لاوەکی، بەڵکوو مەیدانی سەرەکیی خەباتە. ئەوەی کە زمان بتوانێ خۆی بنووسێتەوە، خۆی ڕێک بخات و خۆی سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە، لە خودی خۆیدا بردنەوەی شەڕێکە. ڕۆژنامەی کوردستان لە درێژایی مێژووی خۆیدا گۆڕەپانی ئەم شەڕەی بەردەوام بە گەرموگوڕی ڕاگرتووە و زمانی گەیاندووەتە ئاستێک کە نەک تەنیا دەنگی خەباتە، بەڵکوو مەیدانی خەباتیش.

## کۆتایی:

ڕۆژنامەی کوردستان وەک دامەزراوەی بەرگری: لە کۆتایی ئەم شیکارییەدا، دەکرێ ڕۆژنامەی کوردستان نەک تەنیا وەک

رێبەندانی ٢٧٢٥

میدیایەکی سیاسی یان سەرچاوەی هەواڵ، بەڵکوو وەک دامەزراوەیەکی تەواو بۆ بەرگری لەبەرچاو بگرین؛ دامەزراوەیەک کە بەدرێژایی هەشتا ساڵی چاپ و دەرچوونی، توانای ئەوەی پیشان داوە کە بسەلمێنێ بازنەی خەبات لە چەک و سیاسەت بەرینترە و دەکرێ لە زمان، هونەر و بیرکردنەوە بکرێنە چەقی خەباتێکی قووڵ، فرەڕەهەند، شوێندانەر و گشتگیر.

**ڕۆژنامەی کوردستان، نەک بەهۆی هێزی ماددی، بەڵکوو بەهۆی بەردەوامیی گوتار، ڕێکخستنی مانا و دروستکردنی کولتووری خوێندنەوەوە بووەتە جۆرێک لە دامەزراوەی بەرگری.**

لە هەموو قۆناغە مێژووییەکاندا لە دامەزراندن و شۆڕش، لە سەرکوت و دەرەوەی نیشتمان، تا نوێبوونەوە و شێکاریی نوێ، ڕۆژنامەی کوردستان توانای ئەوەی هەبووە کە خۆی لەگەڵ هەموو دۆخەکان بگونجێنێت، بەڵام ئاڵوگۆڕ بەسەر نێوەڕۆکە بنچینەییەکانیدا نەیەت کە بریتین لە: پاراستنی زمان، بەردەوامیی بیر و دروستکردنی خوێنەرێکی وشیار. ئەمەیە ئەو خاڵەی کە ڕۆژنامەکە لە میدیایەکی ئاسایی جیا دەکاتەوە و دەیکاتە دامەزراوەیەکی بەرگری؛ چونکە دامەزراوەکان بە بەردەوامی و توانای دروستکردنی ڕێسای هزری ناسراون، نەک بە ژمارەی چاپ یان ماوەی دەرچوون.

ڕۆژنامەی کوردستان نەک تەنیا دەقی بەرگریی دروست کردوە، بەڵکوو سیستەمێکی بەرگریی دروست کردوە کە تێیدا زمان، هونەر، مێژوو و خوێنەر هاوکێشەن. وشە لەم سیستەمەدا ئامرازێکی لاوەکی نیە، بەڵکوو بنەمای کارکردنە؛ خوێنەر تەنیا وەرگر نیە، بەڵکوو بەشدارە؛ و هونەر نەک هەر جوانکارییە، بەڵکوو شێوازی مانەوە و بەرگرییشە.

**بەم شێوەیە، ڕۆژنامەکە توانای ئەوەی هەبووە کە بەرگری سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە: بەرگری وەک پرۆسەیەکی بەردەوامی ماناسازی، نەک وەک ڕووداوێکی کاتی.**

لە کۆتاییدا، ئەگەر بەرگری واتای پاراستنی بوون، بیر و توانای ناولێنان بێت، ڕۆژنامەی کوردستان یەکێکە لە سەرکەوتووترین ئەزموونەکانی ئەم جۆرە بەرگرییە لە مێژووی کورددا. ئەم ڕۆژنامەیە بەردەوام بوونی خۆی نەک بە هێزی دەرەکی، بەڵکوو بە هێزی وشە سەلماندووە؛ و لەم سۆنگەوەیە کە دەتوانین بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە بڵێین: ڕۆژنامەی کوردستان نەک تەنیا دەنگی بەرگری بوو، بەڵکوو دامەزراوەی بەرگری بوو.

١٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

## ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئەودیوی برایەتیی گەلان





**حەسەن قارەمانی**

زیاتر لە سەدەیەکە پرسی کورد لە یەکتربڕینی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری، سیاسەتی ئینکاری سیستماتیکی دەوڵەتانی ناوچەیی و دووبارەبوونەوەی پارچەپارچەبوونی سیاسیی نێوخۆییدایە. لەنێو ئەم چوارچێوە مێژووییەدا، زۆرجار بنیاتە ئایدیۆلۆژییەکان وەک "برایەتیی گەلان"، "ئیسلامی دێموکراتیک" و "سۆسیالیزمی کۆمەڵگەتەوەر" وەک بەدیلێکی

باڵاتر بۆ خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کلاسیک پێشکەش کراون. بەڵام ئەم چەمکانە مەیلیان هەبووە کە پەیوەندییە ناهاوسەنگەکانی دەسەڵات، کە تایبەتمەندیی فەزای سیاسیی گەلانی بێدەوڵەتن، پشتگوێ بخەن.

بەڵام ئەزموونەکانی ڕۆژاوای کوردستان (ڕۆژاڤا) نیشان دەدەن کە لە پراکتیکدا ئەم بیرۆکانە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعە ژیۆپۆلیتیکییەکان و دەستدرێژیی سەربازیدا، توانای ژیانی سنووردرایان هەبووە. لەگەڵ کەمبوونەوەی پشتیوانیی ژیۆپۆلیتیکی لەلایەن ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانەوە، لاوازیی پێکهاتەیی پڕۆژەکە ئاشکرا بوو. دەرئەنجامەکەی پاشەکشەی سیاسیی وردەوردە نەبوو، بەڵکوو دارمانێکی تاڕادەیەکی زۆر کتوپڕ بوو کە لێکەوتەی دوورمەودای مرۆیی لێ کەوتەوە.

بۆ گەلانی بێدەوڵەت، دوورکەوتنەوە لە ڕێکخستنی نەتەوەیی دەتوانێت بە مانای داماڵین و چەکداماڵینی سیاسی بێت نەک ڕزگاری. بۆیە پێویستە ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخوازی نەک وەک میراتێکی ئایدیۆلۆژی لە سەردەمێکی پێش مۆدێرن تێبگەین، بەڵکوو وەک ستراتیژییەکی عەقڵانی و دۆخی مێژوویی بۆ مانەوە و کۆکردنەوەی بەکۆمەڵ و خواستی سەروەری تێبگەین. بەم پێیە لە چوارچێوەی کوردیدا، یەکگرتوویی نەتەوەیی و چەسپاندنی دامەزراوەیی وەک بەربەستێک لەبەردەم دیموکراسیدا دەرناکەون، بەڵکوو وەک پێشمەرجی پێویستی ئەو دیموکراسییە دەردەکەون.

### ناسنامەی نەتەوەیی و سنووری "برایەتیی گەلان"

زۆرجار بیرۆکەی برایەتییەکی گشتگیر لە نێوان گەلاندا وەک ناسیۆنالیزمێکی باڵادەستی ئەخلاقی دەخرێتە ڕوو. چەمکی ناسیۆنالیزم وەک دیاردەیەکی مێژوویی زاڵکراو دەخرێتە ڕوو، لە کاتێکدا وا گریمان دەکرێت کە پێکهاتە چەمکییەکانی وەک "برایەتیی گەلان"، "ئیسلامی دێموکراتیک" و "سۆسیالیزمی کۆمەڵگەتەوەر"ـە فرەنەتەوەییەکان، نەزمێکی سیاسیی گشتگیرتر و ئەخلاقیتر پێشکەش بکەن. بەڵام بۆ گەلانی بێدەوڵەت، وەک کورد، ئەم چەمکانە بە قووڵی کێشەدار دەردەکەون. "برایەتیی گەلان" لەبری ئەوەی وەک چوارچێوەیەکی ڕزگاریخوازانە کار بکات، مەترسیی ئەوە دەکات کە وەک پەردەیەکی ئایدیۆلۆژی کار بکات کە ڕەوایی بە ناهاوسەنگییەکانی دەسەڵاتی پێکهاتەیی دەشارێتەوە و بەردەوامیی ژێردەستەیی سیاسی بدات.

کورد نەتەوەیەکە، بە زمان و مێژوو و کولتووری هاوبەش یەکگرتووە. ئەمەش وا دەکات نە مومکین و نە خوازراو بێت کە خەباتی نەتەوەیی بە بیرۆکەی "برایەتیی گەلان"، "ئیسلامی دێموکراتیک" و "سۆسیالیزمی کۆمەڵگەتەوەر"ی فرەنەتەوەیی بگۆڕدرێت. هاوپەیمانی لەگەڵ گەلان و بزووتنەوەکانی تر نە بێبایەخ و نە نەخوازراو، بەڵام هەرگیز ناتوانێت جێگەی

پرۆژەیەکی سەربەخۆی نیشتمانی بگرێتەوە. کورد تەنیا لە ڕێگەی یەکگرتوویی نێوخۆیی و چەسپاندنی دامەزراوەیی و خۆنوێنەرایەتیی نەتەوەییەوە دەتوانێت هەڵگری پرۆژەی نەتەوەیی کورد بێت.

## باشووری کوردستان و گرنگیی واقیعی دامەزراوەیی لە فەزای سیاسیی کورددا

لە چوارچێوەی سیاسیی هاوچەرخی کورددا، باشووری کوردستان لە ڕێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، پێگەیەکی یەکلاکەرەوەی پێکهاتەیی داگیر دەکات. ئەم هەرێمە بە پێچەوانەی بەشەکانی تری کوردستان، ناوەندێکی کۆنکرێتیی دامەزراوەیی پێکدەهێنێت کە پێکهاتە ئیدارییەکان و پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕاستیدا بوونیان هەیە و کار دەکەن. لێرەدا دیپلۆماسیی فەرمی بەڕێوە دەچێت، هاوکاریی مرۆیی کەناڵیزە دەکرێت و نوێنەرایەتیی سیاسیی کورد دەربڕینێکی خاکی و لەنگەرگیراوی یاسایی پێ دەدرێت. لە نەزمێکی نێودەوڵەتیدا کە توانای سیاسی تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە توانای دامەزراوەییەوە، بۆیە باشووری کوردستان وەک جەوهەریترین پلاتفۆرم بۆ خستنەڕووی سیاسیی کورد دەردەکەوێت.

خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان لە شارەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و ئەورووپا و ئەمریکا، بە دروشمی وەک "بژی کوردستان"ـەوە دەردەکەون؛ نابێت لە دەربڕینی ناسیۆنالیزمێکی تەسکی ناوچەییدا کورت بکرێنەوە. بەڵکوو دەکرێت وەک نیشاندەری هۆشیارییەکی کوردیی سەرهەڵداو تێبگەین، کە دامەزراوە ناوچەییەکان وەک هەڵگری ڕەمزی و پراکتیکیی ناسنامەیەکی نەتەوەیی فراوانتر کار دەکەن. ئەم دەرکەوتنانە ئاماژەن بۆ گۆڕانکاری لە هاودەنگییەکی تا ڕادەیەکی زۆر ڕەمزییەوە بۆ هاودەنگییەک کە لە ڕووی ماددییەوە لەنگەری گرتووە و لە ڕووی ڕێکخراوەیی و لە ڕووی سیاسییەوە چەسپاوە. ئەزموونی ڕۆژاوای کوردستان بە ڕوونی ئەم ناهاوسەنگییە دەردەخات. ئەگەر ئەو پاڵپشتییە لۆجستی و سیاسی و ئەخلاقییەی باشووری کوردستان نەبوایە، خۆڕاگریی ڕۆژاوا بە ڕێژەیەکی بەرچاو لاوازتر دەبوو. ئەم ڕاستییە جەخت لەسەر خاڵێکی تیۆریی ناوەندی دەکاتەوە؛ بۆ گەلانی بێدەوڵەت، دامەزراوەکان بژاردەیەکی ئایدیۆلۆژی نین، بەڵکوو پێویستییەکی بوونگەراییین.

## ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخوازی وەک ستراتیژییەکی سیاسیی عەقڵانی

لە ڕوانگەی سیاسی-تیۆرییەوە، ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخوازی دەربڕینێکی سۆزداری نییە، بەڵکوو ستراتیژییەکی عەقڵانییە بۆ گەلێکی بێدەوڵەت. لە هەمان کاتدا، ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخوازی میکانیزمێکی ناوەندی بۆ یەکگرتوویی نێوخۆیی پێکدەهێنێت، کە ناسنامەی هاوبەش و ئامانجی سیاسی کارلێک دەکەن بۆ کەمکردنەوەی دابەشبوون و بەهێزکردنی توانای

بەکۆمەڵ بۆ کردار.

جگە لەوەش، وەک پاراستنێک لە بەئامرازکردنی دەرەکی کار دەکات، بە ڕوونکردنەوەی سنووری نێوان هاوپەیمانییە ستراتیژییەکان و وابەستەیی سیاسی. لە نەزمێکی نێودەوڵەتیدا کە بە دەسەڵاتی ناهاوسەنگ و هاودەنگیی هەڵبژێردراو تایبەتمەندە، گەلانی بێدەوڵەت زۆرجار کورت دەکرێنەوە بۆ ئامرازەکانی بەرژەوەندیی ئەمنی یان ژێوپۆلیتیکیی ئەوانی دیکە. ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخوازی بەرپەرچدانەوەی ئەم کەمبوونەوەیە دەداتەوە بە دامەزراندنی سوژەیەکی سیاسیی سەربەخۆ کە ئەولەویەت و ئامانجی درێژخایەنی خۆی هەبێت. لە کۆتاییدا، بنەمایەکی نۆرماتیڤ و دامەزراوەیی بۆ سەروەریی داهاتوو پێکدەهێنێت، بەو پێیە ڕەوایی بە ئیدیعاکانی کۆنترۆڵکردنی خاک و چارەنووسی سیاسی و دانپێدانانی نێودەوڵەتی دەدات.

## ڕیالیزمی سیاسی، ڕێکخستنی نەتەوەیی و ئایندەی کورد

ئەزموونی کورد ئەوە دەردەخات کە وەهمەکانی هاوپشتیی نێودەوڵەتیی بێمەرج و "برایەتیی گەلان" و پڕۆژەی ئایدیۆلۆژی، ناتوانن جێگەی ڕێکخستنی نەتەوەیی و ڕیالیزمی سیاسی و هێزی دامەزراوەیی بگرنەوە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ ناوکی بووژانەوەی نەتەوەیی کورد پێکدەهێنێت، نەک لەبەر ئەوەی کامڵ و بێ کەموکوڕییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی لە واقیعدا بوونی هەیە. گرنگییەکەی لە کامڵبوونی دامەزراوەیی یان ئایدیۆلۆژیدا نییە، بەڵکوو لە بوونی ڕاستەقینەی خۆیدا وەک ئەکتەرێکی سیاسی و ئیداری و دیپلۆماسیدایە. حکوومەتی هەرێم ئەمڕۆ تاکە پلاتفۆرمی کوردی پێکدەهێنێت کە نوێنەرایەتیی نەتەوەیی و کارلێکی نێودەوڵەتی و هاوپشتیی ماددی لە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی تاڕادەیەک سەقامگیردا هەماهەنگ دەکات. بۆ ئەوەی یەکگرتوویی بەردەوام بێت، پێویستە لە ڕێگەی چەسپاندنی دامەزراوەیی درێژخایەن و ئاراستەی ستراتیژیی هاوبەشەوە سیستماتیک و قووڵتر و بەسیاسی بکرێت. کورد تەنیا لە ڕێگەی پڕۆژەیەکی هۆشیارانە و لەنگەری نەتەوەییەوە دەتوانێت زەمینەی دادپەروەری و کەرامەت و چارەنووسی داهاتوو دروست بکات.

ئەزموونی کورد وا دەکات کە وانەیەکی ڕوون وەربگیرێت؛ کورد دەبێت فێری نەتەوەیی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و ڕێکخستنەوە بێت. تەنیا لە ڕێگەی هاوپشتیی یەکتر و هەماهەنگیی ستراتیژی و ڕوانگەیەکی هاوبەشی نەتەوەییەوە دەتوانێت کورد لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان بە شێوەیەکی کاریگەر پشتیوانیی یەکتر بکات. جێگرتنەوەی ئەمە بە



سەرچاوە
Serchawe

چەمکەکانی وەک "برایەتیی گەلان"، "ئیسلامی دیموکراتیک" و "سۆسیالیزمی کۆمەڵگەتەوەر" سەلماندوویەتی کە نەک هەر بەس نییە، بەڵکوو زیانبەخشە. قوربانیدانی ڕۆژاوای کوردستان بۆ وەهمی "برایەتیی گەلان" یەکێک لە هەڵە ستراتیژییە هەرە تێچووزۆرەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد پێکدەهێنێت. بەردەوامبوون لەم تیۆرییە، سەرەڕای شکستی ئەزموونی، مەترسیی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەمان زیانەکانی لە داهاتوودا هەیە.

"برایەتیی گەلان" ئەوەمان بۆ دەردەخات ڕەخنەگرتن لەم بیرۆکەیە وەک دەربڕینی دوژمنایەتی بەرامبەر گەلانی دیکە بە هەڵە لێک دەدرێتەوە. بەڵام لێکدانەوەیەکی لەو شێوەیە هەڵەیە. پرسیارکردن لە برایەتیی گەلان بە مانای داکۆکیکردن لە ململانێ یان دژایەتیی گەلانی دیکە نییە، بەڵکوو پرۆبلماتیزەکردنی چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژییە کە بە شێوەیەکی سیستماتیک سەروەریی نەتەوەیی کورد و چارەنووسی خاکی کورد ڕەت دەکاتەوە. جیاوازیی نێوان پێکەوەژیان و خۆلەنێوبردنی نەتەوەیی لێرەدا زۆر گرنگە. بۆ کورد قبووڵکردنی ئەمە بە مانای پێکەوەژیان نییە لەسەر زاراوەی یەکسان، بەڵکوو بەردەوامبوونی ناهاوسەنگیی سیاسییە. من کوردم. کوردستان کۆیلەی داگیرکەران نییە.

## ئەودیوی "برایەتیی گەلان"

چەمکی "برایەتیی گەلان" وەک ئایدیاڵێکی سیاسیی گشتگیر و باڵاتر لە ڕووی ئەخلاقییەوە دەخرێتە ڕوو. بەڵام لەگەڵ شیکردنەوەی وردتردا، کەموکوڕییەکی بنەڕەتی لەم چوارچێوەیەدا سەرهەڵدەدات؛ ئەویش کارکردنیەتی وەک پەردەیەکی ئایدیۆلۆژی بۆ شاردنەوەی ناهاوسەنگییەکانی دەسەڵات و ڕەواییدان بە ژێردەستەیی سیاسیی گەلانی بێدەوڵەت. ئەم چەمکە لەبری ئەوەی ڕێگەیەک بێت بۆ ڕزگاری، زۆرجار پێکهاتە سیاسییەکانی نەتەوەی باڵادەست بەرهەم دەهێنێتەوە و ئیرادەی سەربەخۆی نەتەوەی ژێردەستە کز دەکات.

پرۆژەیەکی ڕزگاریخوازیی ڕاستەقینە دەبێت لەسەر بنەمای کۆمەڵگەیەکی سیاسیی ڕەگداکوتاوی کورد بێت، کە لەسەر هاوپشتیی نەتەوەیی و بەرپرسیارێتیی مێژوویی بنیات بنرێت. ڕزگاریی نیشتمانی ناتوانرێت لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی جیا بکرێتەوە، بەڵکوو دەبێت ئەم دادپەروەرییە لەنێو پرۆژەیەکی نەتەوەیی گشتگیردا مانا پەیدا بکات. تەنیا بە تێکەڵکردنی ڕزگاریی نەتەوەیی لەگەڵ ئیرادەیەکی سیاسیی یەکگرتوو، کوردستانێکی ڕزگارکراوی ڕاستەقینە دەتوانێت شێوەی خۆی بگرێت.

ئایندەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەندە بە توانای داڕشتنەوەی خەبات وەک هۆشیارییەکی نەتەوەیی گشتگیر و

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

یەکسانخواز. هەر دروشمێک کە مافی بڕیاردانی نەتەوەیی پەراوێز بخات، بە شێوەیەکی کاریگەر پڕۆژەی ڕزگاریخوازی لە نێوەوە خاڵی دەکاتەوە. بۆیە دەرئەنجامەکە ڕوونە؛ ئێستا کاتی پێکهاتەی نەتەوەیی کوردە، نەک پشتبەستن بە وەهمی "برایەتیی گەلان."

١٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

---

## هیچ هێزێک ناتوانێت دەنگی ئازادیخوازی کپ بکات





**فەتاح ڕەسووڵی**

هیچ هێزێک ناتوانێت دەنگی ئازادیخوازی کپ بکات. هەموو ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان تا کۆتا هەناسەی دەسەڵاتیان، هیچ کات ئامادە نین ئەو ڕاستییانەی بەسەریان دێت وەک خۆی باوەڕ بکەن؛ لەکاتێکدا هەموو حەقیقەتی ڕووداو و پێشهاتەکان دەزانن، بەڵام دیسان پەنا بۆ خۆفریودان دەبەن. هەر بۆیە کۆتا هەوڵ و شانسی مانەوەی خۆیان تاقی دەکەنەوە، ئەویش بە پەلاماردان و کوشتاری بێبەزەییانەی خەڵکی ناڕازیی سەر شەقامەکان.

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا، چەندین جار خەڵکی ئێران دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هاتوونەتە سەر شەقام و ناڕەزایەتییان دەربڕیوە، بەڵام هەموو جارێک ڕووبەڕووی سەرکوت و کوشتاری هێزە ئەمنییەکانی ڕێژیم بوونەتەوە. ئەم ناڕەزایەتییانە ئەگەرچی لە ڕابردووشدا بە خواستی بنەڕەتی و سیاسییەوە دەستیان پێ کردبوو، بەڵام بزووتنەوەی ئەمجارە بەهۆی ڕق و بێزاریی پەنگخواردووی خەڵکی وەزاڵەهاتوو، بە شێوەیەکی گشتگیرتر و توندتر ڕاستەوخۆ ساختار و سیستەمی «ویلایەتی فەقیهی» کردە ئامانجی سەرەکی.
خەڵک بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی فاشیستیی ئایینی، ڕژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندان و ئێعترازات بە دروشمی «مەرگ و نەمان بۆ خامنەیی و ڕێژیمەکەی»، زۆربەی شار و شارۆچکەکان و ٢٥ پارێزگای ئێرانی گرتەوە. تەنانەت پایتەخت و بەتایبەتی مەشهەد و قومیش کە ڕێژیم وەک پایەگا و پاڵپشتی بەهێزی ئایدۆلۆژیی خۆی مەزەندەی دەکردن، کەوتنە نێو شەپۆلەکە و ڕێژەی بەشداریی خۆپێشاندەران تێیاندا ڕووی لە زیادبوون کرد. ئەمە تێکەڵەیەک بوو لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران و شیمانەی ئەوە دەکرا ئەم بزووتنەوەیە دەستکەوتی گەورەی هەبێت، بەڵام بە فەرمانی ڕاستەوخۆی عەلی خامنەیی، ڕێبەری نیزام، بە پیلانێکی داڕێژراو کەوتنە بەر پەلاماری تاریکپەرستەکان و بە بڕینی هێڵی ئینتەرنێت، لە تاریکی و بێدەنگیدا جەنایەتێکی سامناک و بێوێنەیان ئەنجام دا، کە زمان و قەڵەم لە ئاست گەورەیی ئەم تاوانەدا بێتوانایە.

هەرچەند ئاماری دروست و ڕێژەی کوژراوەکان لەبەردەستدا نییە، بەڵام هەندێک شایەتحاڵی نزیک لە کارەساتەکە و سەرچاوە نێوخۆییەکان بە ئاشکراکردنی بەڵگە و ناردنی وێنە و ڤیدیۆ، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە چ کارەساتێک ڕوویداوە؛ بە هەزاران کەسی بێبەرگری و بێگوناح بوونەتە قوربانیی سیاسەتی ئیستبدادی و ئایدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی. ئێستاش کەسوکاری کوژراوەکان بەدوای ناسینەوەی تەرمی بێسەروشوێنی ئازیزانیاندا دەگەڕێن و هەرچی کات زیاتر تێپەڕێت، ئاسەواری ئەم جەنایەتە و ڕووی دزێوی ئەم ڕێژیمە دژەمرۆییە زیاتر دەردەکەوێت.

ڕێژیم توانیویەتی بزووتنەوەی ناڕازییانی سەر شەقام سەرکوت بکات و وڵات بکاتە گۆڕەپانی شەڕ دژی خەڵکی بێتاوان و دەستبەتاڵ، بەڵام ئەم ئاگرەی کە لە نێوان دەسەڵات و گەلانی ئێراندا کڵپەی سەندووە، وێناچێت ئاوا بە ئاسانی دابمرکێتەوە. سەرکوت و زیندان و کوشتار و توندوتیژی نابنە ئاستەنگ و لە ئامانجەکانیان دووریان ناخەنەوە. خوێنی بەناحەق ڕژاوی خەڵکی ئێران کە لە پێناو ڕزگاری لە ستەمی داگیرکەران و گەیشتن بە ئازادی و عەدالەت ڕژاوە، تێکەڵ بە ڕق و بێزاریی جەماوەری دەبێت و وەک نەوت گڕ دەگرێت؛ دەبێتە دۆزەخ بۆ گیانی جەلادە ئەهریمەنییەکانی تاران و کۆتاییهێنان بە ڕێژیمی فاشیستیی ئایینیی کۆماری ئیسلامی.



سەرچاوە
Serchawe

گەلانی ئێران دوایین بڕیاری خۆیان داوە؛ بە ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو، دەگەڕێنەوە گۆڕەپانی شەقامەکان. بەڵام ئەمجارە، جیاوازتر لە جارانی پێشوو، ئەو بەرچاوڕوونییەمان دەداتێ کە دەسپێکردنەوەی شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵک زۆر کاریگەرتر دەبێت؛ چونکە ڕەفتارەکانی ڕێژیم و توندوتیژییەکانی دەرحەق بە ناڕازییان، هیچ مەجال و دەرفەتێکی بۆ سازش نەهێشتووەتەوە. ڕێژیم تەنیا زمانی زەبروزەنگ دەزانێت و لەبری گوێگرتن لە خەڵک، بە چەک وەڵامی داخوازییەکان دەداتەوە، بۆیە دەبێت ئیرادەی خەڵک و کاردانەوەی شەقام ئەوەندە پتەو بێت، کە ڕێژیم ناچار بە پاشەکشە بکات. لێرەدایە کە ئاراستەی خەبات بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاو دەنێت؛ لە چوارچێوەی مافی "بەرگریی ڕەوا"دا، گۆڕانخوازان تەنیا یەک ڕێگەیان لەبەردەم دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە بە یەکگرتووییەکی پۆڵایین و بە هەموو شێوازە گونجاوەکانی خەباتی مەدەنی و جەماوەری، بەرەنگاری ئەم ستەمکارییە ببنەوە و چیتر لە ئاست ئەو هەموو زوڵمەدا بێدەنگ نەبن.

ئێستا کە هەموومان باش ئاگادارین ڕێژیم زۆر لاوازە و لە پەلەقاژەی مردندایە؛ ڕووبەڕووی سەدان قەیرانی ئابووری، هەڵاوسان، داخرانی کارخانەکان، نەبوونی هەلی کار و سەرلێشێواوی بووەتەوە. لە هەمووان گرنگتر، نەمانی متمانە و شەرعییەتە لای خەڵک و تەریککەوتنەوەیەتی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. دروستبوونی کۆدەنگیی جیهانی بۆ پشتیوانی لە گەلانی ئێران و مەحکوومکردنی جەنایەتەکانی ئەم ڕێژیمە، لەلایەک و لەولایەشەوە گوشارە نێودەوڵەتییەکان و توندکردنی بازنەی گەمارۆکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و کێشەی بەرنامەی ناوکی و سیستەمی مووشەکی، و هەڕەشەکانی دۆناڵد ترەمپ و هێنانی هێزێکی زۆر و زەوەند و تەیار بە چەکی پێشکەوتوو بۆ سنوورەکانی ئێران ئەگەر سیناریۆی لەپشت نەبێت و ئەگەر ڕێژیمی تاران تەسلیمی داخوازییەکانی ئەمریکا نەبێت و بەردەوام بێت لەسەر جەهل و دەمارگرژییەکانی، زەمینەی وەشاندنی گورزێکی بەهێز لە بنکە و دامەزراوە سەربازییەکان و ڕێبەریی نیزام لە ئارادایە.

لەسەر ئەم ئەساسە، ئەگەر ئەمریکا هەڕەشەکانی بکاتە کردار، دەبێتە پشتیوانێکی بەهێز بۆ ناڕازییانی نێوخۆ. کاتی خۆی ئەگەر بە هانای خۆپێشاندەرانەوە بچووبان، خەڵک بەم شێوەیە کۆمەڵکوژ نەدەکران. ئێستا دۆخی ڕێژیم لەوپەڕی شپرزەییدایە و سەرانی کۆماری ئیسلامی زۆر پەرێشانن؛ چونکە دەزانن لە ئەگەری هێرشی ئەمریکادا، تەنانەت هاوپەیمانەکانیشیان ئامادە نین بەرژەوەندییەکانی خۆیان فیدای سیاسەتە زیادەخوازییەکانی ڕێژیمی ئاخوندەکان بکەن. ئەمانە ئاماژەی ڕوونن بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئێران؛ سەرەنجام ئیرادەی گەلان و دەنگی ئازادی بەسەر دیکتاتۆرانی «ویلایەتی فەقیه»دا سەردەکەوێت و بۆ هەمیشە ئەم ڕێژیمە فاسدە دەسپێردرێتە زبڵدانی مێژوو، تا جارێکی تر ئارامی و ئاسایش بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

١٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# سایبێر و شەڕی دەروونی: کۆنترۆڵی هەست و ناسنامە لەسەر نەتەوەی کورد





خالید قادری

پوختە (Abstract)

لە سەردەمی هاوچەرخدا، شەڕی سایبێر بووە بە بەرەیەکی سەرەکی لە شەڕی دەروونی و شەڕی ڕاگەیاندن. لەم

توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەم سایبێر وەک ئامرازێکی ستراتیژیک لە چوارچێوەی پرۆفایلینگی نەتەوەیی شیکاری بۆ بکەم، بەتایبەتی لەسەر نەتەوەی کورد. لە وتارەکەدا ئامانجم دیاریکردنی چۆنیەتیی هێرشە سایبێرییەکانە کە بە پشتگیریی زانیاریی مێژوویی و دەروونی، بۆ کۆنترۆڵی هەستی تاک و کۆمەڵ، زیندووکردنەوەی کارەسات، دروستکردنی ترس و شکاندنی یەکڕیزیی نەتەوەیی بەکار دەهێنرێن. هەروەها، وەڵامی کورد و پووچەڵکردنەوەی ئەم ستراتیژییانە کە ڕۆژاوای کوردستان وەک نموونەیەک شیکاری بۆ دەکرێت، کە تێیدا هەندێک لە ترسە مێژووییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بوونەتەوە. ئەم توێژینەوەیە سایبێر و پرۆفایلینگی نەتەوەیی وەک دوو بەشی یەکگرتوو لە شەڕی هاوچەرخدا پێشکەش دەکات.

**وشە سەرەکییەکان:** سایبێر، شەڕی سایبێری، پرۆفایلینگی نەتەوەیی، شەڕی دەروونی، کورد، Cognitive Warfare.

## پێشەکی

دوای شەڕە کلاسیکییەکان، بەرەکانی شەڕ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییان تێدا هاتووەتە دی. پێوەرەکانی شەڕ تەنیا لەسەر خاک و هێز نین، بەڵکوو لەسەر مێشک، هەست و بڕیارەکانی مرۆڤ ڕوو دەدەن. لەم چوارچێوەیەدا، سایبێر بووە بە فەزایەکی سەرەکی کە لەو ڕێگەیەوە شەڕی دەروونی و شەڕی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی بەربڵاو دەست پێ دەکات. ئەم توێژینەوەیە وەک بەردەوامییەکی ئەکادیمی بۆ توێژینەوەی پێشووی نووسەر لەسەر پرۆفایلینگی نەتەوەیی، سایبێر وەک ئامرازێکی کارا بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆفایلینگە شیکاریی زیاتری بۆ دەکات، بەتایبەتی لە بواری نەتەوەییەوە.

## چوارچێوەی تیۆری: سایبێر و شەڕی دەروونی

لە ڕووی ئەکادیمییەوە، سایبێر تەنیا بواری تەکنۆلۆژی نییە، بەڵکوو زانیاریی دەروونییە کە تێیدا بەرەنگاربوونەوە لەسەر هەست، باوەڕ و تێگەیشتنی کۆمەڵگە ئەنجام دەدرێت. لەم چوارچێوەیەدا، جیاوازیی نێوان هێرشە تەکنیکییەکان (Cyber Technical Operations) و هێرشە دەروونییەکان (Cyber Psychological Operations) گرنگە.

شەڕی سایبێریی دەروونی (Cognitive Warfare) لەم قۆناغەدا، ئامانجی تێکدانی شێوازی بیرکردنەوەی ئاسایی مێشکە نەک تەنیا سیستەمەکان. ئەم شێوازە شەڕکردنە پێویستی بە زانیاریی وردی دەروونی و مێژوویی نەتەوەکان هەیە، کە ئەوە لە پرۆفایلینگی نەتەوەییدا بەشێوەیەکی گشتی باسم کردووە.



سەرچاوە
Serchawe

## سایبێر و کۆنترۆڵی هەست لەسەر نەتەوەی کورد

**پرۆفایلینگی نەتەوەیی کورد نیشان دەدات کە هەندێک هەست بەشێوەیەکی مێژوویی قووڵ لە ناخودئاگای کورددا جێگیر بوون، لەوانە:**

ترسی تەنیا مانەوە.
ترسی خیانەتی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی.
ترسی شەڕی براکوژی.

هێرشە سایبێرییەکان ئەم هەستانە بەشێوەیەکی ئانقەست زیندوو دەکەنەوە، بە بەکارهێنانی ئەکاونتی ساختە (ناڕاست)، هەواڵی دەستکاری کراو و دیسکۆرسی مێژوویی. ئامانجی لێرەدا دروستکردنی هەستی لاوازی و بێهیواییە نەک گەیاندنی هەواڵ و ئاگاداری.

## زیندووکردنەوەی مێژوو وەک چەکی سایبێری

یەکێک لە کاریگەرترین شێوازەکانی شەڕی سایبێری، بەکارهێنانی مێژوو و بیرەوەرییە کۆمەڵایەتییەکانە. لەسەر کورد، کارەساتە مێژووییەکان زۆرجار بەبێ پەیوەندیی بابەتی دووبارە بڵاو دەکرێنەوە، بۆ ئەوەی هەستی ناکامی، بێهیوایی و بێباوەڕی بە داهاتوو زیندوو بکرێنەوە. ئەم شێوازە شەڕکردنە کە چەکێکی سایبێرییە، ئاکامی شەڕەکان دەگۆڕێت و کاریگەرییەکەی زۆرجار قووڵترە لە هێرشی فیزیکی.

**هێرشە سایبێرییەکان هەوڵ دەدەن ناکۆکیی نێوخۆیی توندتر بکەن، ئەمەش بەشێوەی:**

دروستکردنی دژایەتیی نێوان ناوچەکان.
بەهێزکردنی دیسکۆرسی حیزبی دژی یەکتری.
زیندووکردنەوەی سیناریۆی شەڕی براکوژی. ئەم سیناریۆیانە بەپێی پرۆفایلینگی نەتەوەیی داڕێژراون و لە سایبێرەوە جێبەجێ دەکرێن.
دروستبوونی باوەڕە نەتەوەییە نێوخۆییەکان وەک ئاکامی شەڕی سایبێری

(Internalized National Beliefs as Outcomes of Cyber–Cognitive Warfare) یەکێک لە کاریگەرترین و مەترسیدارترین ئاکامەکانی شەڕی سایبێری و Cognitive Warfare ئەوەیە کە باوەڕ و هۆشیاریی نەتەوەیی لە نێوخۆی نەتەوەکەدا دەستکاری دەکرێت، بەشێوەیەک کە نەتەوەکە خۆی باوەڕ بە گوتارە دژایەتییەکان دەهێنێت، بەبێ ئەوەی ئاگاداری سەرچاوە و ئامانجیان بێت.

بۆ نموونە، لەنێو ئێمەی نەتەوەی کورددا، ژمارەیەک باوەڕی گشتی دروست بوون کە زۆربەی کات وەک "ڕاستیی مێژوویی" وەردەگیرێن،

**بەڵام لە ڕووی زانستییەوە دەتوانرێت وەک ئاکامی پلانی سایبێریی درێژخایەن هەژمار بکرێن:**

**١- "کورد خۆخۆرە" – دروستکردنی ناسنامەی خۆ – دژایەتی:** ئەم باوەڕە کە "کورد خۆخۆرە" یەکێکە لە قووڵترین دەستکارییە دەروونییەکان. لە شەڕی Cognitive Warfare - دا، ئەمە پێی دەوترێت Internalized Self-Hostility Narrative. : ئامانجی ئەم دیسکۆرسە: دروستکردنی دوژمن لە نێوخۆدایە، گواستنەوەی هەستی تاوانباری و لاوازکردنی هەستی مافخوازیی نەتەوەیی. بە تێپەڕبوونی کات، ئەم بیرکردنەوەیە وەک "ڕاستییەکی سادە" جێگیر دەبێت نەک وەک دیسکۆرسێکی دروستکراو.

**٢-"کورد لە شەڕدا ئازایە، بەڵام لەسەر میزی گفتوگۆ دەیدۆڕێنێت":** ئەم باوەڕە بەشێوەیەکی زیرەکانە دوو کاری سەرەکی ئەنجام دەدات:

**ناساندنی کورد وەک نەتەوەیەکی ناتوانا لە بواری سیاسیدا.**

لاوازکردنی متمانەی نەتەوەیی بە تواناکانی خۆی لە گفتوگۆ و ستراتیژدا. لە شەڕی سایبێریدا، ئەم دیسکۆرسە هۆشیاریی نەتەوەیی لە قۆناغی "قوربانیی شەڕ"ەوە دەهێنێت بۆ قۆناغی "ناتوانای سیاسی"، کە ئەمە بەردەوامییەکی ستراتیژیکە.

٣- "کورد هەرگیز یەکگرتوو نابێت" - نۆرماڵکردنی پەرتەوازەیی: ئەم باوەڕە یەکێکە لە کاریگەرترین ئامرازەکانی شەڕی سایبێری، چونکە:

یەکڕیزی وەک شتێکی "مەحاڵ" پیشان دەدات.

هەوڵی یەکگرتن پێشتر لە مێشکدا دەشکێنرێت. لە زانستی دەروونناسیدا، ئەمە پێی دەوترێت .Learned Disunity : کاتێک نەتەوەیەک ئەم باوەڕە قبووڵ دەکات، دوژمن پێویستی بە هێرشی دیکە نابێت.

**گۆڕینی مانای پێشمەرگە: لە پارێزەرەوە بۆ خۆنەویست**

گۆڕینی مانای پێشمەرگە لە ناخودئاگای کۆمەڵایەتیی کوردیدا، یەکێکە لە قووڵترین ئاکامەکانی شەڕی سایبێری. پێشمەرگە لە مێژووی کورددا سیمبولی فیداکاری و پارێزەری خاک و ناسنامەیە،

**بەڵام لە شەڕی سایبێریی نوێدا، وێنەکە بەشێوەیەکی هێواش دەگۆڕدرێت بۆ:**

کەسێکی خۆنەویست.
ئەکتەرێکی بێ ئایدیۆلۆژیا.

بەشێک لە کێشە، نەک چارەسەر. ئەم گۆڕانکارییە، نەتەوە لە بنەمای پاراستنی خۆی دادەبڕێت. لە بواری دەروونناسییەوە، کەسێک کە "خۆ-نەویست" بێت، ناتوانێت "نەتەوە-ویست" بێت. شەڕی سایبێری ئەم پرەنسیپە دەروونییە وەک ئامراز بەکار دەهێنێت بۆ: خۆ-بێبایەخکردن، گومان لە ناسنامە و گۆڕینی شانازی بۆ شەرم. ئاکامی کۆتایی ئەوەیە کە نەتەوە خۆی بە دەستی خۆی لە ئاستی دەروونیدا بڕووخێت.

گرنگیی ئەم شیکارییە لەسەر کار و ئامانجەکانی سایبێر
شەڕی سایبێری نیشان دەدات کە:
شەڕی سایبێری تەنیا هێرش نییە، بەڵکوو دروستکردنی باوەڕەکانە.

زۆربەی باوەڕە نەتەوەییە "سروشتییەکان" دروستکراون و دوژمن زۆرجار سەرکەوتووە چونکە نەتەوەکە خۆی باوەڕی بە دیسکۆرسی دوژمن هێناوە. لە ڕووی ئەکادیمییەوە، ئەمە نیشان دەدات کە شەڕی سایبێری و Cognitive Warfare شەڕی ناسنامەیە.

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

وەک نموونەی پرۆفایلینگ و شەڕی سایبێری، باسی هەڵوێستی هەر چوار پارچەی کوردستان بە خەڵک و میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە کرا. وەک وەڵام و هەڵوێست بۆ ڕۆژاوای کوردستان، Cyber & Cognitive Resilience (بەرگریی سایبێری و ناسیاری) وەک نموونە هێنرایەوە. وەڵامی کورد لەم شەڕەدا تەنیا پاراستنی تەکنیکی نەبوو، بەڵکوو پاراستنی مێشک بوو. میدیا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هۆشیاریی نەتەوەیی بوون بە ئامراز بۆ فلتەرکردنی زانیاری و پووچەڵکردنەوەی دیسکۆرسی ترساندن. ئەم حاڵەتە نیشان دەدات کە نەتەوەکان دەتوانن سایبێر نەک تەنیا وەک مەترسی، بەڵکوو وەک بوارێکی بەرەنگاربوونەوە بەکار بهێنن.

## کۆتایی

سایبێر و پرۆفایلینگی نەتەوەیی دوو بەشی یەکگرتوون لە شەڕی هاوچەرخی نەتەوەی کورددا. تێگەیشتن لەم یەکگرتنە تەنیا بابەتێکی ئەکادیمی نییە، بەڵکوو پێویستییەکی ستراتیژیکە بۆ پاراستنی ناسنامە و یەکڕیزیی نەتەوەیی.

**١٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

## چۆن ڕێ لە دووپاتبوونەوەی تاوانی دژی مرۆڤایەتی بگرین؟





**عومەر باڵەکی**

جینایەت دژی مرۆڤایەتی بەو تاوانانە دەگوترێ کە بایەخ و کەرامەتی ئینسانی و مرۆڤایەتی لە بواری جەستەیی و دەروونیدا پێشێل دەکەن و زیانی پێ دەگەیەنن. ئەم کردارانە بەپێچەوانەی ئەو ڕێوشوێنانەن کە لە یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەییدا دەستنیشان کراون. ئاسەوار و کاریگەریی ئەم تاوانانە لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتێک دەچێتە دەرێ و

دەبێتە هۆکاری نیگەرانیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی. بە واتەیەکی دیکە، تاوان دژ بە ئینسانییەت و مرۆڤایەتی بۆ بیروڕای گشتیی جیهانی پێشکەوتووی ئێستا، قابیلی قبووڵ نییە.

بە پێی یاسا و بەڵگە نێونەتەوەییەکان، تاوان دژ بە مرۆڤایەتی بریتییە لەو کردار و ڕەفتارە دڕندانەیەی کە لە لایەن دەوڵەتێکەوە، وەک بەشێک لە سیاسەتێکی سازماندراو و بەربڵاو، دژ بە کەسانی غەیرەنیزامی لە سەردەمی شەڕدا پەیڕەو دەکرێ. ئەو کردارانە وەک: کوشتنی بەئەنقەست، لەنێوبردن، دەرکردنی خەڵکی ناوچەیەک بە زەبری هێز، ئەزیەت و ئازاری کۆمەڵێکی دیاریکراو بە هۆکاری سیاسی، ڕەگەزی، نەتەوەیی، فەرهەنگی، مەزهەبی و ئایینی و... هتد، لەخۆ دەگرێ.

نەتەوەی کورد یەکێک لەو نەتەوانەی سەر گۆی زەوییە کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، لە بەرچاوی دنیای پێشکەوتوو و مۆدێرندا و بێ پرس و ڕای کورد، هەم خاکەکەی بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە و هەم لە تەواوی مافە ئینسانی و نەتەوایەتییەکانی خۆی بێبەش کراوە. هەر کاتێکیش لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا، لە هەر پارچەیەک لە کوردستاندا کورد باسی لە مافەکانی خۆی کردبێ، بە توندترین شێوە سەرکوت کراوە. زۆرجارانیش ئەو سەرکوتکردنە سنووری تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتیی بڕیوە، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگەی جیهانی سەرەڕای بوونی ئەو هەموو قانوون و یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییانە، لە ئاست ئەو تاوانانەدا بێدەنگیی هەڵبژاردووە.

ئەگەر بێدەنگیی کۆمەڵگەی جیهانی بەشێکی بگێڕینەوە بۆ سات و سەودای نێونەتەوەیی و بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی دەوڵەتە زلهێزەکان، ئەوا بەشێکی گرنگی ئەو بایەخ پێنەدانەی جیهان بە پاکتاوکردنی ڕەگەزی و تاوانی دژی مرۆڤایەتی دەرحەق بە گەلی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی و حیزب و لایەنە سیاسی و خەباتکارانی گەلی کورد بەتایبەتی. هەتا ئێستا، دوای ئەو هەموو خوێن و قوربانیدانەی بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان دراوە، نەتوانراوە هاوپێوەندییەکی نەتەوەیی کورد لە ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستاندا پێک بهێنرێ کە لانیکەم بەرهەمەکەی ببێتە ناوەندێک لە دنیای دەرەوە و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، تا بتوانێ لە بواری قانوونییەوە پرسی کوشتاری بەکۆمەڵ و بەرنامە بۆ دارێژراوی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بووروژێنێ و بیگەیەنێ بە گوێی کۆمەڵگەی جیهانیدا.

بە چاوخشاندن بە مێژووی ئەو سەد ساڵەی کوردستاندا دەبینین گەلی کورد لەو ماوە زەمەنییەدا تووشی دەیان و سەدان کارەسات و نەهامەتی و کاولکاری و کوشتار و بڕین هاتووە؛ لەنێو ئەوانەدا هەندێک کارەسات هەن کە بەتەواوی دەچنە

خانەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، چونکە توخمی ماددی و مەعنەویی تاوانی دژە مرۆڤایەتییان تێدایە. بە بوونی ناوەندێکی قانوونی و یاسایی کوردی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا، ڕەنگە بتوانرێ سکاڵا دژی ئەو دەوڵەتانەی کە تاوانەکانیان ئەنجام داوە لە دادگا نێونەتەوەییەکاندا تۆمار بکرێ. ڕەنگە بگوترێ بەهۆی هەندێک ڕێوشوێنی نێونەتەوەیی، سکاڵای ئاوا لە لایەن ناوەندە دادوەرییە نێونەتەوەییەکانەوە وەرناگیرێ، بەڵام نەفسی جووڵاندنی سکاڵاکە و بەدۆکیۆمێنتکردنی قانوونی، خۆی دەتوانێ ببێتە لەمپەرێک بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتانە لە داوڕۆژدا بە پارێزەوە دەست بۆ تاوانی ئاوا گەورە بەرن و هەست بکەن درەنگ یا زوو دەبێ لە بەرانبەر تاوانەکانیاندا وەڵامدەر بن.

لێرەدا چەند نموونەیەک لەو تاوانانە باس دەکەین کە لە بواری ئامانج و ئێوەڕۆکەوە وەک یەکن؛ سەرەڕای ئەوەی کە لە سەردەمی جیاوازدا، لە لایەن سێ دەوڵەتەوە لە سێ وڵاتی جیاوازدا دژ بە نەتەوەی کورد بەڕێوە چوون، مەبەستیان لەو تاوانانە قڕکردن، لاوازکردن و تواندنەوەی گەلی کورد بووە؛ واتە هەر سێ دەوڵەتەکە سەرەڕای جیاوازیی ڕیشەیی و دنیابینییان بۆ ئیدارەدانی وڵات، لەسەر قڕکردن و لەنێوبردنی گەلی کورد بێدوودڵی کۆک بوون و یارمەتیی یەکتریان داوە.
- لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا کاتێک ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخا و بە جێگای ئەو خومەینی و دارودەستەکەی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان دامەزراند، تەنیا دوای چەند مانگ لە هاتنەسەر دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامی، بە حوکمی خومەینی شەڕ لەژێر ناوی جیهاد بەسەر کوردستان و گەلی کورددا سەپا. جیهاد حوکمێکی مەزهەبی و دینییە، واتە شەڕ لە پێناوی خودادا؛ بەو مانایەی کە ڕشتنی خوێنی بەرانبەرەکە بە هەر ڕێگایەک بێ، حەڵاڵە. ئەو فەرمانەی خومەینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوانی گەورەی لێ کەوتەوە و بەدەیان گوند لە لایەن سپای کۆماری ئیسلامییەوە خاپوور و سووتێندران، خەڵکەکەیان ئاوارە و دەربەدەر بوون و لە چەند گونددا کوشتاری بەکۆمەڵ ئەنجام درا. ئەو کوشتار و شەڕە دژ بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەی ٤٧ ساڵە بەردەوامە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش تاوانەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا ڕوو لە زیادبوونە. هەروەک دەبینین بەدوای ناڕەزایەتییەکانی گەلانی ئێران لە مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا، دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆیان لەسەر کورسیی دەسەڵات، بە جێگای وەڵامدانەوە بە داواکارییەکانی خەڵک، دەستیان داوەتە کوشتارێکی بەربەرین لە خەڵکی ناڕازیی سەر شەقامەکانی ئێران و کوردستان؛ بەپێی ڕێژەی حەشیمەت، دیسان بەشی شێر لەو کوشتارە مەغۆلئاساییەدا بەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتووە.

- لە نێوان ساڵەکانی ١٣٦٧ و ١٣٦٨ی هەتاویدا، ڕێژیمی بەعسی عێراق شاڵاوێکی بەربەرینی نیزامیی دژ بە کورد لەژێر ناوی "ئەنفال" (کە لە سوورەتێکی قورئان وەرگیراوە) ئەنجام دا. لەو سوورەتەدا باس لە ئەرکی موسوڵمانان دژ بە کافران دەکرێ کە کوشتاری گەلی کوردی لە باشووری کوردستاندا پێ حەڵاڵ کرا. ئەو فەرمانەی دەوڵەتی بەعسی عێراق، لە ڕاستیدا دەستی سپای عێراقی ئاوەڵا کرد بۆ کوشتاری بەکۆمەڵی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا؛ بێجگە لە کیمیابارانی



سەرچاوە
Serchawe

شاری هەڵەبجە، بەپێی ئامارەکان زیاتر لە سەد و هەشتا هەزار کورد لە منداڵ و پیر و لاو و ژن و پیاو، دوور لە زێدی خۆیان زیندەبەچاڵ کران. حکوومەتی بەعس هەر بەوەندەش ڕانەوەستا، بەڵکوو کەوتنە گیانی سروشتی کوردستان و بە هەزاران گوند و شار و شارۆچکەیان لەگەڵ زەوی تەخت کرد؛ واتە چەندیان لەدەست هات کاولکارییان کرد و باشووری کوردستانیان شێواند.

- لە ڕێبەندانی ساڵی ١٤٠٤ی هەتاویدا سپای عەرەبی سووریە، کە دوای ڕووخانی بەشار ئەسەد بە پاڵپشتیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بوونە حاکمی کاتیی سووریە، هێشتا جێگای خۆیان گەرم نەکردووە بەگژ گەلی کورد لە ڕۆژاوای کوردستاندا هاتوونەتەوە. ئەو دەسەڵاتە نوێیەش هەر قەوانە کۆنەکەی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی بەعسی عێراق لێ دەداتەوە و لە هەستی مەزهەبی و دینیی لایەنگرانی خۆیان کەڵک وەردەگرن؛ دووبارە لەژێر سوورەتی ئەنفالدا هێرش بۆ سەر کوردستان و ڕشتنی خوێن و بە دیل گرتن و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵی کورد بە حەڵاڵ دادەنێن.

ئەو سێ کارەساتەی کە لە سەرەوە باس کران، تەنیا نموونەیەکی بچووکن لەو هەموو غەدر و تاوانانەی دەسەڵاتدارانی ئەو چوار دەوڵەتەی زاڵ بەسەر کوردستاندا کە بەدرێژایی ئەو سەد ساڵە بەسەر نەتەوەی کوردیان هێناوە. بەڵام دەبینین لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا، هەرچەندە زوڵم و غەدری ئەو دەوڵەتانە دەرحەق بە نەتەوەی کورد ڕووی لە زیادبوون کردووە، بەو ڕادەیەش هەستی نەتەوایەتی و بەرپرسیارەتی لەنێو تاک و کۆی کۆمەڵگەی کوردستاندا گەشەی کردووە. بەچەشنێک دەبینین لە کاتی کارەساتە گەورەکاندا یا سەرکەوتنی مەزنی نەتەوەییدا، سنوورەکان مانای خۆیان لەدەست دەدەن و کۆمەڵگەی کورد وەک یەک نەتەوە دەبنە پاڵپشتی یەکتر؛ هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە هەرە پلەی بەرزی خۆیدا دەردەکەوێ و لە خۆشی و ناخۆشیدا دەبن بەیەک. لێرەدا پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە ڕێکخراو و ئەحزابی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندن لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، دەبێ بە هوشیارانە و لە ڕاستای پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا هەڵسوکەوت بکەن و هەر هەنگاوێک کە هەڵی دەگرن، دەبێ بۆ بەهێزکردنی هاوپێوەندیی نەتەوەیی بێ. چونکە ڕووداوەکانی سەد ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێمان دەڵێن دۆستەکانمان کاتین و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەگەڵمان دەبن و هەر کاتێک بەرژەوەندییان بخوازێ پشتمان چۆڵ دەکەن. بۆیە پێویستە کورد لە پێشدا نێوخۆی خۆی ڕێک بخا و کار لەسەر بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکان بکا و هاوپێوەندیی نەتەوەیی لەنێو هەر چوار پارچەی کوردستاندا بەهێز بکا.

دەبێ هەموو تاکێکی کورد ئەوەی لە بیر بێ کە هەر سێک ئەو نموونانەی غەدر و زوڵم دەرحەق بە کوردستان و کورد کە لە سەرەوە باس کران، سەرەڕای ئەوەی لە سەردەم و جوگرافیای جیاوازدا ڕوویان داوە، بەڵام یەک ئامانجیان هەبووە و هەیە،

ڕێبەندانی ٢٧٢٥

ئەویش فڕکردن و لەنێوبردنی گەلی کوردە. بەپێی هەموو قانوونە نێونەتەوەییەکان، ئەو ڕەفتار و کردارانەی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا دەچنە خانەی تاوانی دژە مرۆڤایەتی. حەق وایە و کاتی هاتووە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ جارێکیش بێ، هەڵەی سەدساڵەی خۆی ڕاست بکاتەوە و ئاوڕ لە نەتەوەیەکی زیاتر لە چل ملیۆنی بداتەوە و مافە نەتەوایەتی و سیاسییەکان بە نەتەوەی کورد ڕەوا ببینێ. بەڵام بەپێی ئەزموون و خوێندنەوە بۆ جیهانی ئێستا، دەبێ هێزی نێوخۆیی خۆت هەبێ هەتا خەڵکی دیکە حیسابت بۆ بکەن؛ ئەو هەبوونەش تەنیا بە یەکگرتوویی و لێکتێگەیشتنی هەموو لایەنە سیاسییەکانی مەیدانی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد دەستەبەر دەبێ.

١٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# ئایا کۆماری ئیسلامی لە ڕووخان دەربازی دەبێت؟





بەختیار عوسمانی

نزیکەی نیو سەدەیە کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێرانی بەدەستەوەیە؛ بە بارستایی ئەو ماوەیە و لەگەڵ چوونەسەری تەمەنی، گرفت و قەیرانەکانیشی پەرەیان سەندووە و سێڵاوێکی وێرانکەری وەدوای خۆی خستووە. لێرەدا دەرخستنی سەرچاوەکانی هەستانی سێڵاوەکە بە مەبەستی تێگەیشتن لە قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی پێویستە. ئەگەر

**کۆماری ئیسلامی نیازی چارەسەری هەبوو، ئایا دەتوانێ ئەو هەنگاوە هەڵبگرێ؟**

١- گشتپرسیی ڕژێم: کۆماری ئیسلامی دوای هاتنەسەرکاری، گشتپرسییەکی ئەنجام دا. ئەم گشتپرسییە تەنیا یەک بژاردەی خستبووە ڕوو: "گۆڕینی ڕێژیمی پاشایەتی بۆ کۆماری ئیسلامی"؛ واتە کۆماری ئیسلامی یان نا؟ لە ڕاستیدا، ئەمە نە گشتپرسی بوو و نە هیچ پێوەرێکی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دڵخوازی تێدا بەدی دەکرا. خەڵک کە تازە لە ژێر چەپۆکەی دیکتاتۆریی پاشایەتی ڕزگاریان ببوو، هێشتا سێبەری ڕێژیمی پێشوویان لەسەر بوو و لە جەستەی زاماریان خوێن دەچۆڕا؛ ئاشکرا بوو کە خەڵک بە گشتی ئەو سیستمەیان ناوێت. لە کاتێکدا لە شۆڕشدا لایەنی جۆراوجۆر وەک ئیسلامی، نەتەوەیی، مارکسیست و نەتەوە بندەستەکان پێکەوە بەشدار بوون لە ڕووخاندنی محەممەدڕەزا شادا، کەچی خومەینی هەموویانی پەراوێز خست و دواتریش سەرکوتی کردن. دەکرێ بڵێین ئەم گشتپرسییە یەکەمین گومانی جیدی و بنەڕەتیی لەسەر "ڕەوایەتیی" ڕێژیم دروست کرد؛ پرسیارێکی قووڵ کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی گەشەی کرد و باڵای کێشا.

٢- یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم: ئەم یاسایە وەک چرا و داردەستی ڕێژیم وایە؛ یاسایەکی چەقبەستوو، نادێموکراتیک و یەکڕەهەندییە. لەم سیستەمەدا وەلیی فەقیهـ وەک نوێنەری خودا لەسەر زەوی دانراوە؛ هەر بۆیە هەموو قسە و فەرمانێکی وەک دەقێکی ئاسمانی و نەگۆڕ سەیر دەکرێت و دەبێتە بنەمای بڕیار و سیاسەتی ڕێژیم. ئەزموون سەلماندوویەتی کە هەر جۆرە ڕەخنە و داوایەکی گۆڕانکاری، وەک هەڵگەڕانەوە دەبینرێت؛ نەک تەنیا بایەخی پێ نادرێت، بەڵکوو سێدارەش چاوەڕوانی خاوەنەکەی دەکات. ئاکامی ئەمەش ئەوەیە کە ئێستا ئێران کۆت و زنجیر کراوە؛ هەر بۆیە نە ڕیفۆرم و نە هەڵبژاردن، نەیانتوانی ئەو زنجیرەیە بپسێنن.

٣- شەڕی ئێران و عێراق: هەڵگیرساندنی شەڕی ئێران و عێراق بڕگەیەکی دیکەیە، کە ئاسەوارە وێرانکەرەکانی بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی مانەوە و، ڕێژیم نەیتوانی چارەسەریان بکات. ئەگەرچی سەددام حوسێن هێرشی بۆ سەر ئێران دەست پێ کرد، بەڵام ناکرێ پاڵنەرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو دەستپێشخەرییە لەبەرچاو نەگرین؛ ئیسلامی شیعە چاوی بڕیبووە ناوەندی مەرجەعییەت لە عێراق و بۆ یەکخستنی قوم و نەجەف هەوڵی دەدا. "هەناردنی شۆڕش" یەکێک بوو لە ئەرکە لەپێشینەکانیان بە مەبەستی بەدەستهێنانی "ئومولقورا" و ڕزگارکردنی قودس لە ڕێگەی کەربەلاوە. ئەم چاوتێبڕینە لە خاکی وڵاتانی دیکە، ئاکامەکەی بوو بە هەڵگیرسانی شەڕە هەشت ساڵەکە.

٤- پرسی نەتەوە بندەستەکان: هێرش و فەتوا بۆ سەر نەتەوە بندەستەکانی ئێران و پشتگوێخستنی داخوازییە ڕەواکانیان، هۆکارێکی دیکەیە کە سێڵاوی ڕامانێینی ڕێژیمی بەتەوژمتر کرد. خۆڕاگری و بەگژداچوونەوەی سوپای ڕێژیم لە لایەن

پێشمەرگەکانی کوردستانەوە، بووە هۆی ئەوەی ترسی کوردستان و بەلووچستان و ناوچەکانی دیکە لەسەر دڵی ڕێژیم بنیشێت و تووشی "ترۆما"یان بکات؛ ئەمەش کاریگەریی قووڵی لەسەر بڕیار و هەڵوێستەکانیان هەبووە، چ لە نێوخۆدا و چ لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا.

٥- مۆتەکەی "چەکی ناوکی": ئەگەر سەرنجێکی مێژووی پڕۆگرامی ناوکیی ئێران بدەین، دەبینین ئەو تێچووە ماددی و سیاسییەی کە ئێران لە ماوەی ٢٥ ساڵدا ڕووبەڕووی بووەوە و تەواوی داهاتی وڵاتی تێدا هەراج کرد، لە کۆتاییدا نەک هەر بێ ئەنجام بوو، بەڵکوو بووە هۆی لەدەستدانی زۆرێک لە پلەباڵا سەربازییەکان و زانایانی ئەتۆمییان. بەم شێوەیە، نەک هەر تێچووەکە بە هەدەر چوو و دەستەوەستان مانەوە، بەڵکوو پێگەی نێودەوڵەتیشیان زیاتر دابەزی؛ ئەوەش بە دەستی ئەو وڵاتانەی کە ڕێژیم وەک دوژمنی هەتاهەتایی خۆی پێناسەیان دەکات.

٦- دەستتێوەردان و پەرەسەندنی قەیرانەکان: دەستدرێژی و دەستتێوەردانەکانی ڕێژیم بۆ سەر وڵاتانی دیکە، سێڵاوەکەی قەبەدارتر و خێراتر کردووە. لە یەکەم هەنگاودا، بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا و بە بارمتەگرتنی کارمەندەکانی، عورفێکی نێودەوڵەتیی دانپێدراویان شکاند. ئەگەرچی دوای ٤٤٤ ڕۆژ بارمتەکان ئازاد کران، بەڵام ئاسەواری ئەو داگیرکارییە تا ئێستاش بەردەوامە و بووەتە هۆی گۆشەگیری و پەراوێزخستنی درێژخایەنی ئێران. دروستکردنی گرووپی چەکدار و تیرۆریستی لە ناوچەکە و پەلهاویشتن بۆ ئەمریکای باشوور، هەڕەشە و کردە تیرۆریستییەکان لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بە تایبەت لە عێراق، یەمەن، سووریە، لوبنان و فەلەستین، هەروەها تیرۆرکردنی دژبەرانیان لە ئورووپا و هاوکاریی ڕووسیە لە شەڕی ئۆکراین، هەموویان دژکردەوەی توندیان بەدوای خۆیاندا هێنا. لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، لە زۆربەی ئەو شوێنانە دەستی ڕێژیم کورت کراوەتەوە؛ بە جۆرێک لە جیاتی "خێر"، تەنیا شەڕ و ئابڵۆقەی هەمەلایەنەی ئەمریکا و ئورووپای بۆ خەڵکی ئێران بەدیاری هێناوە. ئاسەواری ئەم شکستانە ئێستا هەموویان تێکەڵی لافاوە وێرانکەرەکە بوون.

٧- سەرکوت و کوشتاری سیستماتیک: سەرکوت و کوشتاری خەڵک، هەمیشە ڕێگەیەکی بەردەست و ئامادەی ڕێژیم بووە بۆ کپکردن و خنکاندنی دەنگی ناڕەزایەتی. ئەو سەرکوتە بەردەوام و سیستماتیکانەی لە کوردستان، بەلووچستان و ناوچە عەرەبنشینەکاندا (ئەهواز) ڕوویانداوە، لەگەڵ کوشتارەکان لە کاتی خۆپێشاندانەکاندا، بەتایبەت بەرامبەر بزووتنەوەی برسییەکان و بزووتنەوەی "ژینا" لە ساڵانی ١٣٩٦، ١٣٩٨، ١٤٠١ و ١٤٠٤، کەلێنی نێوان دەسەڵات و خەڵکیان ئەوەندەی دیکە فراوان کردووە. ئەم سیاسەتە بە چەشنێک کاردانەوەی لێ کەوتووەتەوە، کە مەتەرێزی بەربەرەکانیی خەڵک قایمتر و بەگوڕتر بووە.



سەرچاوە
Serchawe

٨- هێرشی ١٢ ڕۆژەی ئیسرائیل و پەلاماری ئەمریکا بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی ڕێژیم. هەڕەشەکانیان بۆ سڕینەوەی وڵاتان و دەرکردن لە ناوچەکە و نیشاندانی هاژەکەکانیان و دروستکردنی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی وڵاتان، بە جێگەی ئەوەی "بازدارەندگی"یان بۆ بە دیاری بهێنێ، هێرشی پێشوەختەی نسیب کردن. هێرشێک کە لە ماوەی ١٢ ڕۆژدا پەیکەری پۆشاڵیی ڕێژیمی بۆ هەموو لایەک دەرخست و بە سەردانان و سەرشۆڕیی لێی دەرچوون. کاریگەریی ئەم شەڕە پێش ئەوەی لەدەستدانی بەرپرسانی پلەبەرز یان سیستەمی ڕاداری و ... بێت، شەبەحی ڕێژیمی لەبەرچاوی خەڵک و دنیای دەرەوە بە تەواوی لادا؛ ئەمە بووە هۆی شکاندنی ئەو وەهم و پڕوپاگەندانەی کە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا، بەشێک لە خەڵکیان پێ سەرسام کرابوو.

٩- قەیرانە گەورەکانی ئابووری: هاوتەریب لەگەڵ هەموو ئەو هۆکارانەی باسمان کردن، قەیرانی ئابووری ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قووڵتر بووەتەوە؛ بە چەشنێک کە گرفتە بژێوییەکان تەنگیان بە خەڵک هەڵچنیوە و سفرەیماڵیان بچووکتر و بەتاڵتر بووەتەوە. ئەم دارمانە ئابوورییە وای کردووە کە لە زۆرێک لە خۆپێشاندانەکاندا، ڕەهەندی ئابووری وەک بزوێنەرێکی سەرەکی و باڵادەست دەربکەوێت.

## ئەنجامگیری:

بینینی ئەم هەموو گرفتە بنەڕەتییانەی کە لەگەڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا گەشەیان کردووە و وەک دووانەیەکی لێکنەبڕاویان لێ هاتووە، بەو ئاکامەمان دەگەیەنن کە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ڕووداوێکی چاوەڕوانکراوە، ئەگەر نەڵێین حەتمییە. تەنانەت ئەگەر کۆماری ئیسلامی مل بۆ داخوازییەکانی ئەمریکاش ڕابکێشێت (وەک چۆن پێشتریش کردوویەتی)، ناتوانێت ڕێگری لە پرۆسەی ڕووخان بکات؛ چونکە ئەو سێڵاوە کەوتووەتە ڕێ و بە پێی تەمەن و کردەوەی ڕێژیم گەشەی کردووە. هیچ بەربەستێک ناتوانێت ئەم ڕەوتە بەلاڕێدا ببات یان پێشی پێ بگرێت و لە ئەگەری هەر ڕێککەوتنێکیشدا، تەنیا دەبێتە هۆکارێکی دیکە بۆ خێراترکردن و کاملکردنی پرۆسەی ڕووخانەکە.

١٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# دەسکەوتەکانی ١٨ی بەفرانبار





**دیاکۆ ڕۆژهەڵاتی**

هەر کارێک پێویستی بە ئەزموون و کار و پرۆڤەیە. ژیان بێ ئەزموون قالۆرێکی نێوبەتاڵە. هەر گەلێک، هەر کەسێک کە بیانهەوێت بگەنە ئامانج دەبێ هەوڵ بدەن و فێربن و ئەزموون بکەن و لە ماندووبوون و ئارەقڕشتن نەترسێن.

بەهۆی ئەوەی دەیان ساڵە خەڵکی کوردستان وەک گەلێکی زیندووی شۆڕشگێڕ لە وڵاتێکی دیکتاتۆرلێدراوی وەک ئێراندا

ماندوویی‌نەناسانە ئەزموونی کاری سیاسی دەکەن، بە جوانی فێری گەمەکانی دێموکراسی بوون و بە باشی کەڵک لە دەرفەتەکان وەردەگرن. ئەو ئەزموونە مەزنەش بووەتە هۆی ئەوەی هەڵوێستەکانی گەلی کوردستان لەچاو بەشەکانی تری ئێران مەدەنیانەتر و بەڕۆژتر لەبەر چاو بکەون. لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەو ڕۆژانەی بۆ مانگرتنی سەرانسەری بەبۆنەی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕەوە ڕادەگەیەندرا، نەرمە پڕۆڤەیەک بوون بۆ ئەم ڕۆژانە. لە ماوەی شۆڕشی ژیناشدا بە دەیان مانگرتن و چالاکی نەتەوەیی لە کوردستان ڕێکخرا و هەمووشیان بە جوانی و ڕێکوپێکی بەڕێوە بران. لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا لەبەر نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی جێی متمانە، بە هیچ شێوەیەک نەتوانراوە مانگرتنێک لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا ڕێک بخرێت. کەچی دەبینین دوای هەر ڕاگەیاندنێکی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات - بەتایبەت ئەو کاتەی کۆدەنگی لە دەرێ هەبێت - لەنێوخۆش بەدەنگەوەچوونەکە بەهێزتر و بۆ دوژمنان گورچووبڕتر بووە. ئەم کۆدەنگیانە هەم گەلی دڵخۆش کردوە و هەم دوژمنانی تەزاندوە.

دیارە بەهۆی ئەوەی لە ماوەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیدا غەدری سەر گەلی کورد قورس و تاقەت پڕووکێن بووە، لە ڕاپەڕینە مەیدانییەکانیشدا کورد هەر پێشەنگ بوو. دوای دەنگهەڵبڕینەکەی بازاڕی تاران کە زیاتر داواکارییەکی بژێوی بوو، شارەکانی مەلەکشایی، کرماشان و ئیلام لە پێشەنگەکانی ڕاپەڕینە دژبەرانەکەی ڕێژیم بوون و شارەکانی دیکەی ناوەندنشین دوای ئەوان ڕژانە سەر شەقامەکان و دەنگی لەناوبردنی کۆماری ئیسلامیان بەرز کردەوە.

لەم ڕۆژانەشدا کە لە لایەن ناوەندی دیالۆگەوە ڕۆژی ١٨ی بەفرانبار وەک ڕۆژی مانگرتنی گشتی لە کوردستاندا ڕاگەیەندرا، دیتمان کە چۆن یەکگرتووانە و سەرکەوتووانە مانگرتنەکە بەڕێوە چوو. ئەم ئەزموونە بووەتە هۆی ئەوەی کەسانی دیکەش خۆ بدەنە پاڵی و کەڵکی تایبەت بە خۆیانی لێ وەربگرن و دەسکەوتی خۆیانی پێ زەنگین بکەن. دەبینین کاتێک ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژی ١٨ی بەفرانباری وەک ڕۆژی مانگرتن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕادەگەیەنن، ڕەزا پەهلەویش بەو بەرچاوڕوونییەی کە بانگەوازی حیزبە کوردییەکان هەیبوو، دەیزانی وەک هەموو جارێک بێ وڵام نامێنێتەوە، دەرفەتەکە دەقۆزێتەوە و شەوی ١٨ی بەفرانبار وەک شەوی هاتنە دەرێ بۆ ناوەندنشینان دیاری دەکات، هەتا ئەوەش وەک دەسکەوتی خۆی بە کۆمەڵگەی جیهانی بفرۆشێتەوە. ئەوە نیشانەی ئاوانگاردبوون و ئەزموونی دێموکراسی‌ناسی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی نیشتماندا.

هەموو دەزانین کورد گەورەترین زیانی لە پەرتەوازەیی و یەکنەگرتندا دیتووە. هەروەها هەمووشمان ئەوە دەزانین کە یەکگرتنمان سەرکەوتنمان مسۆگەر دەکات. ئەزموونی ١٨ی بەفرانبار بە ئێمە دەڵێ: یەکگرتنتان زامنی سەرکەوتنتانە. لێرەدا ئەرکی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکی کوردستانیش بۆ ڕاگرتن و پارێزگاریکردن لەو دەسکەوتە قورستر

دەبێت. هەموو دەزانن دوژمنە ڕەنگاوڕەنگەکانی کوردستان ئەگەر لەسەر هەموو شتێک لەگەڵ یەک ناتەبا بن، ئەوە سەبارەت بە دوژمنایەتیکردنی گەلی کورد زۆر تەبا و ڕەبان. ئەوان لە کاتی هێرشکردنە سەر کورد، چ هێرشی مێدیایی و چ هێرشی نیزامیدا هاوڕان و شانبەشانی یەکتر هێرش دێنن و دەمانکوژن و بێڕێزیمان پێ دەکەن.

بەدڵنیاییەوە دەبێ وەک دەسکەوتێکی مەزن چاو لە مانگرتنەکەی ١٨ی بەفرانباردا بکرێت. ئەم جۆرە هەڵوێستانەیە کە ئێمە لە بەرانبەر دوژمنە دڕندەکانماندا بەهێز دەکات و دەمانگەیەنێتە سەر مەنزڵگەی مەقسوود. ئەگەر بە چاوێکی دەسکەوتانەوە لەو ڕۆژە بڕوانین، ئەوە دەبینین کە بۆ گەلی ئێمە سەودایەکی دووسەر قازانجمان هەبوو. لە ڕاستیدا کورد لەو ڕۆژەدا بە تیرێک دوو نیشانەی شکاند.

**نیشانەی یەکەم؛** لایەنە سیاسی و ڕووناکبیرییەکانی کوردستان دایمە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە کورد بە هەموو جیاوازییە ئایینی و ئایینزایی و ئیدیۆلۆژی و زاراوە و بن زاراوەییەکەوە هەر کوردن و نابێ ئەو جیاوازییانە بکرێنە شووڵی لێک هەڵاواردن و لێک دوورکەوتنەوە، بەڵکوو دەبێ ئەوانە ببنە هەوێنی یەکتر قەبووڵکردن و تەمرینی پێکەوەژیان. بەو کارەش ڕۆخساری کوردی پێ جوانتر بکرێت، هەتا ببینە گەلێکی نموونەیی و خاوەن کولتووری جوان و زەنگین. ١٨ی بەفرانبار وەرچەرخانێکە لە مێژووی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەم ڕۆژە دەبێ بکرێتە ڕۆژی یەکگرتن و لە ڕۆژژمێری مێژوودا بنووسرێتەوە و هەموو ساڵێک جەژنی یەکگرتنی تێدا بگیردرێت. چونکە سەرلەبەری گەلی کورد بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە لەم ڕۆژەدا ئامێزی برایانەیان لە یەکدی وەرێنا و سروودی هاوخەمی و هاوپشتیان چڕی.

مانگرتنەکەی ١٨ی بەفرانبار پڕ بوو لە پەیامی یەکگرتن. کورد لەم ڕۆژەدا بە زمانێکی مەدەنییانە واژۆی لەسەر یەک نەتەوەیی کورددا. لەم ڕۆژەدا سوننی و شیعە، یارسانی و ئێزیدی، سێکۆلار و چەپی، هەموویان بوون بە کورد. کوردێک کە مافی خۆی باس دەکات و ویستی خۆی دەچڕێت. ئەگەر حیزبەکان و ڕووناکبیرەکانی ڕۆژهەڵات بتوانن لایەنە باشەکانی ئەو دەسکەوتە جوان بنرخێنن و شی بکەنەوە و لێی بدوێن، ئەوە دەتوانین پێی ببینە خاوەن بارەگایەکی نەتەوەیی و لە بەرانبەر دۆست و دوژمنەکانماندا ببینە خاوەن دەنگ و قورساییەکی گرنگ.

**نیشانەی دووهەم؛** ١٨ی بەفرانبار پەیامێکی دیکەشی پێ بوو. ئەو پەیامەیان ڕوو لە دوژمنانی گەلی کورد بوو. لەو پەیامەدا بەڕاشکاوی ڕاگەیەندرا: کورد گەلێکی یەکدەستە و بێجگە لە ویستە سەرانسەرییەکان، خاوەن ویست و داخوازی خۆشیەتی. ئیتر لەمە بەولاوە کەس ناتوانێت بە چەند وشەی برقەداری وەک «مەرزبانی غەیور» و «کۆنترین نەتەوەی نێو

ئێران»، فریوی بدات و بیکاتە کەواسووری بەر لەشکر. هەروەها گوترا، ئەوەی کورد خوێنی بۆ دەدات گۆڕینی دیکتاتۆڕێک بە دیکتاتۆڕێکی تر نیە، بەڵکوو کورد دەیەوێ لە ئێرانی داهاتوودا دەنگی جیابیران ببیسترێت و ئەویش ببێتە خاوەن دەنگی خۆی. ئەگەر سنوورداری دەکات بۆ خۆی بکات و ئەگەر کۆڵبەری دەکات، کۆڵ بۆ خۆی هەڵگرێت.

## کۆتایی:


دەسکەوتەکانی ١٨ی بەفرانبار ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر شانی ناوەندی دیالۆگ و ڕووناکبیران و کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەوان دەبێ بەرپرسانە لەو دەسکەوتە گرنگە بڕوانن و هۆشیارانە لەگەڵی بجووڵێنەوە. دەبێ بەردەوام کار بۆ پتەوکردنی ئەو یەکیەتییە بکرێت و لەو کارانەی کە دەبنە هۆی لێکترازان و دوورکەوتنەوە لە یەکدی، خۆ بپارێزن. نابێ بەرژەوەندی نەتەوەیی بخرێتە دوای بەرژەوەندیی حیزبی. دیارە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە خەڵک دڵسارد دەکاتەوە و دەرفەتی کەلکوەردەگرتنی فێڵبازانەش بۆ دوژمنە هاوبەشەکەمان دەڕەخسێنێت. چونکە ئەوەی گەلی کورد لە کۆتاییدا دەیهەوێت، گەیشتن بە مافە ڕەواکانییەتی کە دەیان ساڵە خەباتی بۆ دەکات و خوێن و قوربانی بۆ دەدات.

١٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا هیجری: خەڵک مافی خۆیانە لە بەرانبەر توندوتیژیی ڕێکخراوی حکوومەتدا بەرگری لە خۆیان بکەن



### ئاماژە:

**تەلەڤیزیۆنی BBC لەو ماوەیەدا وتووێژێکی لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب پێکهێنا. سکرتێری گشتیی حیزب لەم وتووێژەدا بەڕاشکاوی باسی لە هەڵوێست و خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ گۆڕانکارییەکانی ئێستای ئێران و کوردستان کرد و ئەگەرەکانی بەردەم بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی گشتی لەدژی کۆماری ئیسلامیی شی کردەوە و پێگەی کورد لەو ناڕەزایەتییانەی دەستنیشان کرد. "کوردستان" پوختەی ئەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە:**

**تەلەڤیزیۆنی BBC : حیزبی دێموکرات چۆن دەڕوانێتە خۆپێشاندانەکانی ئەمدواییانە؟**

**مستەفا هیجری: خۆپێشاندانەکانی ئەمجارە نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە خەڵک بە تەواوی لەم ڕژێمە ناهومێد بوون. ئەوان دەزانن تا ئەو کاتەی ئەم ڕژێمە لەسەر کار بێت، دۆخی وڵات لە هیچ ڕوانگەیەکەوە باش نابێت. ئەمە خاڵێکی زۆر**

گرنگە. لە سەرووی هەموو ئەم داواکارییانەشدا، ئامانجی سەرەکیی خەڵک کەسی «خامنەیی»یە وەک وەلیی فەقیھـ، کە بەرپرسیاری یەکەمی تەواوی ئەم دۆخە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو.

**تەلەڤیزیۆنی BBC: جیاوازیی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە لە ڕووی پێکهاتەییەوە لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی بزووتنەوەی ژینا؟**

بەشێکی ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە بزووتنەوەی «ژینا»دا لە کوردستان، حیزبە کوردەکان داوایان لە خەڵک کرد دوای کۆتاییهاتنی ڕۆژێکی مانگرتن، بڕژێنە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندان بکەن و لە ڕاستیدا خۆپیشاندانە سەرانسەرییەکان لەوێوە دەستی پێ کرد. بەڵام ئەمساڵ داواکارییەکی وەها نەخرایە ڕوو و تەنیا دوای ئەوەی خۆپیشاندانەکان کرماشان و ئیلامی گرتەوە، حیزبە کوردییەکان بە ڕاگەیاندنی ڕۆژێک مانگرتنی گشتی دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی هەموو خۆپیشاندەرانی ئێرانی. مانگرتنێک کە خۆشبەختانە خەڵک بە تەواوی وەڵامیان دایەوە و لە سەرانسەری کوردستاندا جێبەجێ کرا.

**تەلەڤیزیۆنی BBC: بەڵام بۆچی ئەمجارە وەک پێشتر نەهاتنە مەیدان؟**

بڕوانن، ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،لە ڕۆژی یەکەمی دامەزراندنی ئەم حیزبەوە و لە ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا، بۆ ئازادی، دێموکراسی و مافی یەکسان خەباتمان کردووە؛ نەک تەنیا بۆ کوردەکان، بەڵکوو بۆ هەموو خەڵکی ئێرانیش. هەر کاتێک لە کوردستان خۆپیشاندانێک دروست بوو بێت، زۆرترین و قورسترین گورزەکان لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە لە خەڵکی کورد دراون و کوردەکان لە کردەوەدا لە هەموو ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشانەدا سیبلی مەیدانی تەقە بوون و ئەمە ڕاستییەکە. لە لایەکی دیکەوە، ڕاستییەکی دیکەش ئەوەیە کە تەنیا بە خۆپیشاندانەکان لە کوردستان و خۆڕاگریی خەڵکی ئەم ناوچەیە، ڕێژیم ناڕووخێ. هەر بۆیە ئەمجارە ئێمە لەگەڵ هێزە ئۆپۆزیسیۆنە کوردەکانی دیکە کە هاوکاریی یەکتر دەکەین، داوای خۆپیشاندان لە خەڵکمان نەکرد.

**تەلەڤیزیۆنی BBC: ئەدی لە چ بارودۆخێکدا ئەگەری ئەوە هەیە داوا لە لایەنگرانی خۆتان بکەن بێنە مەیدان؟**

پێشبینیکردنی بارودۆخ کەمێک دژوارە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێمە هیچ کاتێک داوایەکی وەها ناکەین. بەداخەوە بەهۆی کوشتاری بەرفراوان کە لە شەقامەکاندا ئەنجام درا، ئێستا خۆپیشاندانەکان بەرەو کزی چوون. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە بە مانای کۆتاییهاتنی داخوازیی خەڵک یان دامرکانەوەی تووڕەیی جەماوەر نییە. بە بڕوای من، ئەم تووڕەییە ئێستا

وەک ئــاگرێکی بــن خۆڵەمێشــە و چــاوەڕوان دەکرێــت زوو یــان درەنــگ، تونــدتر و بەرفراوانتــر لەم خــولە، دووبــارە هەڵبگیرسێتەوە. لەو کاتەدا، ئێمەش بێگومان بەشدار دەبین و خەڵکی کوردیش ئامادەییان دەبێت.

**تەلەڤیزیۆنی BBC: ئایا لەو ماوەیەدا ساتێک هەبوو هەست بکەن بە ڕاستی خۆپێشاندانەکان بەرەو جەنگی کۆتـایی لەدژی ڕێژیم دەچن؟**

زۆرێـک لە خەڵـک هەسـتیان بەوە دەکـرد و ئـاواتی هەمووشـمان هەر ئەوە بـوو. بەڵام ڕاسـتی ئەوەیە ڕووبەڕووبـوونەوەی ڕێژیمێک کە بە هەموو هێـز و بە جۆرەهـا چەکی سووک و قـورس هێرش دەکـاتە سەر خەڵکی بێبەرگری، بـۆ خەڵکێک کە دەستبەتاڵن زۆر دژوارە. ڕێژیم هەموو ئیمکاناتی خۆی بۆ سەرکوت بەکـار هێنـا و بەداخەوە تـا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بـوو کە ئێستا ئەم دەنگانە کپ بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم سەرکەوتنەی ڕژێم کاتییە.

**تەلەڤیزیۆنی BBC: بۆ هەتا ئێستا هاوپەیمانییەکان دژی کۆماری ئیسلامی سەرکەوتوو نەبوون؟**

کێشەی سەرەکی ئەوە بووە لە سەرەتاوە دەربارەی پرسە بنەڕەتییەکانی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی، ڕێککەوتنێکی شەفاف لە ئارادا نەبووە؛ پرسگەلێکی وەک مافی نەتەوەکان، نەبوونی ناوەندگەرایی و جۆری حکوومەتی داهـاتوو. کاتێک باسەکان جدیتر دەبنەوە و جیاوازییەکانیش قووڵتر دەبن و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانییەکان.

**تەلەڤیزیۆنی BBC: ڕوانگەی حیزبی دێموکرات بۆ ڕەزا پەهلەوی؟**

ئێمە لەگەڵ هیچ کەسێک کێشەی شەخسیمان نییە. باسی ئێمە لەسەر «سیستەم»ە. کوردستان بـاجێکی قورسی بۆ ئـازادی داوە و ئـێمە نامانەوێت لە دیکتـاتۆرییەتێکەوە بگەیـنە دیکتـاتۆرییەتێکی دیکە. بـۆ ئـێمە گـرنگە لە ئێرانـی داهـاتوودا، پلـۆرالیزم و مـافی نەتەوەکـان پشـتگوێ نەخرێت. هەر سیسـتەمێک بیەوێت دووبـارە ناوەنـدگەرا بێت و حاشـا لە مـافی نەتەوەکان بکات، بۆ ئێمە قبووڵکراو نابێت. ئێمە بڕوامان وایە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و تـاقە ڕێگەی پاراستنی ئەو وڵاتە و پێکەوەژیــانی ئاشــتییانە، دابەشــکردنی دەســەڵاتە لە چوارچێــوەی سیســتەمێکی فیــدراڵ و دێموکراتیکـدا. ئەمە ڕوانگەیەیە کە ئێمە دەیان ساڵە جەختی لەسەر دەکەینەوە.

**تەلەڤیزیۆنی BBC: بۆچی ئاستی توندوتیژییانەکانی ئەمجارە لە شەقامەکاندا ئەوەندە زۆر بوو؟**

هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕێژێم لەم قۆناغەدا هەستی بە لاوازییەکی زۆر دەکرد. لە کاتی بزووتنەوەی ژینادا، ڕژێم هێشتا هێزە نیابەتییەکانی خۆی لەبەردەستدا بوو، هێشتا دروشمی دژی ئیسرائیل و ئەمریکای دەدا و خۆی وەک هەڕەشەیەکی گەورە نیشان دەدا. بەڵام ئەمجارە، بەهۆی لەدەستدانی بەشێک لەو ئامراز و ئیمتیازاتانە، تووشی ترسێکی زیاتر ببوو و پێی وابوو بێتوو دەست بۆ ئەم کوشتارە نەبات، ڕووخانەکەی حەتمییە. دیارە بەڵێنەکانی ترامپ و ئەوە کە هێزی پشتیوانیان بۆ دەنێرێ، زۆرێک لە خەڵکی هان دا بێنە سەر شەقام و دروشمی ڕادیکاڵ بدەن. بەڵام بەداخەوە، لانیکەم تا ئەم ساتە ئەو بەڵێنانە جێبەجێ نەکران و ئەم بابەتە کاریگەرییەکی نەرێنیی بەرچاوی لەسەر مەعنەوییاتی خەڵک دانا و جۆرێک لە ناهومێدی، بەتایبەت بەرانبەر بە ئەمریکای لە بەشێک لە ناڕازییاندا دروست کرد. دیارە ئەمن پێم وانییە ئەمریکا لە سیاسەتەکانی خۆی لە ئاراستەی لاوازکردنی ئەم ڕژێمە پاشەکشەی کردبێت، بەڵام ئەوەی خەڵک لە شەقامەکاندا چاوەڕوانییان دەکرد، بینینی هەنگاوێکی بەرجەستە و دەستبەجێ بوو لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، بە بڕوای من هێشتا کۆتاییی کارەکە نەهاتووە.

**تەلەڤیزیۆنی BBC: ڕوانگەی حیزبی دێموکرات لەسەر دەستێوەردانی دەرەکی؟**

لە بارودۆخی ئەمڕۆدا ئەوەی کە دەگوترێ دەستوەردانی دەرەکی پێویست نیە ڕوانگەیەکی سۆزدارییە. ڕاستییەکەی ئەوەیە وڵاتی ئێمە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە بەکردەوە داگیر کراوە. ئەگەر وا نییە، ئەی بۆچی خەڵک بە دەستی خاڵی دێنە سەر شەقام و خۆیان دەخەنە بەر گوللەی هێزەکانی ڕێژێم؟ دووەم ئەوەی ئەمڕۆ لە هیچ شوێنێکی جیهاندا، هیچ نەتەوە و وڵاتێک ناتوانێت بەتەنیا چارەنووسی خۆی دیاری بکات. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و شوێنەکانی دیکەی جیهاندا دەبینین کە لە پەنای خەڵک و حکوومەتەکاندا، هێزە بڕیاردەرە جیهانییەکانیش ڕۆڵیان هەیە؛ نموونەکانی ئەوە لە غەززە، سووریە و ئۆکراین دەبینین. سادەئەنگارییە ئەگەر پێمان وابێ تەنیا خەڵک، بەبێ هیچ پاڵپشتییەکی دەرەکی، دەتوانن بگەنە ئەنجام. بێگومان خەڵک دەبێ چالاک بن و نارەزایەتی دەربڕن، بەڵام ئەمە بە واتای ڕەتکردنەوەی یارمەتیی وڵاتە کاریگەرەکان نییە.

**تەلەڤیزیۆنی BBC: دوورەدیمەنی داهاتووی ئێران؟**

لەو بارودۆخەی کۆماری ئیسلامی دروستی کردووە و ڕێگای سازان لەگەڵ خەڵک و وەڵامدانەوەی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی داخستووە، دۆخەکە بەرەو توندوتیژی زیاتر دەچێت. مافی بەرگریکردن هەمیشە قبووڵ کراوە و ئەم بابەتە ڕەنگە بۆ ئێمە و بۆ هەموو خەڵکی ئێران بێتە پێش. داهاتوویەکی زۆر تاڵ لە بەردەمماندایە و هیوادارم ئەو



سەرچاوە
Serchawe

تێکهەڵچوونانە ڕوو نەدەن، بەڵام بەداخەوە ڕێگەکانی دیکەیان لە نەیاران و جیاوازبیران داخستووە.

**تەلەڤیزیۆنی BBC: ڕوانگەی تایبەتیی خۆتان لە بارەی پرۆژەی گەڕانەوەی بنەماڵەی پەهلەوی؟**

ئەمن چالاکێکی سیاسیم و خەباتێکی نەتەوەییی دژوار دەبەمە پێش. لەم ڕێگەیەدا، کینە و دوژمنایەتی شوێنی لە زێهنییەتی مندا نییە. ڕاستە ڕەزا پەهلەوی بە بەرپرسی ڕاستەوخۆی هەڵەکانی باوک و باپیری نازانم؛ بەڵام ڕەخنەی من ئاراستەی هەڵوێست و کارکردەکانی ئەمڕۆی ئەوە. ئەو دەیتوانی لە کردەوەدا نەک تەنیا لە بە قسە و لە ڕواڵەتدا کەسێکی دێموکرات بێت و لەبری تەنیا زەقکردنەوەی خۆی، بەدوای دروستکردنی یەکگرتوویی لەگەڵ هێزەکانی دیکە لە ناوەوە و دەرەوەی ئێراندا بگەڕێت. هەڵوێستێکی وەها دەیتوانی پێگەیەکی باشتر بۆ ئەو دروست بکات.

**تەلەڤیزیۆنی BBC: ئێوە چ جۆرە حکوومەتێک بۆ داهاتووی ئێران بە گونجاو دەزانن؟**

ئەوەندەی من بزانم لەنێو نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا -لە بەلووچ و عەرەبەکانەوە بگرە تا تورکەکان- حیزبێکی ئەوتۆ نییە هەڵوەشانی ئێرانی بوێ و ئەمە پێمان دەڵێ هەموو ئەم نەتەوانە دەیانەوێت لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا بمێننەوە و ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانە بۆ پێکەوەژیان بدۆزنەوە. ئێمەی کوردیش ڕێک هەر ئەم ڕوانگەیەمان هەیە. ئەگەر ڕوانگەیەکی سەربەخۆییخوازیش هەبێ، ئەمە دەرەنجامی سیاسەتە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیمە. چونکی کاتێک هیچ مافێک بە فەرمی ناناسرێت و هیچ دانوستانێک ناکرێت، سروشتییە هەندێک کەس بیر لە ڕێگەچارەی توندڕەوانەش بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە پابەندی ئەو ئەسڵە بووە کە لە چوارچێوەی ئێراندا خەبات بۆ هێنانەسەرکاری حکوومەتێکی دێموکرات، سێکۆلار و پێبەند بە دابەشکردنی دەسەڵات کار بکات. هۆکاری جەختکردنەوەی ئێمە لەسەر فیدراڵیزم ئەوەیە ئەم مۆدێلە لە وڵاتە فرەنەتەوەکاندا تاقی کراوەتەوە و ئەزموونێکی سەرکەوتوو بووە. لە سیستەمێکی وەهادا، خەڵک لەبری شەڕی یەکتر، پێکەوە بۆ پێشکەوتنی وڵات هەوڵ دەدەن. کەواتە ئامانجی ئێمە ئێرانێکی ئازاد، سێکۆلار، فیدراڵ و دێموکراتیکە.

١٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

## **خالید عەزیزی**: هیچ کەس و لایەن و ڕەوتێک ناتوانێ بەتەنیا تەعبیر لە ئیرادەی نەتەوەکانی ئێران بکات و نوێنگەی ویست و داخوازەکانیان بێت




**ئاماژە:**

**کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیمانەیەکدا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی "ایران اینترنشنال" ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی لەبارەی چەند پرسێکی گرینگ و ڕۆژەڤی سیاسیی ئێران و کوردستان خستەڕوو. "کوردستان" کاکڵ و پوختەی تەوەرە گرینگەکانی ئەم وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە:**

**"ایران اینترنشنال"**: **دۆخی ئێستا و سیناریۆکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی:**

**خالید عەزیزی**: کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاستی نێوخۆییدا و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە ڕەشترین ڕۆژەکانی دەسەڵاتداتدارەتیی خۆیدایە. گوشارەکانی کۆمەڵگەی جیهانی بەتایبەت ئەمریکا لەسەر کۆماری ئیسلامی هەردەم زیادتر دەبن و لە نێوخۆی وڵاتیش خۆپێشاندانەکان و نارەزایەتیی گشتیی خەڵک هیچ شەرعییەتێکی بۆ کۆماری ئیسلامی نەهێشتۆتەوە. جگە لەوە کۆماری ئیسلامی زۆر قەیرانی زەبەلاحی دیکە بەرۆکی گرتووە کە ئەگەر ئەو دۆخەش نەبوایە هەر

دەربەستی چارەسەرکردنیان نەدەهات.

لەبارەی سیاسەتی ئەمریکا لەهەمبەر کۆماری ئیسلامیدا زۆر سیناریۆ دەکرێ لە گۆڕێدا بن، بەتایبەت کە ترامپ زوو زوو هەڵوێستەکانی دەگۆڕێ؛ بەڵام سەرباقی هەموو ئەوانە بابەتی سەرەکی خەڵکی ئێران بۆخۆیانن. ئەوەندەش کە بۆ کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە، بەردەوامی لەسەر هەوڵەکانمان بۆ یەکیەتی و یەکخستنی هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامییە بۆوەی پێکەوە ڕێک بکەوین و جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی ڕابگەیەنین. چونکی یەکێک لە نیگەرانی و کێشەکانی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی نەبێ، ئەدی کێ جێی دەگرێتەوە. ئەمەش دەخوازێ ئێمە هەموومان لەوەدا پەلە بکەین و لە ڕەوتی ڕووداوەکان دوا نەکەوین.

**"ایران اینترنشنال": کورد، حیزبی دێموکرات و ڕەزا پەهلەوی**

**خالید عەزیزی**: حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد لە ئێران دوژمنی هیچ کەس و لایەنێک نین کە دژبەری کۆماری ئیسلامی بن، بەڵام دەبێ هەمووان ئەو ڕاستییە ببینین و دانی پێدا بنێین کە کۆمەڵگەی ئێران فرەنەتەوە و فرەپێکهاتەیە. بۆیە هیچ کەس و لایەن و ڕەوتێک ناتوانێ بەتەنیا تەعبیر لە ئیرادەی نەتەوەکانی ئێران بکات و نوێنگەی ویست و داخوازەکانیان بێت. بەداخەوە هەتا ئێستا نەتەوەکانی ئێران بەختی ئەوەیان نەبووە و شانسی ئەوەیان نەدراوەتێ ئەزموونی دێموکراسی و دەسەڵاتێکی سیاسیی دێموکراتیکیان هەبێ و دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە کۆمەڵگە بە دامەزراوە بکەن. بەڵام ئێمە گەشبینین کە ڕەوتە سیاسی و کەسایەتییە خەباتگێڕەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی دەبێ پێکەوە دابنیشن و باس لە نەخشەڕێیەکانی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی بکەن؛ ئەو خەڵکەش کە لە شەقامن هەر ئەوەیان دەوێ. بەتایبەت کە وڵاتانی بڕیاردەر و شوێندانەری جیهانیش بە پارێزەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەجووڵێنەوە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەتا ئێستا ئاسۆیەکی ڕوون بۆ جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی بەدی نەکراوە.

**"ایران اینترنشنال": بەرنامەی حیزبی دیموکرات بۆ داهاتووی ئێران**

**خالید عەزیزی**: ئێمە باوەڕمان بەوەیە ئێرانی داهاتوو دەبێ دێموکراتیک بێ و هەموو هەوڵە دیپلۆماسی و هاوخەباتیمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بۆ ئەو مەبەستەیە پێکەوە ئەو ئێرانە دروست بکەین. ئەوەش بە دانان و دەستەبەری مافی وەک یەکی هەموو جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ئەم وڵاتە بەدی دێت. کوردستان لەو پێوەندییەدا ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لە خۆڕێکخستن، فرەحیزبی و مامەڵەی سەردەمیانە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی وڵات

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

هەیە. گرینگ ئەوەیە بزانین هەموو پێکهاتە و جۆراوجۆرییەکانی ئێران تینووی دێموکراسی و ئازادی و دەسەڵاتێکی گەلی و دێموکرات و کراوەن.

**"ایران اینترنشنال": هێرشی نیزامیی ئەمریکا و کاریگەریی لەسەر داهاتووی ئێران**

**خالید عەزیزی**: هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران ئەگەرێکە و دوور لە چاوەڕوانی نییە. مەسەلە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی جیهانی، وڵاتان و بەتایبەت ئەمریکا هەموو بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان دەوێ، تەنانەت ئیسرائیلیش. گوشاری هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی ئەم وڵاتە لە بواری هەوڵەکانیان بۆ دەستڕاگەیشتنی چەکی ئەتومی، پەرەدان بە تێکنۆلۆژیی مووشەکیی دوورپێک و دەستێوەردانەکانیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بگۆڕن، واتە کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەوانە پاشگەز بێتەوە و وازیان لێ بێنێ. ئەمە دەکرێ لە دەقەی ٩٠دا ڕوو بدا و کۆماری ئیسلامی بتوانێ بە وتوویژ و سازان لەگەڵ ئەمریکا ئەو مەترسییە لەسەر خۆی لابدا. بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە نەتەوەکانی ئێران و بزووتنەوەی نارەزایەتیی گشتگیر لە نێوخۆی وڵات دژی ڕێژیمە کە ئێستا ئیدی گەیوەتە چلەپۆپە. بزووتنەوەیەک کە تەنانەت لە ئەگەری سازانی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامییش وەستانی بۆ نییە و دەیەوێ کۆتایی بە ڕێژیم بێنێ، بەتاینەت کە ئەم ڕێژیمە لەلای خەڵکی ئێران هیچ شەرعییەتێکی سیاسیی نییە. بۆیە بزووتنەوە نارەزایەتییەکان لەوانەیە بە سەرکوتی توندوتیژ و خوێناوی خاو ببنەوە، بەڵام ناوەستن و هەر ئەم بزووتنەوانەش تۆماری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تێکەوە دەپێچن.

١٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

## هەشتا ساڵ پاراستنی زمان و ناسنامە






**سۆران عەلیپوور**

به تێپەڕینی هەشتا ساڵ به سەر چاپ کردن و بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ و ڕوانینێک به ڕابردووی پڕ لە ئاستەنگ و هەوراز و نشێوی ئەو ڕۆژنامەیەدا، به بوێرییەوە دەتوانین بڵێین کە چیدیکە باس لە ڕۆژنامەیەک وەک ئۆرگانێک و زمانحاڵی حیزبێکی سیاسی ناکەین، ئێمە لە بەردەم میراتێکی سیاسی و کولتووری نەتەوەیەک دا ڕاوەستاوین کە به درێژایی هەشتا ساڵ بەرگری لە پرسی ڕەوای کورد کردووە و پارێزەرێکی هەمیشەیی



سەرچاوە
Serchawe

کلتوور و زمانەکەی بووە. میراتێک کە بێجگە لەوەی سەرچاوەیەکی گرینگی تۆمار و مێژووی کۆمار و ڕووداوەکانی کوردستان بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە هاوکات نموونەی بڵاوکراوەیەکی نەفەس درێژە کە زۆربەی تەمەنی خۆی لە ئاوارەیی و شەڕ و گەمارۆ و بێدەرەتانی و هەڕەشە و نهێنیکاریدا تێپەڕ کردووە.

ئەو ڕۆژنامەیە کە چەند ڕۆژ پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاوکرایەوە و بە جۆرێک درێژەدەری گۆڤاری "نیشتمان"ی کۆمەڵەی ژێ/کاف بوو، هەم مێژوویەکەی و هەم چارەنووسەکەی بە چارەنووسی حیزب و نەتەوەکەیەوە بەسترایەوە، کوردستان بێجگە لەوەی کە کۆڵەکەیەکی ڕاوەستاوی ڕۆژنامەنووسی کوردییە، هاوکات هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندیشە کە سیمایەکی جیاوازیان بە کوردستان داوە. ناونانی ڕۆژنامەکە بە "کوردستان" ڕێک وەک یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە لە لایەن میقداد میدحەت بەدرخان نزیکەی نیوسەدە پێشتر بڵاو کرابۆوە، هەڵگری کۆمەڵێک پەیامی سێمبولیک و زمانی بوو کە بێجگە لە ڕۆڵە سیاسیەکەی، ڕایەڵکەیەکی زمانی و کلتووری لە نێوان دوو ساتەوەختی مێژوویی دا دروست دەکرد، سەردەمێک کە کورد لە دەروازەی سەدەیەکی پڕ لە ڕووداو و گۆڕانکاریدا گەیشتبوو بە ئاستێک لە وشیاری نەتەوەیی لەگەڵ سەردەمی دامەزرانی کۆمار وەک دەرفەتێک بۆ بە دامەزراوەیی کردنی ئەو وشیارییە نەتەوەییە.

بڵاوبوونەوەی کوردستان لە یەکێک لە سەردەمە زێڕینەکانی ڕۆژنامەگەری کوریدا و لە پاڵ کۆمەڵێک گۆڤار و بڵاڤۆکی دیکەی وەک نیشتمان، هاواری کورد، هەڵاڵە و گڕوگاڵی منداڵان و ئەو خزمەتەی کە لە ١١٣ ژمارەی "کوردستان"دا * بە زمان و ناسنامە و کولتووری کوردی کرد جێگەی تێرامان و سەرنجە، لە یەکەم ژمارەی کوردستان دا وێڕای وتووێژێک لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد سەبارەت بە ویست و داخوازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوکات ئاگادارییەکیش بڵاو کراوەتەوە کە لەمەوبەدوا خوێندن بە زمانی کوردییەو هەموو خەڵک ئەرکدار دەکا کە منداڵەکانیان بۆ خوێندن ڕەوانەی مەدرەسەکان بکەن. لەوڕۆژەوە تا دەگاتە نوێترین ژمارەی کوردستان کە ئێستا لە بەردەستی خوێنەران دایە ئەو دوو ئێلێمێنتە واتە خاوەنداری کردن لە پرسی سیاسی، ناسنامەیی و نەتەوەیی گەلی کورد لەلایەک و پاراستن و پەرەپێدانی زمانەکەی لە لایەکی دیکەوە دوو تایبەتمەندیی هەمیشەیی کوردستان بوون.

بەرجەستەبوونی ئەو دوو پرسە لە کوردستاندا وەک زۆر ئاکتی دیکەی سیاسی بێجگە لە پێگەیشتوویی هەستی نەتەوەیی، کاردانەوەیەکیش بوو بە سیاسەتە پاوانخوازییەکانی ڕەزاشا کە لە ڕێگەی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند و لە ڕێگەی سانترالیزمی سیاسی و ئیدارییەوە لە هەوڵی دروستکردنی شوناسێکدا بوو بۆ خەڵکی ئێران، ئەو شوناسە داتاشراوە لەسەر بنەمای سڕینەوە و پەراوێزخستن و شێواندنی کولتوور و مێژووی نەتەوەکانی دیکە داڕێژرابوو، لەڕاستیدا پرۆسەیەکی

ئـاڵۆزی ئاسمیلەکردن بـوو کە لە خوێنـدنگەکانەوە تـاکوو پادگانەکـانی ئەرتەش پیـادە دەکرا. زمـانی فارسی وەکوو زمـانی فەرمی دیاری کرابوو و هەرچی لەگەڵ پێناسەی ڕەزاشا بۆ ئەو شوناسە نـوێیە ئێـرانییە دەگونجا بە مۆدێرن و پێشکەوتوو و شارستانی ئەژمـار دەکرا و ئەوی دیکەش کە کولتـوور و ناسـنامەی نەتەوەکـانی دیکە بـوو بە دواکەوتـوویی و عەشیـرەییی بێکەڵک لەقەڵەم درا. سەرانی ژێ ـ کاف و پاشان سەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستـانیش بەتەواوەتـی هەسـتیان بە مەترسییەکانی کۆنسێپتی دەوڵەت - نەتەوەی پەهلەوی کردبـوو، هەم لە بڵاوکـراوەی "نیشـتمان" و هەم لە ژمارەکـانی ڕۆژنامەی "کوردستان" یشدا ئەو گرینگیدانە بە شوناسی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەشی کورد بەتەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە. جێـی ئامـاژەیە کە دوای تێکچـوونی کۆمـار دووبـارە ڕۆژنـامەی کوردسـتان لە سەردەسـتی خوێنـدکارانی کـورد لە بـاکۆ کە لەسەردەمی کۆماردا ڕەوانەی باکۆ کرابوون لە ساڵی ١٣٢٦ەوە بڵاو دەکرێتەوە و بـۆ مـاوەی ١٦ سـاڵێک وەک ئۆرگـانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان بـڵاو دەکـرێتەوە، لەو دەورەیەدا کوردسـتان ڕۆژنـامەیەکی سـەربەخۆ نـیە و پاشـکۆیەکە لە گۆڤـاری ئازەربایجانی ئۆرگانی ڕەسمی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجـان، سەرنووسەری ئەو دەورەیەی کوردستان ڕەحیم سەیفی قـازی بوو.

ئەو ڕۆژنامەیە لە تەمەنی هەشتا ساڵەی خۆیدا تەنیا لە دوو قۆنـاغی مێژوویـی کورتـدا وەک ڕۆژنـامەیەکی ئـاسایی و لە نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە ئازادی چاپ و بڵاو کـراوەتەوە، قۆنـاغی یەکەم بەر لە چەنـد ڕۆژێک لە دامەزرانی کۆمـاری کوردسـتان دەسـت پێـدەکا و تـا ئـاوابوونی تەمەنـی کـورتی کۆمـار درێـژە دەخـایەنێ و قۆنـاغی دووەمیش لە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بۆ چەند مانگێک لەگەڵ خەبـاتی ئاشکرای حیزبـی دێموکرات دا ڕۆژنـامە بە چاپی ئۆفسێت و لە هەزاران نوسخەدا بڵاو دەبێتەوە. لە قۆنـاغی یەکەمدا کوردستان زیاتر وەک زمانحاڵی کۆماری کوردستان بە هەموو دامەزراوە سیاسی و سەربـازی و ئیدارییەکانیەوە ڕۆڵ دەگێڕێ، کەسانی ناسراوی مێژووی هزر و ئەدەبیاتی کـوردی وەک سـەید محەمەدی حەمیدی، هێمن، هەژار، حەسەنی قزڵجی و ...لەو ڕۆژنامەیەدا دەنووسن. بەشداری ئەو توێژە لە چینی ڕۆشنبیر، شاعیر و چیرۆکنووس و ئەدیب لەو قۆناغەی ژمارەی کوردستان دا مۆرکێکی تـایبەتی بەخشیە ڕۆژنـامەکە کە لە قۆناغەکـانی دواتـر و تـا ئێستاش بە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەوە دیارە، واتە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی پەیام و وتـارە سیاسیەکان ئەرکی پاراسـتنی زمـان و ئەدەبیاتی کوردیش کرد بە ئەرکی خۆی.

پـاش رووخـانی کۆمـار و لەگەڵ ئـاوارەبوونی بەشێک لە ئەنـدامانی حیـزب و نووسـەرانی ڕۆژنـامە بـۆ مـاوەیەکی کـاتی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی کوردستانیش دەوەستێ تـا سـاڵی ١٩٧١ کە بـۆ جـارێکی دیکە لە بەغدا و لەسەر دەستی ئەندامانی حیـزب لە ئاوارەییـدا چـاپ دەکـرێتەوە، لەو دەورەی ڕۆژنـامەی کوردسـتاندا کە تـا ئێسـتاش بەردەوامە دووبـارە کوردسـتان پارێزەرێکی دیاری داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و ئاوێنەی باڵانوێنی خەبات و بزووتنەوەکەیەتی و دووبارە پرسی زمان



سەرچاوە
Serchawe

و کولتووری کوردی لەسەر دەستی کەسانێک کە هاوکات ئەندامی کۆڕی زانیاری کوردن بایەخێکی تایبەتی پێ دەدرێ. **هەڵبژاردەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری وەک د.قاسملوو، مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، مامۆستا هێمن، کاک کەریم حیسامی، کاک هاشم کەریمی، کاک حەمەدەمینی سیراجی، کاک حەسەن ڕەستگار و جەلالی میراوەیی و دەیان کەسی دیکە و ڕووناکبیرانی باشووری کوردستانیش لە نووسەرانی دیاری ئەو دەورەیەی کوردستانن.** چارەنووسی کوردستان دوای ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتیی تێکەڵیەکە لە چارەنووسی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان و خاوەنی ڕۆژنامەکە، دەورانێکی پڕ هەوراز و نشێو کە بە بڵاوبوونەوەی چەند ژمارەیەکی کوردستان لە کوردستانی ئازاد دەست پێ دەکا، تا دەگاتە ئاوارەیی و دۆڵە و دۆڵ کردن و گواستنەوەی لە کوێستانەوە بۆ دیوی گەرمێن و لە دوو دەورەشدا بڵاوبوونەوەی لە دوو شوێن و لە دوو بەرگی جیاوازدا و بە سیاسەتی جیاوازدا، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کوردستان بڵاوکراوەیەک بووە کە ڕاستگۆیی و زمانپاراوی خۆی پاراستووە و سەرەرای هەوراز و نشێوی زۆر خاوەنداریێتی لە لە پرسی ڕەوای گەلێک کردووە و یەکێک لە پارێزگارە دیارەکانی ناسنامەکەی بووە . کاریگەری کوردستان لە سەر نووسەرانی کورد، گۆڤاری سروە، گۆڤاری مهاباد و زۆر ڕۆژنامە و بڵاڤۆکی و نووسراوەی دیکە کە لە ڕۆژهەڵات بڵاو دەبوونەوە بە ئاسانی دەناسرێتەوە.

ئێستا کە دوای هەشتا ساڵ ژمارە ٩١٠ی دەورەی دووەمی کوردستانتان لەبەردەست دایە، لەوانەیە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە چۆنە ڕۆژنامەیەک لەو ماوە دوورودرێژەدا هەر ٩١٠ ژمارەی لێ دەرچووە، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە بە شیوەی ڕۆژانە و وەک سەرچاوەیەک بۆ هەواڵ و زانیاری بەرۆژ بۆ خاوەنی کوردستان کە هاوکات ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی سیاسی و چەکداری لەسەر شان بووە کارێکی ئاستەمە، بەڵام هەر ئەوە کە کوردستان بەردەوام بووە و لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردووشدا وەک بڵاوکراوەیەکی نیو مانگی بڵاوبۆتەوە و شوێنی گەشەکردن و پەروەردەکردنی دەیان قەڵەمی نوێ بووە و دوور لە زێدی خۆی دەنگی ڕۆژهەڵات، ناسنامە و زمانەکەی بووە ، شانازییەکی گەورەیە بۆ دوو هاوچارەنووسی کوردستان و حیزبی دێموکرات.

١٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## ئێران لە کوشتاری خەڵکدا بوو بە یەکەمی بێڕکابەر!





**حەسەن شێخانی**

شەپۆلی ئەمجارەی خۆپێشاندانەکانی ئێران تا ڕادەیەکی زۆر چاوەڕوانکراو بوو؛ نەک ئەوەی کەی ئەم خۆپێشاندانانە سەرهەڵدەدەن و ڕێکەوت و کاتی سەرهەڵدانیان کەی دەبێ، چونکە ئەمانە لە جەوهەردا شتگەلێک، کاروبارێک و ڕووداوگەلێکن کە پێشبینی ناکرێن. کاروباری مرۆیی، ژیانی مرۆڤەکان و ئاڵوگۆڕەکان ئەوەندە پێچەڵپێچن کە ناکرێ بە



سەرچاوە
Serchawe

هیچ زانست و مەعریفەیەک بە شێوەیەکی ورد پێشبینی بکرێن، ئەوەی کە کەی ڕوو دەدەن و چ شتێک دەبێتە پریشکی گەشانەوەی خۆڵەمێشی بن ئاگر. چونکە کێشە و گرفت و قەیرانە لەسەریەک کەڵەکەبووەکان وەک خۆڵەمێشی بن ئاگرن، کە شتێک دەبێتە پریشک و دەیانگەشێنێتەوە و دەیانتەقێنێتەوە.

لە بنەڕەتدا ڕووداو و ڕووداوەکان ناوی خۆیان بە خۆیانەوەیە؛ ڕوو دەدەن و ئەوەی کە چۆن و لە چ کاتێکدا، پێشبینی نەکراون. ڕووداوەکان ئەگەر لە پێشدا مرۆڤ بیتوانیبایە پێشبینییان بکات، ڕووداو نەدەبوون و ناو و نێوەڕۆکێکی تریان دەبوو. لە بنەڕەتدا زانستە مرۆییەکان و فەلسەفەی هاوچەرخیش، ڕێک لەسەر ئەمە تەرکیز دەکەن و داهاتووی مرۆڤ و مرۆڤایەتی وەک شتێکی تا ڕادەیەک نادیار وێنا دەکەن. هایدیگەر، فیلسووفی ئاڵمانی، ژیانی مرۆڤ لەو کاتەوە کە هەڵدەدرێتە سەر ئەم دنیایە، بە ڕێکردن لەنێو دارستان دەشوبهێنێت؛ کە مرۆڤ لە ڕەوتی بەرێوەچوونیدا بەردەوام لەگەڵ شتی تازە بەرەوڕوو دەبێت و ئەزموونیان دەکات. هەر ئەمەشە کە لە فەلسەفەدا پێی دەگوترێت: دیاردەناسی؛ مرۆڤەکان شتی تازە ئەزموون دەکەن و ئەزموونەکانیشیان لە یەکتر جیاوازە.

دەمەوێ بڵێم شەپۆلی نوێی خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانە، لە لایەکەوە پێشبینیکراو بوون و زۆرێک لە پسپۆڕان و کارناسانی بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستە مرۆییەکان، پێشبینی ئەوەیان کردبوو کە ئەگەری زۆرە لە داهاتووی ئێراندا نارەزایەتی و قەیرانە لەسەریەک کەڵەکەبووەکان، کە سەرچاوەی ئەم نارەزایەتییانەن، بتەقنەوە و سەرهەڵبدەن و بێنە ئاراوە. بەڵام ئەوەی کە کەی و لە چ ڕێکەوتێکدا، ئەمە لە توانایان بەدەر بوو. ئەمەش شتێکی سروشتییە، چونکە مرۆڤ هەرچەند بە ئامرازی مەعریفە و زانست و پێوان و پێشبینی تەیار بێت، دیسان ئەوپەڕەکەی دەتوانێت تەنیا ڕەوتی ڕووداوەکان و ئاراستەی گشتیی ڕووداوەکان پێشبینی بکات. ئەمەش هەروەک گوتمان دەگەڕێتەوە بۆ چییەتیی کاروبار و پرسە مرۆییەکان.

ئێران دەمێک ساڵ بوو، لەمێژ بوو کە دۆخێکی کوڵیوی هەبوو، دۆخێک کە زۆر کەس ئەوەی لێ دەخوێندەوە کە سەقامگیر نییە و ئاوسە بە ڕووداو و گۆڕانکاری. هەموو ئەم نارەحەتی و نەهامەتییانەی بەسەر خەڵکی ئێراندا هاتبوون، وەک ژانی لەدایکبوونی ڕووداوێک ڕۆڵیان دەگێڕا. دەمانزانی کە ئەم ژانانە ڕووداویان لێ دەکەوێتەوە. ئەم بەستێن و هۆکار و فاکتەرانە، ڕووداو دەخوڵقێنن و دەئافرێنن. بەستێنەکان لەبار بوون، هەلومەرجەکە پێگەیشتبوو و ئیتر ڕووداو یان بگۆڕێکی دەویست کە ببێتە دواحەڵقەی گووڕانی ئەم هەلومەرجە و خۆڵەمێشەکە ببووژێنێتەوە و بیتەقێنێتەوە و بیهێنێتە سەرێ. بۆیە لەمەدا و لەم دەلاقەیەوە سەرهەڵدانی شەپۆلی ئەمجارەی خۆپێشاندانەکان، شۆکی نەکردین؛ پێمان سەیر نەبوو و نەحەبەساین.

ئەوەی کە ئەم خۆپێشاندانانە چەندە فراوان دەبن، بۆ چ ماوەیەک بەردەوام دەبن و ئایا ڕێژیم دەتوانێت سەرکوتی بکات یان نا، ئەمە لە پێشدا ڕوون و دیاریکراو نەبوو و پێ‌بەپێی ڕەوتەکە بەرچاوڕوونیمان لا دروست دەبوو و پازڵی ڕووداوەکەمان لەلا تەواو دەبوو.

لەنێو هەناوی ڕووداوەکەدا یەکدوو شت زۆر سەرنجڕاکێش و لە هەمان کاتدا سەرسوڕهێنەر بوو؛ ئەوەی کە لە ماوەیەکی کەمدا خۆپێشاندانەکان زۆر بەربڵاو بوون و زۆرێک لە شار و ناوچەکانی ئێرانی گرتەوە؛ بە وتەی بەرپرسانی ڕێژیم زیاتر لە ٤٠٠ شار و شارۆچکەی گرتەوە و تەنیا لە تاران، ڕوو دەیدا کە لە زیاتر لە سەد شوێندا گردبوونەوە و ڕێپێوان هەبێت. دیارە خۆپێشاندانەکانی ئەمجارە جیاوازیی گەورەیان لەگەڵ خۆپێشاندانەکانی پێشوو هەبوو، کە یەکێک لەم جیاوازییانە پێگەی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی ئەم خۆپێشاندانانە بوو. چین و توێژی جۆراوجۆر لەم خۆپێشاندانانە بەشدار بوون و ئەمە و، قووڵایی ناڕەزایەتیی خەڵک و لاوازیی هێژمۆنیی ڕێژیم لە نێوخۆدا، وایان کرد کە بەخێرایی پەرە بستێنن و گەورە ببنەوە.

بەربڵاوی و گەورەیی ئەم خۆپێشاندانانە دەیانتوانی لەم قۆناغەشدا کۆتایی بە دەسەڵاتی زاڵ بهێنن و بیڕووخێنن. ئەمە جیاوازییەکی بەرچاو و شایانی تێڕامانە، کە بنەمای کۆمەڵایەتیی ئەم شەپۆلە زۆر فراوانتر بوو، ئەمەش لە لایەک گەورەبوونەوەی بەرەی دژی ڕێژیم دەگەیەنێت و لە لایەکی تر توانەوە و هەڵوەرینی بەرەی ڕێژیم. ئەمە ترسێکی زۆری لە ڕێژیمدا دروست کرد. سەرنجدان بە گوتار و ئاخاوتنیان، سەرنجدان بە چۆنیەتیی وەسفی ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارە و پاساوهێنانەوە بۆ سەرکوت، ڕادە و توندیی ئەم ترسەی ڕێژیممان لا ڕوون دەکاتەوە. ئەوەی کە ڕێژیم ناوی نا "شەڕی تیرۆریستی"، "درێژەی شەڕی دوازدە ڕۆژە"، "هەوڵدان بۆ شەڕی نێوخۆیی" و "چواندنی بە دەیەی شەست"، قووڵایی و بەرفراوانیی ئەم ڕاپەڕینە و مەترسیداربوونی بۆ ڕێژیم بەتەواوی دەردەخات. ڕێژیم زانی کە ئەمجارە جیاوازە و مەترسیی بوونی خستووەتە سەر ڕێژیم.

ڕێژیم کەوتە قۆناغی هەوڵدان بۆ مانەوە. هەڕەشەی جیدی لەسەر مان و بوونی دروست بوو، کە خۆشیان بە ئاشکرا و لە توێی قسە و لێدوان و گوتاریاندا، ئاماژەی پێ دەکەن و دەیڵێن. گەورەیی و بەرفراوانیی ئەم شەپۆلە، کە لەم ڤیدیۆیانەی بەرەبەرە بڵاو دەبنەوە بۆمان دەردەکەوێت و بەڕاستی تۆفان و لافاوی خەڵکە کە لە شەقامەکاندا ناڕەزایەتی دەکات، چالاکی دەکات، بەربەرەکانی دەکات. کە سەیری دیمەنەکان دەکەی، سێڵاو و لافاوی خەڵکی تووڕە و وەزاڵەهاتوو دەبینی، کە دۆستان خۆشحاڵ و هیوادار دەکات و ڕێژیم ڕووبەڕووی مەترسیی جیدیی لەنێوچوون دەکاتەوە. هەر ئەمەش وای کرد کە مامەڵەی ڕێژیم ئەمجارە جیاواز بێت و ئەو سنوورانەی کە پێشتریش بۆ خۆی دانابوون، بیانبەزێنێت و زۆر بێڕەحمانە

سەرکوتی بکات. ئەوەی کە خامنەیی فەرمان دەکات بە هەر شێوەیەک و بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئامرازەکان، بەرەوڕووی ببنەوە و سەرکوتی بکەن، نیشاندەری گەورەیی و مەترسیداربوونی ئەم شەپۆلە بەهێزەیە بۆ ڕێژیم. ڕێژیم بۆ یەکەم جار ترسی لەنێوچوونی لێ نیشت، کەوتە تەقەلا بۆ پاراستن و مانەوەی خۆی. شەڕی مان و نەمانی کرد. دەیزانی کە بچووکترین دوودڵی لە سەرکوت، کۆتاییان پێ دەهێنێت.

کە سەیری ڤیدیۆکان دەکەی، سەرت سووڕ دەمێنێت کە چۆن ڕێژیم ئەم خۆپێشاندانانەی بەو بەرفراوانییە، بۆ کورتماوە سەرکوت کرد. سەرت سووڕ دەمێنێ کە لە ماوەی دوو سێ ڕۆژدا بە هەزاران و دەیان هەزار کەسی کوشت، کۆمەڵکوژی کرد. ئەم ڕادەیە لە ئیرادەی سەرکوت و بە دەربڕینێکی تر ئەم ڕادەیە لە دڕندەیی، مرۆڤ شۆک دەکات، دەیحەبەسێنێت، دەیهەژێنێت، پرسیاری وجودی بۆ دروست دەکات، لە ڕووی دەروونییەوە داتدەخورپێنێت.

ئەم ڕستانەی سەرەوە تەنیا کاتێک لێیان تێدەگەین کە ژمارەی قوربانی و کوژراوان لەبەرچاو بگرین و بەراوردی بکەین لەگەڵ قوربانی و کوژراوانی خۆپێشاندانەکانی پێشوو، بەراوردی بکەین لەگەڵ کوشتارەکانی پێشووی ڕێژیم لە هەموو تەمەنیدا، لەگەڵ کوشتنی خەڵک لە خۆپێشاندانەکانی وڵاتانی دیکەی دیکتاتۆری. لێرەدایە کە شۆک دەبیت، ڕێژیم پێشتریش خەڵکی کوشتووە لە دەیەی شەست، لە دەیەی حەفتا، لە پووشپەڕی ٧٨، لە بزووتنەوەی سەوز، لە بەفرانباری ٩٦، لە خەزەڵوەری ٩٨، لە بزووتنەوەی ژینا، لە کوشتاری زیندانیانی سیاسیی ٦٧ کە ژمارەیان هەزاران کەس بوو؛ بەڵام ئەمجارە ریکۆردەکانی پێشووی بەجێهێشت، ڕێکۆردی شکاند. سەرکوتی ئەمجارە توندترین سەرکوت و خوێناویترین بوو. ئاستێکی پێوانەیی لە کوشتار لە مێژووی خۆیدا تۆمار کرد. هەزارانی تێپەڕاند، گەیشتە دەیان هەزار. ئەمانە ڕەقەم نین، گیانی مرۆڤەکانن کە سەندراون. کۆمەڵگەی ئێران لە دۆخێکی مات و مەبهووتدایە، شۆک بوون لەوەی چۆن حکوومەتێک دەتوانێت تا ئەم ڕادەیە توندوتیژ بێت، دڕندە بێت، ویژدانی کۆمەڵگە هەژاوە، هێشتا باوەڕ ناکات کە ئەم ژمارەیە کوژرابن؛ تەم دایگرتووە.

کارەساتەکە کاتێک ڕوونتر دەبێتەوە کە بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو کوشتارەی ئیسرائیل لە فەلەستینییەکانی کرد. ئیسرائیل بەو هەموو توندوتیژییەی خۆیەوە لە ماوەی زیاتر لە ٥ مانگدا ٣٠ هەزاری لێ کوشتن. کەچی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دوو سێ ڕۆژدا بەپێی هەندێک سەرچاوە، ئەم ژمارەیەی تێپەڕاندووە. بەم جیاوازییەشەوە کە ئیسرائیل لە فەلەستینییەکانی کوشتووە کە لە خۆیانی نازانن و هاووڵاتیی ئەوان نین، بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە کە ڕێژیم خەڵکی وڵاتەکەی خۆی کوشتووە و کۆمەڵکوژی کردوون.



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

بۆ ئەوەی قووڵایی کارەساتەکە زیاتر دەرکەوێت، دەبێ لەگەڵ سەرکوت و کوشتنی خەڵک لە وڵاتانی دیکە کە لەژێر سێبەری دیکتاتۆرەکاندا دەژین، بەراورد بکەین؛ لەگەڵ کوشتاری خەڵک لە گۆڕەپانی تیانئانمێنی چین (بە خەمڵاندن لەنێوان چەند سەد تا چەند هەزار کەس)، لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی ٢٠١٩ی عێراق (لانیکەم ٤٨٧ کەس)، لەگەڵ کوشتاری ڕەباعەی میسر لە ٢٠١٣دا (لانیکەم ٨١٧ کەس)، لەگەڵ کوشتنی خەڵک لە میانمار لە دوای کودتای ٢٠٢١ (هەزاران کەس) و لەگەڵ خۆپێشاندانەکانی وڵاتانی تر. لێرەدایە، ڕێک لێرەدایە کە بۆمان دەردەکەوێت چ هەژمارێکی زۆری خەڵکی کوشتووە. هەموویانی جێهێشتووە؛ نەک تەنیا ریکۆردی لە تەمەنی خۆیدا شکاندووە، بەڵکوو بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تریش ریکۆردی شکاندووە. بووەتە یەکەمی بێڕکابەر. ئەگەر لە شتە باشەکاندا نەیتوانیبێت ببێتە یەکەم، ئەوە لە کوشتنی خەڵکی خۆیدا بووەتە یەکەمی بێڕکابەر!

ڕاستە لە شەڕی نێوخۆیی سووریەدا سەدان هەزار کەس بوونە قوربانی، بەڵام ئەوەی کۆماری ئیسلامی جیا دەکاتەوە، ڕێکۆردی کوشتارە لە کورتترین ماوەی خۆپێشاندانێکی مەدەنییدا. ئەگەر لەگەڵ سەرکوتی گۆڕەپانی تیانئانمێن، عێراقی ٢٠١٩، ڕەباعەی میسر و کوشتنی خەڵکی میانمار لە دوای کودتای ٢٠٢١ بەراوردی بکەین، دەبینین ڕێژیم هەموویانی تێپەڕاندووە و لە کوشتنی خەڵکی بێوەی و دەستبەتاڵدا، بووەتە یەکەمی بێڕکابەر.

ئێمە خۆپێشاندانەکانی ئەمجارەشمان بە شەپۆل شوبهاند، لە خوازەی شەپۆل کەلکمان وەرگرت، کەلکوەرگرتنەکەمان لە جێی خۆیدا بوو، ئەمە سروشتی شەپۆلە کە دەکشێتەوە بەڵام بەهێزتر جارێکی تر دێتەوە، و ئەوەی لە بەردەمیدا بێت ڕایدەماڵێ. ڕاستە خەڵکی ئێران ئێستا لە دۆخێکی ماتەمبار و تەمداگرتوو و شۆکهێنەردان، بەڵام هەموو ئەم هەژان و شۆک و ماتەمانە، دەبنە وزە، دەبنە ڕق، دەبنە ڕقی تۆڵە و پۆڵاییندتر لەمجارە ڕووبەڕووی ڕێژیمی دژەگەل دەبنەوە. ئەو خوێنانەی ڕژاون کەلێنی نێوان خەڵک و ڕێژیمی ئەوەندە فراوان کردووە کە بە هیچ شتێک پڕ نابێتەوە و سارێژ نابێتەوە مەگەر بە لەنێوچوونی ڕێژیم.

١٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# له ستەمکاریی ئایینییەوە بۆ دەسەڵاتخوازیی تێکنۆکراتیک (ڕەخنەیەکی پێکهاتەیی له پرۆژەی گەشەکردنی ئێران/دەفتەرچەی باری نائاسایی)






**د. مەنسوور سوهرابی**

دەفتەرچەی قۆناغی باری نائاسایی - پرۆژەی گەشەکردنی ئێران کە تیشک دەخاتە سەر ١٠٠ تا ١٨٠ ڕۆژی یەکەمی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و خولی تێپەڕین، خۆی وەک بەرنامەیەکی کارناسانە و مۆدێرن بۆ جێگیرکردن و بنیاتنانەوەی

وڵات دەناسێنێت. بەڵام لە ڕوانگەی سیاسییەوە، بەتایبەت بە وردبوونەوە لە لاپەڕەکانی ٧ تا ١٣ و بەشە ئەمنییەکان، ئەم پڕۆژەیە پێش ئەوەی لە خزمەت تێپەڕین بەرەو فرەخوازیی دێموکراتیک بێت، بەرەو چەسپاندنی نەزمێکی ناوەندگەرای توند بە بەرگی تێکنۆکراتیکەوە هەنگاو دەنێت.

ئەندازیاریی سێقۆڵیی دامەزراوەی ڕاپەڕینی نیشتمانی، دەوڵەتی گواستنەوە و دیوانی گواستنەوە لەژێر ڕێبەرایەتیی تاکە کەسێکدا (ڕەزا پەهلەوی)، غایببوونی تەواوی سازوکارە نامەرکەزییەکان و بەردەوامیی لۆژیکی ئەمنیی ڕووبەڕووبوونەوەی جیابوونەوەخوازی لە ئاست داخوازیی نەتەوەکانی وەک کورد و بەلووچ، ئەم گەڵاڵەیە لە پڕۆژەیەکی تەبایی‌سازەوە دەگۆڕێت بۆ بەڵگەنامەیەکی دژەتەبایی.

## تێپەڕین یان بنیاتنانەوەی دەسەڵات؟

دوای چەندین دەیە لە داخرانی سیاسی و ستەمکاریی ئایینی لە ئێراندا، گەڵاڵەی جۆراوجۆر بۆ سەردەمی دوای کۆماری ئیسلامی خراونەتە ڕوو. یەکێک لە تێروتەسەلترینەکانی ئەم گەڵاڵانە، پڕۆژەی گەشەکردنی ئێران (IPP)ە کە لە چوارچێوە و شێوەی کۆمەڵە گەڵاڵە و بەتایبەت "دەفتەرچەی قۆناغی باری نائاسایی" لە لایەن تۆڕێک لە دامەزراوەکان، لەوانە NUFDI و گروپەکانی وەک DAFERS، داڕێژراوە و جەخت لەسەر بەڕێوەبردنی خولی نائاسایی و تێپەڕین دەکاتەوە.

ئەم بەڵگەنامەیە، لە ڕواڵەتدا، بە زمانی بەرنامەداڕشتن، بەڕێوەبردنی ریسککردن و ئاماژەدان بە ئەزموونە هاوشێوەکان (لەوانە بەرگزیت لە بریتانیا) خۆی وەک چارەسەرێکی تکنیکی بۆ گواستنەوە دەناسێنێت. کەچی کاتێک لە ڕوانگەی پێکهاتەی دەسەڵات، پرسی نەتەوەکان و پارادایمی ئەمنییەوە سەیری دەکەین، وێنەیەکی تر دەردەکەوێت: پڕۆژەیەک کە لە ستەمکاریی ئایینی دوور دەکەوێتەوە، بەڵام لە کردەوەدا، بەرەو دەسەڵاتخوازیی تێکنۆکراتیک و دووبارەبەرهەمهێنانەوەی ناوەندگەرایی هەنگاو دەنێت.

## ئەندازیاریی دەسەڵات لە لاپەڕەکانی ٧ تا ١٣: دووبارەبەرهەمهێنانەوەی تاکتەوەری

بەشی پرۆسە و پێکهاتەی سیاسیی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی (لاپەڕەکانی ٧ تا ١٣) دڵی سیاسیی پڕۆژەکەیە. لەم بەشەدا، مۆدێلی دەسەڵات لەسەر تەوەری ڕێبەری ڕاپەڕینی نیشتمانی بونیاد نراوە کە بە ڕاشکاوی ڕەزا پەهلەوی وەک ئەو

کەسە فەرز کراوە. ئەو پێکهاتەیەی لەم لاپەڕانەدا کێشراوە، بە ڕواڵەت سێ دەسەڵاتەکە لە یەکتر جیا دەکاتەوە، بەڵام لە کردەوەدا، هەموو شتێک لەژێر چەتری تاکە کەسێکدا کۆ دەکاتەوە.

## دامەزراوەی ڕاپەڕینی نیشتمانی و ڕێبەری دەستنیشانکراو

لە قۆناغی پێش ڕووخاندا، ڕێبەری ڕاپەڕینی نیشتمانی دوو دامەزراوە پێک دەهێنێت: دامەزراوەی ڕاپەڕینی نیشتمانی و دامەزراوەی جێبەجێکاری کاتی. دوای ڕووخان، سیستەمی گواستنەوە دەبێتە سێقۆڵی: دامەزراوەی ڕاپەڕینی نیشتمانی (بە ڕۆڵی یاسادانان لە سەردەمی تێپەڕیندا)، دەوڵەتی گواستنەوە (دەسەڵاتی جێبەجێکردن) و دیوانی گواستنەوە (دەسەڵاتی دادوەری).

بەپێی دەقەکە، دانان و لابردنی سەرۆکەکانی هەر سێ دامەزراوەکە، بە پێشنیاری دامەزراوەی ڕاپەڕینی نیشتمانی و پەسەندکردنی ڕێبەری ڕاپەڕینی نیشتمانی ئەنجام دەدرێت. ئەم ئاستە لە چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی یەک کەسدا، تەنانەت ئەگەر بە پاساوی سەردەمی تێپەڕینیش بێت، لە ڕوانگەی سیاسییەوە پێکهاتەکانی ویلایەتی ڕەها بیر دەخاتەوە؛ پێکهاتەیەک کە تێیدا دەسەڵاتەکان بە ڕواڵەت لێک جیان، بەڵام پەتە سەرەکییەکەی دەسەڵات لە دەستی یەک کەسدایە.
نوێنەرایەتیی ڕواڵەتی و پارلەمانی دەستنیشانکراو لە بەندی ١٦دا هاتووە کە ئەندامانی دامەزراوەی ڕاپەڕینی نیشتمانی بڕیارە نوێنەرایەتیی فرەڕەنگیی نەتەوەی یەکپارچەی ئێران بکەن، بەڵام دەستبەجێ ڕوون دەکرێتەوە کە ئەم ئەندامانە لەلایەن ڕێبەری ڕاپەڕینی نیشتمانییەوە دەستنیشان دەکرێن و لابردنیشیان بە دەنگی زۆرینەی دامەزراوەکە و پەسەندکردنی ڕێبەر دەبێت.

**بەم شێوەیە، نوێنەرایەتی دەبێتە کارێکی سەرەوە بۆ خوارەوە:**

- چ ڕێوشوێنێکی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی نەتەوە و ناوچەکان لە ئارادا نییە.
- حیزبەکان، بزووتنەوەکان و هێزە پەراوێزخراوەکان لە باشترین دۆخدا دەتوانن هیوادار بن چەند کەسایەتییەکی نزیک لەوان هەڵبژێردرێن، نەک ئەوەی خۆیان نوێنەر هەڵبژێرن.

ئەم دژایەتییە، پارلەمانی گواستنەوە هەر لە سەرەتاوە دەگۆڕێت بۆ دامەزراوەیەکی ڕواڵەتی کە ئەرکەکەی ڕەوایەت دانە بە بڕیارەکانی ڕێبەر و ناوکە سەرەکییەکەی دەسەڵات، نەک ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی فرەیی کۆمەڵگە.



سەرچاوە
Serchawe

### نەبوونی پێکهاتەیەکی تەواو نامەرکەزی

لە سەراپای گەڵاڵەی سیاسی و یاساییدا، هیچ ئاماژەیەک بە مافی دیاریکردنی چارەنووس، لامەرکەزییەتی قووڵ، یان تەنانەت مۆدێلێکی جیدیی لامەرکەزییەتی سیاسی نابینین. هەموو دامەزراوە سەرەکییەکان - دامەزراوەی ڕاپەڕینی نیشتمانی، دەوڵەتی گواستنەوە، دیوانی گواستنەوە، مەهستان - سەرتاسەری و ناوەندگەران. بۆ نەتەوەکانی وەک کورد کە چەندین دەیەیە دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان" و فیدراڵیزمیان بەرز کردووەتەوە، ئەم بەڵگەنامەیە لە کردەوەدا بنبەستێکی سیاسییە.

بەرنامەی کاری ئەنجومەنی دامەزرێنەرانیش بە جۆرێک پێناسە کراوە کە چوارچێوەکەی (ژمارەی کورسی، مەرجەکانی کاندیدبوون) لە ئاستێکی بەرزدا لە پێشترەوە دارێژراوە و لە دەقی دەفتەرچەکەدا هاتووە. لە چوارچێوەیەکی ئاوەهادا، ئەگەری خستنەڕووی جیدیی بەدیلە فرەنەتەوەییەکان - وەک فیدراڵیزمی نەتەوەیی - ناوچەیی - هەر لە سەرەتاوە سنووردار دەکرێت.

### دۆکترینی ئەمنییەتی و دووبارەبەرهەمهێنانەوەی ئەنگی جیاییخوازی

لە بەشە ئەمنییەتی و سەربازییەکاندا، پرۆژەکە جەخت لەسەر جێگیرکردنی کۆنترۆڵ و زنجیرەی فەرماندەیی، پاراستنی یەکپارچەیی وڵات و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە ئەمنییەکان دەکاتەوە. لە دەقە سەرەکییەکەدا لەژێر باسی هێزە سەربازییەکاندا، ڕووبەڕووبوونەوەی کردەوە جیاییخوازییەکان و هەڕەشەی تاقمەکان وەک یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەرتەش و دامەزراوە ئەمنییەکان ناو دەبرێت.

لە مێژووی سیاسیی هاوچەرخی ئێراندا، جیاییخوازی ناوی ڕەمزی سەرکوتی داخوازییە مەدەنی و سیاسییەکانی کوردستان، بەلووچستان و ناوچە غەیرەفارسەکانی تر بووە. دانانی داخوازییە نەتەوەییەکان لە تەنیشت هەڕەشەکانی وەک داعش و پاشماوەکانی سپا، بێ جیاکردنەوەیەکی ڕوون لە نێوان مافخوازیی دێموکراتیک و تێرۆریزم، بەردەوامیی هەمان نیگای ئەمنییەتی ڕەقە کە جیاوازییەک لە نێوان خەباتی چەکداریی بەرگریی حیزبە کوردییەکان و توندوتیژیی کوێرانەی گرووپە جیهادییەکاندا دانانێت.

ئەنجامی ئەم ڕوانگەیە ئەوەیە کە هەر داخوازییەک بۆ خۆبەڕێوەبەری، فیدراڵیزم یان تەنانەت خوێندن بە زمانی دایک،



سەرچاوە
Serchawe

دەکرێت بە ئاسانی بخرێتە ژێر ناونیشانی هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی خاک و ببێتە پاساوی سەرکوتکردن.

### ناکارامەیی پێکهاتەیی لە دروستکردنی تەبایی نیشتمانی

بەڵگەنامەی قۆناغی نائاسایی لە ڕواڵەتدا دەیەوێت بەستێنێک بۆ تەبایی نیشتمانی دوای ڕووخانی ڕێژێم دروست بکات، بەڵام شێوازی داڕشتن و ناوەڕۆکەکەی، لە کردەوەدا دەبێتە هۆی پێچەوانەی ئەم ئامانجە.

### پرۆسەی سڕینەوە و نوسخەی لەپێشدا ئامادەکراو

ئەم دەفتەرچەیە لە ژوورە هزرییە ناوەندگەرەکان و نزیک لە ڕەوتە دیاریکراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن (وەک NUFDI) ئامادە کراوە و لە دەقەکەدا، نیشانەیەک لە بەشداریی حیزبە سەرەکییەکانی نەتەوەکان - لەوانە حیزبەکانی کورد، عەرەب، بەلووچ و تورکی ئازەری - نابینرێت. ئەوەی پێشکەش کراوە، نوسخەیەکی لەپێشەوە پێچراوەیە کە بڕیارە دوای ڕووخان، وەک گەڵاڵەیەکی ئامادە بخرێتە سەر مێز.

بۆ نەتەوە و ناوچە پەراوێزخراوەکان کە لە درێژەی چەندین دەیەدا تێچوویەکی زۆریان بۆ خەبات دژی ستەمکاری داوە، ئەم شێوازە واتایەکی تری نییە جگە لەوەی ناوەند، جارێکی تر، بێ ڕاوێژ لەگەڵ ئەوان، مۆدێلی داهاتووی دیاری کردووە. ئەمەش لە جیاتی تەبایی، کەلێنی ناوەند - پەراوێز قووڵتر دەکاتەوە.

### دادپەروەریی تێپەڕینی نادادپەروەرانە

لە بەشی دیوانی گواستنەوەدا، سەرنجی سەرەکی لەسەر دادگاییکردنی سەرانی ڕێژێمی کۆماری ئیسلامی و پێکهێنانی دامەزراوەی دۆزینەوە ڕاستییەکان بۆ بەڵگەنامەکردنی تاوان و گەندەڵی. بەڵام هیچ ئاماژەیەک بەوە ناکرێت کە تاوانە سیستماتیکەکان لە ناوچە پەراوێزەکاندا – وەک کۆمەڵکوژییەکانی دەیەی ٦٠ و ئۆپەراسیۆنە سەربازییە فراوانەکان لە کوردستان، یان هەینیی خوێناویی زاهیدان - وەک تاوان دژی نەتەوەیەکی دیاریکراو یان بەشێک لە سیاسەتی سەرکوتی نەتەوەکان لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت و ناو بنرێت.

بەم شێوەیە، دادپەروەریی تێپەڕین لەم گەڵاڵەیەدا، زیاتر لە ئاستی نیشتمانی - نێوخۆیی و بەرانبەر بە سەری هەرەمی دەسەڵات لە تاران پێناسە دەکرێت، نەک لە ئاستی ئەزموونە تایبەتەکانی نەتەوە پەراوێزخراوەکان.



سەرچاوە
Serchawe

### ئەمنییەتی نیشتمانی یان ئەمنییەتی ناوەند؟

لە بەشەکانی پەیوەندیدار بە چاکسازیی سەربازی و ئەمنیدا، بەڵگەنامەکە جەخت لەسەر پاراستنی قەوارەی هێزە چەکدارەکان و پۆلیس - بە هەموارکردن و پاڵاوتن - و ڕێگری لە دەرکەوتنی "گرووپە چەکدارە هاوتەریبەکان" دەکاتەوە.

### دووبارەبەرهەمهێنانەوەی دەزگای سەرکوت

پێشنیاری بەڵگەنامەکە ئەوەیە کە لە جیاتی هەڵوەشاندنەوەی گشتیی دەزگا ئەمنی و پۆلیسییەکان، پێکهاتەی گشتییان بپارێزرێت و تەنیا بەشێک لە فەرماندەیی و ئەنجامدەرانی سەرەکیی تاوانەکان لاببرێن. ئەم نیگایە مەترسییەکی جیدییە بۆ سەر نەتەوە پەراوێزخراوەکان: هەمان ئەو دەزگایانەی کە چەندین دەیە ئامرازی سەرکوت لە کوردستان و بەلووچستان بوون، ئێستا بە ناوێکی نوێ و لەژێر ڕێبەرایەتییەکی تازەدا، دووبارە بەرهەم دەهێنرێنەوە.

### هەژموونی سەربازی و مەترسیی پێکدادانی چەکداری

بەڵگەنامەکە باس لە جێگیرکردنی خێرای هێزەکان بۆ ڕێگری لە دەرکەوتنی گرووپە چەکدارە هاوتەریبەکان دەکات. لە کرداردا، ئەم دەربڕینە دەکرێت هێزەکانی بەرگریی حیزبە کوردییەکان و هێزە ڕێکخراوەکانی تریش بگرێتەوە کە ساڵانێکی زۆر لە بەرانبەر ڕێژێمی پێشوو بەرگرییان کردووە.

ئەگەر لە سەردەمی تێپەڕیندا، دەوڵەتی ناوەندیی نوێ بیەوێت بە پشتبەستن بە ئەرتەش و هێزە ئەمنییەکان، ئەم هێزانە چەک بکات و لایان ببات، ئەگەری گۆڕینی خولی تێپەڕین بۆ گۆڕەپانی پێکدادانی چەکداری زۆر بەرز دەبێتەوە. لە جیاتی ئەوەی تێپەڕین دەرفەتێک بێت بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان ناوەند-پەراوێز، دەبێتە مەیدانی شەڕێکی نوێ. ئەنجامگیری بەڵگەنامەی پرۆژەی گەشەکردنی ئێران لە بوارەکانی ئابووری، ژێرخان و بەڕێوەبردنی قەیراندا، خاڵی تکنیکیی سوودبەخشی تێدایە، بەڵام لە بواری سیاسی و ئەمنیدا، بەڵگەنامەیەکی دژەتەباییە. ئەم دەفتەرچەیە، بە پشتگوێخستنی فرەیی نەتەوەیی ئێران و پشتبەستن بە مۆدێلی دەسەڵاتخوازی ناوەندگەر، نەک هەر ناتوانێت متمانەی نەتەوە ئێرانییەکان - بەتایبەت کورد، بەلووچ و عەرەبەکان - بەدەست بهێنێت، بەڵکوو بە دووبارەکردنەوەی ناونیشانی ئەمنیی وەک جیاییخوازی، پێشینەی سەرکوتەکانی داهاتوو فەراهەم دەکات.

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

گواستنەوە لە ستەمکاریی ئایینییەوە بۆ دەسەڵاتخوازیی تێکنۆکراتیک، ئەگەرچی بە وشەی مۆدێرن و پاکێجی کارناسیش بێت، چارەسەری قەیرانی مێژوویی ئێران نییە. بۆ گەیشتن بە ئێرانێکی بەڕاستی گەشەکردوو، دەبێت لە مۆدێلی فەرماندەیی لە ناوەندەوە تێپەڕین و بەرەو نەزمێک بڕۆین کە تێیدا ناسینی مافی یەکسان بۆ هەموو نەتەوە و ئایینەکانی ئەم جوغرافیایە بنەما بێت. بەبێ بە فەرمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس، زامنکردنی مافی زمانی و کولتووری، و داڕشتنی پێکهاتەیەکی فیدراڵ یان لانیکەم بەقووڵی نامەرکەزی، هەر گەڵاڵەیەک بۆ تێپەڕین، شتێک زیاتر لە گۆڕینی مۆرەکان لە سەرووی هەرەمی ستەمکاری نابێت.

١٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# شازادەی جیهانی ڕۆبۆتەکان (ڕێبەری فەیک، دیجیتاڵی و ڕاستیی سەر شەقام لە ڕەوتی پەهلەویدا)






**دڵشاد هەورامی**

لە گەرمەی خۆپێشاندانەکانی خەڵک لە بەفرانباری ١٤٠٤دا، جارێکی تر دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پرۆژەیەک دەبینین کە زیاتر لەوەی ڕەگی لە داواکارییەکانی شەقامدا بێت، لە ژوورە فکری و عەمەلیاتییەکانی میدیا و کێڵگەی بەرهەمهێنانی

لایک و ڕۆبۆتدا ڕەگی داکوتاوە. ڕەزا پەهلەوی کە بە پشتبەستن بە بودجە گوماناوییەکان و پاڵپشتییە ئاشکرا و نهێنییەکان، هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی نارەزایەتییەکانی خەڵک دەدات، ئێستا لەگەڵ ڕاستییەکی تاڵ ڕووبەڕوو بووەتەوە؛ ڕاستییەک کە بە داتا و بەڵگە دەسەلمێنێت مەودایەکی زۆر لە نێوان لایکە ملیۆنییەکان و بەیعەتە دیجیتاڵییەکان و ڕاستیی سەر زەویدا هەیە.

## ڕاپۆرتی گۆڤاری فیگارۆ"Le Figaro"

ڕاپۆرتی گۆڤاری فیگارۆ "Le Figaro" پەردە لەسەر کارەساتێک لادەبات کە دەکرێت بە گەورەترین فێڵبازیی سیاسیی دیجیتاڵیی مێژووی هاوچەرخی ئێران ناوی بهێنین. فیگارۆ بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەی داتایی و شیکردنەوەی ڕەفتاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئاشکرای دەکات کە بەشێکی بەرچاو لە پشتیوانیی ئۆنلاین بۆ سیستمی پاشایەتی و ڕەزا پەهلەوی، ماهییەتێکی نائۆرگانیکی هەیە و لەلایەن تۆڕێک لە ئەکاونتە هاوکات و نادروستەکانەوە بەهێز کراوە.

هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا تیشک دەخرێتە سەر ئەوەی کە زۆربەی ئەم ئەکاونتانە، نیشانە و ڕەمزەکانی پەیوەندیدار بە پاشایەتی بەکار دەهێنن و شێوازی کارکردنیان، زیاتر لە پشتیوانیی سروشتیی بەکارهێنەران، لە شێوەی ئۆتۆماتیکی و ڕێکخراودا دەردەکەوێت. ئەمە نیشان دەدات کە دەسەڵات و پێگەی بانگەشەکراوی ئەم ڕەوتە، زیاتر لەشکرێکە لە ڕۆبۆتی فۆرمیشکراو بۆ لایککردنی خەونی شازادە.

## لێکۆڵینەوەی «مەزدەک ئەزەر» و هاوکارانی لە سوێد

لێکۆڵینەوەی تیمێک لە شارەزایانی بواری میدیا لە وڵاتی سوێد، ئاوڕی لە شێوەی کاری تەلەڤزیۆنی «ئێران ئینتەرناشناڵ» داوەتەوە. «مەزدەک ئەزەر»، سەرۆکی تیمەکە، لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووس «مەهدی فەلاحەتی»، پەردە لەسەر دیوێکی دیکەی چەواشەکردنی ڕاستی و پاوانکردنی نارەزایەتی و خرۆشانی خەڵک لە لایەن تاقمی ڕەزا پەهلەوییەوە لادەبات.

تیمەکەی سوێد دوای بینین و شیکاریکردنی ٤٥٠٠ ڤیدیۆی خۆپێشاندانەکانی بەفرانباری ١٤٠٤ی تاران و شارەکانی دیکەی ئێران، کۆی ئەو دروشمانەیان کە بە جۆرێک پشتیوانی لە گەڕانەوەی سیستمی پاشایەتی بوون جیا کردووەتەوە و گەیشتوونەتە ڕێژەی تەنیا ١٧٪ی کۆی دروشم و داواکارییەکان.

لە بەشێکی دیکەی لێکۆڵینەوەکەدا، ئاماری کۆی ئەو خۆپیشاندان و ڤیدیۆیانە گیراوە کە تەلەڤزیۆنی «ئێران ئینتەرناشناڵ» بڵاوی کردوونەتەوە و ڕێژەی ٨١٪یان بۆ ئەو دروشمانە تەرخان کردووە. مەزدەک ئەزەر دەڵێت: تەلەڤزیۆنی «ئێران ئینتەرناشناڵ» ڕێژەی ئەو دروشمانەی لە پشتیوانیی کوڕی شادا وتراونەتەوە، نزیکەی ٤٠٠٪ گەورەتر لە قەبارە و قورسایی ڕاستەقینەی خۆی دەرخواردی ڕای گشتی و بینەرانی داوە.

ئەگەرچی لایەنگرانی ڕەوتی ڕەزا پەهلەوی وەک هەموو ڕەوتێکی پاوانخواز، حاشاکردن لە ڕاستی و ئینکاریی بەڵگە و فاکتیان بۆ بە میرات ماوەتەوە، بەڵام بە خۆشییەوە پێوەر لای خەڵک چیتر ژمارەی لایک و فێڵی دیجیتاڵی نییە. پەهلەوی وەک ڕەوتێک کە خۆی بە جێگرەوەی دەسەڵاتی ئاخوندی دەزانێت، لە ماوەیەکی کورتدا تەنیا لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە تایبەتمەندی و جۆری هەڵسوکەوتی ڕەوتێکی نابەرپرس، پاوانخواز و فاشیست بە خەڵک نیشان بدات.

## لە بەڵێنە پووچەکانەوە تا قوربانیکردنی خەڵک

ستراتیژیی ڕەوتی پەهلەوی لەسەر بنەمای درۆ داڕێژراوە. بانگەشەی وەک بەیعەتکردنی (سوێندی دڵسۆزی خواردنی) ٥٠ هەزار کەس لە کادری سوپای پاسداران و بەڵێنی درۆی "یارمەتی لە ڕێگایە" (کمک در راه است)، دەرکەوت تەنیا ئامرازێک بوون بۆ ڕەوانەکردنی گەنجان بۆ شەقامێک کە ڕێژیمی تاوانباری تاران تەداروکی کوشتار و تاوانی تێدا بینیبوو. بەداخەوە تێچووی گیانیی ئەم «هاندانە بێ گەرەنتییە» خەڵکێک دایان کە لەژێر چەکمەی دیکتاتۆریی تاراندا بە تەنیا مانەوە.
ئەم ڕەوتە فەیک و بە پارە قەڵەوکراوە، دەنگ و دروشمی دڵخوازی خۆیان دەخستە سەر ڤیدیۆی خۆپیشاندانەکان. ڕەوتێک کە بۆ گەڕاندنەوەی کوڕی دیکتاتۆری پێشوو ئامادەیە هەموو بەها مرۆییەکان بکاتە قوربانی؛ فاشیزمێک کە دەیەوێت بەسەر دەریایەک خوێندا و لە وێرانەیەکدا، کۆشکێک بۆ دیکتاتۆرێکی دیکە بە خشتی درۆ و هێزی ڕۆبۆت و لایک دروست بکات.

## سەرهەڵدانی لۆمپەنیزم و فاشیزم لە سێبەری پاشایەتیدا

مەترسیدارتر لە ڕۆبۆتە مەجازییەکان، سەرهەڵدانی ڕەوتێکی نیمچە فاشیست و لۆمپەنە لە نێو لایەنگرانی پەهلەویدا. ئەم گرووپە بە دروشمی سڕینەوەی وەک «مەرگ بۆ هەمووان، جاوید پەهلەوی»، بە کردەوە هەموو جۆرە پلۆرالیزمێکی سیاسی و کولتوورییان ڕەت کردووەتەوە. خۆپیشاندانەکانی ئەم ڕەوتە بوونەتە گۆڕەپانی جنێوی بازاڕی، سێکسیستی و ڕەگەزپەرستانە. سووکایەتیکردن بە کەرامەتی مرۆیی نەیارەکان و تێکدانی بزووتنەوە مەدەنییەکان، ڕۆژانە لە خۆپیشاندان و تەنانەت وتووێژە میدیاییەکانیاندا وەک ئەرکێکی دیاریکراو دەردەکەوێت. هەڵسوکەوتی توندوتیژانە لەگەڵ هەڵگرانی

رێبەندانی ٢٧٢٥

دروشمی پێشڕەو و جیهانیی «ژن، ژیان، ئازادی» نیشانی دا کە ئەم ڕەوتە نەک هەر جیاوازیی لەگەڵ ستەمکاریی ئێستا نییە، بەڵکوو بەدوای زیندووکردنەوەی جۆرێکی تری قۆرخکارییە کە تێیدا نەیار هیچ مافێکی نییە.

## کۆتا کەلام

پرۆژەی «وەکالەت»، لایکە ساختەکان، چاو سوورکردنەوەی سەر شەقام و میدیای بەکرێگیراو، هەموویان پارچەکانی یەک پازڵن کە ئامانجیان سەپاندن و دیکتاتۆرییە نەک هەڵبژاردن و دێموکراسی. ڕەوتێک کە پێش گەیشتن بە دەسەڵات، ڕەخنەگرانی بە ئەدەبیاتی ناشیرین و هەڕەشەی جەستەیی بێدەنگ دەکات و ئیعتیباری خۆی لە کێڵگە ڕۆبۆتییەکان وەردەگرێت، ناتوانێت هەڵگری پەیامی ئازادی بێت. بە دڵنیاییەوە خەون و ئارەزوویەک کە لەسەر لایکی فەیک و میدیای بەکرێگیراو بونیاد نرابێت، لە بەرامبەر هۆشیاریی ڕاستەقینەی خەڵکدا خۆی ڕاناگرێت.

١٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# کۆماری ئیسلامی و ئایدۆلۆژیای تیرۆر (دەسکەوت و تێچووەکانی شەڕی ٤٧ ساڵەی حیزبی دێموکرات دژی تێرۆریزمی سپای پاسداران)






عەلی بداغی

**کرۆکیی باسی:**

یەکیەتیی ئورووپا ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی ڕێبەندان سپای پاسدارانی خستە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستیەکانەوە. زۆر پێشتر

لەو ٢٧ وڵاتە ئورووپاییە کە سپای پاسداران دەیان تێرۆری دژبەرانی سیاسیی خۆی لە پێتەختەکان و چوارقوژبنی ئەو وڵاتانەدا کردبوو، وڵاتانی ئەمریکا، کانادا، ئۆسترالیا، لیتوانی، ئێکوادۆڕ، پاراگوئە سپای پاسدارانیان لە تەواوەتیی خۆیدا و؛ ئیسرائیل، عەرەبستان، بەحرەین و ئارژانتینیش سپاە قودس، باڵی سەربازیی دەرەوەی وڵاتی سپای پاسدارانیان خستبووە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانەوە. بە دوای یەکیەتیی ئورووپا وڵاتی ئۆکراینیش سپای پاسدارانی بە تێرۆریست ناسی.

تێرۆر و تێرۆریزمی دەوڵەتی بەشێکی جیانەکراوە لە شوناسی کۆماری ئیسلامی بووە. تێرۆر لە پێناو بەهێزکردن و مانەوە لە دەسەڵاتدا بۆ ڕێبەرانی ڕێژیم هەم لایەنی ئایدۆلۆژیی هەبووە و هەم وەک ئامرازی سەرکوت بە بەردەوامی کەلکی لێ وەرگیراوە. بۆیە هەر لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیم و پێکهاتنی سپای پاسدارانەوە تێرۆری دژبەران و تێرۆری دەوڵەتی بوو بە بەشێکی سەرەکی لە دوکترینی سیاسی-ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی.

تێرۆری دژبەرانی سیاسیی کۆماری ئیسلامی تەنیا چەند مانگ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ لە بەهاری ٥٨ بە تێرۆری شەهریاری شەفیق، خوشکەزای محەممەدڕەزاشا پەهلەوی لە پاریس دەستی پێ کرد. ئیدی لەو ڕێکەوتە بەو لاوە شەقام و شوێنەکان نەک لە فەڕانسە، بەڵکوو لە بریتانیا، ئوتریش، سوئیس و هیچ وڵاتێکی دی بۆ دژبەرانی ڕێژیم ئەمن نەما. بە پێی بەڵگەکانی دادگای مێکونووس ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات کە لەلایەن ئاستبەرزترین ڕێبەرانی ڕێژیم و ناوەندە دەسەڵاتدارەکانەوە بڕیاری بۆ دەدرا و لە باڵوێزخانە و کۆنسولخانەکانی ڕێژیمەوە ڕێک دەخران. لە نێوخۆی وڵاتیش تێرۆری دژبەران و سەرکوتی توندوتیژ و خوێناویی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان ئەرکێکی هەمیشەیی سپای پاسداران هەتا سنووری پیرۆزی بووە.

## کورد و تێرۆریزمی سپای پاسداران

کورد و بزووتنەوەی کورد لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بەشی شێری لە تێرۆریزمیی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران پێ براوە و، لەنێو بزووتنەوەی کوردیشدا حیزبی دێموکرات.

کارنامەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژ بە حیزبی دێموکرات لە تێرۆری سەرگورد حەبیبوڵڵا عەبباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی شوورای نیزامیی حیزب و سەروان چەڵەبی لە هاوینی ١٣٥٩ دەست پێ دەکا، هەتا لە ڤییەن لەسەر مێزی وتوویژ دەستیان لە د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزب وەشاند و لە بێرلینی

ئاڵمان و له ڕیستورانتی میکونووس د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزب و شاندی حیزبیی هاوڕێی ئەویان تێرۆر کرد. ئەم ڕەوتە بە درێژایی ساڵانی شەڕی کوردستان درێژەی هەیە هەتا تەقینەوەکانی شەوی یەلدا و مووشەکبارانی چەند جارەی قەڵا و بنکە و بارەگاکانی دیکەی حیزب لە ساڵانی ١٣٩٧ و ١٤٠١ هەتا دەگاتە تێرۆرەکانی چەند ساڵی ڕابردوو؛ وەک تێرۆری شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و سیامەند شابۆیی لە هەولێر و تیرۆری لوقمان ئاجی، عادڵ موهاجیر لە نیزیک قەڵادزێ.

سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لە سەدان کردەوەی تێرۆریستیدا گیانی لانیکەم ٤٣٠ کەس لە ئەندامان و تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیونی کورد ئەستاندوە کە حیزبی دێموکرات بە ٣٢٦ قوربانی، ئامانجی سەرەکیی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیم بووە. جیا لە شەهیدکردنی ئەم ٤٣٠ کەسە، لەو کردەوە تێرۆریستییانەدا لانیکەم دەیان کەسی دیکەش برینداربوون و توانیویانە گیان دەرباز بکەن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەروەک گوترا لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا بەبەردەوامیی تێرۆری تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی لە بەرنامەی کاری خۆیدا بووە و تەنانەت لە سەرووترین ئاستی ڕێبەریی ڕێژیمدا بڕیار لەسەر تێرۆری ئاستبەرزترین ڕێبەرانی ئەم حیزبە، واتە د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی دراوە. بەڵام بەدەر لەوەی کۆماری ئیسلامی خۆی بە دوژمنی قەستەسەری بزووتنەوەی کورد لە ئێران دەزانێ، و هیچ کات و دەرفەتێکی بۆ زەبروەشاندن لە جووڵانەوەی کورد بەفیڕۆ نەداوە؛ لە ئاستی سەرانسەریشدا هەمیشە چەکی تێرۆری لەدژی نەیارانی بەکار هێناوە. بۆ نموونە تەنیا لە دەیەی ٦٠ ڕا هەتا نیوەی یەکەمی دەیەی ٧٠ و هەتا هەراکانی قەتڵە زنجیرەییەکان، لانیکەم ١٨٠ چالاکی سیاسیی دژبەر لە نێوخۆی وڵاتی تێرۆر کردووە. لە دەرەوەی وڵاتیش بە درێژایی پتر لە چوار دەیەی ڕابردوو، باڵوێزخانە کۆنسوولگەری و نووسینگەکانی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتان شوێنی داڕشتن و جێبەجێکردنی پیلانە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم بوون. وەک چۆن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش ڕایگەیاندوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا ٣٦٠ کردەوەی تێرۆریستیی لە زیاتر لە ٤٠ وڵاتدا کردوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەپێی ئایدۆلۆژیی خۆی هەموو کاتێک تێرۆری بە چەکێکی پێویست و کاریگەر بۆ نەهێشتن و تێدابردنی نەیارانی خۆی زانیوە. هەروەها بۆ لێدانی دژبەرانی خۆی بەتایبەت لە نێو هێزە پێشکەوتنخواز و مافویستەکاندا تێرۆری لە چەشن و شێوازی جۆراوجۆری خۆیدا بەکار هێناوە. هەوڵدان و پیلانداڕشتن بەمەبەستی زەبروەشاندنی فیزیکی لە حیزب و لایەنەکان و کەسایەتییە مخالف و جیابیرەکان کە بە ناوی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هەموو لایەک ناسراوە، هیچ سنوور و جوغرافیاییەکی نەناسیوە. بەشێک لە کارنامەی تێرۆریستیی



سەرچاوە
Serchawe

ئەم ڕێژیمە بریتییە لە تیرۆری دەیان کەسایەتیی سیاسیی دژبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە وڵاتانی ئورووپایی و؛ بەشداری و تێوەگلانی لە کردەوە تێرۆریستییەکان لە وڵاتانی وەک ئارژانتین، تایلەند، هیند، کێنیا، بەحرەین و عێراق. بەڵام تێرۆریزمیی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریی ڕەشی خۆیدا دژ بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمە، بەشی شێری بەر بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد و حیزبی دێموکرات کەوتووە.

ئامانجی سەرەکی و گشتیی ڕێژیم لەم تێرۆرانە لاوازکردنی بزووتنەوەی مافخوازانە و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بووە و هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش حیزبی دێموکرات وەک لایەنی سەرەکی و شوێندار لەم بزووتنەوەیەدا کراوەتە ئامانج و تا ئێستاش ئەم حیزبە بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک هەمیشە ئامانجە. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی باوەڕیان وایە تەنیا بە توندوتیژی و سەرکوتی خوێناوی دەتوانن تەمەنی دەسەڵاتەکەیان درێژتر بکەنەوە و ئەزموونی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵاتیش سەلماندوویەتی کە "تێرۆر" و "باجئەستێنی" و کردنیانی بە چەکێک لەبەرانبەر وڵاتانی ڕۆژاوادا هەتا ئێستاش بۆ کۆماری ئیسلامی دەسکەوتێکی زۆری بووە. هەر ئەو ئەزموونەش دەریدەخا کە هەڕەشە، شەڕانخێوی و جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە تەنیا کاتێک لە کەمی دەدەن کە تێچووەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی زیاتر لە قازانجی بن، بەڵام هەتا ئەو کاتەی کاربەدەستانی ڕێژیم و نێردراوە تێرۆریستەکانیان بە ئیرادەی کۆمەڵگەی جیهانی هەس نەدرێنەوە، لەسەر ئەو خەت و شوێنەیان بەردەوام دەبن. لەم ڕووەوە بڕیاری یەکیەتیی ئورووپا بۆ بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران دەتوانێ هەنگاوێکی گرینگ بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی نێوخۆی وڵات دژی کۆماری ئیسلامی بێت.

## شەڕی ٤٧ ساڵەی حیزبی دێموکرات دژی سپای تێرۆریستی شۆڕشی ئیسلامی

تێرۆریزمی سپای پاسداران دژی بزووتنەوەی کورد بەتایبەت حیزبی دێموکرات تەنیا لە کوشتنی ڕێبەرانی سیاسی و کادر و پێشمەرگەکانی سنووردار نابێت، بەڵکوو خۆی لە پانتاییەکدا دەبینێتەوە کە کوردستانی ئێرانی پێ دەناسرێتەوە: ناوچەیەکی میلیتاریزەکراو، حاشاکردن لە پرسی سیاسیی کورد و پێشاندانی بە هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی و لەو سۆنگەیەوە سەرکوتی توندوتیژ و خوێناویی هەر چەشنە ناڕەزایەتییەکی سیاسی، و هەروەها ئاوەڵابوونی دەستی سپای پاسداران بۆ داگیرکاری و تاڵانی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان و تەنانەت تێکدان و خاپوورکردنی ژینگەی کوردستان.

سپای پاسداران هۆکاری سەرەکیی بەئەمنییەتی کردنی شوناسی کوردی و جێخستنی ئەو شوناسخوازییە چ لە بواری زمانی و کولتووری و نەتەوەییەوە بە جیاییخوازی بووە. لەو سۆنگەیەشەوە هەرچەشنە چالاکی و بزاوتێکی مەدەنی، کولتووری، زمانی

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

و ژینگەپارێزی لە کوردستان بە هەوڵدان دژی ئەمنییەتی میلیی ئێران! داندراوە و چالاکانی ئەو بوارە پەروەندەیان لەدژ وەڕێ خراوە و بەرەوڕووی بەندکران و تەنانەت تیرۆر و ئێعدامیش بوونەتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەموو کات لە ڕیزی پێشەوەی سەنگەری خەبات و خۆڕاگری دژی سپای پاسداران بووە، زۆرترین زەبری لە سپای پاسداران داوە و قورسترین زەبریشی هەر لەو سپا تێرۆریستییە خواردووە. حیزبی دێموکرات یەکەم ڕێکخراوی سیاسی لە ئاستی ئێراندا بوو کە دەنگی "نا"ی بە کۆماری ئیسلامی دا و لە بەرانبەر هێرشی سپای پاسداران و هێزەکانی دیکەی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان ڕاوەستا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام شەڕی ئەو سپا تێرۆریستەی کردووە، دیارە نەک هەر شەڕی پێشمەرگانە؛ بەڵکوو ململانێ و بەرەوڕووبوونەوەی دوو دنیابینی و پرۆژەی سیاسی. شەڕ و ململانێی ڕزگاریی نەتەوەیی، ئازادیی سیاسی و مەدەنی و هاوبەشی لە ئیدارەکردنی وڵات لەهەمبەر سیاسەتی کۆمەڵکوژی، داگیرکاری، سەرکوت و تێرۆر.

لەم شەڕ و ململانێییەدا بێگومان سەرکەوتن بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد بووە. کوردستان لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا قەت چۆکی دانەدا، سیاسەتی داگیرکاریی سپای پاسداران قەت سەرنەکەوت، کۆمەڵگەی کوردی بۆ تاقە ڕۆژێکیش شەرعییەتی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەدا و ئەگەر بوار بۆ کاری پێشمەرگانەش نەبووبێ بە ڕاپەڕینی بەردەوام، مانگرتن و ئەکتی سیاسیی جۆراوجۆر ئەو "نا" گوتن بە کۆماری ئیسلامییە لە کوردستان درێژەی بووە.

سپای پاسداران وەک باڵی سیاسی و سەربازیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ئێستا ئیدی لەلایەن زۆرینەی کۆمەڵگەی جیهانییەوە بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناسراوە، شەڕی مانەوە و بەردەوامیشی بە بزووتنەوەی کورد دۆڕاند. بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد سەرەڕای تەڕاتێنی سپای پاسداران پتەوتر و بەگوڕتر لە هەر کاتێکە، کوردستان هەروا پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری خەبات و خۆڕاگری دژی کۆماری ئیسلامییە و مافویستی و شوناسخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ترۆپکی خۆیدایە.

**١٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆڵی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە پێکهێنان و بەرزکردنەوەی ئاگایی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا!






د. کامران ئەمینئاوە

بۆ چوونە نێو بابەت "مێژووی نەتەوەکان هەر لە بەرەی شەڕ و ململانێی سەربازی دروست نابێ، بەڵکوو زۆرجار بە قەڵەم، وشە و بڵاوکراوە لە بەرەیەکی گشتگیرتر و بەرفراوانتردا وەڕێ دەکەوێ، پەرە دەستێنێ و دەبێتە هێز و هاندەری نەتەوە

بۆ خەبات و شۆڕش لەپێناو پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و گەیشتن بە ئاواتە لەمێژینەکانی.

لە کوردستان، ڕۆژنامەنووسیی کوردی وەک لقێکی گرنگ لە مێژووی فەرهەنگی و سیاسی، ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگر و بەرچاوی لە ڕەوتی شکڵگرتنی ناسنامە و ئاگایی نەتەوەییدا گێڕاوە و لە کۆنەوە و هەر لە ساڵی ١٨٩٨ی زایینییەوە کە یەکەم ژمارەی "کوردستان" لە قاهیرە بە هیممەتی بنەماڵەی نیشتمانپەروەری بەدرخان دەرچوو، ڕووناکبیر و ئازادیخوازانی کورد هەوڵیان داوە لە ڕێگای قەڵەمەوە نەک هەر زمانی زگماکی و ناسنامەی کوردی بپارێزن، بەڵکوو ببنە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاگایی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و زانستیی جەماوەری کورد و، ڕێپیشاندەری ئەوان بۆ بەشداری لە خەبات و هەڵێنانی هەنگاوی پێویست بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بن. لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و دەستپێکی سەدەی بیست، چاپی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی وەک "هەتاوی کورد"، "دەنگی کورد"، "ژیان"، "هاوار" و "نیشتمان" وەک مەکۆی ئازادیخوازانی کورد پەرە دەستێنێ و کاریگەرییەکی قووڵ و سەرنجڕاکێش لەسەر داهاتووی بزووتنەوەی کورد دادەنێ.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەو کاتەیەوە یەکەم ژمارەی "کوردستان" لە بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤ (ژانویەی ١٩٤٦) لە مەهاباد پایتەختی کۆماری کوردستان وەک بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرچوو، تا ئەمڕۆ، بۆ ماوەی ٨٠ ساڵ کۆڵەکەیەکی قایم و بەهێز لە خەباتی ڕووناکبیری و سیاسیی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بووە. ڕۆژنامەیەک کە لە هەوراز و نشێوی سیاسیی ٨ دەیە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) هەمیشە پردێک لە نێوان ئەم حیزبە و نەتەوە و نیشتمانەکەی بووە. لە ڕاستیدا مێژووی ڕۆژنامەی کوردستان یەکێکە لە سەرنجڕاکێشترین ڕەهەندەکانی خەباتی گەلی کورد.

لە تەواوی ساڵانی پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژەیان بە بەردەوامی و چاپی ئەو ڕۆژنامەیە داوە. یەکەم ژمارەی بە ناوی 'کوردستان' لە ساڵی ١٣٢٦ (١٩٤٧) لە شاری باکۆی ئازەربایجان لە لایەن کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بڵاو بووەتەوە. دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" (بە تایبەتی بە هۆی ماندووییەناسیی گیانبەختکردوو د. عەلی گەلاوێژ، ئەمران د. ڕەحیم قازی و د. کەریم ئەیووبی و د. محەممەد سوڵتان وەتەمیشی) لە باکۆ بەهۆی سەقامگیربوونی شوێنی ژیانیان، توانیان لە ساڵی ١٣٢٦ەوە تا ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی (١٩٤٧ تا ١٩٦١) بۆ ماوەی ١٤ ساڵ درێژە بە بڵاوکردنەوەی 'کوردستان' بدەن و ١٣٣٧ ژمارەی لە چوارچێوەی ڕۆژنامەی ئازەربایجان و لە لاپەڕەی دووی ئۆرگانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجاندا چاپ و بڵاو بکەنەوە.

لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نزیک بە ٦ مانگ پاش کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی (١٩ی ئاگوستی ١٩٥٣) ئێران،



سەرچاوە
Serchawe

گیانبەختکردووان د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سەدیق ئەنجیری، و نەمران غەنی بلووریان، و عەزیز یووسفی بە یارمەتیی نەمر سارەمەدین سادق وەزیری توانیان لە بەهار و پاییزی ١٣٣٣ (١٩٥٤) لە چاپخانەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە شاری تەورێز ٥ ژمارەی کوردستان لە ٢٠٠٠ نوسخەدا چاپ و بڵاو بکەنەوە. ژمارەی ٥ی "کوردستان" بەر لە بڵاوکردنەوەی لە لایەن دەوڵەتی ئێران لە چاپخانەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان دەستی بەسەردا گیرا. لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، ٤ ژمارەی کوردستان لە ساڵی ١٣٣٩ (١٩٦٠) بە ناوی ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەورەی سێهەم لە لایەن نەمران کاک کەریم حیسامی، گیانبەختکردووان عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) و قادر شەریف، هەروەها سمایلی قاسملوو لە شاری سلێمانی چاپ و بڵاو بووەوە.

لە نێوان ڕێبەندانی ١٣٤٣ تا خەرمانانی ١٣٤٩ (١٩٧٠ - ١٩٦٥) لە پراگ پایتەختی کۆماری سۆسیالیستیی چیکۆسلۆڤاکی بە پشتیوانیی حیزبی توودەی ئێران، ٢٦ ژمارەی کوردستان بە سەرنووسەری دوکتور قاسملوو چاپ و بڵاو کرایەوە. کاک محەممەد موهتەدی، نەمر کاک کەریم حیسامی و گیانبەختکردوو مامۆستا حەسەنی قزڵجی نووسەرانی سەرەکیی ئەم دەورەیەی ڕۆژنامەکە بوون.

دەورەی دیکەی ڕۆژنامەی کوردستان وەک ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هەتا ئێستاش دەوامی هەیە، لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ (١٩٧١)وە بە هیممەتی کەسانێک وەک د. قاسملوو، مامۆستایان کەریم حیسامی، حەمەدەمین سیراجی، مامۆستا هێمن و مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە دەستی پێکرد و، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و گەڕانەوەی ڕێبەریی هەڵبژاردەی کۆنگرەی سێی حیزبی دێموکراتی کوردستان، جارێکی دیکە لە نێوخۆی وڵات بۆ ماوەی چەند ساڵێک وەکو بڵاوکەرەوەی بیری ئەو حیزبە دەرچوو، بەڵام پاش سەرکوتکرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە و پاشەکشەی هێزەکانی کوردستانی بۆ باشووری کوردستان لە دەیەی ٦٠ی هەتاویدا، هەتا ئێستا ئەم ڕۆژنامەیە دوور لە وڵات بەردەوام بڵاو دەبێتەوە، کارێک کە جێگای پێزانین و شانازییە.

### تایبەتمەندییەکانی بڵاوکراوەیەکی حیزبی

بڵاوکراوەی حیزبیی ئەو نەتەوانەی دەوڵەت و کیانێکی سەربەخۆیان نیە، ڕۆڵێکی باڵاتریان لە ڕاگەیاندنی زانیارییەکی ڕووت و ساکار هەیە و لە درێژەی کار و چالاکییاندا دەبن بە دامەزراوەیەکی سیاسی و فەرهەنگی بۆ ناسنامەسازیی و پەرەپێدان بە ڕەوتی ئاگایی نەتەوەیی لە ڕێگەی زمان و یادەوەریی مێژوویی و پەروەردەی سیاسییەوە. ئەگەر ڕۆژنامەکە لە پێگەیەکی پیشەیی و ئەخلاقی و تا ڕادەیەک سەربەخۆ بەهرەمەند بێ، دەتوانێ ببێتە پردی نێوان ڕێکخراوی سیاسی و

ئەزموونی ژیاوی خەڵک؛ ناوەندێک کە نەک هەر پەیامەکان دەگوازێتەوە، بەڵکوو هەڵسەنگاندنیان و لێکدانەوەیان بۆ دەکات و بە زمانێک کە کۆمەڵگە لێی تێبگات، ڕایاندەگەیەنێت. بەم مانایە ڕۆژنامە تەنیا ئامرازێک نیە بۆ پڕوپاگەندەی حیزبی، بەڵکوو مەیدانی دیالۆگ و ڕەخنەیە کە تیایدا بیرۆکەی پێشکەوتنخوازانە پاڵاوتە و کۆمەڵایەتی دەکرێ.

بەشێک لە حیزبە سیاسییەکان، زمانێکی تایبەتمەند و چەمکگەلی ئاڵۆزی تیۆری و چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیی تایبەتیان هەیە. ئەگەر ڕاستەوخۆ بەم زمانە لەگەڵ کۆمەڵگە بدوێن، زۆرجار لێی تێ ناگەن. لەم ڕووەوە ڕۆژنامە ڕۆڵی وەرگێڕێکی کۆمەڵایەتی دەگێڕێ؛ واتە بیرۆکەی حیزبی لە ئاستی بەیاننامە و بڕیارنامەکانەوە دەهێنێتە ئاستی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. کاتێک دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئازادی، یەکسانیی جینسی یان گەشەسەندنی بەردەوام لە شێوەی ڕاپۆرت، چاوپێکەوتن، گێڕانەوەی مرۆیی و شیکاریی بابەتی بەرز دەکرێنەوە، لە ئەبستراکت دەردەچن و دەبنە داواکاریی گشتی.

خاڵی سەرەکی لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆڵی ڕۆژنامەیەک وەک ناوبژیوان ئەوەیە کە ئەم پێوەندییە دوولایەنەیە. ڕۆژنامەیەک کە تەنیا دەنگدانەوەی دەنگی حیزب بێ، درەنگ یان زوو متمانەی گشتی لەدەست دەدات و لە چوارچێوەی ئۆرگانێکی پڕوپاگەندەی داخراودا قەتیس دەمێنێتەوە. لە بەرانبەردا ڕۆژنامەیەک کە ڕەنگدانەوەی کێشە و مەینەتی و هیوا و ڕەخنەکانی خەڵک بێ، دەتوانێ ئەم زانیارییە کۆمەڵایەتییە بۆ حیزب بگەڕێنێتەوە. بەم شێوەیەش حیزب لە مەترسیی دابڕان لە واقیعی کۆمەڵایەتی پارێزراو دەبێ و دەتوانێ بە پشتبەستن بە پێداویستییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگە، بەرنامەکانی خۆی ڕێک بخاتەوە.

بیرۆکەی پێشکەوتنخوازانە بەبێ وشیاریی گشتی ناتوانن بەردەوام بن. ڕۆژنامەکان، لە ڕێگەی پەروەردەی سیاسیی ناڕاستەوخۆ، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕن. بڵاوکردنەوەی بابەتە شیکارییەکان، پشکنینی ئەزموونە مێژووییەکان، ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی ئێستا و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی چارەسەرەکان، هاووڵاتیان لە بەکارهێنەری پاسیڤی هەواڵەکانەوە دەگۆڕن بۆ چالاکوانی ئاگا. خوێنەر و بینەرێکی لەم جۆرە نەک هەر پشتیوانی لە حیزب دەکات، بەڵکوو داواکاریشی لێی هەیە. ئەم داواکارییە، بە پێچەوانەی باوەڕی جەماوەرییەوە، هەڕەشە نیە؛ بەڵکوو زەمانەتی تەندروستیی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانە دەکات.

ڕۆژنامە بە نیشاندانی ئاسۆی ئەگەرەکان و خستنەڕووی ئاڵتێرناتیڤ و شکاندنی هەستی فاتالیزم (باوەڕبوون بە قەزاوقەدەر)، دەتوانێ باوەڕ بە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا پێک بێنێت. گێڕانەوەی سەرکەوتنەکان، تەنانەت ئەگەر بچووک و نێوخۆییش بن، هەروەها ڕەخنەی ڕاشکاوانە لە شکستەکان، مرۆڤ فێر دەکات کە پێشکەوتن شتێکی ئەبستراکت نیە، بەڵکوو



سەرچاوە
Serchawe

پرۆسەیەکی مرۆیی و هاوبەشە. لەم پرۆسەیەدا حیزب بیرۆکەکان دەهێنێ و ڕۆژنامە بە کۆمەڵایەتییان دەکات و نەتەوە هەناسەی ژیانیان پێ دەدات.

ڕۆژنامە وەک پردێک لە نێوان حیزب و نەتەوەدا کاتێک دەتوانێ سەرکەوتوو بێ کە لە پێشخستنی بیرۆکەی پێشکەوتنخوازانەدا ڕۆڵی خۆی نەک لە گوێڕایەڵیی کوێرانە یان بێلایەنیی پاسیڤدا، بەڵکوو لە نێوەندگیرییەکی هۆشیارانە و بەرپرسیارانەدا پێناسە بکات. ڕۆژنامەیەکی لەم جۆرە لە یەک کاتدا هەم گوێگرێکی نەتەوەیە، هەم ڕەخنەگرێکی حیزبە و هەم پارێزەری بەها پێشکەوتنخوازەکان. لەم سێ پێوەندییەدا سیاسەت لە چوارچێوەی دەسەڵاتی تەنیا تێدەپەڕێ و دەبێتە پرۆژەیەکی گەلەکۆیی بۆ باشترکردنی ژیانی مرۆڤ.

## تایبەتمەندیی ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک پردێک لە نێوان حیزب و نیشتمان!

بێگومان ڕۆڵی ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک پردێک لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نەتەوە و نیشتمان، یەکێک لە بنەڕەتیترین و لە هەمان کاتدا هەستیارترین ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیەیە.

چاپەمەنیی حیزبی وەک ئامرازی پێوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکان و کۆمەڵگە دوو ڕۆڵی بووە: لە لایەک ئامرازی گوتاریی حیزبە و لە لایەکی دیکەشەوە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ژیاو و داخوازی و ڕەخنەکانی کۆمەڵگە.

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە چوارچێوەی چالاکییە سیاسی و فکرییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە بارودۆخێکدا کە زمان و شوناسی کوردی لە ئێراندا ڕووبەڕووی سنووردارکردنی پێکهاتەیی بووەوە، دەرچوو. ئەم بڵاوکراوەیە لەو قۆناغانەدا بڵاو کرایەوە کە کەشوهەوای ڕەسمیی وڵات ڕێگەی بە دەربڕینی داواکارییە نەتەوەییەکان نەدەدا؛ بۆیە بوو بە میدیایەکی بەدیل و بەرگریکار.

بەم مانایە "کوردستان" هەر ئۆرگانێکی حیزبی نەبووە، بەڵکوو دامەزراوەیەک بووە دژ بە پەراوێزخستنی زمانەوانی و سیاسی کە ئەگەری دیالۆگی گشتیی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەخساندوە و لاپەڕەکانی ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی وڵات بووە.

**لێرەدا دەکرێ باسی چەند خاڵی گرنگی ڕۆژنامەی "کوردستان" بکرێ کە هاوئاهەنگی لەگەڵ بنەما و تایبەتمەندییەکانی**

**بڵاوکراوەی حیزبێکی شۆڕشگێڕ و ئەمڕۆیی هەیە:**

**یەکەم: ئامانج و نێوەڕۆکی بڵاوکراوەکە**

**نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە درێژایی مێژووی بڵاوبوونەوە و قۆناخی جۆراوجۆریدا دەکرێ لە چەند ڕەهەندی سەرەکیدا پۆلێن بکرێ:**

١- ڕوونکردنەوەی مێژوو و ناسنامەی نەتەوەیی کورد

٢- داکۆکیکردن لە مافە سیاسی و کولتووری و زمانییەکان

٣- ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی ناوەندگەرایی و جیاکاری هەڵاواردن

٤- ڕەنگدانەوەی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورد لە کوردستان، ناوچە و جیهاندا

٥- بەهێزکردن و پەرەپێدانی زمانی کوردی لە بیاڤی گشتیدا

بۆیە ئاوێتەبوونی سیاسەت، مێژوو و فەرهەنگ بووە هۆی ئەوەی ئەو بڵاوکراوەیە ببێتە "قوتابخانەی فکری" بۆ چالاکانی سیاسیی کورد.

**دووهەم: ڕۆڵی کوردستان لە پێکهێنانی گوتاری نەتەوەیی کورددا**

**١- گەڵاڵەکردن و ناساندنی شووناسی نەتەوەیی:** ڕۆژنامەی "کوردستان" بە تیشک خستنە سەر مێژووی هاوبەش و ئازاری بەکۆمەڵ و ئاوات و هیوای نەتەوەیی یارمەتیدەر بوو بۆ پێکهێنانی "ئێمە"یەکی کوردی؛ وەکوو توخمێکی گرنگ بۆ هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی.

**٢- ستانداردکردنی گوتاری سیاسی:** چەمکەکانی وەک مافی دیاریکردنی چارەنووس، خودموختاری، سۆسیالیزم، سۆسیالیزمی دێموکراتیک، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە سەرەتادا وردە وردە لە ڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەوە هاتنە ناو وشەسازیی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردییەوە.

**٣- بەستنەوەی سیاسەت و فەرهەنگ:** "کوردستان" نیشانی دا کە ناسیۆنالیزمی کوردی تەنیا پرۆژەیەکی سیاسی نەبووە، بەڵکوو پرۆژەیەکی کولتووری - زمانییە، کە لەودا زمان خۆی دەبێت بە ئامرازی بەرخۆدانی گەلی کورد.

### سێهەم: پێوەندیدانی گوتاری کورد بە ئەزموونی کۆماری کوردستان

لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٥ - ١٩٤٦)، چاپەمەنیی کوردی بۆ یەکەم جار مافی کورد بە دەوڵەتبوون و زمانی کوردییان هێنایە گۆڕەپانی ژیانی ڕەسمیی وڵات، چ لە ئاستی دەوڵەتی کوردستان و چ لە ئاستی کۆمەڵگەی کوردستاندا و، چەمکەکانی دەوڵەت نەتەوەیان کرد بە گوتارێکی گشتی و بە پاڵپشتیی سەرکردایەتیی کۆماری کوردستان و بەتایبەتی پێشەوا قازی محەممەد، ئەم داخوازیانەیان لە نوخبە و ڕووناکبیری سیاسییەوە بۆ ئاستی جەماوەری گواستەوە.

لە دوای ساڵی ١٣٢٥، چاپەمەنیی کوردی ڕۆڵی یادگەی مێژوویی، گرنگیی هەبوونی دەسەڵاتی کورد لە کۆمەڵگەی کوردی، هەبوونی مافی دیاریکردنی چارەنووس و گواستنەوەی ئەزموونی خەباتی کوردی بۆ نەوە نوێیەکانی گرتە ئەستۆ. ڕۆژنامەی "کوردستان" لەم خاڵەدا بوو بە پردێک لە نێوان ئەزموونی کۆماری کوردستان و قۆناغەکانی دواتری خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

### چوارهەم: زمانی کوردی وەک کرداری سیاسی

لە خەباتی ڕزگاریخوازی کورددا زمان هەر ئامرازی پێوەندیکردن نیە، بەڵکوو بناغەی شوناسی نەتەوەییشە. ڕۆژنامەی "کوردستان" بە گواستنەوەی "زمان" لە ئاستی زارەکییەوە بۆ ئاستی نووسراوەیی لە سات و کاتێکدا کە بەهۆی گوشاری حکوومەتی پاشایەتیی پەهلەوی، هیچ دەرفەتێک بۆ فێربوونی زمان لە مەدرەسەکان و پەرەپێدان بە زمان و فەرهەنگی کورد نەبووە، پەرەی بە نووسین بە زمانی کوردی دا و پێشگیری لە تاوانەوەی ئەم زمانەی لە ئاستی کۆمەڵگەی کوردیدا کرد. وەک کردارێکی سیاسی نووسینی مێژوو و سیاسەت و...هتد بە زمانی کوردی بە واتای خەبات بۆ بەرگری لە ناسنامەی کوردی بوو.

## ئەنجام

ڕۆژنامەی کوردستان دەکرێ بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی گوتاری نەتەوەیی کورد لە ئێران دابنرێ. ئەم بڵاوکراوەیە وەک پردێک لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و نەتەوەی کورد، ڕۆڵی پەروەردەکاری و ڕەخنەگری و ئامادەکردنی ڕۆڵەکانی کوردی بۆ خەبات لەپێناوی ئازادی، دێموکراسی، سۆسیالیزم و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی گێڕاوە. گرنگییەکەی نەک هەر لەو نێوەڕۆکەدایە کە بڵاوی کردۆتەوە، بەڵکوو لەو کاریگەرییەدایە کە لەسەر عەقڵیەتی گەلەکۆیی و زمانی سیاسی و



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

بەردەوامیی گوتاری نەتەوەیی کورد بەجێی هێشتووە. ئەگەر ئەم جۆرە بڵاوکراوەیە نەبوایە، پێدەچێت خەباتی نەتەوەیی کورد تووشی پچڕانێکی مێژوویی و ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی هاتبایە.

**١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# ئەو دیکتاتۆرانەی وەک لاستیکی ئۆتۆمبێل لووس دەبن






**دارسمە**

بابەتی "دیکتاتۆرگۆڕی" پێشـاژۆیەکە پێشتریش هەبووە، بەڵام بەندەی موخلیستان وەک شارەزای "کاروبار" یان "باروکار"ی سیاسی دۆزیومەتەوە و پێموایە حەوت مێشم لە خەلەفێکیدا هەڵناون. ئەم پێشـاژۆیە هەرچەندە زۆر زۆر کۆنە و "دیکتاتۆرگۆڕی" بە درێژایی مێژوو باو بووە، بەڵام ئەمەی ئێستا نوێترە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەمەش بڵێین پێشتریّ دیکتاتۆران خۆیان یەکتریان بە زەبری شەڕ جێگۆڕکێیان دەکرد و لەو لاوەش خەڵک بۆخۆیان پاڵیان دابوۆوە و هیچ دەستیان لەم گۆڕینەدا نەبوو. بەڵام ئێستا وا نییە و بەشێک لە خەڵک بەشەکەی دیکە دەکەنە پردی پەڕینەوەی دیکتاتۆری خۆیان بۆ گەیشتن بە دەستەڵات.

"دیکتاتۆرگۆڕی" لەگەڵ "شۆڕش" یان "انقلاب" زۆر جیاوازە و تەنانەت لەگەڵ یەکتردا ناتەباشن. شۆڕش یان انقلاب بە مانا قووڵەکەی بە تایبەت بۆ ئێرانی ئەمڕۆ زۆر مەترسیدارە. لە شۆڕشدا بە گوێرەی پێناسە کلاسیکەکەی، بنەمای دەستەڵات و پێوەندییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بە قووڵی دەگۆڕێن. ئەمەش هەموو کاتێک و ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە ئێراندا جووڵەیەکی زۆر زۆر بڤە و مەترسیدارە.

ئەگەر شۆڕش پێوەندییە سیاسییەکان بگۆڕێت، بۆ نموونە ئەم ئێرانەی خۆمان تووشی فرەیی یان خوای نەخواستە "پلۆڕالیزم" دەبێت و ئەوکات هیچ بە دووری مەزانن ئەم فرەییە زیان بە "اتحاد مقدس ایران" بگەیەنێت. ئەدی ئەگەر دۆخی ئابووری ئاوەژوو بێتەوە چی دەقەومێت؟ ئەویان هەر باسی مەکە و هیچ بە دووری مەزانە خەڵکی برسی و هەژار تێر نان و برنج و گۆشت و میوە بخۆن و لە تێرییان چاویان لە "دولتمردان" و " اولیای امت" زەق بێتەوە. خۆ ئەگەر گۆڕان بە سەر دۆخی فەرهەنگیدا بێت، بە دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبان بە زمانی بەلووچی، ئازەری، کوردی و عەرەبی، "شکر فارسی" دەتوێتەوە.

بەڵام دیکتاتۆرگۆڕی شتێکی جیاوازە. دیکتاتۆرگۆڕی بریتییە لە پرۆسەیەکی تەسفیە و ئارایشتی سیاسیی و تەنانەت فەلسەفی، کە تێیدا دیکتاتۆرێکی کۆن بە دیکتاتۆرێکی نوێ دەگۆڕدرێت. ئەم پێڤاژۆیە لە کاتێکدا کۆنە لە مێژوودا هەزاران جار ڕووی داوە بۆ ئێستا پێڤاژۆیەکی مۆدێرنی داهێنەرانە پێشکەوتووە.

لە قۆناغی دیکتاتۆرگۆڕیدا، وڵات ئەوا بە قووڵی ناهەژێت و دەکرێت خەڵکی برسی هان بدرێن و دواتر ئەم خەڵکە برسییە هان دراوە پاش ئەوەی دەستەڵات لە نێوان دوو دیکتاتۆری پیرۆزدا ئەمدەست و ئەودەستی پێکرا، برسییەکان وەک خۆیان بە برسییەتی بمێننەوە و ئەم برسییەتییە بەردەوامەش وا دەکات ئەم خەڵکە وەک هەمیشە بۆ بەرنگاربوونەوەی دیکتاتۆری خوێنتاڵ ئامادە بن. ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە دیکتاتۆریش هەندێک جار خوێنی خۆی تاڵ دەکات، بەڵام "امت همیشه در صحنه" هەرگیز پیرۆزیی ئەم جۆرە دیکتاتۆرانە فەرامۆش ناکات. ئەم "امت همیشه در صحنه"یە هێندێک جار بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ دۆخەکەدا بگونجێنێت، ناوی دەگۆڕێت و بۆ وێنە دەبێتە" ملت شریف". "امت همیشه در صحنه" و "ملت شریف"یش دوو جیاوازیی بچووکیان هەیە، ئەوەی یەکەم پێی وایە دیکتاتۆر نوێنەری خوایە و ئەوەی دوویەمش دەڵێت

ڕێبەندانی ٢٧٢٥

دیکتاتۆر "سێبەری خوایە"، دەی ئەگەر وابێت دوژمنی هەرجۆرە دیکتاتۆرێک "مفسد فی الأرض"ـە.

**لێکدانەوەی وشەی سەیر و سەمەرە:**

**دیکتاتۆڕ:** ناوێکی ناوازەیە و ئەوانەی دەیلێنەوە، دواکەوتوو و دژە شۆڕش و "جوداییخواز" یان باشتر بڵێین "تجزیه طلب"ن. لە ڕاستیدا خۆی پڕ بە پێستی پاشا و "رهبر معظم"ـە.

**پلۆرالیزم:** زاوزێیەکی تۆقێنەرە و پاشا و "رهبر معظم" بێزار دەکات.

**تجزیه طلب:** بە کۆمەڵە کەسێک دەگوترێت لە گەمەکردن لەگەڵ کۆمەڵێکی گەورەتردا بێزار بوونە و دەیانهەوێت بە جیا خۆیان چوارچێوەیەک بۆ گەمەی خۆیان دیاری بکەن.

**دولتمردان:** ئەو نێرینانەن پێیان وایە لە تەمەنی خەرفان و نەخۆشی و سەرەمەرگیشدا مافی خۆیانە شانی شل و شەوێقیان بدەنە بەر دەستەڵات.

**"اولیای امت":** ئەولیای ئوممەت کسانێکن بۆ درشت و ورد و ژن و پیاو وەک باوکن بۆیان هەیە شەپشەپێن بە ئوممەتی خۆیان بکەن.

**دیکتاتۆرگۆڕی:** شتێکە وەک گۆڕینی لاستیکی ئۆتۆمبێل. کاتێک دیکتاتۆر چ شا بیت، چ ئاخوند، ئەگەر زۆر لووس بوو و لە سەر زەوی توشی خوشین هات یان ترسی ئەوەی لێکرا کۆن بێت و بای بدەڵێنێت، دەگۆڕدرێت.

**"امت همیشه درصحنه":** ئوممەتێکی چاولەدەستە و دوای چەند ساڵان تێدەگات ئەو کاتەی گوتوویە "رهبر محبوب خلق از سفر آید"، چ ناماقووڵییەکی گەورەی کردووە.

**"ملت شریف":** ئەم میللەتەش میلەتێکە دوای ئەوەی لە پشتگیری کردنی "رهبر محبوب خلق" پەشیمان بۆوە و زانی چ قوڕێکی کردووە بە سەریا، قوڕێکی دیکە بۆخۆی دەگرێتەوە و هەتا قوڕگی دەبات هاوار دەکات: "رضا شاه روحت شاد."

مفسد فی الأرض: وەک بەندەی موخلیستان لایەنگری شۆڕش و دژی "دیکتاتۆرگۆڕی"یە و بۆنێکی لێوە دێت لووتی "دیکتاتۆرگۆڕان" ئازار دەدات.

١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

ڕێبەندانی ٢٧٢٥

## شوان پەروەر: پێشمەرگە بەرگریکار و پارێزەری جڤاک، وڵات و هەبوونە، بۆیە دەبێ پێشمەرگە نەتەوەیی بێت



**وتوویژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**پێشمەرگە؛ سروودی بەرخۆدان و ئەفسانەی شاخ، ئەو ڕێبوارە عاشقەیە کە کۆڵەپشتییەکەی پڕە لە خەونی نیشتمان و تفەنگەکەی قەڵەمێکە بۆ نووسینەوەی مێژووی ئازادی. پێشمەرگە، تەنیا جەنگاوەرێک نیە لە سەنگەردا، بەڵکوو خودی خاکە کە هەستاوەتە سەر پێ، بۆ ئەوەی کەرامەتی کورد و کوردستان بپارێزێت. لەو شەوانەی کە تاریکی وەک دەریایەکی ڕەش باڵ بەسەر دۆڵ و کێوەکاندا دەکێشێت، چاوەکانی دەبنە دوو ئەستێرەی گەش، و ڕێگە بە هیوا نیشان دەدەن. سەرما و بەفر، کە تەنانەت بەردەکانیش دەقەڵەشێنن، لە ئاست گڕی ئیرادەی پێشمەرگەدا دەبنە شەونم و دەتوێنەوە. لە درێژەی ئەم وتوویژەدا "کوردستان" بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان وتوویژێکی لەگەڵ مامۆستا شوان پەروەر، هونەرمەندی گەورە و کەسایەتیی دیاری هونەریی بەرگری پێکهێناوە.**

**شەهرام سوبحانی: مامۆستا! با ئاوا بچینە نێو باسەکەمان و بڵێین کە گۆرانییەکانی بەڕێزتان بوونەتە بەشێک لە**

یادەوەریی بەکۆمەڵی کورد. کە ئاماژە بە تراژیدیا و بەرخۆدانی کورد دەکەن، ڕۆڵی پێشمەرگە لەم یادەوەرییەدا چۆن دەبینن؟ ئایا پێشمەرگە تەنیا بکەرێکی مێژووییە یان پارێزەری ئەم یادەوەرییەیە؟

**شوان پەروەر**: کە ناوی پێشمەرگە دەهێنرێت، پێشمەرگە ناوێکی تایبەت بە گەلی کوردە. هەر وەکوو ئیسپانییەکان ناوی گەریلایان داناوە و لە دونیادا ناسراوە، پێشمەرگەش بەرهەمی کوردە و بەم چەشنە ناسراوە. لە کوردستان جگە لە ناوی پێشمەرگە هیچ ناوێکی دیکە پەسەند ناکرێت؛ ئەگەر ئێستا بڵێین لەشکەر، کەس قبووڵی ناکات. لەبەر ئەوەی کە خزمەت، هێز و گیانفیدایی پێشمەرگەمان دیوە و وەکوو سیمبول ناوی کوردییە و شانازییەکە بۆ گەلی کوردستان. هەر ئەو تایبەتمەندییەش وای کردوە کە پێشمەرگە بۆ ئێمە ناوێکی پیرۆز بێت.

**شەهرام سوبحانی**: بەشێکی زۆری مێژووی قارەمانێتیی پێشمەرگە لە ڕێگەی گۆرانی و حەیران و لاوکەوە گێڕدراوەتەوە. بەڕای بەڕێزتان، ئەم گێڕانەوە هونەرییە چەندە توانیویەتی مێژووی ڕاستەقینەی پێشمەرگە بپارێزێت؟

**شوان پەروەر**: لێرەدا باس لە هونەر دەکرێت، هونەر دەنگی سروشتە و هەموو زیندەوەرێکیش لە سروشتدا دەنگی تایبەت بە خۆی هەیە. لە کۆی زیندەوەرانی سروشتدا مرۆڤ هەبوونێکی کولتوورییە و کولتوورسازی (پەروەردە و ئاوەدانی) دەکات. موزیک و هونەریش دەنگی پێوانەیین؛ بۆیە هەر ڕووداو و کارەساتێک کە لە ژیانی مرۆڤدا ڕوو دەدات، لە کۆمەڵگەدا زیاتر لە ڕێگای موزیکەوە دەردەبڕدرێت. موزیک مۆراڵ، هیوا و ڕوحییە بەرز دەکاتەوە و خۆشەویستی بەرهەم دەهێنێت. دەبێ ئۆگری ژیان، مرۆڤ، سروشت و کوردستان بیت، دەبێ ئۆگری پێشمەرگە بیت. لێرەدایە کە ئەم موزیک و گۆرانییانەی کە لەم بوارە و لە کوردستاندا تۆمار کراون، لە سەردەمی کلاسیکەوە بگرە هەتاکوو ئێستا، لە هیچ وڵاتێکی دونیادا بەرهەم نەهاتووە. بە تێپەڕینی سەد و بڕێک ساڵ لەسەر داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستاندا، نەتەوەی کورد هەمیشە خەباتی کردوە، شەهیدی داوە و ئێش و مەینەتیی کێشاوە و قارەمانێتیی نواندووە. لەسەر هەموو ئەمانەشدا موزیکی تۆمار کردوە. ئەمەش بووە بە هۆکاری پتەوبوونی ڕۆڵ و پێگەی موزیک لە ژیانی گەلی کورددا.

**شەهرام سوبحانی**: لە جیهانێکی پڕ لە گۆڕانکاریی ژێئۆپۆلیتیکیدا، ئەرک و ڕۆڵی پێشمەرگە چییە؟ ئایا تەنیا هێزێکی بەرگرییە یان دەتوانێت ببێتە بەشێک لە سیستەمی ئاسایشی ناوچەکە و جیهانیش؟ چۆن دەکرێت وێنەی پێشمەرگە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا زیاتر بەهێز بکرێت؟

**شوان پەروەر**: هەر پاڵەوانێک کە خۆی تەیار و ئامادە نەکات، سەرکەوتوو نابێت. پێشمەرگەش ناوێک نیە کە ئەوا بە

سانایی باسی لێوە بکرێت؛ پێشمەرگایەتی بەرهەمی خەبات و تێکۆشان و هەلومەرجی دژوارە، بۆیە لە دونیادا ناسراوە. وایە، هێزی پێشمەرگە هێزێکی ناسراوە لە هەموو شوێنێکی دونیادا. ئینجا خەبات و گیانفیدایی پێشمەرگە بە هێزی سیاسیی کوردستانەوە گرێ دراوە و پێویستە کە بە باشی ڕێکی بخات. ئەگەر هێزی سیاسیی کوردستان بە باشترین شێوە هێزی پێشمەرگە ئامادە و ئۆرگانیزە بکات، هێزی پێشمەرگە دەتوانێت ببێتە هێزێکی بەرگریکاری جیهانی. بێنە بەرچاوی خۆت، کاتێک کە داعش سەری هەڵدا، ئەگەر هێزی پێشمەرگە نەبوایە، دەبوو بە مەترسی بۆ هەموو گەلانی جیهان. بەڵام ئەوە هێزی پێشمەرگە بوو کە داعشی بە چۆکدا هێنا، کە ئەمیش بوو بە هۆکاری ئەوەی کە پیرۆزی و گرنگیی هێزی پێشمەرگە بۆ هەموو دونیا دەرکەوێت.

**شەهرام سوبحانی**: پێتان وایە لە دەرەوەی کوردستان تێگەیشتنێکی دروست بۆ فەلسەفەی "پێشمەرگە" هەیە؟

**شوان پەروەر**: ژیان واتە فەلسەفە و لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانیشدا ڕەنگینیی فەلسەفە دەردەکەوێت. پێشمەرگایەتیش فەلسەفەیەکە. وەکوو پێشتریش باسم کرد کە هێزی پێشمەرگە کاتێک داعشی بە چۆکدا هێنا، دونیا چەندە یارمەتیی هێزی پێشمەرگەی دا و بەهای پێ دا. ئەگەر پێشمەرگە لەوە زیاتر یارمەتی و بەهێزبوونی دەوێت، ئەمە دەکەوێتە سەر شانی هێزی سیاسی و دیپلۆماسیی کورد. هەرچەندە کە سیاسەت و دیپلۆماسیی کورد لە جیهاندا بەهێز بێت، ئەوەندەش گرنگیی هێزی پێشمەرگە بۆ جیهان دەردەکەوێت و پشتگیری دەکرێت.

**شەهرام سوبحانی**: دوای ئەم هەموو ساڵە لە خەبات و هونەر، کاتێک وشەی "پێشمەرگە" دەبیستن، یەکەم وێنە یان یەکەم هەست کە دێتە ناو دڵ و مێشکتانەوە چییە؟ ئایا ئەو وێنەیە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕاوە؟

**شوان پەروەر**: پێشمەرگە لە گەلێک بواردا زەحمەتی کێشاوە. سەرەڕای ئەوەی قارەمانێتیی نواندووە، بەڵام چەکی پێویست و گرنگیی پێ نەدراوە. زۆرجار بووە کە ماڵ و منداڵی دەربەدەر بوون، کە لە جێی خۆیدا کێشەیەکی گەورەی ناوەتە بەردەم خەباتی پێشمەرگە. ستران و گۆرانی بە باشی هێناویەتە زمان و دەریخستووە کە پێشمەرگە بە چ زەحمەتێک پێشمەرگایەتیی کردوە و بە چ ئایدیۆلۆژی و باوەڕێک دەستی کردوە بە شۆڕش. بەڵام لە سیاسەت و دیپلۆماسیدا نەمانتوانیوە بەپێی پێویست و بەگوێرەی گیانفیدایی و تێکۆشانی پێشمەرگە، هێزی پێشمەرگە بە باشی بناسێنین. بۆیە پێویستە هەوڵی باشتر ناساندنی هێزی پێشمەرگە بدرێت، چونکە هێزی پێشمەرگە مێژوو، ناسنامە، کوردایەتی، قارەمانێتی و مرۆڤایەتییە. هەموو ڕێبەرێکی پێشمەرگە کە شۆڕشی دەست پێ کردوە و شەڕی کردوە، وتوویەتی ئاشتی، دۆستایەتی و مرۆڤایەتی. پێشمەرگە هێزێک نیە کە تەنیا بۆ لێدان و شەڕ بێت. پێشمەرگە ئاوەزمەندانە شەڕ دەکات بۆ

خزمەتی گەلەکەی. دەبێ ئەو مرۆڤدۆستی و ئاگاییەی پێشمەرگە لە بواری ئاشتی و ئازادیشدا ڕوون بکرێتەوە. بە پێچەوانەی ئەوەی کە دوژمنانی گەلی کورد دژی گەلی کورد دەیانکرد، پێشمەرگە هیچ کات لایەنگری داگیرکردن و دەستدرێژی بۆ سەر ماڵ و ئازادیی کەس نەبووە و هیچ کات لایەنگریی کوشتنی دیل نەبووە. هێزی پێشمەرگە هێزی ئاشتی و مرۆڤایەتی و لە هەمان کاتدا هێزی پاراستنی ئازادی و وڵاتە.

**شەهرام سوبحانی:** ڕۆژی پێشمەرگە" و " ئاڵا" چ قورساییەکی فەلسەفی و سۆزدارییان بۆ جەنابتان هەیە؟ ئایا ئەم ڕۆژە تەنیا یادکردنەوەی ڕابردووە، یان پڕۆژەیەکن بۆ داڕشتنی داهاتوو؟

**شوان پەروەر:** تەماشای هەر ئایینێکیش کە بکەیت چۆن سەری هەڵداوە و کێ خزمەتی کردوە، شرۆڤە دەکرێت و بەردەوام دەبێت. ئاڵای کوردستانیش بۆ یەکەم جار لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد شەکایەوە و هێزی پێشمەرگە دامەزرا؛ هەر ئەوەندەی کە باس لە ئاڵا و پێشمەرگە دەکرێت ئەوا مێژووەکەش شرۆڤە دەکرێت و بەردەوام دەبێت، و لە هەموو بوارێکی ئایینی، جڤاکی، دەوڵەتی و... هتد لە جیهاندا، وەکوو خۆی کە چۆن پێکهاتووە و باس دەکرێت. بۆ ئێمەش ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان لێرەوە دەست پێ دەکات. مەهاباد ساڵی ١٩٤٥ی زایینی، کە مێژوویەکی ناسراو، بەهادار و پیرۆزە.

**شەهرام سوبحانی:** پێشمەرگە وەک هێزێکی نیشتمانی سەیر دەکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دابەشبوونی سیاسی کاریگەریی لەسەر هەبووە. هونەر چۆن دەتوانێت لە سەرووی ئەم دابەشبوونانەوە بوەستێت و وێنەیەکی یەکگرتوو بۆ پێشمەرگە وەک هێزی پارێزەری "نیشتمان" پێشکەش بکات نەک "حیزب"؟

**شوان پەروەر:** هونەر هەردەم زمان، ڕامان و دەنگی ئاوازی یەکگرتنی گەلە و دابەشکاری قبووڵ ناکات. من وەکوو هونەرمەندێکی کورد هەر گۆرانییەک کە پێشکەش دەکەم، دەڵێم بۆ هەموو لایەکی نەتەوەی کورد. بەڵام لە سیاسەتدا زۆرجار ئەمە ناکرێت، دابەش دەکرێت و تایبەت دەکرێت. سیاسەت شرۆڤەی ژیانە؛ هەر یەک بە جۆرێک دەڵێت کە ژیان باشتر دەکات: یەک بە لیبراڵیزم، یەک بە کۆمۆنیزم، یەکیش بە دینداری و ئەوی دیکەش دەڵێت بە کۆنسێرڤاتیڤ باشتر دەکەین. ئەم جۆرەیە کە سیاسەت هێزی پێشمەرگەش دابەش دەکات. بۆ وێنە پێشمەرگەیەک بە بیری کۆمۆنیزم و پێشمەرگەیەک بە ڕامانی ئایینپەرستی، کاتێک سەرەڕای ئەوەی کە هەردوو لاش پێشمەرگەن، کە کۆ دەبنەوە یەکتر قبووڵ ناکەن. ئەمەش بەرهەمی ئەوەیە کە سیاسەت ڕکابەریی دروست کردووە. باشتر وایە کە سیاسەت بە هەر ڕەنگێک کە هەیە، هەوڵی پارچەکردنی هێزی پێشمەرگە نەدات. ئەمە یاسایەکە لە هەموو جیهاندا، کە دەڵێن حیزب، سیاسەت و دەوڵەتداری بۆ هەموو لایەک، بەڵام بە دوور بێت لە هێزی لەشکری. بۆیە دەبێت سیاسەت تێکەڵ بە هێزی پێشمەرگە نەکرێت و



سەرچاوە
Serchawe

پێشمەرگە بە بیر و باوەڕی نەتەوەیی ڕێک بخرێت و لە چوارچێوەی حیزبایەتی بە هەر بیر و باوەڕێکەوە بێتە دەرەوە. ئێستا کە من هونەرمەندم، دەمەوێت هەموو کەس ئاگادار بکەمەوە کە هیچ حیزبێک من داگیر نەکات، و نابێت هیچ حیزبێک پێشمەرگەش داگیر بکات. بۆ ئەوەی کە لێرە کێشەیەک بێتە ئاراوە، پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتیش بتوانێت یارمەتیدەر بێت. کاتێک کە داعش دێت یان شەڕێک ڕووبەڕووی گەلی کورد دەبێتەوە، هەموو هێزی پێشمەرگە دەبێ بێت. دەبێ واز لە پارچەپارچەکردنی هێزی پێشمەرگە هەڵبگیرێت. پێشمەرگە بەرگریکار و پارێزەری جڤاک، وڵات و هەبوونە. ئەگەر سیاسەت تێکەڵ بە خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە ببێت، ئەوا دابەشبوون ڕوو دەدات کە ئەمەش ڕێگا نادات بەهێز بین. بۆیە دەبێ پێشمەرگە نەتەوەیی بێت.

**شەهرام سوبحانی**: **هونەری بەڕێزتان هەمیشە وەک "چەکێکی کاریگەر" لە شۆڕشی کورددا سەیر کراوە. چۆن لە ڕێگەی مۆسیقا و گۆرانییەکانتانەوە هەوڵتان داوە وێنەیەکی ڕاستەقینە و قووڵ بۆ کارەکتەری پێشمەرگە بکێشن، کە تەنیا شەڕکەرێک نیە، بەڵکوو پارێزەری خاک و کولتوور و ناسنامەیە؟ ئایا هونەر دەتوانێت ئەو ڕەهەندانە بگەیەنێت کە مێدیای جەنگ ناتوانێت؟**

**شوان پەروەر**: وەکوو خۆم هیچ کات هەوڵم نەداوە هونەر بە ماڵ و موڵک و پارە بیگۆڕمەوە یان لە خزمەت هێز و حیزبێکدا بم. دەنگخۆش بووم و دەمتوانی ببم بە هونەرمەندێک کە تەنیا گۆرانی بچڕم، بەڵام ئەمە لەگەڵ ڕۆحییەی من نەدەگونجا کاتێک کە بیرم لە بارودۆخی کوردستان کردەوە. بۆیە لە خوێندن بەردەوام بووم و بە دەوری دونیادا گەڕام. لە دەرەوەی زانکۆ بەردەوام بووم لە خوێندن، لە ڕامانی مارکس و ئایینی عیسا، مووسا و زەردەشتەوە بگرە هەتا سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەفریقا و ئەمریکا و... هتد. بارودۆخی کولتووری، سیاسی و ئابووری و کوردستان و ڕەوشی زمانی کوردیم تاوتوێ کرد کە زۆر بەلای منەوە گرنگ بوون. ئەمەش بوو بە هۆکار کە بیر لە موزیک و گۆرانی بکەمەوە بۆ گەلی خۆم. هەیە دەتوانێت لە ڕێگای ئینجیل و هەیە لە ڕێگای قورئان، ئەوەی دیکەیان بە کاپیتالیزم یان فەلسەفە بیگۆڕێت، یەکیش هەیە کە بە هونەر دەیگۆڕێت. هونەر بۆ هەموو ڕێگا و ڕەنگێکی ژیان شرۆڤە دەکرێت و بەرفراوان دەبێت. لە گۆرانیدا باس لە پێشمەرگە، سیاسەت و خۆشەویستیی وڵات، شەهید و خۆشەویستیی دایک و باوک و ژیان دەکرێت و ڕەنگێکی تایبەتی پێ دەدرێت. ئەمەش لە هزر و ڕامانی مندا جێی گرت و ئەو باوەڕە لای من بەهێز بوو کە کوردستان نە بۆ کڕین دەبێت و نە بۆ فرۆشتن. بۆیەش ڕێگای هونەرم هەڵبژارد تا لە ڕێگای هونەرەوە خزمەتی گەل بکەم و بۆ مرۆڤایەتی سوودبەخش بم. ئەوەی کە من لە هەموو شتێک زیاتر دڵخۆش دەکات هەر ئەو خزمەتەیە کە بە مرۆڤایەتیی دەکەم. کاتێک دەبینم کە گەلی کورد خۆی دەناسێت و ڕێز لە یەکتر دەگرێت، پێشمەرگەی کورد بەهێز دەبێت، هێزی سیاسی خەبات و خزمەت دەکات، ئەوا دڵشادم دەکات. لەم ڕێگایەدایە کە هونەر دڵشادم دەکات. بەڵام بۆ ئەوەی هونەر بە باشی پێشکەش بکەم پێویستە کە

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

شارەزای مێژوو، کۆمەڵگە، ئایین، سیاسەت و هەموو ڕەهەندەکانی جیهان بم. بەپێچەوانەوە ناتوانم لە گۆرانی، ستران و لاوژەدا بیلێمەوە. هونەر بۆ من شۆڕش، گۆرانی، ژیان، نەتەوەی کورد و مرۆڤایەتییە.

**شەهرام سوبحانی**: نەوەی نوێ چۆن دەتوانێت ڕێز لە مێژوو و ماندووبوونی پێشمەرگە بگرێت و ئەو میراتە بپارێزێت؟

**شوان پەروەر**: لە ڕێگای نەتەوەییبوونەوە؛ پێشمەرگە هێزێکی نەتەوەیی کوردە، هێزێکە بۆ ڕزگاری و پاراستنی خاک و هەموو بەرهەمی کوردی، جڤاکی و دیرۆکی کوردستانە. واتە ئەگەر هێزی پێشمەرگەمان نەبێت، دوژمن بەسەر ئێمەدا زاڵ دەبێت. هەر بۆیەش پێویستە هەمیشە هێزی پێشمەرگەمان لەبەرچاو بێت، ڕێزی لێ بگرین، بەهای پێ بدەین و بەرفراوان بکرێت وەکوو هێزێکی سەرانسەری لە کوردستاندا.

**شەهرام سوبحانی**: مامۆستا گیان! سپاس بۆ ئەوەیکە کاتت پێ بەخشین و ماندووش نەبیتەوە

**شوان پەروەر**: سپاس بۆ ئێوەش.

١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەزمی کریدۆرە ئابوورییەکان





**تەهای ڕەحیمی**

جیهان گۆڕەپانی ململانێی سێ نەزمە. جیهانی ڕۆژاوا کە بە شێوەیەکی نەریتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێبەریی دەکات و زیاتر وڵاتانی دێموکراتیک و لایەنگری بازاڕی ئازاد لە ئورووپا و باکووری ئەمریکا و هاوپەیمانە دوورەدەستەکانی وەک ئوسترالیا، ژاپۆن، نیوزیلەند و کۆرەی باشوور دەگرێتەوە. ئەم وڵاتانە زیاتر ڕوانگەیەکی لیبرالیستییان بۆ نەزمی جیهانی

هەیە.
جیهانی ڕۆژهەڵات زیاتر چین ڕێبەریی دەکات. ئەم بەرەیە هەندێک وڵاتی هاوڕا لەسەر ناکارامەیی نەزمی ئێستای وەک بەتایبەت ئێران، کۆرەی باکوور و ڕووسیە دەگرێتەوە، کە هەوڵی گۆڕینی نەزمی ڕۆژاوایی دەدەن. ئەم وڵاتانە زیاتر ڕیالیزم لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆیاندا ڕەچاو دەکەن و لەسەر بەرژەوەندیی هاوبەش و تێکدان یان لاوازکردنی نەزمی لیبراڵی ڕۆژاوا مکوڕن.

جیهانی باشوور وڵاتانی گەشەسەندوو و وڵاتانی خاوەن داهاتی مامناوەندی ئەفریقا، ئەمریکای لاتین، باشووری ئاسیا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (و خاوەن زۆرینەی دانیشتووانی دنیا) دەگرێتەوە. زۆرێک لەم وڵاتانە کۆنە کۆڵۆنیی وڵاتانی ڕۆژاوایین کە کاتی خۆی گۆڕەپانی جەنگە بەوەکالەتەکانی شەڕی سارد بوون و زۆریان زەرەر و زیانیان پێ گەیشتووە. لە ڕیزی ئەم وڵاتانەدا، وڵاتانی خاوەن هێزی مامناوەند یان "وڵاتانی یەکلاکەرەوە"ی وەک برێزیل، هیندوستان، کینیا، مێکزیک، نێجیریە، عەرەبستانی سعوودی و ئەفریقای باشوور هەن. ئاڵوگۆڕی دیمۆگرافیک، گەشەی ئابووری، دەرهێنان و هەناردەکردنی سامانە سروشتییەکان پاڵنەری چوونەسەری گرنگیی ئەو وڵاتانەیە.

بەگوێرەی ئەم دابەشکردنە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێکەڵەیەکە لە هەر سێ بەرەکە (ئێران، تورکیە، ئیسرائیل). لەم نێوەندەشدا کورد بەسەر دوو بەرەی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتدا دابەش بووە (ڕاست و چەپ، ناسیۆنالیست و برایەتیی گەلان، بەڕێوەبەریی شووراییی). واتە ململانێی دارشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەدیاریکراویش کوردستان تەنیا چارەنووس و هەڵکەوت نییە، بەڵکوو ململانێی ڕوانگەی ئەم سێ بەرە جیهانییەیە کە هەرکام لە ڕوانگەی خۆیانەوە دەیانەوێت بە دیزاینکردنەوەی ئارایشی سیاسیی ناوچەکە لەسەر بنەمایەکی ئابووری نەزمی خۆیان بچەسپێنن و بسەپێنن. لە کوردستان بەگشتی ئەو بەرەیەی بە ناوی ناسیۆنالیزم (ڕاست) دەیانناسین لە بەرەی ڕۆژاوادان و چارەسەری پرسی کورد لە ڕوانگەی پێناسەی ڕۆژاواییەوە بۆ وێنە وەک نەتەوە، سەروەری، دیاریکردنی مافی چارەنووس و ڕوانگەی ئایدیالیستیی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەبینن. واتە وێڕای سووربوون لەسەر ڕۆڵی دێموکراسی بۆ پێکەوەژیان و چارەسەری کێشەی کۆمەڵگەی مرۆیی، وەک کۆنزەرڤاتیڤەکان نیشتمان و نەتەوە و دواجار سەروەریی نەتەوە بە بنەما وەردەگرن بۆ گەرەنتیی نەتەوە و بەرژەوەندییەکانی. دیسان هەمیشە ئەو هێزانەی لەم بەرەیەدا پێناسە دەکرێن لەسەر دانوستان بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان کورد و داگیرکەران چڕ بوونەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە ئەم هێزانەی بەگشتی بنەمایەکی چەپی وشکییان هەیە، زیاتر ئینتێرناسیۆنالیستی بیر دەکەنەوە و چارەسەری بەرەی یەکەم (ناسیۆنالیستەکان) بە ناڕاست دەبینن. لە ڕاستیدا ئەو هزرینە بەر لەوەی ڕوانگەیەک بێت بۆ

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

چارەسەری بنەڕەتیی پرسی کورد، لە دژایەتیی کۆمۆنیزمەوە بۆ ئیمپریالیزم سەرچاوە دەگرێت، کە چەمکی نەتەوە بە ئامرازێکی دنیای سەرمایەداری دەزانێت لە دەستی بۆرژوادا. هەنووکە وێڕای توندبوونی بەربەرەکانیی بەرە جیهانییەکان بۆ ڕێکخستنەوە یان هێشتنەوەی نەزمی جیهان بە تایبەتیش ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، چارەنووسی کوردستان بەگشتی لەنێوان بەرە کوردستانییەکاندا لێڵ دەنوێنێت. تەنانەت دەکرێت ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانەی ڕابردووی ڕۆژاوای کوردستان لە توێی ئەم بەربەرەکانییەدا شیکاری بکرێت.

سەرەڕای ئەم پێشەکییەی باس کرا کە وێنە گەورەکەی گۆڕانکاری و یارییە هەرێمی و ناوچەییەکانە، ئابووری و بە تایبەتیش وزە و ژێرخانی گواستنەوەی وزە ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە چۆنیەتیی دیزاینکردنەوەی جیهان. لە ڕاستیدا دیزاینکردنەوەی جیهان لەسەر تەوەری ڕێکخستنی گواستنەوەی وزە و بەهێزکردنی ئابووریی وڵاتانی ئەم سێ بەرەیەیە. «باری بۆزان» و «ئۆلێ وێڤەر» (٢٠٠٣) پێیان وایە وزە و ژێرخانی ئابووری بەشێکن لە ئابووریی ئەمنییەت، کە تێیدا بەستراوەیی یان پێویستیی وزە دەتوانێت ڕۆڵێکی سەقامگیرکەر و هەمیش هەڕەشەیی ببینێت. ژێرخانی ئابووری وەک هێڵی لوولەی گواستنەوەی نەوت و گاز و کریدۆری سەرەکیی بازرگانی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەتوانن وەک کاتالیزۆری ڕێککەوتن و هەمیش لە لایەک کارتی گوشار لەسەر یەکتر دروست بکەن. بە کورتی پێویستیی وزە هەم دەتوانێت هاوبەشی و هاوکاریی ناوچەیی دروست بکات و هەمیش دژایەتی و هەڤڕکێی ژێئۆپۆلیتیکیی لێ بکەوێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆناوچۆن دەبێت کارتی وزە لە هاوکێشەی سیاسیی ئاڵۆز و لێڵی داهاتووی خۆیدا بەکار بهێنێت بە تایبەتیش بە سەرنجدان بەو مەترسییانەی هەر لە ئێستاوە دەرکەوتوون، بە کورتی باس لە پێوەندیی هەرێمی ڕۆژهەڵات لەگەڵ مەترسییەکانی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە دیاریکراوی لەگەڵ تورکیە دەکەم.

تورکیە بەشێکی یەکجار زۆری وزەی خۆی بە تایبەتیش گاز لە ئێرانەوە دابین دەکات. ڕاپۆرتەکان نیشان دەدەن کە ساڵ بە ساڵ هەناردەی گاز لە ئێرانەوە بۆ تورکیە زیادی کردووە. هێڵەکانی لوولەی گواستنەوەی گازی ئێران لە دوو قۆڵەوە دێنەوە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. واتە یەکێک لە هێڵەکان لە باشووری ئێرانەوە دێتە وێستگەی سەرەکی لە ئیلام و بە درێژایی ڕۆژهەڵاتدا هەڵدەکشێت بۆ سەرووی ڕۆژهەڵات. قۆڵەکەی دیکەش لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە دێتە وێستگەی سەرەکیی تەورێز و لەوێشەوە بەرەو پارێزگای ورمێ ڕادەکشێت و دەگاتەوە خاڵی سنووریی بازرگان. ئەمە جگە لەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارێزگای ئیلام سەرچاوەی گازی ئێرانن. لە لایەکی دیکەشەوە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وڵاتانی ئاسیای ناوەندی و ئاسیای دوور بە تورکیەوە دەبەستێتەوە. هەر بۆیە لەگەڵ قووڵبوونەوەی کێشەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا، تورکیا ترسی لێ نیشتووە و جگە لەوەی هەوڵ دەدات بە یارمەتیدانی ئێران و نێوەندگیری کردنی لەنێوان ئێران و ئەمریکادا ئەم نەزمە ئێستایە تێک نەچێت، لە لایەکی دیکەوە پلان بۆ داگیرکردنی بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێت



سەرچاوە
Serchawe

هەتا وەک گوشار بەکاری بهێنێت لەسەر هەر پێکهاتەیەکی سیاسی کە لە داهاتوودا دوای کۆماری ئیسلامی لەو ناوچانە، دەتوانێت سەروەریی خۆی بسەپێنێت. واتە لێرەدا چونکە تورکیە دەزانێت هەم لە بواری وزە و هەمیش لە بواری ژێرخانی گواستنەوەی وزە و هەمیش کریدۆری پێوەندییەوە بەو هەرێمە سیاسییەوە دەبەسترێتەوە کە جێگرەوەی کۆماری ئیسلامییە، لە ئێستاوە بە ڕوانگەیەکی ڕیالیزمی هێرشبەرانەوە دەیەوێت بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی مسۆگەر بکات. کەواتە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوودا کارتی یاری لەگەڵ تورکیە لەوە زیاتر بەدەستەوەیە هەتا تورکیە بتوانێت بەشێک لە ڕۆژهەڵات داگیر بکات، بەڵام ئەم کارتانە پێویستییان بە دیپلۆماسیی بەهێز هەیە هەتا بتوانن ڕوانگەی دەوڵەتی تورک لەسەر چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕۆژهەڵات بگۆڕن. لەم پێوەندییەدا ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە پێوەندیی نێودەوڵەتی و دەرەوەی هەرێمی ڕۆژهەڵات بە سەرنجدان بە پێگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا لەسەر بناغەی ئایدیالیستی (لیبراڵی) دادەمەزرێت کە ئەویش جەختکردنەوە لەسەر هاوکاری و هاوپێوەندییە بۆ چارەسەری کێشەکان بۆ ئەوەی بنەمایەکی دێموکراتیک وەربگرن و پێکەوەژیانێک لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی لایەنەکان و کەمکردنەوەی گرژییەکانە. واتە نەزمی ڕۆژاوایی و ئێستا کە لەسەر بناغەی نەتەوە-دەوڵەت مەییوە، بەرمەبەستی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بۆیە دەکرێت بڵێین ئەگەر داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوشانە لەگەڵ ئەو بەرەیەی زاڵە بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان کە ئەویش نەزمی بەرمەبەستی ئەمریکا و ئیسرائیلە. دیارە مەبەست ئەوە نییە کە بڵێین ئەم نەزمەی بەرمەبەستی ڕۆژاوا خۆبەخۆ ئامانجەکانی ئێمە بەدی دەهێنێت. نا، بەڵام ئەم نەزمە دەرفەتێکی لەبار دەخوڵقێنێت کە ئێمە تێیدا بتوانین پۆتانسێلی ڕۆژهەڵات کارا بکەین و هەم بزاڤ لەم حاڵەتی پەسیوییە دەربچێت و هەمیش ڕۆژهەڵات وەک جوگرافیا و ئەکتەرێکی ئەکتیڤی سیاسی و ئابووری بێتە بازنەی کایەی هەڤڕکێیەکانی ناوچەکەوە.

لە لایەکی ترەوە شاراوە نییە، دوو بەرەی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات هەوڵ دەدەن بەسەر کریدۆرە ئابوورییەکان، ژێرخانی ئابووری و وزەدا زاڵ بن لە ناوچەکەدا. هەر لەم سۆنگەیەوە چین لەمێژە خەریکی ڕاکێشانی جادەوبانی پان و بەرینە بۆ باشووری ئاسیا، ناوەندی ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئورووپا و باکووری ئەفریقا. لەم لایەشەوە ئەمریکا هەوڵی کۆنترۆڵی وزەی دنیا دەدات کە گرتنی مادۆرۆ لە ڤێنیزوێلاش لەم چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە. هەروەک دەزانین ڕۆژێک دوای ئەوەی مادۆرۆ جەژنی پەیمانێکی ستراتیژیی درێژخایەنی لەگەڵ چین گێڕا، بەسەریدا درا. هەروەها دەشزانین هەر ئێستا ئەمریکا بە تەواوی هێزەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە تا سەرچاوەی وزەی ئێران بۆ بەرەی ڕۆژهەڵات و «بریکس» بەتایبەتی چین وشک بکات. لەم نێوانەشدا ئیسرائیل هاوشان لەگەڵ پرۆژەکانی ئەمریکا هەوڵی دابینی ئەمنییەتی خۆی، هەم لە ڕێگەی هەژموونی سەربازی و هەمیش لە ڕێگەی بەدەستەوەگرتنی کریدۆرە ئابووری و بازرگانییەکان و لێکبەستنەوەیان بە ئیسرائیلەوە دەدات؛ ئەم خاڵە ژێئۆپۆلیتیکییانەی بەدەست خۆیەوەن. هەروەها ئیسرائیل بە پێکهێنانی هاوپەیمانیی جۆراوجۆر هاوچاوە ئابووری و دژبەرە سیاسییەکانی لە ناوچەکەدا کول دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

بەگشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم لەباری نەزمی بەرمەبەستەوە دژایەتیی لەگەڵ تێڕوانینە زاڵەکە نییە بۆ دارشتنەوەی دیزاینی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران، هەم کارتی ئابووری، ژێرخانی گواستنەوەی وزە و خاڵی ستراتیژیی لەبەر دەستە و هەمیش دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم کریدۆرانەی ئیسرائیل بۆ هەژموونی خۆی لە ناوچەکەدا هەوڵی دامەزراندنیان دەدات. بۆیە سەرکردایەتیی سیاسیی بزاڤی ڕۆژهەڵات بە سەرنجدان بەو خاڵە بەهێزانە دەتوانێت لەسەر چارەنووسی کورد لە ڕۆژهەڵات بە یەکگرتوویی هەنگاوی کردەیی و مسۆگەر بنێت.

١٨ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# یەکگرتوویی، ڕەمزی سەرکەوتن





**ڕەزا دانشجوو**

هێرشی هێزەکانی ئەحمەد شەڕع سەرۆکی حکوومەتی ڕاگوزەری سووریە بۆ سەر کورد و ناوچە ئۆتۆنۆمییەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری سووریە، ئەگەرچی بەداخەوە بوو بەهۆی ئاوارەبوون و کوژران و برینداربوونی هەزاران کوردی ئازادیخوازی بێ تاوان، بەڵام لە هەمان کاتدا لاپەڕەیەکی نوێی لە بەئاگابوون و ڕێکخستنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی نەک تەنیا لە



سەرچاوە Serchawe

ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵکوو بە پانتایی ئەم جوگرافیایە بەندکراوە هەڵداوە!

ڕاپەڕین و بزووتنەوەیەکی گەورە کە تەنانەت زۆرێک لە شارەزایان و زانایانی کوردی سەرسام کرد! ئەم ڕاپەڕین و بەئاگاهاتنەوەیە دەتوانێت دەستپێکی وەرزێکی تازە لە مێژووی خەبات و بەرخۆدان و ناسیۆنالیزمی کورد لە ڕێگەی دژوار و پێچاوپێچی گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی بێت. بەراورد بە ڕووداوەکانی پێشووتر پەیوەست بە خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، ئەم ڕاپەڕین و بەرخۆدانە هەڵگری تاقمێک تایبەتمەندی ناوازە بوون کە لە درێژەی ئەم بابەتەدا بە کورتی دەخرێنە بەر باس؛

## گواستنەوە لە پەراوێزەوە بۆ دەق

بەداخەوە دەتوانرێت بگوترێت کە لە زۆربەی جووڵانەوە و ڕاپەڕینەکانی پێشووتر لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، تەرکیز لەسەر پرس و کێشەیەکی دیاریکراو بووە و زۆر کەم ئەم پرسانە بوونەتە پرسێکی نەتەوەیی و جێی باسی تەواوی کوردستانیان، بەڵام ئەوەی لەم ڕاپەڕینە مەزنەدا ڕوویدا تێپەڕبوون لە هەر چەشنە دروشم و داخوازیی حیزبی و تاکەکەسی و بەئامانجگرتنی دروشم و داخوازییە نەتەوەییەکان بوو. باس لە ویست و ئاواتی لەمێژینەی کوردستانیان بە هەر بیر و بۆچوونێکی سیاسی. کلیلی چارەسەری بنەڕەتی هەموو گرفتەکانی کوردستان! ئەوەی کورد ساڵانێک بوو بە هۆکاری جۆراوجۆر و خۆسانسۆری یان گوشاری لایەنەکان خۆی لە وتنی بەدوور گرتبوو، ئەمجارەیان بوو بە نێوەڕۆک و دروشمی سەرەکی هەموو خۆپێشاندانەکان.

"کوردستان یەک وڵاتە و نابێت بە چوار" و ئەم دابەشکردنە ساختانە هەرگیز ناتوانێت هیچ بۆشاییەک و کەلێنێک لە نێوان کورددا دروست بکات. یەکگرتوویی حیزب و لایەنە جیاوازەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بەبێ گوێدانە تاقمێک جیاوازیی بنەڕەتی لە شێوەی بیرکردنەوە و بیروبۆچوونی سیاسی لە هەڵوێستەکانیان بەرانبەر بە چارەسەرکردنی پرسی کورد و بەگشتی پرسە نەتەوەییەکان، بێ هاوتا بوو. لە ڕاستیدا ئەمە یەکەم جار بوو کە داواکارییەکانی گەلی کورد بە ڕوونی و ئاشکرا لە ئاستێکی وادا دەربڕدرێت.

## نەوەی نوێ، وشیار و بەئاگا

خاڵێکی تری گرنگ و سەرنجڕاکێشی ئەم ڕاپەڕینە، شێوازی مامەڵەی نەوەی گەنج و تازەپێگەیشتووی کورد بوو لەگەڵ ئەم پرسە. نەوەیەک کە هەمیشە لە لایەن نەوەکانی پێشووەوە کەوتووەتە بەر ڕەخنەی توند و زۆربەی کاتەکان وەک نەوەیەکی

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

کەمتەرخەم و خەمسارد سەبارەت بە کوردایەتی و پرسە نەتەوەییەکان باسی لێکراوە! بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانە و ئامادەبوونی بەهێزی نەوەی گەنج و تازەپێگەیشتووی کورد چ لە خۆپێشاندانەکاندا و چ چالاکبوونی بێ وێنەیان لە سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەریخست کە ئەم باوەڕە چەندە هەڵە و نادروست بووە و تا چەند هێز و تواناکانی ئەم نەوەیە پشتگوێ خراون!

پێویستە بۆ ڕێزگرتن لەم نەوە بەهەست، شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەرە کڵاو لەسەر لابەرین و هەستینە سەرپێ! ئەم بەئاگابوون و تێگەیشتنە قووڵە لە پرسە گرنگەکان پەیوەست بە نیشتمان شیاوی ستایش و پێزانینن! ئەو گەنج و لاوە شۆڕشگێڕانەی کە لە گۆڕەپانی بەرخۆداندا نیشانیان دا کە ڕۆڵەکانی بەئەمەگ و ڕاستەقینەی پێشەوای گەورەن و لە ڕێگای گەیشتن بە ڕزگاریی کوردستاندا لە هیچ هەوڵێک و تێکۆشانێک دریغ ناکەن! هەموو شتێکیان کرد بۆ ئەوەی نیشان بدەن کە هەمیشە ئامادەن بۆ ڕزگاریی کوردستان! بۆ شەڕکردن لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکان چوونە ڕۆژئاوا، لە هەموو ڕێپێوان و خۆپێشاندانەکاندا بوون، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شۆڕشێکی ڕاستەقینەیان خوڵقاند، تەنانەت چوونە ناو یاریگاکانی تۆپی پێی ئورووپا و خۆیان تووشی دەیان گرفت و کێشە کرد تا جیهان تێبگات کە لە ڕۆژئاوای کوردستان چی ڕوودەدات!

### ژنانی کورد، پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕ

چ لە سەردەمی شۆڕشی ژینادا چ لە بەرخۆدانی کۆبانی و شەڕی داعشدا، ژنانی کورد ڕۆڵێکی ناوازەیان بینی و توانیان وێنەیەکی تەواو پێشکەوتنخوازانە لە ژنی کورد بخەنە ڕوو. لە جوگرافیایەکدا کە ناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و هێشتاش ژنان لە کۆمەڵگەدا وەک شارۆمەندی پلە دوو سەیریان دەکەن و هیچ کات وەک خۆیان قبووڵ نەکراون و بوونیان لە زۆربەی بوارەکاندا قەدەغەیە یان لانیکەم بەستراوە بە دەیان مەرج و پێشنیار و تەواو سنووردارکراوە، ژنانی کورد هەمیشە پێشەنگ و پێشڕەو بوون و لە بەرەکانی پێشەوەی هەموو بۆنە کۆمەڵایەتییەکانن. ئەمە بە مانای پەردەپۆشکردن و داپۆشینی بەشێک لە کێشەکانی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا نیە، بەڵکوو باس لەو ڕاستییە دەکات کە لەم جوگرافیایە تایبەتەدا کورد نموونە و وێنەیەکی جیاوازی ژنی خستووەتە ڕوو.

هەر دوای ئەوەی هێزەکانی سەر بە ڕێژیمی سووریە بێڕێزییان بە ژنە شەڕڤانێکی کورد کرد، ژنانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بە دەستپێکردنی هەڵمەتێکی بەرفراوان بە هەزاران چ لە خۆپێشاندانەکاندا و چ لە سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نیشانیاندا کە ژنی کورد خاوەنی چ هێز و توانایەکە و تەنانەت لە تاکە قژێکیش چەکێک بۆ خەبات و بەرخۆدان ساز دەکات! ئەو وانەیەی کە ژنانی کورد لەم ڕۆژانەدا فێری بەکرێگیراوانی ڕێژیمی سووریەیان کرد،



سەرچاوە Serchawe

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

**ئێستا سنوورەکانی تێپەڕاندووە و بووەتە بابەتێکی گرنگ لە سۆشیال مێدیا!**

## پشتبەستن بە ئیرادەی گەل

پشتبەستن بە توانایی و ئیرادەی گەلی کورد خاڵێکی گرنگی دیکەیە کە نابێت بە ئاسانی چاوپۆشی لێ بکرێت. ئەوە خۆڕاگری و خۆبیبوون و پشتبەستن بە ئیرادە و هێزی بێ سنووری کۆمەڵانی خەڵک بوو کە توانی بەسەر ویست و داخوازییە ناڕەواکانی داگیرکەرەکانی کوردستان و تەنانەت زلهێزەکانی جیهانیشدا زاڵ بێت. واقیعی تاڵ و دڵتەزێنی ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان جارێکی دیکە دەریخست کە چیرۆکی تەنیایی کورد ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و وەک هەمیشە جگە لە شاخەکان هیچ هاوپەیمان و یارمەتیدەرێکی ڕاستەقینەی دیکەیان نیە. بەڵام هەر ئەم واقیعە تاڵە بوو بە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ ڕێکخستنەوە و وروژاندنی هەستی پاک و بێ وێنەی ناسیۆنالیزمی کوردی و پشتبەستن بە هێزی ناوازەی ئیرادەی گەل.

هەرچەندە ئەو ڕێککەوتننامەی لە نێوان هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوا و حکوومەتی ڕاگوزەری سووریەدا واژۆکراوە کەموکۆڕی تێدایە و بەشێک لە داخوازییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژئاوا پشتگوێ خراوە و ڕەنگە ئاستەنگی جۆراوجۆریش لە جێبەجێکردنیدا سەرهەڵبدات، بەڵام دوو داواکاری گرنگی کورد لەخۆدەگرێت کە ماوەیەکی زۆر بوو حکوومەتی تورکیە بە فشارخستنە سەر سووریە و تەنانەت بە پاڵپشتی ئەمریکا، دەیهەویست ڕێگریان لێ بکات. یەکەم، هەرچەندە هێزە کوردییەکان لەگەڵ سپای سووریە تێکەڵ دەکرێنەوە و دەبنە بەشێک لە سپای سووریە، بەڵام یەکگرتوویی و یەکپارچەیی خۆیان دەپارێزن و لە ڕۆژئاوا دەمێننەوە، ئەمەش ڕەنگە بۆ ئایندەی کورد زۆر گرنگ بێت. خاڵێکی تری گرنگ گەڕەنتی گەڕانەوەی ئاوارەکانی کوردە، ئەمەش بە واتای ڕێگریکردن لە بەعەرەبکردنی زیاتر و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکانە.

هەر وەک باس کرا ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕەنگە دەنگدانەوەی هەموو داخوازییەکانی کورد و بە تایبەت خەڵکی ڕۆژئاوا نەبێت، بەڵام پێویستە دان بەوەدا بنرێت کە ئەم ڕێککەوتنە سەرەڕای هەموو کەموکۆڕییەکانی، هەنگاوێکە بۆ پێشەوە و بێگومان دەرئەنجامی یەکگرتوویی و یەکپارچەیی ناوازەی گەلی کوردە لە سەرانسەری جیهاندا. ڕۆڵی بێ هاوتای هەرێمی کوردستان لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و هاوکاریکردنی ڕۆژئاواش نابێت لەبیر بکرێت. ئەوە دەسەڵات و یەکگرتوویی کورد بوو کە توانی پێش بە ئەنفال و ژینۆسایدی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بگرێت. هەر ئەم یەکگرتوویی و یەکڕیزییە

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

بوو کە بووە هۆی ئەوەی تەنانەت نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە هەڵوێستەکانی پاشەکشە بکات. هەر ئەم هاوسۆزی و هاوکارییە بوو کە دەنگی کوردی گەیاندە دڵی پەرلەمانی ئورووپا و ئەمریکا.

ئەو دیمەنانەی لەم ڕۆژانەدا گەلی کورد لە کوردستان و لە سەرانسەری دونیادا خوڵقاندی، دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە سەرەڕای ساڵانێک لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و گۆڕانی دێمۆگرافی و دەیان پلانی ترسناکی دیکەی داگیرکەرانی کوردستان، نەیانتوانیوە ڕۆحی ئازادی و دادپەروەری لەگەڵی کورددا لەناو ببەن. ئەم سنوورە دەستکردانە و ئەم جوگرافیایە سەپێندراوە، سەرەڕای تێپەڕبوونی ساڵان و دەیان ڕووداوی ئاوارەیی و شەڕ و کۆمەڵکوژی، ئێستاش هیچ بەها و ئیعتبارێکیان لەلای خەڵکی کورددا نیە. سەردەمی خۆسانسۆری و دانبەخۆداگرتن کۆتایی هاتووە، ئێستا "کوردستان یەک وڵاتە و نابێت بە چوار" هاواری هەر تاکێکی کوردە، دەنگی هەر شەقام و کۆڵانێکە. دەبێت شانازی بەم یەکگرتوویی و یەکڕیزییە بکەین؛ نابێت بە شیکار و لێکدانەوەی تەسکی حیزبی و کاتی، ئەم دەستکەوتە گەورەی گەلی کورد کەم و بێ بایەخ نیشان بدرێت. پێویستە سیاسگوزاری ئەم پێکەوەبوونە بین و لە هیچ هەوڵێک بۆ پاراستن و فراوانکردنی دریغ نەکەین. دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم یەکگرتوویی و یەکڕیزییە بەنرخترین چەکی خەباتی کوردە لە ڕێگای ئازادی و هیچ هێزێک ناتوانێت بەرانبەر ئەو یەکگرتوویی و یەکڕیزییە بوەستێتەوە. هەر ئەم یەکگرتوویی و یەکڕیزییە بوو کە هەموو هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکانی گۆڕی و پیلانی داگیرکەرانی پووچەڵ کردەوە. ئێستا جیهان دەزانێت کە کورد چ قورساییەکی هەیە لە چارەسەرکردنی ململانێ ناوچەییەکان. ئێستا جیهان دەزانێت کە سانسۆر و دوورخستنەوەی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکان نە مومکینە و نە مەیسەر! هەموو لەم واقیعە تێگەیشتوون، کورد دەبێت بەشدار بێت! دەبێت بەشدار بێت! هیچ کێشەیەک لەم ناوچەیە بێ کورد چارەسەر نابێت!

**١٨ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# کاتێک ڕۆژنامەیەک دەبێتە چەک
# "کوردستان" قوتابخانەی نەتەوەیی و پارێزەری ناسنامەی کورد






**ئاگری باڵەکی**

ڕۆژنامەی "کوردستان" تەنیا لاپەڕەیەکی چاپکراو یان ئۆرگانێکی حیزبی نیە، بەڵکوو گەورەترین ئەرشیڤی سیاسی، فەرهەنگی و مێژوویی کوردە لە سەدەی بیستەم و بیست و یەکەمدا. ئەم ڕۆژنامەیە کە لە دڵی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوەی گرت، لە ماوەی نزیکەی هەشت دەیەدا بوو بە قەڵایەکی خۆڕاگر بۆ پاراستنی زمان و

مێژوویەک کە لەژێر هەڕەشەی سڕینەوەدا بوون.

## زمانی کوردی: لە قەدەغەوە بۆ زمانی فەرمی و زانستی

لە بەفرانباری ١٣٢٤دا کاتێک یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی «کوردستان» بڵاوکرایەوە، کورد لە قۆناغێکی تاریکدا بوو. زمانی کوردی لە ناوەندەکانی خوێندن و فەرمانگەکاندا بە تەواوی وەلا نرابوو. «کوردستان» هات و ئەم هاوکێشەیەی گۆڕی؛ زمانەکەی لە ئاستی ئاخاوتنی ناوماڵەوە بەرزکردەوە بۆ ئاستی زمانی سیاسەت، دیپلۆماسی و ئەدەبیات. ئەم ڕۆژنامەیە بووە تاقیگەیەک بۆ وشەسازی و ستانداردکردنی ڕێزمان. نووسەرانی وەک هەژار، هێمن و زۆر بلیمەتی تر، لە ڕێگەی ئەم پلاتفۆرمەوە نیشانیان دا کە کوردی دەتوانێت گوزارشت لە ئاڵۆزترین چەمکە سیاسی و فەلسەفییەکان بکات. بۆ نەوەیەک کە لە قوتابخانەکاندا بە زۆر فارسییان پێ دەخوێندرا، «کوردستان» تاقە پەنجەرە بوو بۆ بینینی وشەی کوردی بە شێوەی چاپکراو. ئەمە تەنیا کارێکی ڕۆژنامەوانی نەبوو، بەڵکوو شۆڕشێکی زمانەوانی بوو کە ڕێگری لە توانەوەی کولتووری کرد.

## ئەرشیفی مێژوویی: نووسینەوەی مێژوو بە دەستی خاوەنەکەی

یەکێک لە گەورەترین کارەساتەکانی نەتەوەی کورد، نووسینەوەی مێژووەکەی بووە لە لایەن ناحەزانییەوە. دەوڵەتە ناوەندییەکان هەمیشە هەوڵیان داوە ڕاپەڕین و بزووتنەوەکانی کورد وەک "ئاژاوەگێڕی" یان "دەستی دەرەکی" وێنا بکەن.

**لێرەدا ڕۆڵی «کوردستان» وەک مێژوونووسێکی ڕاستگۆ دەردەکەوێت. ئەم ڕۆژنامەیە بووە ئەرشیفی:**

– **بەڵگەنامە سیاسییەکان:** بەیاننامەکان، نەخشەڕێگا و پەیماننامە ستراتیژییەکانی بزووتنەوەی کورد.

– **ناوی شەهیدان و قوربانیان:** تۆمارکردنی ناوی ئەو کەسانەی دەسەڵات دەیویست تەنانەت ناویان لە یاددا نەمێنێت.

– **ژیانی ڕۆژانەی خەڵک:** ڕاپۆرتەکان لەسەر دۆخی گوندەکان، ئابووری کوردستان و ئەو ستەمە ڕێکخراوەی کە پەیڕەو دەکرا. لە ڕاستیدا، ئەگەر لاپەڕەکانی «کوردستان» نەبوایە، ئەمڕۆ زۆرێک لە وردەکارییەکانی کۆماری کوردستان و قۆناغەکانی دوای ئەوە (وەک ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٧٩) دەبووە مەتەڵ و تەنیا لە ڕێگەی گێڕانەوەی دەماودەم دەمانبیستن.

– **ڕاگەیاندنی شاخ:** کاتێک پێنووس دەبێتە سەنگەر لە دوای ساڵی ١٩٧٩ و دەستپێکردنی قۆناغی خەباتی چەکداری، ڕۆژنامەی «کوردستان» پێویستی بە جۆرێکی تر لە خۆڕاگری هەبوو. چاپخانەکان گوازرانەوە بۆ ئەشکەوتەکان و قەدپاڵی چیاکان. نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکان، بە چەک و پێنووسەوە، لە ناو جەرگەی شەڕدا ڕووداوەکانیان تۆمار دەکرد. ئەمە تایبەتمەندییەکی دەگمەنی مێژوویە؛ مێژوو لە دوورەوە و لە ژووری ئارامدا نەنووسراوە، بەڵکوو لە ناو خوێن و خۆڵەمێشی ڕووداوەکاندا نووسراوە. ئەمە وای کردوە کە گێڕانەوەکانی ڕۆژنامەکە خاوەن "ڕەسەنایەتی" بن. خوێنەر کاتێک بابەتێکی دەخوێنێتەوە، دەیزانی ئەمە دەنگی ئەو پێشمەرگەیەیە کە دوێنێ لە سەنگەردا بووە.

## وشیاری نەتەوەیی و گواستنەوە بۆ سەردەمی دیجیتاڵ

ڕۆژنامەی «کوردستان» توانی چەمکی "نەتەوە" لە مێشکی تاکی کورددا جێگیر بکات. ئەو تەنیا باسی حیزبێکی نەدەکرد، بەڵکوو باسی مافی چارەنووس، دێموکراسی و یەکسانی دەکرد. ئەمڕۆ کە ئەم ڕۆژنامەیە قۆناغی کاغەزی تێپەڕاندووە و چووەتە ناو جیهانی دیجیتاڵ و سۆشیاڵ میدیا، ئەرکەکەی قورستر بووە. ئێستا ئەرشیڤی دیجیتاڵی «کوردستان» وەک کتێبخانەیەکی نیشتمانیی کراوە وایە. گەنجێکی کورد لە هەر شوێنێکی جیهان بێت، دەتوانێت بە یەک کلیک بگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی چڵ و پەنجاکان و بزانێت باوباپیرانی بۆچی خەباتیان کردوە. ئەم بەردەوامییە نیشانەی ئەوەیە کە پەیامی ڕۆژنامەکە لە جەستەی حیزبێک گەورەتر بووە و بووە بە کۆڵەکەی ناسنامەی نەتەوەیی.

## ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک ئەرشیڤی نەتەوەیی

ئەمڕۆ ئەرشیڤی ڕۆژنامەی "کوردستان"، بەتایبەت ئەو ژمارانەی لە سەردەمی کۆمار و دواتر لە قۆناغی شاخدا چاپ کراون، تەنیا وەک کاغەزێکی کۆن سەیر ناکرێن، بەڵکوو بوونەتە "باکووری مێژوویی" و سەرچاوەیەکی بێ جێگرەوە بۆ توێژەران، مێژوونووسان و زمانناسان.

**لێرەدا دەبینین چۆن ئەم ئەرشیڤە خزمەت بە زانستی مێژوو و ناسنامەی کورد دەکات:**

١- **تاکە سەرچاوەی بەڵگەیی:** بۆ هەر توێژەرێک کە بیەوێت لەسەر مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کار بکات، بەڵگەنامە دەوڵەتییەکانی ئێران زۆرجار لایەنگرانە و بە دیدێکی نەیارانە نووسراون. لێرەدا ڕۆژنامەی «کوردستان» دەبێتە تاکە سەرچاوەی ڕەسەن کە تێیدا:

- بڕیارە سیاسییەکان بەو شێوەیەی دراون تۆمار کراون.
- وتاری سەرکردەکان (وەک پێشەوا قازی، د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی) وەک خۆی پارێزراوە.
- ئەمە وای کردوە توێژەرانی بیانی (وەک ڤلادیمیر مینۆرسکی، کریس کۆچێرا و مارف خەزنەدار) بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد، پەنا بۆ ئەم ئەرشیڤە ببەن.

### ٢- گەنجینەی زمانەوانی و زاراوەسازی

بۆ زمانناسان، ئەم ڕۆژنامەیە پرۆسەی گەشەکردنی زمانی کوردی پیشان دەدات. توێژەران لە ڕێگەی ئەم ئەرشیڤەوە دەتوانن ببینن کە چۆن زمانەکە لە زمانی شێوەزارییەوە گۆڕاوە بۆ زمانی ئیداری و ڕۆژنامەوانی. چۆن وشە نوێیەکان دۆزراونەتەوە؟ چۆن ڕێنووس لە قۆناغە جیاوازەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟ ئەمە وەک تاقیگەیەک وایە بۆ ئەوانەی لەسەر مۆدێرنیتەی زمانی کوردی کار دەکەن.

### ٣- ئەنیسکلۆپیدیای کۆمەڵایەتی

**ئەرشیڤی «کوردستان» تەنیا باسی شەڕ ناکات، بەڵکوو زانیاری وردی تێدایە لەسەر:**

- دۆخی ژنان لەو سەردەمانەدا (بۆ نموونە چالاکییەکانی یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان لە سەردەمی کۆمار).
- دۆخی ئابووری، کشتوکاڵ و بازرگانی لە ناوچە ئازادکراوەکان.
- ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و ئەو بەرهەمانەی کە لە ترسی فەوتان لەم ڕۆژنامەیەدا چاپ کراون.

### ٤- بەدیجیتاڵکردن؛ گواستنەوەی مێژوو بۆ ناو مۆبایلی گەنجان

یەکێک لە گرنگترین هەنگاوەکان لە ساڵانی دواییدا، بەدیجیتاڵکردنی تەواوی ئەم ئەرشیڤە بوو. ئێستا خوێندکارێکی زانکۆ لە ئورووپا یان باشووری کوردستان دەتوانێت بە ئاسانی دەستی بە ژمارەکانی ساڵی ١٣٢٤ بگات.
- ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی شوناسی نەتەوەیی چیتر تەنیا چیرۆک نەبێت، بەڵکوو بەڵگەی بەرجەستە بێت لەبەردەستی نەوەی نوێ.

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

- ڕێگری دەکات لەوەی مێژووی کورد بە "ساختە" یان "ئەفسانە" ناو ببرێت، چونکە بەڵگەی نووسراوی مێژوویی (ڕۆژنامە) بەهێزترین شایەتە.

## بە پوختی:

ڕۆژنامەی **«کوردستان»** توانی مێژوویەک کە بڕیار بوو "بشاردرێتەوە"، بکاتە مێژوویەک کە "بدرەوشێتەوە". ئەگەر ڕۆژێک بێت مێژوویەکی گشتگیر بۆ نەتەوەی کورد بنووسرێتەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیە، ئەو مێژووە هەرگیز تەواو نابێت. ئەمە ئەو میراتەیە کە هەزاران نووسەر و پێشمەرگەی تر بە پێنووس و بە خوێن پاراستیان، تا ئەمڕۆ ئێمە بتوانین بە شانازییەوە بیخوێنینەوە.

ڕۆژنامەی **«کوردستان»** لە شاخ، سەلماندی کە "وشە" قەڵایەکی وایە کە بە فڕۆکە و تۆپباران ناڕووخێت. ئەمە مێژوویەکی دەگمەنە کە تێیدا ڕۆژنامەنووس، پێشمەرگە و شاعیر هەموویان لە یەک کەسدا کۆببوونەوە بۆ ئەوەی چرای هۆشیاری نەتەوەیی نەکوژێتەوە.

**بە کورتی، ڕۆژنامەی «کوردستان» چیرۆکی نەتەوەیەکە کە نەیویستووە بمرێت. ئەگەر تفەنگ پارێزەری خاکی کوردستان بووبێت، ئەوا ئەم ڕۆژنامەیە پارێزەری ڕۆحی کورد بووە. لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیە شاهیدی ئەوەن کە "پێنووس" کاتێک لە خزمەت مافە ڕەواکاندا بێت، لە هەموو چەکێک بڕندەترە. «کوردستان» تەنیا ڕۆژنامە نیە، بەڵکوو ناسنامەنامەی نەتەوەیەکە کە لە ڕێگەی وشەوە، مێژووی خۆی لە دەستی سڕینەوە ڕزگار کردووە.**

**١٨ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# هاوکێشەی دیپلۆماسی و هێز لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا





ناسر ساڵحیئەسڵ

زاراوە و وشەی دیپلۆماسی لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە بە واتای پێچراو یان داخراو دێت. هەروەها بە مانای وتار خوێندنەوەیش هاتووە. دیپلۆماسی بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە: زانست و هونەری نوێنەرایەتیی دەوڵەتان و لایەنە سیاسییەکان و دانوستان و گفتوگۆ لە ڕێی دەزگایەکی پسپۆڕەوە کە لە چەند نێردراوێکی دیپلۆماتیک پێک دێت بە

نوێنەرایەتیی دەوڵەتەکانیان و لایەنە سیاسییەکان کە دانوستان و گفتوگۆ دەکەن و بە زمانی ئەوان دەدوێن بۆ گەیشتن و گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی پەیوەندیی دۆستایەتیی نێودەوڵەتییەکان. لە زانستە سیاسییەکان و زانستی سیاسەت و مێژووی جەنگە ناوچەیی و جیهانییەکاندا، چەمکی "دانوستاندن و گفتوگۆ" ئامرازێکی سەرەکییە بۆ کۆتاییهێنان بە گرفت و چارەسەری ململانێکانە. واتە ئامانجی دیپلۆماسیی گشتی "گەیشتنە بە ڕێککەوتنێکی سیاسی-یاسایی" بۆ کۆتاییهێنان بە خوێنڕشتنە. بە واتایەکی دیکە دانوستاندن و گفتوگۆ لەگەڵ ڕکابەرێکی سیاسی و دوژمندا، نیشانەی هێز و دیپلۆماسییە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەیییەکانە. هەر بۆیە لە زانستی سیاسەتدا دەڵێن: "ئاشتی لەگەڵ دوژمن و ڕکابەری سیاسی دەکرێت."

بە بۆچوونی شارەزایان و کارناسانی زانستە سیاسییەکان، دیپلۆماسیی گشتی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لە نێوان سیستەمی نێودەوڵەتی یاخود سیستەمی جیهانی و شەڕە هەڵگیرساوەکان و لەناویاندا هەردوو شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی و شەڕی سارددا. لە مێژووی شەڕەکانی جیهاندا دوای هەر شەڕێکی گەورە، بنەماکانی گەمە و سیستەمی سیاسی و سیاسەت لە نێوان وڵاتاندا دارشتنەوەی بۆ دەکرێت. دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، کۆمەڵەی نەتەوەکان دامەزرا و دەیان وڵاتی تازە پێک هاتن. دواتر پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێک هێنرا و چەندین دەوڵەت-نەتەوەی دیکە لە ئاستی جیهاندا دامەزرانو چەند وڵاتێک دابەش کران. هەروەها لە سەردەمی شەڕی سارد کە بە شەڕێکی دیکەی جیهانی ناو دەبردرێت، بەڵام بە میکانیزمگەلێکی جیاواز لە هەردوو شەڕەکەی دیکە. ئەوەی ئاشکرایە و لە سیاسەتە نێودەوڵەتییەکاندا تێبینی دەکرێت لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، هیچ سیستەمێکی نوێی جیهانی دانەمەزرێنراوە و هاوسەنگییە نێودەوڵەتییەکان لە پێگەی خۆیدا ئۆقرەی نەگرتووە. چونکە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، "ئاگربەستی کاتی" لە جێی "ئاشتیی هەمیشەیی" دانراوە. بە واتایەکی دی ئەگەر لە سەردەمی شەڕی سارددا هەڕەشە و مەترسییەکانی جیهانی دووجەمسەری "سەرمایەداری و کۆمۆنیزم" پاڵی بە وڵاتانەوە دەنا کە بچنە نێو هاوپەیمانییە ئەمنییەتی-نیزامییەکانی جیهانی و ناوچەییەوە، بەڵام لە سەردەمی گلۆبالیزم و گەشەی تەکنۆلۆژیادا هەڕەشەی نەتەوەیی و بارگرژییەکان و زەقبوونەوەی پرسە نەتەوەیییەکان و ئیتنیک و ئایینزاکان لە وڵاتانی فرەنەتەوە و فرەئیتنیک و فرەئایینزا و بەتایبەت پرسە سیاسی و نەتەوەیییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بووەتە چەقی ئاڵوگۆڕە نێودەوڵەتییەکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا. هەر بۆیە پرسی کورد بەگشتی و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە قۆناغی دوای شەڕی ساردەوە، کێشە و ململانێکان لە نێوان شوناس، ناسنامە، ڕۆشنبیری و شارستانییەت لەسەر کۆڵەکەی نەتەوەیی، هەندێک وروژان و هەژانی لە ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و جیهانییەکان و ڕووداوەکانی پاش ڕووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت و یۆگۆسلاوی و شۆڕشە مەخمەلییەکان و بەهاری عەرەبی و بەتایبەت ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین وەرگرتووە.

لەم ڕووەوە پرسە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد بەگشتی، بووەتە بەشێکی گرنگی توخمە شاراوەکانی سیاسی، ئابووری، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین. بەو پێیە چونکە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بووەتە یەکێک لە گرنگترین گۆڕەپانەکانی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی، پرسە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکەوێتە چەقی هاوسەنگییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. بۆیە لە وەها بارودۆخێکدا پرسە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد بەگشتی و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە بڕیاری واقیعبینانە و هەڵسەنگاندنێکی لەسەرخۆ هەیە. دوکتور قاسملوو لە سەردەمی شەڕی سارددا، دوای ئەوەی بە تەواوی دەبێتە کەسێکی ئەکادیمی و پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان، وەک دیپلۆماتکارێکی کورد دێت "کوردستان و کورد" دەنووسێت. بۆیە لەو سەردەمەدا تەواوی توێژینەوەکانی تایبەت بە قووڵایی پێگەی کوردستان، دەخاتە بەردەم وەرچەرخاندنی تیۆرییەکانی و جارێکی دیکە لەسەر بنەمای "ستراتیژیی هێزەوە" پەیوەندیی کوردستان بە وڵاتانی ناوچەکە و جیهانەوە دادەڕێژێتەوە. دوکتور قاسملوو وێڕای پشتیوانی لە چارەسەریی پرسە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد بە شێوە و ڕێکاری ئاشتیخوازانە، ئەو واقیعە لەبەرچاو دەگرێت کە هەر بەشێک لە چواربەشی کوردستانی دابەشکراو، خەباتی خۆی بێ دەستێوەردان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە شکل و شێوەی جۆراوجۆردا بەڕێوە ببات. ئەگەرچی گومان لەودا نیە کە سوودوەرگرتن لە ئەزموون و سەرکەوتنی گەلانی دیکەی جیهان و ناوچە، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێشکەوتن و ڕابوونی کۆمەڵگای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام لە سەردەمی گلۆبالیزم و گەشەی تەکنۆلۆژیادا دەبێت بنەماکانی سیاسەت، هەڵوێست و دیپلۆماسیی دوکتور قاسملوو لە مەیدانی "دیپلۆماسی و هێز"دا ببینین، کە هەر لەسەرەتای خەبات و تێکۆشانی سیاسییەوە تا ڕۆژی شەهیدبوونی و تەنانەت لە کاتی وتووێژ و گفتوگۆ لەگەڵ دیپلۆماتە تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، واتا و مانای دیپلۆماسی و هێزی وا بینیوە کە هونەری گفتوگۆکردن و چارەسەرکردنی پرسە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرس و کێشەکانی جوگرافیا و سەرچاوەکانی ئابووری لەگەڵ ناوەندی دەسەڵات لە ئێرانی داهاتوودا وەک دوو لایەن، دەبێت چارەسەری پرسەکان و کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و بە مەبەستی یارمەتی و گەرەنتی کردنی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت. بۆیە شەهید دوکتور قاسملوو لە دیپلۆماسیی گشتییدا لەسەر ئەو باوەڕە و هەڵوێستە بوو کە لە "دیپلۆماسی و هێز"دا، (هێزی پێشمەرگەی کوردستان) تواناکانی دیپلۆماتکاری کورد لە دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ ناوەندی دەسەڵاتی ئێران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات بەهێزتر دەکات و دەرگا داخراوەکان لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات بۆ دیپلۆماسیی گشتیی کوردی و پرسە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکاتەوە.

"دیپلۆماسی و هێز" لە دید و ڕوانگەی شەهید دوکتور قاسملووەوە بریتی بوو لە: ناساندنی پرسە سیاسی و نەتەوەییەکانی



سەرچاوە
Serchawe

گەلی کورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت بە ناوەندەکانی دیپلۆماسیی گشتی و ژوورە فکری و بڕیارسازەکانی دەرەوەی وڵات بۆ پشتگیریکردن و چارەسەرکردنی پرسە سیاسی و نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد لە ڕێگای ئاشتی و بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە لە نێوخۆی وڵات، و هەرگیز گفتوگۆ و دانوستانی سەبارەت بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کوردی لەگەڵ ناوەندی دەسەڵات لە تاران ڕەت نەکردووەتەوە. کەوابوو "دیپلۆماسیی گشتی و هێز" بۆ خەباتی شار و شاخ، دەتوانێت لەو شوێنانەی کە بڕیاری سیاسییان لێ دروست دەبێت، پرسە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد زەق بکاتەوە و ڕای گشتیی جیهان و ناوچەی لێ ئاگادار بکاتەوە. هەر بۆیە "دیپلۆماسی و هێز"، توانای و شوێندانەری و کاریگەریی بەهێزی لەسەر چارەسەریی پرسە سیاسی و نەتەوەییەکان، بەربەستەکان و کاریگەرییەکان لە ڕەوتی دانوستان و گفتوگۆ لە نێوان نوێنەرانی کورد و لایەنی بەرانبەردا دەبێت. لە ئێستادا چونکە سیاسەتی دەرەوەی بەشێک لە دەوڵەتانی دێموکراتیک و کاریگەر لە ڕووی دیپلۆماسی و هێزەوە لەسەر دوو بنەما و تیۆری، لایەنگریی پاراستنی دۆخی هەنووکەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و لایەنگریی پێداچوونەوەخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕاوەستاوە، دیپلۆماسیی گشتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت بە زانیاری و خوێندنەوەی سیاسی و مێژوویی و هەڵومەرجی هۆکارەکانی شەڕ و ئاڵۆزی، پرس و کێشەی نەتەوە و ئێتنیک و ئایینزاکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، قورسایی لۆبیگەری و دیپلۆماسیی گشتیی خۆی بە لای لایەنگرانی سیاسەتی پێداچوونەوەخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەهێز بکات. چونکە بۆ ئاشتی، دێموکراسی و سەقامگیربوون و پێکەوەژیانی نەتەوەکان و ئایینزاکان لە وڵاتی فرەنەتەوە و فرەئایینزای ئێراندا، دەبێت لەسەر پێداچوونەوەخوازیی بنەماکانی دانپێدانان بە فرەنەتەوەیی و فرەئایینزایی و فرەئێتنیکیی جۆراوجۆر لە وڵاتی ئێران بێت کە پێویستییەکی سەردەمیانەیە. چونکە لە سەردەمی گلۆبالیزم و گەشەی تەکنۆلۆژیادا هێزی مۆدێرن و چارەنووسساز و سەقامگیر و پێکەوەژیان لە فرەیی پەیوەندییەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوە و ئێتنیک و ئایینزاکاندایە. چونکە ئەو پەیوەندییانە و دامەزراوانە گوتاری بەهێزی سیاسی و نەتەوەیی دروست دەکەن. لەو ڕوانگەیەوە ئیدی هێزی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئەگەری مانەوەشیدا نەک توانای سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیە، بەڵکوو توانا و دەرفەتی دەستێوەردانی لە وڵاتانی دیکەشیدا پێ نادرێت. کەوابوو لەم ڕوانگەیەوە "دیپلۆماسی و هێز"، لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا بۆ دروستکردنی کەناڵی پشتیوانیی سیاسیی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات، تەنیا ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان نیە، بەڵکوو نوخبەی سیاسی، فەرهەنگی و مەدەنیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەو پەیوەندییەدا ئەرکدارتر و بەرپرسیارتر دەبێت.

لە وەها بارودۆخێکدا دیپلۆماسیی گشتیی کورد لە دیاسپۆرا دەبێت هەنگاوی کاریگەر و جیددی بۆ دەستەبەرکردنی دۆست و پەیوەندی و لۆبیگەری بۆ یەکگرتوویی و یەکیەتیی لایەنە سیاسییەکان بهاوێژێت. بۆیە لە ئێستادا ئەرک و ئامانجی

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

"دیپلۆماسیی گشتی و هێز"، لە لایەک ناساندن و شیکردنەوەی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردە لە بێبەشبوونیدا لە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی و لە لایەکی دیکەوە دروستکردنی پەیوەندییەکی باش و سەردەمیانەیە لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوەکانی ئێران و چالاکانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی نێوخۆی گەلانی ئێران. ئەم شێوە هەوڵدانەی دیپلۆماسیی گشتی و هێز، لە دەرەوە و لە نێوخۆی وڵات، دەبێتە جێگەی سەرنجی وڵاتانی دێموکراتیک و کاریگەر و دامەزراوە و ناوەندە بڕیارسازەکان لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات. کەوابوو "دیپلۆماسیی گشتی و هێز"، دەبێت لە هەموو دەرفەتەکان کەڵکی پێویست و ئەرێنی وەربگرێت و پرس و مەسەلەی مافی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شیکاتەوە و بیناسێنێت و دۆست و پشتیوانیی سیاسیی دەرەکی و نێوخۆیی بۆ پەیدا بکات. هەروەها لە هەمان کاتدا دیپلۆماسیی گشتی و هێز، دەبێت لەوە ئاگادار بێت کە لە سیاسەتدا هیچ دۆستایەتییەک تاسەر جێی متمانە نیە. بۆیە بۆ مانەوە و بەدەستهێنانی هێز و پشتیوانیی سیاسی لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و پاراستنی ئاسایش و مانەوەدا، پێویستە پشت بە هێزی خۆی، واتا شاخ و شار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببەستێت. بۆیە لە شانۆی ململانێی ڕۆژهەڵاتی ناوینی ئاڵۆز و پڕ کێشە و شەڕدا باشترین ئامرازی ڕێگە، بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی پۆشتە و پەرداخە. چونکە لە بنەڕەتدا دیپلۆماسیی گشتی وەک بەشێک لە زانستی سیاسەت پێویستی بە کارتی هێزی ڕەق ("هێزی پێشمەرگەی کوردستان"، شاخ) و کارتی هێزی نەرم ("شار"، خودئاگاییی نەتەوەیی، دەرفەت و شەقام) هەیە.

دیپلۆماسیی گشتیی کورد، دەتوانێت لە کارتی هێزی ڕەق وەک پشتیوان لە ڕاستای ئامانج و دەرفەتەکاندا، لە قازانج و بەرژەوەندیی ویستە ڕەواکانی گەلی کورد کەڵکی پێویست وەربگرێت. بۆ ئەو مەبەستەش دیپلۆماسیی گشتیی کورد دەبێت پرۆژەیەکی دیاریکراو و گەڵاڵەکراوی بۆ دێموکراتیزاسیۆنی وڵاتی فرەنەتەوە و فرەئایینزای ئێران بۆ چارەسەریی پرسی سیاسی و نەتەوەیی هەبێت، کە کاریگەری و یەکگرتوویی هەم بۆ داڕشتنی هاوپەیمانی لەگەڵ هێز و لایەنەکانی نەتەوەکانی ئێران و هەم بۆ پشتیوانیی سیاسیی دەرەکی بۆ مافەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت. ئەوەش بە بەشداریی و چالاکیی تەواوی نەتەوە و ئێتنیک و ئایینزاکانی گەلانی ئێران دەستەبەر دەبێت. بۆیە لە ئێستادا دامەزراوەی دیپلۆماسیی گشتی و هێزی پێشمەرگەی چالاک، بۆ نەتەوەیەکی بندەست و بێدەوڵەتی وەک کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئامراز و میکانیزمێکە بۆ بەدەستهێنان و گەرەنتی کردنی ئامانج و دەستکەوتەکانی خەباتی ڕەوای و بۆ چەسپاندنی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی لە چوارچێوەی یەکەیەکی سیاسیدا بە ناوی ئێران، زۆر گرنگ و جێگەی هەڵوێستە و تێڕامانە.

١٨ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# بووکەڵەی گوێڕایەڵ





ئاسۆ مینبەری

لە ڕۆژانی ڕابردوودا بڵاوبوونەوەی بەرنامەیەک لە کانالی "افق"ی ڕێژیم کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. پێشکەشکارێکی حکوومەتی بە پرسیارێک و چوار بژاردەی بەردەم بێڕێزیی بە شەهیدانی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانە لە ئێران کرد و لەوپەڕی بێشەرمیدا خوێنی ڕژاوی خەڵکی ئازادیخوازی کردە هەوێنی گاڵتەجاڕییەک کە تەنیا شیاوی دەزگای

پڕوپاگەندە و چەواشەکاریی ڕێژیمە.

ئەمە بوو بە بیانوویەک کە ئاوڕێک بدەینەوە لەو بەناو ژنانەش کە لە میدیای داگیرکەردا ڕۆڵ دەگێڕن و بە ڕانت و پێداهەڵگوتن چوونەتە خزمەت ئەم دەزگایەوە کە باڵێکی گرینگ لە پەرەدان بە ئیدئۆلۆژیی ڕێژیم و ئامرازێکی دیار لە شەڕی ڕەوانی و سەرکوتە. دەزگایەک کە ڕاستەوخۆ لەژێر چاوەدێریی خامنەییدایە و زمانحاڵی ڕێژیمێکە کە جگە لە سەرکوت و کوشتوبڕ، جگە لە سانسۆر و بڵاوکردنەوەی درۆ و چەواشەکردنی ڕاستییەکان هیچ شتێکی دیکەی پێ نەبووە.

زۆرن ئەو ژنانەی کە بە بیانووی دابینکردنی پاروە نانێک دەچنە ژێر سێبەری ئەم دەزگا زەبەلاحەوە و ئەبن بە بەشێک لە باسکی سەرکوت و پڕوپاگەندەی ڕێژیم، بەڵام ژمارەیەکیان هەن کە ئیتر سنوورەکانی خۆشخزمەتییان تێپەڕاندووە و لەوپەڕی ڕووهەڵماڵراوی و بێشەرمیدا، لە بەرانبەر خەڵکدا ڕاوەستاون و بەرگری لە ڕێژیمێک دەکەن کە لە کۆتاییەکەی نزیک بووەتەوە. دوو کەس لەو بەناو ژنانە کە لەم وتارەدا ئەمەوێ باسیان بکەم، ساڵانێکی زۆرە لە میدیاکانی ڕێژیمدا خەریکی خۆشخزمەتین و ئەوەی بۆیان کرابێ بۆ پارە کردوویانە، تەنانەت ئەگەر فرۆشتین کەرامەت و مرۆڤایەتیش بووبێ!
لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ژینا و سەرکوتی خەڵک لەلایەن ڕێژیمەوە، ژیلا سادقی یەکێک لە بەپێشینەترین پێشکەشکارە حکوومەتییەکان، بە بەرنامەیەکەوە بە ناوی "خط قرمز" هاتەوە سەر شاشەکان. ئەوەی کە لەم بەرنامەیەدا زیاتر سەرنجی خەڵکی ڕاکێشا نەک نێوەڕۆک و قسەی ئەم پێشکەشکارە بەڵکوو، شێوەی جلوبەرگەکەی بوو! ژیلا سادقی بە پێچەوانەی هەڵسوکەوتی باوی دەنگوڕەنگی ڕێژیم کە هەمیشە ڕەشپۆشیی بەسەر پێشکەشکارەکانیدا دەسەپاند و میدیایەک بووە کە هیچ نیشانەیەک لە خۆشی و ژیان و ڕووناکایی تێدا بەدی نەکراوە، ئەم ژنەی وەک بووکەڵەیەکی گوێڕایەڵ بە دوو مەبەست هێنایە سەر شاشە، یەکەم بەدرۆخستنەوەی چەقبەستوویی کۆماری ئیسلامی لەباری پۆششەوە ئەویش ڕێک دوای قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی لەلایەن گەشتی ئێرشادەوە و دووهەم ڕاکێشانی نەوەی Z بۆ لای میدیای چەواشەکاری ڕێژیم! پێشکەشکارێک کە هەموو وزە و توانای خۆی خستووەتە کار تاکوو بە زمانی زبر و دوور لە پرەنسیپ، خەڵکی ناڕازیی سەر شەقامەکان بداتە بەر ڕەخنە و بڵێ خامنەیی تاوانباری ئەم دۆخە نییە و لەلایەکی ترەوە وڵاتانی زلهێزی وەک ئەمریکا بە دوژمن و هاندەری خەڵک بۆ ناڕەزایەتی ناو ببات لەکاتێکدا کە خۆی هاووڵاتیی وڵاتی ئەمریکایە!

ئەوەی کە ژیلا سادقی تا چەند لەم بەرنامەیەدا توانیویەتی لەمبارەوە خۆشخزمەتی بە ئیدئۆلۆژیی داسەپاوی ڕێژیم بکات، باسێکی دیکەیە بەڵام زەقبوونەوەی ئەم پێشکەشکارە و بوونی بە سووژە بابەتێکی دیکەیە. لە زۆر ڤیدیۆدا باسی لێ کرا کە خودی ئەم پێشکەشکارە کە بەو جلوبەرگەوە لە میدیادا دەردەکەوێ و چەواشەی ڕاستییەکان دەکات، لە ژیانی ئاسایی خۆیدا لە ئەمریکا لەوپەڕی ئازادیی پۆشین‌دایە و کە دێتەوە نێو ئەو جوغرافیایەی کە ئێرانی پێ دەگوترێت، کەسێکی دیکەیە.

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

پرسێک کە ژینا ئەمینی بە هۆیەوە بوو بە قوربانی و بە سەدان هاووڵاتیی دیکەش شەهید و بریندار کران تاکوو کۆماری ئیسلامی بیسەلمێنێ کە لە قەتڵی ژینادا دەستی نەبووە! ئەم ژنە وەک یەکێک لە مۆرە دیارە حکوومەتییەکان زۆر جار سۆشیاڵ میدیای بە خۆیەوە خەریک کردووە کە ئەمەش بێگومان لە چوارچێوەی پرۆژەکانی ڕێژیم بۆ خافڵکردنی خەڵک لە ڕاستییەکانە. لە یەکێک لەو ڤیدیۆیانەدا کە هی ئەم دواییانەیە هێرش دەکاتە سەر دیکۆمێنتارێک لەسەر ژیانی تەرانە عەلیدووستی، ئەکتەری ئێرانی کە بە نووسینی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بە زمانی کوردی پشتیوانیی لە شۆڕشی ژینا کرد و ماوەیەکیش لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوو. (هەڵبەت باسکردن لەو دیکۆمێنتارە لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا ناگونجێ و نووسەری ئەم وتارە لەسەر ئەو دیکۆمێنتارە خوێندنەوەی تایبەتی خۆی هەیە).

یەکێکی دیکە لەو پێشکەشکارە حکوومەتییانە ئێلمیرا شەریفیموقەددەمە کە ساڵانێکی زۆرە لە میدیای ڕێژیمدا خەریکی خۆشخزمەتییە و لەم دواییانەدا ڕوو لەو ئێرانییانەی کە پەڕیوەی دەرەوە بوون دەڵێن: "ژمارەیەک کەمتیار و گورگ کە لەودیوی سنوورن، تا شتێک دەبێ دەڵێن بەڵێ ئێمە پشتیوانی دەکەین و وەرنە مەیدان... ، پرس پرسی نێوخۆیی وڵاتە و خۆمان چارەسەری دەکەین و پێوەندیی بە ئێوەوە نییە" کە ئەمەش کاردانەوەی زۆری بەدواوە بوو و لە زۆر گرتەی ڤیدیۆییدا ڕەخنەی لێ گیرا

ئاکاری ئەم پێشکەشکارانە لە میدیاکانی ڕێژیم، نیشانەی ئاخرین بەرگرییەکانی ڕێژیمێک لە خۆیە کە دەزانێ گەیشتووەتە کۆتایی! ئەمانە تەنیا نموونەگەلێکن و بێگومان پێشکەشکاری لەم چەشنە لە میدیاکانی پارێزگاکان و بەتایبەت لە پارێزگاکانی کوردستانیشدا زۆرن؛ ئەوانەی کە گۆمی خوێنی کوردستان نابینن و تەنیا بیر لە پارەی گیرفانیان دەکەنەوە، دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە بەردەم دادگایەکی دادپەروەردا دەبێ وەڵامدەر بن.

١٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# لە پرۆفایلینگی بێدەنگ بۆ پرۆفایلینگی دەنگدار: ڕۆژاوای کوردستان و شەڕی سایبێریی نەتەوەی کورد





خالید قادری

**جیاوازیی نێوان دوایین شەڕی ڕۆژاوای کوردستان و شۆڕشەکانی پێشووی کورد لە چوارچێوەی سایبێر، پەیوەندیی نێونەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی**

## پوختە(Abstract)

ئەم توێژینەوەیە شیکارییەکی ئەکادیمی و ستراتیژیک پێشکەش دەکات لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی لە شۆڕش و بەرخۆدانی نەتەوەی کورددا ڕووی داوە، بەتایبەتی لە ڕۆژاوای کوردستان، و بەراوردکردنیان بە شۆڕشەکانی پێشووی کورد وەکوو شۆڕشەکانی سالآنی ١٩٢٠ ... توێژینەوەکە نیشان دەدات کە چۆن تێکنۆلۆژی، ئینتێرنێت و سۆشیاڵ میدیا بوونەتە هۆکاری سەرەکی بۆ گۆڕینی پرۆفایلینگی نەتەوەیی کورد، شکاندنی جوگرافیای داخراو، ڕێگری لە بێدەنگکردن و دروستکردنی هەستی یەکبوونی نەتەوەیی. هەروەها، مەترسییەکانی داهاتوو و پێویستیی ستراتیژی سایبێری بۆ پاراستنی دەنگ، پەیوەندی و داتا شیکاری دەکرێت.

وشە سەرەکییەکان: سایبێر، شەڕی سایبێری، ڕۆژاوای کوردستان، شۆڕشی کورد، ئینتێرنێت، سۆشیاڵ میدیا، ئاسایشی نەتەوەیی.

## پێشەکی

لە مێژووی نەتەوەی کورددا، شۆڕش و بەرخۆدان زۆرجار تووشی سەرکوتکردنی بێدەنگ بوو. لە شۆڕشەکانی پێشوودا، بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەم، کورد لە پرۆفایلینگی نێونەتەوەییدا وەک نەتەوەیەکی بێدەنگ، جوگرافیای داخراو و بێ پەیوەندی ناسراوە .(McDowall, 2004) ئەم پرۆفایلە ڕێگەی دا کە سەرکوتکردن، کوشتار و شکست بەبێ چاودێری جیهانی ئەنجام بدرێت.

بەڵام ئەزموونی ڕۆژاوای کوردستان نیشانی دا کە ئەم شێوازە سەرکوتکردنە ناتوانرێت وەک پێشوو دووبارە بکرێتەوە. ئەمە پرسیارێکی بنەڕەتی دروست دەکات؛ چی بوو بە هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە و چۆن کورد توانی لە پرۆفایلینگی بێدەنگ بگوازرێتەوە بۆ پرۆفایلێکی دەنگدار؟

### پرۆفایلینگی نەتەوەیی کورد لە شۆڕشەکانی پێشوودا

لە شۆڕشەکانی پێشووی کورددا، وەک شۆڕشەکانی ساڵانی ١٩٢٠، کورد لە چوارچێوەی نێونەتەوەییدا وەک نەتەوەیەکی بێدەنگ، بێ ڕاگەیاندن و بێ توانای هاواری نێونەتەوەیی ناسراوە .(Romano, 2006) ئەم بارودۆخە وادەکات جوگرافیا ببێتە سنوورێکی سەرکوتکردن، نەک ئامرازێکی پاراستن.

## نموونە مێژووییەکان: کۆماری کوردستان، شۆڕشی ١٣٥٧ هەتاوی و شۆڕشەکانی باشووری کوردستان

کاتێک باسی شۆڕشەکانی پێشووی کورد دەکرێت، پێویستە ئەوە تێبگەین کە ئەم شۆڕشانە تەنیا ڕووداوە سەربازییەکان نەبوون، بەڵکوو لە چوارچێوەی پرۆفایلینگی نێونەتەوەییدا وەک شۆڕشەکانی بێدەنگ ناسراون. نموونەی دیاریکراوی ئەم بارودۆخە، کۆماری کوردستانە (١٩٤٦). ئەگەرچی ئەم کۆمارە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا مانایەکی زۆر گەورە و پیرۆزی هەیە، بەڵام لە فەزای نێونەتەوەییدا پرۆفایلێکی بەهێزی نەبوو، بۆیە سەرکوتکردنی بە خێرایی و بێ چاودێری ئەنجام درا.(McDowall, 2004)

هەمان شێواز لە شۆڕشی ١٣٥٧ هەتاوی (١٩٧٩) یشدا دیارە. کورد بەشێکی گرنگی شۆڕشی گشتیی ئێران بوون، بەڵام دوای شۆڕشەکە، داواکانیان لەژێر پرۆفایلینگی بێدەنگدا دەمێننەوە و سەرکوتکردنیان بەبێ چاودێریی نێونەتەوەیی ئەنجام درا (Romano, 2006).

هەروەها، لە شۆڕشەکانی باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی، ئەگەرچی شۆڕشەکان لە ڕووی سەربازی و نەتەوەییەوە بەهێز بوون، بەڵام لە ڕووی ڕاگەیاندن و پرۆفایلینگی نێونەتەوەییەوە سنووردار بوون. جوگرافیا، سنوور و نەبوونی تێکنۆلۆژیی پەیوەندیی نێونەتەوەیی دەنگی کوردیان لە فەزای جیهانی دابڕیبوو.

ئەم نموونانە نیشان دەدەن کە شۆڕشەکانی پێشووی کورد زۆرجار دەتوانران بەبێ هەواڵ، بێ گوشار و بێ وەڵامی جیهانی سەرکوت بکرێن؛ ئەمە جیاوازی بنەڕەتیەکەیە کە ڕۆژاوای کوردستان لەوانە جیا دەکاتەوە.

## تێکنۆلۆژی و شکاندنی جوگرافیای داخراو

گەشەی تێکنۆلۆژی، بەتایبەتی ئینتێرنێت، هۆکاری سەرەکی بوو بۆ شکاندنی جوگرافیای داخراوی کورد. لە ڕۆژاوا، هەر تاکێک بوو بە هەواڵنێرێک، شایەتحاڵێک و بەشداربووی ڕاگەیاندن. ئەم حاڵەتە پرۆفایلینگی کوردی گۆڕی لە نەتەوەی بێدەنگ بۆ نەتەوەی دەنگدار.(Castells, 2012; Shirky, 2011)

### سۆشیاڵ میدیا و دروستبوونی هەستی یەکبوونی نەتەوەیی

سۆشیاڵ میدیا پەیوەندییەکی بێ سنووری لەنێوان بەشەکانی کوردستان دروست کرد. سنوورە سیاسییەکان نەیانتوانی پێش ئەم پەیوەندییانە بگرن، ئەمەش بوو بە هۆکاری دروستبوونی هەستی یەکبوونی نەتەوەیی و هاواری یارمەتیی نێونەتەوەیی.

بێهیوایی دوژمنان لە پێشگرتنی پەیوەندی سایبێری لە کاتی شەڕی ڕۆژاوا، دوژمنانی کورد نەیانتوانی هێڵی ئینتێرنێت ببڕن یان پەیوەندیی دیجیتاڵی بە تەواوی دابخەن. ئەم ناکامییە ڕێگری کرد لە بێدەنگکردن و کوشتاری بێ هاواری.

### وانەی ئەزموونی ئێران: سنووری دیجیتاڵ و بێدەنگکردن

ئەزموونی ئێران نیشان دەدات کە دەوڵەتان دەتوانن سنووری دیجیتاڵ دروست بکەن و دەنگ ببڕن .(Deibert, 2015) ئەم وانەیە ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەوەی ڕۆژاوا تێیدا سەرکەوت، هەمیشە دووبارە نابێتەوە.

### دەسەڵاتی داتا و مەترسییەکانی داهاتوو

لە سەردەمی سایبێر، داتا بووە بە چەکێکی ستراتیژیک. کۆکردنەوەی زانیاری تاک و کۆ دەتوانێت بۆ پرۆفایلینگی تاک و نەتەوە، کۆنترۆڵی کۆمەڵگە و شەڕی دەروونی بەکاربهێنرێت.(Benkler et al., 2018) پێویستیی ستراتیژی سایبێری بۆ داهاتوو بۆ ئەوەی کورد بتوانێت لە شەڕەکانی داهاتوودا بەرخۆدان بکات، پێویستە دەسەڵاتی ئینتێرنێت و پاراستنی پەیوەندی ببێت بە بەشێک لە ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی.

### کۆتایی: لە شۆڕشی خاک بۆ شۆڕشی ئاسمان

جیاوازی نێوان ڕۆژاوا و شۆڕشەکانی پێشووی کورد، جیاوازی نێوان شۆڕشی بێدەنگ و شۆڕشی دەنگدارە. سایبێر بووە بە مەیدانی سەرەکی شەڕی نەتەوەکان و کورد پێویستە ئەم مەیدانە بە ژیرانە بپارێزێت.

پەیامی سەرەکیی ئەم مەقالەیە ئەوەیە کە ئاسایشی نەتەوەیی کورد لە سەردەمی هاوچەرخدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە


سەرچاوە Serchawe

ئاسایشی سایبێری و کۆنترۆڵی ئینتێرنێتەوە گرێدراوە، ئەزموونی ڕۆژاوای کوردستان نیشانی دا کە تا کاتێک نەیارانی کورد نەتوانن کۆنترۆڵی ئینتێرنێت، پەیوەندی دیجیتاڵ و دەسەڵاتی داتا لە بەشەکانی کوردستان بەدەست بگرن، ناتوانن پرۆفایلینگی بێدەنگ دووبارە دروست بکەنەوە.

لە ڕووی ستراتیژیکەوە، پێویستە:

ڕێگری لەوە بکرێت کە ئینتێرنێت و پەیوەندی دیجیتاڵ وەک چەکێکی سیاسی و ئەمنییەتی دژ بە کورد بەکاربهێنرێت؛
ئاڵتێرناتیڤی (هێڵی) پەیوەندی بۆ کاتی پچڕانی ئینتێرنێت و بێدەنگکردن هەبێت؛

پێش لە دەستڕاگەیشتن بە داتای تاک و کۆ بگیرێت، چونکە داتا دەتوانێت بۆ پرۆفایلینگی نەتەوەیی، شەڕی دەروونی و کۆنترۆڵی کۆمەڵگە بەکاربهێنرێت؛

**پاراستنی داتا و پەیوەندی (هێڵ) ببێت بە بەشێک لە ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی کورد.**

١٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

---

---



سەرچاوە Serchawe

# بۆ وەرچەرخان لە داهاتووی ئێراندا بەبێ بەشداریی ژنان ئەستەمە؟





سۆزان فەتحی

لەکاتێکدا ئێران لە لێواری گۆڕانکارییەکی مێژووییدایە، پرسیارێک کە پێویستە بە ڕاشکاوی بخرێتە ڕوو ئەوەیە کە کێ بڕیار لەسەر داهاتووی وڵات دەدات؟ ئەگەر ژنان لە بەشداریی پارتە سیاسییەکان، ڕۆڵە چارەنووسسازەکان، بەڕێوەبەریی و دانوستانەکان سەبارەت بە سیستەمی سیاسیی داهاتووی ئێران بێبەش بکرێن، ئەوا هەر دێموکراسییەک کە ئێستا بەڵێنی

وەدیهاتنی دەدرێت، هەر لە سەرەتاوە تووشی کەمایەسی دەبێت.

لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ڕابردوویەکی دوورودرێژ و تاریک لە بێبەشکردن و پەراوێزخستنی ژنان لە دەسەڵاتی سیاسی و ناوەندەکانی بڕیاردانـدا هەیە، ئێـرانیش نەک هەر لەو تایبەتمەنـدییە بەدوور نیـیە، بەڵکـوو بە شـێوەی سیستماتیک و پلانبۆداڕێژراو ژنانی لە ناوەندەکانی دەسەڵات دوور خستووەتەوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ژنـانی ئێران لە دیـارترین و بوێرترین ئەو هێزە کۆمەڵایەتییـانەن کە لەدژی دەسەڵاتی دیکتـاتۆری ڕاوەستاونەتەوە. پەراوێزخستنیان لەو دۆخەی ئێستـادا ڕێک لەو کـاتەدا کە بناغەکـانی سیستەمێکی نوێ تـاوتوێ دەکرێت، کـارێکی نـاداپەروەرانە و لە ڕووی سیاسیشەوە کردەیەکی کورتبینانەیە.

ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات بەبێ بەشداریی ژنان بەڕێوە ناچێت. ئەوە هەر تەنیا دروشمێک نییە؛ بەڵکوو ئەنجامێکە کە بە بەڵگەی زانستی پشتڕاست کراوەتەوە. بەپێی توێژینەوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکـان بۆ ژنـان(UN Women) ، ئەو ڕێککەوتننامە ئاشتییانەی ژنانی تێدا بەشدارن، ئەگەری مانەوەیان بۆ ماوەی دوو ساڵ بە ڕێژەی ٢٠٪ زیـاترە و ئەگەری مانەوەیـان بۆ مـاوەی پـازدە سـاڵ بە ڕێـژەی ٣٥٪ زیـاترە، بەراورد بەو ڕێککەوتننامـانەی کە ژنانیـان تێدا نییە. هەر بە پشتبەسـتن بەو ئامـارانە ئەو بیـرۆکەیە ڕەت دەکـرێتەوە کە دەیەوێـت بەشـداریی ژنـان تەنیـا کردەیەکـی سـیمبۆلیک یـان هەڵبژاردەیەکی پلە دوو بێت.

هەروەهـا توێژینەوەکـانی پەیمانگـای جۆرج تـاون بـۆ ژنـان، ئاشتی و ئـاسایش، کە شیکارییان بـۆ زیـاتر لە چل پرۆسـەی ئاشتی کـردووە، دەریـدەخەن کە بەشـداریی ژنـان پەیوەنـدییەکی بەهێـزی هەیە بەو ڕێککەوتننـامـانەی کە ڕیفـۆرمی سیاسـی، پاراستنی مافەکـانی مرۆڤ و میکانیزمەکـانی لێپرسینەوە و چاودێریی دێموکراسی لەخۆ دەگرن. کاتێـک ژنـان لەسـەر مێزی دانوسـتان ئامـادەن، ڕێککەوتنەکـان زیـاتر ڕەنگـدانەوەی خەمە گشـتییەکانی کـۆمەڵگەن، نەک تەنیـا دابەشکردنی دەسـەڵات لەنێوان هەڵبژاردەیەکدا بۆ ماوەیەکی کورتخایەن.

بەرپرسایەتیی بەشدارپێکردن و دەرفەتدان بە ژنان نەک تەنیا لەسەر شانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە بەگشتی، بەڵکوو لەسەر شانی هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد و بە تـایبەتیش لەسـەر شـانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە (حدکا). ژنـانی کورد لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا دەیان ساڵە شانبەشانی پیـاوان خەبـات دەکەن، ئەوان بەشدارییان لە خەبـاتی بەرگریی چەکداری، خۆپێشاندان و ڕێکخستنە سیاسییەکان کردووە و لە ئەکتەرە دیارەکـانی کۆمەڵگەی مەدەنی بـوون و لە پاراستنی زمان و ناسنامە، ژینگە و ژیواری کورددا بەشداریی چالاکانەیان کردووە. ئەوانیش بۆ ئازادی نرخیان داوە و لە

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

زۆر بواریشدا نرخی ئەو ئازادییە لەسەر ژنان گرانتر کەوتووە.

بەڵام، قوربانیدان لە مەیدانی جەنگ، زیندان و شەقام و کۆڵانەکانی وڵاتدا دەبێت لەگەڵ بەشدارپێکردن لە بڕیاردانی سیاسیدا هاوتا بێت. هێزە کوردستانییەکان دەبێت زیاتر لە هەموو کاتێک لەو دۆخە هەستیارەدا لەو هاوکێشەیە تێبگەن و دڵنیایی بدەن کە ژنان بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە پێکهاتەی سەرکردایەتییان، دانوستانەکان و دیالۆگی سیاسی سەبارەت بە پاشەڕۆژی ئێراندا بەشدار بن. توێژینەوەکانی پەیمانگای توێژینەوەی ئاشتی لە ئۆسلۆ (PRIO) نیشانی دەدەن کە ئەو پرۆسە ئاشتییانەی بەشداریی چالاکانەی ژنانی تێدایە، ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتنیان زیاترە و کەمتر ئەگەری هەیە تووشی شکستی بنەڕەتی ببنەوە.

هەروەها ژنان وەک پردێکی سیاسی ڕۆڵ دەگێڕن و توێژینەوەکان دەریدەخەن کاتێک ژنان لە حکومڕانیدا بەشدار دەبن، ژنانی دیکەش ڕادەکێشنە نێو ژیانی سیاسی، ئەمەش نوێنەرایەتی لە سەرجەم دامەزراوەکاندا زیاد دەکات و ڕەوایەتیی دێموکراسی بەهێزتر دەکات.

دواخستنی بەشدارپێکردنی ژنان بۆ دوای سەرکەوتنی سیاسی، هەڵەیەکی مێژوویی دیارە. مێژوو دەریخستووە کاتێک بەشدارپێکردن لە پێناو "سەقامگیری"دا دوادەخرێت زۆربەی کات بە پەراوێزخستنی هەمیشەیی کۆتایی دێت و ئێستا کە دانوستان لەسەر داهاتووی ئێران دەکرێت، ئەوا دەبێت ژنان ئەمڕۆ ئامادە بن، نەک تەنیا بەڵێنی بەشداری و کورسیی دەسەڵاتیان لە داهاتوودا پێ بدرێت.

**وەرچەرخانێکی دێموکراتیک کە ژنان پەراوێز بخات، بەتایبەت ئەو ژنانەی بۆی جەنگاون، بە هیچ شێوەیەک وەرچەرخانێکی دێموکراتیک نییە. ژنانی ئێران، لەوانەش ژنانی کورد، پێشتر پابەندبوونی خۆیان بۆ ئازادی سەلماندووە. ئێستا کاتی ئەوەیە دەرفەت و دەسەڵاتیان پێ بدرێت و لە داڕشتنی داهاتووی وڵاتدا بەشدار بن.**

**١٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# پرسی کورد، لەقاودانی لێکدژبوونی مافی مرۆڤ و شەڕ دژی تێرۆریزم لەژێر کارتێکەریی زلهێزەکاندا






سەربەست ئورمیە

بەرخۆدانی گەلی کورد لە ڕۆژاوا، ناکرێت بە وەڵامێک بۆ شەڕی نێوخۆیی یان بەرپەرچدانەوەیەک لە بەرامبەر مەترسی لەسەر ئاسایش و هەڕەشەی داگیرکەر لەم بەشەی کوردستاندا لێک بدرێتەوە. ئەم بەرخۆدانە ئێستا گرێ کوێرەی سەرەکیی

سیاسەتی جیهانی یە، بزاڤێک کە بێ واتا بوونی دروشمگەلی بریقەداری وەکوو مافی مرۆڤ، شەڕ لە دژی تێرۆریزم و سەقامگیریی ناوچە، لە ژێر سێبەری بەرژەوەندیی زلهێزەکاندا دەسەلمێنێت. پشتیوانیی نەتەوەیی و یەکپارچەی گەلی کورد لەم خۆڕاگرییە، نابێت تەنیا بە هەست و سۆزی نەتەوەپەروەری و کاتی دابندرێت، بەڵکوو هەوڵێکی وشیارانەیە بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی جیهانیی لە پرسی کورد و دەنگ هەڵبڕینێکە لە بەرامبەر بە بێ متمانە بوونی پێکهاتە و سیستەمی نێونەتەوەییدا.

## پرسی کورد؛ لە پەراوێزخستنە مێژووییەکەیەوە هەتا ناوەندە دژوازە جیهانییەکان

ساڵانێکە کە پرسی کورد بووە بە فیدای ڕێککەوتنە داخراوەکان، سنوورە داسەپاوەکان و سیاسەتی بە هەر نرخێک سەقامگیرکردنی بارودۆخی ناوچەیەک کە ناوەندی ململانێی هاوکێشە دژ بە یەکە جیهانییەکانە. ئەو بەرخۆدانەی ئەمجارەی ڕۆژاوا، ڕاکێشانی ئەم پرسەیە بۆ ناوەندی سیاسەتی جیهانی. گەلی کورد لە یەکێک لە هەستیارترین و گرینگترین قۆناغەکانی ناوچەدا، ڕۆڵێکی ئەوتوویان گێڕا کە تەنانەت دوژمنەکانیانیش ناچار بوون دانی پێدا بنێن. لە کاتێکدا کە کێشەی داعش جیهانی بە سەر دوو بەرەی بەرژەوەندی پارێز و بەرگریکار و بگرە لاواز دا دابەش کردبوو، گەلی کورد وەکوو هێزێکی سەرەکی ئەم دێوزمەیەی کە زلهێزان لێی دەترسان بە چۆک داهێنا. بەڵام ئەو سەرکەوتنە مەزنە، لە جیاتی ئەوەی ببێتە بنەمای ناساندنی سیاسی و یاسایی، بوو بە ئامرازێک بۆ بەکارهێنان لە یاسای زلهێزەکاندا. کورد بوو بەهاوبەشی مەیدانی، نە هاوبەشی سیاسی. ئەمە ئەو خاڵەیە کە بە پشتیوانیی نەتەوەیی لە کوردستاندا واتا دەبەخشێت. شەڕ بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو شێوازە ئامرازییە و سەپاندنی پرسی کورد وەکوو بابەتێکی یاسایی و سیاسی کە نابێت پشتگوێ بخرێت.

## مافی مرۆڤ؛ بنەمایەکی جیهانی یان ئامرازی سیاسەت

زلهێزەکان ئەوە بۆ جاری چەندەمە دەیسەلمێنن کە مافی مرۆڤ بۆیان نە بنەما، بەڵکوو هاوکێشەیەکە کە بە بەرژەوەندییەکانیانەوە گرێ دراوە. کاتێک هێزی کورد شکست بە داعش دەهێنن، بە هێزی هەرێمیی کاریگەر ناودەبردرێن؛ بەڵام کاتێک کە داوای خۆبەڕێوەبردن، ئاسایش و کرامەتی مرۆیی خۆیان دەکەن، هەمان هێزی کاریگەر لە لایەن هێندێک وڵاتەوە لە ڕیزی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش دادەنرێت و لەگەڵ بێدەنگیی ئەوانەدا ڕووبەڕوو دەبێت کە خۆیان بە پارێزەری مافی مرۆڤ دەزانن.

پشتیوانیی نەتەوەی کورد لە بەرخۆدانی ڕۆژاوای کوردستان، ئەم دووڕووییە ئاشکرا دەکات: ئەگەر شەڕ لە دژی تێرۆریزم

ڕاستەقینە و ڕەوایە، ئەدی لە بەر چی ئەو هێزەی کە زۆرترین قوربانیی لەم پێناوەدا داوە، ئێستا دەبێت ببیتە قوربانی مامەڵە سیاسییەکان؟ و ئەگەر مافی مرۆڤ وەکوو بنەمایەکی یاسایی جیهانییە، بۆچی بۆردومان، کۆچاندنی زۆرەملێ و سەرکوتی کورد لە ڕۆژاوا و سووریا دا، تاوەکوو ئێستا وەکوو قەیرانێکی جیددی بە هەند وەرنەگیراوە و لێپرسینەوەی لێ ناکرێت؟

## بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم؛ سەپاندنی هێزە، نەک چەسپاندنی ڕاستی

یەکێک لە مەترسیدارترین ڕەهەندەکانی سیاسەتی جیهانی، پێناسەی ئامرازیی واتە تەشقەڵەکردنە بە چەمکی تیرۆریزم و گۆڕینی واتاکانی بەپێی بەرژەوەندییەکان. لەم تەشقەڵەکردنەدا، کۆمەڵێک کە دوێنێ هاوپەیمانێکی نزیک بووە، ئاساییە کە ئەمڕۆ وەکوو هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی وێنا بکرێت. خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژاوا، ڕێک لەم گەمە فێڵاوییەی سیاسەتدا تێدەپەڕێت؛ ئەوان نە تەنها لە سەنگەری پێشەوەی شەڕ لە دژی تیرۆردا بوون، بەڵکو بوونەتە قوربانیی ئەو پێناسە سیاسییە نوێیانەی کە هێزەکان بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان دایدەتاشن.

پاڵپشتیی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ڕۆژاوای کوردستان، ئەم گەمە پڕ لە مەترسییە ڕووبەڕووی پرسیار دەکاتەوە کە: گەلۆ کێ خاوەنی ئەو شەرعییەتەیە کە بڕیار بدات کێ تیرۆریستە؟ ئایا ئەم ناساندنە پەیوەستە بە کردار، ئایدۆلۆژیا و بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژی مرۆڤە بێتاوانەکان، یان تەنها ڕەنگدانەوەی ئاستی ملکەچبوونە بۆ داخوازییە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی زلهێزانی جیهان؟

## بەرپرسیاریەتیی مێژوویی، سەرووتر لە هاوسۆزی

ئەگەر ئەم پاڵپشتییە تەنها لە فۆرمی ڕاگەیاندراو و هاوسۆزیدا پێناسە بکرێت، جگە لەوەی کە بێ بایەخ دەکرێت، هیچ گۆڕانکارییەکیش بەدوادا نایەت. گرنگیی پشتگیریی نیشتمانیی کوردستان لە توانایی بوون بە گوتارێکی سیاسیی یەکگرتوودایە؛ گوتارێک کە دەتوانێت پرسی کورد نە وەکوو قەیرانێکی ئەمنی، بەڵکو وەکوو پرسێکی چارەسەرنەکراوی دێموکراسی و مافی نەتەوەکان بەسەر جیهاندا بسەپێنێت.

لە ڕاستی و لە کۆتاییدا، خۆڕاگریی گەلی کورد لە ڕۆژاوا، ئاوێنەیەکە لەبەردەم ڕاستییەکانی سیستەمی جیهانیدا، کە دەمامکی مافی مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریزمدا لە سەر سیستمی جیهانی لادەدات و ئاشکرای دەکات کە بەرژەوەندی قسەی یەکەم دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

پشتگیریی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان، ئەگەر وشیارانە، ڕەخنەگرانە و سەربەخۆ درێژەی پێ بدرێت، توانای ئەوەی هەیە کە نە تەنیا هێزە جیهانییەکان، بەڵکوو هێزە کوردییە جیاوازەکانیش بەرەڕووی ئەو ڕاستییە بکات کە گەلۆ ئێمەش ئامادەین پرسی خۆمان لە جەغزی مەزلوومییەتدا بهێنینە دەرەوە و لە ئاستی داواکاریی سیاسیی و نەتەوەییدا بەرز بکەینەوە یان نا؟

٢٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# دواین دەرفەتی ڕۆژاوا؛ چۆن پەرگالێکی نوێی جیهانیی دروست بکەین، بەر لەوەی زۆر درەنگ بێت (٣-٢)





فارین نەفەیرز – ئالێکساندەر ستوب
و: لە ئینگلیزییەوە کەماڵ حەسەنپوور

"کەتوارگەریی بایەخ تەوەر"ی فینلەند

سیاسەتی دەرەوە زۆرجار لەسەر سێ پایە دامەزراوە: بایەخەکان، بەرژەوەندییەکان و هێز. لە کاتێکدا کە دینامیک و هاوسەنگیی پەرگالی جیهانی خەریکی گۆڕانن، ئەو سێ توخمە یەکلاکەرەوەن. من خەڵکی وڵاتێکی تا ڕادەیەک بچووکم کە ڕێژەی دانیشتووانی دەگاتە نزیکەی شەش میلیۆن. ئەگەرچی ئێمە یەکێک لە مەزنترین هێزەکانی بەرگریی ئورووپامان هەیە، دیپلۆماسییەکەمان پشتئەستوور بە بایەخ و بەرژەوەندییەکانە. هێز، هی ڕەق و هی نەرم، تا ڕادەیەکی زۆر شتی لوکسی زلهێزانن. ئەوان دەتوانن هێزی ئابووری و سەربازیی خۆیان پیشان بدەن، و بەو شێوەیە لایەنە بچووکەکان ناچار بکەن خۆیان لەگەڵ ئامانجەکانی ئەوان ڕێک بخەن. بەڵام وڵاتە بچووکەکان دەتوانن بە هاوکاریی لەگەڵ ئەوانی دیکە بەهێز بن. هاوپەیمانییەکان، تاقمەکان و دیپلۆماسیی ژیرانە ئەو شتانەن کە دەسترۆیشتوویی ئەوتۆ دەبەخشنە یاریکەرە بچووکەکان کە گەلێک لە ئاستی سەربازیی و ئابووریی ئەوان بەولاوەترە. زۆرجار، ئەو هاوپەیمانییانە لەسەر بایەخی هاوبەش، وەک ئەرکداریی بەرانبەر بە مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی یاسا دامەزراون.

وەک وڵاتێکی بچووک کە هاوسنووری زلهێزێکی ئیمپراتۆرییە، فینلەند فێر بووە کە هەندێک جار وڵاتێک دەبێ بەشێک لە بایەخەکان بۆ پارێزگاریی لەوانی دیکە، یان تەنیا بۆ مانەوە، وەلانێت. دەوڵەتداریی لەسەر پرەنسیپەکانی سەربەخۆیی، خاوەن بڕیار بوون و یەکپارچەیی خاک دامەزراوە. دوای جەنگی جیهانیی دووهەم، فینلەند، بە پێچەوانەی هەڤاڵانمان لە بالتیک کە یەکیەتیی سۆڤیەت دەستی بەسەردا گرتن، سەربەخۆیی خۆی وەدەست هێنایەوە. بەڵام ئێمە ٪١٠ی ڕووبەری وڵاتمان، لە ناویاندا ئەو ناوچانەی باوباپیرانم تێیدا لەدایکبوون، کەوتە ژێر دەسەڵاتی یەکیەتیی سۆڤیەت. و، بە شێوەی یەکلاکەرەوە، ئێمە ناچار بووین واز لە بەشێک لە بڕیاردانی سەربەخۆ بهێنین. فینلەند نەیتوانی ببێتە ئەندامی ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییانە کە ئێمە بە شێوەی سروشتی پێمان وابوو سەر بە ئەوانین، وەکوو یەکیەتیی ئورووپا و ناتۆ.

لە ماوەی جەنگی سارددا، سیاسەتی دەرەوەی فینلەند بە "کەتوارگەریی پراگماتیک" پێناسە دەکرا. بۆ پێشگرتن بە هێرشی دووپاتەی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ سەرمان، وەکوو چۆن لە ١٩٣٩ کردی، ئێمە لەسەر بایەخە ڕۆژاواییەکان سازشمان کرد. ئەو سەردەمە لە مێژووی فینلەندا، کە دەستەواژەی "فینلەندیکراو"ی بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەخشی، شتێک نیە کە ئێمە شانازیی پێوە بکەین، بەڵام توانیمان سەربەخۆیی خۆمان بپارێزین. ئەو ئەزموونە وای کردوە ئێمە خۆمان لە هەر جۆرە دووپاتەبوونەوەیەکی ببوێرین. کاتێک هەندێک کەس دەڵێن فینلەندی کردن ڕەنگبێ ڕێگەچارەیەک بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگی ئۆکراین بێت، من بە هیچ شێوەیەک هاوڕای نیم. ئاشتییەکی ئەوتۆ تێچووەکەی لە ڕادەبەدەر دەخوازێت، کە بەکردەوە بە مانای وازهێنان لە سەربەخۆیی و خاکە.

دوای کۆتایی جەنگی سارد، فینلەند، وەک زۆر وڵاتی دیکە پێشوازیی لە بیرۆکەی کردنی بایەخەکانی جیهانی ڕۆژاوا بە

دیاردەیەکی باو کرد، شتێک کە من ناوی دەنێم "لیبرالیزمی بایەخ تەوەر." ئەوە ئێزنی بە فینلەنددا لە ١٩٩٥ ببێتە ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا. هاوکات، فینلەند هەڵەیەکی جیددی کرد: ئەو، بە ویستی خۆی، بڕیاری دا لە دەرەوەی ناتۆدا بمێنێتەوە. (بۆ مێژوو، من ٣٠ ساڵ داکۆکیکارێکی بەئەمەگی ئەندامەتی لە ناتۆدا بووم). هەندێک فینلەندی بڕوایەکی ئایدیالیستییان هەبوو کە ڕووسیە وردە وردە دەبێتە دێموکراسییەکی لیبراڵ، کە وابوو پێویست ناکات ببینە ئەندامی ناتۆ. بەشێکی دیکە لەوە دەترسان بێتوو فینلەند ببێتە ئەندامی ئەو هاوپەیمانییە، ڕووسیە کاردانەوەی خراپی دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی دیکە پێیان وابوو فینلەند، بە مانەوەی لە دەرەوەی ئەو هاوپەیمانییە، یارمەتیدەری پاراستنی هاوسەنگی و، بەو هۆیەوە ئاشتی، لە ناوچەی دەریای بالتیکە. دەرکەوت کە گشت ئەو هۆدانانە هەڵە بوون و، فینلەند بەگوێرەی ئەوەوە خۆی گونجاند و؛ دوای هێرشی هەمەلایەنەی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین، بوو بە ئەندامی ناتۆ.

ئەوە بڕیارێک بوو بەگوێرەی بایەخەکان و بەرژەوەندییەکانی فینلەند. فینلەند پێشوازیی لە شتێک کرد کە من پێی دەڵێم "کەتوارگەریی بایەخ تەوەر": ئەرکداریی بەرانبەر بە تاقمێک بایەخی گەردوونی کە لەسەر ئازادی، مافە بنەڕەتییەکان و یاسای نێودەوڵەتی دامەزراون لە کاتێکدا کە هێشتا ڕێز لە ڕاستییەکانی فرەچەشنیی کولتوور و مێژووەکانی دنیا دەگرێت. جیهانی ڕۆژاوا دەبێ بە بایەخەکانی وەفادار بێت، بەڵام تێبگات کە گیروگرفتەکانی دنیا تەنیا بە هاوکاریی نێوان وڵاتانی هاوبیر چارەسەر نابێت.

کەتوارگەریی بایەخ تەوەر ڕەنگبێ وەک دەستەواژەیەکی دژواز بێتە بەر گوێ، بەڵام وا نییە. دوو تیۆریی بەهێزی پاش سەردەمی جەنگی سارد وێدەچوو بایەخە گەردوونییەکان بە قازانجی لێکدانەوەیەکی کەتوارگەرانەتری هێڵە جیاکەرەوەکانی سیاسی وەلانێن. تێزی کۆتایی مێژووی فوکویاما سەرکەوتنی سەرمایەداریی بەسەر کۆمۆنیزمی وەک موژدەبەخشی دنیایەک سەیر دەکرد کە بە شێوەی پەرەئەستێن بەرەو لیبراڵیزم و ئابووری بازاڕدا دەشکێتەوە. دیدی دووری "پێکدادانی شارستانییەکان"ی زانای سیاسی، ساموئێل هانتینگتۆن پێشبینی دەکرد کە هێڵە جیاکەرەوەکانی جوگرافیای سیاسی لە جیاوازیی ئایدیۆلۆژیکییەوە بەرەو جیاوازیی کولتوورییەوە دەگۆڕدرێن. لە ڕاستیدا، وڵاتان دەتوانن لە دانوستان لەسەر پەرگالی بەرەو گۆڕانی ئەمڕۆدا کەڵک لە هەردووکیان وەرگرن. لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەدا، دەوڵەتانی سەر بە جیهانی ڕۆژاوا دەتوانن درێژە بە بڕوایان بە دێموکراسی و بازاڕ بدەن بەبێ پێداگریی لەسەر گەردوونیبوونی ئەوان؛ لە شوێنی دیکە، ڕەنگبێ مۆدێلی دیکە بتوانن بەردەوام بن. تەنانەت لەناو جیهانی ڕۆژاواش، ئامانجەکانی دابینکردنی ئەمنییەت و بەرگریی لە سەربەخۆیی هەندێک جار ئەرکداریی بێ ئەملاو و ئەولا بە بایەخە لیبراڵەکان نامومکین دەکەن.

وڵاتان دەبێ لە هەوڵی وەدیهێنانی پەرگالێکی جیهانیی هەرەوەزیی کەتوارگەریی بایەخ تەوەر دابن، کە تێیدا هەم ڕێز لە

سەروەریی یاسا بگیرێت و هەروەها لە جیاوازیی سیاسی و کولتووری. بۆ فینلەند، ئەوە بە مانای پەیوەندیگرتن بە وڵاتانی ئەفریقا، ئاسیا و ئەمریکای لاتینە بۆ تێگەیشتنی باشتر لە هەڵوێستیان بەرانبەر بە جەنگی ڕووسیە دژی ئۆکراین و کێشەکانی دیکە کە هەر ئێستا لە ئارادان. ئەوە هەروەها بە مانای گفتوگۆی کردەیی لەبارەی تێگەیشتنی یەکسان لەمەڕ پرسە گرنگە جیهانییەکان، وەک پرسی هاوبەشکردنی تەکنۆلۆژیا، کەرەستەی خاو و گۆڕانی کەشوهەوایە.

## سێگۆشەی هێز

سێ ناوچەی بەرفراوان ئێستا هاوسەنگیی هێز لە دنیادا ڕادەگرن: جیهانی ڕۆژاوا، جیهانی ڕۆژهەڵات و، جیهانی باشوور. جیهانی ڕۆژاوا لە نزیکەی ٥٠ وڵات پێکهاتووە و بە شێوەی نەریتی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێبەریی دەکات. ئەندامەکانی بە شێوەی سەرەکی لە وڵاتانی دێموکراتیک و لایەنگری بازاڕی ئازاد لە ئورووپا و باکووری ئەمریکا و هاوپەیمانە دوورەدەستەکانی وەک ئۆسترالیا، ژاپۆن، نیوزیلەند و کۆرەی باشوور پێکهاتووە. ئەو وڵاتانە بەشێوەی نەریتی خوازیاری بەردەوامبوونی پەرگالێکی فرەلایەنی پشتئەستوور بە ڕێسان، ئەگەرچی لەسەر چۆنیەتیی پاراستن، چاکسازیی و داهێنانەوەی هاوڕا نەبن.

جیهانی ڕۆژهەڵات لە نزیکەی ٢٥ وڵات بە ڕێبەریی چین پێکهاتووە. ئەو ڕایەڵەیەک وڵاتی هاوڕا، بە تایبەت ئێران، کۆرەی باکوور و ڕووسیە دەگرێتەوە، کە بەتەمای پێداچوونەوە یان گۆڕینی پەرگالی ڕێسامەندی نێودەوڵەتی هەنووکەیین. بەرژەوەندیی هاوبەش، واتە خولیای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی جیهانی ڕۆژاوا، ئەو وڵاتانەی لێک گرێ داوە.

جیهانی باشوور لە وڵاتانی گەشەئەستێن و وڵاتانی خاوەن داهاتی مامناوەندی ئەفریقا، ئەمریکای لاتین، باشووری ئاسیا و، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (و خاوەن زۆرینەی دانیشتووانی دنیا) پێکهاتووە کە نزیکەی ١٢٥ وڵات دەگرێتەوە. زۆرێک لەوان لە کۆلۆنیالیزمی ڕۆژاوایی و هەروەها کاتێک بوونە گۆڕەپانی جەنگە بە وەکالەتەکانی سەردەمی جەنگی سارد زەرەریان دیتووە. جیهانی باشوور گەلێک لە خاوەن هێزانی مامناوەند یان "وڵاتانی یەکلاکەرەوە"، بە تایبەت بەرازیل، هیندستان، کینیا، مەکزیک، نێجیریە، عەرەبستانی سعوودی و ئەفریقای باشوور، دەگرێتەوە. ئاڵوگۆڕی دێموگرافیک، گەشەی ئابووری و، دەرهێنان و هەناردەکردنی سامانە سروشتییەکان پاڵنەری چوونەسەری گرنگبوونی ئەو وڵاتانەیە.
جیهانی ڕۆژاوا و جیهانی ڕۆژهەڵات کێبڕکێیانە تا دڵ و مێشکی جیهانی باشوور بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. هۆیەکان ساکارن: ئەوان دەزانن کە جیهانی باشوور بڕیاردەری ئاراستەی پەرگالی نوێی جیهانە. لە کاتێکدا کە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات بەرەو ئاراستەی جیا دەڕۆن، باشوور دەنگی یەکلاکەرەوەی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

جیهانی ڕۆژاوا ناتوانێ تەنیا بە پێداهەڵگوتن بە ئازادی و دیموکراسی، جیهانی باشوور بۆ لای خۆی ڕاکێشێت؛ پێویستە ئەو پشتگیریی دارایی بۆ پرۆژەی گەشەسەندن دابین بکات، لە گەشەی ئابووریدا وەبەرهێنان بکات و، لە هەموویان گرنگتر، کورسییەکی دەوری مێزەکە بدات بە باشوور و دەسەڵاتی لەگەڵ بەش بکات. جیهانی ڕۆژهەڵات بە هەمان شێوە هەڵە دەکات وا بیر بکاتەوە بە دابینکردنی تێچووی پرۆژەی زەبەلاحی ڕێگاوبان و وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ دەتوانێت دەستڕۆیشتوویی تەواو لە جیهانی باشووردا بکڕێت. خۆشەویستی ناکرێت بە ئاسانی بکردرێت. وەک وەزیری کاروباری دەرەوەی هیندستان جایشانکار ئاماژەی پێ کردوە، هیندستان و وڵاتانی دیکەی جیهانی باشوور تەنیا تەماشاوانی ساکار نابن، بەڵکوو بەرگریی لە ڕوانگەی خۆیان دەکەن.

بە واتایەکی دیکە، ئەوەی جیهانی ڕۆژاوا و هەروەها جیهانی ڕۆژهەڵات پێویستیانە کەتوارگەریی بایەخ تەوەرە. سیاسەتی دەرەوە قەت هەڵبژاردن لە نێوان دوو بژاردەدا نیە. داڕێژەری سیاسەت ناچارە گشت ڕۆژێک بڕیاری ئەوتۆ بدات کە هەم بایەخەکان و هەروەها بەرژەوەندییەکان بگرێتەوە. ئاخۆ چەکوچۆڵ لە وڵاتێک دەکڕی کە پێشێلکەری یاسای نێودەوڵەتییە؟ ئاخۆ پشتگیریی دارایی بۆ دیکتاتۆرییەک دابین دەکەی کە دژی تیرۆریزم دەجەنگێ؟ ئاخۆ یارمەتی دارایی بە وڵاتێک دەکەی کە پێی وایە هاوڕەگەزخوازی تاوانە؟ ئاخۆ بازرگانیی لەگەڵ وڵاتێک دەکەی کە ئێزن بە سزای سێدارە دەدا؟ هەندێک بایەخ بۆ دانوستان نابن. لەناویاندا ڕێزگرتن لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، پارێزگاریی لە کەمینەکان، پارێزگاریی لە دیموکراسی و، ڕێزگرتن لە سەروەریی یاسا. ئەو بایەخانە لەنگەری ئەو شتە ڕادەگرن کە جیهانی ڕۆژاوا بڕوای پێیەتی، بە تایبەت لە داواکارییەکەی لە جیهانی باشوور. لە هەمان کاتدا جیهانی ڕۆژاوا دەبێ لەوە تێبگات کە هەموو کەس بڕوای بەو بایەخانە نیە.

ئامانجی کەتوارگەریی بایەخ تەوەر ئەوەیە هاوسەنگییەک لە نێوان بایەخەکان و بەرژەوەندییەکاندا بدۆزێتەوە، بە شێوەیەک کە پێشینەیی بە پرەنسیپەکان بدات، بەڵام دان بە سنوورەکانی دەسەڵاتی وڵاتێکدا بنێت، کاتێک بەرژەوەندییەکانی ئاشتی، سەقامگیریی و ئاسایش لە گرەودان. پەرگالێکی جیهانیی یاساسەروەری پشتئەستوور بە تاقمێک دامەزراوەی نێودەوڵەتی کارا، کە ڕێز لە مافە بنەڕەتییەکان بگرێت بەردەوام تەنیا ڕێگەیە بۆ پێشگرتن لە کێبڕکێیەک کە ببێتە هۆی پێکدادان. بەڵام چونکە ئەو دامەزراوانە چیدی وەک ڕابردوو گرنگ نەماون، وڵاتان دەبێ پێشوازیی لە مانای ڕەقی کەتوارگەریی بکەن. ڕێبەران دەبێ دان بە جیاوازیی نێوان وڵاتان دابنێن: ڕاستییەکانی جوگرافیا، مێژوو، کولتوور، ئایین و بڕگە جیاوازەکانی گەشەی ئابووری. بێتوو ئەوان بیانهەوێ ئەوانی دیکە باشتر پرسی وەک مافەکانی شارۆمەندان، ڕێگەچارەکانی ژینگە و دەوڵەتداریی باش چارەسەر بکەن، دەبێ بۆخۆیان پێشقەدەم بن و پشتگیریی پێشکەش بکەن، نەوەکوو تەنیا ئامۆژگاریی بکەن.



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

کەتوارگەریی بایەخ تەوەر بە ڕەفتاری شکۆمەندانە دەست پێ دەکات، بە ڕێزگرتن لە بۆچوونی ئەوانی دیکە و تێگەیشتن لە جیاوازییەکان. ئەوە بەمانای هاوکاریی پشتئەستوور بە هاوپەیمانیی هاوشان لەجیات هەندێک ڕوانگەی مێژوویی لەبارەی چۆنیەتی پەیوەندیی نێوان جیهانی ڕۆژاوا و جیهانی باشوورە. شێوازێک کە تێیدا وڵاتان لەجیات ئاوڕدانەوە بۆ ڕابردوو، بڕواننە داهاتوو ئەوەیە کە جەخت لەسەر پڕۆژە هاوبەشە گرنگەکانی وەک ژێرخانی ئابووری، بازرگانی و، پێشگرتن بە گۆڕانی کەشوهەوا و خۆگونجاندن بکاتەوە.

گەلێک بەربەست لەپێش هەر جۆرە هەوڵێکی ئەو سێ لایەنە جیهانییە بۆ دروستکردنی پەرگالێکی جیهانی هەن کە هاوکات ڕێز لە جیاوازییەکان بگرێت و ئیزن بە وڵاتان بدات بۆخۆیان بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان بخەنە پێش چوارچێوەیەکی بەربەرینتری پەیوەندیی نێودەوڵەتی هەرەوەزیی. بەڵام، تێچووی شکستهێنان فرە بەرچاوە: نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم وەک هۆشداریی بەسە.


نادڵنیایی بەشێکە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و، قەت هێندەی ئەو کاتە نیە کە بڕیارە لە سەردەمێکەوە بگوازیتەوە بۆ یەکێکی دیکە. پرسی سەرەکی تێگەیشتن لەوەیە کە بۆچی گۆڕانەکە ڕوو دەدات و چۆن لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکەیت. بێتوو جیهانی ڕۆژاوا بگەڕێتەوە بۆ شێوازە کۆنەکەی زاڵبوونی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یان بێ دەربەستیی ڕاستەقینە، شەڕەکە دەدۆڕێنێت. بێتوو لە جیهانی باشوور تێبگات بۆ پەرگالی جیهانیی داهاتوو یەکلاکەرەوەیە، ڕەنگبێ بتوانێ هاوپەیمانیی بایەخ تەوەر و هەروەها بەرژەوەندی تەوەر دروست بکات کە بتوانێت ئالنگارییە مەزنەکانی دنیا چارەسەر بکات. کەتوارگەریی بایەخ تەوەر هێندە مەودا بە ڕۆژاوا دەدات تا بتوانێ ئاراستەی خۆی لە سەردەمی نوێی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بدۆزێتەوە.

٢٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# شیتەڵکاریی شێعری "هەزارساڵە"ی قاسم موئەیەدزادە (هەڵۆ) لە ڕوانگەی ئەدەبی بەرگری و هەندێک بۆچوونی دیاری ئەدەبییەوە





هێمن مەردانی

پوختە

مامۆستا هەڵۆ (قاسم موئەیەدزادە) و جەلال مەلەکشا، عەزیز ئاڵی، ڕەحیم لوقمانی و محەممەساڵح سووزەنی و... بە

ڕێبەندانی ٢٧٢٥

شاعیرانی بەرەی یەکەمی شێعری نوێی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنرێن. شاعیرانی بەرەی یەکەمی شێعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە فۆرمی نیمایی تێ پەڕین و دواجار وازیان لێ هێنا و گەڕانەوە سەر کێشی خۆماڵیی کوردی. پێ بە پێی ئەم ئاڵوگۆڕانە، ڕەوتەکانی شێعری کوردی (بە تایبەت باشووری کوردستان) و فارسیش کاریگەرییان دانا لەسەر ئەو کۆمەڵە شاعیرە. لە وەها بارودۆخێکدا بوو کە توانیان شوناسێکی ئەدەبیی مۆدێرن چێ بکەن لە پانتاییی شێعری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. هاوکات کاریگەریی شێواز و ڕەوتی شێعری شاعیرانی کوردستانی باشوور بۆ وێنە عەبدوڵڵا پەشێو و شێرکۆ بێکەس دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەیان هەبووە. بەناوبانگترین و شوێندانەرترینی ئەو شاعیرانە بریتی بوون لە: مامۆستا هەڵۆ و جەلالی مەلەکشا. ئەمان، هەر کامیان بە لەحن و شێوازی زمانیی تایبەتیی خۆیان دەیاننووسی. هەڵۆ و جەلال بە گەڕانەوە بۆ سەر کێشی ڕەسەنی خۆماڵی و کەلکوەرگرتن لە ئەزموونی شێعری پەشێو و بێکەس، دواجار توانیان ستایل و ڕێبازی تایبەتیی خۆیان چێ بکەن.

## شێعری "هەزار ساڵە"

ئەو شێعرە کە ساڵی ١٣٧٧ لە لایەن مامۆستا هەڵۆوە هۆنراوەتەوە، یەکێک لە دیارترین و بەرچاوترین نموونە شێعرییەکانی بەرگری لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردییە. ئەو بە بەکارکردنی دووپاتبوونەوەی دارشتخوازانە، خوازە و زمانی هێمایی، چەمکی ڕەنجی مێژوویی و خۆڕاگریی فەرهەنگی لە چوارچێوەیەکی جوانیناسانەدا دەردەبڕێت. لەم توێژینەوەیەدا بە کەلکوەرگرتن لە ڕوانگە و تیۆرییەکانی ئیلیۆت، ویلیامز، بارت، دریدا، لۆرکا و وایلد ئەوە نیشان دەدەین کە چۆن شێعری مامۆستا هەڵۆ بە لێکگرێدانەوەی ڕەنجی تاکەکەسی و یادەوەریی گشتی، مێژوو و زەمەن، واز لە شێوازی هێڵی و ڕاستەڕێ دەهێنێت و دەیکاتە گەڕیان و بازنەیەک لە هەست و سۆز و بەردەوامی. شێعرەکە لە بەستێنی سیاسی و فەرهەنگیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بیچمی گرتووە؛ پانتایی و ڕووبەرێک کە تێیدا زمانی شاعیرانە دەبێتە پەناگەی خۆڕاگری و خەبات. هەڵۆ بە بەکارکردنی هێما و وێنە فرەچینەکان، دونیایەک چێ دەکات کە تێیدا خەم و جوانی، زەبروزەنگ و ئەرمونیانی، تاکەکەس و مێژوو تێک دەئاڵێن. شێعرەکە ساڵی ١٣٧٨ لە دیوانی کۆمەڵە شێعرەکانی شاعیردا بە ناوی "برووسکە" چاپ و بڵاو بووەتەوە، دەنگدانەوەی بەردەوامیی ڕەنج و مەینەتیی نەتەوەیی و هەوڵدانە بۆ ڕزگاری لە ڕێی زمانەوە. ئەدەبی بەرگری لە مانا ئەمرۆییەکەیدا، نەک هەر وەک کردەوەیەکی سیاسی، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی جوانیناسیشە لە هەمبەر فشار و پەستانی مێژوویی. هەروەک چۆن جۆرج لوکاچ پێداگری لەسەر "بەرپرسیارێتیی جوانیناسی" لەناو بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەکاتەوە، هەڵۆش نیشان دەدات کە چۆن فۆرم و شکڵی هونەری دەتوانێت هەڵگری ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان بێت. لەو شێعرەدا، فۆرم و نێوەرۆک لێک جیا نین؛ هەر وشەیەک دارشتێکە لە ڕەنج و بەشمەینەتیی مێژوویی و هیوا و ئومێدی مرۆڤانە.

## دووپاتەیی و زەمەن لە شێعری مامۆستا هەڵۆدا

دووپـاتبوونەوەی واتـای "هەزار سـاڵە" چەق و تەوەری سـەرەکیی شێعرەکە پێک دەهێنێت. ئەم دووپـاتبوونەوەیە، زەمەن لە ڕاستەڕێ و هێڵیبوون ڕزگار دەکـات و دەیکـاتە گەڕیـان و بـازنەیەک لە خەم و بەردەوامی. شـاعیر لە ڕێی ئەم داڕشتەیەوە، ئەزموونی تاکەکەسیی خۆی دەبەستێتەوە بە یادەوەریی گشتی. بە قسەی ئیلیوت (١٩٢١)، شـاعیری ئەمڕۆیـی دەنگ و سەدای ڕابـردوو لە کـات و سـاتی هەنووکەییـدا زینـدوو دەکـاتەوە و دەیـژیێنێتەوە. مامۆسـتا هەڵـۆش لەو ڕێبـازەدا، ڕەنـج و ژانـی تـاکەکەس بە شێوازێکی زینـدوو دەبەسـتێتەوە بە زام و برینـی مێژوویـی. لەم هەڵبەسـتەدا، واتـای "هەزار سـاڵە کـۆرپەی خەمێک لە جۆلانەی هەناسەمدا ڕادەژێنم"، جۆلانە هێمـای ژیـانە و کـۆرپەی خەمیش زمانحـاڵی گواستنەوەی خەم و ژانە لە وەچەیەکەوە بـۆ وەچەیەکـی تـر. ئەوە هەر هەمـان "داڕشت و پێکهـاتەی هەست و سـۆز"ی ڕیمۆنـد ویلیـامزە (١٩٧٧)، هەسـتی بەکـۆمەڵ و مێژوویـی کە لەنـاو تـوێژاڵ و چینەکـانی نەتەوەیەکـدا جێپێـی خـۆی داکوتـاوە و سـەقامگیر بـووە. لە دەلاقەی فەلسـەفییەوە، تـوخمی دووپـاتەیی لەم شێعرەدا نەک بە تەنیـا تەکنیکێکـی زمـانی، بەڵکـوو جۆرێـک لە جۆرەکـانیش داب و ڕەسمی وەبیرهێنـانەوەیە. شـاعیر بە دووپـاتکردنەوەی بەردەوام، خەم و ژان گرێ دەداتەوە بە یـادەوەریی گشـتی و ناهێڵێت تۆز و خۆڵی نەمان و فەرامۆشیی مێژوویی لەو ناوەدا ببارێت. لەو چەشنە دووپـاتـانەدا، زەمەن دەبێـتە ئەزموونێکـی ڕۆحـی و شاعیرانە، هەروەک چۆن ئیلیۆت دەڵێت "هەنـووکە و ڕابـردوو لە زەمەنـی داهـاتوودا تـێکەڵ بە یەکتـر دەبـن و دەبـن بە یەک شت.

**زمان، خوازە و دوولایەنیی هەست و سۆز**

زمانی شێعری هەڵۆ داڕماڵی نەرمونیانی و برین و زامە. بڕوانن چۆن مەعشووق وەسف دەکات.

... هۆ ناسکتر لە پەڕی گوڵ
بێخەوشتر لە شووشەی بێگەردی شەونم

بەڵام، شاعیر دوای ئەمە، خێرا و بەپەلە، دەڵێ:

بێئازارتر لە پەپوولە
خەمی تۆ هەڵبەستێکی ترە
گۆرانیی گڕەی ئاگرە
قاسپەی خنکاندنی کەو و
گمەی سووتانی کۆترە...

ئەم بەرانبەرکێییەی نێوان نەرمونیانی و توندوتیژی، دەنگدانەوەیەکە لە دوولایەنی و دووفاقیی ئەزموونی مرۆڤ لە جیهانی هاوچەرخدا. لەو بارەیەوە شەفیعیی کەدکەنی (٢٠٠٥)، لای وایە ئەم دژوازی و پارادۆکسە بەشێکە لە مۆسیقای ناوەوەی شێعر؛ شوێنێک کە تێیدا هەست و سۆز و ئاوەز دەستەودامێنی یەکتر دەبن. لە شێعری مامۆستا هەڵۆدا، خوازەکان بەتەنیا ئامێر و کەرەستەی جوانیناسی نین، بەڵکوو شێوازێکن لە مانەوە و خۆڕاگری. ڕۆلان بارت (١٩٧٠)، پێی وایە شێعر "جەستەی هەست و سۆز"ە؛ لەم شێعرەشدا، واژە و وشەکان دەبن بە بوونەوەری گیانلەبەر و زیندوو کە ڕەنج و ژان دەکێشن و دەیچێژن. جیا لەمە، زمانی هەڵۆ، جۆرێک وشیاری و ئاگایی مێژوویش دەگوازێتەوە. لە ناواخنی هەر وێنەیەکدا، ڕەنگدانەوە و پەنگدانەوەی زمانی دایکی و زگماکی دەبینرێت و دەبیسترێت. زمانی کوردی لە شێعرەکانی ئەودا بەس ئامێری دەربڕین و گەیاندن نیە، بەڵکوو خۆی پانتایی و گۆڕەپانی خۆڕاگری و بەربەرەکانییە. لەو مانایەدا، شێعری "هەزار ساڵە"، بە وتەی ئۆسکار وایڵد، توخمی جوانیناسی دەکات بە ئامێری حەقیقەت و ڕاستی: ڕاستییەک کە لە دنیای سەرکوتکەردا تەنیا دەکرێت لە ڕێی خوازە و وێنەوە دەرببڕدرێت و بگوازرێتەوە.

## داڕشت و فۆرم بە واتای بەربەرەکانی

دووپاتەیی لە سەرەتای بەندەکان، ڕیتم و ئاهەنگێکی پاڕانەوەیی و مێژوویی دەخوڵقێنێت. هەر جارێک شاعیر دەڵێت "هەزار ساڵە"، تەنیا زەمەن دووپات نابێتەوە، بەڵکوو هەمدیسان زەمەن لە دایک دەبێتەوە و سەرلەنوێ چێ دەبێتەوە. لەو ڕەوتەدا، شێعر، حافیزە و خەیاڵدانێکی زمانییە کە لە هەمبەر فەرامۆشی و لەناوچووندا خۆڕاگری و بەربەرەکانی دەکات. وێنەکانی "لووتکە"، "گێژاو" و "مەلەوان"، هەموویان خوازەن بۆ بیر و زەینی شاعیر و پەیوەندیی ئەو لەگەڵ مێژوودا. ئەو لە لایەکەوە کاپیتانی ڕەنج و ژانی خۆیەتی و لەولاشەوە خنکاوە لە گێژاوی ڕەنج و ژانی بەکۆمەڵدا؛ هەم ڕێنوێنە و هەمیش یەخسیر و دیل. بە بۆچوونی لاکان، ئەو دەمەتەقێیە لەگەڵ خۆیدا، بە جۆرێک ڕەوانناسیی زمانیشە؛ چونکە نابەئاگاییی مێژوویی لە چین و توێژەکانی واژەکاندا سەر دەردێنن و دەنگیان بەرز دەکەنەوە. لە ڕوانگەی مۆسیقاییشەوە، شێعری مامۆستا هەڵۆ، ڕیتمێکە کە وەبیرهێنەرەوەی ئاهەنگ و سرووده حەماسییەکان و شیننامەکانی کوردییە. ئەم ڕیتمە بەردەوامیی فەرهەنگی دەنوێنێت و هاوکاتیش، زمان ساف و ڕەوان دەکات. فۆرم و چوارچێوەی شێعر، هەروەک ئاهەنگێکی هەڵواسراو لە نێوان هیوا و ئومێد و ڕەنج و ژان لە گەڕدایە؛ فۆرمێک کە لە هەناوی خۆیدا هەڵگری چەمکی بەردەوامییە. شێعری مامۆستا هەڵۆ لە بەستێنی شێعری نوێی کوردی و فارسیدا شێعری مامۆستا هەڵۆ لە درێژەی ڕەوتی شێعری نوێی کوردی و فارسیدایە؛ شێعرێکە لە نێوان تاکەکەس و کۆمەڵگەدا. هەروەک فرووغ فەڕوخزاد و سیمین بێهبەهانی، ئەو لە ئاستی ڕەنج و مەینەتیی تاکەکەسییەوە دەگاتە ئەزموونی گشتی. یاحەقی (١٩٩٩)، لای وایە کە شێعری هەرمان و بەردەوام ئەو شێعرەیە کە ئەزموونی تاکەکەسی تا ئاسۆی گشتی و بەکۆمەڵ پەرەی پێ دەدات؛ و شێعری هەڵۆش خاوەنی ئەم

خەسڵەتەیە. لە ڕوانگەی بەراهەنی (٢٠٠٠)ـدا، شێعری مۆدێرن ئەو کاتە ڕەسەنە کە فۆرم ببێت بە مانا و ناواخن. لە شێعری "هەزار ساڵە"شدا، فۆرمی دووپاتەیی و مۆسیقای ناوەوەی شێعر بۆ خۆی مانای خۆڕاگری و بەربەرەکانییە. شاعیر کەلک لە نەرمونیانیی واژە و وشەکان وەردەگرێت بۆ هەڵگرتنی باری قورسی ڕەنج و ژان، تاکوو بەمجۆرە خەم و ژان لە ئاستی دروشمەوە بۆ ئاستی فۆرم بەرز بکاتەوە. دەکرێت ئەوەش بگوترێت لە هۆنینەوەی ئەو شێعرەدا مامۆستا هەڵۆ کاریگەریی شێعری مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێویشی بە سەرییەوە دیار و بەرچاوە لە ژێر ناوی "سەدان ساڵە."

سەبارەت بە ڕوانینی جیهانییەوەش، شێعرەکانی مامۆستا هەڵۆ لە بواری هەستی تراژیک و کارەساتبار و زمانی خوازەیی دەکرێت هەڵبسەنگێنرێن لەگەڵ شێعرەکانی لۆرکا و نێرۆدا. مامۆستا هەڵۆ هەروەک لۆرکا کەلک وەردەگرێت لە سروشت بۆ هەمدیسان نواندنەوەی مەرگ و هیوا و ئومێد و هەروەک نێرۆداش، خۆشەویستی و ئەوین تێکەڵ بە مێژوو دەکات.

## خوێندنەوەی فەلسەفی و پاش مۆدێرنی شێعر

لە شێعری مامۆستا هەڵۆشدا بەپێی دەستەواژەی دیفێرێنسی دریدا (١٩٧٦)، مانا لە دووپاتەیی و وەستاندا دروست دەبێت. دووپاتکردنەوەی "هەزار ساڵە"، مانا سەقامگیر ناکات، بەڵکوو وەدوای دەخات و درەنگی دەخات. زەمەن لەم شێعرەدا لە چەمکی فیزیکی جیا دەبێتەوە و دەبێتە ڕەهەندێکی هەستی و زەینی. ئەم پێکهاتەیە، بەربەرەکانیی زمانییە لە هەمبەر بێدەنگیدا. لیوتار (١٩٧٩)، پێداگری لەسەر گرنگیی "وردەگێڕانەوەکان" دەکات لە بەرانبەر "گەورەگێڕانەوەکان"دا. شێعری هەڵۆش زمانحاڵی وردەگێڕانەوەیەکە لە مێژووی زام و برینی مرۆڤ؛ گێڕانەوەیەک کە تێیدا ڕاستیبێژیی شاعیرانە جێی گشتیبێژیی ئایدۆلۆژی لێژ دەکات. بە قسەی ڕانسیر (٢٠٠٤)، سیاسەت لە هونەردا، ئەو کاتە دێتە ئاراوە کە تێگەیشتنی ئێمە لە شتە هەستپێکراوەکان تووشی گۆڕانکاری بێت. شێعری مامۆستا هەڵۆش، بە ئاوێتەکردنی جوانی و زەبروزەنگ، تێگەیشتنی ئێمە لە خەم و ژان دەگۆڕێت و سیمایەکی خۆڕاگرانەی پێ دەبەخشێت و بەرجەستەی دەکات.

## شێعری مامۆستا هەڵۆ لە بەستێنی ئەدەبی بەرگریی کوردیدا

لە ئەدەبی کوردیدا، چەمکی بەرگری و خۆڕاگری زیاتر لە فۆرم و خوازەدا خۆیان دەنوێنن و ڕەنگ دەدەنەوە. لە کۆمەڵگە و فەرهەنگێکدا کە دەربڕینی ڕاستەوخۆی سیاسی ڕێپێدراو نیە، شاعیر چەمکی خۆڕاگری و بەرگری دەکاتە زمانی هێمایی و دووپاتکردنەوە. هێماکانی وەک "گوڵە شلێرە" و "سەرماوەز"، وەبیرهێنەرەوەی ڕەنج و ژانی مێژوویی و بەردەوامیی بەشمەینەتی و چارەڕەشین. بە وتەی ئێدوارد سەعید (١٩٩٤)، بەربەرەکانیی فەرهەنگی واتە زیندووڕاگرتنی یادەوەریی ڕەنج و ژانە لە سات و کاتی بێدەنگیی مێژوودا. هەر بەو پێوەرە، لە شێعری مامۆستا هەڵۆدا، واژە و وشەکان، یادەوەریی

ڕێبەندانی ٢٧٢٥

زیندووی هەر ئەو ڕەنج و ژانانەن؛ مۆسیقای ئەرمونیان و دژوازی و پارادۆکسی وشەکان نوێنەری "خۆڕاگریی جوانیناسی"یە، جۆرێک لە جوانیناسی کە ژان و ڕەنج داناپۆشێت، بەڵکوو وەک فۆرمێکی هونەری وایە بۆ مانەوە و بەردەوامی.

## پاشبار

شێعری "هەزار ساڵە سەرماوەز"، بەرهەمێکە کە تێیدا زمان و هەست و سۆز بە شێوازی گەڕیانێکی خۆڕاگرانە و بەرگریکارانە کایە دەکەن. شاعیر بە بەکارکردنی توخمەکانی وەک دووپاتکردنەوە و خوازە و دژوازی، ئاستی ڕەنج و مەینەت دەیگەیەنێتە ئاستێکی مێژوویی. فۆرم و مانا تێکەڵی یەکتر دەبن تاکوو ئەزموونێک لە بێزەمەنی و بەردەوامیی هەست و سۆز چێ بکرێت و بخوڵقێت. مامۆستا هەڵۆ لەو پارچە شێعرەدا تەنیا زمانحاڵ و دەربڕی ڕەنج و ژانی خۆی نییە، بەڵکوو پێشمەرگە و پارێزەری یادەوەریی نەتەوەیی و فەرهەنگیشە. بە پێی پێوەدانگی ئیلیوت، دەکرێت بڵێین کە مامۆستا هەڵۆ شاعیرێکە کە "شعووری زیندووی ڕابردوو لە هەنووکەدا" دەژیێنێتەوە و زیندووی دەکاتەوە. لەو ڕووەوە، شێعرەکانی ئەو تەنیا بەشێک نین لە مێژووی ئەدەبی کوردی، بەڵکوو نموونەیەکیشن لە ئەدەبی بەرگریی جیهانی؛ زمانێک کە لە هەناوی بێدەنگیدا، هاواری ڕاستی و حەقیقەت بەرز دەکاتەوە.

## ژێدەرەکان:


Baraheni, R (2001) Tala dar Mes Tehran: Nashr-e No
Barthes, R (1970) S/Z Paris: Seuil
Derrida, J (1976) Of Grammatology. Baltimore: Johns Hopkins University Press
Eliot, T.S. (1921) Tradition and the Individual Talent. London: Faber & Faber
Lyotard, J.F. (1979). The Postmodern Condition Manchester: Manchester University Press
Mo’eidzadeh, Q (2000) Brooske Urmia: Kurdish Culture and Literature Publishing Centre
Rancière, J (2004). The Politics of Aesthetics. London: Continuum
Said, E (1994). Culture and Imperialism New York: Vintage
Shafiei Kadkani, M.R (2005) Musiqi-ye She’r Tehran: Sokhan
Yahaghi, M.J (1999) Joybar-e Lahzeha: Jaryan-haye Adabiat-e Mo’asere Farsi (Nazm va Nasr) Tehran: Jami


٢١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

رێبەندانی ٢٧٢٥

## پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی تێپەڕینی ٤٧ ساڵ بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧




**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران!**
**هاونیشتمانیانی ئازادیخواز!**

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ٤٧ ساڵ بە سەر ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا ڕادەبرێ.

مخابن هەر لە سەرەتاوە دەسکەوتەکانی شۆڕش بەلارێدا برا و بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران قۆناغێکی دیکە لە دیکتاتۆری لەو وڵاتە دەستی پێ کردەوە و ئەو ڕێژیمە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە، دەری خست کە لەگەڵ زۆربەی ئەو ئامانجانەی شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازانی ئێران دەیان ساڵ بوو خەباتیان بۆ دەکرد، نامۆ و ناتەبایە.

نەتەوە بندەستەکانی ئێران، لە پێشەوەی هەمووان نەتەوەی کورد چاوەڕوان بوون بە نەمانی ڕێژیمی پاشایەتی،

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

یەکسانسازیی نەتەوەیی و ستەم و هەڵاواردنی زمانی، ئایینی و کولتووری کۆتایی پێ بێت؛ بەڵام وەڵامی کۆماری ئیسلامی فیتوای جیهاد و سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستان و پەراوێزخستنی لە هەر چەشنە پەرەسەندێکی سیاسی و ئابووری بوو. حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە ئازادیخوازەکان بە هیوا بوون بە ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی، دێموکراسی، ئازادیی چاپەمەنی و بیروڕا، ئازادیی پێکهاتنی حیزب و ڕێکخراوەکان و تێکۆشانی سیاسی بێتە کایەوە و هەروەها هەلومەرجێکی باشتری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکەیاندا بێتە ئاراوە. بەڵام نەک هەر ئەو هیوا و چاوەڕوانییانەش وەدی نەهاتن، بەڵکوو سەردەمێکی نوێ لە دیکتاتۆری و ستەم و هەڵاواردن و سەرکوت لە ئێراندا دەستی پێ کرد.

دیکتاتۆریی ویلایەت فەقیهی لە ماوەی ٤٧ ساڵ دەسەڵاتدارەتیدا، ئەوەی بەسەر ئێران و خەڵکی ئەو وڵاتەی هێناوە، شتێک نەبووە جگە لە زاڵکردنی کۆنەپەرستی و بێ مافی، بێبەشکردنی نەتەوەکانی ئێران لە سەرەتاییترین مافەکانیان، بەندکردن، ئەشکەنجە، ئێعدام و کوشتنی هاونیشتمانان؛ پەرەپێدانی تێرۆریزم و ئاژاوەگێڕی لە ناوچە و جیهان؛ بەدیاریهێنانی شەڕ و ماڵوێرانی، سەپاندنی گەمارۆی ئابووری، گرانی، نەبوونی و قاتی و قڕی بەسەر خەڵکی ئێراندا؛ گەندەڵیی سەرسوڕهێنەر و بەفیڕۆدانی سامانی وڵات لە پێناوی وەدەستهێنانی چەکی ناوکی و تەیار کردنی گرووپە تێرۆریستییەکان، تێکدانی ژینگە و لەنێوبردنی سەرچاوە ژێرزەوییەکان؛ داماڵینی پەروەردە و ناوەندە زانستییەکان لە زانست و بایەخە مودێرنەکان، دەرپەڕاندنی مێشکەکان و ناچارکردنی چەند میلیۆن خەڵکی ئێران بە کۆچ و ئاوارەیی و کوشتنی هیوا بە ژیان بە تایبەتی لەو نەسلانەدا کە لە سێبەری ئەو ڕێژیمەدا پەروەردە بوون و هتد.

خەڵکی ئێران هەر لەم دەساڵەی دواییدا بە بەردەوامی لە ڕێگەی مانگرتنی بەرین و بە خۆپێشاندانی جەماوەریی جارلەجار گەورەتر، ویست و بڕیاری خۆیان بۆ کۆتاییهێنان بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە ڕاگەیاندووە و هەر لە بەفرانباری ئەمساڵدا لە سەدان شاری ئێران گەورەترین خۆپێشاندان بەڕێوە چوون. بەڵام دەسەلاتدارانی وڵات کە لە درێژەکێشان و هەرچی بەرینتربوونەوەی ئەم خۆپێشاندانە جەماوەرییانەدا مەترسیی ڕووخانی ڕێژیمەکەیان ڕێ نیشتبوو، بە فەرمانی خامنەیی دیکتاتۆر، بێ وێنەترین کوشتاری خەڵکیان لە مێژووی ئێران و ناوچەدا تۆمار کرد. بەمجۆرە لە سەرکوتی خوێناویی خۆپێشاندانەکاندا بە دەیان هەزار خەڵک گیانیان لێ ئەستێندرا، بریندار و دەسبەسەر کران.

ئێستا لە هەلومەرجێکدا یادی ٤٧ ساڵەی شۆڕش دەکەینەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەمیشە شەرعیەتی سیاسی و قانوونی و خەڵکیی خۆی لە دەست داوە. ئەو ڕێژیمە لە نێوخۆی وڵاتدا تەنیا بە کۆمەڵکوژی و بەڕێخستنی جۆگەلەی خوێن، بە کوشتنی خۆپێشاندەران و نارازییانی بریندار و دەستبەسەرکراو لە ژێر ئەشکەنجەدا، بە پێکهێنانی حکوومەتی نیزامی لە شارەکان، توانیویەتی تەمەنی خۆی بۆ ماوەیەکی کورت درێژ بکاتەوە. لەم هەلومەرجە مێژووییەدا کە



سەرچاوە
Serchawe

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

**خەڵکی ئێران لێبڕاون کۆتایی بە تەمەنی دیکتاتۆریی ویلایەت فەقیهی بێنن،**

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران یادی ٤٧ ساڵەی شۆڕشی ڕێبەندان بە دەرفەت دەزانێت بۆ ئەوەی ڕابگەیەنێت:**

١- نابێ ڕێگا بدەین جارێکی تر، ئەزموونی شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران دووپات بێتەوە و دیکتاتۆرییەک جێگای دیکتاتۆرییەکی تر بگرێتەوە. هەڵەیەک کە زۆرایەتیی خەڵکی ئێران و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو کات لە ئەنجامی متمانەکردن بە خومەینی و بوار ڕەخساندن بۆ سەرکەوتنی ئەو و هاوبیرەکانی کردیان، ٤٧ ساڵە بە دانی گیان و خوێنی ڕۆڵەکانیان و وێرانبوونی وڵاتەکەیان باجەکەی دەدەن. تاوانێکی نەبەخشراو دەبێت ئەگەر جارێکی دیکە ڕێگا بدرێت هەر کەسایەتییەک و ئایدۆلۆژیایەکی پاوانخواز، دەست بەسەر بەرهەمی دەیان ساڵ خەبات و قوربانیدانی ڕۆڵە خەباتکار و ئازادیخوازەکانی نەتەوەکانی ئێراندا بگرێت. ئێرانی داهاتوو، دەبێ ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک بێت؛ ئێرانێک کە لەودا فرەیی نەتەوەیی، زمانی، ئایینی؛ ئێرانی یەکسانیی ژن و پیاو بەڕەسمی بناسرێت و بە دوور لە ستەم و سەرکوت و هەڵاواردن بێت.

٢- یەک لە گرنگترین ئەرکەکانی خەڵک و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران پەلەکردن لە پێکهاتنی ڕێبەرییەکی بەکۆمەڵە کە لە قۆناغی وەلانانی ئەو ڕێژیمەدا نوێنەرایەتیی هێز و لایەنە سیاسییەکان و جۆراوجۆریی پێکهاتەکانی خەڵکی ئێران بکا. لەم ڕوانگەیەوە ئێمە بەرەوژوور بردنی دیالۆگ و هاوکاری هەتا گەیشتن بە هاوپەیمانییەکی کوردستانی، بە ئەرکی خێرای خۆمان و حیزب و ڕێکخراوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانین و بە جیددیش کاری بۆ دەکەین. هاوکات بانگەواز بۆ ئەوە دەکەین ڕێکخراو، لایەن و کەسایەتییە خەباتگێڕ و ئازادیخوازەکانی ئێران، بە تایبەتی ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی سەر بە نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە تێگەیشتن لە هەستیاربوونی هەلومەرجی ئێستا، لە دەوری بەرنامە و ئامانجی هاوبەش یەک بگرن بۆ ئەوەی بە یەکەوە بتوانین پێویستییەکانی پەڕینەوە لەم قۆناغە، خێراتر ئامادە بکەین.

٣- دوای چەندین جار سەرکوتی خوێناویی ڕاپەڕینی خەڵکی ناڕازیی ئێران بە تایبەتی کوشتاری چەندین هەزار کەسیی خۆپێشاندەران لە بەفرانباری ڕابردوودا، ئەم ڕاستییە بەباشی دەرکەوتووە کە، ڕاستە گۆڕانکاریی بنەڕەتی و ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە هەر لە ڕێگای خودی خەڵکی ئێرانەوە مسۆگەر دەبێ، بەڵام لەو پێناوەدا پشتیوانیی نێودەوڵەتی لە شۆڕشی خەڵکی ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە ڕێژیمی دیکتاتۆر و مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامی وەکوو پێویستییەک خۆی دەنوێنێ.

لەم بۆنەیەدا بە ڕێزەوە یادی هاوخەباتی و یەکگرتوویی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێران لە ڕەوتی شۆڕشی دژ بە



سەرچاوە
Serchawe

دیکتاتۆریی پەهلەویدا دەکەینەوە؛ هەروەها بۆ شەهیدانی ٤٧ ساڵ خەبات و خۆڕاگری دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و سەرانسەری ئێران، بە تایبەتی دەیان هەزار شەهیدی ئەم دواییە، سەری ڕێز دادەنوێنین. بەو هیوایەی بە یەکگرتوویی و هاوخەباتی هەموو پێکهاتەکانی خەڵکی ئێران، کۆتایی بە تەمەنی دیکتاتۆری بێنین و گیانی شەهیدەکانمان بە وەدیهێنانی ئامانجەکانیان شاد بکەین.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

دەستەی کارگێڕی

٢١ی ڕێبەندانی ١٤٠٤

٢١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# کێ مافی ئەوەی هەیە پێناسەی "ئێمە" بکات؟





حەسەن قارەمانی

نووسینی ئەحمەد باتێبی سەبارەت بە هێما نەتەوەییەکان (ئاڵا، سروود، ئەفسانەی مێژوویی هاوبەش) بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی فەلسەفی و یاساییە لەگەڵ ئەوەی کە ناوی دەنێت "گوتاری جوداخوازی" لە ئێراندا. بەڵام لە پراکتیکدا نووسینی دەقەکە پرسە ئاڵۆزەکانی ناسنامە و دەسەڵات و مافەکان بۆ لێکدانەوەیەکی ناوەندگەرایی نەتەوەیی

کورت دەکاتەوە، کە هەر پرسیارێک لە هێماکانی دەوڵەت هاوتا دەکرێت لەگەڵ هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران. نووسینی ئەحمەد باتێبی بەدەست چەندین هەڵەی یاسایی و کۆمەڵناسی و فەلسەفیی جدییەوە دەناڵێنێت کە لە پراکتیکدا هاوکاتە لەگەڵ زمانی دەوڵەتی سەرکوتکەر، تەنانەت کاتێک بە جلوبەرگی ئۆپۆزسیۆنیشەوە پێشکەش دەکرێن.

## هێما نەتەوەییەکان وەک زمانی دەسەڵات

ئەحمەد باتێبی لە تێبینییەکی بنەڕەتیدا ڕاست دەکات؛ هێما نەتەوەییەکان "ئێمە"یەکی سیاسی دروست دەکەن. بەڵام ئەم "ئێمە"یە هەرگیز بێتاوان و گشتگیر نییە. هێما نیشتمانییەکان وەک فیلتێری دامەزراوەیی کار دەکەن، ئەوان دیاری دەکەن کە کام ئەزموون، زمان و مێژوو وەک نەتەوەیی ئەژمار دەکرێن و کامیان دابەزیوە بۆ پەراوێز.

## کاتێک هێما فەرمییەکانی ئێران:

لەسەر بنەمای تاکزمانی (فارسی) دامەزراون، ئەزموونی کوردی، بەلووچی، عەرەبی و تورکمان نەبینراو بکەن و لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەستن بە ئاسمیلەکردنی زۆرەملێ و حوکمڕانیی ئەمنییەوە، پاشان واز لە هێمای کۆمەڵایەتی دێنن. ئەوان دەبنە هێمای هێژموون، واتە هێمای ناوەندێک کە داوای دڵسۆزی دەکات بەبێ یەکسانی. بۆیە بەرەنگاربوونەوەی ئەم جۆرە هێمایانە هێرش نییە بۆ سەر یەکیەتیی نەتەوەیی، بەڵکوو نیشانەی وەدەرنانییە. کاتێک ئەو هێمایانەی کە بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنی تەواوی نەتەوە دەکەن، بە شێوەیەکی سیستماتیکی بەشێکی گەورەی یادەوەری و ناسنامەی بەکۆمەڵی دانیشتووان بەدەر دەکەن، ئەوا ئەرکی یەکخستنی کۆمەڵایەتیی خۆیان لەدەست دەدەن. بەڵکوو دەبنە هێمای هێژموون، دەربڕینی ناوەندێک کە داوای دڵسۆزی دەکات بەبێ ئەوەی دانپێدانانی یەکسان پێشکەش بکات.

## لە ڕەخنەی ڕەمزییەوە بۆ جیابوونەوەی گوماناوی:

تێزی سەرەکیی ئەحمەد باتێبی ئەوەیە کە جیاییخوازان سەرەتا هێرش دەکەنە سەر هێماکان، پاشان مێژوو، هاووڵاتیبوون، و دواجاریش خودی دەوڵەت. ئەمە هەڵەیەکی کلاسیکییە، ئەحمەد باتێبی وا گریمانە دەکات کە هەموو جۆرەکانی ڕەخنەی ڕەمزی بەپێویست دەگەنە جیابوونەوە. بەم پێیە پرسیارە چارەنووسسازەکە ئەوە نییە کە ئایا هێما نەتەوەییەکان دەبێ هەبن یان نا، بەڵکوو کێ دەسەڵاتی پێناسەکردنی هەیە، و لە چ بارودۆخێکدا. دەوڵەتێک کە داوای دڵسۆزیی ڕەمزی بکات بەبێ ئەوەی دان بە فرەچەشنیی نێوخۆیی خۆیدا بنێت، یەکڕیزی بەرهەم ناهێنێت، بەڵکوو بەرخۆدانی بێدەنگ بەرهەم دەهێنێت. یەکگرتوویی ڕاستەقینەی نەتەوەیی ناتوانرێت لە ڕێگەی ئینکارەوە بنیات بنرێت،

بەڵکوو تەنیا لە ڕێگەی دانپێدانانی دامەزراوەیی بەو نەتەوە و زمان و مێژووانەی کە لە ئێستاوە دەوڵەت پێک دەهێنن.

### «نەتەوە» هاوواتای «دەوڵەتی نەتەوە» نییە.

یەکێک لە هەڵە بنەڕەتییەکانی ئەحمەد باتێبی ئەوەیە کە ئەو نەتەوە بە تەنیا لە ڕێگەی مۆدێلی یەک دەوڵەت – یەک نەتەوە – یەک ئاڵا پێناسە دەکات. ئەم مۆدێلە لە ڕووی مێژووییەوە لە ڕووی تیۆرییەوە بەسەرچووە. ئەم مۆدێلە کە لە ئورووپادا لە ماوەی پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵدا، ئەمڕۆ بە ئایدیالێکی گشتگیر نازانرێت، بەڵکوو وەک یەکێک لە چەند فۆرمێکی ئەگەری ڕێکخستنی دەوڵەت دادەنرێت. زانستی سیاسیی مۆدێرن لەبری ئەوە دان بە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکاندا دەنێت، کە چەند نەتەوەیەک لە چوارچێوەیەکی سیاسیی هاوبەشدا پێکەوە دەژین بەبێ ئەوەی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەت بخرێتە ژێر پرسیارەوە. نموونە لەوانە کانادا (لەگەڵ کێبێک)، بریتانیا (لەگەڵ ئیسکاتلەند و وێلز)، سویس و ئیسپانیا (لەگەڵ کاتالۆنیا و ناوچەی باسک).
کەیسێکی فێرکاریی تایبەت کانادایە، کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا پارلەمان بە فەرمی کێبێکی وەک "نەتەوەیەک لەنێو کانادایەکی یەکگرتوودا" ناساند. ئەم دانپێدانانە نەبووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت. بە پێچەوانەوە یارمەتیدەر بوو بۆ کەمکردنەوەی ئاستی ململانێ و پتەوکردنی سەقامگیریی سیاسی. ئەزموونەکە تێڕوانینێکی ناوەندی دەخاتە ڕوو؛ ئەوەی کورد، بەلووچی یان ئازەری خاوەنی هەموو ئەو پێوەرە کۆمەڵناسییانەن کە وەک نەتەوە پێناسە بکرێن (زمانێکی هاوبەش، مێژوو، خاک و پەیوەندیی کولتووری)، ڕاستییەکی ئەزموونییە نەک داهێنانێکی ئایدیۆلۆژی. تەنیا بەو مانایەیە کە دەوڵەت فرەیی دیفاکتۆی خۆی قبووڵ دەکات.

### ماناسازی وەک ئامرازێکی دەسەڵات: "ناسیۆنالیزم" و گومان

ئەحمەد باتێبی باس لەوە دەکات کە ڕەخنەگرانی نەیارەکانی دەستکاریی پێناسە چەمکییەکان دەکەن، بەتایبەتی کاتێک دەستەواژەی "ناسیۆنالیزمی ئێرانی" بەکاردەهێنن. بەڵام لە پراکتیکدا ئەوە دەوڵەتە – و ئەو گوتارانەی بەرگری لە ناوەندگەراییەکەی دەکەن – کە بە شێوەیەکی سیستماتیکی ماناسازی وەک ئامرازێکی دەسەڵات بەکاردەهێنن. کاتێک ئازەرییەکان لە کۆماری ئازەربایجان بە نەتەوە ناودەبرێن، بەڵام ئازەرییەکان لە ئێراندا کورت دەکرێنەوە بۆ کەمینەیەکی کولتووریی بێ پێگەی نەتەوەیی، ئەوە ئاشکرا دەبێت کە چەمکی "نەتەوە" وەک پۆلێنێکی کۆمەڵناسیی بێلایەن کار ناکات؛ زیاتر وەک ئیمتیازێکی سیاسی کار دەکات، کە بەپێی پێویستیی سیاسەتی دەسەڵات لەلایەن ناوەندی دەوڵەتەوە دەدرێت یان دەکێشرێتەوە. بۆیە ململانێی چارەنووسساز لە ئێراندا لەسەر ئەوە نییە کە ئایا نەتەوەکان لەناو دەوڵەتدا بوونیان هەیە یان نا، بەڵکوو لەسەر ئەوەیە کێ مافی ئەوەی هەیە ناویان بهێنێت.

## یاسای نێودەوڵەتی، دانپێدانانی ڕەمزی و مەرجەکانی یەکێتیی ڕاستەقینە

ئەو چوارچێوە یاساییەی کە ئەحمەد باتێبی بە دروستی بانگەشە بۆ بڕیارنامەی ٢٦٢٥ی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕگەی پاراستنی یەکپارچەیی خاک دەکات. بەڵام مەرجە چارەنووسسازەکەی لادەبات. بڕگەی پاراستنی بڕیارنامەکە بۆ یەکپارچەیی خاک ڕەها نییە. بەڕوونی مەرجی ئەوەی هەیە کە دەوڵەتی پرسیارکراو نوێنەرایەتیی تەواوی دانیشتووانەکەی بکات بەبێ جیاوازی. ئەم مەرجە جەوهەری هاوسەنگیی یاسای نێودەوڵەتییە لەنێوان سەروەری و چارەنووس. کاتێک دەوڵەتێک بە شێوەیەکی سیستماتیکی پەروەردە بە زمانی دایکی قەدەغە دەکات و دەسەڵاتی سیاسی لە ناوەندێکی قەومی و زمانەوانیدا چڕ دەکاتەوە و لە ڕێگەی لۆژیکی ئەمنی و هەڵاواردنی ئابووریی ستراکتۆرییەوە ناوچە پەراوێزییەکانی خۆی بەڕێوە دەبات، ئەوا لە جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە بنەڕەتییەی نوێنەرایەتی شکست دەهێنێت.

لەم ڕۆشناییەدا، پارادۆکسی ناوەندیی ئارگیومێنتەکەی ئەحمەد باتێبی سەبارەت بە هێما نەتەوەییەکانیش سەرهەڵدەدات. ناتوانرێت هێماکان بسەپێنرێن بۆ بەرهەمهێنانی دڵسۆزی. ئاڵایەک کە بۆ بەشێکی زۆری دانیشتووان پەیوەست بێت بە سڕینەوەی کولتووری، توندوتیژیی سەربازی، یان زەلیلکردنی مێژوویی، ناتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ "ئێمە". هەوڵەکان بۆ سەپاندنی ئەو جۆرە یەکگرتووییە ڕەمزییە یەکگرتوویی دروست ناکەن- جەمسەرگیری بەرهەم دەهێنن. کەواتە قبووڵکردنی سیمبولە ناوچەیی و نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی هاوبەشدا، لەنگەرگیراو لە دامەزراوە دیموکراسییەکان و مافی یەکساندا، دەربڕینی جوداخوازی نییە؛ دەربڕینی فرەییە کە سەرانسەری هێڵەکانی ناسنامەدا چالاک دەکات.

**بە کورتی:** شیکارییەکانی ئەحمەد باتێبی پرسەکانی چارەنووسی خۆنووسین و دانپێدانانی ڕەمزی و هەمەجۆریی نیشتمانی کورت دەکاتەوە بۆ کێشەیەکی سیاسەتی ئەمنی. لەبری فەلسەفە یان بێلایەنیی یاسایی، ئیدئۆلۆژیکی ناوەندگەرایی بەرهەم دەهێنێتەوە، کە خۆی لە بەرگی بەرگریکردن لە یاسای نێودەوڵەتیدا پۆشیوە. ئێرانێکی یەکگرتووی ڕاستەقینە لەسەر یەکسانکردنی زمانەوانی، ناچارکردنی ڕەمزی، یان تاوانبارکردنی داواکاریی مافە ڕەواکان ناتوانرێت بنیات بنرێت. یەکێتیی بەردەوام پێشگریمانە دەکات کە دانپێدانانی خۆبەخشانە، یەکسانیی ماددی و سەربەخۆیی دامەزراوەیی هەبێت. ئەگەر ئێران بیەوێت یەکپارچەیی خاکی خۆی بپارێزێت، سەرەتا دەبێت ڕاستییەکی بنەڕەتی قبووڵ بکات: یەکگرتوویی لە ڕێگەی ئەو هێمایانەی کە هاوبەش نین، ناسەپێنرێت، دەبێت بە دانپێدانان و یەکسانی و فرەیی بنیات بنرێت.

٢١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# هۆکارەکانی ئومێدبەستن بە دەستێوەردانی دەرەکی لە ئێران: لە نێوان ترۆمای سەرکوت و ئیرادەی گۆڕانکاریدا





ڕەحمان سەلیمی

## پوختەی وتار

ئەم وتارە بە چاوێکی ڕەخنەیی و زانستی، هۆکارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی مەیلی بەشێک لە کۆمەڵگەی ئێران بۆ



سەرچاوە
Serchawe

«دەستێوەردانی دەرەکی» تاوتوێ دەکات. لە کاتێکدا هەندێک لێکۆڵەر ئەم مەیلە وەک نیشانەی «داماوی» و «بنبەستی سیاسی» لێک دەدەنەوە، ئەم نووسینە بە دیدێکی ئۆبژێکتیڤ ئەو تێڕوانینە ڕەت دەکاتەوە. وتارەکە دەیسەلمێنێت کە ئومێدبەستن بە فاکتەری دەرەکی، نەک هەڵبژاردنێکی ستراتیژی، بەڵکوو پەرچەکردارێکی کاتییە بۆ توندوتیژیی دەسەڵات. لە ئەنجامدا، جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ساڵانی ڕابردوو، نەک هەر تووشی بنبەست نەبوون، بەڵکوو لە پرۆسەی گەشە و پێگەیشتوویی سیاسی دان و هەمیشە ئیرادەی نێوخۆیی دیاریکەری کۆتایی هەر گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دەبێت.

ناڕەزایەتییە بەربڵاوەکانی ساڵانی ڕابردوو لە ئێران، لە ڕاپەڕینەکانی دەیەی نەوەدەوە تا بزووتنەوەی بەشکۆی «ژن، ژیان، ئازادی» و تا ئێعترازەکانی مانگی بەفرانباری ئەمساڵ، تەنیا زنجیرەیەک لە کاردانەوەی کاتی نەبوون، بەڵکوو گوزارشت بوون لە وەرچەرخانێکی مێژوویی لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا. ئەم بزووتنەوانە لەگەڵ سەرکوتکارییەکی بێوێنەدا بەرەوڕوو بوونەتەوە؛ ڕاپۆرتەکان سەبارەت بە کوژران، بریندداربوون و دەسبەسەرکردنی هەزاران کەس، لەگەڵ دەرکردنی حوکمی قورس و سەپاندنی کەشی ئەمنییەتیی چڕ، کۆمەڵگەیان خستووەتە قۆناغێکی نوێ و دژوار لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی حاکمدا.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، هەندێک لە چاودێران ئەم دۆخە بە چەمکی «بێدەسەڵاتیی کۆمەڵگە» یان «داماویی کۆمەڵگە» وەسف دەکەن. ئەم تێڕوانینە ئاماژە بەوە دەکات کە تاکەکانی کۆمەڵگە، دوای تاقیکردنەوەی چەندین جارەی ڕێگاکانی گۆڕانکاریی مەدەنی و دانی باجی قورس، گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە ئامرازە نێوخۆییەکان چیتر کارا نین. لە بارودۆخێکی وەهادا، ئومێدبەستن بە فاکتەری دەرەکی چ هێزێکی دەرەکی بێت یان ڕزگارکەرێکی سیاسی زیاتر لەوەی هەڵبژاردنێکی عەقڵانی بێت، پەرچەکردارێکە بۆ هەستی بێدەرەتانی و داخرانی هەموو ئاسۆیەکی گۆڕان لە نێوخۆدا. ئەم مەیلی چاوبڕینە دەرەوەیە، ڕەنگدانەوەی ماندویەتی و بێزارییەکی قووڵە لە دۆخێکی هەڵواسراو کە تێیدا چیتر هیچ دەریچەیەکی وێناکراو بۆ گۆڕانکاریی نابینرێت.

بەڵام شیکارییەکی بابەتی و وردبینانە نیشانی دەدات کە ئەم جۆرە لێکدانەوانە، تەنیا دیوە ڕووکەش و ساتەوەختییەکەی دۆخەکە دەبینن. ڕاستە کە دوای هەر شەپۆلێکی توندوتیژی، خەڵک تووشی شۆک، خەمباری و چەشنێک لە ناکامی دەبن، بەڵام پێویستە بزانرێت کە ئەمە دۆخێکی کاتییە و تێدەپەڕێت. بەکارهێنانی دەستەواژەکانی وەک «داماوی» یان «بنبەستی»، نەک هەر ناتوانێت گوزارشت لە دایناميزمی ناوەوەی بزووتنەوەکە بکات، بەڵکوو لەگەڵ پرەنسیپی پشتبەستن بە گەل و ئومێدبەخشینیش نایەتەوە. گوتاری سیاسیی ئامانجخواز دەبێت لەسەر بنەمای توانایی و کارایی کۆمەڵگە بونیاد بنرێت.

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

هەرچەند سەرکوتی نارەزایەتییەکان هەستێکی کاتیی بنبەستی لە نێو خەڵکدا دروست کردووە و دەسەڵاتیش بە مەبەست پەرەی پێ دەدات تا وەرەی جڤاک برووخێنێت، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە هەرچی سیستەم زیاتر بەرەو داخرانی سیاسی بڕوات، ڕەوتی گۆڕانکاری لە نێو قووڵایی جڤاکدا هۆشیارانەتر و بەپێزتر دەبێت؛ چونکە وزەی گۆڕانکاری لە نێو کۆمەڵگەدا پرۆسەیەکی زیندووە و بە توندوتیژیی دەسەڵات پەک ناخرێت.
دوای هەڵوێستەیەکی ورد، دەردەکەوێت کە نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانە نەک وەک قووڵکردنەوەی ناکامی، بەڵکوو وەک هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێشەوە سەیر دەکرێن کە خەڵکی لە ئامانجە ڕاستەقینەکانیان نزیک کردووەتەوە. هەر کاتێک کۆمەڵگە کەمێک لە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان دوور دەکەوێتەوە، چاکتر دەبینێت و باشتر لێکی دەداتەوە کە چۆن هەر ڕاپەڕینێک قۆناغێک بزووتنەوەکەی بەرەو پێگەیشتوویی سیاسی بردووە. دەریای نارەزایەتیی خەڵک لە ئەنجامی ئەم داخرانە سیاسییەدا، ڕۆژبەڕۆژ فراوانتر و بەخوڕتر دەبێت؛ ئەم بزووتنەوەیە وەک شەپۆلێکی بەهێزتر، ئاگادارتر و خاوەن ئەزموونتر دەگەڕێتەوە بۆ نێو مەیدان.

لەم چوارچێوەیەدا، پێویستە فاکتەری دەرەکی تەنیا وەک «یاریدەدەر» وێنا بکرێت نەک «ڕزگارکەر»؛ چونکە مێژوو سەلماندوویەتی کە نێوخۆ دیاریکەری بنەڕەتی و یەکلاکەرەوەیە. لەم سۆنگەیەوە، هاوڕایی بەشێک لە کۆمەڵگە لەگەڵ فشارە نێودەوڵەتییەکان، وەک ئامرازێکی یاریدەدەر دەبینرێت بۆ زووتر دەربازبوون لەو دۆخە کارەساتبارەی کە خەڵک تێیدان. ئەم مەیلە بۆ پشتیوانیی دەرەکی، هەوڵێکە بۆ گۆڕینی هاوسەنگیی هێز و کورتکردنەوەی تەمەنی ئەو دۆخەی کە دەسەڵات بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە. کۆمەڵگە نەک داماو، بەڵکوو وەک ئەکتەرێکی سیاسیی پێگەیشتوو، بەدوای هەر ئامرازێکی کاریگەردا دەگەڕێت کە بتوانێت ئیرادە نێوخۆییەکەی لە قۆناغی «نارەزایەتی»یەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی «گۆڕانکاریی کردەیی و خێرا».

**لە کۆتاییدا**، تێگەیشتن لە «بێدەرەتانیی بەکۆمەڵ» یەکەم هەنگاوە بۆ دووبارە بیرکردنەوە لە ئەو ڕێگایانەی کە دەتوانن هەستی کارایی و ئومێد بۆ کۆمەڵگە بگەڕێننەوە. ئەم هەستانە ئاسایین و بە تێپەڕینی کات دەڕەونەوە و جێگەی خۆیان بە ورەیەکی پتەوتر دەدەن بە بزووتنەوەی گۆڕانخوازی خەڵک. بزووتنەوەکە نەک هەر پاشەکشەی نەکردووە، بەڵکوو گەورەتر بووە، گەشەی کردووە و ئێستا خاوەن ئاسۆیەکی ڕوونترە. بونیادنانی هەستی کارایی و باوەڕبەخۆبوون، کلیلی سەرەکیی ئەو گۆڕانکارییە جەوهەرییەیە کە لە نێو دڵی ئیرادەی گۆڕانکارییەوە سەرچاوە دەگرێت؛ چونکە لە کۆتاییدا، ئەوە هێزی نێوخۆیی و پێگەیشتوویی سیاسیی کۆمەڵگەیە کە داهاتووی ئێران دیاری دەکات.

٢١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥




سەرچاوە Serchawe

ڕێبەندانی ٢٧٢٥

## هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید فەتاح عەبدولی)



**برایم چووکەڵی**

هەرکات بیر لە ژیانی تێکۆشەران، پێشمەرگە و فەرماندە و کادرە شەهیدەکانی نەتەوەکەمان دەکەینەوە، وەبیر پاڵەوانی چیرۆکەکان، وەبیر کەسایەتی و کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکان دەکەوینەوە. دیارە نەک ئەو لایەنەی لەو ڕۆمانانەدا، پاڵەوانەکە لە سەرووی ئینسانەکاندا هەڵسوکەوت دەکات، بەڵکوو ئەو لایەنەی کەسایەتییەکە سەرەتا شەخسییەتێکی سادە و سروشتیی هەیە، بەڵام بە تێپەڕینی زەمان وردەوردە دەبێتە کەسایەتییەک کە شوێندانەر دەبێت و بەرپرسایەتیی گەورەی



سەرچاوە
Serchawe

دەکەوێتە سەرشان.

شەهید فەتاح عەبدولی لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە گوندی "وەزنێ"ی ناوچەی سندووسی نەغەدە لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشدا چاوی بە دنیای پڕ لە کوێرەوەری هەڵێنا. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە پێشدا لە زێدەکەی و دوایە لە شاری نەغەدە تەواو کرد. بە دەستپێکردنی ڕاپەڕینی پڕشکۆی نەتەوەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧، دژی ڕێژیمی پاشایەتی، فەتاح وەک زۆر لە لاوانی کوردستان پێی نایە مەیدانی سیاسەت و بڕیاری دا ژیانی لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا بۆ خەبات و تێکۆشان لەپێناوی ڕزگاریی هاونیشتمانانی لە بێ مافی و ژێرچەپۆکی و دیکتاتۆری تەرخان بکات. فەتاح زۆر بەباشی دەیتوانی تێگەیشتن و تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕانەکانی تێکەڵاوی کاری بەکردەوە بکات و لە ڕەوتی تێکۆشانی حیزبیدا خۆی پێ بگەیەنێت و کارامە بێت. لە یەکەم دەورەی پێگەیاندنی کادردا بەشداریی کرد و لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٩ وەک کادرێکی هەڵسووڕ و لێوەشاوە لە ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتدا جێی خۆی کردەوە. ئەو لە ژیانی حیزبایەتیدا بە هەموو هەست و توانا و فیداکارییەوە تێکۆشا و بە لێهاتووییەوە پلەکانی سەرکەوتن لە ئەرکە حیزبییەکانیدا یەک لەدوای یەک بڕی و لە ماوەی ١٤ ساڵ تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە و ئازایانە و لەخۆبردووانە لەنێو حیزبدا، زۆر بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری وەئەستۆ گرت، کە لێهاتوویی خۆی لە بەجێگەیاندنیاندا نیشان دا.

فەتاح عەبدولی لە یەکەم کۆنفرانسی ڕێکخراوی کۆمیتە شارستانی نەغەدەدا بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی نەغەدە هەڵبژێردرا و بەدوای بەشداری لە کۆنگرەی ٥ی حیزب بۆ ماوەیەک وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە دیاری کرا. لە کۆنگرەی ٦ی حیزب وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و پاشان لە سازماندەهی تازەدا وەک بەرپرسی کۆمیتە شارستانی سنە دیاری کرا. لە کۆنگرەی ٧ی حیزبیشدا بۆوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسایەتیی کۆمیتەی مەڵبەندی یەکی جنووبی کوردستان (سنە، مەریوان و کرماشان)ی کەوتە سەرشان. هەروەها ماوەیەکیش بەرپرسی کۆمیتە شارستانی سەردەشت بوو.

شەهید کاک فەتاح لە کۆنگرەکانی هەشت و نۆدا سەرلەنوێ وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرایەوە. ساڵی ١٣٦٨ بەدوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵای قادری ئازەر، لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە ئەرکی نوێنەرایەتیی حیزبی لە دەرەوەی وڵاتی کەوتە سەرشانی و هەتا کاتی شەهیدبوون ئەو ئەرکەی بەڕێوە برد. شەهید فەتاح عەبدولی ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرێکی شێلگیری ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکەی بوو، و بە ئیمانەوە و لە بەجێگەیاندنی ئەرکی حیزبی و کارکردن لەناو خەڵکدا ماندوویی نەدەناسی. کەسێکی لەسەرەخۆ، وردبین و باوەڕبەخۆ بوو. بەهۆی تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕانە و ئەخلاقییە بەرچاوەکانی لەنێو ڕیزکانی حیزبدا زۆر خۆشەویست بوو. شەهید فەتاح

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

وەک کادرێکی لێوەشاوە و لێهاتوو، بە ئیمان و وورەیەکی پتەو، تێکۆشانی هەرچی زیاتری لە ڕێبازی حیزبەکەیدا هەنگاوی دەنا و تا دوا کاتەکانی ژیانی خۆی بە ئامانجە پیرۆزەکانی حیزب و نەتەوەکەی وەفادار مایەوە.

ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ لە پیلانێکی تێرۆریستیدا و لەکاتێکدا کاک فەتاح عەبدولی لە هاوڕێیەتیی سکرتێری حیزب دوکتور سادق شەرەفکەندی و کاک هومایۆن ئەردەڵان سەرقاڵی جێبەجێکردنی کارە دیپلۆماسییەکانیان بوون، لەلایەن تیمێکی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لە ڕێستۆرانی "میکۆنۆس" درانە بەر دەستڕێژ شەهید بوون.

ئەگەرچی حیزبی دێموکرات بە شەهیدبوونی ئەو تێکۆشەرانە زەربەیەکی قورسی خوارد، بەڵام ڕێبوارانی ئەو ڕێبازە ڕێوڕێبازی ئەوانیان بەر نەدا.

نەغەدە ئەی بەگوڕی خوێنیم،
لانی سەربەرزی ئەوین و ژینم

قارەمانی تۆ، شەهید کرمانجی،
گیانی بەخشیوە لە ڕێی ئامانجی

عومەری سامی، حەسەن چەوساوە،
ئەی سولەیمان و شکاکی کاوە

شێری چارشێوبەسەری کوردستان،
عەلی پیرۆتی سەری سەربەستان

حیکمەتی کوردی نەبەز، مەحموودخان،
ئەی فەتاحی عەبدولی پڕ ئیمان

ئێوە کاروانی ورە و ئیمانن،
مەشخەڵی ڕوونی خەباتی مانن

ئێوە شێرانی گەلی بێ خەوشن،
لە دڵی مێژوو چ جوان دەدرەوشێن

٢٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# پرۆفایلینگی نەتەوەیی کورد لە ڕوانگەی نێودەوڵەتی و ناوچەییەوە!





**خالید قادری**

## چوارچێوەیەکی بنچینەیی بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەمنیەت و شەڕی سایبێری

**پوختە(Abstract)**



سەرچاوە
Serchawe

ئەم وتارە دەستپێکی چەند وتارێکی زنجیرەییە کە ئامانج لێی شیکردنەوەی پرۆفایلینگی نەتەوەی کوردە لە چوارچێوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی، دیپلۆماسی، ئاسایشی نێودەوڵەتی و ناوچەیی، سایبێر، ژێئۆپۆلیتیکی و ئابووری. ئەم زنجیرە نووسینانە هەوڵ دەدەن مانای پرۆفایلینگ وەک ئامرازێکی زانستی و ستراتیژیک ڕوون بکەنەوە و نیشانی بدەن چۆن کورد لە مێژووی نوێدا پرۆفایل کراوە، نەک ئەوەی خۆی پرۆفایلی خۆی دروست کردبێت. ئەم وتارە بنچینەی فکرییە بۆ تێگەیشتن لە شێوازی مامەڵەی دەزگا نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ کورد و باس لەو ڕێگایانە دەکات بۆ گۆڕینی ئەم پرۆفایلە لە سەردەمی سایبێر و تێکنۆلۆژیدا.

وشە سەرەکییەکان: پرۆفایلینگ، نەتەوەی کورد، سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەمنیەت، سایبێر، شەڕی دەروونی.

### ١- پێشەکی: پرۆفایلینگ چییە؟

پرۆفایلینگ لە مانای گشتییدا بریتییە لە کۆکردنەوە و ڕێکخستن و شیکردنەوەی زانیاری دەربارەی تاک، گرووپ یان نەتەوە بۆ پێشبینی ڕەفتار، هەڵوێست و وەڵامدانەوەیان لە دۆخە جیاوازەکاندا. زانیارییەکانی پێویست بەگشتی ئەوانە لەخۆ دەگرن: کولتووری، بیروڕاکان، ئایینی، ئایدۆلۆژی و سیاسی، ژێئۆپۆلیتیکی و ئابووری. ئەم شێوازە لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبووە، بەڵام لە سەردەمی نوێدا بووە بە ئامرازێکی بنچینەیی لە سیاسەت، ئەمنیەت، دیپلۆماسی و شەڕی سایبێریدا.

لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، هیچ بڕیارێک بەبێ پرۆفایلینگ دروست نابێت. پێش ئەوەی دەوڵەتێک هاوبەشێک هەڵبژێرێت، فشار بهێنێت یان پشتگیری بکات، پێشتر پرۆفایلی ئەو نەتەوەیە دەخوێنێتەوە: ئایا یەکگرتووە؟ سەرکێشە؟ لە کاتی ترسدا چۆن وەڵام دەدات؟ تا چەند دەتوانرێت جێی متمانە بێت؟

### ٢- پرۆفایلینگی نەتەوەیی: زانست یان ئامرازی دەسەڵات؟

پرۆفایلینگی نەتەوەیی لەسەر بنەمای مێژوو، کارەسات، بیرهێنانەوەی کۆمەڵایەتی، ئەزموونی شەڕ و هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری سیاسی دروست دەبێت. لە ڕووی زانستییەوە، ئەمە ئامرازێکی شیکارییە؛ بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە، زۆرجار بووە بە ئامرازێکی کۆنترۆڵکردن. نەتەوەیەک کە خۆی پرۆفایلی خۆی نانووسێت، ناچارە پرۆفایلێکی دروستکراوی لایەنی دیکە قبووڵ بکات. ئەوە پرۆفایلەکەیە کە دەتوانێت دیاری بکات ئەو نەتەوەیە وەک هاوبەش بناسرێت یان وەک مەترسی، وەک یاریدەدەر یان وەک ئامراز.



سەرچاوە
Serchawe

### ٣- کورد وەک نەتەوەی پڕۆفایلکراو

لە زۆربەی سەدەی بیستەمدا، کورد لە دەزگا سیاسی و ئەمنییە نێودەوڵەتییەکاندا وەک نەتەوەیەکی سەرکێش، بە توانای بەرخۆدان، بەڵام پەرتەوازە و بێ یەکدەنگی پڕۆفایل کراوە. مەبەست لە بەکارهێنانی وشەی «سەرکێش» لێرەدا نە هەڵسەنگاندنی نەرێنی یان تاوانبارکردنی شۆڕشەکانی کوردە، بەڵکوو تەنیا تێگەیشتنی ئەو شێوازەیە کە لە پڕۆفایلینگی سیاسی و ئەمنیی نێودەوڵەتیدا شۆڕشەکانی کورد وەک هێزێکی دژ بە ستاتۆکۆی دەوڵەتان و چوارچێوە سیاسییە هەنووکەییەکان ناسراون. ئەم پڕۆفایلە هۆکاری ئەوە بوو کە کورد زۆرجار وەک هێزێکی تاکتیکی بەکار بهێنرێت، نەک هاوبەشێکی ستراتیژیکی درێژخایەن.

لە دیپلۆماسیشدا، کورد زۆرجار وەک بابەت باس کراوە، نەک وەک بڕیاردەر. نەبوونی دەوڵەت و چوارچێوەی یاسایی بووە بە هۆکاری لاوازیی دەنگی کورد لە مێزی بڕیارەکاندا، تەنانەت ئەو کاتانەی کە لە سەنگەری شەڕدا بەهێز بووە.

### ٤- پڕۆفایلینگی بێدەنگ: دۆخی پێش سایبێر

پێش گەشەی ئینتێرنێت و میدیای نوێ، کورد زۆرجار لە پڕۆفایلینگی نەتەوەی بێدەنگدا بووە. واتە نەتەوەیەک بێ میدیای خۆی، بێ توانای هاواری نێودەوڵەتی و لە جوگرافیایەکی داخراودا. لەم دۆخەدا، سەرکوتکردن و کوشتار دەتوانرا بەبێ چاودێریی جیهانی ئەنجام بدرێت و پڕۆفایلینگی کورد تەنیا لەنێو ڕاپۆرت و پەڕگە ئەمنییەکاندا بمێنێتەوە.

### ٥- گۆڕان لە سەردەمی سایبێر: گواستنەوەی پڕۆفایل

گەشەی تێکنۆلۆژی، ئینتێرنێت و سۆشیاڵ میدیا گۆڕانێکی بنچینەیی دروست کرد. هەر تاکێک بووە بە هەواڵنێر، هەر وێنە و ڤیدیۆیەک بووە بە بەڵگە و، جوگرافیای داخراو گۆڕا بۆ جوگرافیای دیجیتاڵی. لەم قۆناغەدا، کورد توانای ئەوەی پەیدا کرد کە خۆی پڕۆفایلی خۆی دروست بکات و لە پڕۆفایلینگی بێدەنگ بگوازرێتەوە بۆ پڕۆفایلینگی دەنگدار. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە شێوازی پڕۆفایلینگ کردنی نەتەوەیی بە شێوازی کلاسیک گۆڕدراوە بۆ دیجیتاڵی؛ بۆ ئەم گۆڕانەش لە داهاتوودا لە وتارێکدا بە شێوەیەکی زانستی باس لەو گۆڕانکارییەش دەکەم و شیکارییەک دەکەم کە چۆن خۆمان لەگەڵ شێوازی پڕۆفایلینگی دیجیتاڵی بار بهێنین بە قازانجی نەتەوەکەمان.

### ٦- بۆچی ئەم وتارە سەرەتای زنجیرەکەیە؟

ئەم وتارە بنچینەی ئەو بیرۆکەیە دادەنێت کە پرۆفایلینگ تەنیا بابەتی دەروونی نییە، بەڵکوو هۆکاری بڕیارە سیاسی، ئەمنی و دیپلۆماتیکییەکانە. وتارەکانی دواتر لەم زنجیرەیەدا ئەم بنچینەیە لە بوارە جیاوازەکاندا قووڵتر دەکەنەوە و شێوازی کاریگەرییەکانی نیشان دەدەن.

### ٧- کۆتایی: پرۆفایلینگ وەک شەڕی نهێنی

لە سەردەمی هاوچەرخدا، پرۆفایلینگ بووە بە شێوازێکی شەڕی نهێنی؛ شەڕێک کە لە مێشکەوە دەست پێ دەکات و لە بڕیارە سیاسییەکاندا دەردەکەوێت. بۆ نەتەوەی کورد، تێگەیشتن لە پرۆفایلینگ نەک تەنیا بابەتی زانستییە، بەڵکوو پێویستییەکی نەتەوەییە. نەتەوەیەک کە پرۆفایلینگی خۆی نەناسێت، هەمیشە لە شەڕێکی نهێنیدا دەمێنێتەوە.

### ٨- پرۆفایلینگ چییە و چ زانیارییەک پێکهاتەی پرۆفایلینگی نەتەوەیی دروست دەکەن؟

پرۆفایلینگ لە مانای قووڵتردا بریتییە لە دروستکردنی وێنەیەکی هەڵسەنگێندراو لە نەتەوەیەک بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕەفتار، هەڵوێست، هەست و وەڵامدانەوەکانی لە دۆخە سیاسی، ئەمنی و کاتی شەڕدا پێشبینی بکرێت. ئەم وێنەیە تەنیا لەسەر یەک بابەت دروست نابێت، بەڵکوو لە کۆمەڵێک زانیاری و ئەزموونی کۆکراوەوە پێک دێت. بە گشتی،

**پرۆفایلینگی نەتەوەیی لەسەر ئەم زانیارییانە بنیات دەنرێت:**

**زانیاریی مێژوویی:** مێژووی شۆڕش، شکست، سەرکوتکردن، کارەسات و مامەڵەی نێودەوڵەتی. بۆ نموونە، مێژووی شۆڕشە سەرکێشەکانی کورد بووە هۆی ئەوەی لە زۆر شوێن وەک نەتەوەیەکی «سەرکێش بەڵام ناتەواو» پرۆفایل بکرێت.

**زانیاریی دەروونی – کۆمەڵایەتی:** ئەو کارەسات و بیرەوەرییانەی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە: خیانەت، جێهێشتن، شکست، و لاوازیی دیپلۆماسی. ئەمانە کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی کورد لە کاتی فشاردا چۆن هەست بکات و چۆن وەڵام بداتەوە.

**زانیاریی سیاسی و ڕێکخراوەیی:** شێوازی ڕێکخستنی سیاسی، پەرتەوازیی حیزبی، یەکدەنگی یان ناکۆکیی نێوخۆیی. ئەم

خاڵە زۆرجار بووەتە هۆکاری ئەوەی کورد وەک هێزێکی تاکتیکی، نەک ستراتیژیک پڕۆفایل بکرێت.

**زانیاریی ژێئۆپۆلیتیکی:** شوێنی جوغرافی کوردستان، پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ، ئەوەی کورد لەنێوان چەند مەیدانی شەڕ و قازانجدا هەڵکەوتووە. ئەمە بووەتە هۆکاری ئەوەی زۆرجار کورد وەک «ناوچەی ئاراستەگۆڕ» پڕۆفایل بکرێت.

**زانیاریی ئابووری:** توانای خۆبەڕێوەبەریی ئابووری، سەرچاوەکان، و پێویستیی بەرپرسانی نێودەوڵەتی بە ناوچەکە. لاوازیی ئابووری زۆرجار بووە بەشێک لە پڕۆفایلینگی لاواز.

**زانیاریی میدیایی و سایبێری (لە سەردەمی نوێدا):** لە سەردەمی سایبێردا، ئەو زانیارییانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، میدیای دیجیتاڵ و هەڵسوکەوتی ئینتێرنێتی کۆ دەکرێنەوە، بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە پڕۆفایلینگی نەتەوەیی. ئەمە پڕۆفایلینگی کلاسیکی گۆڕیوە بۆ پڕۆفایلینگی دیجیتاڵ.

### ٩- پێویستییەکانی کورد بۆ هەڵوەشاندنەوەی پڕۆفایلینگی کۆن

ئەگەر کورد نەتەوەیەکی پڕۆفایلکراو بووە، ئەوەش ڕاستە کە دەتوانێت پڕۆفایلی نوێ دروست بکات.

**بۆ ئەم مەبەستە، چەند پێویستییەکی بنچینەیی هەیە:**

**ناسینی پڕۆفایلی کۆن:** یەکەم هەنگاو ئەوەیە کورد خۆی بزانێت چۆن پڕۆفایل کراوە: وەک مەترسی، وەک شۆڕشگێڕ، یان وەک هێزێکی ناتەواو. بێ ئەم هۆشیارییە، گۆڕان نامومکینە.

**گواستنەوە لە هەستەوە بۆ ستراتیژ:** پێویستە بڕیار و وەڵامدانەوەکان لەسەر بنەمای هەست نەبن، بەڵکوو لەسەر بنەمای ستراتیژ و خوێندنەوەی پڕۆفایلە نێودەوڵەتییەکان بن.

**دروستکردنی پڕۆفایلێکی نوێ:** پڕۆفایلێک کە کورد وەک ئەکتەرێکی سیاسی، دیپلۆماتیک و سایبێری بناسێنێ، نەک تەنیا وەک مەسەلەیەکی ئەمنییەتی.



سەرچاوە
Serchawe

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

**بەکارهێنانی سایبێر و داتا بە شێوەی ژیرانە:** لە سەردەمی نوێدا، کۆنترۆڵی داتا و میدیا بەشێکی گرنگی پرۆفایلینگە. کورد پێویستە فێربێت چۆن داتای خۆی بپارێزێت و چۆن بە قازانجی نەتەوەیی بەکاری بهێنێت.

ئامادەبوون بۆ پرۆفایلینگی دیجیتاڵی مەترسیدارترە، بۆیە پێویستە کورد پلانی هەبێت بۆ ڕێگری لە بەکارهێنانی داتا و زانیاری وەک چەکێکی نهێنی دژ بە خۆی لەلایەن نەیارانییەوە.

### ١٠- کۆتایی و پەیامی سەرەکی

پەیامی سەرەکیی ئەم وتارە ئەوەیە کە پرۆفایلینگ هەمیشە هەیە؛ ئەگەر کورد خۆی پرۆفایلی خۆی دروست نەکات، خەڵکانی تر بۆی دەنووسن. لە سەردەمی سایبێر و تێکنۆلۆژیدا، ئەم شەڕە زیاتر لە هەر کاتێک شەڕی مێشک، زانیاری و داتایە. تێگەیشتن لەم ڕاستییە بنچینەی سەربەخۆیی فکری و سیاسیی نەتەوەی کوردە.

**٢٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە Serchawe

## دیپلۆماسیی وڵاتانی "سۆسیالیستیی" و قوربانیکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران!





**د. کامران ئەمین‌ئاوە**

لە دانیشتنی بەپەلەی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٣ی ڕێبەندانی ١٤٠٤دا بڕیارنامەیەک بۆ مەحکوومکردنی سەرکوتی بە توندوتیژیی نارەزایەتییەکانی بەفرانبار و درێژکردنەوەی ئەرکی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی لێکۆڵینەوە لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران پەسەند کرا. لەم دەنگدانەدا حەوت وڵات لەوان کووبا، چین،

ویتنام، پاکستان، هیندوستان، ئیندۆنێزی و عێراق، دژی بڕیارنامەکە دەنگیان دا. بوونی بەشێک لەو وڵاتانە، بەتایبەتی سێ وڵات بە سیستەمی "سۆسیالیستی"یەوە، جارێکی دیکە پرسیاری جیددی لەبارەی پێوەندی نێوان "دیپلۆماسیی سۆسیالیستیی"، "شەڕ دژی ئیمپریالیزم" و "مافی مرۆڤ" دەوروژێنێت.

پەسەندکردنی ئەم بڕیارنامەیە لە لایەن ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ٢٥ دەنگی ئەرێنیی، ١٤ دەنگی بێلایەن و ٧ دەنگی نەرێنیی، لە ڕوانگەی یاساییەوە نیشانەی بەردەوامی نیگەرانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوشتنی بەکۆمەڵی هەزاران کەس لەم وڵاتەیە لە ماوەیەکی کورتدا. بەڵام لە ڕوانگەی سیاسییەوە پێکهاتەی ئەو وڵاتانەی دژایەتی بڕیارنامەکە دەکەن گرنگترە. دەنگی نەرێنیی وڵاتێک وەک عێراق کە پێکهاتە سیاسی، ئەمنییەتی و میلیشیاکانی لەژێر کاریگەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە، ئەوەندە جێگەی سەرسوڕمان نییە. ئەوەی شایەنی ڕەچاوکردنە، دەنگی نەرێنیی وڵاتانی وەک "کووبا"، "چین" و "ویتنام"ە کە خۆیان وەک ئاڵاهەڵگرەکانی "نەریتی سۆسیالیستی و بەرگری لە مافی خەڵکی کرێکار و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان" لە قەڵەم دەدەن.

لە ئەزموونی مێژوویی سەدەی بیستەمدا، بەتایبەت لە سەردەمی سیستەمی دوو جەمسەریدا، لە لایەن زۆرێک لە دەوڵەتە سۆسیالیستەکان یان بەناو "ئۆردوگای ڕۆژهەڵات"، دەوڵەتێک کە دژایەتیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەکرد، تەنانەت ئەگەر لە ڕادەبەدەر سەرەڕۆ و سەرکوتکەریش بایە، بە "هێزێکی پێشکەوتنخوازی دژە ئیمپریالیزم" پێناسە دەکرا.

بەم پێیە پشتیوانی لە ڕێژیمە سەرەڕۆکان وەک سوریەی حافز ئەسەد، عێراقی سەدام حوسێن و لیبی موعەممەر قەزافی بەدەر نەبوو، بەڵکوو ڕێسایەکی هاوبەش بوو لە دیپلۆماسیی سۆسیالیستیدا. ئەم پشتیوانییە زۆرجار بە نرخی پشتگوێخستنی سەرکوتی نێوخۆ و کوشتنی نەیاران لەوان حیزبە کۆمۆنیست و دێموکراتییەکان و پێشێلکردنی بەرفراوانی مافەکانی مرۆڤ لەو چەشنە وڵاتانەی کە ناو بران، دەهاتە ئاراوە. یەکێک لە نموونە هەرە بەرچاوەکانی ئەم ڕێبازە هەڵوێستی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەرانبەر بە حکوومەتی بەعسی عێراقە. وڵاتێک کە گوایە ڕێگای "گەشەسەندنی ناسەرمایەداری"ی پەیڕەو دەکرد. بۆ وێنە لەکاتێکدا حزبی شیوعیی عێراق وەک حیزبێکی "برا" بە توندی لەلایەن ڕێژیمی سەدام حوسێنەوە سەرکوت دەکرا، حکوومەتی سۆڤیەتی بەردەوام بوو لە بەرگریکردن لە بەغدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا.

لوتکەی ئەم دژوازییە لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٨٨دا بوو، دوای کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە؛ تاوانێک کە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە پێنج هەزار هاووڵاتیی مەدەنی کورد. ئەلکساندێر بێلۆنۆگۆڤ، نوێنەری هەمیشەیی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

نەتەوە یەکگرتووەکان، لە سەرەتادا ئەم کارەساتەی ڕەت کردەوە و بە پڕوپاگەندەی ئیمپریالیستی دژ بە عێراقی لەقەڵەم دا. دواتر سەرەڕای بەڵگەی ڕوون، نوێنەری هەمیشەیی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە بڕیارنامەی ٦١٢ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە گشتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی مەحکووم کرد، بەڵام بە پێچەوانەی زانیاریی مەیدانی و ڕاپۆرتی پسپۆڕانی نەتەوە یەکگرتووەکان، خۆی لە ئاماژەکردنی ڕاستەوخۆ بە عێراق بەدوور گرت.

دەنگی نەرێنیی چین، کووبا و ڤیتنام سەبارەت بە بڕیارنامەی ئەم دواییەی ئەنجومەنی مافی مرۆڤ سەبارەت بە ئێران دەکرێ وەک درێژەپێدەری هەمان نموونەی مێژوویی تەماشا بکرێت. هەرچەندە سیستەمی جیهانی ئیتر دوو جەمسەری نییە، بەڵام لۆژیکی "دژایەتی لەگەڵ هەژموونیی ئەمریکا" تەوەرەی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتانەیە. لەو چوارچێوەیەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک وەک حکوومەتێکی خاوەن کارنامەیەکی قورس لە ئێعدام و سەرکوتکردنی نارەزایەتی و پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی ژنان، کرێکاران و کەمینە و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی وڵات، بەڵکوو وەک "هاوپەیمانێکی دژە ڕۆژاوا" پێناسە دەکرێ.

دەرئەنجامەکەی ئەوەیە کە مافی مرۆڤ جارێکی دیکە دەبێتە قوربانیی دیپلۆماسیی نێوان حکوومەتەکان، بەرژەوەندییە ژیۆپۆلیتیکیەکان و بیرکردنەوەی ئایدیۆلۆژیی دژە ئەمریکی؛ تەنانەت ئەگەر ئەم قوربانیکردنە دژایەتییەکی ڕوونی بێت لەگەڵ بانگەشەی فەرمی ئەم وڵاتانە سەبارەت بە بەرگریکردن لە مرۆڤایەتی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کەرامەتی خەڵکی زەحمەتکێش.

لێکدانەوەی دەنگی وڵاتانی سۆسیالیستی لە ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دەریدەخات کەلێنی نێوان دروشم و کردارەکان لە دیپلۆماسی وڵاتانی "سۆسیالیستی" قووڵ ماوەتەوە. بەرگریکردن لە ڕژێمە ستەمکارەکان بە ناوی بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزمەوە نەک هەر یارمەتی بە ڕزگاری نەتەوەکان نادات، بەڵکوو ڕەوایی ئەخلاقیی خودی گوتاری سۆسیالیستیش لاواز دەکات. ئەزموونی مێژوویی لە هەڵەبجەوە تا ئێرانی ئەمڕۆ ئەوە دەردەخات کە چاوپۆشیکردن لە مافەکانی مرۆڤ، سەرەڕای ڕەنگی ئایدیۆلۆژیکی دەوڵەتەکان، هەمیشە بۆتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی و نادادپەروەری و بێمتمانەیی جیهانی.

٢٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# ٢٦ی سەرماوەز؛ ڕۆژی پێشمەرگە

## خوێندنەوەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ڕەمزێک لە کوردستان





**(بەشی دووهەم: ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێش ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی – بەستێنە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان)**

زانیار حوسێنی

## پێکهاتەی جوگرافی و سروشتی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی تایبەتمەندییە جوگرافییە تایبەتەکانییەوە، کەشێکی گونجاوی بۆ پێکهێنانی بەرخۆدانی ناوچەیی و پێکهاتە ئۆتۆنۆمییەکان دابین کردوە. چیای زاگرۆس بە لێوارە بەرزەکانی و ڕێڕەوی تێپەڕنەکراو و ناوچە دوورەدەستەکانی، ئەگەری بوونی هێزێکی دەسەڵاتی ناوەندیی سنووردار دەکرد. ئەم هەلومەرجە سروشتییانە نەک هەر بووە هۆی سەربەخۆیی ڕێژەیی پێکهاتەکانی ناوچەکە، بەڵکوو تۆڕی خزمایەتی و بەستێنە جیاوازەکانی شار و گوندەکانی بەهێزتر کرد و ژینگەیەکی گونجاوی بۆ دەرکەوتنی "پێشمەرگە" وەک پارێزەری ناوچەیی دابین کرد. لە ناوچە شاخاوییەکان، گوندەکان و گوندە بچووکەکان تۆڕی بەرگریی نێوخۆییان هەبوو کە بەشێوەیەکی ئۆرگانیک بە پەیوەندیی خزمایەتی و نەریتیی ناوخۆیی ڕێکخرابوون. ئەم پێکهاتەیە وای کرد پێشمەرگە وەک توخمێکی خۆڕاگریی نێوخۆیی و کۆمەڵایەتی بەبێ پێویستی بە پشتیوانیی دەرەکی مامەڵە بکات.

## پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و خێڵەکی

پێش ساڵانی ١٣٢٠ی هەتاوی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و گوندنشین بوو. دەسەڵات لە ناوچە جیاجیاکاندا تا ڕادەیەکی زۆر بەدەست پیرەکانی خێڵ و سەرکردە نێوخۆییەکان بوو و پەیوەندیی خزمایەتی ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە چارەسەرکردنی ناکۆکی و دابینکردنی ئاسایش و دابەشکردنی سەرچاوەکان. ئەم سیستەمە خێڵەکییە هەم سەرچاوە مرۆییەکان و هەم سەرمایەی کۆمەڵایەتیی دابین دەکرد کە بۆ پێکهێنانی یەکەم یەکەکانی پێشمەرگە پێویست بوو. تۆڕە خێڵەکییەکان ڕێخۆشکەر بوون بۆ کۆکردنەوەی خێرای هێز لە کاتی هەڕەشەکاندا کە نەزمی کۆمەڵایەتیی نێوخۆیی بە یاسا ئەخلاقی و نەریتییەکان پێناسە دەکرا. یەکەم پێشمەرگەکان لەو پێکهاتانەدا تەنیا جەنگاوەر نەبوون، بەڵکوو چاودێرانی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیش بوون؛ بە واتایەکی تر، بەرگریکردن لە کۆمەڵگە بریتی بوو لە: پاراستنی فیزیکی و بەرزڕاگرتنی بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان.

## سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ناوەندی و ناوەندگەرایی

ساڵانی ١٢٩٠ و ١٣٠٠ی هەتاوی، قۆناغی ناوەندگەرایی چڕوپڕی دەسەڵاتی ناوەندی بوو لە تاران؛ لەو ماوەیەدا ڕەزاخانی میرپەنج کاریگەریی زۆری هەبوو و دواجار گەیشتە لوتکەی هەرەمی دەسەڵات؛

**سیاسەتەکانی بریتی بوون لە:**

**ئا؛ لاوازکردنی ئۆتۆنۆمیی عەشیرەتەکان و دەسەڵاتی ناوخۆیی:** ڕەزاخان هەوڵیدا دەسەڵاتی گەورەی عەشیرەتەکان سنووردار بکات و بیانخاتە ناو پێکهاتەی دەوڵەتەوە.

**ب؛ مەرکەزیکردنی ئاسایش و سپای نیشتمانی:** هێزەکانی حکوومەت بە بەردەوامی دەچوونە ناو ناوچەکانی کوردستان بۆ دامەزراندنی کۆنترۆڵی ناوەندی.

**ج؛ چاکسازییە ئابووری و ژێرخانییە سنووردارەکان:** ڕێڕەو و ڕێگاکانی بازرگانی کۆنترۆڵ کران و سەرچاوە ئابوورییە نێوخۆییەکان خرانە ژێر چاودێریی حکوومەت؛ لە ڕاستیدا بەشێکی سەرەکیی ئەم چاکسازییانە ئاسانکاری بوو بۆ پرسە لۆجستیکی و دابینکردنەکان بۆ سپا و هێزە ناوەندگەراکان. ئەم سیاسەتانە کە بە سەرکوت و کوشتار و ئەندازیاریی ناواقیعیی ڕاستییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و کولتوورییەکان جێبەجێ کران، بوونە هۆی زیادبوونی کەشوهەوای ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی، ئابووری و داواکاریی ناوچەیی بۆ هێزێکی بەرگریی سەربەخۆ، وەک پێشمەرگە.

**بارودۆخی ئابووری و بژێویی ژیان**

ئابووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێش ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر کشتوکاڵی و ئاژەڵداریی کۆن و نەریتی بوو. فشارەکانی باج لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندی و سنووردارکردنی ئابووری کە لە ئەنجامی ناوەندگەراییەوە هاتە ئاراوە، وای کرد کۆمەڵگەی گوندنشین بە شێوەی خۆویست تۆڕی بەرگری دروست بکەن. زۆرجار پێشمەرگە لەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییانە سەری هەڵداوە و وەک نێوەندگیری نێوان کۆمەڵگە و هەڕەشە دەرەکییەکان مامەڵەی کردوە.

**ئابووریی بژێوی، پەیوەندیی خزمایەتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگەیان بە پێشمەرگە دا کە:**

- خۆراک و چەک لە کاتی پێویستیدا دابین بکەن.
- تۆڕی پشتگیریی نێوخۆیی دروست بکەن.
- شەرعییەتی ئەخلاقییان لە کۆمەڵگەدا بەهێزتر بکەن.

ئەم ڕۆڵە ئابووری و کۆمەڵایەتییە بناغەیەکی گرنگی بۆ پێشمەرگە لە دەیەکانی دواتردا ڕەخساند کە ببێتە



سەرچاوە
Serchawe

دامەزراوەیەکی بەردەوام.

## ئەزموونی مێژوویی بەرخۆدان و شوناسی بەکۆمەڵ

لەو ماوەیەدا پێشمەرگە زیاتر وەک بەرخۆدانی نێوخۆیی و کۆمەڵایەتی چالاکیی دەکرد. ئەوان نەک تەنیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی حکوومەتدا ڕۆڵیان هەبوو، بەڵکوو لە چارەسەرکردنی ناکۆکیی ناوخۆیی و پاراستنی زەوی و سامان و بەڕێوەبردنی قەیرانە ناوخۆییەکانیشدا ڕۆڵیان هەبووە. ئەم ئەزموونە بووە هۆی ئەوەی پێشمەرگە لە یادەوەریی بەکۆمەڵدا وەک "هەڵگری بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە" بمێنێتەوە. ناسنامەی بەکۆمەڵی کورد لەم قۆناغەدا شێوەی نوێی وەرگرت و پێشمەرگە وەک هێمای خۆڕاگری و بوێری لە کولتووری زارەکی و گۆرانی و چیرۆکی نێوخۆییدا دامەزرا. ئەم شوناسە بەکۆمەڵە بنەما و بەستێنی پێویست بوو بۆ ڕێکخستنی فەرمیی پێشمەرگە لە ساڵانی دەیەی ١٣٢٠ی هەتاویدا. لە ڕاستیدا پێشمەرگە بەرهەمی تێکەڵەیەک لە پێکهاتەی سروشتی، داواکاریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، فشارە سیاسییەکان و ئابووریی نێوخۆیی بوو و تەنیا دەرئەنجامی بڕیاری سیاسی یان ئایدۆلۆژیای حیزبی نەبووە.

## دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و سازمانی پێشمەرگە (بەستێنە سیاسییەکانی دوای جەنگی جیهانیی دووهەم)

ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی ڕۆژهەڵاتی کوردستان/کوردستانی ئێران بوو. کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووهەم و لاوازبوونی ڕێژەیی دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران، دەرفەتێکی بۆ ڕەنگدانەوەی داواکارییە جەماوەرییەکان ڕەخساند. بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان و کاریگەرییە جیۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکە، کەشێکی سیاسیی نوێی خوڵقاند کە لە ئەنجامدا حیزبی دێموکراتی کوردستان - ئێران لە چوارچێوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کوردەوە دامەزرا.

**لەم ماوەیەدا ئەم خاڵانەی خوارەوە بنەما و هۆکاری پێکهێنانی حیزبیان مسۆگەر کرد:**

**ئا؛ گشتگیربوونی داواکارییە گشتییەکان:** داواکارییە جەماوەرییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە پێکهاتە و چینە جۆراوجۆرەکاندا گەیشتە لوتکە و ئەوپەڕی ڕادەی کۆمەڵایەتی.

**ب؛ نەبوونی کۆنترۆڵی توندی دەسەڵاتی ناوەندی:** دەسەڵاتی تاران دوای جەنگی جیهانیی دووهەم ڕووبەڕووی لاوازیی جێبەجێکاری بووەوە و کۆنترۆڵی سنووورداری بەسەر ناوچەکانی وەک کوردستان هەبوو.

**ج؛ ئەزموونی مێژوویی بەرخۆدانی لۆکاڵی:** ئەو تۆڕە نافەرمییانەی پێشمەرگە و هێزە عەشایەرییەکان کە پێش ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی چالاک بوون، بنەما و ناوەکی سەرەتایی ڕێکخستنی فەرمییان پێکهێنا.

**د؛ پێشهاتە هەرێمییەکان:** پێکهێنانی حیزب و حکوومەتە خۆجێییەکان لە باشووری کوردستان/کوردستانی عێراق و فشارە نێودەوڵەتییەکان شێواز و مۆدێلێکی بۆ پێکهێنانی ئەو حیزبە ڕەخساند.

## دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٢٤ی هەتاویدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد بوونی خۆی ڕاگەیاند.

**ئامانجە سەرەتاییەکانی حیزب بریتی بوون لە:**

- پاراستنی مافە سیاسی و کولتوورییەکانی کورد
- دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان/کوردستانی ئێران.
- ڕێکخستنی هێزێکی چەکدار بۆ پاراستنی نەتەوەی کورد.

حیزب توانی هێزی پێشمەرگە لە تۆڕە خێڵەکی و ناوچەییەکان کۆ بکاتەوە و وەک ڕێکخراوێکی سەربازی و سیاسیی یەکگرتوو ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێنێت.

## پێکهێنانی فەرمیی ڕێکخراوی پێشمەرگە

حیزبی دێموکرات لە سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاویدا بە فەرمی سازمانی پێشمەرگەی پێکهێنا. ئەم ڕێکخراوە یەکەمین نموونەی دامەزراوەیەکی فەرمیی پێشمەرگە بوو لە ئاستی کوردستان و ئێراندا و خاوەنی

**ئەم تایبەتمەندییانە بوو:**

**ئا؛ پلەبەندییەکی ڕوون و دیاریکراوی سەربازی:** پێشمەرگە ڕاهێنانی بەردەوامی سەربازیی دەدیت و پلەکانی فەرماندەیی

دیاریکراو بوون.

**ب؛ خۆگونجاندن لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییە ناوچەییەکان:** پێکهاتەی ڕێکخراوەکە لەگەڵ تۆڕە خێڵەکی و نێوخۆییەکاندا تێکەڵ بوو، بەجۆرێک کە شەرعییەتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی پێشمەرگە لە خەڵکی نێوخۆیی و ناوچەیی مسۆگەر بوو.

**ج؛ پەیوەستبوون بە ئامانجە سیاسییەکانی حیزبەوە:** پێشمەرگە تەنیا خەباتکار نەبوو، بەڵکوو نوێنەری ئامانجە سیاسییەکانی حیزب لە ئاستی نێوخۆیی و ناوچەییدا بوو.

**بەم شێوەیە پێشمەرگە وەکوو دامەزراوەیەکی دووانەیی سەریهەڵدا:** هەم سەربازی و هەم کۆمەڵایەتی - سیاسی.

## کاردانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی و هەڵاوسانی سیاسی

پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوی پێشمەرگە بووە هۆی کاردانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران. هێزەکانی دەسەڵات، لە شێوەی سپا و جەندەرمە بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچە کوردستانییەکان و سەرکوتکردنی داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد کەوتنە کار.

**ئەم کاردانەوەیە بە شێوەی خوارەوە بوو:**

- گەمارۆدان و هێرشکردنە سەر ناوەندەکانی حیزب و پێشمەرگەکان.
- هەوڵدان بۆ لاوازکردنی کاریگەریی کۆمەڵایەتیی پێشمەرگە.
- هەوڵدان بۆ دروستکردنی درز و مەودا لە نێوان عەشیرەتەکان و پێشمەرگەکان.

سەرەڕای ئەو فشارانە، ڕێکخراوی پێشمەرگە توانی بە پشتبەستن بە تۆڕە نێوخۆییەکان و پشتیوانیی کۆمەڵایەتی لە لایەن خەڵکەوە درێژە بە چالاکییەکانی بدات. ئەم قۆناغە یەکەم تاقیکردنەوەی جیددیی پێشمەرگە بوو، وە دەریخست کە ئەوان تەنیا گرووپێکی سەربازی نین، بەڵکوو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی - سیاسیشن کە پشتیوانیی جەماوەرییان هەیە.

## ڕۆڵی پێشمەرگە لە کۆمەڵگەدا

**ڕێکخراوی پێشمەرگە هەر لە سەرەتاوە زۆر زیاتر لە ئەرکی شەڕکردن، هەڵسوکەوتی دەکرد:**

**ئا؛ پاراستنی ئاسایش:** پێشمەرگە گوند و ڕێڕەوی بازرگانیی لە تالان و هەڕەشەی نێوخۆیی پاراست.

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

**ب؛ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:** پێشمەرگە نێوەندگیریی لە نێوان عەشیرەتەکاندا دەکرد و ڕۆڵی دادوەریی نێوخۆیی دەگێڕا.

**ج؛ پاڵپشتیی ئابووری و کۆمەڵایەتی:** پێشمەرگە خۆراک و شوێنی حەوانەی بۆ خەڵک دابین دەکرد و لە کاتی قەیرانی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی فریاگوزاریی دەگێڕا.

**د؛ پاراستنی دەستکەوتەکان:** پێشمەرگەی کوردستان جگە لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەژێر ئاڵای داخوازیی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەرپرسیار بوو لە پاراستنی دەستکەوتەکانی خەڵک، هەربۆیە کاریگەرییەکی بەرچاو و قووڵی کۆمەڵایەتی و دەروونیی لەسەر خەڵک هەبوو.

پێکهاتەی ڕێکخراوی پێشمەرگە لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی نموونەی دامەزراوەیەکی بەرخۆدانی کۆمەڵگەمەحوەرە.

**چارلز تیلی پێی وایە بزووتنەوە چەکدارییەکان کاتێک سەقامگیر و پایەدار دەبن کە:**

- بەڕێوەبردنی سەرچاوە کۆمەڵایەتی و مرۆییە نێوخۆییەکانیان وەئەستۆ بگرن.
- شەرعییەتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی لە خەڵک بەدەست بهێنن.
- تۆڕە نێوخۆییەکان وەک سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەهێز بکەن.


پێشمەرگە بەتەواوی ئەم سێ تایبەتمەندییەی هەبوو. ئەوان شەرعییەتی خۆیان لە کۆمەڵگەوە وەردەگرت نەک لە دەوڵەت یان پشتیوانێکی دەرەکی و ئەوە بووە هۆی مانەوە و کاریگەریی درێژخایەنیان.

**٢٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە Serchawe

# ئێرانی داهاتوو لە نێوان فاشیزمی ناوەند و ئیرادەی کورددا: کێ جوداخوازە و کێ ئازادیخواز؟





ئاگری باڵەکی

## پێشگوتار؛ وەرچەرخان لە چاوەڕوانییەوە بۆ کردار

ئێران لە ئێستادا لە نێو جەرگەی یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی مێژووی خۆیدایە. کێشە کەڵەکەبووەکانی وەک

ڕێبەندانی ٢٧٢٥

دارمانی ئابووری، گۆشەگیریی نێودەوڵەتی و ناڕەزایەتییە مەدەنییە قووڵەکان، وڵاتەکەیان بەرەو وەرچەرخانێکی حەتمی بردووە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، هاوتەریب لەگەڵ لاوازبوونی دەسەڵاتی ئێستا، گوتارێکی ناسیۆنالیستیی پاوانخواز لە نێو بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا سەر هەڵدەداتەوە.

ئەم گوتارە، کە بە هەمان ئەدەبیاتی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی پێشوو چەکدار کراوە، دەیەوێت بە چەمکی وەک "تەمامییەتی ئەرزی" و تۆمەتی "جوداخوازی"، سنوورێک بۆ مافە ڕەواکانی نەتەوەکانی تر، بەتایبەتی کورد، دابنێت. بۆ کورد، داهاتوو تەنیا گۆڕینی ڕێژیمێک نییە بە یەکێکی تر، بەڵکوو گۆڕینی ئەو عەقڵیەتە فاشیستییەیە کە ناهێڵێت ئەم جوگرافیایە ببێتە ماڵێک بۆ هەمووان.

## تەڵەی "جوداخوازی" و چەکی بێدەنگکردن

لە فەرهەنگی سیاسیی ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی فارسدا، وشەی "جوداخوازی" (تجزیه‌طلبی) نەک وەک زاراوەیەکی سیاسی، بەڵکوو وەک "تابۆ" و "نەنگ" بەکاردێت. ئەم چەمکە بووەتە ئامرازێک بۆ سڕینەوەی هەر جۆرە داواکارییەکی دادپەروەرانە. کاتێک کوردێک داوای فیدراڵیزم، خوێندن بە زمانی دایک و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان دەکات، ڕاستەوخۆ بە جوداخوازی تۆمەتبار دەکرێت.

بەڵام پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە: بە ڕاستی جوداخواز کێیە؟ بۆچی دەبێت جوداخوازی "نەنگ" بێت؟ لە چەقی دێموکراسیدا، مافی دیاریکردنی چارەنووس بنەمایەکی سەرەکییە. جوداخواز ئەو گەلە نییە کە دوای سەد ساڵ چەوسانەوە هێشتا دەیەوێت بە کەرامەتەوە بژی، بەڵکوو ئەو دەسەڵاتە ناوەندگەرایەیە کە بە ئاگر و ئاسن و پەتی سێدارە، میللەتێک لە خۆی و لە نیشتمان دادەبڕێت. کاتێک ناوەند ناتوانێت ژیانێکی شایستە، ئاسایش و یەکسانی بۆ هاووڵاتییەک دابین بکات، کاردانەوەی سروشتیی ئەو مرۆڤە بیرکردنەوەیە لە جیابوونەوە. جوداخوازی بەرهەمی "زوڵم"ە، نەک هەڵبژاردەیەکی سەرەتایی.

"بیرکردنەوە لە جودابوونەوە" نەک هەر تاوان نییە، بەڵکوو کاردانەوەیەکی لۆژیکی و مرۆییە بەرانبەر بە جەهەنەمێک کە ناوەند بۆی دروست کردووە. ئەو کەسەی لە نێو جەهەنەمی تەبعیزدا چاوی کردووەتەوە، ناتوانێت بە زۆرەملێ مەیلی بۆ ئەو ناوەندە هەبێت کە تەنیا وەک "سەربازی پیادە" یان "نەیاری ئەمنی" سەیری دەکات.



سەرچاوە Serchawe

ڕێبەندانی ٢٧٢٥

## ڕەگەزپەرستیی پێشوەختە و مەرجی بەڵێندان

ئەوەی لە ئێستادا لە ناوەندە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات و ناو سۆشیال میدیا دەبینرێت، جۆرێکە لە "ڕەگەزپەرستیی فیکری". بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی فارس مەرجی بەشداربوونی کورد لە هەر هاوپەیمانییەکدا، بە واژۆکردنی "تەمامییەتی ئەرزی" دەبەستێتەوە. ئەمە لووتکەی خۆسەپاندنە. بۆچی دەبێت فارسێک لە تاران بێ مەرج بە "هاووڵاتی" و "خاوەن ماڵ" بناسرێت، بەڵام کوردێک بۆ ئەوەی مەشروعییەت وەربگرێت، دەبێت بەڵێننامەیەک بدات؟

هیچ وڵاتێکی دیموکراتیک لە جیهاندا نییە کە پێش چالاکیی سیاسی، تاقیکردنەوەی "عەقیدە" بۆ حیزبەکان بکات. ئەمە ڕێک وەک "تەفتیشی عەقاید"ی سەردەمی نێوەڕاست وایە. ئەوانەی باس لە دیموکراسی دەکەن، بەڵام مەرجی "تەمامییەتی ئەرزی" پێش مافەکان دادەنێن، لە ڕاستیدا فاشیستگەلێکی نوێن کە دەیانەوێت پاشکۆیەتیی کورد بۆ ناوەند جێگیر بکەن. کورد پێویستی بە مۆڵەتی کەس نییە بۆ ئەوەی لەسەر خاکی خۆی بڕیار بدات.

## وەڵامدانەوەی مێژوویی؛ کێ ئەجێندای بێگانەیە؟

بۆ دەربازبوون لە بەرپرسیارێتی، ناوەند هەمیشە کوردی بە "وابەستەی بێگانە" و جێبەجێکاری ئەجێندای وڵاتانی تر تۆمەتبار کردووە. ئەمە گەورەترین درۆی مێژووییە. ئەگەر سەیری مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو بکەین، دەبینین ئەوە تاران بووە کە هەمیشە خاکی کوردستانی کردووەتە قوربانیی ڕێککەوتنە ژێرپەردەکانی لەگەڵ زلهێزەکان (نموونەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ١٩٧٥).

کورد هەرگیز بۆ هێرشکردنە سەر تاران پەنای بۆ بێگانە نەبردووە، بەڵکوو بۆ "مانەوە" و بەرگری لە بەرانبەر جینۆساید و سڕینەوەدا، هاوکاریی هەر لایەنێکی کردووە کە یارمەتیدەر بێت. ئەمە مافێکی ڕەوای هەر نەتەوەیەکی ژێردەستەیە. جێگەی سەرنجە، ئێستا هەمان ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی کە کورد تۆمەتبار دەکات، خۆی لە دەرگای پایتەختەکانی جیهان دەدات بۆ وەرگرتنی پشتگیری. ئەگەر ئەوان بیکەن دەبێتە "دیپلۆماسی"، بەڵام ئەگەر کورد بیکات دەبێتە "خیانەت". ئەم دووفاقییە نیشانەی عەقڵیەتێکی داگیرکەرانەیە کە هێشتا دان بەوەدا نانێت کورد نەتەوەیەکی خاوەن ناسنامە و بڕیاری سەربەخۆیە.

## هاوپەیمانی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن: تاقیکردنەوەیەکی جیددی

لە بەردەم کورددا بژاردەی جۆراوجۆر هەن بۆ هاوپەیمانی؛ لە (موجاهدینی خەلق)ەوە تا دەگاتە ڕەوتە لیبراڵ و چەپەکان.

بەڵام وانەی مێژوو پێمان دەڵێت کە کورد نابێت تەنیا ببێتە "هێزی ڕووخێنەر" بۆ لایەنێکی تر. هەر جۆرە هاوپەیمانییەک دەبێت لەسەر بنەمای "بەڵگەی نووسراو و گەرەنتیی نێودەوڵەتی" بێت.

موجاهدینی خەلق یان هەر هێزێکی تر ئەگەر دەیانەوێت کورد وەک شەریکێکی ڕاستەقینە لەگەڵیان بێت، دەبێت پێشوەختە دان بە فیدراڵیزمێکی نەتەوەیی و لامەرکەزییەتێکی تەواودا بنێن. کورد نابێت جارێکی تر بکەوێتە ناو تەڵەی "جارێ با ڕێژیم بڕووخێت، دواتر لەسەر مافەکان قسە دەکەین". ئەم ڕستەیە تەڵەیەکە کە لە ساڵی ١٩٧٩دا کوردستانی تووشی کارەسات کرد. کورد نابێت تەنیا لەگەڵ مێژوودا بژی، بەڵکوو دەبێت لە مێژوو کەڵک وەرگرێت.

## یەکگوتاری؛ قەڵغانی بەرگریی نەتەوەیی

هەموو ئەو هەڕەشانەی لە ناوەندەوە ئاراستەی کورد دەکرێن، تەنیا بە یەک ڕێگە پووچەڵ دەبنەوە: یەکدەنگیی نێوخۆیی کوردستان. کاتێک حیزبە کوردییەکان پەرتەوازە بن، ناسیۆنالیستی ناوەندگەر بە ئاسانی دەتوانێت یاری بە کارتی "دابەشکردن" بکات.

پێویستە بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی دروست بێت کە تەنیا نوێنەرایەتیی حیزبەکان نەکات، بەڵکوو دەنگی کۆمەڵگەی مەدەنی، ژنان و نەوەی نوێی "ژن، ژیان، ئازادی" بێت. کاتێک کورد بە یەک گوتار (فیدراڵیزم، مافی بڕیاردان، دادپەروەری) ڕووبەڕووی تاران دەبێتەوە، سەنگ و قورساییەکەی دەبێتە هێزێکی جیۆپۆلیتیکی کە کەس ناتوانێت نادیدەی بگرێت. یەکگرتوویی کورد گەورەترین وەڵامە بۆ ئەو کەسانەی بە تەمای "تەفرەقە و حوکمڕانی"ن.

## پەیام بۆ ناوەند: بۆچی بیر لە جوداخوازی نەکەمەوە؟

پەیامی کۆتایی کورد بۆ ئێرانی داهاتوو دەبێت ڕاشکاو بێت: ئێمە پێویستمان بە سەلماندنی "ئێرانی بوون"ی خۆمان نییە، بەڵکوو ئەوە ناوەندە کە دەبێت بیسەلمێنێت "ئێرانی داهاتوو" جەهەنەمێک نابێت بۆ نەتەوەکان. ئێوە چیتان کردووە تا من بیر لە جوداخوازی نەکەمەوە؟

**ئایا ئامادەن دەست لە پیرۆزیی سنوورەکان هەڵبگرن و مرۆڤ بکەنە سەنتەر؟**
**ئایا ئامادەن زمان و کولتووری کورد وەک بەشێکی یەکسان لە ناسنامەی وڵات بناسن؟**
**ئایا ئامادەن کۆتایی بە باڵادەستیی نەتەوەیی و ئایینی بهێنن؟**

## وتەی کۆتایی:

ئێرانی داهاتوو یان دەبێتە مەکۆیەکی دیموکراتیک بۆ هەموو پێکهاتەکان لەسەر بنەمای یەکسانیی ڕەها، یاخود بەرەو هەڵوەشانەوەیەکی یەکجاری هەنگاو دەنێت. کورد نابێت لە تۆمەتی "جوداخوازی" بترسێت، چونکە ئازادی نەک هەر نەنگ نییە، بەڵکوو پیرۆزترین ئامانجە. ئەگەر ناوەند ئامادەی گۆڕانکاریی بنەڕەتی نەبێت، ئەوا جودابوونەوە نەک تەنیا مافێک، بەڵکوو تەنیا ڕێگەی ڕزگاری دەبێت لە فاشیزمێک کە سەد ساڵە دەستی لە بینەقاقای ئەم نەتەوەیە ناوە. کورد دەبێت بە یەک دەنگ بڵێت: "ئێمە شەریکین لە بڕیار، نەک پاشکۆی هیچ گوتارێکی پاوانخواز."

٢٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# ئامریکا بۆچی هێرشی نەکردە سەر ئێران؟





**جەمال فەتحی**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و بەدوای پەرەسەندنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ئێران کە لە ڕێکەوتی ١٨ی بەفرانباردا گەیشتە لووتکەی خۆی، توندیی سەرکوتکردنی نارازییان لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە بە ڕادەیەک بوو کە دۆنالد ترامپ، سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەڕەشەی هێرشی سەربازیی لە ڕێژیمی تاران کرد. ئەم هەڵوێستە ڕاشکاوە، سەرەتا شەپۆلێک لە دڵگەرمیی لەنێو خۆپێشاندەراندا دروست کرد و بووە هۆی ئەوەی بازنەی نارەزایەتییەکان کە



سەرچاوە Serchawe

له ٧ی بەفرانبارەوە دەستی پێ کردبوو، بەرفراوانتر و بەتینتر بێت. بەڵام له گۆڕانکارییەکی لەناکاو له ڕۆژانی ڕابردوودا، ترامپ به گرتنەبەری ڕێکارێکی جیاواز، ڕوو له جیهان ڕایگەیاند که وا دیاره کوشتنی نارازییان وەستاوه و بەو هۆیەوە، هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران جارێ له بەرنامەماندا نییه. ئەم پاشەکشه تاکتیکییه له دۆخێکدا ئەنجام دەدرێت که خەڵکی ئێران له گەمارۆی تەواوی هەواڵ و پچڕانی دەستڕاگەیشتن به ئینتەرنێتدا بەسەر دەبەن. له نەبوونی پەیوەندییەکان و پچڕانی هێڵەکانی تەلەفۆنی مۆبایل و ماڵان، شار و ناوچه جیاوازەکانی ئێران له دۆخی یەکتر بێئاگا ماونەتەوە. لەبەر ئەوە، ئیدیعای "وەستانی سەرکوت" ڕەنگه تەنیا ڕاپۆرتێکی لێڵ بێت له دۆخی ئێستا و ناکرێت به دڵنیاییەوە سەبارەت به دەرئەنجامەکان یان ئامانجەکانی به ئەنجام بگات؛ لەگەڵ ئەوەشدا، بارودۆخی گشتیی ئەمنی و ژیانی هاووڵاتییانی ئێرانی و کوردستانی هەروا ئاڵۆز و پڕ له گرژی ماوەتەوە.

ئەگەرچی ئەمه کۆتایی ڕێگاکه نییه و پاشگەزبوونەوەی ترامپ له هێرشی سەربازی لەم قۆناغەدا مەرج نییه به واتای هەڵوەشاندنەوەی هەمیشەیی ئەو هێرشه دابنرێت، بەڵام نابێت خەڵکی ئێران تووشی بێهیوایی و دڵساردی ببن. دۆخی هەڵپەسێردراوی ئێستا دەتوانێت ببێته وانەیەکی پەند بۆ خەڵک تا تێبگەن که بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر سیستەمێکی دیکتاتۆری و ستەمکار، پشتبەستن به توانایی و هێزی خۆ بنەمای سەرەکییه. له جیاتی "تێکۆشین به هیوای جیران" دەبێت پێش هەموو شتێک ئەو ناکۆکییانەی که بوونەته هۆی مانەوەی چەندین ساڵەی ڕێژیم وەلا بنرێن و بۆ تێپەڕبوون له کۆماری ئیسلامی، دەست بکرێت به ڕێکخستن و پێکهێنانی گوتارێکی یەکگرتوو، دێموکراتیک لەسەر مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوەکانی ئێران.

له هەمان کاتدا، یارمەتی و پشتیوانییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت له بەهێزکردنی ڕەوتی بەرخۆدان و پاراستنی گیانی هاووڵاتییان کاریگەر بێت، به مەرجێک ئەم پشتیوانییانه تەواوکەری هەوڵه نێوخۆییەکان بێت نەک جێگرەوەی. ئەو ڕاستییه تاڵەی که دوای تێپەڕبوونی زیاتر له بیست ڕۆژ له ناڕەزایەتییەکانی شارەکانی ئێران و کوردستان بۆ ئازادیخوازان ئاشکرا بوو، هەڵگری ڕاستییەکی سیاسییه؛ ڕاستییەک که تەنیا به ژیری و بیرکردنەوەی لۆژیکی دەتوانرێت له دۆخی ئارایی باشتر تێبگەین و له بڕیاردان لەسەر بنەمای هیوای لەڕادەبەدەر دوور بکەوینەوە. بەم پێشەکییە، دەکرێت به ڕوانگەیەکی شیکاری و سیاسی، هۆکارەکانی پاشگەزبوونەوەی ئامریکا له هێرشکردنه سەر پێگەکانی کۆماری ئیسلامی شی بکرێتەوە تا حیزبەکان، ڕێکخراوەکان و خەڵکی ستەملێکراو و بندەست، باشتر لەگەڵ ڕاستییەکان ئاشنا بن و بۆ درێژەدان به خەباتی خۆیان بەبێ پشتبەستن به هێزی دەرەکی ئامادە بن. له درێژەدا،

**گرنگترین هۆکارەکانی ڕێگریی هێرشی سەربازی له ڕۆژانی ڕابردوودا تاوتوێ دەکرێن:**

### ١- گوشار یان داواکاریی دیپلۆماتیکی هاوپەیمانە ناوچەییەکان

چەندین وڵاتی سەرەکیی پەراوێزی کەنداوی و هاوپەیمانانی ستراتیژیی ئامریکا، لەوانە: عەرەبستانی سعوودی، قەتەر، عومان، میسر و تورکیا، هۆشداریی جدییان داوەتە کۆشکی سپی. قسەی ئەوان ئەوەیە کە هێرشکردنە سەر ئێران دەتوانێت بەخێرایی ببێتە شەڕێکی بەرفراوان و کۆنترۆڵنەکراو لە ناوچەکەدا. ئەم وڵاتانە کە نیگەرانی دەرەنجامە مەترسیدارە ئەمنی، ئابووری و سیاسییەکانی هەنگاوێکی لەو شێوەیەن بۆ سەر خۆیان، داوای کەمکردنەوەی گرژی و گەڕانەوە بۆ ڕێڕەوی دیپلۆماسییان کردووە. ئەم گوشارە دیپلۆماتیکە، ڕۆڵێکی حاشا هەڵنەگری هەبووە لە پاشگەزکردنەوەی ترامپ لە دەرکردنی فەرمانی کۆتاییی هێرشەکە.

### ٢- نیگەرانی لە کردەوە تۆڵەسێنەرەکانی ئێران

شارەزایانی سەربازی و ڕاوێژکارانی پێنتاگۆن بە ترامپیان ڕاگەیاندووە، کە هەر جۆرە هێرشێکی ڕاستەوخۆ ڕەنگە کاردانەوەی بەرانبەری ئێرانی بەدوادا بێت کە دەتوانێت ئاسایشی هێزە دەرەکییەکان و ڕێڕەوە هەستیارەکانی ناوچەکە بخاتە مەترسییەوە. ئەم بابەتە لە ڕوانگەی ستراتیژییەوە پێویستی بە وریابوون و لێکدانەوەی وردی مەترسی هەیە.

### ٣- شیکاریی سەربازی لەسەر کاریگەریی سنووردار

بە پێی خەمڵاندنە سەربازییەکان، بژاردەکانی هێرشی سنووردار ـ وەک هێرشە ئاسمانییە خاڵپێکەکان ـ بۆ گۆڕینی دەسبەجێی ڕێژیم یان کۆتاییهێنانی یەکجارەکی بە سەرکوتەکان بە پێویست نەزانراون. شرۆڤەکاران لەسەر ئەو باوەڕەن کە تەنانەت لە ئەگەری ڕوودانی هێرش، مەرج نییە کاریگەرییەکی بنەڕەتیی لەسەر دۆخی نێوخۆی ئێران هەبێت و بگرە دەیتوانی پاساوی پێویست بخاتە بەردەستی دەسەڵات تا بە مەزلووم پیشاندانی خۆیان، دەست بکات بە تۆڵە و پاکانەحەسێبی نێوخۆیی خوێناوی لەگەڵ نەیاران و دەسەڵاتی خۆی زیاتر لە جاران جێگیر بکات.

### ٤- هەڵسەنگاندنی دۆخی مەیدانی

ترامپ و تیمی ئاسایشی نەتەوەییەکەی زانیارییان پێ گەیشتووە لەسەر ئەوەی کە کوشتن و سەرکوتی سەر شەقامی ناڕازییان ڕەنگە تا ڕادەیەک کەم بووبێتەوە یان گوازرابێتەوە بۆ شوێنە شاردراوەکان. ئەم هەڵسەنگاندنە بووە هۆی ئەوەی



سەرچاوە
Serchawe

واشنتۆن وا بیر بکاتەوە هێشتا دەرەتانێک بۆ بەکارهێنانی گوشاری ناسەربازی بوونی هەیە و هەر ئەم بابەتە بوو بە یەکێک لە هۆکارەکانی دواخستنی بژاردەی سەربازی.

## ٥- هێشتنەوەی هەموو بژاردەکان لەسەر مێز

ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەگەرچی جارێ لە کردەوەی سەربازیی ڕاستەوخۆ خۆی پاراستووە، بەڵام هێشتا جەخت دەکاتەوە کە "هەموو بژاردەکان لەسەر مێزە". ترامپ پێی باشتر بووە لەم قۆناغەدا لەسەر توندکردنەوەی گەمارۆکان، گوشارە ئابوورییە پەکخەرەکان و پەراوێزخستنی دیپلۆماتیکی کۆماری ئیسلامی چڕ بێتەوە. ئەو پەیامانەی بۆ تارانیش نێردراون ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەگەرچی مەبەستی هێرشی دەسبەجێ لە ئارادا نییە، بەڵام دەبێت ڕژێم دان بە خۆیدا بگرێت؛ هەرچەندە گارانتی جێبەجێکردنی ئەم داواکارییانە هێشتا لە نێو تەمومژدا ماوەتەوە.

## دەرەنجام:

جگە لەو خاڵانەی ئاماژەیان پێ کرا، ئەگەرچی هێرشێکی سەربازیی دەرەکی دەیتوانی کۆماری ئیسلامی بخاتە ژێر گوشارەوە، بڕیاری کۆتایی زیاتر پەیوەستە بە هەڵسەنگاندنەکان، ئامادەکارییەکان و پلاندانانی درێژخایەنی ئامریکا. هەر کردەوەیەکی سەربازی پێویستی بە پێوانی وردی مەترسییەکان و ئەنجامە ئەگەرییەکانە تا دەرەنجامە نێوخۆیی و ناوچەییەکان کۆنترۆڵ بن.

خاڵێکی بنەڕەتی کە دەبێت هەموو ئازادیخوازانی ئێران فێری ببن ئەوەیە کە تەنیا ڕێگەی ڕزگاریی لە ژێردەستەیی و ستەمکاری و دیکتاتۆری، "پشتبەستنە بە تواناکانی خۆ". خەڵک و خەباتکاران دەبێت لەسەر ڕێکخستن و پێکهێنانی شانەکانی بەرخۆدانی خۆجێیی بۆ خەباتێکی تۆکمەتر پێداگری بکەن. لە هەمان کاتدا، ڕۆڵی پشتیوانییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یارمەتیدەرانی نێونەتەوەییش دەتوانێت لە بەهێزکردنی ڕەوتی بەرخۆدان و پاراستنی گیانی هاووڵاتییان کاریگەر بێت، بە مەرجێک ئەو پشتیوانییانە تەواوکەری هەوڵە نێوخۆییەکان بێت، نەک جێگرەوەی.

**ڕێگەی ئازادی، لە ڕێڕەوی هۆشیاریی سیاسی، ڕێکخستنی نێوخۆیی و پشتبەستن بە هێزی خەڵک تێدەپەڕێت، نەک تەنیا لە ڕێگەی گوشار یان دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی دەرەکی.**

٢٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# پێویستیی هاوپەیمانییەتێکی ستراتیژی و ئەزموونی ئیسپانیا





**شاڕوخ حەسەنزادە**

ئەزموونی خەباتی سیاسی، نیزامی و مەدەنی لە دەیەکانی ڕابردوودا ئەوەیان سەلماندووە کە هیچ کام لە نەتەوەکانی نیشتەجێی جوگرافیای ئێران، بە تەنیا توانای ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان نییە. بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان، سەرەڕای چەندین دەیەی پڕ لە قوربانیدان و بەکارهێنانی تەواوی توانا خەباتگێڕی و ڕێکخراوەییەکانی، ئەمڕۆ

گەیشتووەتە ئەو ڕاستییە ستراتیژییەی کە بۆ گەیشتن بە داخوازییە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکان، خەبات لە پەراوێزدا بە تەنیا بەس نییە.

لەلایەکی ترەوە، مانگرتن، ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی بەفرانباری ١٤٠٤ (مانگی پێشوو) کە بە پێچەوانەی بزووتنەوەی "ژینا ـ ژن، ژیان، ئازادی"، لە تارانەوە دەستی پێ کرد و چینی نێوەڕاستی ئێرانی تێوەگلاند، جارێکی تر ئەوەی سەلماند کە ناوەندیش بەبێ هاوڕێیەتیی پەراوێز (نەتەوەکانی تر)، توانای پەکخستنی ئامێری سەرکوت و دەسەڵاتی دیکتاتۆریی تارانی نییە. هەر بۆیە، سەرکەوتنی مسۆگەر و کۆتایی لە گرەوی ڕۆنانی گوتارێکی هاوبەش و هاوپەیمانییەکی ئاسۆیی نێوان ناوەند و پەراوێزدایە؛ هاوپەیمانییەک کە شەرت و مەرجەکەی تێپەڕینی ڕەوتە ناوەندگەراکانە لە پارادایمی "یەکپارچەیی خاک" بەرەو فرەخوازیی (کثرتگرایی) مافتەوەرە.

لە جوگرافیای سیاسیی ئێراندا، دەیەی ڕابردوو شایەتی زنجیرەیەک ڕاپەڕین بووە کە لە داخوازیی پیشەیی و مەدەنییەوە دەستیان پێ کردووە و گەیشتوونەتە بزووتنەوەی شوناسخواز و بنەماشکێن. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە؛ بۆچی ئەم ڕێژیمە، سەرەڕای قەیرانی هەمەلایەنەی شەرعییەت، هێشتا لەسەر کورسیی دەسەڵات ماوەتەوە؟ ڕەنگە وەڵامەکە لە دژایەتیی نێوان "جوگرافیای ناڕەزایەتی" و "جوگرافیای حیزبایەتی"دا خۆی نیشان بدات.

لە کاتێکدا لە شارە گەورەکان ناڕەزایەتییەکان زۆرتر خۆڕسکن و بێ ڕێبەرایەتیی حیزبین، لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بەتایبەت کوردستان، ناڕەزایەتییەکان لەسەر بنەمای دەیان ساڵ ئەزموونی ڕێکخراوەیی و تەشکیلاتی شەقڵ دەگرن. بە پێی تیۆریی "بەکارهێنانی سەرچاوەکان"، دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە توانای ڕێکخستنی سەرچاوە مرۆیی و سیاسییەکاندا دەردەکەوێت. گەورەترین چەکی دەسەڵات بۆ ڕێگری لە پێکەوەبەستنەوەی ڕێکخراوەیی پەراوێز لەگەڵ جەستەی جەماوەریی ناوەند، کەڵکوەرگرتن لە ترسی هەڵوەشانەوەی ئێرانە. ئەزموونە نوێیەکان دەریانخستووە کە هیچ کام لە جەمسەرەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە تەنیا نەیتوانیوە کۆتایی بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بهێنن، یان بە واتایەکی دیکە ئەم سیستەمە بڕووخێنن؛ ڕاستییەکی تاڵ کە یارمەتییەکی زۆری بە مانەوەی دەسەڵات داوە.

لێرەدا و بە پێی هاوشێوەبوونی لانیکەمی دۆخەکە، دەکرێت سوود لە وانە و ئەزموونی ئیسپانیای دوای "فرانکۆ" لە ساڵی ١٩٧٥دا وەربگیرێت. ڕەوتە ڕادیکاڵ، ڕاستڕەوەکان و لایەنگرانی پاشایەتی لە ئیسپانیا، دوای چەندین دەیە لە ناوەندگەرایی ڕەها، بەوە گەیشتن کە مانەوەی سیاسی و جێگیربوونی دێموکراسی بەبێ دانان بە مافی خۆبەڕێوەبەریی هەرێمەکانی "کەتەلۆنیا" و "باسک" مەحاڵە. ئەوان بە واژۆکردنی پەیمانی "مۆنکلوا"، فرەخوازییان خستە جێگەی

یەکدەستکردنی زۆرەملێی سەردەمی فرانکۆ و ڕێگەیان بۆ گواستنەوەیەکی سەقامگیر بە شێوەیەکی ئاوەزمەندانە، دیموکراتیک و کردەیی کردەوە.

کۆمەڵگەی فرەچەشن و فرەنەتەوەی ئێران، سەرەڕای کوشتوبڕی زۆری ڕێژیم لە شەقامەکان و سێبەری شەڕ، لە بەردەم هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازدایە؛ هەڵبژاردنێک کە پێویستیی بە هاوپەیمانی لەگەڵ ڕەوتە سەرتاسەری/ئێرانییەکان هەیە، لەوانە موجاهیدینی خەلق و پاشایەتیخوازەکان. بەڵام ئەم یەکگرتنە بەرەورووی ئاستەنگی پێکهاتەیی بووەتەوە. ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق، بەهۆی هەبوونی پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی تۆکمە و جەختکردنەوە لەسەر مافی خودموختاری بۆ نەتەوەکان لە بەرنامە سیاسییەکانیدا، بە یەکێک لە ڕەوتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری پێناسە دەکرێت. ئەم ڕێکخراوە جگە لە چالاکییە نێودەوڵەتی و دیپلۆماسییەکان، خاوەنی ناوکە تەشکیلاتییەکان و "کانوونی شۆڕشگێڕی" لە نێوخۆی ئێراندایە. بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئاڵۆز و سەرکوتکارانەی ئێران، پەیوەندییەکی پتەو و بەربڵاو لە نێوان ئەم توانا ڕێکخراوەییە و جەستەی نارازیی نێوخۆدا کەمە و سنووردارە، ئەمەش پێویستیی هاوکاری و هاوپەیمانی لە نێوان هێزە جیاوازەکان پتر دەکات.

لە جەمسەرەکەی تردا، ڕەوتە پاشایەتیخوازەکان بە جۆرێک لە "خۆسەنتەربینیی سیاسی"، تەنیا خۆیان بە مافدار بۆ جێگرەوە دەزانن و بە گرتنەبەری سیاسەتی سڕینەوە بەرانبەر بە نەتەوەکانی تر، کەوتوونەتە نێو گۆشەگیرییەکی ستراتیژییەوە. ناسیۆنالیزمی توندڕەو و فاشیستیی ئەم ڕەوتە، نەک هەر دان بە مافە نەتەوەییەکاندا نانێت، بەڵکوو لەگەڵ هەموو ڕەوتەکانی تریش لە ململانێدایە. دوژمنایەتیی بەردەوامی نێوان ئەم دوو جەمسەرە سەرتاسەری/ئێرانییە، ئەگەری پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی فرەچەشن بۆ کەمترین ئاست دابەزاندووە. ئەم ڕەوتانە دەبێت قبووڵی ئەو واقیعە بکەن کە لە جوگرافیای فرەچەشنی ئێراندا، هیچ هێزێک بە تەنیا توانای ڕووخانی ڕێژیمی نییە و بەردەوامیی ئەم تاکڕەوییە، تەنیا تەمەنی دیکتاتۆریی ئێران درێژ دەکاتەوە.

دیکتاتۆریی فرانکۆ لە ئیسپانیا، مانەوەی خۆی لەسەر بنەمای سەرکەوتن لە شەڕی نێوخۆ و سەرکوتی نەیاران (نەتەوەخوازانی کەتەلۆنی، باسکی و کۆمۆنیستەکان) بونیاد نابوو. ئەو هەموو داخوازییەکی ئازادیخوازانەی وەک هەوڵێک بۆ لەنێوبردنی ئیسپانیا وێنا دەکرد. کۆماری ئیسلامیش وردەکارییەکانی ئەو ئەزموون و نموونەیە پەیڕەو دەکات.

لە هەردوو سیستمەکەدا، چەمکی "ئاسایشی نەتەوەیی" دەخرێتە جێگەی "مافەکانی هاووڵاتیبوون" هەتا بتوانن بە پاساوی یاسایی و ئایدیۆلۆژیی، نەیارانیان سەرکوت بکەن. لە سەردەمی فرانکۆدا ئەرتەش بڕبڕەی پشتی پاراستنی یەکپارچەیی و

سەرکوتی نێوخۆیی بوو. لە ئێراندا، ئەم ئەرکە لە نێوان ئەرتەشێکی کلاسیک و هێزەکانی سپای پاسداران و بەسیج وەک هێزگەلی هاوتەریب دابەش کراوە. ئەم هێزانە، بەپێچەوانەی ئەرتەشی نەتەوەیی، خاوەنی بەرژەوەندیی ئابووریی زەبەلاحن. ئەم ئابوورییە سیاسییەی سەرکوت، بووەتە هۆی ئەوەی هەڵوەرین لە جەستەی دەسەڵاتدا دژوار و ئەستەم بێت؛ چونکە مانەوەی فیزیکی و دارایی ئەم چینە بە مانەوەی سیستمەکەوە گرێ دراوە. هەر بۆیە، دروستکردنی بلۆکێکی دەسەڵاتی سیاسی کە بتوانێت ئەم پێکهاتەیە بەڕووی قەیرانی شەرعییەت و بێکفایەتی بکاتەوە، زۆر لە ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامیی ڕووت گرنگترە.

ئەزموونی ئیسپانیا نیشانی دا کە حیزبە ناوچەییەکان، بەهۆی ڕێکخراوەییبوونیان، یەکەم هێز بوون کە دوای مردنی فرانکۆ فەزایان بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی کردەوە. لە ئێرانیشدا کوردستان، بەهۆی مێژوویەکی درێژی حیزبایەتی، خاوەنی پێگەیشتوویەکی سیاسیی ڕێکخراوەییە کە دەبێت وەک دەرفەتێکی زێڕینی ستراتیژی بۆ هاوپەیمانی و ڕووخاندنی ڕێژیم سەیر بکرێت. لە کاتێکدا نارەزایەتییەکان لە شارە ناوەندییەکانی ئێران، بەهۆی نەبوونی ڕێکخراوە ناوەندییەکان و نەبوونی بەرنامە، خێراتر تووشی داخوران یان سەرکوت دەبن، لە کوردستان، مانگرتن و نارەزایەتییەکان لەسەر ژێرخانێکی تۆکمەی بەرنامەبۆداڕێژراوی حیزبی وەستاون کە بەردەوامیی بەرگری گەرەنتی دەکات.

نموونەی بەرچاوی ئەم دەسەڵاتە ڕێکخراوەییە لە مانگرتنی گشتیی بەربڵاوی ڕۆژی پێنجشەممە ١٨ی بەفرانباری ١٤٠٤دا بینرا. ئەم چالاکییە ناوازەیە کە بە بانگەوازی حیزبەکانی "ناوەندی دیالۆگ" و لە وەڵامی پشتگیری لە نارەزایەتییە سەرتاسەرییەکان و سەرکوتی خوێناوی لە شارەکانی کوردستان (ئیلام و کرماشان و لوڕستان) بەڕێوە چوو، نیشاندەری نفووزی قووڵی حیزبەکانە لە نێو چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستان. لە مێژووی سیاسیی ئێراندا، ئەم توانایە ڕێک ئەو ئەڵقە ونبووەیە کە دەتوانێت هاوسەنگیی نێوان هێزەکان بگۆڕێت.

لەلایەکی ترەوە، ڕوانگەی ڕۆژئاوا لە نێوان پاراستنی سەقامگیری و پشتگیری لە گۆڕانکاریدا بە بەردەوامی هەڵبەزدابەز دەکات. هەتا ئەو کاتەی ئۆپۆزیسیۆن لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێران سەرکەوتوو نەبێت لە پێکهێنانی بەرەیەکی هاوسەنگ، دێموکراتیک، هاوبەش و یەکگرتوو، ئەگەری ئەوە زۆرە هێزە جیهانییەکان لە وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم بەردەوام بن. دروستکردنی هاوپەیمانییەکی فەرمی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان و ڕەوتە جێی متمانەکانی ناوەند، پەیامێکی بڕیاردەر دەبێت بۆ گۆڕینی سیاسەتی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی بەتایبەت ئەمریکا بۆ دروستکردنی جێگرەوە.

لە لایەکی ترەوە، قەیرانی ئابووری و هەژاریی پەرەسەندوو، کاریگەریی هێزە سەرکوتکەرەکانی کەم کردووەتەوە و ڕێژیمی



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

خستووەتە بەردەم پارادۆکسێکی کوشندە؛ ئەگەر بەردەوام بێت لە سەرکوت، تێچووە دارایی و سیاسییەکانی ئەوەندە بەرز دەبنەوە کە چیتر بۆی دابین ناکرێت، ئەگەریش سەرکوت کەم بکاتەوە، ڕێگە بۆ پێشڕەویی بزووتنەوە ڕێکخراوەکان خۆش دەبێت. بۆ کەڵکوەرگرتن لەم بنبەستە، دارشتنی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ پێویستییەکی هەنووکەییە. هەنگاوی یەکەم، گواستنەوەیە لە شوناسێکی زۆرەملێ بەرەو شوناسێکی فرەخواز؛ ناسنامەیەک کە تێیدا هەموو نەتەوەکان خۆیان بە خاوەنی هاوبەشی ئەم جوگرافیایە بزانن. تەنیا بە نەهێشتنی هەڵاواردن و دانان بە مافە نەتەوەییەکانە کە ئارەزووی پێکەوەژیان دەبێتە جێگرەوەی ناچاری و ململانێ.

خاڵێکی بنەڕەتی کە لە کۆتایی ئەم نووسینەدا دەبێت جەختی لەسەر بکرێتەوە، وریایی و زیرەکیی ڕێژیمی داپڵۆسێنەرە لە تێکەیشتن لە مەترسیی هاوپەیمانی و پێشخستنی پرۆژەی تێکدەرانە بۆ ڕێگریکردن لێی و تێکدان و ئاژاوەنانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر. ئەم ستراتیژییانە بریتین لە؛ سازکردن و خولقاندنی فەزایەکی پڕئاڵۆز و نانەوەی فیتنە و ئاژاوە بە شێوەی دەستکرد لە نێوان نەتەوەکان، دزەکردنە نێو ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ ڕێگری لە ڕێککەوتن و بە توندوتیژی کێشانی خۆپیشاندانەکان بە ئامانجی دوورخستنەوەی چینی نێوەڕاست یان خۆڵەمێشی لە گۆڕانکارییەکان. ڕێژیم بە ئەنقەست هەوڵ دەدات تێچووی گۆڕانکاری ئەوەندە بەرز بکاتەوە کە کۆمەڵگە لە نێوان دوو جەمسەری ستەمکاری یان نائەمنی و هەڵوەشانەوە، ناچار بە هەڵبژاردنی دۆخی ئێستا بێت.

ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا دەبێت بگاتە ئەو پێگەیشتووییە سیاسییەی کە بەبێ گەرەنتییەکی ڕاشکاو بۆ مافی نەتەوەکان، ڕووخاندنی ڕێژیم گەلێک دژوار و ئەستەمە. ئێرانی ئێستا لە خاڵێکدا وەستاوە کە پەیمانێکی ئازایانە دەتوانێت لە خولگەی بەتاڵی سەرکوت و بێهیوایی ڕزگاری بکات. لەم نێوەدا حیزبەکانی کوردستان نەک هەڕەشە نین، بەڵکوو هاوبەشی سەرەکین بۆ بونیادنانی ئێرانێک کە تەناهییەکەی نەک لە ڕێگەی تیرۆر و سێدارە و نکۆڵیکردن، بەڵکوو لە ڕێگەی بەدیهێنانی دادپەروەری، یەکسانیی یاسایی نەتەوەکان و کەرامەتی مرۆڤەوە دابین بکرێت. بەردەوامیی سیاسەتی نکۆڵیکردن، دابڕان لە ناوەند دەکاتە تاقە ستراتیژیی مانەوە بۆ نەتەوەکان.

٢٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# پێویستیی گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێراندا





**ڕەحیم نزهت‌زادە**

**مێـژووی هـاوچەرخی ئێـران، زیـاتر لەوەی مێـژووی گۆڕانکـارییە بنەڕەتییەکـان بێـت، مێـژووی «گواسـتنەوەی فۆرمەکـانی دەسـەڵات» و «مـانەوەی لـۆژیکی سـەرکوتە». ئەگەرچی لە سـەدەی ڕابـردوودا دوو شۆڕشـی گەورە و چەنـدین بـزووتنەوەی جەماوەری ڕوویان داوە، بەڵام نەخشەی بنەڕەتیی حوکمڕانی کە لەسەر دوو کۆڵەکەی «چڕکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەنـد» و**

«ئینکاری فرەچەشنیی نەتەوەیی» بونیاد نراوە، وەک میراتێکی پیرۆز لە ڕژێمێکەوە بۆ ڕژێمێکی تر دەستاودەست کراوە. ئەم بەردەوامییە پێکهاتەییە، نەک هەر نەبووەتە هۆی دروستکردنی دەوڵەتێکی گشتگیری سەقامگیر، بەڵکوو ئێرانی کردووەتە کارگەی بەرهەمهێنانەوەی قەیرانە سیاسییەکان و قووڵکردنەوەی درزە کۆمەڵایەتییەکان.

## قەیرانی دەوڵەت – نەتەوە و ژینۆسایدی فەرهەنگی

ئێران لە ڕاستیدا جوغرافیایەکی فرەنەتەوە، فرەزمان و فرەکولتووره؛ ئەمە واقیعێکی مێژوویە کە پێش دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرنیش بوونی هەبووە. بەڵام پرۆژەی دەوڵەت-نەتەوەسازی لە سەدەی بیستەمدا، بەتایبەت لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەویدا، لەسەر بنەمای فەلسەفەی «یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک ئاڵا» داڕێژرا. ئەم بیرۆکەیە لە پراکتیکدا بووە هۆی دەستپێکردنی پرۆسەیەکی توندی ئاسمیلەکردنی کولتووری و زمانی.

لەم چوارچێوەیەدا، نەتەوەی کورد وەک یەکێک لە ڕەسەنترین پێکهاتەکانی ئەم جوغرافیایە، قوربانیی یەکەمی ئەم سیاسەتە بووە. ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان تەنیا لە قەدەغەکردنی زمان و جلوبەرگدا کورت نەبووەوە، بەڵکوو بووە سیاسەتێکی سیستماتیک بۆ پەراوێزخستنی ئابووری و «ئەمنیەتیکردنی» هەموو چالاکی و جموجۆڵێکی مافخوازانە. ناوەندگەرایی ئیداری و سەرکوتکردنی بزووتنەوە هەرێمییەکان لە کوردستان، لوڕستان، خوزستان و بەلووچستان، برینێکی قووڵی لە بیرەوەریی بەکۆمەڵی ئەم نەتەوانەدا دروست کردووە کە بە مۆدێرنیزاسیۆنی ڕواڵەتی سارێژ نابێت.

## شۆڕشی ١٣٥٧: گۆڕینی دەموچاوەکان و پاراستنی پێکهاتە

شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا، تەقینەوەی ئەو ئومێدە بوو کە دەمێک بوو نەتەوە غەیرە فارسەکان بۆ یەکسانیی نەتەوەیی هەیانبوو. کورد و نەتەوەکانی تر بەو هیوایە هاتنە مەیدان کە ئێرانی داهاتوو لەسەر بنەمای یەکسانی و بەشداریکردنی ڕاستەقینە بونیاد بنرێت. بەڵام کۆماری ئیسلامی، نەک هەر ئەم نەخشە مێژووییەی نەگۆڕی، بەڵکوو چڕبوونەوەی دەسەڵاتی لە قاڵبێکی ئیدیۆلۆژیدا پیرۆز کرد.

داواکارییە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزم، بە چەک و فەرمانی «جیهاد» و پەلاماری سەربازی وەڵام درانەوە. ڕژێمی نوێ، بە هەمان لۆژیکی پێشوو، هەر جۆرە فرەچەشنییەکی وەک «هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی خاک» وێنا کرد. لێرەدا دەردەکەوێت کە کێشەی بنەڕەتیی ئێران تەنیا لە جۆری ڕژێمەکەدا نییە، بەڵکوو لەو «تێڕوانینە

ناوەندگەرایە»دایە کە ناتوانێت نەتەوەکانی تر وەک هاوبەشی یەکسان لە دەسەڵاتدا ببینێت.

## ئێرانی سبەی: هەڵوەشاندنەوەی چەق و بنیاتنانی پەیوەندیی ئاسۆیی

ئەمڕۆ کە جارێکی دیکە پرسی تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی بووەتە ڕۆژەڤی گشتی، پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە: ئایا هێزە سیاسییەکان دەیانەوێت تەنیا «دەموچاوەکان» بگۆڕن، یان ئیرادەی گۆڕینی بنەڕەتیی «پێکهاتەی دەسەڵاتیان» هەیە؟ ئەگەر ئامانج پاراستنی یەکپارچەیی ئێران بێت، دەبێ بزانرێت کە یەکپارچەیی بە زۆرەملێ ناپارێزرێت.

تەنیا ڕێگە بۆ مانەوەی ئێران وەک وڵاتێک، هەڵوەشاندنەوەی ئەو پێکهاتە ستوونییەیە کە تێیدا «چەق» بڕیاردەرە و ئەوانی تر «پەراوێزن». ئێرانی سبەی دەبێ لەسەر بنەمای «گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ» **دابڕێژرێتەوە کە ئەم خاڵانە زامن بکات:**

**یەکسانی نەتەوەکان:** ئێران دەبێ وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە بناسرێت کە تێیدا هەموو نەتەوەکان (کورد، بەلووچ، عەرەب، تورک و فارس) وەک یەک سەیر بکرێن و بە یەکسانی لە هەموو ئاستەکانی دەسەڵاتدا بەشدار بن.

**پەیوەندیی ئاسۆیی نەک ستوونی:** پێکهاتەی دەسەڵات دەبێ لە مۆدێلێکی ناوەندگەراوە بگۆڕدرێت بۆ مۆدێلێکی ئاسۆیی. ئەمە بەو مانایەیە کە هیچ نەتەوەیەک نابێ خۆی بە چەق و نەتەوەکانی تر بە پەراوێز بزانێت. چەمکی «ناوەندی پیرۆز» دەبێ هەڵوەشێتەوە و جێگەی خۆی بۆ هاوبەشیی دادپەروەرانە چۆڵ بکات.

**فیدرالیزم و دابەشکردنی دەسەڵات:** کۆتاییهێنان بە ناوەندگەرایی لە ڕێگەی سیستمێکی فیدراڵیی دیموکراتیکەوە، تاکە زامنی ڕێگریکردنە لە سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆری. دەبێ دەسەڵاتە سیاسی و ئابوورییەکان بە یەکسانی دابەش بکرێن تاوەکوو نەتەوەکان هەست بە خاوەندارێتیی ئەو جوغرافیایە بکەن.

دیموکراتیزەکردنی ڕاستەقینە: دیموکراسی بە تەنیا لە سندووقی دەنگداندا کورت نابێتەوە، بەڵکوو پێویستی بە گۆڕینی ئەو ڕوانگە ئەمنیەتییە هەیە کە ساڵانێکی درێژە مافە نەتەوەییەکانی پێ سەرکوت دەکرێت.

## ئەنجامگیری

ئەزموونی سەدەی ڕابردوو فێری کردووین کە نکوڵیکردن لە فرەیی، نە سەقامگیری دەهێنێت و نە یەکپریزی. ئێرانی سبەی یان دەبێ ببێتە ماڵێکی هاوبەش بۆ هەموو نەتەوەکان لەسەر بنەمای یەکسانیی ڕەها و پەیوەندیی ئاسۆیی، یان لەژێر باری قورسی ستەمی ناوەندگەراییدا هەرەس دەهێنێت. چارەسەری پرسی کورد و نەتەوەکانی تر، کلیلی سەرەکیی هەر گۆڕانکارییەکی دیموکراتیکە. کاتی ئەوە هاتووە کە لۆژیکی «سەرکوت بۆ مانەوە» جێگەی خۆی بۆ «دادپەروەری، یەکسانی و پێکەوەژیانی ئاسۆیی» چۆڵ بکات.

٢٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

## خەڵکێکی "نمەک بەحەرام" و دەسەڵاتێکی "فریشتە ئاسا"



**دارسمە**

بە درێژایی و ئەستوورایی و بەرینایی مێژووی بەشەر، لە سەردەمی ئەشکەوتەوە هەتا ئێستا زەحمەتە و بگرە مەحاڵیشە خەڵکێکی هێندە "ناسپاس"، "عەقڵ نەرمۆکە" و "نمەک بەحەرامی" وەک خەڵکی ئێران دۆزرابێتەوە. ئاخر خەڵکێک هەیە هێندە کوێر و نابینا بێت چاوی بە باشترین، میهرەبانترین و دڵسۆزترین دەسەڵاتی سەر ڕووی زەوی هەڵنەیەت؟



سەرچاوە
Serchawe

جەماوەرێک هەیە هێندە بێ ئینساف بێت، لە بری ماچکردنی دەستی دەسەڵاتداران، بەگژ کۆماری ئیسلامیدا بچێتەوە و نەیەڵێت ئەم پیاوە پیرۆزانە خەریکی ڕێکخستنی کاروباری خۆیان بن؟

ئەوەتا ئەم حکوومەتە جوانکیلەیە، خەریکە پێ دەنێتە پەنجا ساڵیی تەمەنی پڕ لە بەرەکەتیەوە. لەم چل و حەوت ساڵەدا، هێندە پێشکەوتووە، نە دۆست و نە دوژمن، تەنانەت بە میکرۆسکۆپیش ناتوانن بیانژمێرن. ئەگەر سەدان زانا و پسپۆڕی جیهانی شەو و ڕۆژ خەریکی لێکۆڵینەوە بن، هێشتا ناتوانن لە نهێنیی ئەو هەموو خێر و خۆشییە تێبگەن ئەم دەسەڵاتە بەسەر خەڵکەکەیدا باراندوویەتی. بەڵام چی لەو خەڵکە کوێرە دەکەیت؟ ئەوان لە نزیکەوە "خۆشییەکان" دەبینن و لە ڕقدا دەتەقن، چاویان بە باڵای بەرزی "کۆماری پیرۆز" و ئەم هەموو هەرزانییەی شت ومەک و پێداویستی هەڵنایەت. لە لایەکی دیکەوە بەشێکی "لاوەکی" و "زیادە"یەی کۆمەڵگا هەن ناویان "کورد"ـە. ئەمانە هەر شایانی باسکردن نین، بەڵام بۆ ئەوەی دڵی خوێنەر نەیەشێت و نەڵێن دیسان کەوتنە پشت گوێیان بە ناچاری ناویان دێنێن. ئەمانە تاقمێک "جیایی خواز"ن و دەیانەوێت شیرازەی ئەو برایەتییە تێک بدەن "برا گەورە" بۆی دابین کردوون. ئاخر کوردۆکەی سەربزێو، تۆ بۆ هێندە بێوەفای؟ بۆ قەدری ئەم نیعمەتە نازانی؟ مەگەر نابینی کۆماری ئیسلامی چۆن بۆ پاراستنی شەو و ڕۆژی خستووەتە سەر یەک؟

تەنانەت لەسەر سنووران و لەو کێوە سەختانەشدا پشتی تێ ناکات و دەیەوێت پەروەردەی بکات. ئەی نابینن ئەو سەربازە چاونەترسانە لە شارە جوان و ئاوەدانەکانی وەک تاران، مەشهەد، شیراز و ئیسفەهانەوە، چۆن ڕێگای هەزاران کیلۆمەتر دەبڕن تا بگەنە کوردستان؟ ئەمانە دێن تا ئێوە لە دەستی "کوردانی ئەودیوی سنوور" ڕزگار بکەن و نەیەڵن فریو بخۆن. هەرکەسێکیش بیەوێت لەم هێڵە پیرۆزانە بپەڕێتەوە یان "کۆڵێک" بە کۆڵییەوە بێت، ئەوا برایانی پاسدار بە "زمانی گوڵ" نا، بەڵکو بە "زمانی گوللە" تێی دەگەیەنن نابێت کاری وا بکات، چونکە بۆ تەندروستیی پشت و کەمەری زیانێکی یەکجار زۆری هەیە!

ئەوەی جێگای پرسیارە ئەمەیە، بۆچی ئەم "کورد و موردانە" عەقڵیان ناخەنە کار؟ بۆچی وەک ئەوانی دیکە گوێڕایەڵی فەرمانی "برا گەورە" نابن و ناچن لەسەر سنووری پاکستان و ئەفغانستان و تورکەمەنستان ئێشک بگرن؟ نەخێر، ئەمانە هەر خەریکی سەرئێشە دروستکردنن. شەرمە بۆ ئێوە قەدری ئەو "برا گەورە"یە نەزانن کە ئامادەیە هەموو شتێکتان بۆ بکات، بە مەرجێک تەنها "بەڵێ" بڵێن.

هەروەها با تەنها باسی کورد و بەلووچ و عەرەبە "ناسپاسەکان" نەکەین، بەداخەوە ڤایرۆسی "ناشوکری" گەیشتووەتە نیو



سەرچاوە
Serchawe

جەرگەی ئێرانیش. لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا دیتمان خەڵکی تاران و ڕەشت و مازەندەران چۆن شەقامەکانیان کردبوو بە گۆڕەپانی جەنگ. خۆ ئەگەر "برایانی بەرەی موقاوەمەت" لە دەرەوەی وڵاتەوە فریای دەسەڵات نەکەوتبان و بە شێوەیەکی "مەدەنیانە" و بە لولەی تفەنگ وەڵامی خەڵکەکەیان نەدابایەوە، ئێستا خوا دەیزانێت ئەمانە چییان بەسەر وڵات دەهێنا. ئەو خەڵکە دەمی بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" شیرین بووە و وەک هەموومان دەزانین ئەمەش هەر پیلانی ئەو کوردە "تەجزیە تەڵەبانە" بووە بۆ ئەوەی خەوی برا گەورە تێک بدەن. خۆشبەختانە کۆماری ئیسلامی زوو زانی دەردەکە چییە و دەرمانی "لێدان و کوشتن و سێدارە"یە بۆ بەکارهێنان.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەم چل و حەوت ساڵەدا سەلماندوویەتی شارەزای بەڕێوەبردنە. هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە، تێگەیشت نابێت متمانە بەو "ئەرتەش و مەرتەشە"ی جاران بکات، بۆیە "سوپای پاسداران"ی دامەزراند. ئەم سوپایە ماشەڵا ئێستا بووەتە "هەموو شتێک". لە یەک کاتدا هەم پاسەوانی سنوورە، هەم کارگەی ماست و پەنیر و خامەی هەیە، هەم بەنداو دروست دەکات، هەم کۆنتراکتەری نەوتە، هەمیش لە ئەورووپا و ئاسیا خەریکی "ڕاوکردنی" نەیارانە.

براگەورە ئەوەندە بۆ خەڵکەکەی چاکەی هەیە هەر مەپرسە. لە چ کونجێکی ئەم جیهانە دیتووتانە ئەو خۆپیشاندەرانەی لە نێوخۆدا بە دەستی هێزی کۆماری ئیسلامی دەکوژران و بە "ئاژاوەگێڕ" ناویان دەبردن، ئێستا لە بەرژەوەندیی نیشتماندا بەشێکیان کراون بە "شەهیدی کۆماری ئیسلامی"! ئەمە لوتکەی میهرەبانییە؛ تۆ ناچاری دەیانکوژی، دواتر دەیانکەیە شەهیدی خۆت و بە کەسوکاری سەربەرزیان دەڵێی ئێوەش کەسوکاری شەهیدانن و ناوی شەهیدەکانتان چووەتە پاڵ شەهیدانی شەڕی ئێران و عێراق و تەنانەت پلەیان وەک پلەی شهیدانی پارێزەری مەزارگە پیرۆزەکانی سووریاشە. ئایا سیستەمێک هەیە هێندە دڵی فراوان بێت؟

## جا لێرەوە تکامان لە خەڵکی "تێنەگەیشتووی" ئێران ئەمەیە:

تکایە لە کاتی نوێژ و نزا، "نوێژی ترس"ی ڕابەری مەزن لەبیر نەکەن. جەنابیان هەمیشە دڵی دەلەرزێت نەوەک "ئێرانی یەکپارچە" پارچە پارچە بێت و بکەوێتە دەست "برا بچکۆلان". ئاخر ئەم برا بچکۆلانە (وەک کورد و ئەوانی دیکە) هێشتا باڵغ نەبوون و ناتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن، بۆیە دەبێت هەمیشە لە ژێر سێبەری داری "وەلی فەقیهـ"دا بپارێزرێن. ئەگەر ئەمانە جیاببنەوە، هەستی ناسکی "برا گەورە" بریندار دەبێت و ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە!

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

له کۆتاییدا، ئەی خەڵکی ئێران، ئەگەر هەر سوورن لەسەر ئەوەی دۆخەکە تێک بدەن و نەیەڵن کۆماری ئیسلامی مۆمی پەنجا ساڵەی تەمەنی فوو لێ بکات، کێشە نییە! بڕۆن بە شوێن بەدیلەکەدا بگەڕێن. وەرن بۆ خاتری ئەو ڕیشە سپییەی ڕابەر، ئەگەر واز لەم دەسەڵاتە دێنن، بچوونە ژێر باڵی"نەوەکەی ڕەزا شا". با دڵمان لەگەڵ ئەو دابێت، ئەی ئەوەنییە لە ئێستاوە شمشێری تیژ کردووەتەوە و بە ئاشکرا هاوار دەکات وە باب و باپیرە و میراتگرانیان لە دەستەڵاتی ئێستای ئێرانی مەزندا "دژی تەجزیە تەڵەبییە."

٢٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## حیزبی دێموکرات: تەنیا بە گۆڕینی ئەم ڕێژیمە بۆ حکوومەتێکی دێموکراتیک و سێکۆلارە ئەمنییەت و سەقامگیری لەم وڵاتەدا دێتە دی




**(ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی چلەی شەهیدانی ڕاپەڕینی بەفرانباری ئەمساڵ)**

**خەڵکی بەهەڵوێستی کوردستان!**
**گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران!**
**کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!**

چل ڕۆژ بەسەر سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی مانگی بەفرانبار بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تێدەپەڕێ. ئێمە لە کاتێکدا یادی شەهیدانی ئەو ڕاپەڕینە دەکەینەوە کە ژمارەی شەهیدان و برینداران و دەسبەسەرکراوانی خەڵکی ڕاپەڕیو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕوی لە زیاد بوونە و لەبەر پچڕانی ئینترنێت و دۆخی تەواو ئەمنیەتیی ئێران، هەتا ئێستاش ئامارێکی دەقیق کە بێگومان خۆی لە دەیان هەزار کەس دەدا، لە بەردەستدا نییە.

لەم نێوەدا، ڕاپەڕینی شارەکانی ئیلام، کرماشان و مەڵەکشای و شەهیدبوونی دەیان هاونیشتمانیمان لەو ناوچانە و

شارەکانی دیکەی ئێران و، دواتر مانگرتنە سەرکەوتووانەکەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا دژکردەوەیەکی کاتی نەبوو، بەڵکوو نیشانەی بلووغێکی سیاسی، گەشەی بیری نەتەوەیی و خاوەندارەتیی کوردستانیان لەو بەشەی نیشتمان بوو. ئەو ڕووداوانە سەلماندیان کە خەڵکی کوردستان بەرهەمهێنەری فۆرمێکی تایبەت لە بەرخۆدان و خۆڕاگرین و پانتایی گشتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەیدانی هاوخەباتی و یەکریزیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانە. لایەنی سیمبۆلیک و سیاسیی ئەم یەکگرتووییە، ئاماژەیەک بوو بۆ "مانیفێستی هێز" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەمان کاتدا پێشاندانەوەی هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی خەڵکی کوردستان.

لە کاتێکدا چل ڕۆژ بە سەر ڕەشەکوژی و کوشتاری ڕۆڵە چاونەترسەکانی نەتەوەی کورد لە ئیلام و مەڵەکشای و کرماشان تێپەڕ دەبێت، ڕێز لە ناو و یادی ئەم شەهیدانە دەگرین و، پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە کە تا وەدیهاتنی خۆری ڕزگاری لە وڵاتەکەمان و گەیشتنی خەڵکی کوردستان بە مافە نەتەوەییەکانیان درێژە بەو ڕێبازە پیرۆزە دەدەین.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە درێژایی چەند دەیەی ڕابردوو بە میلیتاریزەکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گرتنەبەری سیاسەتی "لەگەشەخستن"، "بەکەمینەکردن" و "بەئەمنییەتیکردن"، هەوڵی داوە کوردستان بکاتە جوغرافیایەکی پەراوێزخراو، لێکدابڕاو و پەرتەوازە و دوور لە ناسنامە و شوناسە نەتەوەییەکانی. هەر بۆیە، جەخت و پێداگریی بەردەوامی ئێمە لەسەر ڕووخانی ڕێژیم و گۆڕینی بنەڕەتیی پێکهاتەی دەسەڵاتەکەیە. لەم ڕوانگەوە، پشتیگیریکردنی پرسی دێموکراسی و نەتەوەیی لە ئێرانی فرەنەتەوەدا، هەوڵێکە بۆ شکاندنی ئەو گەمارۆ و تەوژمە ئەمنییەتی و سەرکوتکارانەیەی کە لە ناوەندەوە بە بیانووی "ئاسایشی نیشتمانی" بەسەر نەتەوە بندەستەکاندا سەپێندراوە.

ڕاستە کە خەبات و خۆڕاگریی پڕتێچووی نەتەوەکانی ئێران بۆ ڕزگاری دژی کۆماری ئیسلامی هەر بەردەوامە، بەڵام لە تەنیشت ئەو بەردەوامییە پشتیگریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران زەروورەتێکی مێژووییە. زەوتکردنی مافی نەتەوەیی و پێشێلکردنی کەرامەتی تاک و کۆی نەتەوەکان لە لایەن ئەم ڕێژیمەوە، هاوکات بەردەوامبوونی لە سەرکوتی خوێناوی و بەکارهێنانی ئەوپەڕی توانای خۆی لەم بارەوە، هەلومەرج و هاوکێشەیەکی ئاڵۆزە کە تێیدا چارەنووسی دەیان میلیۆن کەسی بە بارمتە گرتووە. بۆیە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر ئاوڕ لەم دۆخە بداتەوە و لە ئاست چەوسانەوەی نەتەوەیی و زەبروزەنگی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەکارهێنانی هێزی سەرکوت بەرانبەر بە بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوەکانی دیکە پتر لەسەر هەست بن و هەڵوێستیان هەبێ هەتا لەو سۆنگەیەوە تێچووی سەر گیان و ماڵی خەڵکی ڕاپەڕیو کەم بکەنەوە.

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێ لەسەر ئەوە دادەگرێتەوە کە تەنیا بە گۆڕینی ئەم ڕێژیمە بۆ حکوومەتێکی دێموکراتیک و سێکۆلار و دانانان بە ئیرادە و مافی نەتەوەیی و سیاسیی پێکهاتە نەتەوەییەکانی سەر جوغرافیای ئێرانە کە ئەمنییەت و سەقامگیری لەم وڵاتەدا دێتە دی.

جارێکی دیکە لە چلەی شەهیدانی مانگی بەفرانباردا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانە، بەتایبەت هاونیشتمانیانی ئازیزمان لە کرماشان، ئیلام، مەڵەکشای و ناوچەکانی خوارەوەی کوردستان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەستەی کارگێڕی

٢٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٤

**٢٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

# خالید عەزیزی: نەتەوەکانی ئێران دەبێ بۆخۆیان چارەنووسی ئەم ڕێژیمە یەکلا بکەنەوە



## ئاماژە:

بەشی سۆسیالمیدیای دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکرات شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە، ٢٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٤ کۆبوونەوەیەکی سیاسیی بۆ کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی "ئیکس" پێکهێنا. وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەو کۆبوونەوەیەدا ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکرات بۆ پرسە سیاسییە ڕۆژەڤەکانی ئێران و کوردستانی خستەڕوو و لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا وەڵامی پرسیار و سەرنجی بەشدارانی دایەوە. "کوردستان" کاکڵی بەشی سەرەکیی باسە سیاسییەکەی کاک خالید عەزیزی لەو کۆبوونەوەیەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

## کرۆکیی باس:

بۆ باس لەسەر دۆخی ئێستای ئێران پێویستە خوێندنەوە بۆ چوار فاکتەر بکەین، فاکتەری یەکەم کۆماری ئیسلامی و نیزامی سەرکوت، و لە سەروو هەمووانەوە خامنەییە. فاکتەری دووهەم خەڵک و بزووتنەوە نارەزایەتییە یەک لە دوای یەکەکانی

نێوخۆی وڵاتە. فاکتەری سێهەم لە سۆنگەی دۆخی ململانێی خەڵک و دەسەڵات و سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی، هاوکێشەکانی کۆمەڵگەی جیهانییە و لە سەروو هەموانەوە سیاسەت و بڕیارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل. چوارەم فاکتەریش ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و بابەتی ئاڵترناتیڤی ئەم ڕێژیمەیە کە بەردەوام چاوی لەسەرە و قسەی لێ دەکرێت. ئەو چوار فاکتەرە ڕەهەندە جۆراوجۆر و جیاوازەکانی هاوکێشەکانی ئێستای ئێران دەردەخەن و ئێمەش وەک کورد فاکتەرێکی دیکەش دەخەینە سەر هاوکێشەکان، چ لە ئێستا و چ لە داهاتووی دوای نەمانی کۆماری ئیسلامیدا.

## فاکتەری یەکەم، کۆماری ئیسلامی

ئەگەر هەر لە ناڕەزایەتییەکانی بەفرانباری ئەمساڵەوە دەست پێ بکەین، ئەم ڕاپەڕینە درێژەی ڕەوتی ناڕزایەتییەکی دەیان ساڵە دژی کۆماری ئیسلامییە کە دەتوانم بڵێم لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق لە ئاستی سەراسەریدا چەخماغەکەی لێ دراوە و ساڵ بە ساڵ زیاتر و جار بە جاریش بەرینتر دەبێتەوە. ئەم ناڕەزایەتییانە کاردانەوە بە ناکارامەیی کۆماری ئیسلامی، گەندەڵیی سیستماتیکی ڕێژیم، سیاسەتی دەستێوەردانی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی کە لەو سۆنگەیەوە خەڵکی نێوخۆی وڵاتی تووشی نەهامەتی و نەگبەتی کردووە و هەروەها بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە هەڵاواردن و سەرکوتی ماف و ئازادییەکانیان بووە. بەڵام ئەوەی ڕاپەڕینی ئەمجارەی تایبەت کردووە ئەوەیە کە لە دۆخی دوای بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی)دا کڵپەی ئەستاندووە و ئەزموون و ئیلهامدەرییەکانی بزووتنەوەی ژینای لە پشتە. بۆیە دەتوانین بڵێین خاڵی بەهێزی ڕاپەڕینی بەفرانبار ئیلهامدەریی کوردستان و پاشخانی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان لە کوردستانە کە لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام "نا"ی بە کۆماری ئیسلامی گوتووە، کۆمەڵگەی سیاسیی خۆی ڕێکخستووە، کاری حیزبی و ڕێکخراوەیی تێدا نەهادینە بووە، خەباتێکی سەخت و خوێناویی دژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە بردووە و هەر بەو هۆیەش تێچوو و قوربانییەکی گەلێک زۆریشی بەختی ئازادی و ڕزگاری کردووە.

نەتەوەکان و خەڵکی ئێران بە گشتی خەباتێکی خوێناوی و دوور و درێژیان دژی کۆماری ئیسلامی کردووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی لەجێی خۆیەتی. ڕاستە ئەم دەسەڵاتە لە زۆر بواردا پرسیاری گەورەی لەسەرە، داهاتووی ناڕوونە، مەشرووعیەتی جارانی نەماوە و دەکرێ بڵێم کۆماری ئیسلامی ناگەڕێتەوە دوو مانگ پێش ڕاپەڕینی ئەم دواییانە. ئەمڕۆکە پێوەندیدار بە داهاتووی ئێران کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەت سیاسەت و بەرنامەکانی دوو وڵاتی ئەمریکا و ئیسرائیل دەوری سەرەکی دەبینن.

## ئێران لە هاوکێشەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا



سەرچاوە
Serchawe

تەوەری سەرەکیی سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی دروستکردنی هەیمەنەیەک لە خۆی لە ناوچە لە ڕێگەی دەستێوەردانی دەرەکی، پێکهێنانی هێزی نیابەتی بۆ قەیرانخوڵقێنی، تێرۆریزمی دەوڵەتی، پەرەدان بە دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژی وەک مووشەک و بۆمبی ئەتومی بووە. بەڵام دوای شەڕی ١٢ ڕۆژە هەیمەنەی کۆماری ئیسلامی لە بواری ئەمنییەتی و نیزامی تێکرووخا. ئەم ڕێژیمە کە بە تەڕاتێنەکانی ئەسپی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تاو دەدا و تا ڕادەیەکی زۆر ببووە مڵۆزم بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، ئێستا ئەو پێگەیەی نەماوە و ئەو مەشرووعییەتەی لە نێوخۆی وڵاتدا بە زەبروزەنگ و سەرکوت و کوشتوبڕ و لە دەرەوەی بە دەستێوەردان و مووشەکهاوێژی لە خۆی دروستی کردبوو، نەک نەما بگرە تووشی زەلالەت و زەبوونی بوو. بەڵام ئەوە هێشتا بە مانای کۆتایی کار نییە. کۆماری ئیسلامی بەهۆی سیاسەتە مووشەکی و ئەتومییەکانی و بەتایبەت ئەو مەترسییەی لەسەر ئەمنییەتی ئیسرائیلی دروست کردووە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانی گۆڕیوە، چونکی کاتێک بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە ستەمی وڵاتەکەی دەکوژێ، ئەگەر بۆمبت ئەتومی هەبێ دوور نییە دژی ئیسرائیل و نەیارەکانی دیکەی دەکاری بکا. بۆیە سیاسەتی هەتا ئێستای ئەمریکا و ئیسرائیل سنووردارکردنی توانا نیزامی و تێکدەرییەکانی کۆماری ئیسلامییە.

سیاسەتی پێشووی ئەمریکا بەتایبەت سەردەمی ئۆباما بایەخدان بە تاران وەک ناوەندی ئیسلامی شیعە، کۆنترۆڵکردنی ئێران و گۆڕینی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لە نەیارێکی سیاسی بە هاوبەشی سیاسی و ئابووری بوو. ئێرانیش لە چەند دەیەی ڕابردوودا زۆر زیرەکانە توانی لەو بوارەدا جار بە دانوستان و جار بە هەڕەشە و جار بە هاوکاریی سنووردار لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتوم سیاسەتی مووشەکی و ئەتومیی خۆی بباتە پێشێ. بەڵام دکتۆرینی ترەمپ پێچەوانەی ئۆباما و تەنانەت بایدەن دژایەتی لەگەڵ تاران و بایەخدان بە جیهانی سوونەیە. ئەوە بوو ستراتیژیی "پەیمانی ئیبراهیم"ی هێنایە گۆڕێ و وەبەرهێنانەکانی خۆی لە ناوچە لە بەرەی جیهانی سوونەدا لە تورکیە هەتا عەرەبستان، قەتەر و وڵاتانی دیکەی کەنداو پەرە پێدا و تەنانەت تەنانەت ئامادە بووە لەگەڵ سەرۆککۆماری ئێستای سووریە کە سەردەمانێک بۆ خۆیان بە تیرۆریستیان دانابوو پێک بێ و ئێستا لە دەمیشق هەوڵی بەهێزکردنی ئەحمەد ئەلشەرع و دەسەڵاتە ناوەندگەراکەی دەدەن. ئەوەش بە مەبەستی کەمکردنەوەی کێشە بۆ ئەمریکا و دروستکردنی کێشە بۆ ئێران دەکرێ. بەڵام ئایا ئەو دکتۆرینە دەڕواتە پێشێ؟ بە باوەڕی من ئەو ئارایشە نیزامییەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کردوویەتی پاڵنەری بردنەپێشی ئەو سیاسەتە بۆ دەستەبەری بەرژەوەندییە درێژخانەیەکانی خۆیەتی.

### نەبوونی ئاڵترناتیڤ، پاشنەئاشیلی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی

لە ئێستادا لە زۆر لاوە گریمانە و هیواکان لەسەر ئەوە هەڵچندراوە ئێران نەرمی نەنوێنێ، لەگەڵ ئەمریکا نەسازێ و

ئەمریکا ناچار بێ بە هێرش و زەبری نیزامی بەرنامەکانی بباتە پێش. ئەمەش پاشخانێکی دوورودرێژی هەیە و سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سیاستەکانی جۆرج بووشەکان و ئەو کاتەی کە جۆرج بووشی کوڕ کۆماری ئیسلامی بە یەکێک لە سێکوچکەکانی "میحوەری شەڕارەت" دانا. لە لاوازی و ئامادە نەبوونی لایەنەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بۆ دروستکردنی ئەلتەرناتیڤ بۆ کۆماری ئیسلامییش ئەو باس و بابەتە بە هەوراز و نشێوی زۆرەوە هەتا ئێستا هاتووە و ئێستا لە هەموو کاتێک بەهێزتر دەنوێنێ. بەڵام ئەمن لاموایە پرسە سیاسییە نێوخۆییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل وەک هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا لە نۆڤامبر و دەوڵەت لە ئیسرائیل لە ئۆکتۆبری ئەمساڵ لە یەکلاکردنەوەی ئەو بابەتەدا کاریگەریی زۆریان هەیە و هەم ترامپ و هەم نەتانیاهوو پێویستییان بە سەرکەوتنە و بابەتی شەڕ و ململانێ لەگەڵ ئێران دەتوانێ وەک کارتێک بە دەستی ترامپ و نەتانیاهووەوە بێت. هەروەها دوای ڕاپەڕینەکانی ئەمدواییانە و ئەو کارەساتەی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات خوڵقاندوویەتی، پرسی گۆڕینی ئەم ڕێژیمە زیاتر بایەخی دەدرێتێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەمریکا و ئیسرائیل بە پارێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە دەکەن.

ئەمریکا و ئیسرائیل بۆیان پرسیارە بێتوو کۆماری ئیسلامی بڕووخێ ئەدی کێ ئیدارەی دەکا و کێ لە تاران بەردەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە و لێرەدا نەبوونی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی زۆر بە قازانجی کۆماری ئیسلامی شکاوەتەوە. بۆیە لێدانی ئامانجدار و سنوورداری کۆماری ئیسلامی بێتوو هەستانەوە و ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بۆ ڕووخانی ڕێژیمی لێ نەکەوێتەوە، دەبێتەوە هۆکار بۆ هێنانەوەی زەبوونانەتری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر مێزی وتووێژ. بەڵام ئەگەر لێدانەکە خرۆشانی خەڵک و ڕاپەڕینی سەرانسەریی لێ بکەوێتەوە، هاوکێشەکە دەگۆڕدرێ. سەیریش نییە ئەمریکا هەمان سیناریۆی ڤێنێزۆلا لە ئێرانیش دووپات بکاتەوە و بە گەمارۆی نیزامی و گوشینی شادەماری ئابووریی ئێران کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا بێنێ و لە نێوخۆی وڵاتیش بوار بۆ پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان دژی ڕێژیم خۆش بکات.

## کورد و ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی کۆماری ئیسلامی

حیزبی دێموکرات هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بووە ئەوە خەڵکی ئێرانن کە دەبێ چارەنووسی ئەم ڕێژیمە یەکلا بکەنەوە و ناکرێ خەڵک چاوەڕوانی ئەوە بن کێ لێی دەدا و کەی لێی دەدات؟ مەسەلە ئەوەیە هەم لە کوردستان و هەم لە بەشەکانی دیکەی ئێران دەبێ لەو قۆناغە تێپەڕین کە هەر ئۆپۆزیسیۆن بین و هەموو شتێک ببێتە مانگرتن و خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیی جارجارە. ڕاستە کۆماری ئیسلامی لەلای زۆرینەی زۆری خەڵکی ئێران مەشرووعییەتی نییە، بەڵام ئەم ڕێژیمە ئێستاش خەڵکی خۆی و هێزی سەرکوتی وەفادار و پارەی زۆر بۆ ڕاگرتنی هێزەکانی و ئیرادەی سەرکوتیشی بە بەهێزیی جاران هەیە. هێزەکانی لایەنگری ڕێژیمیش تەنیا کاتێک هەڵدەوەرن کە هیوایان نەمێنێ و ئەوەش کاتێک ڕوو دەدا کە



سەرچاوە
Serchawe

ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕەپانی خەباتە مەیدانییەکەدا بێت.

لەبارەی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بەپێی سیاسەتێک کە هەمانە دوژمنایەتی هیچ لایەنێکی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن و دژبەری ئەم ڕێژیمە ناکەین. ڕاستە ڕوانگە و جیاوازیی بۆچوون و سیاسەتی خۆمان هەیە و داکۆکی لە ماف و سیاسەتەکانی خۆمان دەکەین، بەڵام نامانەوێ بچینە نێو ئەو شەڕ و ئاڵۆزی و ناکۆکییەی لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەریی ڕێژیمدا هەیە کە سەری لە خەڵک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش شێواندووە؛ چونکی قازانجی سەرەکی لەو دۆخە هەر دەچێتە گیرفانی کۆماری ئیسلامییەوە.

ئێمە وەک حیزبی دیموکرات لەو پەیوەندییەدا هەوڵمان داوە و لەگەڵ زۆر لایەن دانیشتووین، بەڵام هەتا ئێستا دەسکەوتێکی ئەوتۆمان نەبووە. بەڵام ئێستا کە خەڵک بە تایبەت لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئاستی سەرانسەریی ئێرانیشدا مەرگ بۆ دیکتاتۆر و دروشمی پێکهاتەشکێنی دژی خامنەیی و کۆماری ئیسلامیی بەرز کردووەتەوە، دەرفەتێکی سیاسیی گەورە پێکهاتووە کە بێتوو ئاڵترناتیڤێکی گەورە خۆی پێشان نەدا، ئەم دەرفەتەش لەبار دەچێ و لەو سۆنگەیەوە تەمەنی ڕێژیمی پێ دریژتر دەبێتەوە. بۆیە ئێمەش دەبێ لە هەوڵەکانمان بەردەوام بین.

## ئەرکەکانی بەردەم بزووتنەوەی سیاسیی کورد

لەو ڕاپەڕینەدا خەڵکی کوردستان لە دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان شەهید و بریندارێ زۆری دا، لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان مانگرتنی سەرانسەری ڕاگەیەندرا، سەرکوتی خەڵک و سیاسەتی کوشتوبڕ و گرتن و زینداینکردن توندتر لە جاران لە ئارادایە. ئێمە دەبێ هەوڵی زیاتر بدەین کە لە بەشەکانی دیکەی ئێران بەردەنگی زیاتر بۆ خۆمان و خەباتەکەمان و مافەکانمان پەیدا بکەین. ئێمە دەبێ ڕیزەکانی خۆمان لە نێوخۆماندا ڕێک بخەین و ئاستێکی دیکە لە یەکگرتوویی و یەکگوتاریمان پێشانی هەمووان بدەین. هەروەها نابێ بە نیسبەت ناوچەکانی دیکەی ئێران و بابەتە سیاسییەکان لە ئاستی سەرانسەریدا بێتەفاوت بین و دەبێ لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان بڕۆین. ئەمە دوو قازانجی هەیە. قازانجێکیان ئەوەیە لە ڕەوتی دروستبوونەوەی ئێراندا بەو لەگەڵدابوونە غایب نابین و بەشمان پێ دەبرێ. چونکی نازانین کۆماری ئیسلامی کە ڕووخا چی لە ئێران ڕوو دەدا و نابێ پێمان وابێ بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی هەموو شتێکمان بەدەستەوە دێت. بێگومان دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئاڵۆزی و بشێوی دروست دەبێ و ئێمە پێویستە ئامادەی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ ئەو دۆخە بین. بابەتی سەرەکی و ستراتیژی ئەوەیە کە لە هەر بارودۆخێکدا ئێمە وەک کورد، و ئێمە وەک حیزبی دێموکرات دەبێ مافتەوەر بین و لە ئێرانی داهاتوودا بە دوای ماف و داواکانی خۆماندا بڕۆین. هەروەها

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

لە نێوخۆی کوردستانیشدا هەموو تاکەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چالاکانی سیاسی و حیزبەکان هەوڵ بۆ ڕێکخراوتربوونی پتری کۆمەڵگە بدەن.

ئێمە لە ئێستادا پێشبینیی ڕوونی ئێرانی داهاتوو ناکەین، بەڵام لە کاتێکدا ئێمە وەک کورد بەتەنیا ناتوانی شکڵی حکوومەتی داهاتووی تاران یەکلا بکەینەوە، دەبێ مافەکانی خۆمانمان بۆ گرینگ بێ و هەر کەسیش دەسەڵاتی بە دەستەوە بێت، مادام ئاوڕ لە ویست و داخوازییەکانی ئێمە نەداتەوە، سرووشتییە کە ئێمە لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان کۆڵ نادەین و بە هەموو تواناوە بۆ مافەکانمان تێدەکۆشین. بەڵام بۆ ئەوەی زەرەر و زیانی کەمترمان هەبێ، لە ڕاستیدا پێویستمان بە بەردەنگ و دۆست و هاوپەیمانە. بۆیە دەبێ بنەماکانی سیاسەت و هەڵسوکەت و گوتار و دەربڕینی ئێستاشمان لەسەر ئەو بنەمایە هەڵشێلابێت.

ئاستەنگێکی دیکە لە بەردەم پرسی کورد ئاستەنگێکی ناوچەییە و، ئەویش کێشەی کورد و تورکە. ئێمە پێویستیمان بەوەیە عەقڵییەتێک برەو پێ بدەین و بڵێین کە کێشە ئێمە و تورکەکان کێشەی ئەو دوو نەتەوە لەگەڵ یەکتر نییە و نابێ وا بێ و دەبێ نەهێڵین لێکتێنەگەیشتن و دڕدۆنگییەکان کەلێنی نێوانمان بەرفراوانتر بکەن و دەبێ پێش توندڕەوییەکان بگرین. ئێمە دەبێ ئەو گریمانەیەشمان لەبەرچاو بێت کە لە ئەگەری ڕووخانی ئێران و هەڵوەشانی دەسەڵات هاوکێشەکانی بەرژەوەندیی وڵاتانی ناوچە وا بخوازێ پەرە بەو کێشەیە بدرێ و ئێمە نابێ بهێڵین زەرەرمەندی ئەو دۆخە بین. ئێمە لە کوردستان سنوورێکی دوور و درێژمان لەگەڵ تورکەکان هەیە و وڵات و حکوومەتە تورکەکانی دراوسێی ئێرانیش بە بەرژەوەندی و ئاجێندای جیاوازیان دەبینین. بۆیە دەبێ ئەو نیگەرانییەمان هەبێ و پێویستیشە ئەو لیکتێگەیشتنە لەنێوان کورد و تورکەکاندا دروست بێت.

لەلایەکی دیکەشەوە ئێمە ستراتیژیمان فدرالیزمە و باوەڕمان وایە سیستمی فیدراڵیی دڵخوازی ئێمە بە بەشداریی هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە دادەمەزرێ. بۆیە ئێمە پێویستیمان بە تەعامول لەگەڵ کۆمەڵگەی تورک و فارسەکانیش هەیە و دەبێ ڕێکخراوەکان و چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات بە کورد و تورکەوە هاندەری ئەوە بن و ئەو لێکتێگەیشتن و ئامانجە هاوبەشە دروست بکەن و نابێ بهێڵین ئەزموونی سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ و مێژووی خوێناویی کوشتار و کۆمەڵکوژییەکانی ئەوکاتمان بیر بچێتەوە. لە کۆتاییشدا جارێکی دیکە پێداگری لەسەر پێویستیی هاوخەباتی و یەکڕیزی هەم لەنێو هێزە سیاسییەکانی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان، هەم لە ئاستی سەرانسەریدا دەکەمەوە.

**٢٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەزمی هەرێمی؛ گواستنەوە لە ڕەواییەوە بۆ توانای ڕێکخراوەیی





**حەسەن قارەمانی**

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خاڵی وەرچەرخاندایە کە ئیتر ستراتیژە کۆنەکان سوودیان نەماوە و پارچەپارچەبوون بووەتە بارگرانییەکی پێکهاتەیی. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە بە سەروەریی ڕەهای دەوڵەت و دوکتۆرینی ئەمنیەتی و "لێبوردەیی سفر" بەرامبەر پرسی خاک دەناسرێتەوە، بزووتنەوەی کورد لەبەردەم پرسیارێکی سەرەکیدایە، چۆن نەتەوەیەکی بێدەوڵەت

دەتوانێت ڕەوایی ئەخلاقی بگۆڕێت بۆ توانای سیاسیی ڕاستەقینە؟

ماوەیەکی زۆرە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین ڕێگەی جیاوازی وەک خەباتی چەکداری، بەشداریی سیاسی، چالاکیی فەرهەنگی و ڕێکخستنی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکار هێناوە. هەریەکێک لەم ستراتیژیانە کاریگەریی خۆیان هەبووە، بەڵام نەبوونی هەماهەنگیی پێویست کاریگەرییەکانیانی سنووردار کردووە. بۆیە لە سایەی هاوکێشە ژیۆپۆلەتیکییەکانی ئەمڕۆدا، دارشتنی ستراتیژی چیتر تەنیا بژاردەیەکی ئایدیۆلۆژی نییە، بەڵکوو وەک پێویستییەکی وجوودی دەردەکەوێت.

### تێچووی پارچەپارچەبوون:

لە ڕووی مێژووییەوە، دووبەرەکیی نێوان حیزبەکان و ئاراستە ئایدیۆلۆژییەکان، پێگەی دانوستانکاری کوردیان لاواز کردووە. زۆرجار کێبڕکێی نێوخۆیی ئامانجە هاوبەشەکانی تێپەڕاندووە. ئەمەش بەستێنێکی دروست کردووە کە ئەکتەرە دەرەکییەکان توانیویانە دژایەتییە نێوخۆییەکان بقۆزنەوە و هەماهەنگیی نێوخۆیی کورد دوابخەن و بەو هۆیەوە دۆخی ئێستا بپارێزن.

پارچەپارچەبوون زیاتر لە ناتەبایی ڕێکخراوەیی، دەبێتە هۆی ناتەبایی ستراتیژی. بەبێ گوتاری هاوبەش، پەیامەکە بە ناڕوونی دەمێنێتەوە، هاوپەیمانییەکان نادیار و پارچەپارچەبوون دێتە ئارا. لە ناوچەیەکدا کە ئەکتەرە دەوڵەتییەکان بە ناوەندگەراییەکی ڕەها و دیسپلینێکی ئەمنیی توندوتۆڵەوە مامەڵە دەکەن، ئەم ناهەماهەنگییە تێچووی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

### هاوئاهەنگیی چەک و قەڵەم دوو ڕەهەندی بەرگری:

بەهێزبوونی پێشمەرگە و هێزە تێکۆشەرەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نابێت تەنیا لە فراوانبوونی هێزی چەکداردا کورت بکرێتەوە، بەڵکوو پێویستە وەک تواناسازییەکی گشتگیر تێبگەین کە ئاسایش، سیاسەت و بەرهەمهێنانی فیکر لەخۆ دەگرێت. ئەزموونی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی جیهان سەلماندوویەتی کە ئامادەیی چەکداری بەبێ دیدگای سیاسی، مەترسیی گۆشەگیریی لێ دەکەوێتەوە، هەروەک چۆن کۆکردنەوەی فیکری بەبێ پاراستنی ئەمنیەتیی پێشمەرگە، بزووتنەوەکە ڕووبەڕووی مەترسیی سەرکوتکردن دەکاتەوە.

بۆیە "چەک و قەڵەم" فۆرمولاسیۆنێکی ڕیتۆریک (زمانەوانی) نییە، بەڵکوو کۆکردنەوەیەکی ستراتیژییە. ڕەهەندی چەکداری ئامرازێکە بۆ ئەوەی کە کۆنترۆڵی خاک و بەرگریکردن لە خۆ ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت. ڕەهەندی فیکری - ئەکادیمیستەکان، ڕۆژنامەنووسان، ڕۆشنبیران و تۆڕە دیپلۆماسییەکان، ئەو ڕەوایییە نۆرماتیڤ و نێونەتەوەییە دروست دەکات کە پێویستە بۆ قبووڵکردنی درێژخایەن.

ئەم هەماهەنگییە پێویستی بە دیسپلین و شەفافیەتی نێوخۆیی و پیشەییکردنی دامەزراوەیی هەیە. تۆڕە نافەرمییەکان دەبێ بگۆڕدرێن بۆ پێکهاتەیەک کە ئەرکی ڕوون و دابەشکردنی بەرپرسیارێتی و پلاندانانی ستراتیژییان هەبێت.

## شاخ و شار:

وێنەی باوی بەرخۆدانی کورد، هەمیشە بە "شاخ"ەوە بەستراوەتەوە وەک هێمایەکی ڕەسەنی ئۆتۆنۆمی و خۆڕاگری. بەڵام داینامیکی سیاسیی سەردەم، تا ڕادەیەکی زۆر بەرەو ژینگەی شارستانی (مەدەنی) هەنگاوی ناوە. ئەمڕۆ زانکۆکان، کۆمەڵگەی مەدەنی، سەکۆ دیجیتاڵییەکان و تۆڕە ڕەوەندەکان (دیاسپۆرا)، بوونەتە گۆڕەپانە نوێیەکانی خەبات؛ ئەو شوێنانەی کە تێیاندا ناسنامەی نەتەوەیی و داواکارییە سیاسییەکان بە زمانێکی جیهانی و مۆدێرن دادەڕێژرێنەوە.

بۆیە پێویستە ستراتیژییەکی بەردەوام و گشتگیر، ئەم دوو کایەیە (شاخ و شار) پێکەوە گرێ بدات. چالاکییە مەدەنییەکانی شار، بەبێ هەبوونی پاراستنی پێشمەرگانە، هەمیشە لەژێر هەڕەشەی پەراوێزخستن و سەرکوتکردنی خێرادان. تەنیا لە ڕێگەی ئاوێتەکردنی ستراتیژیی ئەم دوو فەزایەوەیە، دەتوانرێت ئیکۆسیستەمێکی سیاسیی یەکگرتوو بێتە کایەوە؛ سیستمێک کە تیایدا خەباتی مەدەنی و هێزی پێشمەرگە، وەک دوو جەمسەری تەواکەر، بەرگری لە بوونی نەتەوەیی و دەستکەوتە سیاسییەکان بکەن.

## ڕوونیی ئایدیۆلۆژی و خۆپێناسەکردنی سیاسی:

یەکێک لە ئاڵنگارییە هەرە گەورەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا سەرکوتی دەرەکی نییە، بەڵکوو ناڕوونیی نێوخۆییە سەبارەت بە ئامانجەکە. ئایا ئامانج فیدراڵیزم، ئۆتۆنۆمی، خۆبەڕێوەبردنی کولتووری یان سەربەخۆیی تەواوە؟ ڕەنگە ناڕوونی لە کورتخایەندا بە شێوەیەکی تاکتیکی کار بکات، بەڵام لە درێژخایەندا متمانەی کۆکردنەوەکە تێک دەدات.

بزووتنەوەیەک کە بە ڕوونی پێناسەی پرۆژە سیاسییەکەی نەکات، مەترسیی ئەوەی هەیە کە لە دۆخی کاردانەوەییدا

بمێنێتەوە. خۆپێناسەکردن سەرچاوەی دەسەڵاتە. خستنە ڕووی دیدێکی یەکگرتوو، یاسایی، ئابووری و دامەزراوەیی، ڕێگایەکە بۆ گۆڕینی باسەکە لە نیگەرانییە ئەمنیەتییەکانەوە بۆ مۆدێلێکی سیاسی بۆ داهاتوو.

## هاوسەنگیی هێزی ناوچەیی و ڕیالیزمی ژیۆستراتیژی:

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژینگەیەکدا کار دەکات کە ئێران، تورکیە، عێراق و سووریە – سەرەڕای ڕکابەریی یەکتر، بەرژەوەندییەکی ستراتیژیی هاوبەشیان هەیە لە ڕێگریکردن لە پێشینەیەک بۆ چارەنووسی کورد. ئەمەش کۆدەنگییەکی ناوچەیی ناڕاستەوخۆ لە دەوری پاراستنی دۆخی هەیی دروست دەکات.

پشتگوێخستنی ئەم واقیعە، بزووتنەوەکە تووشی جۆرێک لە "ڕۆمانتیزمی سیاسی" دەکات کە تێیدا تەنیا پەنا بۆ حەقانییەتی مێژوویی دەبرێت و کایە ژیوستراتیژییەکان فەرامۆش دەکرێن. بۆیە هەماهەنگیی ستراتیژی دەبێت ئارگومێنتی نۆرماتیڤ لەگەڵ شیکاریی ژیۆستراتیژی تێکەڵ بکات. پشتیوانیی نێونەتەوەیی بە دەگمەن تەنیا لە هاوسۆزیی ئەخلاقییەوە سەر هەڵدەدات؛ پێویستی بەوەیە ئەکتەرە کوردەکان بتوانن خۆیان وەک هاوبەشی سەقامگیرکەر و پێشبینیکراو نیشان بدەن.

## خۆڕاگریی نیشتمانی وەک دوکتۆرینێکی سیاسی:

خۆڕاگری تەنیا پێوەندیی بە بەرگریی چەکداریی پێشمەرگەوە نییە، بەڵکوو پێوەندیی بە بەهێزیی دامەزراوەیی و مانەوەی ئابووری و بەردەوامیی کولتوورییەوە هەیە. کۆمەڵگەیەک کە سەرەڕای سەرکوتکردن بتوانێت زمان و پەروەردە و بەها کولتوورییەکانی خۆی بپارێزێت، خۆڕاگریی ستراتیژی نیشان دەدات.

بۆیە بەرگری لە خاک و زمان و ناسنامە تەنیا ڕەمزی نییە؛ بابەتی ئاسایشی بەکۆمەڵە. کاتێک زمان پەراوێز دەخرێت و مێژوو نکۆڵی لێ دەکرێت، یەکگرتوویی سیاسییش لاواز دەبێت. یەکێتیی ستراتیژی و دیسپلینی ڕێکخراوەیی لەم چوارچێوەیەدا بەهێزترین شێوەی بەرخۆدانن لە پێوەندییەکی ناهاوسەنگی دەسەڵاتدا. بزووتنەوەیەکی پارچەپارچە ناهاوسەنگیی پێکهاتەیی بەهێزتر دەکات؛ بزووتنەوەیەکی هەماهەنگ دەتوانێت لانیکەم لە پێگەیەکی یەکگرتووییەوە دانوستان بکات.

## ڕۆڵی ڕەوەندی کورد:

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

ڕەوەندی کوردی سەرچاوەیەکی بەرچاو پێک دەهێنێت؛ لە ڕووی ئابووری، ئەکادیمی و دیپلۆماسییەوە. لە ڕێگەی تۆڕە نێونەتەوەییەکانەوە دەتوانێت کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی و میدیا و دامەزراوە سیاسییەکانی دەوڵەتە دێموکراتییەکان هەبێت. بەڵام لێرەشدا هەماهەنگی پێویستە. پەیامە پارچەپارچەکراوەکان کاریگەرییەکانیان کەم دەکەنەوە.

پیشەییکردنی لۆبیکردن و لێکۆڵینەوە و پەرەپێدانی سیاسەت زۆر گرنگە. پرۆژەیەکی سیاسیی جددی دەبێت بتوانێت پێشنیاری باشی بیرلێکراوە لەبارەی مۆدێلە دەستوورییەکان و بەردەوامیی ئابووری و ڕێکخستنە ئەمنیەتییەکان بخاتە ڕوو.

**لە ڕەوایییەوە بۆ توانای دامەزراوەیی:**


ئایندەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بە مافی مێژوویی یان هاوسۆزیی نێونەتەوەیی دیاری ناکرێت. بە توانای گۆڕینی یەکگرتوویی نیشتمانی بۆ توانای سیاسیی ڕێکخراو دیاری دەکرێت. هەماهەنگیی ستراتیژی لەنێوان ڕەهەندە پێشمەرگەیی و سیاسی و فیکرییەکاندا دەربڕینی میلیتاریزەکردن نییە، بەڵکوو گوزارشتە لە پێگەیشتنی دامەزراوەیی.

لە هەرێمێکدا کە دەسەڵات وەک دراوی کۆتایی دەمێنێتەوە، یەکگرتوویی ڕێکخراوەیی گرنگترین سەرمایەیە. تەنیا لە ڕێگەی یەکڕیزی و دیسپلین و عەقڵانییەتی ستراتیژیی درێژخایەنەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێت پێگەیەکی بەردەوام و ڕەوا لە هاوسەنگیی هێزی ناوچەیی دابمەزرێنێت. بۆیە خۆڕاگریی نەتەوەیی دروشم نییە، پێویستییەکی سیاسییە.

**٢٨ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

---

# زمان، شوناس، دەسەڵات






ڕەسووڵ سوڵتانی

پرسی زمان، بابەتێکە پەیوەندیی بە ژیان و بوونەوە هەیە و تەواوی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و پیشەیی و تەکنۆلۆژییەکان و بەگشتی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر ژیانی مرۆڤدا هاتوون، بە هۆی زمانەوە بووە. هەر بۆیە لە سەدەی چوارەمی بەر لە زایینەوە بووە بە کەڵکەڵەی زمانناسان و توێژەرانی ئەو بوارە. لە سەدەی چواری بەر لە زاییندا

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

زانایەکی هیندی بە ناوی "پانینی" توێژینەوەیەکی لەسەر ڕێزمان و پەیوەندییە پێچەڵاوپێچەکانی زمانی سانسکریت کردووە و دەڵێن ئەوە بەردی بناغەی زمانناسیی مۆدێڕنە. دیارە لە یۆنانی کۆنیشدا ئەفلاتوون و ئەرەستۆ زۆر بە وردی و لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە ئاوڕیان لە پەیوەندیی زمان و هزر داوەتەوە. بەڵام زمانناسیی مۆدێڕن لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە، لە سەردەستی زانایەکی سویسرایی بە ناوی Ferdinand de Saussure دەستی پێ کرد. سۆسۆر پێی وابوو زمان سیستەمێکی هێماییە کە کۆمەڵگە لەسەری ڕێک کەوتووە.

**بۆ نموونە:** وشەی قەڵەم کاتێک من دەڵێم قەڵەم، تۆ بە بیستنی ئەو ناوە یەکسەر واتایەک، وێنەیەک دێتە زەینت کە هێمایە بۆ قەڵەم. بۆچی؟ چونکە کۆمەڵگە ڕێک کەوتووە بەو شتە بڵێ قەڵەم. ئیتر ئەوە قەڵەمە و جیاوازە بۆ نموونە لە کەلەم.

سۆسۆر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێتەوە کە ئەم هێما و وشە و چەمکانە لە گەوهەری خۆیاندا بەشێوەی سەربەخۆ هیچ واتایەکیان نییە، بەڵکوو ئەوە ئێمەین ئەو واتایەیان پێ دەبەخشین. لێرەوە سنووری واتاکان، سنووری هێماکان، سنووری واژە و دەستەواژەکان واتە جیاوازییەکان دێنە گۆڕێ و بابەتی ناولێنان و ناسنامە و شوناسەکان و سنووریان دەردەکەوێ.
کاتێک ئەو دەڵێ من عەرەبم، ئەو دەڵێ من فارسم ئەو دەڵێ من تورکم و منیش دەڵێم کوردم/ لێرەوە ئێمە لەگەڵ سیستەمێکی نیشانە و واتا ڕێک کەوتووین کە لێکمان جیا دەکاتەوە و واتاکانیش جیاواز دەبن.

هەر بۆیە، وەختێک داگیرکەرێک هێرش دەکاتە سەر وڵاتێک، یەکەم شتێک کە کاری لەسەر دەکات، سڕینەوەی سیستەمی نیشانەکانی گەلی داگیرکراوە و دارشتنەوە و پڕکردنەوەیەتی بەو نیشانە و هێمایانە کە خۆی هەیەتی. ئەوە لێرەوە شەڕی ناسنامە و شوناس دەست پێ دەکات.

تۆ سەیر بکە پاش زاڵبوونی دەسەڵاتێک، یەکەم شت کە دەیکەن، ناوی شەقام و کۆڵانەکان دەگۆڕن.

### ناسنامە و مەعریفە لە بۆشاییدا بیچم ناگرن

زمان تەنیا ئامرازێکی پەیوەندی نییە، زمان هەڵگری کۆمەڵێک واتا و پەیامە. ئەو واتا و پەیامانەش کاتی نین، بەڵکوو مێژوویەک لەگەڵ خۆیان پەلکێش دەکەن. پەلکێشکردنی مێژوو واتە هەڵگرتنی هەموو مێژوو لە خەزێنەی وشە و یادگەدا. سیستەمێکی نیشانە و هێمایی کە بەستێنی بیچمگرتن و شکڵگرتنی هزرە، بەستێن و خەزێنەی مێژوو و ناسنامەی تاک و



سەرچاوە Serchawe

کۆیە. ناسنامەی مرۆڤ لە بۆشاییدا بیچم ناگرێ، بەڵکوو لە چوارچێوەی زمان و گوتار یان دیسکۆرسدا شکڵ دەگرێ.

بۆ ئەوەی ئەم بابەتی کۆیادە واتە (حافزەی جەمعییە Collective Memory) ڕوونتر بکەمەوە دەبێ چەند نموونەیەکی بەرهەستتان بۆ بێنمەوە.

ئێمە کە ئەمڕۆ لە سەردەمی ئەی ئای و پێشکەوتووترین تەکنۆلۆژییەکاندا دەژیین، لە سایەی زمانەوەیە. ئێمە بە هۆی زمانەوە توانیومانە ئەزموونی مرۆڤ لەو ساتەوە کە ئاگری دۆزیوەتەوە هەتا ئێستا قۆناغ بە قۆناغ ڕاگوێزین و پەرەی پێ بدەین. خۆ ئەگەر زمان نەبوایە ئەم شتە ڕووی نەدەدا. ئەوە یەکێکە لە جیاوازییەکانی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ. ئاژەڵ ناتوانێ ئەزموونی ڕابردووی خۆی بۆ ئێستا و داهاتووی ڕاگوێزێت. ئەگەر ئاژەڵ لە ئاگر یان ئاو یان لە تەقەی تفەنگ دەترسێ، ئەوە غەریزەیە. تەنانەت ئەگەر بۆی ببێ بە ئەزموونیش، ئەزموونەکەی هەر ئی خۆیەتی. بۆ نموونە، سەگێک کە لێی دەدرێ و ڕق هەڵدەگرێ، ڕەنگە دوای دە ساڵ ئەو کەسە بناسێتەوە کە لێی داوە، بەڵام ناتوانێ بە هاوچەشن و بێچووەکانی خۆی بڵێ فڵانی لێی داوم، چونکە زمانێکی نییە کە بتوانێ خەزێنەی ئەزموونەکانی تێدا کۆ بکاتەوە.

### جا گرینگیی ئەم کۆکردنەوەی ئەزموون و ڕاگوێستنەی بۆ ئێستا و داهاتوو لە چیدایە؟

وەختێک دەڵێین واتا لە زمان و وشەدا شکڵ دەگرێ، دەی ناسنامەی مرۆڤ شتێکی واتاییە، ئەویش لە بەستێنی زماندا بیچم دەگرێ. نوام چۆمسکی پێی وایە زمان بابەتێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نییە، بەڵکوو سیستەمێکە لە زاتی مرۆڤدایە. بەڵێ، لە نموونەی ئاژەڵ و مرۆڤدا من ئاماژەم بەو بابەتە دا، کە ئەو سیستەمەی زمان تایبەتی مرۆڤە، بەڵام مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لە نێو کۆمەڵدا هێما و واتاکان دادەنرێن و لەسەری ڕێک دەکەون. تەنیا یەک نموونە جوان ڕوونی دەکاتەوە. ئەویش ئەوەیە ئەگەر منداڵێک بە ساوایی فڕێ بدرێتە چۆڵەوانییەکەوە و لەوێ لە دارستانێکدا گەورە بێ و گوێی لە هیچ دەنگێکی مرۆڤ نەبێ، نە زمان دەگرێ نە حاڵییش دەبێت. کەوابوو لەنێو کۆمەڵدا زمان دەپژێ و ناسنامەش لەنێو کۆمەڵدا دروست دەبێت. ئێریک ئێریکسۆن، دەروونناسێکی ئەمریکاییە و لە قەیرانی شوناسی کۆڵیوەتەوە دەڵێ، ناسنامە/شوناس پرۆسەیەکە لە پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵدا شکڵ دەگرێ و زمان لەو پەیوەندییەدا سەرەکیترین ئامرازە کە سنوورەکانی خۆمانە و بێگانە دەسنیشان دەکات.

کەوابوو ئەوەی مەودا و سنووری نێوان ئێمە و ئەوان یەکلا دەکاتەوە زمانە. زمان بڕبڕەی پشتی ناسنامەیە و ناسنامە بەبێ زمان هیچ پێناسەیەکی نابێ. لە زماندا "من" دەبێ بە "ئێمە" ئەوجار بە زمانیش پرسیار دەکەین، من کێم؟ ئێمە کێین؟ کین

ئەم؟ کوردین ئەم.

## زمان و تێگەیشتن و جیهانبینی و دەربڕین

ساپیر وۆرف دەڵێ، زمان کاریگەریی هەیە لە سەر چۆنیەتیی تێگەیشتنی مرۆڤ لە جیهان. واتە لە ڕێگەی زمانەوە و بە هۆی زمانەوە تێگەیشتنەکانمان لە جیهان گۆڕانی بەسەردا دێ. مەبەستی ئەوەیە مرۆڤ جیهان بەو جۆرە دەناسێت و دەبینێت کە زمان ڕێگەی پێ دەدات، نەک بەو جۆرەی هەیە. تۆ ئەگەر هیچ زانیارییەکت لەسەر سیستەمێکی دیجیتاڵی نەبێت، چەندەی لێ حاڵی دەبی؟ ئەگەر بتەوێ لێی حاڵی بیت ئەوە لە ڕێی زمانەوەیە دەتوانی بیناسی و تەنانەت دروستیشی بکەیەوە. وەختێک ناسینی جیهان لە ڕێگەی زمانەوەیە و زمان دەرەتانی ناسینی جیهانمان بۆ دەرەخسێنێ، دەزانین، زمان ئەگەر لاواز بێت، ناسینی ئێمەش بەرتەسکتر دەبێتەوە.

## زمان و ئاخاڤتنی سەرکردە سیاسییەکان

زمان چەندی پەیوەندیی بە شوناسی گەل و کۆوە هەیە، ئەوەندەش دەتوانێ ناسنامەی تاقم و گرووپ و دەستە و لایەنێک بێت. تۆ بە بیستنی لێدوانی سەرکردەیەک لە ڕادیۆوە دەسبەجێ دەزانی سەر بە ڕەوتێکی سیاسی یان ئایینییە. ئینجا کە لە لێدوان و زمان و دەربڕینی سەرکردە سیاسییەکان ورد دەبیتەوە، دەبینی، سەرکردەیەکی سیاسی، کە بەردەوام دەخوێنێتەوە و خۆی ئاپدەیت دەکاتەوە، سنووری واژە و دەستەواژەکانی بەربڵاوتر و زمانی دەربڕینی پتەوتر و پاراوتر و قسەکانیشی کاریگەرترن. بەو ڕادەیەش چەندی زمانیان هەژارتر بێ، ئەوەندە ئاستی وتاریان نزمتر و تەنانەت سنووری تێگەیشتن و دەربڕینیشیان بەرتەسک دەبێ.

## زمان و گێڕانەوە هاوبەشەکان

زمان هەڵگری هەست و خەم و خەیاڵەکانی میللەتێکە. ئەگەر زمان لەلایەکەوە ئەزموونەکانی مێژوومان لە خۆیدا بۆ هەڵدەگرێ و بۆ ئێستا و داهاتوومانی رادەگوێزێ، ئەوە خەم و خۆشی و شایی و کەوتن و هەستانەوەکانیشمان لە چوارچێوەی زماندا دەمێننەوە. بۆ نموونە بەیتی قەڵای دمدم، بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ و سمایل خانی سمکۆ هەڵگری مێژوویەکن، کە تەنیا لە زمانەکەی خۆمدا ئەو واتا و جیهانە خوڵقاوە و واتای هەیە.

## جا لێرەوە با بێینەوە سەر مەسەلەی زمانی زگماک یان زمانی دایک



سەرچاوە Serchawe

ئێمە دنیا بە زمان دەناسین. ئەگەر زمانی دایک لاواز بێت، ئەوە چوارچێوەی تێگەیشتنمان کرچوکاڵ و لاواز دەبێت و ناسنامەکەشمان یان تێگەیشتمان لە ناسنامەی خۆمان تێگەیشتنێکی کرچوکاڵ و شەرمنانە دەبێت. لێرەوە ناسنامە دەکەوێتە مەترسییەوە.

بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێک نموونەی بەرهەست(عەینی)ـمان لەبەر دەستن. کاتێک ئورووپاییەکان گەیشتنە ئەمریکا و ئوستralیا، یەکەم کارێکی کردیان، دابڕینی خەڵکە خۆجێییەکەی ئەو وڵاتانە بوو لە زمان و یادگە و بیرەوەرییەکانیان. ئەو پرۆسەیە لە ماوەی سەدەیەکدا کارێکی کرد، ئێستا تەنیا کەمینەیەکی ئەو خەڵکە خۆجێییانە لەو وڵاتانەدا ماون، ئەوانەش جیا لەوەی لەگەڵ ڕابردووی خۆیان تەواو نامۆن، بەر لەوەی بکەرێکی چالاک بن، بابەتێکن بۆ لێکۆڵینەوە و بەزەیی پێداهاتنەوە و گێڕانەوەی مێژوو.

نموونەیەکی دیکە، گەلانی میسر و فەلەستین و ئوردۆنن، کە پاش ئەوەی هاتنە سەر ئایینی ئیسلام، لە ڕابردوو و مێژووی خۆیان دابڕان و ئێستا هەم خۆیان بەشێکن لە ئوممەی ئیسلامی، هەم وڵاتەکانیان بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی.

نموونەیەکی دیکە، ئەو بەشە لە کوردەکانی هەوشارن لە تیرەی زاخۆرانی و مووسڵانی، کە ئێستا ئیتر بە تورکی قسە دەکەن و هیچ فڕێکیان بەسەر کوردەوە نییە. تەنانەت لە دەوری میاندواو گوندێکی گەورەی یارسانی لێیە بە ناوی گوێکتەپەی گۆران، کە باپیرانیان کورد بوون و ڕاگوێزراون بۆ ئەوێ و ئێستا ئیتر تورکن.

ڤیتگنشتاین قسەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێ: "سنوورەکانی زمانی من، سنوورەکانی جیهانی منە" زمان تەنیا دەربڕینی ناسنامە نییە، دەرەتانی ڕسکان و پاراستنی ناسنامەشە.

## نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکی زمانییە

ڕەنگە پرسی زمان بۆ کورد جیاواز بێت لە زۆر میللەتی دنیا. بۆ نموونە ئێستا پاکستانییەک بە هەر زمانێک قسە بکات پاکستانییە، بەڵام کورد ئەگەر زمانەکەی خۆی لەبیر بکات، بچێتە سەر هەر زمانێکی دی، ئیتر کورد نییە. کە کوردیش نەما، بە زمانەوە سەرلەبەری خاک و مێژووەکەی دەدۆڕێنێ.
خاوەنڕایانی ئەو بوارە باوەڕیان وایە گەلانی بێدەوڵەت لە نەبوونی دەوڵەتدا دەتوانن زمان بکەنە خانە و چوارچێوەی مانەوەی خۆیان. بە واتایەکی دیکە زمان، بۆ گەلانی بێدەوڵەت بە شێوەیەک دەوری دەوڵەتێکی نافەرمی دەگێڕێ کە ئەو

ڕێبەندانی ٢٧٢٥

میللەت یان میللەتانە لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە تا ئەو ڕۆژەی دەوڵەتەکەی خۆیان بنیات دەنێن.

## زمان و دەسەڵات


دەسەڵات لە ڕێی زمانەوە خۆی دەسەپێنێ. تەنانەت ئامرازەکانی سەرکوت و کوشتاریش وەکوو زمان بەکار دێنێ. بەڵام لە بەستێنی پەروەردە و میدیا و ڕاگەیاندندا زمانی دەسەڵات دەبێتە چەکی سەرکوت و تواندنەوەی زمانەکانی دیکە. زمان دیسکۆرس دەخوڵقێنێ. هەر لە ڕێگەی زمانیشەوە دەسەڵات دەتوانێ گەلانی بندەست بکاتە بەشێک لە پرۆژەی خۆی و دواجار وایان لێ بکات لە نێو زمانەکەی خۆشیاندا خۆیان بە کەم بگرن و ئەوی زاڵ بە سەردەست و حەق بزانن. ئێدوار سەعید دەڵێ، واژە و چەمک و گێڕانەوەکان خوڵقێنەری واقعییەتێکن کە کارپێکەری ئەو زمانە دەیەوێ. دەڵێ: "هەر کەس بتوانێ زمان وەک پێناسەکەری بەرانبەرەکەی بەکار بێنێ و ناوی لێ بنێ، ئەو کەسە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە. چونکە زمانی زاڵ دەسنیشانی دەکات کێ شارستانییە و کێ کێوی و دواکەوتووە، کام کولتوور ڕەسەنە و کامەیان پاراوێز و ناوچەییە.

هاوکات ئێدوارد سەعید پێی وایە هەر ئەو زمانەی بۆ سەرکوت و چاوساندنەوە بەکار دەهێنرێ، دەکرێ ببێتە چەکی بەرەنگاربوونەوەی بندەستەکانیش. ئەوەش ئەو کاتەیە کە تۆ لە هێڵی گێڕانەوەی داگیرکەر لا دەدەیت و مێژوو بەو جۆرە دەگێڕیتەوە کە خۆت تێیدا ژیاوی.

فرانتز فانوونیش پێی وایە داگیرکراو بە قبووڵکردنی زمانی داگیرکەر تەنیا فێری زمانێکی نوێ نابێت، بەڵکوو جیهانبینی و سیستەمی بایەخەکانی داگیرکەریش لە ناخی خۆیدا جێگیر دەکا و دەیانچەسپێنێ. فانوون دەڵێ: ئاخافتن بە زمانێک، بە واتای قبووڵکردنی کولتووری و جیهانی نێو ئەو زمانەیە. لە ڕوانگەی فانوونەوە، زمانی داگیرکەر دەبێتە زمان و نیشانەی مەزنایەتی و زمانی داگیرکراویش نیشانەی خۆبەکەمزانین. هەر بۆیە داگیرکراو شەرم لە زمانی خۆی دەکات و زمانی زاڵ بە نیشانەی مرۆڤبوون و پێشکەوتن دادەنێت. بە باوەڕی فانوون، هەتا بە چاوکراوەیی و ئاگاییەوە نەگەڕێینەوە نێو زمانی خۆمان، ڕزگار نابین. کەوابوو زمان تەنیا ئاوێنەی هزر و ناسنامە نییە، بەڵکوو گۆڕەپانی خەباتێکە کە تێیدا واتا دەخوڵقێنرێتەوە و هێزی بەرەنگاری خۆی دەنوێنێتەوە.

٢٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# ڕۆژی زمانی دایک و خۆڕاگریی زمانی کوردی






**تاهیر قاسمی**

ڕۆژی ٢١ی فێوریەی هەموو ساڵێک کە لەلایەن یونسکۆوە بۆ پشتیوانی لە فرەزمانی و مافی مرۆڤەکان بۆ فێربوون و ئاخاوتن بە زمانی دایکیان، بە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک دیاری کراوە، وەبیر ئێمەی کورد دێنێتەوە کە زمان ئەگەر بۆ زۆرێک لە گەلانی سەردەست ئامرازی پێوەندی بێ، بۆ کورد یادەوەریی مێژوویی، ناسنامەی کەلتووری و کۆڵەکەی سەرەکیی هەبوونی گەلێکە.

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

لەنێو ئەو زمانانەدا کە بۆ مانەوە و بەردەوامیی خۆیان ڕێگای دژواریان پێواوە و لەبەرامبەر تۆفان و ڕەشەبای زۆر بەهێزی داگیرکاریدا خۆیان ڕاگرتووە، زمانی کوردی پێگەیەکی تایبەتی هەیە. ئەم زمانە، زمانی گەلێکە کە لە مێژووی هاوچەرخدا دەوڵەت-نەتەوەیەکی سەربەخۆی نەبووە تا خزمەتی بکا. لە ژێر چوارچێوەی دەوڵەتانی داگیرکەردا ژیاوە کە سیاسەتی زمانییان هەمیشە لەگەڵ پاراستن و فێرکردنی زمانی کوردی ناتەبا بووە. تا ئاستێک کە لە زۆر قۆناغدا دەرفەتی خوێندن بە زمانی کوردی سنووردار یان قەدەغە کراوە و تەنانەت لە زۆر بڕگەی درێژی زەمەنیدا سیاسەتی لەبیربردنەوە و سڕینەوەی بەسەردا پێڕەو کراوە. لە وەها بارودۆخێکدا زمان نە لە پۆلەکانی قوتابخانە، بەڵکوو لە ماڵەکان، لە گۆرانی و چیرۆک و هۆنراوە و لە بیر و هەستە هاوبەشەکاندا ماوەتەوە. ئەم بەردەوامییە پیشان دەدا کە زمان تەنیا بە دامەزراوەی فەرمی نازێ، بەڵکوو بە ویست و پێداگریی قسەکەران و ئاخێوەرانی درێژە بە ژین و مانی خۆی دەدا.

بۆ گەلێک کە دەوڵەتی سەربەخۆی نییە، زمان دەتوانێ ڕۆڵی ئاڵا، سنوور و ناسنامە بگێڕێ. زمانی کوردی لە ڕەوتی زەماندا بەم ئاستە گەیشتووە و ئێستا بۆ گەلی کورد ئەم ڕۆڵە دەگێڕێ. هەڵگری ئەفسانە و ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆرە، ئامرازی گواستنەوەی مێژووی نەوتراو و چیرۆکە خۆماڵییەکانە و بۆ خەڵکێکی دابەشکراو بەسەر چەند وڵاتدا، ئامرازی پێوەندی و هۆکاری پێکەوەبوونە.

لەگەڵ هەموو ئەو هەڕەشە و سنووربەندییانەدا کە بەردەوام بەسەر زمانی کوردیدا پێڕەو کراوە، ئەم زمانە نەک تەنیا ماوە بەڵکوو بەردەوام لە گەشە و نەشەدا بووە. بە تایبەت بە درێژایی ئەم چەند دەیەی دوایی، لە بوارەکانی میدیا، موسیقا، ئەدەبی نووسراو و فەزای ئینتێرنێتدا خۆی بەهێزتر کردووە. ئەم بزێوییە پیشان دەدا کە زمان بوونەوەرێکی زیندووە و تا قسەکەرەکانی زیاتر بەکاری بهێنن، پتر پێی بنووسن و داهێنانی پێ بکەن، زیندووتر و بزێوتر دەبێ و دەتوانێ بەسەر گوشارە سیاسییەکاندا باشتر سەر بکەوێ.

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک بۆ کورد و بۆ هەر نەتەوەیەک کە زمانەکەی لەژێر چەوسانەوە و سڕینەوەدایە، تەنیا یادکردنەوەی بۆنەیەکی ساڵانە نییە؛ بەڵکوو سەنگەری هەرە گرینگی بەرخودان و مانەوەی نەتەوەییە. هاوکات داکۆکی کردنەوە لەو ڕاستییەیە کە فرەزمانی نەک مەترسی بەڵکوو سامانێکی مرۆییە. پاراستنی زمانی کوردی و هەموو زمانە دایکییەکان، هەنگاوێکە بۆ بەهێزکردنی گفتوگۆ، پێکەوەژیانی ئاشتییانە و دادپەروەریی کەلتووری. زمانی دایک یەکەم دەنگە کە منداڵ جیهانی پێ دەناسێ. پاراستنی ئەم زمانە، پاراستنی کەرامەتی مرۆڤە. بۆ گەلێک کە بە درێژایی سەدان ساڵ بێدەوڵەت ژیاوە، بەڵام زمانەکەی پاراستووە، زمان تەنیا ئامرازی قسەکردن نییە، بەڵکوو هەناسەی مێژووی ئەم گەلەیە.

٣٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە (بەشی سێهەم، خوێندنەوەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ڕەمزێک لە کوردستان)





زانیار حوسێنی

## نسکۆی حکوومەتی کۆماری کوردستان (١٣٢٥)

حکوومەتی کۆماری کوردستان لە زستانی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاویدا تووشی نسکۆ هات؛ هۆکارەکانی ئەم نسکۆیەش بریتی

**بوون لە:**

**ئا؛ گوشاری سەربازی لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندی:** سپای ئێران بە پشتیوانیی ناڕاستەوخۆی هێزە بیانییەکان، هێرشی بەرفراوانی بۆ سەر ناوەندەکانی کۆماری کوردستان ئەنجام دا.

**ب؛ لاوازیی پشتیوانیی نێودەوڵەتی:** بەپێچەوانەی باشووری کوردستان/کوردستانی عێراق، حکوومەتی کۆماری کوردستان لە ئێران، پشتیوانیی سیاسی و دارایی دەرەکیی لێ نەکرا.

**ج؛ گرژییە نێوخۆییەکان:** ناکۆکیی نێوان سەرکردە نێوخۆییەکان و یەکنەگرتنی تەواوەتیی هێزی پێشمەرگە، توانای خۆڕاگریی کەم کردەوە.

**د؛ پێشگرتن لە کارەسات:** کابینەی حکوومەتی کۆماری کوردستان ڕێگای لێبوردەیی و ئاشتیی گرتەبەر بۆ ئەوەی ڕێگریی لە تاوان و چەوساندنەوەی زیاتری گەلی کورد لە لایەن سپا و جەندرمەی ڕێژیمی مەرکەزییەوە بکات؛ هەرچەندە مێژوو سەرەڕای ئەم بارودۆخانە، شایەتحاڵی تاوانەکانی هێزەکانی ناوەندگەرایە.

لە ئەنجامدا کۆماری کوردستان لە ئێران ناچار بوو لە ماوەی کەمتر لەساڵێکدا ئەزموونی حوکمڕانیی جەماوەریی نەتەوەی کورد ڕابگرێت و زۆرێک لە پێشمەرگە ناچار بوون ڕوو لە ناوچە شاخاوییەکان و گوندە دوورەدەستەکان بکەن.

## پێکهاتنی بەرخۆدانی نافەرمی

دوای ڕاگیرانی ئەزموونی حکوومەتی کۆماری کوردستان، پێشمەرگە چیتر لە شێوەی حکوومەتی فەرمیدا چالاکیی نەدەکرد، بەڵکوو بوو بە هێزێکی خۆڕاگریی نافەرمی و پێکهاتەیی.

**ئەم قۆناغە ئەم تایبەتمەندییانەی هەبوو:**

**ئا؛ ئۆپەراسیۆنی پارتیزانی و پەرشووبڵاو:** پێشمەرگە بە شێوەی گرووپی بچووک و سەربەخۆ لە ناوچە شاخاوییەکان چالاکیی دەکرد.

**ب؛ پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ کۆمەڵگە:** پشتیوانیی دانیشتووانی ناوچەکە و تۆڕەکانی خێڵەکی و گوندەکان هۆکارێک بوو بۆ مانەوە و شەرعییەتیان.

**ج؛ دوو ڕۆڵی کۆمەڵایەتی:** پێشمەرگە جگە لە چالاکیی سەربازی، بە چاودێریی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکەری ناکۆکییە نێوخۆییەکان ناسرابوو.

ئەم قۆناغە دەریخست کە پێشمەرگە زیاتر لە هێزێکی سەربازی، دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیش بووە کە لە لایەن خەڵکەوە قبووڵ کراوە و شەرعییەتی لە بنکەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێزەوە سەرچاوەی گرتووە.

### ڕۆڵی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی پێشمەرگە

لەم ماوەیەدا پێشمەرگە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە دامەزراندنی نەزمی کۆمەڵایەتی و پاراستنی بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە بەهۆی نەبوونی ئامادەیی کاریگەرانەی حکوومەتی ناوەندی؛ لە ڕاستیدا لە مێشکی گشتیدا پێشمەرگە بەرگریکاری گەل بوو، نەک جەنگاوەرێکی دابڕاو لە کۆمەڵگە.

**هەندێک لەو شتانەی کە پێشمەرگە لەم ماوەیەدا وەک ئەرکی خۆی ئەنجامی دەدا:**

- نێوەندگیری لە نێوان عەشیرەتەکاندا: چارەسەرکردنی ناکۆکی و کەمکردنەوەی گرژییە نێوخۆییەکان.
- ڕێگریکردن لە شەڕی خوێنی خێڵەکان.
- هاندانی گەنجان بۆ هۆشیاریی سیاسی.
- قسەکردن لەگەڵ خەڵک سەبارەت بە ماف، دادپەروەری، خۆسەپێنی و ئۆتۆنۆمی.
- بەرگریکردن لە زمان، جلوبەرگ و ڕێوڕەسمی کولتووریی کوردەواری.
- بەخشینی هەستی شانازی و شکۆ بە خەڵک کە دەبینرێن و ڕێزیان لێ دەگیرێت.
- پابەندبوون بە شەرەف، ڕاستگۆیی و دڵسۆزی بۆ حکوومەتی کۆماری کوردستان و سوێندەکانیان.

ماوەی ساڵانی ١٣٢٥ - ١٣٤١ نموونەی بەرخۆدانی ڕۆژانەیە؛ پێشمەرگە بە ژیان لە ناخی کۆمەڵگە،

**پاراستنی مرۆڤەکان و کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە نێوخۆییەکان توانی:**

١- شەرعییەتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بپارێزن.
٢- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر بکەن.
٣- مانەوەی ڕێکخراوەکەیان بەبێ پشتیوانیی دەرەکی مسۆگەر بکەن.

هەروەها پێشمەرگە بە ئەنجامدانی خزمەتگوزاریی مرۆیی و چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکان، سەرمایەی کۆمەڵایەتیی خۆیان زیاد کرد، ئەمەش بووە هۆی زیاتربوونی متمانەی کۆمەڵگە پێیان.



سەرچاوە Serchawe

## ئەزموونی مێژوویی و چەسپاندنی شوناس

ئەم قۆناغە شوناسی بەکۆمەڵی پێشمەرگەی چەسپاند. سەرەڕای ڕاگیرانی ئەزموونی کۆماری کوردستان، یادەوەری و چیرۆکەکانی بەرخۆدانی پێشمەرگە لە فەرهەنگی زارەکی، گۆرانی و گێڕانەوەی نێوخۆییدا پارێزراو بوون. خەڵک پێشمەرگەی نەک هەر وەک شەڕڤان دەبینی، بەڵکوو وەک هێمای ئەخلاق و ئازایەتیی کۆمەڵگەش دەبینی؛ ئەم قۆناغە دەریخست کە پێشمەرگە دەتوانێت ببێتە هێزێکی سەقامگیر، بەردەوام و شەرعی بەبێ دامەزراوەیەکی دەوڵەتی، بەڵام بە پشتیوانیی کۆمەڵگە.

## داڕشتنەوەی ڕێکخستن و گۆڕینی پێکهاتەیی پێشمەرگە

پاشخانەکان بۆ داڕشتنەوەی دووپاتەی کوردستانی ئێران لە دەیەی ١٣٤٠ی هەتاویدا لەگەڵ پێشهاتە سیاسییە نێوخۆیی و ناوچەییەکان بەرەوڕوو بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای ڕاگیرانی ئەزموونی کۆماری کوردستان و بەرخۆدانی نافەرمیی پێشمەرگە، هەوڵی ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی خۆی و ڕێکخستنی چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانی پێشمەرگەی دا.

**ئەم خۆڕێکخستنەوەیە بەم ئامانجانە ئەنجام درا:**

**ئا؛** دروستکردنی ڕێکخراوێکی سەربازیی یەکگرتووتر بە پلەبەندییەکی ڕوون و ڕاهێنانی ڕێکوپێک.
**ب؛** بەهێزترکردنی شەرعییەتی کۆمەڵایەتیی پێشمەرگە لە کۆمەڵگەی نێوخۆییدا.
**ج؛** دیاریکردنی ڕۆڵی سیاسیی پێشمەرگە لە چالاکییەکانی حیزب و کارلێککردن لەگەڵ ڕێژیمی ناوەند.
**د؛** پەرەپێدانی تۆڕە نێوخۆیی و سنوورییەکان بۆ پاراستنی ناوچەکانی کوردستان.

## ڕێکخستنەوەی نوێی حیزبی دێموکرات

لەو ماوەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵی ڕێکخستنەوەی دامەزراوەی پێشمەرگەی لە شێوەی ڕێکخراوێکی سەربازی - سیاسی مۆدێرندادا.

**ڕێوشوێنە سەرەکییەکان بریتی بوون لە:**

- **دابەشکردنی ناوچەکانی ئۆپەراسیۆن:** ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەپێی گرنگی و ژمارەی دانیشتوان بەسەر بەشی بچووکتردا دابەشکران و هەریەکەیان فەرماندەی تایبەتی خۆیان هەبوو.
- **ڕاهێنانی سەربازیی پیشەیی:** خولی ڕاهێنانی کورتخایەن و درێژخایەن بۆ پێشمەرگە دارێژرابوو، لەوانە تاکتیکی پارتیزانی و ڕاهێنانی چەک و لێهاتوویی لە شەڕی شاخ.
- **پێکهاتەی فەرماندەیی پۆلێنکراو:** پێشمەرگە بۆ زیادکردنی هەماهەنگی و لێپرسینەوە لە پلە نزمەکانەوە تا فەرماندەی نێوخۆیی و ناوچەیی ڕێکخرابوو.

ئەم داڕشتنەوەیە ڕێگەی بە پێشمەرگە دا کە توانای ئۆپەراسیۆنی خۆی زیاد و ئامادەی بکات بۆ وەڵامدانەوەی گوشارە سەربازییەکانی ڕێژیمی پەهلەوی و هەڕەشە ناوچەییەکان.

## گۆڕینی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسیی پێشمەرگە

داڕشتنەوەی ڕێکخراوەیی پێشمەرگە وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی - سیاسی، ڕێگەی زیاتری بە ڕۆڵی ئەوان دا و جیا لە هێزێکی سەربازی بەردەوام بێت و زیاتر پەرە بە ڕۆڵ و دەوری خۆی بدات.

**ئا؛** پاراستنی ئاسایشی نێوخۆ: پێشمەرگە بەردەوام بوو لە پاراستنی گوندەکان، ڕێڕەوی بازرگانی و ناوچە سنوورییەکان.
**ب؛** نێوەندگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی: پێشمەرگە ڕۆڵی نێوەندگیری لە نێوان خەڵک و داواکارییەکانیان و هەندێکجاریش بابەتی کۆمەڵایەتی بینی.
**ج؛** سیمبولی ئەخلاقی و کولتووری: پێشمەرگە بە نوێنەری حیزب ناسرابوو، هەڵگری بەهای کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی بوو.

ئەم دووانەیی ڕۆڵە، ڕێگەی بە پێشمەرگە دا کە شەرعییەتی خۆی لە هەردوو گۆڕەپانی سەربازی و کۆمەڵایەتیدا بپارێزێت.

## چالاکیی سەربازی و سیاسی

لە نیوەی دووەمی دەیەی ١٣٤٠ی هەتاویدا، پێشمەرگە چەندین ئۆپەراسیۆنی تایبەت و ئامانجدار لەدژی هێزەکانی ڕێژیمی پەهلەوی ئەنجام دا. ئەم ئۆپەراسیۆنانە زۆرجار بە ئامانجی بەرگریکردن لە ناوچەکانی ژێر کاریگەری، پشتیوانیی

کۆمەڵگەی نێوخۆیی و هەبوونیان لە کوردستان بوو؛ ئەم جۆرە کردەوانەش بەهۆی زیادبوونی بەرچاوی داواکارییە جەماوەرییەکان بوو لەسەر پێشمەرگە. لەو ماوەیەدا و لەسەر ئاستی سیاسی،

**پێشمەرگە یارمەتیی حیزبی دێموکراتی دا بۆ ئەوەی:**

- پەیوەندییە نێوخۆییەکان سەقامگیر بکات.
- تۆڕە حیزبییەکان پتەوتر بکات.
- دەرئەنجامەکانی فشارەکانی دەسەڵاتی ناوەندی ئیدارە بکات.

بەم شێوەیە پێشمەرگە جگە لە جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی، بوو بە دامەزراوەیەکی سەقامگیرکەری کۆمەڵایەتیش.

## پڕۆژەی ناسنامەی بەکۆمەڵ و ڕەمزی

لەم قۆناغەدا، پێشمەرگە جگە لە ڕۆڵی سەربازی، وەک ڕەمزی شوناسی بەکۆمەڵی کوردیش خزمەتی کرد. خەڵکی ناوچەکە، پێشمەرگەیان بە نوێنەری کۆمەڵگە و بەها ئەخلاقییەکان دەزانی و چیرۆک و گۆرانییەکانی بەرخۆدانی پێشمەرگە لەم دەیەیەدا زیاتر جێگیر بوون. ئەم هێماسازییە بوو بەهۆی مسۆگەرکرانی ڕۆڵی پێشمەرگە لە ئاستی ناوچەکەدا و تەنانەت لە بەرانبەر فشاری لەڕادەبەدەری سەربازی و سیاسیشدا، شەرعییەتی پێشمەرگە بپارێزرێت و ڕۆڵی ئەوان لە یادەوەریی بەکۆمەڵیی خەڵکدا بەهێزتر ببێت. ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە لە ساڵانی دەیەی ١٣٤٠ی هەتاویدا، نموونەی ئیدارەکردنی سەرچاوە کۆمەڵایەتی و سەربازییەکانە.

**چارڵز تیلی پێی وایە ئەو بزووتنەوانەی کە:**

١- سوودمەندن لە سەرمایەی کۆمەڵایەتیی نێوخۆیی.
٢- شەرعییەتی ئەخلاقی.
٣- تێکەڵاوی لەگەڵ کۆمەڵگە.

توانایی بەردەوامیی زیاتریان دەبێت و پێشمەرگەش ڕێک ئەو تایبەتمەندییانەی هەبوو. بێ پشتبەستن بە زلهێزە دەرەکییەکان و تەنیا پشتبەستن بە سەرچاوە نیشتمانییەکانی کوردستان، توانیان لە یەک کاتدا تۆڕە نێوخۆییەکانیان،



سەرچاوە
Serchawe

ڕێبەندانی ٢٧٢٥

شەرعییەتی کۆمەڵایەتی و توانای ئۆپەراسیۆنی خۆیان بەهێزتر بکەن.

٣٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## بەرپرسیارەتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرانبەر خەڵکی ئێراندا





**عومەر باڵەکی**

لە ١٨ و ١٩ی مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا، بۆ جارێکی دیکە ڕوخساری دڕندەخۆ و دوژمن بە مرۆڤایەتیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی خۆی دەرخستەوە. لەبەردەم چاوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە سەدەی بیست و یەکدا، بە فەرمانی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە و جووڵاندنی هێزی نیزامی و کەڵک وەرگرتن لە چەکی جۆراوجۆری مەیدانی شەڕ بۆ

بەگژداچوونەوەی خۆپێشاندەرانی نارازی، کارەساتێک قەوما کە بووە هۆی ئەوەی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا گۆمی خوێن لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا برژێت. بەپێی ئامارە سەرسووڕهێنەرەکان، بە هەزاران کەس لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا گیانیان لەدەست دا یان بریندار کران.

ئەو کوشتارە بێبەزەییانەی کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی ئێستادا، لەگەڵ هیچ کام لە پێوەرەکانی حکوومەتداری و یاسا نێودەوڵەتییەکان یەک ناگرێتەوە. دەتوانین بڵێین ئەو کردارەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، تەنیا لە پێناوی مانەوە لە دەسەڵاتدا، جۆرێکە لە یاخیبوون لە هەموو یاسا و ڕێساکانی ئایینی و یاسایی؛ چونکە هیچ دەوڵەتێک لە سەردەمی ئێستادا پەیدا نابێت ئاوا بە ئاشکرا و بێ ترس و خۆف، خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بخاتە بەر پەلاماری بێبەزەییانەی چەکەکانی مەیدانی شەڕی نێودەوڵەتی و ڕەحم بە پیر و لاو و منداڵ نەکات، و لە ماوەی تەنیا دوو ڕۆژدا کارەساتێکی مرۆیی وا بخوڵقێنێت کە ڕەنگە لە شەڕی نێوان دوو دەوڵەتدا لە ماوەی چەندین ساڵدا ئەوەندە خەڵکی بێدیفاع نەکوژرێن.
لە سەردەمی ئێستادا و لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا، ڕۆژانە خەڵکی نارازی لە دەوڵەت و حکوومەت بە هۆکاری جیاواز دەڕژێنە سەر شەقام و دەنگی نارەزایەتیی خۆیان بە گوێی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە دەگەیەنن؛ زۆر جارانیش خەڵکی نارازی لەسەر شەقام لەگەڵ پۆلیسی ئەو وڵاتانە تووشی تێکهەڵچوون دەبن، بەڵام زۆر دەگمەن هەڵدەکەوێت پۆلیسی ئەو وڵاتانە دەست بۆ چەک بەرن، بەڵکوو بە ڕێگەی جۆراوجۆر کە نەبێتە هۆی گیانلەدەستدانی هاووڵاتییان، هەوڵ دەدەن بڵاوە بە نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکان بکەن.

بەڵام لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بەپێچەوانەی هەموو یاسا و ڕێسا و عورفە نێودەوڵەتییەکان، هەر کاتێک بە هۆکاری جیاوازی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، خەڵکی نارازی بۆ دەربڕینی بۆچوون و نەزەری خۆیان هاتبێتنە سەر شەقام، دەستبەجێ لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامەوە، لەجیاتی گوێگرتن لە دەنگی خەڵک، فەرمان بە هێزە نیزامییەکان دەکرێت بە توندترین شێوە سەرکوتی ئەو خەڵکە بکەن. لێرەدایە بە ڕوونی بۆ هەموو دنیا دەردەکەوێت کە مەبەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هێنانی هێزی چەکدار بە کەرەستەی مەیدانی شەڕ بۆ سەر شەقامەکان، کۆنترۆڵکردنی جووڵەی نارەزایەتیی خەڵک نییە، بەڵکوو سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵکە بۆ ئەوەی چاوترسێن بن و بۆ جارێکی دیکە نارەزایەتی لە کارکردی حکوومەت لەسەر شەقام دەرنەبڕن. ئاماری کوشتاری ڕۆژەکانی ١٨ و ١٩ی مانگی بەفرانباری ئەمساڵ کە باس لە دەیان هەزار کوژراو و بریندار دەکرێت، خۆی دەرخەری نییەتی ڕاستەقینەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە لەو سەرکوتە بەربەرینەدا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک سیستمێکی سیاسیی دەسەڵاتدار لە ئێراندا، بەپێی یاسا و ڕێساکانی سەردەم و تەنانەت ئەسڵ

و بڕگەکانی یاسای بنەڕەتیی ئێرانیش، لەسەریەتی پابەندی پاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتییان بێت و له هەمان کاتدا بەرپرسیارە لە ڕەچاوکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا. چونکە دەوڵەتی ئێران زۆربەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی ئیمزا کردووە و ئەندامی فەرمیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە؛ بەپێی ماددەی ٢، بەندی ٤ لە مەنشووری ئەو ڕێکخراوە، کەڵک وەرگرتن لە هێزی نیزامی لە بەرانبەر خەڵکدا قەدەغەیە.

هەروەها ئێران ئیمزای لەسەر ئەساسنامەی دیوانی نێودەوڵەتیی سزادان کردووە کە ساڵی ١٩٩٨ لە ڕۆم دامەزرا. هەرچەندە ئیمزاکردنی ئەو ئەساسنامەیە هەتا ئێستا بە پەسندی مەجلیسی شورای ئیسلامی نەگەیشتووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێبەری بێت لە پابەندبوون بە بڕگەکانی ئەو یاسایە، بەڵکوو هەتا مەجلیسی شورای ئیسلامی ئیمزای نوێنەری حکوومەت ڕەت نەکاتەوە، پابەندیی بۆ کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە بڕگە و خاڵەکانی ئەساسنامەی دیوانی سزادانی نێودەوڵەتی دروست دەکات. بەپێی ماددەی ٧ی پێڕەوی دیوانی سزادانی نێودەوڵەتی (دیوانی نێودەوڵەتیی کەیفەری، ڕۆم ١٩٩٨)، **تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەم شێوەیە پێناسە کراوە:**

"تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بریتییە لە ئەنجامدانی هەر کارێک بە شێوەی هێرشی بەربڵاوی نیزامی و ڕێکخراو بۆ سەر خەڵکی مەدەنی، کە کوشتاری بەربڵاوی ئەو خەڵکەی لێ بکەوێتەوە، یان بەبێ هۆکاری یاسایی خەڵک ڕەشبگیر و ڕەپێچەکی زیندان بکرێن و بکەونە ژێر ئەشکەنجە و ئازار لە بواری دەروونی و جەستەییەوە"...

بەپێی ئەو پێناسەیە، کوشتاری خەڵکی ناڕازیی ئێران بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دەچێتە خانەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییەوە.

بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، هەر حکوومەت و دەوڵەتێک بەرپرسە کە خەڵکی خۆی لە بەرانبەر ئەم چوار تاوانەدا بپارێزێت: "تاوانی شەڕ، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، پاکتاوی ڕەگەزی و ڕاگواستنی زۆرەملێ". بەڵام کاتێک حکوومەتێک لە بەرانبەر ئەو چوار تاوانەدا پارێزگاری لە خەڵکی خۆی ناکات یان خۆی هۆکاری جێبەجێکردنی ئەو تاوانانەیە، ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی ئەوەی هەیە ئەو بابەتە بخاتە بەرباس و بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر بدات و بەو ئامرازانەی لەبەردەستییەتی، ڕووبەڕووی حکوومەتی تاوانکاری وەک کۆماری ئیسلامی ببێتەوە. لە مێژووی هاوچەرخدا نموونەی لەو شێوەیە هەبووە کە دەوڵەتان، چ بە پاڵپشت و پەسندی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان یان هاوپەیمانیی چەند دەوڵەتێک لەژێر ناوی "دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە"، هێرشی نیزامییان کردووەتە سەر ئەو دەوڵەتەی پابەندی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان نەبووە و بۆ بێدەنگکردنی خەڵکی ناڕازیی وڵاتەکەی، هێزی

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

نیزامیی بەکار هێناوە و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیی ئەنجام داوە.

لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا، کە بەهۆی سیاسەتی چەوتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا، و دوژمنایەتی لەگەڵ دنیای پێشکەوتوو، خوڵقاندنی کێشەی ناوکی و پەرەپێدانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، هەموویان بوونە هۆی دارمانی ئابووریی ئێران، بەتاڵبوونی سفرەی خەڵک و سەرهەڵدان و پەرەگرتنی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان؛ کۆمەڵگەی ئێران بەتایبەتی دوای ئەو کوشتارە بەربەرین و بێئەندازەیەی خەڵکی ناڕازی کە لەلایەن ئەو حکوومەتەوە کرا، لەنێو خۆیدا دەکوڵێت و هەر ئان و ساتێک بەرەو ئەوە دەچێت دووبارە نارەزایەتییەکان بەشێوەیەکی بەربەرین سەرهەڵبدەنەوە. ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم بارودۆخەدا پشتیوانیی هەمەلایەنە لە گەلانی ئێران نەکەن و بە هێزی فشار پاشەکشە بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەکەن، دەبێ کۆمەڵگەی جیهانی چاوەڕوانی کارەساتێکی گەورەتری مرۆیی بن کە مێژووی ئێران هەتا ئێستا بەخۆیەوە نەدیوە.

**٣٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی: زمانێک کە لە پەروەردەی گشتیدا دەورێکی سەرەکی نەگێڕێت، زۆر زەحمەتە لە درێژخایەندا بتوانێت زیندوو بمێنێتەوە



وتوویژ: شەهرام سوبحانی

## ئاماژە:

زمان تەنیا ئامرازی ئاخاوتن نییە، بەڵکوو قەڵای پاراستنی ناسنامە و مێژووی نەتەوەیە. لەم وتووێژە تایبەتەدا پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی موکری، پسپۆڕی زمانناسییە لە زانکۆی کارلتۆنی کەنەدا تیشکی خستووەتە سەر ئاڵەنگارییەکانی زمانی کوردی لە سەردەمی ژیریی دەستکرد، گرنگیی خوێندن بە زمانی دایکی و ڕۆڵی سیاسەتی زمانەوانی لە پاراستنی جیاوازییە کولتوورییەکان، وەک مافێکی سەرەتایی و بنەڕەتیی مرۆڤ لە جیهانی هاوچەرخدا.

**شەهرام سوبحانی:** دوکتور زمانی دایکی تا چەند وەک تاقە بنەمای پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی دەبینرێت، و ئایا لە سەردەمی جیهانگیریدا زمان دەتوانێت بە تەنیا بەرگەی توانەوەی کولتووری بگرێت؟

**پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی:** حاشا هەڵناگرە کە زمان نیشاندەرێکی سەرەکیی ناسنامەی ئیتنۆ-نەتەوەییە یان

گرووپێکی کۆمەڵایەتی - کولتوورییە. نەک هەر ئاماژە بە گرووپێک دەکات، بەڵکوو ڕۆڵی هەیە لە داڕشتن و دەربڕینی ئەو پێناسەیەدا. بۆ زۆرێک لە کۆمەڵگەکان، بەتایبەت ئەوانەی کراون بە کەمینە یان لە ڕووی سیاسییەوە پەراوێز خراون وەکوو کوردەکان،

**زمان چەند ئەرکێکی یەکجار گرنگ بەڕێوە دەبات:**

**یەکەم**: وەک هێمایەکی جیاکەرەوە؛ واتە جیاکردنەوەی "ئێمە" لە "ئەوان"، چونکە بە هەرحاڵ ناسنامە و پێناسە لە بنەڕەتدا واتایەکی ڕێژەییە و ئێمە شتێکین لە ئاست شتێکی تردا کە نین. لەبەر ئەوە زمان لێرەدا دەورێکی گرنگ دەگێڕێت لە جیاکردنەوەی ئێمە و ئەوان، کە زۆر بنەڕەتییە بۆ دیاریکردنی ناسنامە.

**دووهەم**: زمان پێگە و کەناڵێکی پێویستە بۆ زیندوو ڕاگرتن و پاشەکەوتکردنی بیرەوەرییەکان، ئەفسانەکان، ئوستوورەکان و جیهانبینییەکانی خەڵکێک.

**سێهەم**: زمان کەناڵێکە یان هێزێکە بۆ گواستنەوەی کولتوور، دابونەریت و ڕێساکانی کۆمەڵگەیەک کە لەوانەیە بەدرێژایی چەند چەرخ و هەزاران ساڵ، ئەو سامانە کولتوورییە هۆشیارییەیان وەسەر یەک نابێت ئەم خەڵکە.

**چوارەم**: زمان بۆ هەندێک نەتەوە یان کۆمەڵە خەڵکێک، دیسان دەڵێمەوە وەکوو کوردەکان، هێما و سیمبولی خۆبوون و خۆهەڵسوڕاندنە. چەشنێک سەربەخۆیی دەدات؛ کاتێک زمانی خۆتت هەیە، هەست بە چەشنێک سەربەخۆیی هزری و فکری دەکەیت.

لە هەمان کاتیشدا، زمانی کوردی هێمای خۆڕاگری و بەرخۆدانە، هەر وەک چۆن بۆ کاتالۆنەکان هەمان شێوەیە، بۆ باسکەکان و بۆ وێڵشەکانی ئینگلستان وایە. بەهەرحاڵ بۆ هەندێک لەو کۆمەڵگەیانە، ئەوانەی کە ناوم هێنان، بەبێ شک (زمانی خۆماڵی، زمانی خەڵکەکە) ڕۆحی ئەو خەڵکەیە؛ بەبێ زمان، لەشێکی بێ گیان و بێ ڕۆح دەمێننەوە.

**شەهرام سوبحانی**: بەڵام ئاخۆ پەیوەندیی نێوان زمان و ناسنامە بە شێوەیەکی گشتگیر یان لە بنەڕەتدا جێگیرە؟

**پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی**: نا، وا نییە. واتە نابێت زۆر گشتگیری بکەین و نابێت بە چاوێکی بنەڕەتخوازانە لێی بڕوانین، چونکە شتەکە جیهانی نیە. گرینگایەتیی پەیوەندیی نێوان زمان و پێناسە بەڕاستی بەستراوەتەوە بە ژینگە و دەوروبەر.

ئەمەش دوو هۆکاری سەرەکیی هەیە:

یەکەم؛ ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوە و گرووپە ئیتنییەکان بەرگەی ئەمەیان گرتووە، تەنانەت بۆ چەند سەدە کە زمانی خۆیان لەدەست بدەن، بەڵام کولتوورەکەیان ئێستاش ماوە. دەیبینین جاری وا هەیە لە جلوبەرگدا، جاری وایە لە ئاییندا، جاری وایە لە مۆسیقادا یان لە هەڵسوکەوت و دابونەریتی تردا. واتە زمان بۆ هەندێک خەڵک توانیویەتی ئەم دەورە بگێڕێت؛ ئێستا بۆ نموونە زۆرینەی هەرە زۆری ئێرلەندییەکان بە ئینگلیزی قسە دەکەن، بەڵام هێندە شێوازی تری کولتوورییان هەیە (لە مۆسیقا، سەما، لەندسکەیپەکەیانەوە و خاکەکەیانەوە) ئەمانە هەمووی وای کردوە کە پێناسەیەکی جیاواز لە ئینگلیز بۆ خۆیان بپارێزن، هەرچەند نەیانتوانیوە زمانەکەیان بپارێزن.

دووهەم؛ هۆکاریش ئەوەیە کە ناتوانین بەڕاستی ئەمە بکەینە شتێکی جیهانی کە پەیوەندیی نێوان زمان و پێناسە بنەڕەتییە، لەبەر ئەوەیە کە لە زۆر شوێنان، بۆ نموونە لە سویسڕا، چەند زمانێکی فەرمی هەیە، بەڵام خەڵکی سویسڕا بەگشتی خۆیان بە نەتەوەیەکی جیاواز دەزانن. تەنانەت ئەڵمانی قسەکەری هەیە، بەڵام خۆی بە جیاواز دەزانێت لە نەتەوەی ئەڵمان یان نەمسا. بۆ بەشی فەرەنسییەکەش هەر وایە، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو زمانەشی کە قسەی پێ دەکات - بۆ وێنە زمانی فەڕەنسیی سویسڕا - لە هەندێک بوارەوە جیاوازە لە فەڕەنسیی فەڕانسە. ئاوا توانیویانە خۆیان جیا بکەنەوە.

بەڵام تەنانەت لەم نموونانەشدا شتێکمان لەبیر بێت؛ واتە لەو نموونانەشدا کە دەڵێین زمان و پەیوەندیی ناسنامە ئەوەندە بنەڕەتی نین، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک شتی تر جێگەی زمان دەگرنەوە، واتە هێما و نیشانەی بەهێز پێویستە بۆ ئەوەی ناسنامەیەک دیاری بکرێت. هەندێک جار ئەمانە دامەزراوەی کۆمەڵایەتین؛ بۆ نموونە کەنەدا لە ئەمریکا زۆر بە ئاسانی جیا دەکرێتەوە لەبەر ئەوەی لێرە ساغڵەمی (تەندروستی) یان کاروباری سەلامەتی بەخۆڕاییە، بەڵام لە ئەمریکا بە پارەیە. بۆ وێنە ئەمە بووە بە هێمایەکی ناسنامە بۆ کەنەدا، بەتایبەتی لەچاو ئەمریکا کە دراوسێیەتی. بەڵام بۆ کوردەکان وا نییە و ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەگێڕێت، هەروەها بۆ کاتالۆنییەکان و باسکەکان و وێلزەکانی ئینگلستان، بەو پێیەی کە ئەو کۆمەڵگەیانە چەندین تایبەتمەندیی کولتووریی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ ئەو خەڵکە باڵادەستەی کە لەگەڵیان دەژین.

زمان ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەگێڕێت بۆ جیاکردنەوەیان لە خەڵکانی دەورووبەر، چونکە ئەم کۆمەڵگەیانە چەندین تایبەتمەندیی کولتووریی هاوبەشیان لەگەڵ ئەو خەڵکە باڵادەستەی کە لەگەڵیان دەژین هەیە (وەک ئایین یان لە ڕووی

هەندێک دابونەریتەوە وەکوو ئەوان دەچن). ئەمەش زۆرتر لەبەر ئەوەیە کە چەند چەرخە لەژێر دەسەڵاتی نەتەوە باڵادەستەکاندان، زۆر دابونەریت و هەڵسوکەوت و دەربڕین و شێوەی بیرکردنەوە و ئەمانەشیان تا ڕادەیەک هاتۆتە ژێر کاریگەریی نەتەوە باڵادەستەکان، بۆیە لێرەدا زمان دەبێتە دەورێکی سەرەکی بۆ جیاکردنەوەیان، کورد لە خەڵکەکانی دەوروبەری؛ ئەمە وەک وتم بۆ باسکەکان و کاتالۆنییەکانیش هەروایە.

**شەهرام سوبحانی**: **لە ئێستادا کە جیهان بەرەو هەژمووونی ژیریی دەستکرد (AI) هەنگاو دەنێت، پێگەی زمانی کوردی لەنێو کایە دیجیتاڵییەکاندا چۆن دەبینن؟ ئایا مەترسیی "نەخوێندەواریی دیجیتاڵی" هەڕەشە لە مانەوەی زمانی کوردی دەکات لە داهاتوودا؟**

**پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی**: هیچ شک لەمەدا نیە کە ئەمڕۆ ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد لە پەروەردەدا، لە کاروباری ڕۆژانەدا بەڕاستی دەورێکی زۆر گرنگ دەگێڕن؛ بەڵام زۆربەی دەورە گرنگەکە لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزییەوە دەگێڕدرێت، یان لەلایەن ئەو زمانانەوە کە دەسەڵاتدار و خاوەن دەوڵەتن. ئەمە جۆرێک نابەرانبەری و نایەکسانییەکی هێناوەتە ئاراوە لەنێوان زمانەکاندا و هەر بەم پێیەش لەنێوان ئاخێوەرانی ئەم زمانانەدا.

پرسیار ئەوەیە کە لە وەها هەلومەرجێکدا زمانی کوردی چی بەسەر دێت؟ دوو شت؛ لە لایەکەوە ئەم نایەکسانییانە بەداخەوە هەر قووڵتر دەبنەوە، لەبەر ئەوەیکە ئەو داتا و زانیارییە پێدراوانەی کە ژیریی دەستکرد پشتیان پێ دەبەستێت و بەم جۆرە زیرەک دەبێت، بە زمانی کوردی کەمن، بە زمانی ئینگلیزی ئێجگار زۆرن، بە زمانی عەرەبی ئێجگار زۆرن، بە زمانی فارسی دیسان لە کوردی زۆرترە (کەمترە لە ئینگلیزی بەڵام لە کوردی زۆرترە)، بەڵام بە کوردی کەمە.

بەداخەوە لێرەدا ئەمە نایەکسانییەکی زۆر گەورەی دروست کردوە. هەر لە سەرەتای ئینتەرنێتیشەوە، کاتی خۆی کە من لە دکتۆراکەمدا ئەوەم خوێندووەتەوە کە ئینتەرنێت و زمانی کوردی، ئینتەرنێتیش ئەمەی دروست کرد، بەڵام ئێستا ئەمە هەیە. بەڵام دەتوانرێت ئەم ژیرییە دەستکردە، ئەگەر وشیار بین و ئەگەر پشتیوانیمان هەبێت، دەتوانێت بە بەرژەوەندیی زمانی کوردی و زمانە کەمینەکان تەواو ببێت. بەڵام ئەگەر لێی بگەڕێین و بڵێین بزانین چۆن دەبێت و بە تەمای خودا بیت بەڵکوو زمانی کوردی بپارێزێت، ئەوە نەک تەنیا ناپارێزێت، بەڵکوو زۆرتر دەیخاتە پەراوێزەوە.

بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین بەڕاستی کەڵکی لێ وەربگرین، پێویستە دامودەزگاکان پشتیوانیی زۆرتر بکەن؛ بۆ نموونە پرۆژەیەک لە زانکۆی کوردستان لە هەولێر ئەمە ساڵێکە بەڕێوەیە و کاری زۆر باشیان کردوە. لە هەندێک زانکۆی دیکە،



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٥

هەندێک مامۆستامان هەن لە فەڕەنسە، لە ئەڵمانیا، لە سۆئید، لە ڕۆژهەڵات و لە باشوور کاری زۆر باشیان کردوە تا ئێستا. بۆ نموونە وەرگێڕی گووگڵ (Google Translate) یان ئێستا لە گووگڵدا زمانی کوردی بەتایبەت بە دوو شێوەزاری سەرەکی: کوردیی ناوەندی و کوردیی کرمانجی هەن. لە ڕاستیدا دەبێت زۆرتر ئەو هەوڵانە بدەین. هەوڵەکانیش دەبێت لە بواری پرۆگرامینگ یان کۆدنووسی و پرۆگرامنووسی بە زمانی کوردی زیاتر کار بکرێت، هەروا پێویستمان بەوەیە کە خەزێنەی زمانیی دەوڵەمەندمان هەبێت. بەکورتی، تا زۆرتر ڤیدیۆ، دەق، و دەنگ بڵاوبێتەوە بە شێوەی دیجیتاڵ لەسەر سۆشیاڵ میدیا و ئینتەرنێت، بە زمانی کوردی هێشتا کەمە. هەتا بۆمان بکرێت هەموو لایەکمان دەبێت ئەو کارە بکەین، لە حکوومەتەوە تا تاکەکەسی و دامودەزگاکان. هەموو لایەک دەبێت لە بیانوویەک بگەڕێن کە هەرچییەکیان هەیە بە نووسین، بە دەنگ، یان بە قسە بیخەنە سەر ئینتەرنێت بە زمانی کوردی. بەم جۆرە دەتوانین داهاتوویەکی گەش بۆ زمانی کوردی لە دنیای دیجیتاڵ و ژیریی دەستکرددا دابین بکەین بە بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی دیجیتاڵی و خوێندەواریی ژیریی دەستکرد.

**شەهرام سوبحانی**: ئێمە باس لە خوێندن بە زمانی دایکی دەکەین، بەڵام ئایا فرەدیالێکتی (فرە شێوەزاری) لەنێو زمانی کوردیدا، ڕێگرە لەبەردەم پرۆسەی ستانداردسازیی خوێندن، یان دەکرێت وەک دەوڵەمەندییەک بۆ داڕشتنی سیستەمێکی پەروەردەیی مۆدێڕن بەکار بهێنرێت؟"

**پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی**: هیچ گومانێک لەوەدا نییە، ئەگەر زمان، هەر زمانێک، یەک زمانی ستانداردی هەبێت بۆ پەروەردە، دەتوانێت زۆرێک لە کارەکانی باشتر بکات. ئەمە هیچ شکی تێدا نییە. بەڵام هەندێک جاریش هەیە کە ئێمە جیاوازیی زمانیمان هەیە، بەڵام دانی پێدا ناهێنین؛ ئەم خۆبواردنە لە دانپێدانان و ڕەوایی‌دان بە جیاوازیی زمانی، دەتوانێت دەرئەنجامی نەرێنیی زۆرتری لێ بکەوێتەوە، وەک لەوەی کە دانی پێدا بنێیت و پاشانیش بتوانیت بەرنامەیەکی تۆکمەی بۆ دابنێیت کە چۆن بسازێیت لەگەڵ فرەزمانی و فرەزاراوەیی.

بە بڕوای من ئەگەر دان بەم فرەچەشنییەدا بنرێت و ڕێک بخرێت، لە ڕاستیدا ئەمە دەتوانێت ببێتە سەرمایەیەک بۆ زمان و کولتووری کوردی. زۆرێک لە سیستەمەکانی پەروەردەی مۆدێڕن، وەک ئەوانەی لە کاتالۆنیا، وێڵز یان نۆروێژ هەن، بە سەرکەوتوویی فۆرمێکی نووسراوی ستاندارد لەگەڵ شێوەزارە ناوچەییەکان تێکەڵ دەکەن. بۆ نموونە: لە وڵاتی نۆروێژ، هەموو قوتابییەک دەبێت دوو شێوەزاری نۆروێژی فێربێت. زمانەکە جیاواز نیە، بەڵکو دوو شێوەزاری نۆروێژییە. دیارە ئەوان دوو ڕێنووسیشیان نیە، هەر ڕێنووسێکیان هەیە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتیش هەروا دەبێت؛ تا ئێستا ئەوەندەی کە دیارە هەر ڕێنووسێک دەبێت. مادام ئەوەی کە ئیتر ئەو دەم کورمانجی‌ئاخێوەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر کارتێکەریی باکووری



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان و ڕۆژاوای کوردستان، ئەوانیش بیانهەوێت ڕێنووسی خۆیان بگۆڕن، ئەوە شتێکی ترە. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەمەش ڕوو بدات، ئەمە شتێکی زۆر سەیر و سەمەرە نیە؛ ژاپۆنییەکان سێ ڕێنووسیان هەیە لە جیاتی یەک ڕێنووس. بە سێ ڕێنووس دەنووسن، دنیاش خراپ نەبووە و دەبینین کە وڵاتێکی ئێجگار پێشکەوتووە لە هەموو بوارێکەوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە بەڕاستی ئێمە پلانێکی تۆکمەمان هەبێت. پلانێک کە لەگەڵ ئەوەدا کە دەتوانێت ستانداردێکی هاوبەش بۆ خوێندەواری پێشکەش بکات، لە هەمان کاتدا ڕێگە بدات بە شێوەزارەکان کە هەم لە بواری زارەکییەوە خۆیان دەرببڕن و مەیدانیان بۆ دروست بکات، و هەم ئەوەی کە بتوانن منداڵەکانی خۆیان فێری خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی بکەن. ئەمە زۆرتر دەمێنێتەوە سەر کۆمەڵگەکە کە دەیەوێت چی بکات. ئەگەر لەوە بگەڕێین کە بەڕاستی کامیان لە بواری ئابوورییەوە، لە بواری هێز و وزەوە، لە بواری کاتەوە دەتوانێت زۆرتر بەسوود بێت، دیارە یەک زمان؛ بەڵام ئەم یەک زمان هەڵبژاردنە ئەگەر لەپێناو ئەوەدا بێت کە خۆمان گێل بکەین لە ئاست ڕاستییەکان و لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردی، ئەمە زۆر زۆر ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت و زۆر بەپێچەوانەوە بەرهەم دەداتەوە. ئەوەدەم لەوانەیە، نەک لەوانەیە، بێگومان، بۆی هەیە تووشی هەمان هەڵە ببین کە حکوومەتەکانی ئێران، تورکیە، سووریە و عێراق کاتی خۆی کردوویانە. داسەپاندنی یەک شێوەزار و یەک زمان جگە لەوەی کە مافی زمانییش پێشێل دەکات، تەنیا دوژمنایەتی بەرهەم دەهێنێت.

**شەهرام سوبحانی:** ئەگەر سەیری جاڕنامە نێودەوڵەتییەکان بکەین، مافی خوێندن بە زمانی دایکی وەک مافێکی سەرەتایی مرۆڤ ناسێنراوە؛ بە بڕوای ئێوە وەک پسپۆڕێک، بۆچی تا ئێستا زمانە دایکییەکان (بە تایبەت کوردی لە هەندێک پارچە) نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی 'ماف'ەوە ببەنە 'پڕاکتیزە' لەنێو دامەزراوە فەرمییەکاندا؟

**پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی:** پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دان بە مافەکانی زماندا دەنێن، بەڵام کەمن ئەو پەیماننامە و جاڕنامانەی کە پەروەردەی تەواو بە زمانی دایکی مسۆگەر دەکەن. ڕێکخراوەکانی وەک ڕێککەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، یونێسکۆ و یەکیەتیی ئورووپا بانگەوازی ئەمە دەکەن کە هەموو منداڵێک دەستی بە زمانی زگماکیی خۆی ڕابگات، وەکوو قسەپێکردن یان فێربوونی خوێندن و نووسینەوە بە زمانی یەکەم، بەڵام ئەم پەیماننامانە، بەداخەوە، زۆرجار لە برگەگەلێک و دەربڕینگەلێک کەڵک وەردەگرن کە دەتوانین پێیان بڵێین، زمانی 'خۆدزینەوە' یان 'زمانی دەربازبوون لە بەرپرسیارێتی'. بۆ وێنە دەنووسن: مافی زمانی بدرێت 'لە شوێنێک کە دەکرێت' یان 'کاتێک گونجاو بێت' یان، 'ئەگەر هەلومەرج بڕەخسێت'. ئەم جۆرە زمان و دەربڕینە ڕێگە بە دەوڵەتان دەدات بە ئارەزووی خۆیان پەیماننامەکە جێبەجێ بکەن، یان زۆر بە کەمی ڕەچاوی بکەن یان هەر بە ئێجگاری وەپشت گوێی بخەن. هەندێک لەو پەیماننامانە، وەکوو ئەوەی یونێسکۆ، زۆر بە ڕاشکاوی پشتیوانی دەکەن نەک هەر لە خوێندنی زمانی زگماکی لە فێرگە، بەڵکوو هەروەها

لە 'خوێندن بە زمانی زگماکی'؛ بەڵام، جارێ لەم چەشنە دڵخواز و ئەکادیمییانە چنگ و ددانیان نیە؛ واتە، هەر قسەن؛ پێشنیارن. ئەگەر وڵاتێک بە گوێیان نەکات، هیچ میکانیزمێک لە گۆڕێدا نیە کە سزا بدرێت.

جا، ئێستا پرسیار ئەمەیە کە بۆچی مافی زمانی بە ئاشکرا دەرنابڕدرێت و نایەتە مەیدانی کردەوە، نە لە جاڕنامەکاندا و نە وڵاتێکی وەکوو ئێران؟ هۆیەکەی ئەمەیە کە مافی زمانی تەنیا زمان ناگرێتەوە؛ بەڵکوو هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانیش دەگرێتەوە. واتە، بەشکردنی دەسەڵاتی زمانی و دانی مافی زمانی، هەروەها بە واتای دابەشکردنی دەسەڵاتە. مافی زمان لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە داینامیکی دەسەڵاتەوە هەیە.

وڵاتانی وەک سویس، نۆرویژ، باشووری ئەفریقا و بێلژیک بە پاراستنی چەندین زمان، هاوبەشکردنی کاریگەریی سیاسی و ئابووری لە نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکاندا قبووڵ دەکەن. بە پێچەوانەوە، لە وڵاتانی وەک ئێران، پێدانی مافی زمانەوانیی کورد وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکیەتیی نەتەوەیی دەزانرێت. کەچی دەیان نموونە لە دنیا پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنن. بۆ وێنە، کوبەک گەرەکی بوو لە کەنەدا جیا بێتەوە، بەڵام، هەتا زۆرتر مافی سیاسی و کولتووری، لەوانە زمانی، وەردەگرێت زۆرتر حەز دەکات وەکوو بەشێک لە کەنەدا بمێنێتەوە. ئەمە سەبارەت بە باسکەکان لە ئیسپانیا، وێڵشەکان لە ئینگلستان و فلێمیشەکان لە بێلژیکیش ڕاستە.

کەواتە پرسی ڕاستەقینە خودی پەیمانانامەکان نین؛ پرسە ڕاستەقینەکە ئەمەیە کە ئایا دەوڵەتەکان ئامادەن دەسەڵات هاوبەش بکەن و قبووڵ بکەن کە مەرج نیە یەک نەتەوە تەنیا یەک زمانی هەبێت؟ هەتا ئەمە پەسند نەکەن، مافی زمانی یان باسی ناکرێت یان هەر لە قسەدا دەمێنێتەوە".

**کاریگەریی دەروونی و مەعریفیی 'قەدەغەکردنی زمانی دایکی' یان 'پەراوێزخستنی' لە قۆناغی منداڵیدا چییە؟**

کاتێک زمانی دایکیی منداڵ قەدەغە دەکرێت یان دەنرێتە لاوە، کارتێکەرییەکەی لە ئاستی زمان تێدەپەڕێت؛ واتە ئەمە تەنیا زمان نیە کە پەراوێز خراوە، بەڵکوو ئاخێوەرەکە و ژیانی ئەو ئاخێوەرەیە. منداڵان یەکەم زمانی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ تێگەیشتن لە جیهان، بۆ دەربڕینی هەستەکان و پەیوەندیکردن لەگەڵ خێزان. کاتێک ئەو زمانە وەک "هەڵە" یان "بڤە" یان "ناتەواو" مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، زۆرجار منداڵان هەست بە شەرمەزاری، سەرلێشێواوی، یان فشار دەکەن بۆ شاردنەوەی بەشێک لەوەی کە کێن؛ واتە یان پێناسەکەیان دەشارنەوە یان شەرمی لێ دەکەن. خۆبەکەمزانین یەکێک لە کوشەندەترینی ئەو هەستانەیە کە نابێت ڕێگای بۆ مێشکی هیچ منداڵێک هەبێت. وەلانانی زمانی منداڵ هەروەها پەیوەندیی نێوان نەوەکان لاواز دەکات، چونکە ڕەنگە منداڵان کێشەیان هەبێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دایک و باوک یان باپیر و

داپیر؛ بەم جۆرە، گواستنەوەی چیرۆک، دیرۆک و دابونەریتی بنەماڵە و خێزان زۆر قورستر دەبێت، یان هەر ناکرێت.

پەراوێزخستنی زمانی منداڵ، هەروەها، کاریگەریی لەسەر فێربوون هەیە. توێژینەوەکان دەری دەخەن کە زۆربەی منداڵان لە خوێندنی فێرگەدا سەرکەوتوو دەبن ئەگەر پەروەردە بەو زمانە دەست پێ بکەن کە باشتر دەیزانن و بە زمانی خۆیانی دەزانن. ئەگەر ئەو زمانە لاببرێت، فێربوون قورستر دەبێت، متمانەبەخۆبوون دادەبەزێت و قوتابخانە دەتوانێت ببێت بە ژینگەیەکی ناهێمن و ناپارێزراو کە منداڵ حەزی پێ ناکات.

بە تێپەڕبوونی کات ئەمە دەتوانێت دابڕانی کولتووری دروست بکات. زۆرێک لە گەورەساڵانی گرووپە کەمینەکان دواتر دەڵێن هەست دەکەن لە ڕەگ و ڕیشەی خۆیان بڕاونەتەوە، چونکە زمانەکەیان لە گەنجیدا بەهای نەبووە. لەو چل ساڵەدا کە لە کەنەدا بووم، بە دەیان جار، ئەگەر نەڵێم سەدان جار، ئەمەم بینیوە و بیستووە.

کاتێک منداڵان ڕێگەیان پێ دەدرێت زمانی دایکیی خۆیان بپارێزن و لە هەمان کاتیشدا زمانی زاڵ فێربین، لە ڕووی ئەکادیمییەوە باشتر دەبن، هەست بە دڵنیاییی زیاتر دەکەن لە ناسنامەکەیاندا و پەیوەندییان بە کولتوورەکەیانەوە پتەوتر دەبێت. وەپێشخستنی زمانی زگماکی لە سیستەمێکی پەروەردەی فرەزمانەدا، منداڵ و هەم کۆمەڵگە بەهێز دەکات.

**شەهرام سوبحانی**: زۆرینەی زمانە زیندووەکانی جیهان لە ڕێگەی 'زمانی ئەدەب'ەوە گەشەیان کردوە؛ ئایا ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی توانیویەتی وشەسازی و ڕستەسازیی زمانی کوردی نوێ بکاتەوە، یان هێشتا لەژێر سێبەری زمانە دراوسێکان و وەرگێڕانە لاوازەکاندا گیری خواردوە؟

**پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولیسلامی**: خوێندن و پەروەردە بە زمانی زگماکی بە لەبەرچاوگرتنی هەموو کۆسپ و تەگەرە سیاسی و کولتوورییەکان کە خراونەتە بەر دەم زمانی کوردی، دەتوانین بڵێین کە کوردی لە ئاستی دەربڕینی سەردەمییانەوە پێشکەوتنێکی باشی بە خۆیەوە بینیوە. هەر ئەوەندە بەسە کە دوو دەق پێک بگرین: کوردستانی ساڵەکانی ڕابردوو (سەردەمی کۆمار، پەنجاکان، هەشتاکان) و کوردستانی ئێستا، جا ئەو کاتە دەبینن کە لە ئاستی زمان و دەربڕینی سەردەمییانەوە پێشکەوتنێکی باشی بەخۆوە بینیوە. بەڵام، لە هەمان کاتیشدا، هەموویان زۆربەی بەرهەمە کوردییەکان شەقڵ و شوێنی زمان و گوتاری باڵادەستیشی پێوە دیارە. هۆیەکەشی ئاشکرایە: زۆربەی کوردی ڕۆژهەڵات کە فێری خوێندنەوە و نووسین دەبێت، بە فارسی فێر دەبێت، نەک بە کوردی. ئەگەر بە زمانی فارسی خوێندت، بیرکردنەوە و تێگەیشتنت لە دنیا و دەوروبەرت بەو زمانە ڕادێ و لە قاڵب دەدرێت. بۆیە، وشەکانت، دەربڕینەکانت، تەنانەت

ڕێزمانەکەت وردە وردە خۆیان لەگەڵ فارسی ڕێک دەخەن، تەنانەت ئەگەر پێت وابێت کە بە کوردی قسە دەکەیت یان دەنووسیت.

**بۆ نموونە**، هەر لەسەر سۆشیال میدیا گوێ لە قسەکردنی شارەدارە کوردەکان، ئەندازیارە کوردەکان، یان دوکتورە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بگرە. زۆربەی کاتەکانن فارسێک بە باشی لێیان تێ دەگات، چونکە نەک تەنیا زمانەکەیان، بەڵکوو شێوەی قسەکردنیان، ڕاوێژیان و بۆچوونەکانیشیان بە خەستی کەوتووەتە ژێر کارتێکەریی زمان و کولتووری فارسی. بۆچی؟ چونکە بەو زمانی دووهەمە پەروەردە بوون.

**پییێر بۆردیۆ، کۆمەڵناسی فەڕەنسی، زۆر بە دروستی گوتوویە:** "داسەپاندنی زمانێکی باڵادەستی ستاندارد تەنیا بۆ ئاسانکردنەوەی پێوەندییەکان نییە، بەڵکوو بۆ یەکسانکردنی جیهانبینییەکانە"؛ لەو یەکسانکردنەشدا، زمان و کولتوورە بەکەمینەکراوەکان دەفەوتێن. جا بۆیە، خوێندن بە زمانی دایک ئێجگار گرنگە. لە سەردەمی خوێندەواریی گشتیدا، لە سەردەمی تەکنۆلۆژیا و ئەلگۆریتمدا، کە بەبێ زمان هەڵناسووڕێت، زیندوومانەوەی زمانێک بە توندی بەستراوەتەوە بە شوێن و پێگەی ئەو زمانە لە پەروەردەی گشتیدا؛ زمانێک کە لە پەروەردەی گشتیدا دوورێکی سەرەکی نەگێڕێت، زۆر زەحمەتە لە درێژخایەندا بتوانێت زیندوو بمێنێتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: بۆ پاراستنی زمانی کوردی، پێویستمان بە 'سیاسەتی زمانەوانیی' حکوومی هەیە. بە بڕوای ئێوە، گرنگترین خاڵ کە دەبێت لە ستراتیژیی نەتەوەیی بۆ پاراستنی زماندا هەبێت چییە، و ئایا ئەکادیمیاکانی زمان توانیویانە ئەو ڕۆڵە بگێڕن؟

**پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی: گرنگترین خاڵ لە ستراتیژێکی نەتەوەیی بۆ پاراستنی زمانی کوردیدا بریتییە لە:** پابەندبوونێکی پتەو بە بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی پەروەردە، نەک تەنیا وەکوو مادەیەک، دەرسێک لە فێرگە، یان تەنیا وەکوو هێمایەکی کولتووری. کاتێک زمانێک دەبێتە بەشێک لە خوێندنی ڕۆژانە، پێگەی ڕاستەقینە و بەکارهێنانی ڕاستەقینە و قسەکەرانی ڕاستەقینەی داهاتوو بەدەست دەهێنێت. هەموو شتێکی تر، میدیا، زاراوە، ڕاهێنانی مامۆستا، بەستراوەتەوە بەم بناغە پتەوەوە.

هەروەها سیاسەتی پەروەردەی بەهێز ئاماژەیە بۆ شتێکی قووڵتر، ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەت ناسنامەی کورد وەک بەشێک لە میللەت قبووڵ دەکات و ئامادەیە فەزای کولتووری و سیاسیی هاوبەش بکات. ئەو وڵاتانەی کە چەندین زمان دەپارێزن،

رێبەندانی ٢٧٢٥

وەک سویس یان باشووری ئەفریقا، نیشان دەدەن کە ئەمە یەکیەتیی نەتەوەیی بەهێز دەکات، نەک لاوازی دەکات. ناوچەکانی خاوەن ئۆتۆنۆمی لە سیستەمی فیدراڵیدا، وەکوو کوبەک لە کەنەدا، وڵاتی باسک لە ئیسپانیا و وڵاتی وێڵز لە ئینگلستان، دەیسەلمێنن کە پەروەردە بە زمانی دایکی دەتوانێت نەک تەنیا زمانێک زیندوو بکاتەوە و پەرەی پێ بدات، بەڵکوو دەتوانێت پشتگیری لە گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بکات.

کەواتە کاکڵ و ناوکی هەر سیاسەتێکی زمانی سەبارەت بە زمانی کوردی لە شوێنێکی وەکوو ئێران، دەبێت ڕوون و بوێرانە بێت: زمانی کوردی بکاتە زمانێکی ئاسایی بۆ فێرکردن و فێربوون لە فێرگەکاندا، لەپاڵ زمانی فارسی، ئینگلیزی و زمانەکانی تر. سیاسەتێکی تۆکمە و دادپەروەرانەی زمانی لە چەرخی ٢١دا دەبێ لەسەر بناغەیەکی دێموکراتیک و فرەچەشنی دابمەزرێت: خوێندن و پەروەردەی فرەزمانە کە لەسەر بناغەی زمانی زگماکی، وەکوو زمانی یەکەمی پەروەردەی زارۆک، دامەزراوە.

٣٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێبەندانی ٢٧٢٥ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٦ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

